**پەیامەکانی حەق و نوور**

**پەیامی دوانزەهەم**

# ژیانەوەی دڵی ئیمانداران

**نوسینی**

**مەلا ڕەزوان ناسراو بریندارى شاعر**

# ژیانەوەی دڵی ئیمانداران

ئەم پەیامە نوورینە لەم غوڵامە بێ دەسەڵاتەوە

بە نەسیمی شنەی ڕۆح ئەنێرم

بۆ شانازی مرۆڤایەتی، وە پەروەردگاری جیهانیان الله جل جلاله

بە فرمێسک و دڵی بریندارەوە ئەنێرم

بۆ باپیرە گەورەم فەخری کائینات، سارێژی برینداران

حەزرەتی محمد صلی الله علیه وآله وسلم

بە نهێنی ئازارەکانی دڵمەوە ئەنێرم

بۆ مامۆستاو تاجی سەرم شێخ عەباس فازڵ حەسەنی

بە کۆتری سپی ڕۆحەکان ئەنێرم بۆ هەموو ئەولیاکانی خوای گەورە

بە غەریبی و تەنیایی ئەنێرم بۆ دایەو بابەم

بریندارى شاعر

# پێشەکی

الحمد لله رب العالمين، والعاقبة للمتقين، والندامة للظالمين والكافرين والمنافقين، أشهد أن لا اله الا الله وحده لا شريك له وأشهد أن سيدنا وعظيمنا وقائدنا ونبينا محمد صلى الله عليه وسلم، الذي بلغ الرسالة، وأدى الأمانة، ونصح الأمة، وكشف الغمة، وجاهد في سبيل الله حتى أتاه اليقين.

أما بعد:

خۆشەویستان هۆکاری نوسینی ئەو کتێبە ناوازەو ناوەڕۆك گەورەیە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کەوا کەسانێك لە ڕێی بانگەوازەوە هەوڵیانداوە زانایانی ڕێگای تەصەوف بە گومڕا لە قەڵەم بدەن و کتێب گەلێکیشیان لەسەر ئەم بابەتە بلاوکردووەتەوە، ئیتر وای لێ هاتووە هەرکاتێك خەڵك ئەو ناوانە ببیستن (شێخ یاخود صۆفی یاخود دەروێش یاخود ناوەکانی تر کە تایبەتن بە ئەهلی تەصەوف) ئەوە ئەبینین بە چاوێکی کەم و بێ بایەخ سەیرت ئەکات و بگرە جاری واش هەیە سەلامیشت لێ ناکات، بۆیە منیش بەپێی توانا هەوڵمداوە بە یارمەتی خوای گەورە بە بەڵگە بۆ هەموو خەڵکی عەوام و زاناکان بسەلمێنم کەوا تەصەوفی سوننی کاکڵەو نێوەڕۆکی ئەم دینەیە وەکوو ڕۆح لە لاشە وایە، چونکە دینی خوا لە سەر سێ پایە بنیاتراوە (ئیمان ئیسلام ئیحسان)، جا ئەم ئیحسانە تەصەوفە، بۆیە هەر کەسێك تەصەوف دابڕێنێت لە دینی خوای گەورە ئەوە با لە ئیمانەکەی خۆی بترسێت. جا خۆشەویستان ئەم کتێبە چەندین بواری زانستی لە خۆیدا گردکردووەتەوە ئەمانەش بواری (ئیمان، ئیسلام، ئیحسان، مێژوو، زانستی فەرموودە، تەفسیر، ژیاننامەی زانایان، فیزیا، گەردوون، تەزکیەو جیهانی ژوورەوەی مرۆڤ، گەشەپێدانی مرۆیی، ناسینی خود، ناسینی کۆمەڵگا،

مەعریفەت، حەقیقەت، تەڕیقەت، کەرامەت، بوون بە ئەولیا، بوون بە ساحیرو دەججال، وە زۆری تریش لە بوارەکان)، کە هەموویانم بە جوانی و بە ڕوونی خستووەتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست، هەر قسەیەکیشم کردبێت مەگەر بەڵگەم لەسەر هێناوەتەوە، چونکە بەبێ هەبوونی بەڵگە قسەی کەس وەرناگیرێت.

وە هەوڵمداوە بە درێژی باسی چۆنیەتی تەزکیەکردنی نەفس و دڵ و ڕۆح و عەقڵ بکەم، وە بە ساناترین ڕێگاش دوور لە زەحمەت کێشان و ئازار بینین، جا چۆنیەتی ئەم پەروەردەیە ڕەنگە لە کتێبەکانی تر دەستت نەکەوێت، پاشان هەوڵمداوە قسەو تێبینیەکانی خۆم و زاناکان وە لەگەڵ ڕاوی فەرموودەکان و بڕیاری فەرموودەناسەکان لەسەر فەرموودەکان لە پەراوێزا گشتی بنووسم، جا بەپێی توانا هەوڵمداوە زۆرترین ڕاوی فەرموودەکان بهێنم، ئەمەش بۆ دڵنیایی زیاتری خوێنەری بەڕێزە، جا لەو کتێبەدا ئەوەی جێی سەرنجی هەندێك لەو خۆشەویستانەی ناو مەزهەبەکان و صۆفیەکان و دەروێشەکان ئەبێت ئەوەیە کەوا بۆ بڕیاردان لەسەر فەرموودەکان چۆن پشتم بە تەخریجاتەکانی ئەلبانی بەستووە! وە چۆن ڕێزێکی زۆرم لەو دوو کەڵە زانایە گرتووە ئەوانەش (شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیەو شێخ ئیبن و لقەیم)[١]، منیش پێیان ئەڵێم: لەسەرخۆ بن و واز لە نەفستان بێنن، چونکە بەهۆیی نەفسەکانمانەوە حاڵی ئوممەتی ئیسلام کەوتە نێو نارەحەتیەوە. وە هەروەها هەوڵمداوە کورتە ژیاننامەیەك لەسەر زاناکان بێنم و لە پەراوێزا بینوسم، ئەوانەی کەوا وتەکانم لێیانەوە نەقڵ کردووە، وە ڕەچاوی زۆربەی قوتابخانە فیکریەکان بکەم وە هەرگیز هەوڵم نەداوە بە ڕێنمایی نەفسم قسەکانی نێو

[١] هەر چەندە لە قوتابخانەی فیکری زۆر جیاوازم لەگەڵ ئەو دوو کەڵە زانایە، چونکە خۆم مەزهەبم شافیعیەو لە ئوصوڵیشدا ئەشعەریم، وە لە تەڕیقەتیشدا نەقشەبەندیم. ئەمەش بە شانازییەوە ئەڵێم. بەڵام ئەم جیاوازییە ڕێگر نیە لەوەی وتەکانی ئەوان و بۆچوونەکانیان بێنم. دانەر

ئەم کتێبە مەزنە بنوسم، بەڵکوو بە ئیلهامی دڵ و ڕۆح و عەقڵ شتەکان پۆلین بکەم و بیان نوسم، وە ئامانجی سەرەکیشم لەو کتێبەدا خستنە ڕووی ڕاستی ڕێگای تەصەوف و یەکگرتنی ئوممەتی ئیسلامە، جا یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کتێبە ئەمەیە هەموو کەسێك بەشی خۆی لیَ وەرئەگرێت ئیتر زانا بێت یاخود خەڵکی عەوام، هەوڵمداوە زۆر بەڵگە بهێنم و زۆریش نەهێنم ئەمەش لەبەر قەبارەی کتێبەکە، وە هەتا پێم کرابێ شتەکانم ئەوەندە ڕوونکردوەتەوە شتێکی وام نەهێشتووەتەوە بۆ تێنەگەیشتن لێی، ئەو دەقە عەرەبیانەی کە وەرم گێراون بە زمانێکی سادەو ساکار بۆم وەرگێڕاون جا مەبەستم لەوەش دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی نیە بەڵکوو مەبەستم تێگەیشتنە لە شتەکان، جا خۆشەویستان لەوەش دڵنیاتان ئەکەمەوە ئەوەی نوسیومەو بۆتانم نەقڵ کردووە بەوپەڕی ئەمانەتەوە کۆم کردووەتەوە، هەر بۆیەش تۆش بە دڵنیاییەوە وەریبگرەو گومانت لێی نەبێت، چونکە خوایەك هەیە لە ڕۆژی دوایی لەسەر ئەم وتانەی نێو ئەم کتێبە لیَ پێچنەوەم لەگەڵ بکات، وە سەبارەت بەناوی کتێبەکەش کاتی خۆی ئیمامی غەزالی کتێبی(إحیاء علوم الدین)[٢]ی نوسی بۆ خەڵکی سەردەمی خۆی ئەمەش لەبەر ئەو واقیعەی کە ئیمام تیایدا ژیاوە، ئێمەش لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا ئەژین زیاتر شارەزاترین بە ئەحواڵی خەڵکی ئەم سەردەمە بۆیە ناومان لێناوە (إحیاء قلوب المؤنین) واتە: ژیانەوەی دڵی ئیمانداران.

خۆشەویستان هەر کاتێك ئەمانەی خوارەوەت بینی ئەمەش مەبەستەکەیتیان، تاوەکوو لە کاتی خوێندەوە لە لات ڕۆشن بێت.

---

[٢] واتە: ژیانەوەی زانستەکانی دین. جا لەبەر ترسی خۆ دەرخستن و نێوبانگ نەبوایە، وە لەبەر ئەوەش نەبوایە کەوا هەندێك خەڵك شتیان پیَ هەزم ناکرێت ئەوە نهێنی ئەو ناوەم ئەخستە بەردیدی خوێنەران تاوەکوو بیانزانیبایە ئەم کارە بەویستی خۆم نیە، بەڵام با بە شاراوەیی بمێنیتەوە تا ڕۆژی ژین.

**١ـ هەر کاتێك لە پەراوێزا ئەمەت بینی بۆ نموونە: (ب١/ل٥٤/ژ٥٤٢) ئەوە مەبەستمان بەرگی کتێبەکەو لاپەڕەی کتێبەکەو ژمارەی فەرموودەکەیە. وە ئەگەر ئەمەشت بەرچاو کەوت (....) ئەوە مەبەستمان زۆر وشەی تری زاناکە هەبووە پێویستی نەکردووە لەسەر بابەتەکە بیهێنین چونکە درێژەی بە باتەکە داوە، یاخود لەو شوێنە وتەکەی تەواو بووە وتەی شوێنی تریشمان لەدوای ئەو هێناوە.**

**٢ـ هەر کاتێك وشەی دانەرت لە پەراوێزا بینی مەبەستم خۆمە.**

**٣ـ وە هەر کاتێك ئەمەت بەرچاو کەوت (د٣٤٣هـ_و٤٢٠هـ) ئەوە مەبستم سالّی لە دایکبوون و وەفاتی ئەو کەسەیە بە سالّی کۆچی.**

**_ لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی خوای گەورە ئەکەم کە یارمەتی ئەو بەندە بێ هێزەی خۆیدا لە تەواوکردنی ئەم کتێبە مەزنە بە ماوەی بیست و پێنج ڕۆژان[٣]، وە سوپاسی باپیرە گەورەم حەزرەتی ( محمد المصطفی ﷺ ) ئەکەم لەسەر ئەوەی کە چاودێرییەکی وردی کردووم لەوەتەی بیرم دێت و لەسەر ئەم مەنهەجە خواییە پەروەردەی کردووم، وە هەروەها سوپاسی گشت ئەولیا بەرزەکان ئەکەم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەبەر دەرگاکانیان وەك غولامێك وابووم و منیان پەروەردەکرد بۆ ئەم ڕۆژە گەورەیە، وە زۆر سوپاسی دایکم و باوکم جەنابی شێخمان حەزرەتی شێخ عەباس فازڵ حەسەنی ئەکەم قدس سره لە پەروەردەکردنی ئەم غولامە دەستەوسانە**

---

[٣] ئەم کتێبەم بەماوەی بیست و پێنج ڕۆژان تەواوم کردووە لە سالی ٢٠١٦زایینی، بەلاّم دوای دوو سالاّن زۆر بابەتی ترم تیایدا زیادکرد، جا بەگشتی ئەگەر هەموو ڕۆژەکان لێکبدەینەوە ئەگاتە نزیکەی پێنچ مانگێك، واتە: بەنوسینی کتێبەکەو گشت لێکۆڵینەوەکانی نێوی، وە لەگەڵ تایپ کردنی بۆ ناو کۆمپیتەر، جا ئەمەش بەخششێکی خوای گەورەیە بەسەر منەوە کە هەرگیز ناتوانم حەقی شوکرانە بژێرییەکەی بدەم. أستغفر الله خوایەگیان.

**بۆ ڕێبەرایەتی کردنی خەڵکی، وە زۆر سوپاسی ئەو کەسانەش ئەکەم کەوا ڕۆژێ لە ڕۆژان پیتێکی زانستیان فێر کردووم و وەك بەندەیەك لەبەر دەستیان دا ئەنیشتم[٤]، وە زۆر سوپاسی گشت ئازیزان و خۆشەویستانم ئەکەم لە بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە پیرۆزەو بڵاوکردنەوەیان بە شێوەیەکی خێرا لە نێو ئەو تینیویەتەی ئوممەت کە تێی کەوتووە، خوایەگیان ئەم پەیامی حەق و نوورە بیخەیتە نێو گشت دڵێك، وە ببێتە ڕێنیشاندەرێك بۆ گشت هزرو بیرێکی سەرگەردان و کاڵفام، بۆ خاتری گەورەی گشت پێغەمبەران، یا لطیف یا واسع یا علیم یاودود یا الله، آمین.**

**خزمەتکاری دین و ئوممەت**

**مەلا ڕەزوان ناسراو بریندار شاعر[٥]**

**١٤٣٧ کۆچی / ٢٠١٦ زاینی**

---

[٤] بەشانازییەوە ئەوە ئەگێڕمەوە: کاتی خۆی لە یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێر ئەمامەوە بۆئەوەی وانەکانی مەلایەتی بخوێنم، جا ئەو کاتە من تەمەنم بیست و پێنج ساڵان بوو مامۆستایەکم هەبوو تەمەنی دوانزە ساڵان بوو کتێبی (عوامل الجرجانی) لە زانستی نەحودا پێمی ئەوت، جا هەر کاتێك بهاتایەتە ژوورەکەی من یاخود بۆ میحرابی مزگەوت لەبەری هەڵئەستامەوە وەکوو ڕێزێك چونکە مامۆستام بوو.

[٥] ناوی بنەڕەتیم (ڕێبوار نجم الدین عبد الرحمن بلّباسە، کە ناسراوم بە بریندار شاعر)، لەوەتەی بوومەتە موریدی شێخ عەباس فازڵ حەسەنی کوڕەکە گەورەکەی ناوی لێم ناوە مەلا ڕەزوان، ئیترلەوەوە هەموو موریدەکانی وە هەتا جەنابی شێخیشمان بەوناوە بانگم ئەکات. لە دایکبووی شاری هەولێرم لەگەڕەکی تەعجیل چاوم بەدونیا هەڵهێناوە لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١/١ز)، وە خوێندنی سەرەتایم لە ئیبن و خەلەکان تەواوکردووە، پاشان بۆ ناوەندیش لە قوتابخانەی ناوەندی سەیداوەی کوڕان لەوێ تەواوم کردووە، دواتر چوومەتە ئامادەیی پیشەسازی هەولێری کوڕان، دوای ئەوە چوومەتە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بەشی کارەبا _ اتصالات، لەساڵی ٢٠٠٨ز بڕوانامەی دبلۆمم لە پەیمانگا وەرگرت، دوای پەیامانگاش چوومەتە خوێندنی حوجرەی فەقێیان لە هەولێرو دەوروبەری هەولێر، بەڵام لەبەر بارودۆخی کوردستان نەمتوانی ئیجازەی مەلایەتیەکە وەربگرم بۆیە دوو سێ کتێبی کۆتایی مەلایەتیم ماوە تەواو بکەم.

## تەصەوف لە چیەوە هاتووە

ئەبو جوحەیفە بۆ مان ئەگێڕێتەوە کەوا عبد الله کوڕی مەسعود رضي الله عنهما بە توندی هاتە لامان و ئێمەش پێمان گوت: ئەوە چیتە؟ ئەویش فەرمووی: "پاك و ڕوونەکانی دونیا ڕۆیشتن، جا ئەوەی ماوەتەوە لە دونیا تەنیا ناڕوون و لێڵەکانن. بۆیە ئیمڕۆکە مردن خەڵاتێکە بۆ هەموو موسڵمانێك"[٦].

لەم فەرمایشتە پیرۆزەوە ئەوە تێئەگەین کەوا وشەی (الصَّفَاءْ) وە (الصَّفْوُ)کاکڵەو نێوەڕۆکی ئەم دینەیە، وە بۆ گرینگی دان بەو صەفایە ئیماندارە

---

[٦] حەسەنە. ئیبن و حەجەری هەیثەمی لە کتێبی (مجمع الزاوائد)(ب١٠_ل٣٠٩_ژ١٨٢١٠)، ئەفەرمووێ: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووە بە دوو سەنەد یەکێکیان (جید)ە باشە. وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تری ئەبو جوحەیفەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە لامان و ڕەنگی دەم و چاویشی گۆڕابوو هەمان ئەو فەرمایشتەی فەرموو کە لەسەرەوە هاتووە. ئەم ڕیوایەتەش ئیمامی قوشەیری لە کتێبی (رسالة القشيرية)دا هێناویەتی بڕوانە (نتائج الافکار وشرح رساله القشيريه)(ب٤_ل٤) هی ئیمام شێخ زەکەریای ئەنساڕی. ئەم فەرمایشتە ئیبن و ماجە (أطرافێکی) لە (سنن ابن ماجه)(کتاب الزهد_ژ٤٢٤٢) لە موعاویەوە هێناوە (أم على الدنيا فقد ذهب صفوها....). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب١_ل١٣١) ڕیوایەتیان کردووە. وە شاهێدیشمان لەسەر ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی بوخاری (ژ٢٩٦٤) بە لەفزێکی تر لە عبد الله کوڕی مەسعودەوە هاتووە: "والذي لا اله الا هو ما أذكر ما غبر من الدنيا الا كالثغب شرب صفه وبقي كدره". واتە: سوێند بەو خوایەی کە غەیری زاتی ئەو خوایەکی تر نیە ئەوەی باسبکەم و بیلێم لە دونیا نەماوە تەنیا بە وێنەی چەم و شوێنێك نەبێ کە ئاوەکەی تیا مابێتەوە جا پاك و ڕوونەکەی خوراوەو لێڵ و ناپوختەکەشی مایەوە. وە هەروەها ئیمامی حاکم لە (مستدرك حاکم)(ب٤_ل٤٢٠_ژ٧٩٨٥) بە سەنەدێکی صەحیح ڕیوایەتی کردووەو زەهەبیش موافیقە لەسەری: (إن الله تعالى جعل الدنيا كلها قليلا، وما بقي منها الا القليل من القليل، ومثل مابقي منها كالثغب شرب صفوه وبقي كدره). واتە: خوای گەورە دونیای وا گێڕاوە کەوا هەمووی کەم بێت، جا لەناو ئەو کەمانەشا ئەوەی ماوە تەنها کەمێك نەبێ لە کەمەکان، وە ئەوەشی لە کەمان ماوە وەکوو چەم و شوێنێك وایە کە ئاوەکەی تیا مابێتەوە، جا ئاوە پاك و ڕوونەکەی خوراوەوە لێڵەکەشی مایەوە. ئەم فەرموودەیە ئیمامی بەززار لە کتێبی (البحر الزخار)(ب٥_ل٩٥)ڕیوایەتی کردووە. وە هەروەها ئەلبانیش ئەو ڕیوایەتەی حاکمی بە حەسەن داناوە لە (السلسلة الصحيحة)(ژ١٦٢٥)، وە لە (الجامع الصغير)(ژ١٧٣٧).

**ڕاستەقینەکان ڕێگای موجاهەدەو تێکۆشانی نەفس ئەگرنە بەر بۆ پاککردنەوەی دڵ و ڕۆح و نەفسیان. وە بۆ ڕاڤەکردنی ئەم فەرموودەیە ئەچینە خزمەت ئیمامی قوشەیری رحمه الله[٧]، بەڕێزیان ئەفەرمووێ: "(ذَهَبَ صَفْوُ الدُّنْيَا) واتە: زۆری بەخشش و چاکەیە، وە مەبەست پاکی دڵی ئەو کەسەیەو ئینشراحی سینگ و ڕازی بوونی ئەوانە بەوەی کەوا خوای گەورە بەسەریان ئەهێنێ، (وَبَقِيَ الكَدِرُ) ئەم لێلیلێیەش ئەمەش پێچەوانەی ئەوەکەی ترە، (فَالْمَوْتُ اليَومَ تُحْفَةٌ لِكُلِّ مُسْلِمٍ) بۆ سەلامەت بوونە لە لێڵی (...) وە مەبەست بە چاکەش هاندانە بۆ دەستگرتن بە کاتەکانی پاکڕاگرتنی صەفای ( دڵ و ڕۆح )[٨] لەگەڵ خوای گەورە، وە لابردنی ئەو بەربەست و سەرقاڵیانەیە بە هەموو جۆرێك لە تێکۆشان و وەرزش[٩]، جا ئەگەر بەندە کامڵ بوو لەم هەوڵەی ئەوە پێی ئەگوترێ: صۆفی لەبەر ئەوەی پاك بووەتەوە لە لێڵی بە هۆی ئەوەی کە خوای گەورە ئاگاداری کردووەتەوە، پاشان ئەم ناوە کە صۆفیە ناو دەنگی پەیداکردو زاڵ بوو بەسەر ئەم کۆمەڵەیە کە ئەگوترێ: پیاوێکی صۆفیەو کۆمەڵێکی صۆفین"[١٠].**

[٧] عبد الكريم کوڕی هەوازنی کوڕی عبد الملك کوڕی تەڵحەی ئەبو قاسمی قوشەیرییە، (د٣٧٦هـ_و٤٦٥هـ). زانایەکی موجتەهیدو فەرموودەناس و موفەسسیرو ئوصوڵی و موتەکەللیم و ئیمامی ئەهلی تەصەوف بووە لە زەمانی خۆیدا. وە یەکێکە لە زاناکانی مەزهەبی شافیعی، وە کتێبەکانیشی (التيسير في التفسير، حياة الأرواح، الرسالة القشيرية، .....). بڕوانە (معجم المؤلفين)(ب٢_ل٢١٢).

[٨] ئەوەی نێو کەوانەکە زیادەی دانەرە.

[٩] مەبەست بە وشەی وەرزش ئەوە نیە وەرزشی لاشەو یاری نا ئەوە زاراوەیەکە لای ئەهلی تەصەوف بەوە ئەگوترێ ئەو کەسەی کەوا تێکۆشانی لە دژی نەفسی خۆی ئەکات بەهۆی بەڕۆژوو بوون و نوێژکردن و هتد.

[١٠] (نتائج الأفكار شرح الرسالة القشيرية)(ب٤_ل٤).

وە هەروەها قازی شێخ زەکەریای ئەنسارِی[11] ﵀ ئەفەرموویێت: "بزانە حەقیقەتی صۆفی ئەوەیە کەوا ڕاستگۆبێ و پێداگری و نیەتپاکی هەبێت لە شوێن کەوتنی گەورەی پێغەمبەران ﵈ [12].

## تەصەوف لای ئیمامی شاطبی ﵀ دوو بەشە[13].

١_ دەستگرتن و خۆ جوان کردن بەهەموو ڕەوشتێکی چاك، وە خۆ دوورخستنەوەش لە هەموو کردەوەیەکی خراپ.

٢_ یەکەمیان وا چاکە گوزارشت بکرێت بەسەرەتا، وە دووەمیشیان وا چاکە گوزارشت بکرێت بە کۆتا (....) جا تەصەوف بە واتای یەکەم هیچ بیدعەیەکی تێدانیە لە قسەدا (....) ئەمە تێگەیشتنێکی ڕاستە، وە ئوصوڵەکەشی لە قورئان و سوننەت دیارە، جا ئەوەی وەکوو ئەو وایە پێی ناگوترێت: بیدعە، تەنها کاتێ ئەگوترێ: بیدعە ئەگەر وەکوو لقەکانی فیقهی پێی بگوترێت کە وێنەی ئەو دانەنراوە لە سەلەفی صالّح ئەوە بیدعەیە وەکوو لقەکانی فیقهی بابەکانی (سەلەم

---

[11] زەکەریای کوڕی محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی زەکەریای ئەنسارِی میصری قاهری ئەزهەری شافیعیە، ناسناوی(شەیخولئیسلامە)، (د٨٢٦هـ_و٩٢٦هـ). وە کتێبەکانی ئەوەندە زۆرە ئەگاتە ٣٩ کتێب. بڕوانە (معجم المؤلفين)(ب١_ل٧٣٣).

[12] (نتائج الأفكار شرح الرسالة القشيرية)(ب٤_ل٣).

[13] ناوی ئەبو اسحاق ابراهیمی کوری موسای کوڕی محمدی لوخمی غرناتیە کە بە شاتیبی بە ناوبانگە. سەبارەت بە ساڵی لە دایك بوونەکەی دیار نیە بەڵام نزیکیان کردووەتەوە کەوا لە ساڵی (٧٢٠هـ) لە غرناتەی ولاّتی ئەندەلوسیا کە ئەکەوێتە باکوری ئیسپانیا لە دایك بووە، وەساڵی وەفاتیشی (٧٩٠هـ). ئیمامی شاتیبی یەکێکە لە هەرە زانا بەناوبانگەکانی مەزهەبی مالیکی زانایەکی فەقیهو و ئوصولّی و فەرموودەناس و لێکۆڵەرو ئەدیب و نەحوی بووە. لە دوای خۆشی چەندین کتێبی بەجێ هێشت هەندێکیان کە بەناوبانگترینیان کتێبی (الإعتصام في أهل البدع والضلالات)ە. بڕوانە (ویکیبیدیا الموسوعة الحرة) لە ئینتەرنێت. وە (معجم المؤلفين)(ب١_ل١١٨).

و باسەکانی سەهوو....). بەلاّم بە واتای دووەم ئەوە لەسەر ئەم دوو خالّە وەستاوە.

١_ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو حالّ و ڕووداوە لە ناکاوانەی کە بەسەر (سالیکەکاندا)[١٤] دێت لە کاتێکا نووری یەکتایی ویژدانی ڕوویان تێئەکات و (ئەچێتە دلّیانەوە) جا ئەو کەسە قسان ئەکات بە گوێرەی کات و حالّ، وە ئەوەی پێویست بکات بەوەی کە دائەبەزێتە سەری (لە نوورەکان و بینینی شتەکان)، وە گەڕانەوەش بۆ لای شەیخی پەروەردەکار کە لە نێوانی ئەو و سالیکدایە بە هۆی فیراسەتیەوە بۆ تەحقیق کردنی تێبینیەکانی لەسەر سالیك بە گوێرەی خۆی و ڕووداوەکان، ئیتر چارەسەری ئەو سالیکە ئەکات بەوەی کە شایەنی بێت لە کارە شەرعیەکان و زیکرە شەرعیەکان (....) جا نموونەی ئەوە هیچ بیدعەیەکی تێدا نیە چونکە بە هۆی گەڕانەوەیەتی بۆ بیناغەی شەرعی.

٢_ جا لەم خالّەشیدا باسی ئەو شتانە ئەکات کە پەیوەستە بە کەرامات کە هیچ بیدعەیەکی تێدانیە[١٥].

تێگەیشتن لە قسەکانی ئیمامی شاطیبی ﷬ ئەوە دەرئەخات هەر وەکوو چۆن سەلەفی صالّح زانستەکانی (فیقهو نەحوو بەلاغەو... هتد) دانا کە لەمەو پێش ئەمانە نەبوون وەکوو کتێب، بەلّکوو دواتر بوون بە کتێب هەر یەکێك لە زاناکان گرینگیان پێداو ئیجتیهاداتی خۆیان لە ناو کتێبەکان نوسیەوە، جا خودی دانانی کتێبەکان بیدعەیەك بوو کە لەمەو پێش دانەنرابوو، بەلاّم ناوەڕۆکی زانستەکە کە بیناغەی شەرعە ئەوە هەبوو، جا بۆیە بە واتای زاراوەیی بیدعەیە

[١٤] سالیك، واتە: کەسی ڕێبوارو ڕێگابڕ یاخود صۆفی یاخود مورید یاخود قوتابی ڕێگای خوا.
[١٥] الإعتصام (ب٢_ل٢٠٨).

ئەگینا پێی ناگوترێ: بیدعە. ئیتر تەصەوفیش کە ناوەڕۆکەکەی لە بیناغەی شەرعەوە سەرچاوەی گرتووە ئەوە پێی ناگوترێ: بیدعە، بەڵام لە ڕووی مانای وشەوە بیدعەیە کە لەمەو پێشدا نەگوتراوە. وە حاڵەتی کەسی سالیکیش ئەگەڕێتەوە بۆ لای شەیخ و مامۆستاکەی، چونکە ئەم ئەزانێ چی بۆ ئەو چاك و باشە لەو زیکرو ڕێنماییانەی کە ئاڕاستەی ئەکات و پێی ئەدات. بێگومان ئەگەر بگەڕێینەوە سەر فەرموودەکەی یەکەم کە هێنامان لە بارەی صۆفی و تەصەوفەوە ئەوە بەڵگەیە لە ڕووی مانای وشەوەش بیدعە نیە، وە سەبارەت بە وتە جوانەکەی ئیمامی شاطیبیش ئەوە ئاستێکی ناوەندە بۆ ئینصاف لەبارەی ئەو زانستەوە کە پەیڕەوانی ئەهلی تەصەوف پەیڕەوی لێ ئەکەن، ئەمەش دانپیادانێکی بە ویژدانە لەلایەن ئەو کەڵە زانایەوە کە چۆن تەصەوف و ڕێبازی تەصەوفی بە ڕێبازی سەلەفی صالّح لە قەلەمداوە، بۆیە با ئەوانەی کە دەمارگیری ئەکەن بۆ بیرەکانیان با چاو لەو ئیمامە بەڕێزە بکەن.

# تەصەوف لای ئیمامی ئەحمەد رحمه الله[16].

[16] ئەبو عبد الله ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی حەنبەلی شەیبانیە. (د١٦٤هـ_و٢٤١هـ). لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری ڕەی ناوچەی خۆراسانە، وە باوکیشی والی سەرخەس بووە، بەلاّم لە بەغدا لە دایکبووە، یەکێکە لە پێشەوا سەر مەزهەبەکان، وە نزیکەی ملیۆنێك فەرموودەی لەبەر بووە، وە لە دوای خۆشی چەند کتێبێکی بەجێ هێشتووە بەناوبانگترینیان (مسند أحمد، تاريخ، الناسخ والمنسوخ)ە، بڕوانە: (الأعلام لزركلي)(ب١_ل٢٠٣). ئیمامی ئەحمەد تووشی تاقی کردنەوەیەکی سەخت بوو بەهۆی گرووپی موعتەزیلەکانەوە، کە فیتنەیەکی گەورەیان دروستکرد بەوەی کەوا ئەیانگوت: قورئان دروستکراوەو ئەزەلی نیە، (واتە: ئەو قورئانەی کە دابەزیوەتە سەر جوبریل لەویش بۆ پێغەمبەرمان ﷺ ئەوە خوای گەورە دروستی کردووەو لە ئەزەلیەتی خوای گەورە جیایان کردووەتەوە، چونکە بە فیکری خۆیان بەر لەوەی دابەزێت لە واقیعدا بوونی نەبووە، ئیتر لەوەوە زاناکانی ئەهلی سوننەتیش لەسەرووی هەموویانەوە ئیمامی ئەحمەد بەرپەرچی ئەم فیکرە بۆگەنەیان داوەو بە کوفریان دانا، ئەوەبوو کەوتە زیندان و ئازارو ئەشکەنجە، لەوەوە میزلّدانی تەقی و هەر خوێنی لێ ئەهات). وە هەروەها ئیبن و لجەوزی لە ئەبو فەتحەوە گێڕاویەتەوە کەوا ئەفەرمووێ: "لە خەودا بیشری کوڕی حافیم بینی لە ناو بێستانێکدا وەستا بوو، جا لەبەر دەستیشیدا سفرەو خوانێك هەبوو کە خواردن و خواردنەوەی لێ ئەخوارد، منیش گوتم: ئەی ئەبو نەصر خوای گەورە چی لەگەلّ کردی؟ ئەویش فەرمووی: ڕەحمی پێکردم و لێم خۆش بوو، وە بەهەشتیشی پێ بەخشیم، وە پێمی فەرموو: بخۆ لە هەموو بەرووبوومەکانی، وە لە ڕووبارەکانیشی بخۆرەوە، وە چێژ وەربگرە لە هەموو ئەو شتانەی کە لەنێویدا هەیە هەروەکوو چۆن تۆ لە دونیا نەفسی خۆت قەدەغە کردبوو لە ئارەزووەکان، منیش گوتم: ئەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە کوێیە؟ فەرمووی: ئەوە لەبەر دەرگای بەهەشت وەستاوەو شەفاعەت ئەکات بۆ ئەهلی سوننە ئەوانەی کە ئەڵێن: وتەی خوای گەورە دروستکراو نیە، منیش گوتم: ئەی مەعروفی کەرخی؟ سەری خۆی جولاّندو فەرمووی: دوورە دوورە، پەردەکان کەوتنە نێوان ئێمەو ئەو، مەعرِوفی کەرخی خوای گەورەی نە ئەپەرست لەبەر تامەزرۆیی بۆ بەهەشت یاخود لەبەر ترسی دۆزەخ نەوەکا بیسووتێنێ، بەڵکوو خوای گەورەی ئەپەرست لەبەر شەوق و تامەزرۆیی بۆ لای ئەوو نزیك بوونی لە زاتی خوای گەورە لە پلە بەرزەکانا، جا پەردە لە نێوان خوای گەورەو ئەو شەرابە پیرۆزو ئەزموونکراوە کە مەعرِوفی کەرخیە هەڵگیرا، جا هەر کەسێك کارو پێویستیەکی لای خوای گەورە هەیە با بێتە لای گۆڕی شێخ مەعروفی کەرخی، وە با دوعا بکات لەبەر ئەوەی وەلاّم دراوەیە إن شاء الله). بڕوانە: (بحر الدموع لأبو الفرج إبن الجوزي الحنبلي)(ل٥٠). جا ئەوەی پێی هەزم ناکرێت ئەوە با ڕەخنە لە ئیبن ولجەوزی بگرێت خۆی بەقەناعەتەوە ڕیوایەتی کردووە. بەڵێ دروستە بچێتە سەرگۆڕی پیاوچاکان و لەبەر خاتری ئەوان لەخوا بپاڕێیتەوەو بڵێی: خوایەگیان ئەم کارەم بۆبکە لەبەر خاتری کردەوە چاکەکانی ئەو دۆستەی خۆت یان لەبەر خاتری ئەو وەلیە ...... بەم شێوەیە داوا بکە.

**خۆشەویستان ئەمەش شایەتیەکی گەورەی زانای مەزهەبی حەنبەلی عبد الله کوڕی محمدی مەقدیسی سەبارەت بە هەڵوێستی ئیمامی ئەحمەد بۆ گرۆهو تاقمی صۆفیەکان. حافیزی ئیبن و لـەخزەرِ لە پێناسەی ئیبراهیمی کوڕی عبد الله قلانسیەوە بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا فەرموویەتی: "بە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل گوترا: صۆفیەکان لە مزگەوت دائەنیشن بەبێ هەبوونی زانست بەهۆی پشت بەستنەوە.! ئەویش فەرمووی: ئایا زانست ئەوانی دانیشاندووە؟ پێی گوترا: هیچ مەبەستێکی دونیاییان نیە غەیری پارچە نانێك و خیرقە[17] نەبێت. ئەویش فەرمووی: وا نازانم لەسەر ڕووی زەوی کەسانێك هەبن لەوان گەورەتر. پێی گوترا: ئەوان گوێڕا ئەگرن و ئەکەونە حاڵەتی مەستیەوە.! ئەویش فەرمووی: لێیان گەڕێن با بۆ خۆیان کاژێرێك لەگەڵ خوایا دڵ خۆش بن. پێی گوترا: هەندێك کەس هەیە لە نێویاندا لە هۆش خۆی ئەچێ، وە هەندێکی تریش هەن ئەمرن. ئەویش ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَبَدَا لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ مَا لَمۡ يَكُونُواْ يَحۡتَسِبُونَ﴾[18]، واتە: لە خواوە شتانێکیان بۆ دەرکەوتووە کەچی ئەوان لە پێش ئەم دەرکەوتنەدا هەر خەیاڵیشیان بۆ نەکردووە"[19].**

---

[17] خیرقە: ئەو جلەیە یاخود ئەو کلاوەیە کەوا شێخ بەسەنەدەوە ئەیداتە موریدی خۆی پشت بەپشت تا ئەگاتەوە پێغەمبەری خواﷺ، وە نیشانەی پلەی کەماڵی ئەو کەسەیە لە زانست و مەعریفەت و پێشەوایەتی کردنی خەڵك.

[18] سورة الزمر آية ٤٧.

[19](الآداب الشرعية للإمام الفقيه المحدث عبد الله بن محمد المقديسي الحنبلي بتحقيق شعيب الأرنؤوط وعمر القيام)(ب٢_ل٣٠٨).

## تەصەوف لای شێخ سەعید حەوا رحمه الله .

زانای پایە بەرز (شێخ سەعید حەوا)[20] ئەفەرموویێت: "لە سەدا نەوەدی ئوممەتی ئیسلام لە ماوەی سەدەکانی ڕابووردوودا بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندیەکیان بە تەصەوف و ئەهلەکەیەوە هەبووە جا بە کارکردن پێی بێ یاخود بە قوتابی بوون بەکەسی ئەهلی تەصەوفەوە، وە یاخود بەهۆی پەیوەندیکردن بەوانەوە، یاخود متمانە بوون پێیان یاخود خۆدانە پاڵ ئەوان تەنها بە ناو یاخود بە قوتابی بوون لای ئەوان"[21].

[20] سەعیدی کوڕی محمد دیب حەوایە، وە بنەماڵەکەیان نیسبەتیان ئەدرێنە پاڵ (ئال و بەیتی پێغەمبەرمانﷺ) لە سوریا لە ساڵی (١٩٣٥ز) لە دایك بووە وە لە ساڵی (١٩٨٩ز) وەفاتی کردووە، یەکێکە لە ڕابەرە گەورەکانی ڕێبازی (اخوان المسلمین)، زۆر زاناو بیللەمەت بووە لە زانستەکانی فیقهو ئوصولّ و فەرموودەو تەفسیرو نەحو... هتد)، وە هەروەها یەکێکە لە موجتەهیدەکانی سەدەی بیستەم، وە زیاتر لە ٢٧ کتێبی هەیە کە گرینگترینیان (الأساس في التفسير، الله جل جلاله، الأساس في السنة، تربيتنا الروحية، جند الله تنظيما، جند الله تخطيطا، الأساس في العقيدة). ئەم کتێبانە گشتی لە ئینتەر نێت دەست ئەکەوێت بە خۆڕایی بڕوانە (موقع فضيلة الشيخ سعيد حوى). ئەوەی ماوە پێم خۆشە ئاستی گەورەیی ئەو کەڵە زانایە کەڵە زانایەکی تری ئەم ئیسلامە وەصفی بکات بۆ ئەوکەسانەی کەوا گومان لە وتەکانی من ئەکەن ئەوەش شایەتی دکتۆری شەهید عبد الله عەززام لە بارەی شێخ سەعید حەواوە کە ئەفەرمووێ: (ئەبو محمد چ شتێك بڵێین دەربارەی تۆ؟ لە هەر مەیدان و شوێنێکدا پیاوانێکمان ون کردبێت تۆمان دۆزییەوە، لە دەرگای بانگەوازمان دا لە یەکێك لە قەڵاکانی کۆمانت کردەوە، وە ڕێگای زانستمان گرتەبەر تۆمان دۆزییەوەو کە زانایەکی لە زاناکانی ئەو ڕێگایە، وە بەرەو شەقامی جیهاد ڕۆیشتین تۆمان بینی شێرێکی لە شێرەکانی، وە سەیری مەیدانی سیاسەتمان کرد بە تۆ گەیشتین پێنوسێکی لە پێنوسەکانی، وە ڕێگای بیرکردنەوەی چاك و فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردن لە خراپەمان گرتەبەر تۆمان دۆزییەوە وەك مامۆستایەکی دیارو بەرچاو لە مامۆستاکانی ئەو ڕێگایە، ئا بەم شێوەیە لە تۆ دەڕوانین و هیچ کەسێکیش تەزکیە ناکەین لەبری خوای گەورە)، بڕوانە (موقع فضيلة الشيخ سعيد حوى) بەشی (قالوا عن الشيخ).

[21] تربيتنا الروحية. ل٨

وه هەروەها ئەفەرمووێت: "زانستی تەصەوف نیشانەیەکە ئەگەڕێتەوە سەر ڕاستگۆیی ڕوو لە خوا کردن بە هۆی پەرستش و زوهدو دونیا نەویستی لەسەر مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعەت"[22]. وه هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "من وا گومان ئەبەم زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئینکاریم ئەکەن لەم زنجیرەیە[23] ئەوە لەسەر کێشەی ناوە. لێرەدا خەڵکانێك هەن ناتوانن گوێیان لە ناوی تەصەوف و صۆفی بێ، بەوانە ئەڵێم: لەسەرخۆ بن، ئەوە مێژوو لە نێوان من و ئێوەدایە هیچ کەسێك ئینکاری ناوی تەصەوفی نەکردووە لە ماوەی سەردەمەکانی پێشوو، لەبەر ئەوەی زاراوەیەکە دراوەتە پاڵ زانستێك وەکوو زانستی (نەحوو بەدیع و مەعانی و فیقهو غەیری تریش)، هیچ دەمەقاڵێیەك نیە لە زاراوە هەر وەکوو زاناکان فەرموویانە، هەر ئەوەتە لەسەر دەمی خۆمان بڕوانە (فتاوى ابن تيمية) کە دوو بەرگیان بە ناوی (تەصەوف و ئەخلاق) دەرچووەو چاپکردووە، وه نەشم بینیوە کەسێك ئینکاری بکات، جا تکا ئەکەم لەسەرخۆ بن لە ئینکاری کردن لەسەر ئەم بابەتە کە هیچ پۆزشێك نیە بۆ ئەو کەسەی کەوا ئینکاری ئەکات، پۆزشی ئینکار کردن نیە لەسەر ناوێك کەوا دروستەو دراوەتە پاڵ زانستێك لە زانستەکان هەتا بووەتە نیشانەیەك بەسەریەوە، جا ئەگەر زیادەڕەوییەکان کرد لەم خاڵە (....) وه ئەش کرێت زیادەڕەوی بکرێت، چونکە زامنکراو پێویستە بکرێتە جێگای مشتومڕ، بۆ ئەوەی خەمان ئەوە بێت بگەینە ڕاستی زامنکراو لە بری مشتومڕێك لە لایەنێك کە هیچ کەسێکی سوودمەند قازانجی تێدا نابینێ لەسەر ئەو مشتومڕە"[24].

---

[22] مذكرات في منازل الصدقين والربانين. ل٨

[23] مەبەست پێی زنجیرەی کتێبەکانیەتی.

[24] تربيتنا الروحية. ل٩

جا خۆشەویستان ئەمە شایەتی کەسێکە کە ناوەڕۆکی ئەم ئایینەی وا کۆڵیوەتەوە تا گەیشتووەتە ئەم قەناعەتە جوانە کە هەر ئەبێ واش بێ نەك کەسانێك لەگەڵ ڕێزم بە دوو نامیلکە کە خوێندوویانەتەوە لە هەوڵێ ئەوەدان ئەم ڕێگا پاك و ڕوونە لێڵ بکەن و خۆیان جوان و باش نیشانی خەڵك بدەن، زۆر بە داخەوە لەم سەردەمەی ئێمە وای لێ هاتووە هەر کەسێك ناوی تەصەوف و صۆفی کاتێ ئەبیستێ ئیتر لێت ڕازی نابێت و لێت ڕا ئەکات، وە جاری واش هەیە سەلامیشت لێ ناکات، ئەمەش بە هۆی کاسە لێسی ئەو بەناو شێخانەی کە بوونەتە داردەستی دونیاو سوڵتانە ستەمکارەکان، وە بەهۆی ئەو بەناو موریدو صۆفیانەی کە خۆیان بەم ڕێگایە هەڵواسیوە کەچی بەخۆی و بەشەیخەکەی لە گورگێك زیاتر هیچی تر نین، خوای گەورە هیدایەتیان بدات، ئامین.

## تەصەوف لای شێخ ئیبن و تەیمیە[٢٥] رحمه الله.

خۆشەویستان لەبەر گرینگی ئەم بابەتە هەوڵمداوە قسەی زۆر لە زانا بەرزەکانی ئیسلام بهێنم بێ ئەوەی دەمارگیری بکەم بەرامبەریان، چونکە کاتی خۆی ئێمە وا نەبووین بەناوی ئەوەی کەوا بەرگری ئەکەین لە مەزهەب و عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعەتەوە، کەچی لە لایەکیشەوە ڕق و کینەمان بەرامبەر زانا ڕاجیاکانی بەرامبەرمان هەبوو چونکە وا فێر کرابووین، ئیتر هەتا

---

[٢٥] ئەحمدی کوڕی عبد الحلیمی کوڕی عبد السلامی کوڕی عبد الله خضری کوڕی محمدی کوڕی خضری کوڕی عەلی کوڕی عبد الله تەیمیە، کە بەناوبانگە بە (شەیخولئیسلام) وە لە ڕەچەڵەکدا کوردە، لە سوریا لە شاری حەڕڕان لە دایك بووە لە ساڵی (٦٦١هـ) وە ساڵی وەفاتیشی (٧٢٨هـ) بووە، حەنبەلی مەزهەبەو یەکێکە لە زانا بیللیمەتەکانی ئیسلام و سەردەمی خۆی، وە بەهۆی هەندێ لە فەتوا توندەکانیەوە ئەوە بوو بەهۆیەوە بەندکراو خرایە بەندیخانە لە قەڵای قاهیرەو قەڵای دیمەشق. وە کۆمەڵێك کتێبی هەیە لە هەموویان بەناوبانگتر (مجموع فتاوی ابن تیمیە)یە. بڕوانە (معجم المؤلفین)(ب١_ل٢٦١).

شەوێکیان لە خەوا کەسێکم لە تەمەنی خۆم بینی پێمی وت: من خودای تۆم چەند ساڵە منت پەرستووە، من نەفسی تۆم، ئیتر منیش لە خەفەتان لە خەوەکە لەو کەسەم دا، دوای ئەم خەوە ڕقم لە هیچ زانایەکی ئیسلام نەبۆوە بە تێکڕای مەزهەبە فیکرییەوەکانەوە. جا خۆشەویستەکەم ئەوەی ئیمڕۆکە لە ناو ئوممەتی ئیسلام ئەگوزەرێت هەمووی بەهۆی نەفسەوەیە، جا ئەگەر واز لە نەفسمان هێنا هەموومان یەکدەگرین و دینی ئیسلامیش سەرئەکەوێ و کوفری عەلمانیەتیش ئەچێتە زبڵدانی مێژووەوە. بۆیە ئەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەمان کە تەصەوفە شێخ ئیبن و تەیمیە ﷬ ئەفەرمووێ: "کۆمەڵە خەڵکێك زەمی (صۆفی و تەصەوفیان) کرد. فەرموویان: ئەوانە داهێنەری بیدعەتن و لە سوننەت دەرچوونە، جا کۆمەڵێك وتەی هەندێ لە پێشەواکانیان هێناوەو بۆ ئەو بابەتەو ئەوەی کە زانراوە، ئیتر لەوەوە کۆمەڵە خەڵکێکیش لە ئەهلی فیقهو کەلام شوێن ئەو وتانە کەوتن (کەوا زەمی صۆفی و تەصەوف ئەکەن).

وە کۆمەڵە خەڵکێکیش تیایاندا ڕۆچوون، وە بانگەشەی ئەوەیان کرد کەوا چاکترینی خەڵکن، وە کاملترینن لە دوای پێغەمبەرەکانەوە عليهم السلام جا هەر دوو کۆمەڵەکە (ئەوەی زەمیان ئەکاو وە ئەوەشی ڕۆ ئەچێ لە بەگەورەزانینیان) سەبارەت بەو شتانە زەمکراون، ئەوەی صەواب و پێکاو بێت ئەوەیە کە ئەوان (صۆفیەکان)کۆششکەرن بۆ گوێڕایەڵی پەروەردگار هەر وەکوو چۆن غەیری ئەمانەش کۆششیان کرد لە گوێڕایەڵی کردنی خوای مەزندا، جا تیایاندا هەیە لە پێشکەوتووەکان و نزیکەکانە (لای خودا) ئەمەش بە گوێرەی تێکۆشانی، وە تیاشیاندا هەیە ناوەندە، ئەمەیان ئەهلی ڕاستەن (أصحاب اليمين)، جا لە هەر

یەکێك لەم کۆمەڵەیە کەسی وایان تیایە کۆشش ئەکات و هەڵە ئەکات، وە تیایاندا هەیە گوناه ئەکات ئیتر تەوبە ئەکات یاخود نا"[٢٦].

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "ئەمانە واتە (صۆفیەکان) لەم کۆششەدا وەکوو شەڕعزانەکان وان لە ڕەئی و بۆ چووندا"[٢٧].

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "پێشەوا ڕێنموویی کراوەکان ئەوانەن کەوا خوای گەورە زمانی ئەوانی بەڕاستگۆ گێڕاوە لە نێو ئەم ئوممەتەدا، وەکوو: سەعیدی کوڕی موسەییەب و حەسەنی بەصری و عومەری کوڕی عبد العزیزو مالیکی کوڕی ئەنەس و ئەوزاعی و ایراهیمی کوڕی ئەدهەم و سوفیانی سەوری و فوزەیڵی کوڕی عیازو مەعروفی کەرخی و شافیعی و ئەبو سلێمانی دارانی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و بیشری حافی و عبد الله کوڕی موبارەك و شەقیقی بەلْخی و زۆرێکی تر کە ناژمێردرێن، (ئەمانە نموونەی پێشەوا یەکەمینەکانن)، وە هەروەها نموونەی پێشەوا دواییەکانیش وەکوو: جونەیدی کوڕی محمدی قەواریری و سەهلی کوڕی عبد الله توستەری و عومەری کوڕی عوسمانی مەککی و وە ئەوەی لە دوای ئەوانیشەوە کە دێن تا ئەگاتە ئەبو تاڵیبی مەککی و تا ئەگاتە شێخ عبد القادری گەیلانی و شێخ عودەی و شێخ ئەبو بەیان و شێخ ئەبو مەدین و شێخ عەقیل و شێخ ئەبو وەفاو شێخ ڕسلان و شێخ عبد الرحیم و شێخ عبد الله یۆنینی و شێخ قورەشی و وێنەی ئەمانەش لە شەیخەکان کە لە حیجازو شام و عێراق و میصرو مەغریب و خۆراسان بوون لە یەکەمینەکان و

---

[٢٦] مجموع فتاوی ابن التیمیة (ب١١_ل١٨).

[٢٧] هەمان سەرچاوە (ب١٠_ل٣٧٠).

دواییەکان"[28]. وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرموویت: "هەر کەسێك ڕێگای شێخ جونەیدی بەغدادی بگرێتەبەر کە یەکێکە لە پەیڕەوانی ئەهلی تەصەوف و مەعریفەت ئەوە بەڕاستی هیدایەتدراوەو ڕزگاری بووەو خۆشبەخت بووە"[29].

هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەت جوانت فەرمووەو ئینصافت بەکارهێناوە بەرامبەر بە صۆفی و ئەهلی تەصەوفەوە.

## تەصەوف لای شێخ ئیبن و لقەیم[30] رحمه الله.

خۆشەویستان ئەمجارەیان با بێینە لای قوتابی گەورەی شێخ ئیبن و تەیمیە ئەویش ئیبن و لقەیمی جەوزیە قدس سرهما ، کە لە بارەی صۆفیەکان و ئەهلی تەصەوفەوە ئەفەرموویت: "بەلاَم پێشکەوتوو نزیکبووەکان یەکەمجار داوای لێبوردن لە خوای گەورە ئەکەین کە غەیری ئەو هیچ خودایەکی تر نیە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لەو لە وەصفی حالْیان و وە لە نەبوونی وەصفی حالْیان، بەلْکوو بۆنی ئەو حالْەمان هەر نەکردووە، بەلاَم خۆشەویستی ئەو کۆمەلْەیە (صۆفیەکان) ناسینی گەورەیی و زانستی گەورەیی ئەوان نیشان ئەدات، هەر چەندەش نەفسەکان دواکەوتوو ڕێ لێ گیراون بۆ گەیشتن بەوان، جا زۆر سوود هەیە لە ناسینی حالْی ئەو کۆمەلْەیە (....)، هەندێك لەو سوودانە ئەم زانستە (واتە زانستی تەصەوف)

---

[28] مجموع الفتاوی (ب٢_ل٤٧٤).

[29] هەمان سەرچاوە (ب١٤_ل٣٥٥)

[30] محمدی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی ئەیوبی کوڕی سەعدی کوڕی حەریزی زەرعی دیمەشقیە، کە بە (ئیبن و لقەیمی جەوزی) بەناوبانگە. (د٦٩١ھ_و٧٥١ھ). یەکێکە لە زانا هەرە بەرزەکانی ئیسلام و حەنبەلی مەزهەبە، ئەم زاتە مەزنەش تاقی کراوە بە بەندیخانە بەهۆی هەندێك لە فەتوا توندەکانی لە قەلاَی دیمەشق و لەوێ بەند کرا. وە لە دوای خۆشی کۆمەلْێك کتێبی بەجێ هێشت کە بەناوبانگترینیان (زاد المعاد وە مدارج السالکین)ە. بڕوانە (معجم المؤلفین)(ب٩_ل١٠٦).

ئەوە بەڕێزترینی زانستی بەندەکانە، وە لە پاش زانستی تەوحید لەو بەڕێزتر نیە، ئەم زانستە ناگونجێ تەنها لەگەڵ نەفسە بەڕێزەکاندا نەبێت"[٣١].

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "هەواڵی ئەم کۆمەڵەیە (صۆفیەکان) سەیرە، وە کارەکانیان شاراوەیە مەگەر کەسێك بەشداری بکات لەگەڵیان چونکە لە حاڵیان شارەزا ئەبێت، وە لەوەی پیشانی ئەدرێ بەو ئەندازە هاوبەشەی لە سەرچاوەکانی دڵیان، وە بە جیاش لەوان ئەتوانێ بەشدارییەکی فراوان لە زانستەکانی بەردەستدا بکات (بیانخوێنێتەوە دەربارەیان) بۆ زانینی ئەندازەی هاوبەش لە نێوان خۆی و ئەوان ئینجا بۆی دەرئەکەوێ: کە کۆی گشتی کارەکانیان ئەمانە کۆمەڵێکن دڵیان پڕ بووە لە ناسین و خۆشەویستی و ترس و بەگەورەزانین و چاودێری کردنی خوای گەورە ﷻ، خۆشەویستی لە ناو هەموو ئەندامەکانیان خۆی شاردووەتەوەو هیچ دەمارو جومگەیەك نەماوە مەگەر خۆشەویستی خوای چۆتە نێویەوە، ئەوانە فەنابوون لە بری غەیری خۆشەویستی ئەم بە خۆشەویستی ئەو، وە لە بری یادی غەیری ئەم بە یادی ئەو، وە هەم فەنابوون لە ترسی، وە لە تکاکردن و ڕەجاکردن، وە لە حەز کردن بۆ لای، وە لە ترسان لەو، وە لە پشت بەستن بەو، وە لە گەڕانەوە بۆلای ئەو، وە لە ئارامگرتن بۆ لای، وە لە زەبوونی و خۆشکانەوە لەبەردەستی ئەو بێ ئەوەی پەیوەست و هۆگر بن بەغەیری ئەم لەو شتانەدا"[٣٢].

خۆشەویستان ئەمە شایەتیەکی بەرزی ئەو ئیمامە بەڕێزە بوو سەبارەت بە (صۆفیەکان و ئەهلی تەصەوف)، کە کەسانێکن خۆیان فرۆشتووەتە خوای گەورە

---

[٣١] طريق الهجرتين. ل٢٦٠_٢٦٧.

[٣٢] طريق الهجرتين. ل٢٦٢.

هەر وەکوو ئەفەرمووێ: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشۡرِي نَفۡسَهُ ٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ رَءُوفُۢ بِٱلۡعِبَادِ﴾[٣٣]، واتە: کەسانێك هەن لە ناو خەڵکان نەفسی خۆیان ئەفرۆشن بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە، جا خوای گەورە ئەم نەفسەیان لێ ئەکڕێ و نرخەکەشی بەهەشت و ڕازامەندیەکەیەتی بۆیە خوای گەورە زۆر میهرەبانە بەرامبەر بەندەکانی.

## تەصەوف لای کۆمەڵێکی تری زانایان.

ئیمامی کەتتانی[٣٤] ﵀ ئەفەرمووێ: "تەصەوف ڕەوشتە، جا هەر کەسێك ڕەوشتی تۆی زیاد کرد ئەوە تەصەوفی تۆی زیاد کردووە"[٣٥]. جا خۆشەویستان ئێمە هەر لە سەرەتای ئەم کتێبەدا فەرمایشتەکەی خۆشەویستمان هێنا دەربارەی (صەفا)، جا ڕەوشتیش بەشێکە لە صەفا، بۆیە ئەگەر مرۆڤــ ڕەوشتی خراپ بێت ئەوە صەفای ناو سینگیشی لێڵ و خراپ ئەبێت، خۆ ئەگەر باشیش بێت ئەوە خۆری درەوشانەوەی صەفای زیاتر ئەبێت. بۆیە ئێوە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە سەیری

---

[٣٣] سورة البقرة آية ٢٠٧.

[٣٤] پێشەنگ و خواناس محمدی کوڕی عەلی کوڕی جەعفەری بەغدادیە کە بە ئەبو بەکر ئەلکەتتانی بەناوبانگە. ساڵی لە دایك بوونەکەی دیار نیە، بەڵام لە ساڵی (٣٢٢ یاخود ٣٢٨ھ) لە مەککەی پیرۆز کۆچی دوایی کردووە. شەیخی صۆفیەکانە، وە لە گەورەکانی ئەهلی تەصەوفیشە. ئەڵێن: " ١٢٠٠٠ هەزار خەتمی قورئانی کردووە بەس لە کاتی تەوافی کەعبەدا، وە یەکێکە لە ئەولیاکانی ئەم ئومەتەیە، وە قسەی ئەم دوو کەڵە پیاوەی ئەگێڕایەوە ئەوانیش ئەبو سەعیدی خەڕراز و ابراهیمی خەواص کە هەر دووکیان لە گەورە پیاوانی تەصەوفن. بڕوانە: (سير الأعلام النبلاء)(ب١٤_ل٥٣٤).

[٣٥] الإحسان. (ب١_ل١٤٠)، هی زانای پایەبەرز (عبد السلام یاسین)(١٩٢٨ز_٢٠١٢ز)، وە ڕابەری گشتی و دامەزرێنەری گەورەترین کۆمەڵەی ئیسلامیە لە وڵاتی مەغریب ئەویش کۆمەڵەی دادو ئیحسانە. وە چەندین کتێبی هەیە لە هەموو بوارەکان بەتایبەتی لە تەصەوف و سیاسیەت. بۆ زیاتر شارەزابوون لەو کەڵە زانایە سەیری ئەم پێگەیە بکە لە ئینتەرنێت (www.yassine.net).

**تەصەوف و صۆفی بکەن نەك لە ڕووی ناوەکەیەوە، چونکە ئەگەر بەم پێوەرە کاری لەگەڵ نەکەی لە ڕۆژی دوایی پەشیمان ئەبیتەوە ئەگەر چی بچیتە بەهەشتیشەوە، والله اعلم.**

**وە هەروەها خواناسی گەورەی ئوممەتی ئیسلام (ذوننونی میصری)[٣٦] قدس سره ئەفەرمووێت: "صۆفی کەسێکە داواکردن ماندووی ناکات، وە هەروەها وەرگرتنەوەش بێزاری ناکات". واتە: کەسێکە لە پلەیەکی ئەوەندە بەرزو مەزندایە ئەوەی خوای گەورە پێی ئەبەخشێ ئەو قەناعەتی پێی هەیە بۆیە ماندوو نابێت، چونکە تەماعی نیە، وە ئەگەر خوای گەورە شتێکیشی لێ وەرگرتەوە بێزار نابێت و ڕازییە بە قەدەری خوای گەورە جل جلاله. وە هەروەها ئەفەرمووێت: "ئەمانە کۆمەڵێکن خوای گەورەیان هەڵبژاردووە بەسەر هەموو شتێکدا، جا خوای گەورەش ئەمانی هەڵبژاردووە بەسەر هەمووشتێکدا"[٣٧].**

**وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێت:** ﴿ٱللَّهُ يَصۡطَفِى مِنَ ٱلۡمَلَـٰٓئِكَةِ رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٞ﴾[٣٨]**، واتە: خوای گەورە لە ناو هەندێ فریشتەکانی خۆی وەکوو جبریل علیه السلام هەڵئەبژێرێت بۆ ناردنی پەیامی خۆی بۆ پێغەمبەرانی، وە لە ناو خەڵکانیشدا کەسانێك هەڵئەبژێرێ کە بە دوای**

---

[٣٦] سەوبانی کوڕی ابراهیم وە ئەشگوترێ: " فەیزی کوڕی ابراهیم"، کە یەکێکە لە گەورە پیاوچاکەکانی ئەم ئوممەتە ڕەحم پێککراوە، وە هەروەها یەکێکە لە داناکان، وە خاوەن کەڕامەت و زاهیدو خواناسی سەرەدەمی خۆی بووە. مێژووی لە دایکبوونی دیار نیە، بەلاّم لە ساڵی (٢٤٨ھ)وەفاتی کردووە. وە هەورەها لەم زانا بەڕێزانەش ڕیوایەتی کردووە (ئیمامی مالیك، ئیمامی لیث، ئیبن و لوهەیعە، فوزەیلی کوڕی عیاز، سوفیانی کوڕی عویەینە، سوللەمی خەواص) بڕوانە (سير الأعلام النبلاء)(ب١١_ل٥٣٣).

[٣٧] الإحسان ب١_ل١٤٠.

[٣٨] سورة الحج آية ٧٥.

پێغەمبەرەکان ئەکەون، ئیتر هەڵبژاردنی ئەو کەسانەش لە لایەن خوای گەورەوە ئەوە لە کارزانی و دانایی خۆیەتی، چونکە بیسەرو بینەرە بە گوفتارو کردەوەی بوونەرەوەکانی.

وە هەروەها ئیبن و حەجەری هەیتەمی[39] قدس سره ئەفەرموویێت: "حاشا وە پەنا بەخوا وا گومان ببرێت بەو صۆفیانەی کە باسکراون لە کتێبی (رسالة القشيرية) وە (عوارف المعارف) وە لە غەیری ئەمانەش لە کتێبەکانی پێشەواکان کە کۆکەرەوەی زانستەکانی (زاهیرو باتینە)[40] لە ناو زاناکان، کەوا شتانێکی تێدابێ کە پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننەو جەماعەت بێ "[41].

خوێنەری بەڕێز بە ناوبانگترین کتێبەکانی ئەهلی تەصەوف کە دەست لە ملانێ ئەکات لەگەڵ ئەهلی سوننەت ئەمانەن (إحياء علوم الدين)ـی ئیمامی غەزالی، وە (فتح الرباني) شێخ عبد القادر گەیلانی، وە (عوارف المعارف)ـی شهاب الدين عومەری سوهرەوەردی[42]، وە (مكتوبات الإمام رباني) أحمدی

[39] ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی عەلی کوڕی محمدی کوڕی عەلی کوڕی حەجەری هەیتەمیە. هەر لە شاری میصر لە دایکبووەو وەفاتی کردووە (٩٠٩هـ_٩٧٣هـ). یەکێکە لە زانا هەرە بەرزەکان، وە شافیعی مەزهەبەو چەندین دانراوی هەیە کە بەناوبانگترینیان (تحفه المحتاج لشرح المنهاج). بڕوانە (معجم المؤلفين)(ب٢_ل١٥٢).

[40] واتە: (دیارو نادیار).

[41] الفتاوى الحديثية ل٢٣٣.

[42] شهاب الدين ئەبو حەفص عومەری سوهرەوەردیە (د٥٣٩هـ_و٦٣٢هـ)، وە هەروەها مامیشی ناوی (ئەبو نەجیبی سوهرەوەردیە (د٤٩٠هـ_و٥٦٣هـ). ئەم دووانە دوو زانای بەرزی ئەهلی تەصەوفن، جا ئەو سوهرەوەردیەی کە بە فەرمانی سوڵتان صلاح الدينی ئەیوبی کوژرا ئەوە (ئەبو لفتوح یەحیای کوڕی حەبەشی سوهرەوەردیە (د٥٤٩هـ_و٥٨٧هـ) ئەوەش لەبەر ئەوەی هەندێك شتی لێ بیسترا کە پێچەوانەی شەرعی پیرۆز بوو، جا زاناکانی ئەو کاتە فەتوای کوشتیان لەسەر دەرکرد چونکە وتەکانی ئەو زانایەیان بە کوفرو زەندەقە لێکدایەوە. ئەم سوهرەوەردیە یەکێکە لە فەیلەسووفە ئیشراقیەکان. بڕوانە (معجم المؤلفين)(ب١٣_ل١٨٩).

فاروقی سەرهەندی، وە (الحلیة الأولیاء)ـی شێخ ئەبو نوعەیمی ئەصبەهانی، وە (مدارج السالکین)ـی ئیمام ئیبن و لقەیم جەوزیە. بۆ خۆت ئەتوانی بە ویژدانێکی صافەوە دوور لە دەمارگیری کتێبەکانیان بخوێنیتەوە. وە ڕەحمەتی خوا لە (ئیبن و لقەیم) بێت کە ئەفەرمووێ: "بەو کەسە ئەگوترێ (عارف) لای ئەوان واتە: (لای صۆفیەکان) کەوا خوای گەورەی ناسی بێت لە ڕێی ناوە جوانەکانی، وە لە ڕێی سیفاتە بەرزەکانی، وە لە ڕێی کردارەکانی، پاشان ڕاستگۆ بێت لەوەی کە ئەیکات، ئینجا موخلێس بێت بۆی لە نیەتەکانی، وە لە مەبەستەکانی بۆ ئەو، ئینجا خۆی دارنی بێت لە ڕەوشتە پیسەکان و ئافاتەکانی، ئینجا خۆی پاك بکاتەوە لە پیسیەکانی، وە لە سەرپێچیەکانی، ئینجا ئارام بگرێت لەسەر حوکم و بڕیارەکانی خوای گەورە هەر لە نیعمەتەکان و بەلاکانی، ئینجا بە بەرچاو ڕوونیەوە بانگەوازی خوای گەورە ئەکات ئەویش بە ئایەتەکانی وە بە دینەکەی"[٤٣].

کوا ئەم وەصفە جوانەی کە ئەم زانا بەرزە باسی لێوە ئەکات لە خۆمان و خەڵکی ئەم سەردەمەدا هەیە، چونکە بەهۆی خراپی مرۆڤەکان دڵ و نەفسەکانیش بەرەو تاریکی و خراپی لەگەڵ جەنجاڵی و سەرقاڵی مێشکی مرۆڤەکان گیریان خواردووە. خۆشەویستان چونکە ئەوانەی لە تەصەوف تێنەگەیشتوون هەر کە ناویشی دێ یاخود بزانێ تۆ ئەهلی تەصەوفی ئیتر ئینکاری خۆت و زانستەکەشت ئەکات، با ئەگەر عەللامەو بیللیمەتی سەردەمیش بیت. بەلاَم ئێمە بەوانە ئەڵێین: "بەدڵێکی صافەوە، وە بێ دەمارگیریش ئێوە برای ئێمەن، ئێوە لەسەر نیەتی پاکی خۆتان و بەگوێرەی ئەو زانستەی کە وەرتانگرتووەو فێری بوون ئینکاری ئەوان ئەکەن، بەلاَم ئێمە ئەبێت لێك تێ بگەین تا بە بەڵگە ئێمەش بیسەلمێنین کەوا

[٤٣] مدارج السالکین (ب٣_ل٣٣٧).

(تەصەوف و صۆفیگەرایەتی) کاکڵەو ناوەڕۆکی ئەم دینە مەزنەیە، ئەمە مەبەستی دینە کە لە مرۆڤی ئەوێ کە (دڵ و نەفس و ڕۆح و عەقڵ) گشتی بۆخوا بێت، وە جەستەی فانیش بۆ ئوممەتی ئیسلام بێت، بۆیە تەحقیق کردنی ئەم دوو شتە بیناغەی تەصەوفی سوننیە نەك ئەو تەصەوفە فەلسەفیەی کە مرۆڤ بەرەو کوفرو زەندیقی ئەبات، بۆیە هەوڵئەدەم بەڵگەی زانایان زیاتر بێنم چونکە کارەکە زۆر لەوە گرینگترو گەورەترە ئەگەر بە چاوێکی سووك سەیری ئەم تاقمە بکەین.

وە هەروەها حوججە تولئیسلام ئیمامی غەزالی‌ﷺ ئەفەرموویت: "لە سەردەمی یەکەم[٤٤] ناوی (فیقە) بە ڕەهایی بە زانستی ڕێگای دواڕۆژو ناسینی وردەکارییەکانی ئافاتی نەفسەکان و خراپی کردارەکان و توانای پەی بردن بە کەمی و پووچی دونیا، وە زۆر بەهێزەوە ڕووکردنە نیعمەتی دواڕۆژو جێگیر بوونی ترس لەسەر دڵ ئەگوترا. ئەوەتە وتەی خوای گەورە ڕێ نیشاندەرتە کە ئەفەرمووێ: ﴿ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ ﴾[٤٥]، وە ئەوەی بەهۆی ترس و ئاگاداریەوە دەستت ئەکەوێ ئەوە فیقهە نەك لقەکانی تەلاق و عیتاق و لیعان و سەلەم و ئیجارە"[٤٦].

---

[٤٤] مەبەست پێی سەردەمی پێغەمبەرو هاوەڵەکانە رضي الله عنهم .

[٤٥] سورة التوبة آية ١٢٢. واتە: تاوەکوو هەموو بەیەکرا نەچنە جیهاد بەڵکوو کۆمەڵێکیان با بمێننەوە خۆیان شارەزا بکەن لەدین تاوەکوو ئەو کۆمەڵەیەی کە ئەگەڕێنەوە لە جیهاد ئەوانیش لای ئەو کۆمەڵەیە فێری زانست و زانیاری بن و شارەزابن لە دینەکەی خوای گەورە وەکوو ئەوان، چونکە بەهۆی هەبوونی زانستەوە وا ئەکات کەوا ترسیان بگاتێ، وە خۆیان لە سزاو عەزابی خوای گەورە بپارێزن.

[٤٦] إحياء علوم الدين (ب١_ل٤٢). مەبەست بە (تەلاق و عیتاق و....) ئەمانە چەند بابەتێکی جیاجیای فیقهە کە لە کتێبە فیقهیەکاندا ئەخوێنرێت.

پێغەمبەری سەروەرمانﷺ ئەفەرمووێ: (مَنْ يُرِيدِ اللهُ بِهِ خَيْراً يُفَقِّهُ فِي الدِّين)[٤٧]، واتە: ئەگەرخوای گەورە چاکەی بەندەیەکی بووێ ئەوە لە دینەکەی خۆی شارەزای ئەکات.

ڕەحمەتی خوا لە شەرعناسەکان بێ ئەم وشەیان تایبەت کرد بە ئەحکامەکانی شەرعی، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ئەوە ناوەکە گشتگیرەو هەموو دین ئەگرێتەوە.

جائەم فەرموودە پیرۆزەو قسەکەی ئیمام غەزالی وا ئەگەیێنن مرۆڤی موسڵمان گرینگی بە زانستی دڵ و ئەحواڵەکانی دڵ، وە ئافاتەکانی نەفس و تەزکیەکردنی بدات، ئەمانەش بە دەست نایێت هەتاوەکوو ڕێگای تێکۆشان نەگریتەبەر هەر وەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَمَعَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾[٤٨]، واتە: ئەوانەی لەبەر ڕەزای ئێمە جیهادو تێکۆشان ئەکەن، جا تێکۆشانی نەفس بێت یاخود تێکۆشانی چەکداری ئەوە ئەیانخەینە سەر ڕێگای خۆمان بۆ سەرفرازبوونی، بێگومان خوای گەورە لەگەڵ چاکەکارانە. جا خۆشەویستان ئەهلی تەصەوف ڕێگای تێکۆشانی نەفس یەکەمجار ئەگرنە بەر لەبەر ئەو ئایەتەی قورئان ﴿قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ﴾ سەرەتا خۆتان لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار کەن ئینجا ﴿وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا﴾ کەس و کارو دەورووبەرتان. وە ئەمانە لەو تێکۆشانە بەردەوام ئەبن تا ئەگەنە پلەو مەقامی ئیحسان هەر وەکوو خوای گەورەش لە ئایەتەکەی سەرەوە باسی لێوە کردووە. بۆیە ئەگەر کەسێك ئەم

---

[٤٧] صەحیحە. بوخاری لە (صحيح البخارى)(ژ٧١)، وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١٠٣٧)، وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٦٤٥) ڕیوایەتیان کردووە، وە ئیمامی ترمذی ئەفەرمووێ: فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە. ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٣_ل١٩١_ژ١١٩٤).

[٤٨] سورة العنكبوت آية ٦٩.

تێکۆشانە نەکات ئەوە چاکەکارو موحسین نیە. ئیٚ چی خراپیەکی تێدایە ئەگەر تەصەوفێك لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و فەرموودە ئەم ڕێگای تێکۆشانە بگرێتە بەرو چەند زاراوەیەك دابنێت بۆ ناسینی پلەکانی تێکۆشان هەر وەکوو زاناکانی زانستەکانی تر هەر وایان کردووە، جا ئەم کۆمەڵە دڵ ناسکە ناویان لە خۆناوە (ئەهلی تەصەوف) ئەو کەسەی کە ئەم ڕێگایە ئەگرێتە بەر ناوی صۆفی یاخود دەروێش یا هەر ناوێکی تری پیٚ ئەگوتریٚ، جا ئەگەر تۆش حەز ئەکەی ناوەکان بگۆڕە لە بری ئەهلی تەصەوف بڵیٚ: ڕێگای تێکۆشان یاخود ڕێگای سالیکان یاخود کاری ڕۆحی ئیسلامی، وە لەبری ناوی صۆفی و دەروێشیش بڵیٚ: سالیك یاخود قوتابی یاخود مورید، واتە هیچ جیاوازییەك لە نێوان من و تۆ نیە تەنها لە ناو دانانی ئەم ڕێگایە نەبێت، چونکە لە ناوەڕۆکدا ئەوەی تۆ ئەیلێیت منیش هەمان شت ئەلێم (قورئان و فەرموودە) کە بیناغەی ڕێگەکەمانە، وە دژی هەر کەسێکیشین کەوا بانگەواز بۆ (إتحادو حلول)[49] بکات هەر وەکوو (ئیبن و لقەیم) لە کتێبی (مدارج السالکین)ـدا هەر وای کردووەو ناوەکانی گۆڕیوە، بەڵام ناوەڕۆکی کتێبەکەی لەگەڵ ئەهلی تەصەوف دەست لەملیٚ ئەکات.

[49] مەزهەبی (إتحادو حلول) ئەوانەن کەوا بانگەشەی ئەوەیان ئەکرد کەوا لەگەڵ خوایە تێکەڵ بوونەو خوای گەورەش هاتۆتە نێو لاشەی ئەوان خوا پەنامان بدات.

## ڕێگای تەصەوف

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێ: (مَنْ سَلَكَ طَرِيقاً يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْماً سَهَّلَ اللهُ لَهُ بِهِ طَرِيقاً اِلَى الْجَنَّةِ)[٥٠]، واته: هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ بە دەستهێنانی زانست ئەوە خوای گەورە ڕێگایەکی بۆ ئاسان ئەکات بۆ چوونە نێو بەهەشتەوە. بۆیە خۆشەویستان لە ماوەی سەدەکانی پێشوو چەندین ڕێگای تێکۆشانی نەفس سەریان هەڵدا، جا بەناوبانگترینیان (ڕێگای شێخ جونەیدو حاریسی مەحاسیبی و شاهی نەقشەبەندو شێخ عبد القادر و سەید ئەحمەدی ریفاعی و ئەبو لحەسەنی شازلی و هی تریش رضي الله عنهم)، ئەمانە کۆمەڵە قوتابخانەیەکن بۆ ئەوە دروست بوون تاوەکوو مرۆڤەکان بەرەو لای خوای گەورە ببەن و تەزکیەی دڵ و دەروونەکان بکەن، ئێ دیارە لە ناوەڕۆکیشدا پەیوەستن بە قورئان و فەرموودەوە. وە سەبارەت بە ناوی ڕێگاکەش هیچ کێشەیەك نیە هەر وەکوو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، جا ئەگەر شتێك لە ناو ئەو قوتابخانانە ڕوویاندا کە پێچەوانەی شەرعی پیرۆز بوو ئەوە ئێمە لە پێشترین لە ئێوە کەوا ڕەفزی ئەو شتانە بکەینەوە، چونکە فەرزە لەسەر ئێمە.

ئەوەتا بزانە کەوا چۆن دکتۆر ماجد عرسان گەیلانی باسی ئەم قوتابخانانە ئەکات، وە چۆن ئیمامی غەزالی کە پێش ئەمان هات و قوتابخانەی تێکۆشانی نەفسی کردەوەو بەرنامەکەی بە تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست نوسیەوەتەوە، ئینجا دواتر شێخ عبد القادر گەیلانی و مەشایخەکانی تر هاتن بەیەکەوە هەستان بە پەروەردەکردن و پاککردنەوەی ئوممەتی ئیسلام، ژمارەی مەشایخەکان نزیکەی دە

---

[٥٠] صەحیحە. موسلم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٦٩٩) ریوایەتی کردووە، وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە لە (صحيح الجامع الصغير)(ژ٦٢٩٨).

زاتی گەورەو مەزن ئەبوون، وە هەمووشیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کەوا شێخ عبد القادر گەیلانی وەکوو گەورەیان قەبوڵ بکەن و کۆمەڵێك زاراوەشیان دانا لە وانە: (غەوس و قوتب و ئەبدال و نوقەباو نوجەباو ...هتد)، ئیتر بووبە زانستێك لە ناو قوتابخانەکان و خەڵکیان پەروەردەکردو توانیان قودسی بریندار ڕزگار بکەن کە لە ژێر دەستی خاچ پەرستەکانا بوو، ئەمەش بە سەرکردایەتی سوڵتان صلاح الدینی ئەیوبی کوردی و مەحمود نور الدین زەنکی خوای گەورە لە هەموویان ڕازی بێت[٥١].

## خۆ دانە پاڵ یەکێك لە ڕێگاکان

ئیمامی غەزالی[٥٢] ژیانی خۆیمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە چۆن لە ناو خۆشەویستی ماڵ و منداڵ و پایەکی بەرز بووە لە ئاستی کۆمەڵگەی ئەو کاتەی موسڵمانان، بە جۆرێك کە دەنگی دابۆوە بەهۆی پایە زانستیەکەی، ئینجا چۆن ئەمانەی لە دڵ و

[٥١] بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای ئەم قوتابخانانە بیت و چۆنیەتی ڕزگارکردنی قودسیش بزانی ئەوە سەیری کتێبی (هکذا ظهر جیل صلاح الدین) هی دکتۆر ماجد عرسان گەلانی بکە ﵀.

[٥٢] محمدی کوڕی محمدی کوڕی محمدی کوڕی ئەحمەدی طوسیە، ساڵی لە دایکبوون و وەفاتی (د٤٥٠هـ_و٥٠٥هـ)، بە حوجەجتو لئیسلام ئەبو حامد غەزالی بەناوبانگە، یەکێکە لە زاناو خواناس و زاهیدو فەیلەسوف وزیرەکە دەگمەنەکانی دونیا، دونیای پڕ لە زانست کرد، کە زیاتر لە پەنجا دانراوی هەیە لە هەموو بوارەکان، ئەحمەدی برای بۆمان ئەگێڕێتەوە: کەوا برام واتە: (غەزالی) دەستنوێژی بەیانی هەڵگرت و نوێژی کرد، پاشان فەرمووی: کفنەکەم بۆ بێنن، ئەویش وەریگرت و ماچی کردو لەسەر چاوەکانی داناو فەرمووی: "گوێ بیست بووم و گوێڕایەڵم بۆ چوونە لای پاشا"، دواتر پێکانی درێژ کردو ڕووی لە قیبلە کردو ڕۆحی پیرۆزی دەرچوو(هەزار ڕەحمەت لە گیانی پاکت نووری چاوم غەزالی گیان). بڕوانە (أیها الولد بحاشیه بروفسور دکتور علی قرداغی)(ل١٩_٢٤). وە (طبقات الشافعیة)(ب٤_ل١٠٨). ئەمەش یەکێکە لە کەرامەتەکانی کەوا ئاگادار کراوەتەوەو ئەمرێ. ئەمە شتێکی ئاساییەو دروستە خوای گەورە هەندێك لە بەندەکانی خۆی ئاگادار ئەکاتەوە کەوا لە کوێ ئەمرن و کەی وەفات ئەکەن، ئەمە کەرامەتە بانگەشە نیە بۆ غەیب زانین، لە بەشەکانی پێش کۆتایی ئەم کتێبە باسێکمان لەسەر ئەم بابەتەش ئامادە کردووە.

نەفس و ڕۆحی خۆی هێناوەتەدەر، وە تەنیا خۆشەویستی خوای گەورەی لە ناویدا هێشتووەتەوە، بۆیە با بچینە خزمەتی و پێمان ئەفەرمووێ: "پاش ئەوەی کە لە زانستە عەقڵی و نەقڵیەکان تەواو بووم، وە پێگەیشتم و بە ورە بەرزییەوە ڕووم لە ڕێگای صۆفیەکان کردو ڕێگای ئەوانم گرتەبەر، وە بۆم دەرکەوت ڕێگای صۆفیەکان کامڵ نابێت تەنها بە زانست و کردار نەبێت، وە بەدەستهێنانی زانستەکەشیان بریتیە لە بڕینی بەربەستەکانی نەفس و پاککردنەوەی لە ڕەوشتە زەمکراوەکان و سیفاتە پیسەکانی، هەتاوەکوو ئەگاتە پلەی خاڵی کردنەوەی دڵ لە غەیری زاتی الله ﷻ، وە خۆ یەکلایی کردنەوەی بۆ زیکرو یادی خوای گەورە".

وە هەروەها ئەفەرمووێ: "بەردەوام بیرم ئەکردەوەو سوور نەبووم لەوەی کە چۆن ئەم هەموو شتە بە جێ بێڵم کە لە بەغدا وە دەستم کەوتووە، (نزیکەی ٢٠٠ قوتابی) لە وانەکانی ئامادە ئەبوون، یەکێك لەوانە (قازی گەورەی مەزهەبی مالیکی ئەبو بەکر ئەلعەرەبیە رحمه الله)، جا ئیمامی غەزالی ئەفەرمووێ: "هەندێ جاریش سوور ئەبووم بۆ ئەوەی دەربچم کەچی پێیەکم پێش ئەخست و ئەوی تریشم دوا ئەخست، ئەگەر لە کاتی بەیانی ویست و حەزی دواڕۆژم بۆ بهاتایە ئەوە سەربازەکانی ئارەزوو لە کاتی ئێوارە فیڕاسەتیان ئەکرد، هەتا وای لێ هاتبوو ئارەزووەکانی دونیا ڕایان ئەکێشام بە زنجیرەکانیەوە بۆ پلەو مەقامی گەورەیی، کەچی بانگکەری ئیمانیش هاواری ئەکرد: ڕۆیشتن (گەشت کردن) تەنها تەمەنێکی کەمت لەبەر دەستدا ماوەو ڕێگاشت دوورو درێژە، وە ئەو شتانەی کە تۆ تیایدای هەر لە زانست و کردەوە هەمووی (ڕیاکارییەو بۆ خوا نیە)، ئیتر بیرکەرەوە ئەگەر ئێستاکە ئامادەی دواڕۆژ نەبیت ئەی کەی ئامادە ئەبیت؟ وە

**ئەگەر ئێستاکە ئەو پەیوەندیانە نەپچڕێنی ئەی کەی ئەیان پچڕێنی؟ جا لەو کاتەدا بانگخوازی ویست و سوور بوون سەری هەڵئەداو بۆ ڕاکردن (لە دەست ئەم شتانە)، دواتر شەیتان ئەگەڕایەوەو ئەیگوت: ئەمە حاڵەتێکی ڕووکەشیە نەکەی گوێڕایەڵی هۆنراوەیەکی بە تاڵ کە خاڵیە لە سەرزەنشتی کردن و ئاسایشێکی ڕوون و صاف بەرامبەر کێ بڕکێی نەیارەکانت بکەی، لەوانەیە نەفست لا بکاتەوەو ڕووی تێ بکات، چونکە جارێکی تر ئەم گەڕانەوەت (بۆ ناو ئەو دونیاو ئارەزوو و مەقامانە) ئاسان نابێت"[٥٣].**

**خۆشەویستان ئیتر ئیمام بڕیاریداو سوور بوو لەسەر گەشت کردنەکەی. ئیمامی تاج الدینی سوبوکی[٥٤] ئەفەرمووێ: "هاوەڵایەتی شێخ ئەبو عەلی فارمەدی[٥٥]، کردووە"[٥٦] واتە: بووە یەکێك لە موریدەکانی، بۆ ئەوەی ڕێگای**

---

[٥٣] المنقذ من الضلال.

[٥٤] ئەبو نەصر عبد الوهابی کوڕی عەلی کوڕی عبد الکافی سبوکیە، کە کوڕی گەورەی زانای بەناو بانگ تقی الدینی سبوکیە، (د٧٢٧هـ_و٧٧١هـ)، هەر ەل قاهیرە لەدایك بووە، قازی و مێژوو ناس و شەرعناس و حافیزو فەرموودەناس بووە، قوتابی باویکی خۆی بووە، وە زۆر هاوەڵایەتی ئیمامی زەهەبی کردووە، لەشام بووە قازی دواتر تووشی فیتنە بوو، هەندێك لەزاناکنی سەردەمی خۆی تووشی دەمارگیری بۆوون بەرامبەری وە کافریان کرد کە گوایە ئارەقی حەڵاڵ کردووە، ئەوەبوو لەسەر کار لابراو بەدەست بەستراویەوە لەشام هێنایانەوە میسر، دواتر ئازاد کرا، دواتر گەڕایەوە شام و لەوێ بە نەخۆشی گاعون وەفاتی کرد. ئیبن و کەپیر ئەفەرمووێت: ئەوەی بەسەر ئەو هات لە ناخۆشی و بەڵای قازی یایەتی بەسەر هیچ قازی یەکی تردا نەهاتووە، وە زۆر کتێبیشی هەیە لەوانە: (طبقات الشافعیة الکبری، جمع الجوامع في أصول الفقه، الأشباه والنضائر). بڕوانە: (مقدمة جمع الجوامع لحافظ التاج الدین السبکي)(ل٩) مطبعة دار الکتب العلمیة. یاخود (الأعلام للزرکلي)(ب٤_ل١٨٤).

[٥٥] ئەبو عەلی فەزڵی کوڕی محمدی کوڕی عەلی فارمەدی طوسیە (د٤٠٧هـ_و٤٧٧هـ)، لە طوس لە دایك بووەو هەر لەوێش وەفاتی کردووە، وە یەکێکە لە قوتابیەکانی ئیمامی قوشەیری خاوەنی کتێبی (الرسالة القشیریة)، ئیمامێکی زاهیدو خواناس بووە، وە یەکێکە لە مەشایخەکانی زنجیرەی نەقشەبەندی کە ئەکاتە قوتابی ئەو دوو شێخە مەزنە ئەبو لحەسەنی خەرقانی و شێخ ئەبو قاسمی گورگانی رحمهم الله . هەروەها ئیمامی تاج الدینی سبوکی لە ئیبن و سەمعانیەوە نەقڵی کردووە کەوا فەرموویەتی: شێخ ئەبو عەلی فارمەدی شەیخ

تیکۆشانی نەفس بگرێتە بەرو بە ڕێنماییەکانی ئەو شەیخە مەزنە کارەکان بکات، وە بۆ ئەوەی لە بەربەستەکانی نەفس ڕزگاری بێ، چونکە ئیمان ئەگەر نەچێتە ناو دڵ و نەفسەوە ئیتر چ سوودێکی ئەو تۆی هەیە هەر وەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَآ﴾[57]، واتە: بۆ ئەوەی دڵەکانیان پەی بەو حەقیقەتانە ببەن کە لە ئەنجامی ئەو ڕێگا بڕینەدا بینیویانەو هەستیان پێ کردووە. وە هەروەها لە فەرموودەشدا هاتووە: (کەوا پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وە پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من قوڕئان ئەخوێنم بەلأم دلّم پەی پێ نابات، واتە: (ناچێتە دڵمەوە هەر تەنها لەسەر زمانمەو لە گەرووم ناچێتە خوارەوە)، ئەویش پێی فەرموو: دڵەکەت ئیمانی لە خۆگرتووەو نیشانەی هەبوونی ئیمانە، وە ئیمانیش بە بەندە ئەبەخشرێ پێش قوڕئان)[58].

وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَذَرُوا۟ ظَـٰهِرَ ٱلْإِثْمِ وَبَاطِنَهُۥٓ﴾[59]، واتە: واز لە گوناهەکانی دەرەوەو ناوەوە بهێنن. جا ئیمامی غەزالیش قدس سره سەیری خۆی کردووە لەسەر فەرمانی خواو پێغەمبەر ﷺ، بۆیە ڕێگای تەصەوفی هەڵبژارد

و زمانی خۆراسان بوو، وە خاوەن تەریقەتێکی چاك بوو لە پەروەردەکردنی موریدەکان و هاوەڵەکانی، وە مەجلیسی ئامۆژگاریەکانی لەوەی کە باسکراوە جۆرێك بووە لە باخچەو مێرگ کە جۆرەها گوڵی تێدا بێ. بڕوانە (سلسلة أعلام المسلمين٤٣ الإمام الغزالي)(ل٣٤) هی صالح أحمد الشامی. وە (شمس الشموس) هی شێخ ناظم حەققانی قدس سره . وە (الطبقات الشافعية)(ب٥_٣٠٤).

[56] (الطبقات الشافعية)(ب٥_٣٠٤).

[57] سورة الحج آية ٤٦.

[58] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب١٠_ل١٠٦_ژ٦٦٠٤) لە عبد الله کوڕی عەمرەوە ڕیوایەتی کردووە، وە ئەحمەد شاکر ئەفەرمووێ: "سەنەدەکەی صەحیحە".

[59] سورة الأنعام آية ١٢٠.

تاوەکوو تێبکۆشێ لە دژی ئارەزووە دونیایەکانی نەفسی، لە سەرەنجام بەروبوومەکەی بینی و ڕەنجەکەی بێهودە نەڕۆیشت. جا ئیمام ئەفەرمووێ: "پاشان چوومە شام، لەوێ مامەوە نزیکەی دوو ساڵان، هیچ کارم نەبوو تەنیا کەنارگیری و خەڵوەو وەرزش و تێکۆشان نەبێ، بۆ ئەوەی سەرقاڵی پاککردنەوەی نەفس و پاککردنەوەی ڕەوشت و صەفا کردنی دڵ بە زیکرو یادی خوای گەورە بم، هەروەکوو لە زانستی صۆفیەکانم دەستکەوت، ئیتر ماوەیەك لە مزگەوتی دیمەشق ئەمامەوەو بەسەر منارەی مزگەوتەکە ئەکەوتم، جا بە درێژایی ڕۆژەکە دەرگام بەسەر خۆم دائەخست (....) لەسەر ئەم حاڵە دە ساڵان مامەوە، جا لە کاتی خەڵوەکانم کۆمەڵە شتێکم بۆ وەدەرکەوت کە ناکرێت بژمێردرێت تەنیا ئەو ئەندازەیە باس ئەکەم کە سوودی لێ وەربگیرێت"[٦٠].

هەروەها ئیمامی غەزالی ئەفەرمووێ: "بە دڵنیاییەوە زانیم و بۆم وەدەرکەوت کەوا صۆفیەکان ئەوانەن کە ڕێگا ئەگرنەبەر لەسەر ڕێگای خوای گەورە، وە ڕەوشتیشیان پاککترین ڕەوشتە، بەڵکوو ئەگەر بێت و عەقڵی عاقڵەکان و دانایی داناکان، وە ئەو زانایانەش کە لەسەر ئەو زانستە وەستاوەی شەرع و نهێنیەکانی ئەو زانستەن، بیانەوێ شتێك لە ڕۆیشتنیان بەرەو لای خواو ڕەوشتیان بگۆڕن بەشتێك لەوە چاکتر کە ئەوان لەسەرینە ئەوە هیچ ڕێگایەکیان دەست ناکەوێت، لەبەر ئەوەی هەموو جوڵانەوەکانیان و وەستانەکانیان لە

---

[٦٠] منقذ من الضلال. واتە: خوای گەورە چەندەها شتی نهێنی و غەیبی بۆ وەدەرخستووە، ئەمەش وەك کەرامەتێك بۆ ئەو بەندە نیەت پاکەی کە لەبەر ڕەزای ئەو تەرکی دونیای کرد، بۆیە لەبری ئەو پاداشتە خوای گەورە بەهرەمەندی شتە نهێنیەکانی خۆی کرد.

**دەرەوەو ناوەوەدا لە نووری دەلاقەی پێغەمبەرایەتیەوە وەرگیراوە، کە لە دوای نووری پێغەمبەرایەتیش لەسەر زەوی نوورێکی تر نیە شت ڕووناك کاتەوە"[٦١].**

**خۆشەویستان ئەمە گەورەترین گۆڕانکاریە لە ژیان بەهۆی ئەم گۆڕانەوە ولاٌتیش ئەگۆڕێت، تاوەکوو وای لیٚ دێت مرۆڤەکان ئەبنە کەسانێکی خوایی لە بەردەم خوای گەورە، وە سوودو کەڵکیشیان ئەبیٚ بۆ میللەتەکەیان، بەلاٌم ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە گیان فیدایی هەیە هەروا ئاسان نیە، ئەبێت واز لە نەفسی بەدکردار بهێنرێت. وە ئاڕاستەی قسەشم زیاتر ڕوو لە نەفسی خۆم و ئەو کەسانەیە کەوا بانگەوازی دینی خوای گەورە ئەکەن، جا مامۆستایان بانگخوازان شێخانی تەریقەت با دەست بە قورئان و فەرموودەوە بگرین، وە بۆ هیچ ستەمکارێکیش چۆك دانەنێین و ملی بۆ شۆڕ نەکەین، وە نەفسی خۆمان بگۆڕین هەر وەکوو چۆن ئەم ئیمامە بەڕێزە نەفسی خۆی گۆڕی، سوێند بەخوا دلّمان خالّیە لە نووری خوای گەورە، ئێمە تەنیا ڕووکەش و لاشەین، ئیتر بەسیەتی با لە خوای گەورە بترسین و تەقوای ئەو بکەین، چونکە ئەمە ئەمانەتەو تەکلیفە نەك تەشریف.**

**وە هەورەها ئیمامی تاج الدینی سبوکی لە حافیزی عبد الغافری فارسیەوە[٦٢] نەقلّی کردووە کەوا دەربارەی ئیمامی حەڕەمەین شەیخولئیسلام ئەبو لمەعالی**

---

[٦١] هەمان سەرچاوە. وە کتێبی (الإحسان)(ب١_ل٥٠)

[٦٢] عبد الغافری کوڕی اسماعیلی کوڕی عبد الغافری کوڕی محمدی فارسیە.(د٤٥١هـ_ و٥٢٩ه)، یەکێکە لە زاناکانی زمانی عەرەبی و مێژووناس و فەرموودەناسە. لە بنەڕەتدا فارسیە، وە خەلّکی نەیسابوور بووە، وە کوڕەزای ئیمامی ئەبو قاسم قوشەیرییە کە خاوەنی کتێبی (الرسالة القشيرية) بەناوبانگە. وە دواتر کۆچی کرد بۆ خواریزم و غەزنەو هیند. وە کتێبەکانیشی (المفهم لشرع غريب مسلم، والسياق فى تاريخ نيسابور). بڕوانە: (ب٤_ل٣١).

**جوینیەوە[٦٣] فەرموویەتی: "ئیمامی حەڕەمەین کەسێك بووە خۆی بەکەم ئەگرت بەرامبەر گشت کەسێك، وە لەبەر زۆری خۆ بەکەم گرتنەکەی خەڵك گومانیان بۆ گاڵتەکردن ئەڕۆیشت، وە بەهۆی دڵ نەرمشیەوە ئەگەر بێت دێڕێکی گوێ بیست بایە یاخود ساتێك لە خۆیدا ڕابمایا ئەوە دەستی ئەکردە گریان. وە کاتێکیش دەستی بە گێڕانەوەی ئەحواڵەکان بکردایە (واتە حاڵی زاهیدو خواناسەکان)، وە ڕۆبچووایە لە زانستی صۆفیەکان لە دانیشتنەکانی لە کاتی بەیانیەکان ئەوە ئامادەبووانی ئەخستە گریانەوە، وە خوێنی لە چاوەکان ئەهێنایە خوارەوە بەهۆی هاوارو نەعرەتەو ئاماژەکردنەکانی، ئەمەش لەبەر سووتاویەکەی بوو لە نەفسی خۆیدا، وە بەهۆی تەحقیقکردنی ئەو شتانەی کە دێن لە وردەکاری نهێنیەکان (مەبەستی لەو تەحقیقکردنە ئەو نهێنی و کەشف و کەراماتانەی کە بۆی دەرکەوتووە لە جیهانی دڵ و نەفس و دیاردا)"[٦٤].**

---

[٦٣] ئەبو محمد عبد الملك کوڕی عبد الله کوڕی یوسفی کوڕی عبد الله کوڕی یوسفی کوڕی محمدی کوڕی حەیەوی جوەینی نەیسابوری شافیعیە. بە ئەبو مەعالی ئیمامی حەڕەمەین بەناوبانگە، (د٤١٩هـ_و٤٧٨هـ)، یەکێکە لە ئیمامە هەرە بەرزەکانی ئیسلام، شەیخولئیسلام و دەریایەك بووە لە زانست، وە سەرکردەیەك بووە لە زانستی کەلام و فیقھ، وە شەیخی فافیعیەکانە، ئیمامی زەهەبی بۆ سەرخستنی مەزهەبەکەی خۆی چەند وتەیەکی هێناوە گوایە ئیمامی حەڕەمەین لە کۆتاییدا وازی لە زانستی کەلام هێناوە، ئەمە ڕاست نیە بەڵکوو ئیمامی تاج الدینی سبوکی کە هاوەڵی ئیمامی زەهەبی بووە بەرپەرچی ئیمامی زەهەبی ئەداتەوەو ئەوە پشتڕاست ئەکاتەوە کەوا ئیمامی حەڕەمەین شتی وای نەگوتوە، بەڵکوو هەر لەسەر زانستی کەلام بووە. زانستی فیقهی لای باوکی خۆی خوێندووە کە یەکێك بووە لە زانا گەورەکان، وە لە دوای خۆشی چەند کتێبێکی بەجێ هێشتووە: (النهاية في الفقه، الشامل في أصول الدين، البرهان في أصول الفقه، الإرشاد في أصول الدين، التلخيص مختصر التقريب والإرشاد، الورقات في أصول الفقه، غياث الأمم، مغيث الخلق ئەم کتێبە تەرجیحي مەزهەبي شافعية، الرسالة النظامية، ومدارك العقول، ديوان خطب) بڕوانە: (الطبقات الشافعية للحافظ تاج الدين السبكي)(ب٥_ل١٦٥_ژ٤٧٥) طبعة دار إحياء كتب العربية. وە (سير الأعلام النبلاء)(ب١٨_ل٤٦٨) طبعة مؤسسة الرسالة.

[٦٤] (الطبقات الشافعية)(ب٥_ل١٨٠).

## زانستی حەقیقەت

لە بارەی زانستی حەقیقەت و ئەهلی تەصەوفەوە زانای پایە بەرز ئیمامی شاطیبی ئەفەرموویێت: "وا ئەخوێندرێتەوە لەو کەسانەی کە بۆ خوای گەورە خۆیان یەکلایی کردووەتەوە لەوەی کە بە دەستیان هێناوە کە مەزهەبەکەیان ناسراوە (بە تەصەوف) ئەوە دەرئەکەوێت بۆ ئەو کەسەی کە بەبێ بیر لێ کردنەوە بۆ چوونی خۆی ئەڵێ و ڕەخنە لە خەڵك ئەگرێ کەوا ئەوانە پەیوەستن بە کۆمەڵە کارێك لای خەڵکی گشتی دەست ناکەوێت، وە لە ڕووی شەرعیشەوە پێویست نەکراوە، جا کەسی بە گومان وا گومان ئەبات ئەمانە لەسەر نەفسی خۆیان توند بوونەو هەندێ شتیان لەسەر خۆیان داناوە کە لەسەر خەڵکی تر دانەنراوە، وە چوونەتە ناو غەیری چوونە ئەهلی شەرعەوە، حاشا ئەمانە شتی وا بکەن، بەڵکوو لە ڕاستیدا مەزهەبەکەیان لەسەر بە دواکەوتنی سوننەتە بەکۆی گشتی ئەهلی سوننەت، ئەوانە هەڵبژێردراوی خوای گەورەن لە ناو بەندەکانی"[٦٥]. بۆیە خۆشەویستەکەم بیرکەرەوە ئینجا ڕەخنە بگرە.

وە هەروەها ئیمامی جلال الدینی سیوطی[٦٦] ﷦ ئەفەرموویێت: "بەڕاستی بۆم وەدەرکەوتووە کە زانستی حەقیقەت دانەپاڵ زانستی شەریعەت وەکوو دانەپاڵ

---

[٦٥] الموافقات لإمام الشاطبی (ب٤_ل١٥٨).

[٦٦] ئەبو فەزڵ عبد الرحمن کوڕی ئەبو بەکری میصری سیوطیە، کە بە جلال الدینی سیوطی بەناوبانگە، ساڵی لە دایکبوون و وەفاتی (د٨٤٩هـ_و٩١١هـ) وە ناسناویشی (کوڕی کتێبە)، ئەگێڕنەوە باوکی بەدایکی ئیمامی سیوطی گوتبو کتێبم بۆ بێنە لە ناو کتێبخانەکە، جا دایکیشی ئیمامی سیوطی لە سکیدا ئەبێ، بۆیە کە ئەچێتە ناو کتێبخانەکە هەر لەوێ ئیمامی سیوطی ئەبێت سبحان الله، ئیمامی سیوطی زانست نەماوە کتێبی لێ دانەنابێ، زانایەکی حافیزو موجتەهیدو موفەسسیرو ئوصولی و فەرموودەناس و نەحوی و ئەدیب وشاعربووە... هتد)، یەکێکە لە زاناگەورەکانی مەزهەبی شافعی. جا لە چل ساڵی چووە خەڵوە بۆیە

زانستی مەعانی و بەیان وایە بۆ لای زانستی نەحو، چونکە ئەوە نهێنی ئەوەو لەسەریدا بیناکراوە، جا ئەوەی حەز ئەکات ڕۆبچێتە ناو زانستی حەقیقەت بەبێ ئەوەی فێری زانستی شەرعی بێت ئەوە لە نەزانەکانەو هیچ شتێکی دەست ناکەوێت هەر وەکوو چۆن کەسێك حەز بکات ڕۆبچێتە ناو زانستی مەعانی و بەیان بێ ئەوەی کار بە نەحوو بکات ئەوە تێکەڵ ئەکات بە تێکەڵبوونێکی هەڕەمەکی"[٦٧].

گەورەمان (سەید ئەحمەدی ڕیفاعی قدس سره)[٦٨] ئەفەرمووێت: ئەم دینە پیرۆزە ناوەوەی ناوکی دەرەوەیەتی، وە دەرەوەشی زەرفی ناوەوەیەتی، جا ئەگەر بێت و دەرەوە نەبوایە ناوەوەش نەئەبوو، وە ڕاستیش نەئەبوو. دڵ بەبێ لاشە نابێت، بەڵکوو ئەگەر لاشە نەبایە تێك ئەچوو. دڵیش نووری لاشەیە. ئەم زانستەش هەندێك ناویان لێناوە زانستی ناوەوە (علم الباطن)، ئەوە چاککردنی دڵە، جا یەکەمیان: زانستی دەرەوە (علم الظاهر) ئەوە کارکردنە بە ڕوکنەکانی، وە بڕوا هێنانە بە دڵ جا ئەگەر بێت و دڵت پاك بۆوە بەهۆی نیەت پاکیەوە بەڵام مرۆڤێکت کوشت یان دزیت کرد یان ڕیباو سووت خوارد یان شەڕابت خواردەوە یانیش خۆت بە گەورە زانی و قسەی گەورەت کرد، ئەوە چ سوودێك

---

دەرنەچوو هەر خەریکی کتێب دانان و زیکرو یادی خوای گەورەبووە. بڕوانە (معجم المؤلفين)(ب٥_ل١٢٨). وە (رسائل النور)(ب١ الكلمات_ل٥٦٤).

[٦٧] تأييد الحقيقة العلية وتشيد الطريقة الشاذلية (ل٢١).

[٦٨] ئەحمەدی کوڕی عەلی کوڕی یەحیای کوڕی ثابتە (د٥١٢هـ_و٥٧٨هـ). یەکێکە لە هەرە ئەولیا گەورەکانی ئەم ئوومەتە، وە لە ئال و بەیتی پێغەمبەرمانە صلى الله عليه وسلم، وە سەرکردەی تەریقەتی ڕیفاعیە، زانایەکی بەرزی مەزهەبی شافعیە، وە یەکێکە لە صۆفیە مەزنەکان، خاوەن کەشف و کەرامەت بووە، کتێبەکانیشی (حالة أهل الحقيقة مع الله، البرهان المؤيد، كتاب الحكم شرح التنبيه في الفقه الشافعي، وە هتد). بڕوانە (معجم المؤلفين)(ب٢_ل٢٥). وە (ویكيبيا الموسوعة الحرة) لە ئینتەرنێت.

لە نیەت پاکی و دڵ پاکیەکەت هەیە! وە ئەگەر خوا بپەرستی و خۆت پاك ڕابگری و بەڕۆژووبی و خۆت بەکەم بگری کەچی لە دڵتدا ڕووپامایی و ڕیاو فەسادی خۆی حەشاردابێت ئەوە چ سوودێك لە کردارەکانت هەیە!"[٦٩].

وە هەروەها ئیمامی سوهرەوەردی ئەفەرموویت: "زانستەکانی ئەو کۆمەڵەیە واتە: صۆفیەکان، بە دەست ناکەوێت لەگەڵ هەبوونی خۆشەویستی دونیا، وە دیارناکەوێ تەنها ئەو کاتە نەبێ کە لە هەواو ئارەزووی نەفس خۆت دوور بگری، وە ناخوێندرێت و فێریش نابێت تەنها لە قوتابخانەی تەقوا نەبێ"[٧٠].

هەروەها شێخ عبد السلام یاسین ئەفەرموویت: "تۆ ناگەیتە پلەی دۆستایەتی خوای گەورە بە دانیشتن و بیرکردنەوە، بەڵکوو بە جیهادو تێکۆشانی نەفس لەوەی کە دڵ پاك ئەکاتەوەو سوودی ئەبێت بۆ خەڵك، جا بەمە دەست ئەکەوێت"[٧١].

خۆشەویستان ئەمە گەورە ڕابەرەکانی ئەم ئوممەتە حاڵیان وا بێت لەگەڵ تەصەوف و تەریقەت و حاڵەکانی دڵ لەگەڵ خوای پەروەردگار ئەی چی بەوانە ئەڵێی کە بەبێ ڕۆحی تەصەوف بانگەوازی ئەم دینە ئەکەن، جا لە هەمووش کارەساتتر ئەوەیە دژی ئەم مەنهەجە ڕۆحیەش وەستابێ پەنا بەخوا.

زانای پایە بەرز (ئیبن و حەجەری هەیتەمی) ئەفەرمووێ: "زانایانی دەرەوە (ظاهر) ئەوانەن کەوا وێنەکانی زانستە دەستکەوتووەکان و چەمکە گرانەکانی ئەحواڵ و ڕووداوە گوفتاریی و کردارییەکانیان و بەڵگە ناوازەکانی عەقڵی و

[٦٩] البرهان المؤيد (ل٦٨).
[٧٠] فتاوى الحديثية (ل٣١٠).
[٧١] الإحسان (ل٤٣).

**نەقڵییان ناسیووە، تاوەکوو پەرژینی شەرعی پێ بپارێزن، نەوەکا کەسێکی هاتوو لێدەر سەرزەنشتی بکات یاخود کەسێکی بیدعەچی دەرچوو بە خوڕاڤی دایبنێ. جا یەکەمەکان کە (عارف و خواناسەکانن) گەورەترن، خۆ هەر چەندەش شەرعناسەکانی پارێزەری شەریعەت خاوەن فەزڵن، بەڵکوو لەوانەیە ئەوان گەورەترینن لە ڕووی تایبەتمەندێتیەوە نەك بە ڕەهایی".**

**وە هەروەها سوڵتانی زاناکان (عز الدینی کوڕی عبد السلام قدس سره)[72] ئەفەرمووێت: "بە گەورەتر دانانی خواناسەکان بەسەر زاناکانی ئەحکامەکانی شەرعی ئەوە وتەی مامۆستا قوشەیری و ئەبو حامدی غەزالیە، ئەوان کۆکن لەسەری، جا کەسی ژیرو هۆشمەند گومانی لەوەیا نیە کەوا خواناسەکان ئەوەی پێویست بکات بۆ خوای گەورە ئەنجامی ئەدەن هەر لە بە گەورەزانینی سیفەتە بەرزو کەماڵەکانی، وە لەوەش پێویست بکات لە عەیب و ناتەواوییەکان بە پاکی بگرن، جا ئەمانە گەورەترن لە زاناکانی ئەحکامەکانی شەریعەت، بەڵکوو خواناسەکان گەورەترن لە ئەهلی لقەکانی ئوصولیەکان، لەبەر ئەوەی زانست شکۆمەندترو پایە بەرزتر ئەبێ بە شکۆمەندی زانراو و بەروبوومەکانی. جا هەبوونی زانست بەخواو سیفەتەکانی پایەی بەرزترە لە ڕوویەکەوە لە هەموو زانراوێك، چونکە بێگومان ئەوەی پەیوەستیشە بەو زانستەوە پایە بەرزترین و کامڵترینی زانیارییەکانە، وە بەروبوومەکەشی گەورەترینی بەروبوومەکانە"[73].**

---

[72] عبد العزیزی کوڕی عبد السلامی سوللەمیە (د٥٧٧هـ_و٦٦٠هـ). زانایەکی موجتەهیدی گەورەی شافعیەکانە، وە بە عزی کوڕی عبد السلام وە سوڵتانی زاناکان بەناوبانگە. لە دیمەشق لە دایکبووە بەڵام دواتر چۆتە قاهیرە. چەندین کتێبیشی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە لەوانە (شرح السول، تفسیر القرآن...هتد)، بڕوانە (معجم المؤلفین)(ب٥_ل٢٤٩).

[73] تأیید الحقیقة العلیة وتشید الطریقة الشاذلیة (ل٢٣).

بەڵێ خۆشەویستان ئەو زانایانەی کە خەریکی تێکۆشانی نەفسن، وە خەریکی حاڵەتەکانی دڵن، وە خەریکی ناسینی پەروەردگارن، ئا ئەمانە زۆر گەورەترن لەوانەی کە هەر خەریکی مشتومڕی لقەکانی شەرعن.

## وەرگرتنی تەریقەت و لەبەر کردنی خیرقەی تەصەووف لای کۆمەڵێك لە زاناکان.

خۆشەویستان سەرەتا ئەو کەسە تەوبە ئەکات لەسەر دەستی ئەو شەیخە کاملەو بەیعەت لەو شەیخە وەرئەگرێ، چونکە شەیخەکەشی هەر بەو جۆرە ئەو بەیعەتەی وەرگرتووە بەسەنەد تا ئەگاتە پێغەمبەری خواﷺ، ئیتر دوای پاککردنەوەی نەفسی و بڕینی مەقامەکان ئەوە شەیخەکەی جلی خیرقەی پێ لەبەر ئەکات کە وەکوو عەبایەك وایە، چونکە ئەوە ئاماژەیە بەوەی کەوا ئەو کەسە ئامادەیە بۆ بانگەوازو پێگەیاندنی خەڵکی، جا خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە ئەبێ ئەو کەسە بیزانێ کە ئایا لەسەر دەستی کێ ئەو بەیعەتە وەرئەگرێ چونکە هەموو کەسێك شایستە نیە، جا ئەگەر ئەتەوێ ئەو جۆرە کەسانە بناسیت بۆ ئەوەی بەیعەتیان پێ بدەیت ئەوە ئەم نامیلکە بچووکەی ئێمە بخوێنەرەوە (مورشیدی کامڵ و ناسینی نیشانەکانی)، بۆ ئەوەی شەیخ و ناشەیخت بۆ بە دیار کەوێت و هیچ کەسێك لە ژێر ناوی تەریقەت فێڵت لێ نەکات.

ئیمامی سیوطی لە خاوەنی کتێبی (التعرف)ـەوە بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا فەرموویەتی: "ئەو کەسانەی کە لە دوای هاوەڵە بەڕێزەکان کە قسەیان لە زانستی ئەو کۆمەڵەیە کردبێت و بڵاویان کردبێتەوە بە وتەو کردار ئەمانەن (عەلی کوڕی حوسەینی کوڕی زەینولعابدین، وە کوڕەکەی محمد باقر، وە کوڕی ئەویش جەعفەری صادق، وە ئووەیسی قەرەنی و حەسەنی بەصری و ئەبو حازم سەلەمەی

کوڕی دینار، وە مالیکی کوڕی دینارو عبد الواحیدی کوڕی زەید، وە عوتبەتولغولام، وە ابراهیمی کوڕی ئەدهەم و فوزەیلێ کوڕی عیازو عەلی کوڕی، وە داودی طائی و سوفیانی سەوری و ئەبو سلێمانی دارانی و سلێمانی کوڕی، وە ئەحمەدی کوڕی ئەبو لحەواری و ذوننونی میصریرضي الله عنهم ، وە غەیری ئەویش باسی ئەوەیان کردووە کەوا یەکەم کەسێك کە ئەم ڕێگایەی دانابێت عەلی کوڕی ئەبی تالیبە، پاشان کوڕەکەی حەسەن"[74].

## ئیبن و صەلاحی شارەزووری صۆفی بووە

ئیمامی حافیز تقی الدین ئیبن و صەلاحی شارەزووری جلی خیرقەی لەبەرکردووە، وە تەخریجی هەندێك سەنەدی شەیخەکانیشی کردووە کەوا بنچینەکەی لە سوننەتی پێغەمبەردا هەیە صلى الله عليه وسلم ، ئەویش فەرموودەکەی دایکی خالیدی کچی خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاصە بۆمان ئەگێڕێتەوە: (أُتِيَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم بِثِيابٍ فِيهَا خَمِيصَةٌ سَوْدَاءُ[75] صَغِيرَةٌ فَقَالَ: مَنْ تَرَوْنَ أَنْ نَكْسُوَ هَذِهِ؟ فَسَكَتَ الْقَوْمُ قَالَ: ائْتُونِي بِأُمِّ خَالِدٍ فَأُتِيَ بِهَا تُحْمَلُ فَأَخَذَ الْخَمِيصَةَ بِيَدِهِ فَأَلْبَسَهَا وَقَالَ: أَبْلِي وَأَخْلِقِي[76])[77]، واتە: پێغەمبەری خوا جلێکی صوف ڕەشی نیشانەداری هێنا، جا فەرمووی: "کێ ئەبینن کەوا شایەن بێت بەو جلە تا لەبەری بکەین؟" ئیتر

[74] تأييد الحقيقة العلية وتشيد الطريقة الشاذلية (ل١٠).

[75] ئەصمەعی فەرموویەتی: "الخمائص، جلێکی ئاوریشم یاخود صوفەو نیشانەدارە کە ڕەشە، ئەمەش جلی خەڵکیە".

[76] أبلي وأخلقي: عەرەب مەبەستیان پێی دوعایە بۆ کەسی گوفتار لەگەڵ کراو. وە خەلیل فەرموویەتی: "أبل وأخلق، واتە بژی تا ئەو کاتەی جلەکەت ئەدڕێ و پینەی ئەکەی.

[77] صەحیحە. بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٥٨٢٣). وە ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٤٠٢٠) ڕیوایەتیان کردووەو لەفزەکە هی بوخاریە، شوعەیب ئەرنائوت ڕیوایەتەکەی ئەبوداودی بە حەسەن داناوە.

خەڵکەش بێ دەنگ بوون و حەزرەتیش فەرمووی: "دایکی خالیدم بۆ بێنن، جا ئەویان هەڵگرتبوو هێنایان[78]، ئەمیش جلەکەی پێداو لەبەری کرد، پاشان فەرمووی: "ئەی دایکی خالید یا خوا بە تەمەنێکی درێژەوە لەبەری بکەیت تا ئەدڕێ و پینەی ئەکەی". جا هەر ئیبن و صەلاح ئەفەرمووێ: "سەبارەت بە لەبەر کردنی جلی خیرقەشم ئەوە سەنەدێکی زۆر بەرزم هەیە کە ئەبو لحەسەنی موئەییەدی کوڕی محمدی طوسی لەبەری کردم، ئەویش فەرمووی: "خیرقەم لە ئەبو حەسەن هبة الرحمانی کوڕی ئەبو سەعید عبد الواحد کوڕی ئەبو قاسمی قوشەیری وەرگرت"، ئەویش فەرمووی: "خیرقەم لە باپیرم ئەبو قاسم[79] وەرگرت"، ئەویش لە مامۆستا ئەبو عەلی دەققاق وەریگرت، ئەویش لە ئەبو قاسم ابراهیمی کوڕی محمدی کوڕی حەمەوییەی نەصرئابازی وەریگرت، ئەویش لە ئەبو بەکری دەلەفی کوڕی جەحدەری شیبلی وەریگرت، ئەویش لە جونەیدی وەریگرت، ئەویش لە سەری سەقەطی وەریگرت، ئەویش لە مەعروفی کەرخی وەریگرت، ئەویش لە داودی طائی وەریگرت، ئەویش لە حەبیبی عەجمی وەریگرت، ئەویش لە حەسەنی بەصرپەوە وەریگرت، ئەویش لە عەلی کوڕی ئەبو طالیبەوە وەریگرت، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ وەریگرت". وە دووبارە ئیبن و صەلاح ئەفەرمووێ: "لەوەی کە گێڕامانەوە هیچ شتێکی خراپی تێدانیە

[78] (ئەکرێ تەمەنی لەو کاتەدا بچووك بووبێت، بەلاّم هیچ ڕێگرییەك لەوەیا نیە ئەگەر منداڵێکی پێگەیشتوو بووبێت لەو کاتەدا، وە لە ڕیوایەتی سوفویانی کوڕی عویەینە لە هیجرەتی حەبەشەدا هاتووە کەوا فەرمووی: من و جویرە لە خاکی حەبەشەوە هاتینەوە. وە لە ڕیوایەتی خالیدی کوڕی سەعید هاتووە: کراسێکی زەردم لەبەرا بوو لەو کاتەی کە لەگەڵ باوکم هاتمە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، جا هیچ پەڵپێك لە نێوان ئەو دوو ڕیواتەدا نیە لەبەر ئەوەی درووستە لەو کاتەی کە بانگی کراوە ئەویش لەگەڵ باوکیا هاتبێت). ڕوونکردنەوەی ئەم فەرموودەیە گشتی وتەی ئیبن حەجەری عەسقەلانیە بڕوانە: (فتح الباری بشرح صحیح البخاری)(ب١٠_ل٢٧٩)کتاب اللباس _ باب الخمیصة السوداء.

[79] ئەبو قاسم عبد الکریمی کوڕی هەوازینە کە خاوەنی کتێبی (الرسالە القشیریە).

سەبارەت بە لەبەر کردنی خیرقە بە سەنەدێکی بێ پچڕان تا کۆتاییەکەی لەسەر مەرجەکانی فەرمووودەناسان بۆ سەنەدەکان، بەڵکوو مەبەست بەو لەبەر کردنە سوودو بەرەکەت وەرگرتنە بە هەبوونی پەیوەندی بەو کۆمەڵەیە لە پیاوچاکە گەورەکان"[٨٠].

[٨٠] تأييد الحقيقة العلية وتشيد الطريقة الشاذلية (ل١٣).

تێبینی: حافیزی عبد الله کوڕی محمدی کوڕی صدیقی غوماری وەکوو تێبینیەك لەسەر وتەکەی ئیبن و صەلاح ئەفەرمووێ: "ئەویش بەم شێوازە بینیویەتی هەروەك بوخاری و ئیبن و مەعین کەوا نەچەسپاوە لە حەسەنی بەصریەوە کەوا گوێ بیستی ئیمامی عەلی و وێنەی ئەویش بووبێ، وە ئیبن و لجەزەری ئەفەرمووێ: "سەنەدی لەبەرکردنی خیرقە بەو شێوازە گێردراوتەوە لە ڕێی حەسەنەوە ئا بەو شێوەیە خیرقەی تەصەوف لە ڕێی ئەو کۆمەڵەیەوە بە ئێمە گەیشتووە، کەچی فەرموودەناسان نایچەسپێنن بۆ حەسەن کەوا گوێی لە ئیمامی عەلی بووبێ، گومانیش لەوەدا نیە لەگەڵ هەندێ لەیەك سەردەمیشدا بوونە، وە چەسپاوە کەوا ئەوی بینیوە، وە لە خیلافەتی ئیمامی عومەریشا لە دایك بووە، وە ڕاستە کە گوێی لە وتاری ئیمامی عوسمانیش بووە". حافیزی غوماری بەردەوامەو ئەفەرمووێ: "وە کۆمەڵێکیش وایان بینیوە لە وانە حافیزی ضیاء الدینی مەقدیسی کەوا گوێ بیستی حەسەن بۆ عەلی ڕاستەو دروستە چونکە بەهۆی ئەو ڕاگەیاندنەی خۆی کە ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووەو ئەفەرمووێ: جویریەی کوڕی ئەشرەس هەواڵی پێ داین عوقبەی کوڕی ئەبو صەهبائی باهلی هەواڵی پێداین گوێم لە حەسەن بوو ئەیفەرموو: "گوێم لە عەلی بوو ئەیفەرموو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: "نموونەی ئوممەتم وەکوو باران وایە، نازانرێت یەکەمەکەی چاکە یاخود کۆتاییەکەی"، جا محمدی کوڕی حەسەنی صەریفینی ئەفەرمووێت: "ئەوە دەقێکی ڕوونە کەوا حەسەن گوێ بیستی ئیمامی عەلی بووە، وە پیاوەکانی ئەو فەرموودەیەش باوەڕپێککراون، وە جوەیریە ئیبن و حیببان بە باوەڕپێککراوی داناوە، وە عوقبەش ئەحمەدو ئیبن و مەعین بە باوەڕپێککراویان داناوە". وە هەم دیسانەوە حافیزی غوماری ئەفەرمووێت: "حافیزی میزی تەخریجی کردووە لە ڕێی ئەبو نوعەیمەوە بە سەنەدی ئەو تا یونسی کوڕی عوبەید کەوا فەرمووی: گوتم بە حەسەن تۆ ئەڵێی پێغەمبەری خوا ئەفەرمووێ کەچی پێشی نەگەیشتووی؟ ئەویش فەرمووی: "ئەی برازام شتێکت لێ پرسیوم لە پێش تۆدا کەس لێی نەپرسیوم، وە ئەگەر لەبەر پایەکەت نەبوایە ئەوە هەواڵم پێ نەئەدای. من لە زەمانێکم هەر وەك ئەمبینی، جا لە زەمانی حەجاجدا هەموو شتێکت لێم ئەبیست کە ئەم گوت پێغەمبەری خوا ئەفەرمووێ ئەم گێڕانەوەیەش لە

# عزی کوڕی عبد السلام صۆفی بووە لە تەڕیقەتی شازلی

وە هەروەها (شەیخولئیسلام ئیبن و دەقیقی عید قدس سره )[81] لە سوڵتانی زاناکان (عزی کوڕی عبد السلام)ـەوە بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا خیرقەی تەصەوفی لە (شێخ شهاب الدینی سوهرەوەردی) وەرگرت و لەبەری کرد، واتە: (لەسەرەتا دا تەڕیقەت و ڕێنماییەکانی ئەو کۆمەڵەیەی صۆفیەکانی لەو وەرگرتووەو تا گەیشتووەتە پلەی کەماڵ بۆ بانگەوازی ئیسلام)، جا لەبەر دەستی ئەو شەیخە مەزنە دائەنیشت و کتێبی (رسالة القشيرية)ی ئەخوێند. هەتا جارێکیان (شێخ ئەبو عەباسی مورسی قدس سره )[82] لە ئەسکەندەرییەوە هاتەوە قاهیرەو ئامادەی دانیشتنەکە

---

عەلیەوە، بەڵام من لە زەمانێکم ناتوانم باسی عەلی بکەم". بڕوانە (حاشية الحافظ عبد الله الغماری على تأييد الحقيقة العلية وتشيد الطريقة الشاذلية (ل١٤).

[81] محمدی کوڕی عەلی کوڕی وەهبی کوڕی موطیعی کوڕی ئەبی طاعەی قوشەیری شافیعیە (د٦٢٥هـ_و٧٠٢هـ)، ئەو زاتە مەزنە بەناوبانگە بە (ئەبو فەتح ئیبن و دەقیقی عید). شەیخولئیسلام و زاناو خواناس و زاهیدو شەرعناس و حافیزو موجتەهیدو موفتی گەورەی ئەم ئوممەتەیە. ئەم زاتە دەریایەك بووە لە زانست، سەرەتا لای باوکی خوێندوویەتی، دواتر لای شەیخولئیسلام عزی کوڕی عبد السلام فیقهی شافیعی خوێند، بۆیە هەر دوو مەزهەبی تەحقیق کرد، وە زانستەکانی عەقڵی نەقڵی لە خۆیدا بەرجەستە کردبوو، نوێکەرەوەی دین و زانای تاك و بێ وێنەی سەردەمی خۆی بووە، وە یەکێك لەو شەیخانەی کەوا فەرموودەی ئیبن و دەقیقی عید فەرموودەی لە لا گوێبیستبووەو بووەتە قوتابی ئەو ئەوە شێخ ئەبو حەسەن محمد ئەنجەبی کوڕی ئەبو عبد الله کوڕی عبد الرحمن صۆفی بەغدادی نەعالە، کە یەکێك بووە لە کەسە دیارو ناودارەکانی ناو صۆفیەکان (د٥٧٥هـ_و٦٥٩). وە لە شاری قاهیرە وەفاتی کردووە، لە دوای خۆشی چەندین کتێبی بەجێ هێشتووە لەوانە (كتاب الإلمام و شرحه بەڵام شەرحەکەی تەواو نەکردووە، وشرح مختصر إبن الحاجب في الفقه المالكي، وشرح مختصر التبريزي في الفقه الشافعي، وشرح الأربعين النووية....هتد). بڕوانە (معجم المؤلفين)(ب٧_ل٢٢٤)، وە (الطبقات الشافعية)(ب٩_ل٢٠٧) طبة دار إحياء كتب العربية. (الطالع السعيد الجامع أسماء نجباء الصعيد للشيخ كمال الدين جعفر بن ثعلب الأدفوي الشافعي)(ل٥٦٧_ژ٤٦٣)

[82] شهاب الدین ئەبو عەباس ئەحمەدی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی خەزرەجی ئەنساری مورسیە، لە ئەندەلوس لە شاری مورسیە لە دایکبووە (د٦١٦هـ_و٦٨٦هـ). تەریقەتی لەسەر دەستی شێخ ئەبو لحەسەنی شازلی وەرگرتووە قدس سره ، وە لە دوای شەیخی خۆشی ڕابەرایەتی ئەهلی تەصەوفی کردووە. شێخ ئەبو عەباس

بوو، جا شێخ عز الدین پێی فەرموو: "لەو بەشەیا قسە بکە"، ئەویش وەریگرت و دەستی بەقسان کرد، ئیتر شێخ عز الدینیش بۆ دواوە ئەکشایەوەو ئەیگوت: "گوێ لەم قسانە ڕابگرن، ئەوە قسەی پەیمانە بە خوای خۆی". وە هەروەها ئیمامی سبوکی ئەفەرمووێت: "شێخ عز الدین دەستێکی بالأی هەبووە لە تەصەوف و کتێب دانانی، وە قازیش بووە لەو بووارەدا"[83]، وە هەروەها ئیمامی سیوطی ئەفەرمووێت: "لە مەجلیسی شێخ ئەبو حەسەنی شازلی ئامادە ئەبوو"[84].

خۆشەویستەکەم ئەمە حاڵی کەڵە زانایەکە کە لەبەر دەستی خواناسێك دائەنیشێت بۆ ئەوەی بە دڵ و ڕۆحەوە بەرەو لای خوای گەورەی ببات. بەڵام داخی گرانم نە شەیخەکانی ئەم سەردەمە وەکوو ئەوانن تا خەڵك بچێتە لایان و لە دینی خوا تێیان بگەیێنێ، وە نەئەوانەش کە بە دوایان کەوتوون زاناو دانان، هەر دوولا(شەیخ و مورید) نەزانن بەواتای وشە مەگەر کەسێك خوای گەورە میهرەبانی لەگەڵ کردبێت.

شەیخی (ئیبن و عطاء الله سەکەندەریەیە ﷺ کە خاوەنی کتێبی (الحكم ابن عطاء الله السكندرية). وە نەژادی شێخیش ئەگەڕێتەوە بۆ هاوەڵی بەڕێز (عوبادەی کوڕی صامت رضي الله عنه). ئیمامی سیوگی ئەم وتەیە لە ئیبن و عگاو الله سەکەندەریەوە بۆمان نەقڵ ئەکات کەوا شێخ ئەبو عەباس ئەیفەرموو: "سوێند بەخوا ئەگەر بێت و بە ئەندازەی چاو تروکانێك پێغەمبەری خوام لێ پەردەپۆش بکرێت (واتە: نەیبینم) ئەوە خۆم لە موسڵمانان هەژمار نەکردووە (واتە: خۆم بە موسڵمان دانانێم) بڕوانە: (لطائف المنن)(ل٩٢). (حسن المحاضرة في تاريخ مصر والقاهرة)(ب١_ل٥٢٣).

[83] طبقات الشافعية (ب٥_ل٨٣).

[84] (حسن المحاضرة في تاريخ مصر والقاهرة)(ب١_ل٥٢٠).

# شەیخولئیسلام ئیبن و دەقیقی عید ﷸ صۆفی بووە.

وە هەروەها ئیمامی سبوکی ئەفەرمووێت: "لە شەیخەکانەوە پێمان نەگەیشتووە کەوا ناکۆکی هەبێت لەوەی کەوا (ئیبن و دەقیقی عید) ئەو زانا نێردراوەیە کەوا لە سەرەتای سەدەی حەوتسەدی کۆچی کە فەرموودەی پێغەمبەرمان ﷺ ئاماژەی پێ کردووە[٨٥]، وە لە ڕووی زانست و دینەوە مامۆستای زەمانی خۆی بووە"[٨٦]، جا شێخ عبد السلام یاسین ئەفەرمووێت: "ئەم ئیمامە بەرزە وێنەی نەبوو لەسەردەمی خۆیا ڕێگای تەریقەتی تەصەوفی گرتەبەر لەسەر دەستی شێخی پیاوچاك (كمال الدين كوڕی عبد الظاهری هاشمی)[٨٧]، جا

[٨٥] صەحیحە. ئاماژەیە بەو فەرموودە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (خوای گەورە لە سەرەتای هەر سەد ساڵێکا کەسانێك ئەنێرێ بۆ ئەم ئوممەتە تاوەکوو دینەکەیانی بۆ نوێ بکاتەوە) ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٤٢٩١). وە حاکم لە (مستدرك)(ب٤_ل٦٤٩_ژ٨٦٥٧). وە بەیهەقی لە (معرفة سنن والآثار)(ل٥٢). وە خەتیبی بەغدادی لە (تاريخ)(ب٢_ل٦٢) ڕیوایەتیان کردووە. حاکم و زەهەبی لەسەر ئەم فەرموودەیە بێ دەنگن. وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٢_ل٣٨٢_ژ١٨٧٤).

[٨٦] (الطبقات الشافعية)(ب٩_ل٢٠٩) الطبعة دار إحياء كتب العربية.

[٨٧] عەلی کوڕی ئەحمەد یاخود محمد کوڕی جەعفەری کوڕی عەلی محمدی کوڕی عبد الظاهرە، نەژادی بەڕێزیان ئەچێتەوە سەر ئیمامی جەعفەری کوڕی ئەبو تالیبی طەییار (د٦٣٨هـ_و٧٠١هـ)، لە گوندی قوص لە پارێزگای ئەسیوطی وڵاتی میسرِ لە دایك بووە، صلاح الدينی صەفەدی ئەفەرمووێت: "یەکێك لەو شەیخانەی خۆی کەوا گوێی لێ ڕاگرتوون بۆ وانەی فەرموودە شێخ مجد الدين ئەبو حەسەن عەلی کوڕی وەهبی قوشەیریە (کە ئەکاتە باوکی ئەبو فەتح ئیبن و دەقیقی عید)، وە فیقهیشی هەر لای ئەو خوێندووە جا ئیجازەی وانە گوتنەوەی پێداوە لە مەزهەبی شافیعی، وە هەروەها هاوەڵایەتی شێخ عەلی کوردی کردووە، دواتر خەڵکی گوندی قوصیش هاتنە لای، ئەوەبوو شێخ تقي الدين ئەبو فەتح محمدی قوشەیری کە ئەکاتە ئیبن و دەقیقی عید و شێخ جلال الدينی دەشناوی و شێخ کەمال الدينی کوڕی عبد الظاهر و عبد الخالقی فەقیهی نەصری قوصی لە دەوری کۆبوونەوەو بەردەوام بوون لە زیکرکردن لەگەڵی لە مزگەوتی جەلال یاخود خیلال لە قوص"، وە هەروەها ئیمامی شەعرانیش پێناسەیەکی کەمی کردووە تەنیا ئەفەرمووێت: (لەوکاتەی کە لە قوص بوو هاوەڵایەتی شێخ ئەبو حەجاج ئەقسەری کردووە، جا هەر لەسەرەتاوە خۆی یەکلایی کردەوەو خۆی داماڵی لە دونیا، دواتر گەڕایەوە بۆ جلك و بەرگ و کشتوکاڵ و غەیری ئەمانەش، ئینجا هاوەڵایەتی شێخ

**ئەم شێخە مەزنە کەراماتی گەلێك زۆر بووە"[88]، وە ئیمامی سیوطی و ئەدفەوی ئەفەرموون: "کۆمەڵێك لە زاناکان هاوەڵایەتی ئەبو حەسەنی صەبباغی قوصیان[89] کردووە، جا یەکێك لەوانە مجد الدین عەلی کوڕی وەهبی قوشەیریە، کە ئەکاتە باوکی ئیبن و دەقیقی عید"[90].**

**خۆشەویستەکەم ئەم کارەت پێ سەیر نەبێ کە ئەم زانا بەڕێزانە ئەچنە لای خواناسەکان، ئەوەتە ئیمامی (ئیبن و لقەیم) ئەفەرمووێت: "کەسی خواناسی خاوەن نووری کەشف شارەزاییەکەی فراوانترە بە نهێنیەکان و بە دڵ، وە بێگومان بە**

---

ئیبراهیمی کوڕی میعضادی جەعبەری کرد، کە لە بابی نەصر لە قاهیرە نێژراوە، ئینجا دوای ئەوە لە ئیخمیم نیشتەجێ بوو، وە هەر لەسەر ئەو حاڵەتە پیرۆزەش بە مەزنێتی و نەرم و نیانی و نیعمەتی خوای گەورەی بەسەرەوە دیاربوو، وە بێ ئیحتیاجیش بوو بەخەڵك وەفاتی کرد ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت. بڕوانە: (طبقات الكبرى للشعراني)(ب١_ل٢٨٣_ژ٢٧٩)، وە (أعيان العصر وأعوان النصر لصلاح الدين خليل بن أيبك الصفدي)(ب٣_ل٢٥٦) طبعة دار الفكر. وە (الطالع السعيد الجامع أسماء نجباء الصعيد للشيخ كمال الدين جعفر بن ثعلب الأدفوي الشافعي)(ل٣٩٢_ژ٣٠٦) طبعة الدار المصرية. (الطبقات الشافعية)(ب١٠_ل١٣٠) الطبعة دار إحياء كتب العربية.

[88] (الاحسان)(ب١_ل٥٨).

[89] عەلی کوڕی حومەیدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی یوسفە، بە ئەبو حەسەن صەبباغی قوصی بەناوبانگە، (و٦١٣ھ)، قوطب و شەیخی زەمانی خۆی بووە، خاوەن کەرامات بووە، شەیخی باوکی ئیبن و دەقیقی عید بووە، بڕوانە: (الطالع السعيد الجامع أسماء نجباء الصعيد)(ل٣٨٣_ژ٢٩٩). (حسن المحاضرة في تاريخ مصر والقاهرة للحافظ جلال الدين السيوطي)(ب١_ل٥١٦) طبعة دار إحياء الكتب العربية.

[90] (حسن المحاضرة في تاريخ مصر والقاهرة)(ب١_ل٥١٦). ئەدفەوی بەو جۆرە پێناسەی ئەبو فەتح ئیبن و دەقیقی عیدی کردووە، شێخ و ئیمام و عەللامەی زانا دیارەکان، وە گێڕەڕەوەی هونەرەکانی سەردەمی نەزانی و زانستە ئیسلامیەکان، خاوەن زانستی شەرعی و بەخششە عەقڵیەکان و هونەرە ئەدەبیەکان و مەعریفەتە صۆفیەکان"، بڕوانە: (الطالع السعيد الجامع أسماء نجباء الصعيد)(ل٥٦٨_ژ٤٦٣). وە شێخ یوسف نەبهانیش بەم جۆرە پێناسەی کردووە: "حافیزو زاهیدو موجتەهید شەیخولئیسلام ئیمامی زاناکان و صۆفیەکان، ئینجا دوای ئەو وتانە باسی کەراماتەکانیشی ئەکات"، بڕوانە: (جامع الكرامات الأولياء)(ب١_ل٢٢٧) طبعة مركز أهل سنت بركات رضا. منیش ئەڵێم: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا دەستێکی باڵای هەبووە لە تەصەوف، بەتایبەتی چونکە قوتابی عزی کوڕی عبد السلام و باوکی خۆی بووە، کە هەردووکیانیش ئەهلی تەریقەت بوونەو لە صۆفیەکانن بە پێی گشت بەڵگەکان.

**ڕەهایی گەورەترە لە خاوەن زانست، وە دانەپاڵیشی دانەپاڵە بە خاوەنی زانست بۆ لای نەزان[٩١]، هەروەکوو چۆن کەسی زانا زانستەکەی فراوانترە بە نهێنیەکان لە چاو کەسی نەزان، وە بۆ ئەویشە بە ڕەهایی بە گوێرەی زانستەکەی[٩٢]، هەر بۆیەش کەسی خواناس نوورەکەی زۆرترە بە ڕەهایی، وە شارەزاییەکەشی فراوانترە بە نهێنیەکان بەوەی لەگەڵیەتی لە ڕۆحی زانست و ڕووناکی کەشف[٩٣] لە چاو کەسی خاوەن زانست"[٩٤].**

**ئیمام عبد القاهری بەغدادی[٩٥] ﷺ ئەفەرمووێت: "خوای گەورە خۆش بەختت بکات بزانە کەوا ئەهلی سوننەو جەماعەت لە نێو خەڵکیدا هەشت پۆلن، جا لە پۆلی شەشەمدا ئەفەرمووێ: "لەوانە صۆفیە زاهیدەکانە"[٩٦].**

---

[٩١] واتە هەر وەك چۆن زانایەك بەراورد بکە لەگەڵ نەزانێك، ئەواش زاناکە بەراوردبکە لەگەڵ خواناسێك. واتە: زاناکە لە چاو خواناسەکە نەزانە.

[٩٢] واتە: زانینی نهێنیەکان و پلە بەرزی هەر بۆ زاناکەیە بەڕەهایی.

[٩٣] واتە: زانستی ناو دڵ و کەرامەت و بینینی شتە شاراوەکانی غەیب لەوەی کە خوا حەز بکات بۆیان دەربخات. ئەمە دانپێدانانێکی ڕوونی ئەو زانایەیە بۆ حەقیقەتی زانستی کەشف و کەرامەت.

[٩٤] مدارج السالكين (ب٢_ل٤٢٠).

[٩٥] ئەبو مەنصور عبد القاهری کوڕی طاهری کوڕی محمدی کوڕی عبد الله بەغدادی تەمیمی ئیسفەرایینیە. ساڵی لە دایکبوونی دیار نیە بەلاَم لە عێراق لە دایك بووە، یەکێکە لە زانا گەورە ئوصولیەکان، هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ باوکیا شاری بەغدای جێهێشتووەو چۆتە شاری نەیسابوور، وە لەوێدا هاوەلاَیەتی زانای گەورە ئەبو ئیسحاقی ئیسفەرایینی کردووەو لێیەوە فێری زاست بووە. وە ئیمامی قوشەیریش یەکێکە لە قوتابیەکانی ئەو زاتە مەزنە. لە ساڵی (٤٢٥ھ) وەفاتی کردووە، وە لە دوای خۆشی کۆمەڵێك کتێبی بەجێ هێشتووە لەوانە (الفرق بين الفرق، الإيمان وأصوله، الملل والنحل...) بڕوانە (مقدمة كتاب الفرق بين الفرق بتحقيق محمد عثمان الخُشْت)(ل٧).

[٩٦] (الفرق بين الفِرق)(ل٢٧٢_٢٧٣) الفصل الأول من فصول هذا الباب في بيان أصناف أهل السنة والجماعة.

وه هەروەها حافیزی ئەبو نوعەیم ﷺ ئەفەرمووێ: "ئەو کەسەی کەوا ڕێگای صۆفیەکانی گرتووەتەبەر ئەوە لە ناخۆشیەکان ڕزگاری بووە، وە سەلامەتیشە لە شتە لە ناوبەرەکان"[٩٧].

## ئیبن و قودامەی مەقدیسی و حافیزی عبد الغنی مەقدیسی و ئیبن و مولەققەن خیرقەی تەصەوفیان لەبەرکردووە لە تەریقەتی قادری رضي الله عنهم.

شێخ موفق الدین عبد الله کوڕی قودامەی مەقدیسی[٩٨] کە خاوەنی کیتابی بەناوبانگ (موغنیە) لە فیقهی ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل. جا ئیبن و ڕەجەبی حەنبەلی لە کتێبی (الذیل علی طبقات الحنابلة) ئەفەرمووێ: "لە چەندین ڕێگاوە لە شێخ ئەبو عەباس ئیبن و تەیمیەوە پێم گەیشتووە کەوا فەرموویەتی: "دوای ئیمامی

---

[٩٧] حلیة الأولیاء (ب١_ل١٨).

[٩٨] عبد الله کوڕی ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی قودامەی کوڕی میقدامی کوڕی نەصری کوڕی عبد الله مەقدیسی پاشان دیمەشقیە، لە فەلەستین لە ساڵی (٥٤١ھ) دایکبووە، وە لە ساڵی (٦٢٠ھ) وەفاتی کردووە. یەکێکە لە شەرعناسەکان، وە ئیمامێکی زاهید بووە، شەیخولئیسلامە، وە یەکێکە لە کەسە دیارو بەناوبانگەکان، وە موریدو قوتابی شێخ عبد القادری گەیلانی بووە. وە یەکێکە لە زاناکانی مەزهەبی حەنبەلی، وە هەروەها یەکێکە لەو کەسانەی کە فەتحی قودسیان کردووە لەگەڵ سوڵتان نور الدین و سوڵتان صلاح الدین. وە چەندین کتێبی هەیە لەوانە ("مغنی في الفقه" کە گەورەترین کتێبێتی لەسەر مەزهەبی حەنبەلی، العمدة فی الفقه...هتد)، وە ئەو زاتە مەزنە یەکێك بووە لەوانەی کە کەرامەتی لێوە بینراوە بۆ نموونە حافیزی ئیبن و ڕەجەبی حەنبەلی ئەفەرمووێ:" نوسینێکم خوێندووە بە دەست نووسی حافیزی زەهەبی کە نوسرابوو: گوێم لە هاوەڵی خۆمان ئەبو طاهری دەربی بوو، ئەویش گوێی لە شێخ ئیبڕاهیمی کوڕی ئەحمەد کوڕی حاتەم بوو کەوا لەگەڵی چوومە لای گۆڕی شێخ مۆفەق واتە: (ئیبن و قودامە) جا فەرمووی: گوێم لە شێخمان شەرعناس محمد یونینی بوو کەوا فەرمووی: "شێخ مۆفەقم بینی لەسەر ئاو ئەڕۆیشت". بڕوانە (الذیل في طبقات الحنابلة)(ب١_ل١٣٣_١٤٢).

ئەوزاعی کەسێکی شەڕعزانتر لە شێخ ئیبن و قودامە مەقدیسی نەچۆتە شام"[99]. وە هەروەها ئیبن و ڕەجەبی حەنبەلی ئەفەرموویت: "گویم لە ئەبو عەمری کوڕی صەلاحی موفتی بوو (واتە ئیبن و صەلاحی شەهرەزووری) کە ئەیفەرموو: "وەکوو شێخ مۆفەقم نەبینیوە"[100]. وە هەم دیسانەوە نەقڵی کردووە لە حافیزی ئیبن و لحاجب کە لە بارەی ئیبن و قودامەوە فەرموویەتی: "ئیمامی پێشەواکانە، وە موفتی ئوممەتە"[101]. وە هەروەها ئیبن و کەثیریش لەبارەیەوە ئەفەرمووێ: " ئەحواڵ و شت بینینی هەبوو"[102]، واتە: ئەحواڵی زوهدو خواپەرستی و ئەوشتانەی کە وەکوو کەرامەت بۆی دەرئەخرا لەلایەن خوای گەورەوە.

وە هەروەها ئیمامی عولەیمی حەنبەلی ﷺ ئەفەرموویت: "موفق الدين ئيبن و قودامەی مەقدیسی فەرمووی: "من و حافیز عبد الغنی خیرقەی تەصەوفمان لەبەر کرد بە دەستی شەیخولئیسلام شێخ عبد القادر گەیلانی، وە بە فیقهەوە سەرقاڵ بووین و گوێبیستی ئەو بووین، وە بەهۆی هاوەڵایەتی کردنی ئەوەوە سووودمان پێ گەیشت، وە جگە لە پەنجاو پێنج ڕۆژان نەمان توانی پێی بگەین لەو کاتەی کە لە ژیانا بوو". وە ئەم حافیز عبد الغنیەی کە باسی کردووە بۆ وەرگرتنی تەریقەی قادری، ئەوە حافیز عبد الغنی عبد الواحیدی مەقدیسیە کە خاوەنی کتێبی (الکمال)ـە[103].

---

[99] (الذيل في طبقات الحنابلة)(ب١_ل١٣٦).

[100] هەمان سەرچاوە (ب١_ل١٣٧).

[101] هەمان سەرچاوە (ب١_ل١٣٨).

[102] البداية والنهاية (ب١٠_ل١٠٠).

[103] (المنهج الأحمد )( ب٢_ل١٩١) دار الكتب العلمية.

**خاوەنی کتێبی (طبقات الأولياء) کە ئیبن و مولەققەنە[١٠٤] ئەفەرمووێ: "لەکۆمەڵانێکی بەڕێزەوە بە ڕێگای جیاواز خیرقەم لەبەر کردووە، یەکێك لەوانە (وەلی خوا زەینو الدینی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی قاسمی حەنبەلی، لە شەیخی خۆی کە خاوەن کەڕاماتە تقی الدین ئەبو اسحاق ابراهیمی کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی فضل الله واسیطی، لە شێخ موفق الدین ئیبن و قودامەی حەنبەلی، لە وەلی خوا محي الدين ئەبو محمد عبد القادری کوڕی ئەبو صالّی جیلی (واتە گەیلانی)، لە شێخ ئەبو سەعیدی موبارەکی کوڕی عەلی مەخرەمی، لە شێخ ئەبو حەسەن عەلی کوڕی محمدی کوڕی یوسفی کوڕی عبد الله قورەیشی، لە ئەبو فضل عبد الواحیدی کوڕی عبد العزیزی تەمیمی، لە شێخ ئەبو بەکری شیبلی، لە شێخ جونەیدی بەغدادی، لە شێخ سەری سەقەطی، لە شێخ مەعرۆفی کەرخی،**

[١٠٤] ئەبو حەفص عومەری کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی عبد الله ئەنساری ئەندەلووسی تەکرەوڕی میسرِی شافیعیە (د٧٢٣ھ_و٨٠٤ھ). یەکێکە لە گەورەترین زاناکانی شەرعناسان و فەرموودەناسان و مێژووناسان. وەك ئیبن و حەجەر ئاماژەی پێ کردووە ئەفەرمووێ: ئەڵێن ژمارەی کتێبەکانی گەیشتووەتە سێ سەد کتێب". وە دووبارە ئیبن و حەجەر لە بارەیەوە ئەفەرمووێ: "حافیزی عێراقی و ئیمامی بولەیقینی و ئیبن و مولەققەن کەسانێکی سەرسام کەری ئەم سەردەمەن، یەکەمیان بەهۆی زانینی هونەرەکانی فەرموودەوە، دوەمیان بەهۆی ناسینی فراوانی لە مەزهەبی شافیعی، سێیەمیشیان بەهۆی زۆری کتێبەکانیەوە". حافیزی بورهان الدین ئەفەرمووێ: "حافیزەکانی میصر چوار کەسە واتە: (ئەوانەی ئەهلی فەرموودەن و فەرموودەیان لەبەرەو لێکۆڵینەوە لەفەرموودە ئەکەن)، ئەوانەش شێخەکانی ئێمە ئیمامی بولەیقینی کە بۆ ئەحکامەکان لە هەموویان حافیزتر بوو، وە حافیزی عێراقی کە زاناترینیانە لە چۆنیەتی فەرموودەو پەیدابوونی، وە هەیسەمی لە هەموویان حافیزتر بووە بۆ لەبەر کردنی فەرموودەکان، وەئیبن و مولەققەن زۆرترین سوودی هەبوو لە چاو ئەوان بۆ نوسینی فەرموودەکان، واتە: (سوودی حیکمەتی فەرموودەکان)".. بڕوانە (إنباء الغمر بأبناء العمر وفيات سنة ٨٠٤هـ)(ب٣_ ل٢١٦) هی حافیزی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی. وە (لحظ الألحاظ بذيل طبقات الحفاظ)(ل١٩٧) هی حافیزی تقی الدین محمدی کوڕی فەهدی مەککی.

له شێخ ئەبو داودی طائی، له حەبیبی عەجمی، له شێخ حەسەنی بەصری، له ئیمامی عەلی، له پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وآله وسلم "[105].

## شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیه قدس سره دەروێشی تەرِیقەی قادریەو خیرِقەی تەصەوفی لەبەرکردووە.

زانای گەورەی مەزهەبی حەنبەلی (حافیز جمال الدین یوسفی کورِی بدر الدین حەسەنی کورِی عبد الهادی حەنبەلی رحمه الله)[106] له کتێبی (بدء العلقة بلبس الخرقة) دا ئەفەرمووێ: "بێگومان لەبەر کردنی خیرقه له گەورەکانەوە سوونەتە بۆ لایان، بەمەستی بەرەکەت وەرگرتن و تێروانینێکی گشتی بۆ ناوەوەی ئەو رِێگایە. جا کۆمەلێك له زانا گەورەکان کتێبیان له بارەیەوە داناوە، ئەوەتا حافیزی ئەبو موسای مەدینی کتێبێکی داناوەو ناوی لێناوە: (استدعاء اللباس من كبار الناس)، جا ئێمە رِیوایەتمان لێیەوە کردووە بە سەنەدێکی گەیەنراوو بێ پچرِان. وە ئیبن و ناصر الدین[107] کتێبێکی داناوە بە ناوی: (إطفاء حرقة الحوبة بإلباس خرقة التوبة)،

---

[105] طبقات الأولياء لإبن ملقن)(ل٤٩٤).

[106] جمال الدین یوسفی کورِی حەسەنی کورِی ئەحمەدی کورِی عبد الهادی صالحی حەنبەلیە، کە بە ئیبن و موبەرِرید بەناو بانگە. (د٨٤٠هـ_ و٩٠٩هـ). ئیمامی ئیبن و عماد الدینی حەنبەلی دەربارەی ئەو زانا بەرِێزە ئەفەرمووێ: "فەرموودەی له زۆرێك له زاناكان وەرگرت لەوانە هاوەڵەكانی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی و کورِی عێرِاقی غەیری ئەمانەش. جا ئیمامێکی عەللامە بووە، وە زانستی فیقهو فەرموودە زۆر زاڵ ببو بەسەریا، واتە (زۆر شارەزابوو لەو دوو بوارە)، وە بەژداریشی هەبوە له زانستەکانی نەحو تەصریف و تەصەوف و تەفسیر کردنا. وە قوتابیەکەی خۆی شمس الدین ئیبن و طۆلۆن کتێبێکی تایبەتی لەسەر ژیاننامەی داناوە. وە زۆرکتێبیشی هەیە زۆری بەش بەشە، وە هەروەها وانەشی ئەگوتەوەو فەتواشی ئەدا. برِوانە (شذرات الذهب في أخبار من ذهب)(ب١٠_ل٦٢) هی حافیزی عماد الدینی حەنبەلی.

[107] حافیزی دیمەشق شمس الدین ئەبو عبد الله محمدی کورِی ئەبو بەکر عبد الله کورِی محمد کورِی ئەحمەدی دیمەشقی شافعیە، وەگوتراوە حەنبەلیە.(د٧٧٧هـ_و٨٤٢هـ). حافیزی سەخاوی لەبارەیەوە ئەفەرمووێ: "لای ئیبن و حەجەر خوێندوویەتی، وە ئیبن حەجەریش لای ئەو خوێندوویەتی. تا وای لێ هات بووە کەسێکی زانا له فەرموودە، وە کتێبی دانا، تەخریجی فەرموودەی کرد، وە سەنەدە بەرزو نزمەکانی فەرموودەشی ئەزانی، تا وای لێ هات بووە حافیزی شام بەبێ رِکابەری، وە حافیزی عێرِاقی و ئیمامی سیراجی بولەیقینی و غەیری

**جا باسی ئەوەی کردووە زۆرێك لە خەڵکی خیرقەی تەصەوفیان لەبەر کردووە بۆ مەبەستێکی چاك. یەکێ لەوانە: بۆ دوورکەوتنەوە لە گوناهو تاوانەکان، وە یەکێکی تر لەوانە: بۆ سارێژ کردنی دڵەکان، وە یەکێکی تر لەوانە: بۆ شوێنکەوتن و سلوکە واتە: (تەڕیقەت وەرگرتن لەو کەسە جا بەپێی سلوکی ئەو ڕێگایە ڕێگا ئەگرێتەبەر)، وە یەکێکیتر لەوانە: بۆ گەورەیی و ڕێزدارییە وەکوو ئەوەی پاشاکان دائەبەزن لە پۆستەکانیان، وە یەکێکی تر لەوانە بۆ بەرەکەت وەرگرتنە لە دەستی پیاوچاکان و دونیا نەویستەکانە، وە یەکێکی تر لەوانە بۆ پێداگری کردنە بە گەیشتن بە یەکەم کەسی سەنەدەکە کە کێ لەویەوە وەریگرتووە.**

**جا هەر ئەو ئیمامە بەڕێزە (واتە: ئیبن و ناصر الدین) ئەفەرمووێ: یەکێك لەو ڕێگایانەی کەوا بۆ ئێمە گواستراێتەوەو بە ئێمە گەیشتووە سوپاس بۆ خوا. هەر وەك یەکێك لە زانا گەورەکان کەماوە و یەکێکە لە شەیخەکانی ئیسلام کە تقی الدین ئەبو عەبباس ئەحمەدی کوڕی ئیبن و تەیمیەیە (ڕەزای خوای لێ بێت) ئەو ئاماژەی پێ کردووەو ئەفەرمووێ: "خیرقەی تەصەوفم لە زۆرێك لە کۆمەڵەو تاقمی شەیخەکان لەبەر کردووە جا یەکێك لەوانە کە شێخ عبد القادر جیلیە واتە (شێخ عبد القادری گەیلانی)، کە یەکێکە لە گەورەترین ڕێگا بەناوبانگەکان". وە**

---

ئەمانەش لە قاهیرە ئیجازەیان پێداوە". ئیبن و عماد الدینی حەنبەلی ئەوەمان بۆ پشت ڕاست ئەکاتەوە کەوا کتێبی (إطفاء حرقة الحوبة بإلباس خرقة التوبة) یەکێکە لە دانراوەکانی ئیمامی ئیبن الناصر الدین، جا ئەم ئیمامە چەندین کتێبی هەیە لەوانە: (کشف القناع عن حال من افترى الصحبة والإتباع، افتتاح القاري لصحيح البخاري، إتحاف السالك برواية الموطا عن مالك، إطفاء حرقة الحوبة بإلباس خرقة التوبة.... هتد). بڕوانە: (شذرات الذهب في أخبار من ذهب)(ب٩_ل٣٥٤) هی حافیزی عماد الدینی حەنبەلی، طبعة دار ابن کثیر. منیش ئەڵێم: "تۆ وەرە سەیری ئەم زانا گەورەیە بکە چۆن دوو کتێبی مەزنی داناوە لەسەر خیرقە وەرگرتن و تەریقەت وەرگرتن بە بەڵگەی ئەم دوو کتێبەی یەکەمیان (إطفاء حرقة الحوبة بإلباس خرقة التوبة) واتە: (کوژاندنەوەی ئاگری تاوان بە لەبەرکردنی خیرقەی تەوبەکردن)، زانراوە لای ئەهلی تەڕیقەتەکان کە مورید تەوبە ئەکات لەسەر دەستی ئەو شەیخە مەزنە. وە دووەمیشیان (کشف القناع عن حال من افترى الصحبة والإتباع) واتە: (هەڵدانەوەی دەمامك لەسەر حاڵی ئەو کەسەی کەوا بوختان بە هاوەڵایەتی کردن و شوێن کەوتن ئەکات)، واتە: هاوەڵایەتی کردنی شەیخ و پیاوچاکان و شوێنکەوتنیان بە تەڕیقەت وەرگرتن.

جارێکی تریش ئەفەرمووێ: "گەورەترینی ڕێگاکان ڕێگای گەورەم شێخ عبد القادر جیلیە (ڕەحمەتی خوای لێ بێ)"[١٠٨].

## ئیمامی زەهەبی رحمه الله دەرویش بووە لە تەریقەی قادری.

ئیمامی زەهەبی[١٠٩] ئەفەرموویت: "شێخی زاهیدو فەرموودەناسمان ضیاء الدین عیسای کوڕی یەحیای ئەنساری لە قاهیرە خیرقەی لەبەر کردم، ئەویش

---

[١٠٨] بڕوانە: (بدء العلقة بلبس الخرقة)(ل٤٧_٤٨) هی ئیمامی جمال الدین یوسفی کوڕی عبدا لهادی حەنبلی. وەك ئەمانەتێکی مێژوویی ئەم دەقە ئەخەمە سەر خامە: ئەو شەوەی کەوا خەریکی لێکۆڵینەوەو گەڕان و نوسین بووم لەبارەی تەریقەت و خیرقە وەرگرتنی شێخ ئیبن و تەیمیە جا زۆر ماندووم بووم، چونکە زیاتر لە سێ کاتژێر خەریکی بووم، ئیتر دوای ئەوەی کەوا تەواو بووم خەوم لێ کەوت، لە خەوما لە شوێنێکی کەمێك بەرز بووم، جا خۆم هەڵدایە سەرگۆڕی شێخ عبد القادری گەیلانی هەر دوو قاچم کەوتە سەر گۆڕەکەی، ئینجا لەسەر گۆڕەکە لاکەوتم و سەیری ئاسمانم کرد گشتی ئەستێرەی جوان و گەشاوە بوون، منیش ئەم نزایەم کرد (خوایە لە پیسیەکانم خۆش ببە لەبەر خاتری شێخ عبد القادری گەیلانی، ئینجا دوای ئەوە لە دوورەوە دەنگی تەقەیەکم بیست و خەبەرم بوویەوە، خەوەکە ڕوون و ئاشکرایەو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا خوای گەورەش ڕاستی ئەو لێکۆڵینەوەی منی سەبارەت بە شێخ ئیبن و تەیمیە پێ نیشاندام، گۆڕەکە خودی شێخ عبد القادرو ڕێگەکەی تی، وە خۆ هەڵدانەکەم و هەردوو قاچەکەم و کەوتنە سەر گۆڕەکەی نیشانەی ڕاستی ئەو دوو زانستەیە لە زاهیرو باتن کە ئیبن و تەیمیە دەستی پێوە گرتووە کە ڕێگەکەی ئەچێتەوە سەر شێخ عبد القادر گەیلانی، وە ئەستێرەکانیش ئەوە زاناکانن، جا ئیبن و تەیمیەش یەکێکە لەو ئەستێرە گەشاوانە، وە دوعاکەش نیشانەی کەم و کوڕی نەفسی بەدخوازی منە تاوەکوو وا نەزانم کەمن شتێکی زۆر گرینگم بەڵکوو خوای گەورە لەبەر حورمەتی شێخ عبد القادر گەیلانی حاڵەتی دەروونی بەدخوازمان بەرزئەکاتەوە بۆ بەرەو پاك بوونەوەو لێ خۆش بوون، دونگی تەقەکەش ڕوون و ئاشکرایە کەوا ئەوەی بەتۆمان نیشاندا هەواڵێکی ڕاست و دروست بوو، بۆیە پەندی لێ وەربگرە. دانەر

[١٠٩] محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عوسمانی کوڕی قایمازی کوڕی عبد الله تورکمانی یە. لە بنەڕەتدا تورکە، لە دیمەشق لە دایکبووە (د٦٧٣هـ_و٧٤٨هـ) وە هەر لەوێشدا وەفاتی کردووە. زانایەکی شافیعی مەزهەبە. وە قوتابی شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیەیە. کەسێکی مێژووناس و فەرموودەناسە. وە زۆر کتێبیشی هەیە لەوانە: (سیر الأعلام النبلاء، وتاریخ الإسلام،.... وە هتد). بڕوانە (معجم المؤلفین)(ب٨_ل٢٨٩).

فەرمووی: "شێخ شهاب الدینی سوهرەوەردی لە مەککە لەبەری کردم، ئەویش لە مامیەوە لەبەری کردووە"[110].

## ئیمامی نەوەوی[111] رحمه الله صۆفی بووە.

ئیمامی تاج الدینی سبوکی لە شەیخو لئیسلام تقی الدینی سبوکی[112] باوکیەوە لە کتێبی (الطبقات الشافعیة)دا نەقڵی کردووە کەوا ئەفەرمووێ: "شەیخی ئیمامی نەوەوی لە تەریقەت شێخ یاسینی کوڕی یوسفی زەرکەشی بووە"[113].

---

[110] سیر الأعلام النبلاء (ب٢٢_ل٣٧٧).

[111] یەحیای کوڕی شەرەفی کوڕی موڕڕی کوڕی حەسەنی کوڕی حوسێنی کوڕی حیزامی کوڕی محمدی کوڕی جومعەی نەوەویە، ناسناوەکەی محی الدین نەوەویە، (د٦٣١ھ_و٦٧٦ھ) لە نەوا لە دایك بووەو هەر لەێش وەفاتی کردووە، شەیخولئیسلام و مامۆستای پاشینەکان عەللامەو صۆفی و قوطبی زەمانی خۆی بووە، دەریایەك بووە لە زانست، وە ئەوەندە زاهیدو دونیا نەویست بووە لەشەوو ڕۆژێکدا تەنیا یەك ژەمی خواردووە، ئەو خواردنەش باوکی بۆی ڕەوانە ئەکرد چونکە خۆی لە دیمەشق بوو لە قوتابخانەی ڕەواحیەو دارو لحەدیسی ئەشرەفیەو غەیری ئەوانەش وانەی ئەگوتەوە، کەسێکی خاکی و بەهەیبەت و خاوەن کەشف و کەرامەت بووە، تەنیا چل و پێنج ساڵان ژیا، بەڵام توانی بەو تەمەنە کورتە گەورەترین خزمەت بە ئیسلام بگەیێنێ، وە زۆر کتێبیشی لە دوای خۆی جێ هێشتووە لەوانە: (شرح صحیح المسلم، ومنهاج الطالبین في الفقه الشافعي، مجموع شرح المهذب بەڵام ئەوەی کامڵ نەکرد، ئەگوترێ: ئەگەر بێت و تەواوی بکردایە لە ئیسلامدا کتێبێك نەبوو وێنەی ئەو بێ لە فیقهی موقارِن، أربعین النواویة، بستان العارفین، ریاض الصالحین، التبیان في آداب حملة القرآن، التقریب النواوي في مصطلح الحدیث.... هتد) بڕوانە: (الطبقات الشافعیة)(ب٨_ل٣٩٥_ژ١٢٨٨).

[112] عەلی کوڕی عبد الکافی کوڕی عەلی ئەنساری خەزرەجیە کە بە (تقی الدین السبکی) بەناوبانگە. (د٦٨٣ھ_و٧٥٦ھ). لە موجتەهیدە گەورەکانی مەزهەبی شافیعیە، زۆر کتێبیشی هەیە لەوانە: (فتاوی السبکی، (فتاوی السبکی، والإبتهاج فی شرح المنهاج للنووي). وە لە هەموو زانستەکان دەستێکی باڵای هەبووە. بڕوانە (معجم المؤلفین)(ب٧_ل١٢٧).

تێبینی: ئیمامی تاج الدینی سبوکی لە ئیمامی زەهەبیەوە نەقڵی کردووە لەبارەی ئیمامی تقی الدینی سبوکی کەوا لە کتێبی (المعجم المختص)دا بەو شێوەیەوە باسی کردووە: "ئیمام و قازی و عەللامەو فەرموودەناس و حافیزو شانازی زاناکان (تقی الدینی ئەبو حەسەن) بەڕاستی کەسێکی جێگیرو چاك و بەدین

## ئیمامی تقي الدینی سبوکی رحمه الله صۆفی بووه له تەڕیقەی شازلی.

ئیمامی تاج الدینی سبوکی کە ئەکاتە کوڕی ئیمامی تقی الدینی سبوکی ئەفەرمووێ: "شێخ ئبن و عطاء الله سەکەندەری[114] مامۆستاو شەیخی باوکم بووە لە تەصەوف"[115].

---

و خۆبەکەم زان بوو، وە ڕێگایەکی چاك و دیاریشی هەبوو، وە لە ڕووی زانستیشەوە شەرعناس بوو، وە بڕیاریشی لەسەر ئەدا، وە فەرموودەناس بوو لێکیشی جیائەکردەوە، وە ئوصولّی بوو بڕیاریشی لەسەر ئەدا، وە هەروەها شارەزا بوو لە عەرەبی و لەبەریشی ئەکرد (....)، وە چەندین کتێبی کارامەی دانا، وە لە زەمانی خۆیدا ئەگەر تێبینیەك هەبوایە ئەگەڕێندرایەوە بۆ لای ئەمەش لەبەر لێکۆڵینەوەو گەورەیی ئەو". وە لێکۆڵەری زەمانی خۆی بووە، پەیوەست بوو بە پیاو چاکان و ژیان لەگەڵیان (مەبەستی ئەهلی تەصەوفە)، وە زۆر پەرستش و زیکری ئەکرد، وە پاڕانەوەشی وەرگیراو بوو، وە هەروەها کەراماتی ئاشکرا بوو، وە زۆر صۆفیەکانی بە گەورە دائەناو خۆشیانی ئەویست و ئەیفەرموو: "ڕێگای صۆفی ئەگەر صەحیح بێت واتە: (دوور لە بیدعەو زەندەقە، وە پەیوەست بوون بە قورئان و فەرموودەوە) ئەوە ڕێگای هیدایەت و ڕاستە ڕێیە وەکوو ئەوەی سەلەفی صالّح لەسەری بوونە". جا تاج الدینی سبوکی کە ئەکاتە کوڕی ئیمامی تقی الدینی سبوکی ئەفەرمووێ: "ئیمامی زەهەبی پێمی گوت: "هیچ کەسێك بەسەر ئەم مینبەرە نەکەوتووە لە دوای (عزی کوڕی عبد السلام) گەورەتر لە ئیمامی تقی الدینی سبوکی". وە دووبارە ئیمامی تاج الدینی سبوکی ئەفەرمووێ: "لە چەند ڕێگای ڕاست لە (شێخ تقی الدین ئبن و تەیمیەوە) نەقلّ کراوە کەوا هیچ کەسێکی ئەوەندە بەگەورە نە ئەگرت بە ئەندازەی ئەوەی کەوا ئیمامی تقی الدینی سبوکی بە گەورە ئەگرت، وە زۆر ستایشی کتێبەکانی ئەکرد لەسەر ڕەتدانەوەکانی". بۆ هەموو وتە بەنرخەکانی سەرەوە کە نووسیم بڕوانە (الطبقات الشافعیة الکبری)(ب١٠_ل١٤٧/١٦٩/١٩٤).

[113] الطبقات الشافعیة الکبری (ب٨_ل٣٩٦).

[114] شێخ تاج الدین ئەبو لفەضل ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی عبد الکریمی کوڕی عطاء الله. خەڵکی ئیسکەندەرییەی میصرە (د٦٥٨هـ_و٧٠٩هـ). یەکێکە لە شەیخ ز زانا بەرزەکانی ئەهلی تەصەوف، ئیمامێکی عاریف بووە، وە خاوەن کەراماتە، شافیعی مەزهەبە هەندێکیش ئەڵێن مالیکیە. هاوەڵایەتی و موریدی شێخ ئەبو عەباس مورسی بووە، شێخ ئەبو عەباسیش موریدی شێخ ئەبو لحەسەنی شازلی بووە. لە قاهیرەش وەفاتی کردووەو گۆڕەکەشی شوێنی سەردانیکردنی خەڵکە. بڕوانە الطبقات الشافعیة الکبری (ب٩_ل٢٣).

[115] الطبقات الشافعیة الکبری (ب٩_ل٢٣).

## حافیزی سیلەفی رحمه الله صۆفی بووە.

ئیمامی زەهەبی لە (سير الأعلام النبلاء) دەربارەی حافیزی سیلەفی[116] ئەفەرمووێ: "تەصەوفی لە موعەممەری کوڕی ئەحمەدی لونبانی وەرگرت"[117]. وە خاوەنی کتێبی (طبقات الأولياء) دەربارەی ئەو فەرموویەتی: "جلی خیرقە لەبەر کردنەکەم لە ئەصبەهان بوو بە ئامادەبوونی باوکم"[118].

## شێخ زەکەریای ئەنساری رحمه الله صۆفی بووە.

ئیمامی شەعرانی[119] لە قازی شەیخو لئیسلام شێخ زەکەریای ئەنساریەوە[120] نەقڵی کردووە قدس سرهما کەوا ئەفەرمووێ: "خیرقەو زیکرم لە گەورەی

---

[116] ئەبوطاهر ئەحمدی کوڕی محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محمدی ابراهیمی ئەصبەهانی جەروانیە، (د٤٧٨هـ_و٥٧٦هـ). چەندین کتێبی هەیە لە وانە (الأربعين البلدانية، المعجم السفر...هتد). یەکێکە لە هەرە فەرموودەناسە گەورەکانی ئەم ئومەتە. ئیمامی زەهەبی بەو جۆرە پێناسەی کردووە (ئیمام و عەللامەو فەرموودەناس و موفتی شەیخو لئیسلامە). بڕوانە: (سير أعلام النبلاء)(ب٢١_ل٢٢).

[117] سير أعلام النبلاء (ب٢١_ل٢٢).

[118] (طبقات الأولياء لإبن ملقن)(ب١_ل٥٠٣).

[119] عبد الوهابی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عەلی حەنەفی شافیعی میصریە، نەژادی بەرێزیان ئەگەرێتەوە بۆ محمدی کوڕی حەنەفی، ئەو ئافرەتە خێزانی ئیمامی عەلی بوو ناوی حەنەفی بووە، وە ناسناوی ئەو زانا بەرێزە شەعرانیە ، ساڵی لە دایبکوون و وەفاتی (٨٩٨هـ_٩٧٣هـ). یەکێکە لە زانا گەورەکانی ئیسلام و ئەهلی تەصەوف. نزیکەی بیست و شەش دانراوی هەیە لەوانە: (لطائف المنن، لواقح الأنوار القدسية، ميزان الكبرى....). وە لە تەصەوفیشدا تەریقەتی شازلیەو قوتابی شێخ عەلی خەواص و شێخ عەلی مەرصەفی و شێخ محمد شەنناوی بووە. بڕوانە (الأعلام للزركلي)(ب٤_ل١٨٠). وە (معجم المؤلفين)(ب٦_ل٢١٨).

[120] زەکەریای کوڕی محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی زەکەریای ئەنساری سەنیکی میسری شافعیە. (د٨٢٣هـ_و٩٢٦هـ). شەیخو لئیسلامەو قازی و موفەسسرو حافیزو فەرموودەناس بووە. نزیکەی حەفتا دانراوی هەیە لەوانە: (فتح الرحمن في التفسير، وتحفة الباري على صحيح البخاري....هتد). وە یەکێکە لە مامۆستاکانی ئیمامی شەعرانی و خەتیبی شەربینی و ئیمامی ڕەمەڵیّ و زۆرانی تریش. ئیمامی شەعرانی

خۆم شێخ محمدی غومەری وەرگرت"[121]. وە هەرووەها ئیمامی شەعرانی لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: "هەواڵی پێدام کەوا لە میصر گەشتی کرد بۆ لای گەورەم محمدی غومەری لە گەڕەکی گەورە، جا هەر لەوێدا تەلّقینی زیکری لێ وەرگرت، (واتە تەریقەتی لێ وەرگرت)، وە چل ڕۆژان لای مایەوە، جا لەوماوەیەدا (قەواعیدی صۆفیەکانی) بە تەواوەتی لا خوێند"[122].

## ئەبو حەییانی ئەندەلووسی[123] رحمه الله صۆفی بووە.

وە هەرەوەها ئیمامی ئیبن و مولـەقەن ئەفەرمووێ: "گوێم لە ئەبو حەییانی ئەندەلوسی خاوەنی تەفسیری بەناوبانگ (البحر المحيط) بو کەوا خیرقەی تەصەوفی لە شەیخی خۆی قطب الدینی قەسطەلانی و کمال الدین ئیبن و نەقیی موفەسسیر

لەبارەیەوە ئەفەرمووێ: "یەکێکە لە ڕوکنەکانی ئەو دوو ڕێگایە فیقهو تەصەوف". بڕوانە: (الطبقات الكبرى للشعراني)(ب٢_ل٢٢٢). وە (الأعلام للزركلي)(ب٣_ل٤٦).

[121] (الطبقات الكبرى للشعراني)(ب٢_ل٢٢٥). ئیمامی شەعرانی ئەفەرمووێ: شێخ زەکەریای ئەنساری هەواڵی پێدام و فەرمووی: "ڕۆژێکیان لە ناکاو چوومە ئەو شوێنەی کە شێخ محمدی غومەری خەلْوەی تیا ئەکرد قدس سره ، جا شتێکم لێیەوە بینی ئەویش ئەوەبوو شێخ محمد غومەری حەوت چاوی هەبوو، کە جەنابی شێخ منی بینی وا حەپەساوم فەرمووی: "پیاو ئەگەر کامڵ بوو حەوت چاوی ئەبێت بە پێی ژمارەی هەرێمەکانی دونیا". وە دووبارە شێخ زەکەریا ئەفەرمووێ: " وە جارێکی تر ئەوم لە خەلْوەدا بینی لە هەوادا دانیشتبوو نزیك سەقفی ژوورەکە". بڕوانە: (الطبقات الصغرى للشعراني )(ل٢٢).

[122] (الطبقات الصغرى للشعراني )(ل٢٢).

[123] أثیر الدین محمدی کوڕی یوسفی کوڕی عەلی کوڕی حەییانی نیفزی ئەندەلوسیە، ناسناوەکەی ئەبو حەییانە، لەبنەڕەتدا خەڵکی جەییانیە بەڵام لە غڕناتە لەدایکبووەو پێگەیشتووە (د٦٥٤هـ_و٧٤٥هـ)، یەکێکە لە زانا هەرە بەرزەکانی ئیسلام، زانایەکی نەحوی و موفەسیرو ئەدیب و شاعیربووە، وە سیبەوەیهی و موبەڕڕیدی زەمانی خۆی بووە، وە یەکێکە لە صۆفیە بەرزەکان، مامۆستای تقی الدینی سبوکی و تاج الدینی سبوکی و صەفەدی و ئەدفەوی بووە، وە لە قاهیرەش وەفاتی کردووە، وە لە گۆڕستانی صۆفیەکانیش نێژراوە، لە دوای خۆشی چەندین دانراوی بەجێ هێشتووە لەوانە: (تفسیر بحر المحيط، شرح التسهيل، تجريد أحكام سيبويه، الوهاج في إختصار منهاج النووي، غاية الإحسان....هتد) بڕوانة: (طبقات الشافعية)(ب٩_ل٢٧٦_ژ١٣٣٦).

وەرگرتووەو لەبەری کردووە، ئەمانەش هەردووکیان لە شێخ شهاب الدینی سوهرەوەردیان وەرگرتووە کە خاوەنی کتێبی (عوارف المعارف)ـە، ئەمیش لە مامی خۆیەوە"[124].

## حافیزی یونینی[125] رحمه الله صۆفی و ئەهلی تەریقەت بووە.

ئیبن کەسیر لە (البداية والنهاية) دەربارەی حافیزی یونینی ئەفەرمووێ: "خیرقەی لەبەرکرد لە شەیخی شەیخی خۆی کە عبد الله بەطانەحیە، وە لە زانستی فەرموودەدا پێگەیشت، وە کۆمەڵێکیشی لەبەرکرد لەو فەرموودانەی نێوان هەردوو صەحیحەین هەر لە فائەوە تا ئەگات بە واو". وە هەم لەبارەیەوە ئەفەرمووێ: "شەیخە شەرعناسەکان وەکوو ئیبن و صەلاح و ئیبن و عبد السلام و ئیبن وحاجب و حوصەری و شەمس الدین و ئیبن و جەوزی و غەیری ئەمانەش ئەم زاتەیان بەگەورە ئەزانی و ئەگەڕانەوە بۆ وتەکانی ئەمەش لەبەر زانست و کردارو دینداری و ئەمینیەکەی"[126].

---

[124] طبقات ابن الملقن (ب١_ل٥٠٦).

[125] محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عبد الله کوڕی عیسای حەنبەلی بەعلەبەکیە. لە نەژادی ئیمامی جەعفەری صادقە (د٥٧٢هـ_و٦٥٨هـ). ئیبن و کەثیر لە بارەیەوە ئەفەرمووێ: "ئەبو عبد الله یونینی شەرعناسێکی مەزهەبی حەنبەلیە، وە حافیزێکی بەسوود و بەتوانا بووە، لای ئیبن قودامەی مەقدیسی فیقهی خوێندووە، وە هاوەڵایەتی شێخ عبد الله یونینی کردووەو سوودی لێ وەرگرتووە، جا شێخ عبد الله یونینی مەدحی ئەکردو بەپێشی ئەخست، وە لەفەتواکانیشیدا شوێنی ئەکەوت، وە زۆر ئەحواڵ و شت بینین و کەڕاماتی هەبووە ڕەحمەتی خوای لێ بێ") بڕوانە (البداية والنهاية)(ب١٣_ل٢٢٨_٢٢٩)، باب _ دخلت سنة ثمان وخمسين وستمائة.

[126] (البداية والنهاية)(ب١٣_ل٢٢٧) باب _ دخلت سنة ثمان وخمسين وستمائة.

## مامۆستا بدیع الزمان شێخ سەعیدی نوڕسی کوردی[١٢٧] ﷷ ئەهلی تەڕیقەت بووە.

مامۆستا نوڕسی ئەفەرمووێ: "لەوکاتەی کە تەمەنم نۆ ساڵان ئەبوو کەس و کارو نزیکەکانم خۆیان دابووە پاڵ تەرِیقەتی نەقشەبەندی، وە داوای یارمەتیان لە شەیخێکی بەناوبانگ ئەکرد کە (غەوسی خیزانی)[١٢٨] بوو، بەڵام من پێچەوانەی ئەوان بووم و ئەم گوت: "ئەی شێخی گەیلانی سوورەتی فاتیحەت بۆ ئەخوێنم[١٢٩] بۆ نموونە گوێزێك یاخود شتێکی ترم بزر کردووە بۆم بدۆزەرەوە. جا کارێکی زۆر سەرسامکەر بوو سوێند بەخوا هەزار جار بەو شێوەیە یارمەتی منی داوە. هەر

---

[١٢٧] سەعیدی کوڕی صۆفی میرزایە، کە بەناوبانگە بە بدیع الزمان، لە بنەماڵەیەکی کوردی ڕەسەن سەر بە کوردستانی داگیرکراوی وڵاتی تورکیایە. ساڵی لە دایکبوون و وەفاتی (١٨٧٧ز _ ١٩٦٠ز). یەکێکە لە زاناو فەیلەسوف و ڕاڤەوانی قورئانی پیرۆز، لەسەر دەمێك خوای گەورە ناردی کە دەمێك بوو خەلافەتی عوسمانی لەناوچووبوو، وە درووشمەکانی ئیسلامی زۆریان بەرەوگۆڕان و نەمان چوو بوون، ئەوەبوو توانی لە ڕێی نووسینی پەیامەکانی نوورەوە ئیمانی ملیۆنان خەڵك ڕزگار بکات، هەزاران جار ڕەحمەت لە گۆڕە بزربووەکەت بێ مامۆستاکەم، فیدای خاکی بەرپێی ڕێگەکەشت بم. خۆشەویستان کاتی خۆی من یەکێك بووم لە قوتابیەکانی نوور، وە بە ڕادەیەك مامۆستا نوڕسیم خۆش ئەویست ناتوانم وەصفی بکەم، بەڵام قەدەری خوا وا ڕێکەوت بۆ من کەوا بەبێ هەبوونی مورشیدێك ناتوانم ڕێگای خوا بگرمە بەر، ئەوەبوو چوومە لای قوتبی زەمان، خۆری جیهان، حەزرەتی شێخ عەباس فازڵ حەسەنی سامەڕائی نەقشەبەندیﷷ . لای ئەو زاتە مەزنە تەڕیقەتی نەقشەبەندیم وەرگرت، دوای ئەوەی کە تەڕیقەتم وەرگرت مامۆستا نوڕسیم لە خەوا بینی ئەوەبوو مامۆستا لاشەی زەعیف ببو، وە هەروەها پیربوو، وە پرچیشی درێژببوو، ئەوەبوو لەسەرەتا لەگەڵ دوو پیاو قسەی ئەکرد دوای تەواوبوون، بەرەو ڕووی من هات و دەستی ڕاستەی خستە سەر دڵمەوەو فەرمووی: ڕەحمەتێکی باقی هەمیشەییت بۆ هات، بەڵام ئەوەندە هەبوو دواکەوت، دواتر دەستی بەرداو سەیرێکی ئاسمانی کرد بەسەرسامیەوە گوتی: الله، دواتر ڕۆیشت و منیش دەستم کردە گریان). ئەمەم وەك ئەمانەتێك گێڕایەوە، چونکە هەندێك لە قوتابیانی پەیامەکانی نوور بەهۆی تێنەگەیشتنیان لە هەندێ وشەو دەستەواژەی مامۆستا نوڕسی قسە بە تەصەوف و دەست گرتن بە شێخانەوە ئەڵێن. دانەر

[١٢٨] ئەوە شێخ صبغة الله ئەڕواسیە کە خەلیفەی سەید طە نەهریە ئەویش خەلیفەی مەولانا خالیدی نەقشەبەندی شارەزووریە.

[١٢٩] واتە: سوورەتی فاتیحە ئەخوێنم و پاداشتەکەی ئەکەمە هەدیە بۆ ڕۆحی تۆ ئەی شێخی گەیلانیﷷ .

بۆیەش هیچ زیکرو وریدێکم نەخوێندووەتەوە مەگەر پاداشتەکەیم پێشکەش بە حەزرەتی ڕەسوول کردووە ﷺ، پاشان پێشکەشی حەزرەتی گەیلانیم کردووە. وە لەگەڵ هەندێش من تەریقەتم نەقشەبەندیە بەسێ لایەوە[١٣٠]، وە خۆشەویستی تەریقەتی قادری و سەرچاوەکەی لە مندا هاتووچۆ ئەکات و زاڵ بووە بەسەرمدا بەبێ ویستی خۆم. بەڵام ئەوەندەش هەیە لەبەر خۆ خەریك كردن بە زانست ڕێگرە لەوەی کەوا خۆم بە تەریقەتی صۆفیەوە سەرقاڵ بکەم"[١٣١].

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا پرسیار لە مامۆستا نورسی کرا لەبەر چی ناوی نوورت لەو پەیامانە ناوە؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: "لەبەر ئەوەی دێکەمان ناوی: نورسە. وە دایکیشم ناوی: نوورییەیە. وە مامۆستاکەشم لە تەریقەتی نەقشەبەندی سەید نوور محمدە. وە مامۆستاشم لە تەریقەتی قادری نور الدینە......هتد)"[١٣٢].

---

[١٣٠] هەروەك دایك و باوك و مامۆستاکەی تەریقەتیان نەقشەبەندیە.

[١٣١] (السيرة الذاتية لأستاذ بديع الزمان)(ل٦٣).

[١٣٢] بڕوانە (رسائل النور، الملاحق)(ل٦٦)، هی مامۆستا بدیع الزمان شێخ سەعیدی نورسی.

## شەهید عومەر موختار رحمه الله[١٣٣] صۆفی بووە لە تەرِیقەی سەنووسی.

محمد محمود اسماعیل لە بارەی شەهید عومەر موختارەوە ئەفەرمووێت: "باوکی عومەر موختار لە سەفەری حەجدا وەفاتی کرد، جا پێش وەفاتەکەی وەصیەتی کرد بە هاوەڵێکی خۆی[١٣٤] کەوا هەردوو کورِەکەی محمد و أحمد لە (بزنزور) نیشتەجێنە ئەوە با لە زاویەکەی ئەویّ بخوێنن (واتە: تەکیەو خاناقای ئەو شوێنە). ئینجا دوای خوێندنی لەو زاویەیە بۆ تەواوکردنی زانستەکان چووە زاویەی (جەغبووب) جا هەشت ساڵان تیایدا مایەوە، بۆیە زۆر سیفاتی بەرزی لیّ دەرکەوت و لەوەوە شەیخی سەنووسیەکان و سەرکردەکانی ئەو تەرِیقەتە زۆر خۆشیان ئەویست، هەر بۆیەش سەید محمد مەهدی سەنووسی کاتیّ چووە (کوفرە) لە ساڵی ١٨٩٥ز کردیە هاوەڵی خۆی، چونکە شێخ محمد سەنووسی زۆر متمانەی پیّ ئەکرد، ئەوەبوو لەساڵی ١٨٩٧ز عومەر موختاری وەك شێخی زاویەی (قصور) لە (جبل الأخضر) دیاریکرد"[١٣٥].

---

[١٣٣] عومەری کورِی موختاری کورِی عومەرە لە هۆزی مەنفیە کە یەکێکە لەگەورەترین هۆزە دەشتەکیەکانی بەرِقەتی لیبیا (د١٨٦٢ز _ و١٩٣١ز) یەکێکە لە زاناکان و شۆرِشگێرِە قارەمانەکانی ئەم ئیسلامە، کە توانی بەرگرییەکی چاك لە خاکی لیبیادا بکات بەرامبەر داگیرکارییەکەی ئیتاڵیا کە ئەیویست سەرانسەر ولاّتی لیبیای دەوڵەتی ئیسلامی داگیر بکات، ئەوەبوو لە کۆتاییدا گیراو بەدەستی دەسەلاّتدارە کافرەکانی ئیتاڵیا لە سێدارە درا. برِوانە (عمر المختار لمحمد علی الصلابي)(ل٧)، وە (عمر المختار بقلم الطاهر أحمد الزاوي)(ل٥٥)، وە (عمر المختار شهيد الإسلام وأسد الصحراء)(ل٧).

[١٣٤] محمد علی صەللابی ئەفەرمووێت: "ئەو هاوەڵەی ناوی ئەحمەد غەریانی بووە کە ئەکاتە برای شەیخی زاویەی جەنزوور. برِوانە (عمر المختار لمحمد علی الصلابی)(ل٧).

[١٣٥] (عمر المختار شهيد الإسلام وأسد الصحراء)(ل٧).

وە هەر سەبارەت بە گەورەمان عومەر موختارەوەﷺ، محمد عەلی صەلڵابی لە کیتابی محمد طیب ئەشههەبەوە بۆمان نەقڵ ئەکات کەوا فەرموویەتی: "عومەر موختار بە ئیمام محمد مەهدی سەنووسی فەرموو: "گەورەم زۆرێك لە برایان لە زیرکرو پاڕانەوەکان ئەوڕادو زیکرگەلێکی دیاری کراو ئەخوێنن تۆ ئیجازەت داونەتیٚ کەوا بیخوێننەوە، وە منیش دوای نوێژەکان تەنیا زیکرە ئاسانەکان نەبێت هیچ شتێکی تر ناخوێنم، بۆیە داوات لیٚ ئەکەم ئیجازەم پیٚ بدەی لەوەی کە تۆ پێت باشە. جا ئەویش وەلأمی دامەوەو فەرمووی: "ئەی عومەر زیکری تۆ قورئانە"، بۆیە منیش دەستم ماچ کردو ئەم خەڵاتە مەزنەم وەرگرت کە قورئانێکی پیرۆز بوو پاشان دەرچووم، بەهۆی چاکەی خوای گەورەوە لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵم بوو ئەم پاراست چ لەسەفەر بوومایە یاخود چ لە شوێنی خۆم"[١٣٦].

## ئیمامی شەوکانی ﷺ صۆفی بووە لە تەریقەتی نەقشەبەندی.

ئیمامی شەوکانی[١٣٧] لە کتێبی (البدر الطالع) کە یەکێکە لە دانراوەکانی خۆی، جا لەو کتێبەدا باسی سەید عبد الوهاب حەسەنی نەقشەبەندی موسلّی[١٣٨]

[١٣٦] (عمر المختار لمحمد علی الصلابي)(ل٩).

[١٣٧] محمدی کوڕی عەلی کوڕی محمدی شەوکانیە (د١١٧٣هـ _ و١٢٥٥هـ). لە شاری یەمەن لە دایکبووە. یەکەمجار شیعە بووە دواتر خوای گەورە ڕێبازی ئەهلی سوننەو جەماعەی پیٚ نیشانداوە، وە ئاستی پلەی زانستیشی گەیشتە پلەیەك کەوا مەزهەبێکی سەربەخۆ دابنیٚ و خۆی سەر مەزهەبە. بەلأم ئەوەی جێی ئەسەفە هەندێك لە زانایانی مەزهەبەکانی تر حەزی پێناکەن بەهۆی هەندێك لە فەتواکانی، وە کەسانێکیش هەن بۆ لێدانی مەزهەبەکانی تر قسەی ئەم زانایە بەکارئەهێنن. وە نزیکەی سەدو چوارده دانراوی هەیە بەلأم بەناوبانگترینیان: (نیل الأوطار، فتح القدیر، بدر الطالع، إرشاد الفحول)ـە. بڕوانە: (إرشاد الفحول)(ب١_ل٩).

[١٣٨] سەید عبد الوهابی کوڕی محمد شاکری کوڕی عبد الوهابی کوڕی حوسەینی کوڕی عەباسی کوڕی جەعفەرە (د١١٨٤هـ)، ساڵی وەفاتیم پیٚ نەدۆزاریەوە. چۆتە شام و میسرو شاری حەرەمەین، وە زۆربەی

ئەكات و لەبارەیەوە ئەفەرمووێت: "ئەو شەیخە كاتێ هاتە شاری صەنعای یەمەن لە ساڵی (١٢٣٤هـ) زۆر پەیوەندی ئەكرد لەگەڵم، وە كەسێك بوو كۆكەرەوەی زانستە دینیەكان و كرداریەكان بوو، وە تێگەیشتنێكی چاكی هەبوو زمانیشی پاراو بوو، وە دەستەواژەو نیشانەكانی چاك بوو، ئەمەش دەستەواژەكەی ئیمامی شەوكانیە (وقد تلقیت منه الذكر على الطريقة النقشبندية) واتە: تەلقینی زیكری نەقشەبەندیم لەو وەرگرت و بوومە موریدی واتە: زیكری نەقشەبەندی فێركردم بەپێی ئادابی تەریقەتی نەقشەبەندی)"[139]. جا خۆشەویستان هەروەك زانراوە لای كەسانی خاوەن تەریقەت ئەو زیكرە كاتێك ئەدرێت بەكەسێك كە ئەبێتە موریدی ئەو شەیخە. بۆیە بە پێی ئەو دانپێدانەی ئیمامی شەوكانی ئەو صۆفیە لە تەریقەتی نەقشەبەندی، وە ئەم بەڵگەش وەك چەكوشێك وایە بۆ سەر ئەو كەسانەی كە ئەم رێگایانە بە ناشیرینی وەصفی ئەكەن بۆ خەڵك، بۆیە ئیتر لە خوا بترسن ئەگەر ئەم رێگایە گومرایی بێ ئیمامی شەوكانیش یەكێكە لە گومراكان، خوا پەنامان دات، بەلام دوورە كاڵ فەهمی ئێوەو رۆچونی تێگەیشتنی ئەو كەڵە زانایانە.

---

خەڵك ئەویان ناسیوە، وە هەتا چەند جارێكیش چۆتە خاكی رۆم، پەیوەندی بە زۆربەی خەڵكی ئەو ولاتانەو سەركردەكانی ئەو ولاتانە كردووە، جا ئیمامی شەوكانی ئەفەرمووێ: "خەڵكی ئەو ولاتانە هەواڵمان پێ ئەدەن دەربارەی ئەو بە چاكترین هەواڵ لەگەڵ راستگۆیی لە قسە، وە تێكۆشانیشی بۆ راستگۆیی). بروانە (البدر الطالع)(ب١_ل٤٠٦/٤٠٧/٤٠٨).

[139] بروانە (البدر الطالع)(ب١_ل٤٠٦/٤٠٧/٤٠٨).

## ڕابەری (إخوان المسلمین) ئیمامی حەسەن بەننا رحمه الله صۆفی بووە لە تەڕیقەتی شازلی.

ئیمامی حەسەن بەننا رحمه الله [١٤٠]، ئەفەرموویێت: "بەدڵ بۆ چوونەوە مامەوە بۆ (شێخ حەصافی[١٤١])، وە بەردەوام بووم لە چوونم بۆ مزگەوتی (تەوبە) هەمووشێك بۆ ئامادەبوون لەو شوێنە، وە پرسیارم لە (شیخ عبد الوهاب)[١٤٢] ئەكرد دەربارەی پێشەكی (إخوان المسلمین)، جا هەر لەو شوێنەدا (شێخ بەسیۆنی عبد التاجر[١٤٣])م ناسی كە پیاوێكی چاك و بەتەقوابوو، ئەوەبوو تكام لێ كرد كەوا (شێخ عبد الوهاب) مۆڵەتی پەیمان وەرگرتنم بداتێ (واتە: ئەو عەهدو پەیمانەی كە شێخ لە موریدی خۆی وەرئەگرێت و تەڕیقەتی پێ ئەدات) ئەویش وای كرد، وە بەڵێنی ئەوەشی پێدام كەوا بمباتە لای، جا تاوەكوو ئێستاكە بەیعەتی فەرمیم لە هیچ

---

[١٤٠] حەسەنی كوڕی ئەحمەدی كوڕی عبد الرحمن بەننای میسریە (د١٩٠٦ز_و١٩٤٩ز)، ڕابەرو دامەزرێنەری (إخوان المسلمین)ـە، وە یەكێكە لە زاناو ڕابەرە گەورەكانی ئوومەتی ئیسلام، ئەوەبوو بەهۆی تاكتیكێكی سیاسیەوە هەر زوو تیرۆر كرا، چونكە هەر كەسێك وەكوو ئەم زاتە بانگەواز بكات یان ئەگیرێت یانیش ئەكوژرێت، وە لە پاشە خۆشی ئەمانەی بەجێهێشتووە (مذكرات الدعوة والداعية، أصول الدين، المأثورات في الأذكار، وە زۆرێكی تریش). بڕوانە: (معجم المؤلفين)(ب٣_ل٢٠٠).

[١٤١] حەسەنەینی كوڕی حوسێنی كوڕی حەسەنەینی حەصَّافی شافیعی ئەزهەری شازلیە (د١٨٤٨ز_و١٩١٠ز). سەرۆكی تەڕیقەی حەصافیە كە ئەچێتەوە سەر ئەبو حەسەنی شازلی، زاتێكی صۆفی و موتەكەللیم بووە، وە یەكێكە لە زانا گەورەكانی سەردەمی خۆی، كتێبەكانیشی (البصائر والأبصار فيما يجب معرفته في التوحيد، شرح أحزاب الشاذلي). بڕوانە: (معجم المؤلفين)(ب٣_ل٣٠٤).

[١٤٢] زۆر هەوڵمدا ژیاننامەكەی بدۆزمەوە بەڵام دەستم نەكەوت، ئەم شێخ عبد الوهابە كوڕی گەورەی شێخ حەسەنەین حەصافیە، دوای باوكی ئەو لە شوێنیدا ئیرشادی خەڵكی كردووەو درێژەی بەتەڕیقەتەكە داوە، جا ئیمام حەسەن بەننا لەو شێخە تەڕیقەتی وەرگرتووە نەك باوكی.

[١٤٣] پێناسەی ئەو شێخە مەزنەم نەدۆزییەوە.

کەسێك وەرنەگرتبوو بەڵکوو کەسێکی (مُحِبْ) بووم لە زاراوەی ئەوان[144]، ئەوەبوو هەندێك لە برایان هەواڵیان پێدام کەوا شێخ عبد الوهاب لە (دەمەنهور) تەشریفیان لە وێیە، جا منیش زۆر دڵخۆش بووم بەو هەواڵەو چوومە لای باوکی شێخ بەسیۆنی[145] وە داوام لەو کرد کەوا بمباتە لای، ئەوەبوو منی گەیاندە خزمەت شێخی تەریقەتی حەصافی شێخ عبد الوهاب، وە دەربارەی ئەویش ئەفەرمووێت: "خوای گەورە پاداشتی شێخ عبد الوهاب لەسەر ئێمە بداتەوە بە چاکترین پاداشت بەڕاستی هاوەڵایەتی کردنی گەورەترین سوودی پێم گەیاند، وە سەبارەت بە دینەکەی و ڕێگاکەی غەیری چاکە هیچ شتێکی ترم لێ نەزانیوە". ئینجا ئەفەرمووێت: "(تلقيت الحصافية الشاذلية عنه، وأدبني بأدوارها ووظائفها)، واتە: تەریقەتی حەصافی شازلیم لەو وەرگرت و فێری ئادابەکانی کردم کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کارانەی کە لەناو تەریقەتدا هەیە بکەم و دەورو ڕۆڵەکانیان چین بۆ ئەوەی جێ بەجێیان بکەم"[146]. منیش ئەڵێم: "مامۆستا بەننا تۆ خۆت بەکەمزانی و چۆکت دانا بەرامبەر پیاوچاکێك هەر بۆیە خوای گەورەش تۆی لە دونیا بەرزکردەوە، إنشاء الله لەو دونیاش هەر بەرزی".

---

[144] لەناو تەریقەت ئەگەر کەسێك تەریقەتی وەرنەگرتبێ بەلاّم ڕێگاو سلوکی ئەوانی خۆش بووێت و هاموشۆیان بکات یان نا ئەوە پێی ئەگوترێ (مُحِبْ) خۆشەویست، بەلاّم کاتێ تەریقەت وەرئەگرێ پێی ئەگوترێ مورید، بەلاّم لای جەنابی شێخمان ئەوان وشەی (مُحِبْ وە أحْبَابْ) بۆ موریدەکانی بەکاردێنێ لەبری مورید.

[145] لە دەقە عەرەبیەکە ئیمام حەسەن بەننا بەو جۆرە هێناویەتی جاری یەکەم ئەڵێ: داوام لە شیخ بەسیۆنی عبد التاجر کرد، بەلاّم جاری دووەم داوام لە باوکی شێخ بەسیۆنی کرد، وا دیارە جاری یەکەم داوای لە کوڕەکەی کردووە کە بیباتە لای بەلاّم ڕێك نەکەوتووە، بەلاّم جاری دووەم داوای لە باوکی کردووە بۆیە ئەویش ئەوی بردووە بۆ ئەوەی شێخ عبد الوهاب حەصافی تەریقەتی بداتێ. والله أعلم.

[146] (مذكرات الدعوة والداعية)(ل١٤/١٣) هی ئیمامی شەهید حەسەن بەننا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

جا خۆشەویستان ئەوەی تاوەکوو ئێستاکە باسمان لێوە کرد کۆمەڵێك بەڵگە بوون لە قورئان و فەرموودەو ژیاننامەی هەندێك لە زانا گەورەکانی ئەم ئوممەتە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن و تێگەیشتن لە تەصەوف و صۆفیەتی، لەم بەشە هەر ئەوەندە ماوە بیڵێم هەروەکوو شێخ سەعید حەوا فەرموویەتی: "سەدا نەوەدی ئوممەتی ئیسلام لە ماوەی سەدەکانی ڕابووردوودا پەیوەندیان لەگەڵ تەصەوفەوە هەبووە"[١٤٧].

وە کۆتا شتیش بڵێم پرسیارەکەی شێخ عبد السلام یاسینە کە کردوویەتی و ئەفەرموویت: "بۆچی کەسێکی وەکوو غەزالی لە کۆتی ناوبانگ و سەرۆکایەتی زانستی دەرئەچێ و واز لە کەس و کاری خۆی ئەهێنێ بۆئەوەی بە دوای کەسێك بکەوێ؟ ئەی بۆچی سوڵتانی زاناکان عزی کوڕی عبد السلام دەکشێتەوە بەرامبەر شەیخەکان کەچی لەبەرامبەر خۆیدا پاشاکان ئەلەرزان، وە ئەمیرکان و گەورەکان لەبەردەستیدا هاتووچۆیان ئەکردو ئەهاتنە لای؟ ئەی سیوطی کێیە کە پشتیوانی لە تەریقەی شازلی کردووەو ئەبێتە قوتابیەك لەبەردەستی صۆفیەك؟[١٤٨] منیش ئەڵێم[١٤٩]: ئەی شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیە و ئیبن و قودامەی مەقدیسی و ئیمامی زەهەبی و ئیمامی سبوکی و ئیمامی نەوەوی و ئیبن و حەجەری هەیتەمی و ئیمامی قەسطەلانی و ئیمامی شەعرانی و ئیمامی شەوکانی و مامۆستا نورسی و عومەر موختارو حەسەن بەنناو هەزارانی تریش لە زاناکان بۆچی خیرقەی تەصەوفیان لەبەر کردووەو بوونەتە ئەهلی تەریقەت و تەریقەتیان وەرگرتووە لە ئەولیاکان؟

---

[١٤٧] تربيتنا الروحية (ل٨).

[١٤٨] کیتابی (الإحسان)(ب١_ل٧٤).

[١٤٩] دانەر

# تەزكیەی نهێنیەكانی جیهانی مرۆڤ

## نەفس و دڵ و ڕۆح و عەقڵ

### دڵ: دوو واتا لە خۆ ئەگرێت

١. واتای یەكەم: گۆشتێكە لە شێوەی داری سنەوبەر لە لای چەپی سینگ دانراوە، جا ئەمە گۆشتێكی تایبەتە وە ناوی بۆشەو جێگای خوێنی ڕەشە، ئەمە سەرچاوەی ڕۆح و مەعدەنێتی، جا ئێستاكە مەبەستمان نیە كەوا چۆنیەتی شێوازەكەو چۆنیەتیەكەی باس بكەین چونكە ئەمە پەیوەستە بە كاروباری دكتۆرەكان، هیچ پەیوەندیەكی بە مەبەستی دینەوە نیە، هەر ئەم دڵەش لە ناو هەموو گیاندارێك[١٥٠] بەڵكوو بۆ بێ گیانەكانیش[١٥١] هەیە، جا ئەگەر ئێمە باسی دڵمان كرد لەم كتێبە ئەوە مەبەستمان پێی ئەمە نیە لەبەر ئەوەی پارچە گۆشتێكە هیچ توانایەكی نیە، ئەوە لە جیهانی موڵك و دیاردایە چونكە گیانداران بەهۆی چاوەوە هەستی پێ ئەكەن جیا لە مرۆڤەكان[١٥٢].

---

[١٥٠] گیاندار مەبەست پێی بەس ئاژەڵان نیە بەڵكوو مرۆڤیش ئەگرێتەوە هەروەكوو لە زانستی (منطق)دا زاناكان فەرموویانە: "الإنسان حيوان ناطق". واتە: مرۆڤ گیاندارێكی قسەكەرو بێژەرە.

[١٥١] ئەمەش یەكێكە لە كەرامەتەكانی ئیمامی غەزالی چونكە ئەفەرمووێ: بێ گیانەكانیش دڵیان هەیە، ئەوەتە زانستی فیزیای سەردەم ئەوەی سەلماندووە كەوا ئەگەر ماددە لەت بكرێت ئەوە گەردو گەردیلەو ئەلیكترۆن و پرۆتۆن و ناوكی تیایە، وە لە ناو ناوكیشدا كوارکەكان هەن، جا بەدەوری ئەو ناوكەدا ئەلیكترۆن و پرۆتۆنەكان ئەخولێنەوە. جا سبحان الله ئەم شتەی چۆن زانیوە لە كاتێكدا ئەو لەسەدەی پێنجەمی كۆچیدا ژیاوە، مەگەر خوای گەورە فێری كردبێت.

[١٥٢] بەڵام مرۆڤەكان ئێستاكە لە ڕێی نەشتەرگەری و سۆنەرەوە ئەتوانن ئەو دڵە ببینن.

٢. واتای دووەم: لەطیفەیەکی[١٥٣] خوایی ڕۆحانیە کە پەیوەندیەکی لەگەڵ دڵی لاشەییدا هەیە، جا ئەم لەطیفەیە حەقیقەتی مرۆڤە، هەر ئەوەیە هەست بە جیهان و خودی خۆی ئەکات لە ناو مرۆڤەکان، وە هەر ئەم لەطیفەیە قسە لەگەڵ کراوەو ئازاردراوەو لێ پێچینەوەی لەگەڵ کراوەو داواکراوە، هەروەکوو گوتمان پەیوەندیەکی هەیە لەگەڵ دڵی لاشەیی، جا بەڕاستی عەقڵی زۆربەی خەڵکی سەرسام بووە لە هەست پێ کردنی چۆنیەتی پەیوەندی ئەو لەطیفەیە بە دڵی لاشەیی، لەبەر ئەوەی پەیوەندیەکەی وەکوو پەیوەندی وەسفەکان بە وەسفکراوەکان وایە، لاشەکان بە لاشەکراوەکان یاخود کەسی بەکارهێنەری ئامێر بە ئامێرەوە یاخود وەکوو پەیوەندی کەسێکی هەبوو بە شوێنەوە، جا ڕوونکردنەوەی ئەوانەمان کۆکردووەتەوە لە دوو واتا:

أ. پەیوەندی بە زانستی کەشفەوە هەیە[١٥٤].

ب. ئەمەش بە تەحیقیق کردنی داواکاری بلاْوکردنەوەی نهێنی ڕۆح، جا بۆ ئەمەیان پێغەمبەری خواش قسەی تیا نەکردووە، بۆیە بۆ هیچ کەسێکیش نیە قسەی تیا بکات[١٥٥].

---

[١٥٣] سەید شەریفی جورجانی بەو جۆرە پێناسەی لە طیفەی مرۆڤی کردووە: "نەفسێکی قسەکەرە، وە لای ئەوانە بە دڵ ناوبراوە، کە لەڕاستیدا ڕۆح دائەبەزێتە پلەیەکی نزیك لە نەفس، کە لە ڕوویەکەوە نەفس پەیوەندی بەڕۆحەوە هەیە، وە ڕۆحیش لە ڕوویەکەوە پەیوەندی بە نەفس هەیە، جا ڕووی یەکەم ناوبراوە: بە سینگ، وە ڕووی دووەمیش: بە دڵ. بڕوانە (التعربفات)(باب اللام _ اللطیفة الإنسانیة_ل١٩٠) هی سەید شەریفی جورجانی(د٤٠٧هـ_و٨١٦هـ).

[١٥٤] واتە: لە ڕێی زانستی دڵەوە کە ئەبێتە کەرامەتێك خوای گەورە بۆیان کەشف ئەکات، جا ئێمە بۆ بەدەست هێنانی ئەو زانستەی دڵ بە درێژی لە بەشی چۆنیەتی کرانەوەی دڵ باسمان لێوە کردووە.

[١٥٥] ئەم پێناسانە گشتی هی ئیمام غەزالی بوون بڕوانە: (إحیاء علوم الدین)(باب عجائب القلب_ل٨٧٨). مەبەستی ئیمام لەوە ئەوەیە: سیررو نهێنی ڕۆح چیە، وە هەرکاتێکیش کەسێك لە ڕێی زانستی دڵەوە

## ڕۆح دوو واتای هەیە:

١. لاشەیەکی لەطیفە، سەرچاوەکەی ناو دڵە لاشەییەکەیە، کە بەهۆی دەمارەکانەوە بلاو ئەبێتەوە بۆ گشت بەشەکانی لاشە. وە هاتوو چۆکردن و هەڵقولانی نووری ژیان و هەست کردن و بینین و بیستن و بۆن کردن لە ناو لاشەو ئەندامەکانی وەکوو لافاوێکی نوور وایە لە نێو ڕووناکیدا هەروەك چۆن کاتێ کە لە سوچێکی ژوورێك دائەنرێت جا هیچ بەشێکی ئەم ژوورە نامێنێ هەتاوەکوو ڕووناکی ئەکاتەوە. ئیتر ژیان وەکوو ئەو نوورە دەست کەوتووە وایە کە لە ژوورەکەدایە، ڕۆحیش وەکوو ڕووناکیەکە وایە، وە ڕۆیشتن و جولانەوەی ڕۆح لە ژوورەوە وەکوو جولانەوەی ڕووناکیەکەیە لە چواردەوری ژوورەکە بەهۆی جولانەوەی جولەرەکەی، جا ئەگەر دکتۆرەکان باسی وشەی ڕۆحیان کرد ئەوە مەبەستیان بەم واتایەیە: لەطیفەیەکی بوخارییە کە گەرمی دڵ وەبەری ئەهێنێ، جا ڕوونکردنەوەکەی کاری ئێمە نیە ئەوە پەیوەستە بە کاری دکتۆرەکانەوە ئەوانەی کە چارەسەری لاشەکان ئەکەن، بەلام مەبەستی دکتۆرەکانی دین چارەسەر کردنی دڵە هەتا ئەبێتە میوانی پەروەردگاری جیهانیان، بێگومان پەیوەندی بە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕۆحە نیە لەوەی کەباسی لێوەکرا.

٢. لەطیفەیەکی هەستکەرو زانایە لە خودی مرۆڤدا، هەروەکوو ڕوونمان کردەوە لە یەکێك لە واتاکانی دڵ، ئەوەیە کە خوای گەورە مەبەستیەتی بە وتەی

---

گەیشتە ئەو نهێنیە ئەوکاتە ئەبێ ئەدەب بکات هەروەك چۆن حەزرەت لە بارەی ڕۆحەوە بێ دەنگ بوو ئەبێ ئەو کەسەش وابێ. بەلام هەندێ لە زاناکانیش لەوانە ئیمامی ڕەببانی و تەفتازانی و مامۆستا نوڕسی و غەیری ئەمانەش باسی لەطیفەکانی ڕۆحیان کردووەو باسی ڕۆحیشیان کردووە، ئایا دروستکراوە یان یاننا بۆ ئەمانە لە بەشەکانی داهاتوودا باسمان لێوە کردووە، جا قسەکەی ئیمام غەزالی لەوبارەیەوە نیە ئەوەی کە ئەو زانایانە باسیان لێوە کردووە. والله أعلم

خۆی ﴿وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا﴾[١٥٦]، جا ئەمە فەرمانێکی سەرنجڕاکێش و خواییە، بۆیە ژیرییەکان و تێگەیشتنەکان بێ دەسەڵاتن لە هەستن کردن بە حەقیقەتی[١٥٧].

## نەفس: ئەمیش دوو واتا لە خۆ ئەگرێت.

١. واتایەکی گشتی لە خۆ ئەگرێت بۆ هێزی توورە بوون و حەزو ئارەزوو لە مرۆڤدا، جا ئەمەیان بە زۆری بەکاردێت لای ئەهلی تەصەوف، لەبەر ئەوەی مەبەستیان لەو نەفسەیە کە سەرچاوەی گشتی سیفاتی زەمکراوە لە مرۆڤدا، جا ئەفەرموون: "پێویستە تێکۆشان لە دژی نەفس بکرێت و شەوکەتی ئەو سیفەتە زەمکراوانە بشکێندرێت هەروەکوو خۆشەویستمان فەرموویەتی: (أَعْدَى عَدُوِّكَ نَفْسُكَ الَّتِي بَيْنَ جَنْبَيْكَ)"[١٥٨].

---

[١٥٦] سورة الإسراء آية ٨٥. واتە: (ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی ڕۆح تۆش پێیان بڵێ: "ڕۆح فەرمان و ئەمری خوای گەورەمە، چونکە ئێمە دەربارەی ڕۆح هێندە زانست و زانیاریمان بە ئێوە نەداوە تەنیا کەمێك نەبێ لەوەی کە لە قورئاندا باسی لێوە کراوە، یاخود ئێمە بەگشتی بۆ هەموو زانستەکان تەنیا کەمێکمان بەئێوە بەخشیوە لە دەریای زانستی خۆماندا").

[١٥٧] (إحياء علوم الدين)(باب_ عجائب القلب_ل٨٧٨).

[١٥٨] زەعیفەو شاهێدیشی هەیە. ئەم فەرموودەیە زەعیفە بەڵام شاهێدی تری لەسەر هەیە یەکەمیان: ئەم فەرموودەیە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ بەو هاوەڵەی فەرموو: (دوژمنەکەت ئەو کەسە نیە ئەگەر بێت و تۆ بکوژێت ئەوە ئەتخاتە نێو بەهەشتەوە، وە ئەگەر تۆش ئەو بکوژی بۆ تۆ ئەبێتە نوور، بەڵکوو نەفسەکەت دوژمنتە کە لە خۆتدایە) ئیمامی دەیلەمی ڕیوایەتی کردووە لە (مسند الفردوس)(ب٣_ل٤٠٨_ژ٥٢٤٨). وە فەرموودەی دووەمیش: بەو جۆرە هاتووە: (دوژمنەکەت ئەو کەسە نیە ئەگەر بێت و تۆ بکوژێت بەهۆیەوە خوای گەورە ئەتباتە نێو بەهەشتەوە، وە ئەگەر تۆش ئەو بکوژی ئەوە بۆ تۆیە، بەڵکو دوژمنترینی دوژمنان بۆ تۆ ئەوە نەفسەکەتە کە لە خۆتدایە) ئیمامی عەجلوونی تەخریجی کردووە لە (كشف الخفاء)(ب٢_ل٢٢٢)، وە ئەفەرموویێت: "ئیمامی عەسکەری لە سەعیدی کوڕی ئەبی هیلال بە مورسەلی ڕیوایەتی کردووە". هەروەها بۆ فەرموودەکەش (أطراف)ی تر هەیە یەکێك لەوانە (أعدى عدوك) بڕوانە (جامع الأحاديث

وه هەروەها لە فەرمایشتێکی تردا هاتووە: (أَفْضَلُ الجِهَادِ أَنْ تُجَاهِدَ نَفْسَكَ وَهَوَاكَ فِي ذاتِ اللهِ)[159]، واتە: گەورەترین جیهادو تێکۆشان ئەوەیە کەوا تۆ جیهاد لە دژی نەفس و هەواو ئارەزووەکانت بکەی لە پێناو خوای گەورە.

٢. ئەو لەطیفەیە کە باسمان لێوە کرد کەوا خودی مرۆڤە بەحەقیقەت وە نەفسی مرۆڤ و زاتێتی، بەلاَم وەصف ئەکرێت بە چەند پێناسەیەکی جیاواز بە گوێرەی ئەحوالّەکان واتە: (بارەکەی) جا ئەگەر بێت و جێگیر بوو کەوتە ژێر فەرمان و تێکچوونەکەی لابردو نەما کە بەهۆی سەرپێچیەکانی ئارەزووەکان تووشی ئەبێت ئەو کاتە ناونراوە بە (نفس المطمئن) واتە: (نەفسێکی ئارام و جێگیرو دلّ پڕ لە باوەڕ) جا خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿يَـٰٓأَيَّتُهَا ٱلنَّفْسُ ٱلْمُطْمَئِنَّةُ ﴿٢٧﴾ ٱرْجِعِىٓ إِلَىٰ رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ﴿٢٨﴾﴾[160]، جا نەفس بە واتای یەکەم وا خەیالّی بۆ ناکرێت

---

للسیوطي)(ب١٨_ل٢٧٠_ژ١٩٣٧٦/١٩٣٧٩). وه هەروەها حافیزی عێڕاقی ئەفەرمووێت: "ئیمامی بەیهەقی لە کیتابی (الزهد) لە فەرموودەی (إبن عباس) ڕیوایەتی کردووە، وە محمدی کوڕی عبد الرحمن کوڕی غەزوانی تێدایە کە یەکێکە لەوانەی فەرمووده‌ی هەڵئەبەستیّ (وضاع)". بڕوانە: (إحیاء علوم الدین بتخریج الحافظ زین الدین العیراقي)(باب_ عجائب القلب_ل٨٧٨). وه ئەلبانیش بە هەڵبەستراوی داناوە. بڕوانە (السلسلة الضعیفة)(ژ١١٦٤). بەلاّم وریا بن! فەرموودەکە چەند فەرموودەیەکی تر شاهێدیان بۆدا هەروەك لەسەرەوە ئاماژمان پیّ کرد، هەر بۆیەش ڕەتدانەوەی نەزانینە بەزانستی فەرموودە، چونکە ئەم فەرموودەیە کەمترین حوکمی ئەگەر بێت و هەبێت بیّ هێزیە نەك هەڵبەستراو، وە هەروەك زانراویشە بە کۆدەنگی زانا حافیزەکان دروستە کار بە فەرموودەی بیّ هێز بکرێت لە کاروباری چاکە هەروەك ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی بڕوانە: (مقدمة الأربعین النواویة).

[159] صەحیحە. دەیلەمی لە (مسند الفردوس)(ب١_ل١_ژ١٢٧) لە ئەبو زەڕەوە. وە ئەبو نوعەیم لە (الحلیه)(ب٢_ل٢٤٩) لە عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاص و ئەبو زەڕەوە ڕیوایەتیان کردووە. ئەلبانی ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە". بڕوانە: (سلسلة الأحادیث الصحیحة)(ب٣_ل٤٨٣_ژ١٤٩٦).

[160] سورة الفجر آیة ٢٧_٢٨. واتە: (ئەی ئەو نەفسەی کە پاك و ئارام و دلّ پڕ لە ئیمانی بگەڕێوە لای پەروەردگارت بۆ ئەوەی پاداشتی خۆت وەربگریتەوە لەسەر کاروکردەوە چاکەکانت کە لەدونیادا بە ئەنجامت گەیاندووە، جا خوای گەورە ڕازیت ئەکات بەهۆی ڕەزامەندی خۆی و بەهەشتە نەبڕاوەکەی بە هەتایی).

کەوا بگەڕێتەوە لای خوای گەورە[١٦١]، چونکە ئەمە دوورە لە خوای گەورە ئەوە تاقمی شەیتانە، بەڵام ئەگەر جێگیربوونەکەی تەواو نەبوو بێت بەڵام بەرگریکەر بوو بۆ ئارەزووەکانی نەفس، وە سەزەنشتکەر بوو ئەوە پێی ئەگوترێت: (نَفْسُ اللُّوَّامَةُ) نەفسی لۆمەکار، لەبەر ئەوەی خاوەنەکەی سەرزەنشت ئەکات لە کەم و کوڕی پەرستشی مەولاکەی، ئەوەتا خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت: ﴿وَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلنَّفۡسِ ٱللَّوَّامَةِ﴾[١٦٢]، وە ئەگەر وازی لە سەرزەنشت کردنەکان هێناو گوێڕاڵ و ملکەچ بوو بۆ داخوازییەکان و بانگەوازییەکانی شەیتان ئەو کاتە پێی ئەگوترێت: (أَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ)، هەروەك خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ﴾[١٦٣] جا ئەکرێ دروست بێ پێی بگوترێت: مەبەست بە فەرمانکەر بە خراپە (أَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ) بە واتای یەکەم نەفسە، دەکەواتە نەفس بە واتای یەکەم زەمکراوە، وە بە واتای دووەمیش سوپاس کراوە لەبەر ئەوەی خودی نەفسی مرۆڤ حەقیقەت و زاتەکەی زانایە بەخوای گەورەو گشت زانیارییەکان.

---

[١٦١] مەبەستی ئیمام ئەوەیە: (خەیاڵی ئەوە ناکرێت کەوا ئەو نەفسە لەگەڵ زاتی خوایا تێکەڵ ئەبێ).

[١٦٢] سورة القيامة آية ٢. واتە: (سوێند ئەخۆم بە نەفسی ئیمانداری موتتەقی کە خاوەنەکەی لۆمە ئەکات لەسەر تەرك کردنی گوێڕایەڵی و کردنی کردەوە خراپەکان).

[١٦٣] سورة يوسف آية ٥٢. واتە: (بەڕاستی نەفسی مرۆڤ فەرمانکەرو ئارەزووکەرە بە گوناهو تاوان و خراپەکاری).

## عەقڵ: دوو واتا لە خۆ ئەگرێت:

١. ئەكرێ بەوە بگوترێت و مەبەست پێی زانینە بە حەیقەتەكانی كاروبارو ئەحواڵەكان، جا ئەبێتە دەستەواژەیەك بۆ سیفەتی زانست كە شوێنەكەی دڵە.

٢. ئەكرێ بەوە بگوترێت مەبەست پێی هەست كردنە بە زانست جا خودی ئەوە ئەبێتە دڵ كە مەبەستم لەطیفەكەیە، ئێمە ئەزانین هەموو زانایەك لە نەفسی خۆیدا بوونێك هەیە كە سەرچاوەكەی وەستاوە بە بوونی خۆی، وە زانستیش سیفەتێكە لەودایە، ئیتر سیفەتیش وەصف نەكراوە ئەكرێ عەقڵ بەوە بگوترێت و مەبەست پێی سیفەتی زانایە، وە ئەكرێ پێی بگوترێت: شوێنی هەست كردنە مەبەستم هەستكەرە، جا هەر ئەوە مەبەستی پێغەمبەرمانە ﷺ كە ئەفەرموویت: (أَوَّلُ مَا خَلَقَ اللهُ العَقْلَ)[١٦٤] واتە: (یەكەمین شتێك كە خوای گەورە دروستی كرد عەقڵ بوو)، لەبەر ئەوەی زانست (عَرَض) واتە: (وەستاوە بەغەیری خۆی)، بۆیە خەیاڵی بۆ ناكرێت كەوا یەكەم دروستكراو بێت بەڵكوو لەگەڵ هەندێ ئەبێت شوێن دروستكراو بێت پێش ئەو یاخود لەگەڵی لەبەر ئەوەی ناگونجێ قسە لەگەڵ

---

[١٦٤] زەعیفەو شاهێدیشی هەیە. حافیزی عیڕاقی ئەفەرموویت: "سەنەدەكەی زەعیفە. حەكیمی ترمذی لە (النوادر) بە سەنەدێكی زەعیف لە حەسەنەوە ئەویش لە چەند هاوەڵێكەوە ڕیوایەتی كردووە". وە ئیمامی سیوطی ئەفەرموویت: "ئیبن و عەدی و داڕە قوطنی و عوقەیلی ڕیوایەتیان كردووە، هەروەها بەیهەقیش لە (الشعب) لە ئەبو هورەیرەوە لە ڕێگای ئیبن و عەدی و ڕێگایەكی تر لە حەفصی كوڕی عومەر ڕیوایەتی كردووە. وە حەكیمی ترمذیش لە (النوادر الأصول) وە ئەبو نوعەیمیش لە (الحلیة) ڕیوایەتیان كردووە. بڕوانە: (اللآلئ المصنوعة في الأحاديث الموضوعة)(ب١_ل١١٩/١٢٠) هی ئیمامی جلال الدینی سیوطی. خۆشەویستان فەرموودەكە شاهێدی زۆرە وە یەكێكی تر لەو شاهێدانە ئەطرافی ئەم فەرموودەیە (لما خلق الله العقل) كە ئیبن و حەجەری هەیثەمی لە (مجمع الزوائد)(ب٨_ل٢٨_ژ١٢٧١٥) هێناویەتی و ئەفەرموویت: "تەبەڕانی لە (الأوسط) ڕیوایەتی كردووە، وە فەزڵی كوڕی عیسای ڕەققاشی تێدایە كەوا كۆكن لەسەر زەعیف بوونی، وە لە (الكبیر)یش ڕیوایەتی كردووەو عومەری كوڕی ئەبی صاڵحی تێدایە كە زەهەبی لەبارەیەوە ئەفەرموویت: "نەناسراوە". بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب١٨_ل٤٣_ژ١٨٨٠٢).

کراو بێت هەروەکوو لەو هەواڵەدا هاتووە: (خوای گەورە فەرمووی: "ڕوو تێکە ئەویش ڕووی تێکرد، پاشان فەرمووی: پشت تێکە ئەویش پشتی تێ کرد")[١٦٥].

خۆشەویستان ئەمانە کۆمەڵە پێناسەیەك بوون لەسەر ئەم چوار شتە کە ئیمامی غەزالی بۆ ئێمەی ڕوون کردەوە، جا بزانین چۆن مامەڵە لەگەڵیان ئەکەین و چۆن تەزکیەو نوورانییان ئەکەین، وە بەچ ڕێگایەکی شەرعی ئەم کارە بکەین بۆ ئەوەی شتەکانی تێکەڵ نەبێت لەکەسی سالیك، وە ساحیرو ئەولیا لە یەك جیا بکەینەوە چونکە ئەگەر وانەکەین گەورەترین تاوان بەرامبەر ئەولیاکانی خوای گەورە ئەنجام ئەدەین خوای گەورە پەنامان بدات.

## تێگەیشتنێك لە ڕۆح

ئیمامی سعد الدینی تەفتازانی[١٦٦] ڕۆحی کردووەتە دوو بەش:

١. ڕۆحی مرۆڤایەتی ٢. ڕۆحی گیانداریێتی

جا ئەوەی شایستەی مردن بێت بەتەنیا ئەوە ڕۆحی گیانداریێتیە، بەڵام ڕۆحی مرۆڤایەتیەکە دروستکراو نیە، وە هیچ هۆکارو دانەپاڵێك لە نێوان خۆی و خوای گەورەدا نیە چونکە سەربەخۆیە بەزاتی خۆی و وەستاو نیە بەڵاشە. جا بۆ

---

١٦٥ (إحياء علوم الدين)(باب_ عجائب القلب_ل٨٧٨).

١٦٦ مەسعودی کوڕی عومەری کوڕی عبد الله تەفتازانیە کە بە (سعد الدين تەفتازانی) بە ناوبانگە، (د٧١٢هـ_و٧٩١هـ)، خەڵکی تەفتازانە کە گوندێکە سەر بە نەسایە لە ئێستاکەشدا وڵاتی تورکمانستانی پێ ئەگوترێ. ئەم زانایە گەورەی زەمانی خۆی بووە، وە شافیعی مەزهەبەو یەکێکە لە زانا موتەکللیم و ئەشعەرییەکان، وە دەستێکی باڵای هەبوە لە زانستەکانی (نەحوو صەرف و عەقیدەو ئوصوڵ و فیقهو مەنطق و مەعانی و بەیان و هتد). وە زۆر کتێبیشی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە لەوانە: (حاشية على تفسير الكشاف للزمخشري، المقاصد في علم الكلام، التهذيب في المنطق، وە هتد). بڕوانە: (معجم المؤلفين)(ب١٢_ل٢٢٨).

ڕوونکردنەوەی فەرمایشتەکەی ئەوە ئەچینە خزمەت عەللامەی زەمانی خۆی مامۆستا بدیع الزمان شێخ سەعیدی نورسی کوردی کە ئەفەرموویێت: "مەبەست بە ڕۆحی مرۆڤایەتی کە دروستکراو نیە ئەوە (ماهیەتەکەیەتی) واتە: چیەتیەکەی (کەوا بلێین لەچی دروست کراوە)[١٦٧]، جا ئەمە یاسایەکی ئەمریەو خاوەن ژیانە، وە ئاوێنەیەکی خاوەن هەستە بۆ ناوی (الحَيِّ) خوای گەورە، وە دیارییەکی خاوەن جەوهەری دەرخستنەکانی ژیانی هەمیشەییە. ئەمە زامنکراوی وتەی خوای گەورەیە هەروەکوو فەرموویەتی: ﴿قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي﴾[١٦٨]، بۆیە پێکهێنراوە، جا لەم ڕووەوە پێی ناگوترێت دروستکراو، ئیمامی سەعد لە (مقاصد) و (شرح المقصاد)دا کۆك و ڕازییە بە وتەی زانا لێکۆڵەرەکان، وە گونجاو ڕێکە لەگەڵ ئایەتی خوای گەورەو فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ، جا ئەفەرموویێت: "ڕێساو قانوونی ئەمر بوونێکی (خاریجی) دەرەوەی بە بەردا کراوە، جا ئەم بە بەرداکرانەی کە هاتۆتە دەرەوە دروستکراوەو پەیدابووە وەکوو باقی دروستکراوانی. وە هەموو نیشانەکانی شایەتن لەسەر نەمانەوەی ڕۆح بە هەتا هەتایی.

بەڵام وتەکەی تری (هیچ هۆکارو دانەپاڵێك لە نێوان خۆی و خوای گەورەدا نیە) ئەمە ئاماژەیەکە بۆ بەرپەرچدانەوەی مەزهەبی باتڵ وەکوو (الحُلُولْ)[١٦٩]. جا ڕۆحی گیاندارانیش باقیە، بەڵام تەنها لاشەکانیان ئەمرێت لە

---

[١٦٧] ئەوەی نێو کەوانەکە ڕوونکردنەوەی خۆمە.

[١٦٨] سورة الإسراء آية ٨٥. واتە: (ئەی محمد پرسیارت لێ ئەکەن دەربارەی ڕۆح تۆش پێیان بڵێ: "ڕۆح فەرمان و ئەمری خوای گەورەمە).

[١٦٩] هەر کەسێك بانگەواز بۆ ئەوە بکات کە لەگەڵ خوایە تێکەڵ بووە یان خوای گەورە لەگەڵ ئەو تێکەڵ بووە ئەوە کافرو زەندیقە، وە پێویستە دوای ئەوەی کە داوای تەوبەی لێ بکرێت و پاشگەز بێتەوە، جا ئەگەر هەر وازی نەهێنا ئەو کاتە قازی موسڵمانان بڕیاری کوشتنی بۆ دەرئەکات، چونکە زیان بە بیروباوەڕی خەڵك

**ڕۆژی دوایی، لە کاتێکدا مردن لەناوچوون نیە بەڵکوو پچڕانی پەیوەندیە، بەڵام وتەکەی (هیچ هۆکارێك) ئەوە ئاماژەیە بۆ دروستکراوی ڕۆح ڕاستەوخۆ بەبێ ناوەندو هۆکار)[١٧٠].**

**مەبەست بە وتەکانی ئەم دوو کەڵە زانایە ئەمەیە: ڕۆح لە جیهانی ئەمرە، جا ئەمریش فەرمانی خوای گەورەیە ناتوانین لێی بکۆڵینەوەو دروست نیە بڵێین ڕۆح لەچی دروستکراوەو چیەتیەکەی واتە: (تەرکیباتی ئایا لە زەڕڕەیە[١٧١] یان فۆتۆن[١٧٢] یاخود هەر شتێکی تر) چونکە ئەمانە گشتی دروستکراون و لەناو**

---

ئەگەیێنێ، وە لەوانەشە سەربکێشێ بۆ پەرستنی، هەر بۆیە پێویستە بکوژرێت هەروەکوو ئیمامی غەزالی لە (إحياء علوم الدين)دا باسی لێوە کردووە. منی بریندارى شاعیریش لە شیعرێکدا وتوومە: مولاقاتی هیجرەتی یار حاصڵی زەحمەت و ڕەحمەتە...بۆ مەجنوونێ لە دوور لەیلا شیوەن بکا حورمەتە.. سلوکی ئەم هیجرەتەی یار بە پێی دەستوری عیشقە ...چونکە لادان لێی حولول و ئیتیحادو ئیرتەددە.

[١٧٠] (رسائل النور/ب الملاحق_الملحق بارلا/ل٥٩).

[١٧١] گەردیلە: بچوکترین بەشە لە دروستکردنی توخمە کیماویەکان، وە هۆکاری پاراستنی تایبەتمەندیەکانی ئەو توخمە کیماویەیە. وە بنەڕەتی وشەکەش بۆ ئینگلیزی ئەگەڕێتەوە کە (Atom ) ئەتۆمە، وە بۆ وشەی ئیغریقیە یۆنانیەکانیش ئەگەڕێتەوە کە پێی ئەڵێن: ئەتۆمۆس، واتای ئەوە ئەگەیێنێ کەوا دابەشکردن ڕووی تێ ناکات" ئەوان بڕوایان وابوو کەوا لەوە بچووکتر شتێکی تر نیە. جا گەردیلە لە چەند هەورێکی بارگاوی سالیب پێکهاتووە کە ئەلیکترۆناتەکان بە دەوری ناوکە بارگاوییە موجەبەکاندا لەناو بازنەکەدا ئەخولێنەوە کە زۆر زۆر بچووکە، وە ناوکەکانیش لە پرۆتۆناتی بارگەی موجەب پێکهاتوون، وە نیوترۆنەکانیش یەکسانن. بڕوانە: (ویكيبيديا الموسوعة الحرة) لە ئینتەرنێت.



[١٧٢] فۆتۆن یاخود ڕووناکی کە بە ئینگلیزیەکەی (Photon)ـە، وە لە فیزیاشدا بەو شێوەیە پێناسەکراوە: کە بریتیە لە تەنۆچکە سەرەتاییەکان، وە بڕی ڕووناکی و هەموو شێوەکانی ترە بۆ تیشکدانەوەی کەهرۆموگناتیسی، وە هەڵگری هێزی کەهرۆموگناتیسیە. جا ئەکرێ بەئاسانی چاودێری کاریگەری ئەو هێزە بکرێت بە ئاسانی لە هەر دوو ئاستی میکرۆسکۆبی و ماکرۆسکۆبی، ئەمەش بەهۆی لەناو چوونی کوتلەی

**ئەچن، بەڵام کاتێك ڕۆح لە جیهانی ئەمردا بوو بە فەرمانی خوای گەورە بوونێکی دەرەوەی پێ بەخشراو هاتە بوون واتە ئەم شەکڵەی بەبەر مرۆڤدا کرا، جا ئەم شەکلەو وێنە دەرەکیەکەی دروستکراوەو مەخلوقە، بەڵام چیەتیەکەی دروستکراو نیە.**

---

دامرکاوە لە فۆتۆندا کە ڕێگە بە کاریگەری و کارلێکردن ئەدات لە مەودایەکی دوورو درێژدا. هەروەکوو ئەمە حاڵی هەموو تەنۆچکە سەرەتاییەکانە. جا تیۆرییەکە لەلایەن ئەلبێرت ئەنیشتاینەوە پێش کەش کرا بۆ تیۆری ڕێژەیی.

١٩٠٠ز: زانای فیزیایی ماکس بلانك بەو جۆرە باسی ڕووناکی و هەموو جۆرەکانی وزەی تیشکدانەوەی کردووە: کە بریتیە لە تەزووانێك کە لە تەنۆچکە پێکهاتوون و پێیان ئەگوترێت: بڕەکان، وە هەموو بڕێکیش لە وزەدا پشتێنەیەکە کە ناکرێ دابەش بن، جا فۆتۆن بڕو کەمیەیەکە لە وزەی کەهرۆموگناتیسی.

١٩٠٢ز: زانای فیزیایی فلیپ ئانتۆن لیۆنارد تێبینی ئەوەی کرد کەوا بڕی ئەو وزەیەی کە بە ئەلیکترۆن دراوە ئەوە بەتەنیا پشتی بە ڕەنگی ڕووناکیەکە بەستووە کە لە جەمسەری کارەباکەدا دەرکەوتووە.

١٩٠٥ز: زانای فیزیایی ئاڵبێرت ئانیشتاین گەیشتە ئەوەی کەوا وزەی فۆتۆن پشت بە شەپۆلە درێژەکەی یاخود لەرەلەرەکەی ئەبەستێت، بۆ نموونە فۆتۆنی ڕووناکی سەرووی وەنەوشەیی وزەیەکی بەرزتری هەیە لەچاو فۆتۆنی ڕووناکی ژێر سوور لەبەر ئەوەی ڕووناکی سەرووی وەنەوشەیی لەرەلەرەکەی بەرزترە لە ڕووناکی ژێر سوور.

١٩٢٢ز: زانای فیزیایی ئارثەر هۆڵی کۆمپتۆن بەگوێرەی توێژینەوەکەی کە ناسراوە بە کاریگەری کۆمپتۆن ئەوە بەڵگەیەکی بەهێزە کەوا فۆتۆنەکان لە واقیعدا تەنۆچکەیەکن لەو کاتەی کەوا فۆتۆنەکانی تیشکی سینی بەریەك ئەکەون لەگەڵ ئەلیکترۆنەکان جا هەر دوو تەنۆچکەکان تووشی لادان ئەبن لە سەرچاوەی ڕێگاکانی خۆیان جا فۆتۆنی تیشکی سینی هەندێ وزە بە ئەلیکترۆن ئەبەخشێ، لە ئەنجامی ئەوەوە فۆتۆنی تیشکی سینی دائەبەزێ بۆ لەرەلەرێکی کەمتر. بڕوانە: (ویکیبیدیا الموسوعة الحرة) لە ئینتەرنێت.

وه هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ وَأَوۡحَىٰ فِي كُلِّ سَمَآءٍ أَمۡرَهَا﴾[١٧٣]، واتە: "حەوت ئاسمانەکەی لە ماوەیەکی ئەندازە بۆکراو بە دوو ڕۆژ دروست کرد، وە تەواو بوو لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی لەماوەی شەش ڕۆدا، جا ئەگەر ویستی لیێ بایە بە ئەندازەی چاو تروکانێکیش دروستی ئەکرد بەلاَم حیکمەتی خوا وا هاتووە کەوا فێری بەندەکانی بکات بۆ تێگەیشتن لە شتەکانی، ئینجا دوای ئەمە وەحی کرد بۆ هەموو ئاسمانەکان بەوەی کە ئەیەوێ و فەرمانی پێ ئەکات"[١٧٤].

خۆشەویستان ئێمە وتمان ڕۆح لە جیهانی ئەمرە، جا ئەمری خوای گەورەش هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتووەتەوە بۆیە موسڵمان کاتێك ئەگاتە پلەی خواناسین (عیرفان) وەکاتێکیش کە دڵی ئەبێتەوە زۆرسەرسام ئەبێت بە جیهانی ئەمر، ئیتر هەر ئەوەندەی لەدەست دێت بڵێ: (سبحانك ما عرفناك حق معرفتك یا ألله)، واتە: خوایەگیان پاکی و بێگەردی بۆ تۆ ئێمە بەناسینێکی حەق تۆمان نەناسیوە.

---

[١٧٣] سورة الفصلت آية ١٢.

[١٧٤] بۆ تەفسیری ئەم ئایەتە بڕوانە (الصفوة التفاسیر) هی زانای پایە بەرز محمد علی صابوونی رحمه الله .

# گەیشتن بە حیکمەتی ئەو شەڕە هیزرییەی نێوان ئەشعەرییەکان و ماتۆریدیەکان لەگەڵ ئیبن و تەیمیەکان[175].

خۆشەویستان ئەمە ڕۆحە کەس سەری لێ دەرناچێت ئەی چی ئەڵێی سەبارەت بە پەروەردگارت کە خاوەنی ڕۆحە، بۆیە برای ئازیزم خوشکی بەڕێزم هەروەکوو مرۆڤی موسڵمان ئەبێت بیروباوەڕی وابێت کەوا خوای گەورە پاکە لە

[175] ئەشعەریەکان، ئەوە دانە پاڵ زانای گەورەی ئیسلام شێخ ئەبو لحەسەنی ئەشعەری شافیعیە (د٢٦٠هـ_و٣٢٤هـ)، وە ڕەچەڵەکی ئەگەڕێتەوە بۆ هاوەڵی بەرێزی پێغەمبەرمان ﷺ (ئەبو موسای ئەشعەری) کە تێکڕای زاناکانی مەزهەبی شافیعی و مالیکی، وە هەندێکیش لەگەورەکانی مەزهەبی حەنبەلی وەکوو ئیبن و لجەوزی ئیبن و عەقیلی حەنبەلی ئەوە لە بیروباوەڕدا لەسەر تێگەیشتنی ڕێبازی ئەهلی سوننەو جەماعەن بە پێشەوایەتی ئەبو لحەسەنی ئەشعەری. وە ماتۆریدیەکانیش: ئەوە دانە پاڵ ئەبو مەنصوری ماتۆریدی حەنەفیە (د٢٤٨هـ_و٣٣٣هـ)، وە ڕەچەڵەکی ئەگەڕێتەوە بۆ هاوەڵی بەرێزی پێغەمبەرمان ﷺ (ئەبو ئەیوبی ئەنصاری رضي الله عنه ) کە گشت زاناکانی حەنەفی لە بیروباوەڕدا لەسەر تێگەیشتنی ڕێبازی ئەهلی سوننەو جەماعەن بە پێشەوایەتی ئەبو مەنصوری ماتۆریدی. جا ئەم دوو قوتابخانەیە بە درێژایی مێژوو خزمەتیان بەم ئیسلامە کردووە، وە خەڵکیان لەسەر ئەم عەقیدە پاکە پەروەردە کردووە کە پێشینەی ئوممەتی ئیسلام لەسەری پەروەردە بوونە، ئەم دوو قوتابخانەیە لە بنەڕەتدا یەك بیرو بۆچوونیان هەیە تەنیا چەند جیاوازییەکی کەم نەبێت. قوتابخانەی ئیبن و تەیمیەو زۆرینەی حەنبەلیەکان، ئەوە دانا پاڵ شێخ ئیبن و تەیمیەیە (د٦٦٠هـ_و٧٢٨هـ)، ئەمانە جیاوازن لە بابەتەکانی ناوو سیفاتە بەرزەکانی خوای گەورە، بۆ نموونە ئەمانە ئەڵێن خوای گەورە لەقورئاندا باسی دەست و چاو و قاچ و شوێنی کردووە، بۆیە ئێمەش ئەیچەسپێنین بۆ خوای گەورە بەڵام شایەن بێت بەخۆی، بەڵام هەر دوو قوتابخانەکەی تر ئەمە ڕەت ئەکەنەوەو ئەڵێن: ئەمە شوبهاندن و لاشە دانانە بۆ خوای گەورە بۆیە ئەبێت گشتی تەئویل بکرێت بەبەڵگەی نەقلی و عەقلی. جا وەرە برا سەلەفیەکانی جیهان و غەیری ئەوانیش بە پشتیوانی کردنی سعودیە کە تا ڕاددەیەك مەزهەبی حەنبەلین هەموو هەوڵێکیانداوەو وە بەردەوامیشن لەوەی کەوا ئەو دوو قوتابخانەیە ناشیرین بکەن و بەگومڕایان بزانن، من لێرەدا ناتوانم ناوی زاناکانی مەزهەبی شافیعی و مالیکی و حەنەفی بهێنم کە گشتیان لەسەر ڕێبازی فیکری ئەو دوو قوتابخانەیەن، بۆیە ئەگەر بەوان بگوترێت بیدعەچی و گومڕا ئەوە وەهم و ستەمێکە لەو هەموو زانایە ئەکرێت، بەڵام بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (تبين كذب المفتري للحافظ إبن عساكر الدمشقي)، وە (صحيح شرح العقيدة الطحاوي للحسن بن علي السقاف)، (الطباقات الشافعية الكبرى للحافظ تاج الدين سبكي)، (شرح عقيدة النسفي بقلم الدكتور عبد الملك السعدي)، (شرح العقائد للتفتازاني في علم الكلام)، وە زۆری تریش لەسەرچاوەکان.

جەستەو كات و شوێن و جوڵانەوەو لاكان، چونكە ئەمانە گشتی كاتێك دروست بوون كە لەمەو پێش بوونیان نەبووەو خوای گەورەش هەر هەبووەو لەگەڵ زاتی ئەودا هیچ شتێك بوونی نەبووە، ئەمە بیروباوەڕی ئەهلی سووننەو جەماعەتە كە مەزهەبی ئەبو حەنیفەو مالیكی و شافیعی لەسەرە، وە تەنیا مەزهەبی ئیمام ئەحمەد نەبێت ئەویش خودی خۆی نا بەڵكوو پەیڕەوانی ئەو مەزهەبە شوێن و لا بۆ خوای گەورە دائەنێن، جا ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت هەر كەسە بە ئیجتیهادی خۆی بەو شێوەیە لە دین تێگەیشتووە، بۆ نموونە یەكێك لەو شتانەتان بۆ ڕوون ئەكەمەوە تاوەكوو پلەی پێكاوێتیت بۆ وەدەركەوێت" ئەویش بابەتی دابەزینی خوای گەورەیە لە سێیەكی شەودا، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویێت: (خوای گەورە هەموو شەوێك دائەبەزێتە ئاسمانی دونیا لە كۆتایی سێیەكی شەوەكەدا، جا ئەفەرموویێت: "كێ لێم ئەپاڕێتەوە تا وەڵامی بدەمەوە؟ كێ داوام لێ ئەكات تا پێی ببەخشم؟ كێ داوای لێبوردنم لێ ئەكات تا لێی ببورم؟")[١٧٦].

تێگەیشتن لەم فەرموودەیە بەپێی هێزری ئەم سێ قوتابخانەیە ئەخەینە بەردیدی ئێوە خۆشەویسست.

١. تێگەیشتن لە واتای (نزول) دابەزینی خوای گەورە: نابێت سیفەتەكە لەكار بخرێت لەگەڵ پاكڕاگرتنی خوای گەورە چونكە هەر خۆی بەم مانایەی دابەزینە شارەزاترە، وە نابێت تەشبیهیش بكرێت بەشتێك ئەوەش مەزهەبی زۆرینەی سەلەفی صالح و هەندێك لە موتەكەللیمەكانی لەسەرە، وە پێویستە ئیمان هەبێت پێی لەبەر ئەوەی حەق و ڕاستەو بەو شێوەیەی كە لە خوای گەورە بووەشێتەوە،

---

[١٧٦] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ١١٤٥). وە ئیمامی موسلم لە (صحیح المسلم)(ژ٧٥٨) ڕیوایەتیان كردووە.

وە چۆنیەتیەکەشی بدرێتە پاڵ زانستی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی، وە ئەوەی کە لە ڕووکەشدا لە ئێمە دیارە بەو مەبەستە نیە وە قسەش لەسەر تەئویل کردنی ناکەین و لەگەڵ بە پاکڕاگرتنی خوای گەورە لە چوواندنی بەسیفاتی دروستکراوەکانی وە لە هاتووچۆو جوڵانەوە.

٢. مەزهەبی دووەم: مەزهەبی زۆرینەی موتەکەللیمەکان و کۆمەڵێك لە سەلەفی صالحە کە تەئویل ئەکرێت بەو شێوەیەی کە لە خوای گەورە بووەشێتەوە، جا لەسەر ئەوە لە ئیمامی مالیك و غەیری ئەویشدا نەقڵ کراوە کەوا مەبەست بەوە (دابەزینی ڕەحمەت و فەرمان و فریشتەکانێتی، وە ئەش گوترێت: واتاکەی خواستراوەو وەرگیراوە وەکوو (إستعارە) جا واتاکەی وای لێ دێت: ڕوو تێکردنە داواکراوەکان بە وەڵامدانەوەو میهربانی کردن لەگەڵیان[١٧٧]. جا ئەمە بۆ چوونی ئەشعەرییەکان و ماتۆریدیەکانە.

٣. مەزهەبی سێیەم: ئەڵێن ئێمە بڕوامان بەو دابەزینە هەیە بەڵام دابەزینێك لە خۆی بووەشێتەوە، بڕوام بەوە هەیە کە خوای گەورە دەست و قاچ و شوێنی هەیە کە عەڕشە بەڵام گشتی لەخۆی بووەشێتەوە نەك بچوێندرێت بەهی دروستکراوانی. ئەم بۆچوونەش مەزهەبی قوتابخانەی پەیڕەوانی مەزهەبی ئیمام ئەحمەدە نەك خوودی ئیمام ئەحمەد. ئێمەش ئەڵێن: فیل قاچی لە خۆی ئەوەشێتەوە، مێرۆستان و مرۆڤیش چاوو دەست و قاچیان هەیە گشتیان لە خۆیان ئەوەشێتەوە، ئەمەش ئیسپاتی ئەندامێتی ئەکەن بۆخوای گەورە پەنا بەخوا، بەو ئایەتەی خوای گەورە بەرپەرچی ئەو مەزهەبە ئەدەینەوە ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن خوا قاچ و

---

[١٧٧] بڕوانە (الرسالة الخاتمية والوارثية)(ل١٧٨)کە یەکێکە لە پەیامەکانی گەورەو ڕابەرمان شێخی سەردەم حەزرەتی شێخ عەباس فازڵ حەسەنی نەقشەبەندی (خوای گەورە ڕۆح و یادی بۆن خۆش کات).

دەست و چاوی هەیە کە لە خۆی بووەشێتەوە ئەی چی لەو ئایەتە ئەکەن کە خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿كُلُّ مَنۡ عَلَيۡهَا فَانٖ ٢٦ وَيَبۡقَىٰ وَجۡهُ رَبِّكَ ذُو ٱلۡجَلَٰلِ وَٱلۡإِكۡرَامِ ٢٧﴾[١٧٨]، بەپێی تەفسیری قوتابخانەی ئیبن و تەیمیە تەفسیرەکەی بەو جۆرەیە واتە: (ئەوەی وا لەسەر زەوی و ئاسمانەکانا هەیە مەگەر ئەوانە نەبێ کەویستی لەسەر مانەوەیان هەبێ ڕۆژێ دادێ گشتیان ئەمرن و لەناو ئەچن تەنیا ڕووی پەروەردگاری خۆت ئەمێنێتەوە کە زاتێکە خاوەن شکۆی مەزن و ڕێزدارە) ئەوان (وَجْه)یان بە واتا ڕووکەشیەکەی وەرگرت کە ڕووە، ئێمەش ئەڵێین باشە ئەگەر ئەڵێن: ئەوە مەبەست پێی ڕووی خوای گەورەیە ئەی کوا دەست و چاوو قاچەکەی بۆ ئەوان لەناو چوون کوانێ بەپێی ئایەتەکە هەمووی فەوتاوەو مردووە تەنیا ڕووی نەبێ، بۆیە ئێمە ئەڵێین: پەنا بەخوا لەو تەفسیر کردنە بەڵکوو بەپێی تەفسیری هەر دوو قوتابخانەکەی پێشووتر مەبەست بەو (وجه) ئەوە زاتی خوایە واتە: تەنیا زاتی پەروەردگارت ئەمێنێتەوە. وە هەروەها لە ئایەتێکی تردا هاتووە: ﴿كُلُّ شَيۡءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجۡهَهُۥ﴾[١٧٩]، بەپێی تەفسیری ئەوان واتە: هەموو شتێك لە ناو ئەچێت تەنیا ڕووی ئەو نەبێ، ئێمەش ئەڵێین کەواتە دەست و چاو قاچ و ئەندامەکانی تریشی لەناو ئەچن پەنا بەخوا لەو بیروباوەڕە تەجسیمیە، بەڵکوو تەفسیری دوو قوتابخانەکەی پێشووتر بەم جۆرەیە کە ئەفەرموون: هەموو شتێك لەناو ئەچێت و ئەمرێت تەنیا زاتی ئەو نەبێ، هەروەك ئیمامی قورطوبی لە موجاهیدەوە نەقڵی کردووە کەوا ئەفەرموویت: "مەبەست پێی زاتی خۆیەتی"[١٨٠]. چونکە خوای گەورە لاشەو ئەندامی نیە ئەوەی لە قورئانیشدا هاتووە ئەبێ تەئویل

[١٧٨] سورة الرحمن آية ٢٦.

[١٧٩] سورة القصص آية ٨٨.

[١٨٠] بروانه (تفسير القرطبي من تفسير سورة القصص آية ٨٨).

بکرێت هەر کەسێکیش بلێ لە قورئاندا تەئویل نیە ئەوە کافر ئەبێت بە بەڵگەی ئەو دوو ئایەتە ﴿وَمَكَرُواْ وَمَكَرَ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ﴾[181]، ئەگەر بێت ئەم ئایەتە تەئویل نەکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە ئەڵێن تەئویل نیە ئەوە بەم جۆرە تەفسیر ئەکرێت واتە: بێ باوەڕەکان پیلان و فێڵیان داڕێشت لە دژی پێغەمبەرﷺ ئەوەبوو خوای گەورەش پیلان و فێڵی داڕێشت لە دژیان، وە خوای گەورە باشترین فێڵ دانەرە، خوای گەورە پەنامان بدات لەو جۆرە تەفسیر کردنە، بەڵکوو ئەبێ ئەو وشەی (مەکرە) تەئویل بکرێت و مانایەکی تری بۆ بخواسترێت تا شایەنی گەورەیی خوا بێت، چونکە خوای گەورە فێڵ لەکەس ناکات و فێڵ دانەریش نیە، تەفسیری ئەم ئایەتە بەپێی قوتابخانەی ئەشاعیرەو ماتوریدی بەم جۆرەیە واتە: کافرەکان پیلانیان داڕێشت بۆ لەناو بردنی پێغەمبەرﷺ بۆیە خوای گەورەش پیلانی ئەوانی پوچەڵ کردەوەو سەرنەکەوتن، جا بەڕاستی خوای گەورە چاکترین کەسە بۆ ئەوەی پیلان و فێڵی بێ باوەڕان و دووڕووەکان پووچەڵ بکاتەوە. زۆر ئایەتی تر لەوانە: ﴿نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡ﴾[182]، بەپێی ئەو تەفسیرەی ئەوان کە ئەیلێن تەئویل نیە لە قورئاندا ئەبێ ئەم ئایەتە بەم جۆرە بێت واتە: کافرو بێ بڕواکان لە دونیا خوای گەورەیان لەبیر کرد هەر بۆیەش خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی ئەوانی لەبیر ئەکات. ئێمەش ئەپرسین خوای گەورە کەی شتی لەبیر کردووە ئەمە مەحاڵە بەڵکوو ئەبێت مانایەکی تری بۆ بخواسترێت بۆ نموونە یەك لەو واتایانە کە زاناکان ئەفەرموون واتە: خوای گەورە ئەوان ئیهمال ئەکات و گوێیان پێ نادات. واللە أعلم.

---

[181] سورة آل عمران آية ٥٤.

[182] سورة التوبة آية ٦٧.

# پەی بردن بە نهێنی دەستەواژەی دابەزین بۆ ئاسمانی دونیا

خۆشەویستان دونیا جوانترین ئاوێنەیە بۆ درەوشانەوەی سیفاتی بەرزی خوای پەروەردگار، ئێمە لە ڕێی ناوو سیفاتە بەرزەکانیەوە خوای گەورە ئەناسین، جا لە ناو هەموو بوونەوەرانیش جوانترین و کاملترین ئاوێنە مرۆڤە، ئێمە وتمان ڕۆح لە جیهانی ئەمرە، وە ئەمری خوای گەورەش لە ناو هەموو شوێنێکی ئەم گەردوونەیە بە دەقی ئایەتەکەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێکرد، بۆیە هەر کاتێك بیەوێ خۆی دەرخات لە جیهانی ئەمردا (ولله المثل الأعلى) بۆ نموونە: ئەو دابەزینەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە جا ئاسمانی دونیا ئەبێتە ئاوێنەیەکی درەوشاوە بۆ نیشاندانی سیفاتی بەرزو پیرۆزی ئەمەش بێ چۆنیەتی خۆ نیشاندانەکە، جا ئەگەر لەمە تێنەگەیشتی ئەوە لەو نموونەی دواتر تێئەگەی.

بۆ نموونە: ئاوێنەیەك لە بەرامبەر چیایەك دابنرێت، ئیتر وێنەی چیاکە لە ناو ئاوێنەکە دەرئەکەوێ، بۆیە هیچ کەسێك ناتوانێ بڵێ ئەوە وێنەی چیاکە نیە، وە بۆ هیچ کەسێکیش نیە بڵێ ئەمە خودی چیاکەیە لە ناو ئاوێنەکە واتە زاتی چیاکە تێکەڵ بووە لەگەڵ ئاوێنەکە، جا ئەوانەی کە ئەڵێن خوای گەورە دائەبەزێت وەکوو وێنەی چیاکەیە کە خۆی دەرخست و مەزهەبەکەیان تەواوە بەمەرجێك نابێت لەگەڵ دروستکراوانی خۆی بچوێندرێت، وە نابێت بشلێن لە خۆشی بوەشێتەوە چونکە ئیسپاتی ئەندامێتی بۆ ئەو ئەکەن، بۆیە ئەبێت وریا بن لەمە. جا ئەوانەش کە ئەڵێن خوای گەورە پاکە لە جولانەوەو هاتووچۆکردن تێکەڵ بوون وەکوو ئەوانەن کە ئەڵێن بۆ هیچ کەسێك نیە بڵێ ئەمە خودی چیاکەیە هاتۆتە خوارەوە هەروەکوو لە قسەی قوتابخانەکەی ئیبن تەیمیەدا بەوە وەصفکراوە کە خودی زاتی خوا دائەبەزێتە ئاسمان پەنا بەخوا لەو جۆرە بیروباوەڕە، قووڵبوونەوە

لەو بابەتە زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە بەو کەم زانستەوە خەریکی لێکۆڵینەوەبین دەربارەی.

ئەمەوێ ئاماژە بەشتێکی تر بکەم بۆ ئەوەی ئەو بابەتەتان لەلا ڕۆشن بێت و بە بەڵگەی نەقلی و عەقڵی بۆتان بیسەلمێنین کە ئەوەی زاناکانی هەر سێ مەزهەبەکەی تر جگە لە پەیڕەوانی ئیمام ئەحمەد نەبێت فەرموویانە گشتی ڕاست و دروستەو هاوڕێکە لەگەڵ قورئان و فەرموودەدا، جا گوێ بگرە با زیاتر بۆت ڕوونی بکەمەوە: کاتێك (شێخ مەنصوری حەلاجیان)[١٨٣] کوشت لەسەر ئەوەی

[١٨٣] ئەبو موغیث حوسێنی کوڕی مەنصوری کوڕی مەحمی ئەبو عبد الله فارسی بەیزاوی صۆفیە، (د٢٤٤هـ_و٣٠٩هـ). هاوەڵایەتی ئەو شەیخە مەزنانەی کردووە، (سەهلی کوڕی عبد الله توستەری، وە شێخ جونەیدی بەغدادی، وە عەمری کوڕی عوسمانی مەککی). زۆر سەفەرو گەڕانی ئەکرد، وە زۆر خەریکی موجاهەدەی نەفس بووە، جا محمدی کوڕی، وە محمدی کوڕی خەفیف، وە ابراهیمی کوڕی نەصرئاباذی حاڵی حەللاجیان بە دروست دا ئەنا، بەڵام زۆرینەی شەیخە صۆفیەکانیش لەو چەند شتەی کە دەری ئەبڕی لێی بێ بەرین، بڕوانە: (سیر الأعلام النبلاء) (ب١٤_ل٣١٤) الطبقة السابعة عشر، الحلاج. وە حافیزی ئیبن و مولەققەن لەبەر گومانی چاکی بەو لە کتێبی(طبقات الأولياء)(ل١٨٧) دایناوە. وە هەروەها ئیمامی قوشەیریش لەبەر گومانی چاکی بەو لە سەرەتای کتێبەکەی کە باسی بیروباوەڕی شەیخەکانی ئەو ڕێگایە ئەکات، وتەی مەنصوری حەللاجی هێناوە سەبارەت بە عەقیدەی صەحیحی موسڵمان (رسالة القشيرية)(ل١٩)، هەرچەندەش ئیبن و مولەققەن ئەفەرموویێت: "بە شمشێری شەرع کوژرا، واتە حوکمی کوشتنی بۆ درا. ئیمامی شەعرانیش ئەفەرموویێت: "لە کتێبی تاریخی ئیبن و خەلەکان ئەو دەقەم خوێندەوە: (حوسێنی کوڕی حەللاج کوژرا کەچی هیچ شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەسەلمێندرا کەوا کوشتنەکەی پێویست بکات)، وە هەروەها ئیمامی شەعرانی ئەم وتانەشی لە حەللاجەوە نەقڵ کردووە کە فەرموویەتی: (حجبهم بالإسم فعاشوا، ولو ابرز لهم علوم القدره لطاشوا، ولو كشف لهم عن الحقيقه لماتوا) واتە: بەهۆی ناوی ئەوەوە پەردەپۆش کران هەربۆیە دەستیان بەژیان و خۆشی دونیا کرد، واتە خۆیان بە خشتەی دەرەوەی قال و قیلی شەرع خەریك کرد هەر بۆیە حەقیقەتیان لێ پەردەپۆش کرا، جا ئەگەر بێت زانستی قودرەتی خوای گەورەیان بۆ وەدەرکەوێ ئەوە شێت ئەبن و ژیریان لە دەست ئەدەن، وە ئەگەر بێت و حەقیقەتی ناو و سیفەتەبەرزەکان و حەقیقەتەکانی ئیمان و ئیسلام وئیحسانیان بۆ وەدەرکەوێ ئەوە بەرگە ناگرن و ئەمرن. وە هەروەها ئەیفەرموو: (مَنْ أسْكَرَتْهُ أنوار التوحيدِ، حَجَبَتْهُ عَنْ عِبارةِ التجريدِ، بَلْ مَنْ أسكرته أنوار التجريدِ نَطَقَ عَنْ حقائقِ التوحيد، لأن السكران يَنْطِقُ بكل المكنون)، واتە: هەر کەسێك نوورەکانی یەکتایی بێ هۆشی بکات

**که ئەیگوت (أنا الحق) واته: من حەقم، ئیتر زاناکانی سەردەمی خۆی حوکمیان لەسەرداو بەوە تۆمەتباریان کرد کەوا مەزهەبەکەی (إتحادو حلولە) واته: یەکبوون تێکەڵبوون لەگەڵ خوای گەورە خوا پەنامان بدات، ئەوەبوو بە ناشیرینترین شێوەش کوشتیان سەرەتا دەست و قاچیان بەبەرچاوی خەڵکەوە بڕی، ئینجا لەسەریاندا، دوای ئەوەش سوتاندیان، ئەمە چ بێ ویژدانیەکە بەرامبەر ئەو زاتە مەزنە کردوویانە، جا خۆشەویستان ئەوەی بڕوای وابێت کەوا خوای گەورە خودی زاتی خۆی دێتە ئاسمانی دونیا ئەوە بە بڕوای من هەروەك چۆن حەلاجی بەستەزمانیان لە خاچدا حوکمی ئەو کەسەش لای من لەخاچدانە ئەمەش بەڵگە هەموو گەردیلەکان و فۆتۆنەکانی ئاسمانەکان بگرە بە ئەلیکترۆن و پرۆتۆن و نیوترۆن و کوارکەکان و لەمانەش بچوکترو گەورەتر گشتی دروستکراوی خوای گەورەن، جا ئەمانە هەموو گەردونیان لە خۆ گرتووە، بۆیە بەپێی ئەو مەزهەبە فیکرییە باتڵەی کە ئەڵێ خوای گەورە دائەبەزێتە ئاسمان ئەو کاتە هەموو ئەو گەردیلەو فۆتۆناتانەو غەیری ئەمانەش هاوار ئەکەن (أنا الحق) واتە خوای گەورە لەگەڵ ئێمەیا تێکەڵ بووە، ئەمانیش ئەو حەقە وەرئەگرن، بەڵام دوورە دوورە بۆ ئەو جۆرە بیرە.**

**خۆشەویستان بەپێی زانستی سەردەم سەلمێنراوە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیشیاندایە لە مادده دروستکراوە،[184] جا هیچ جیاوازییەکیش لە ماددەدا**

---

ئەوە پەردەپۆش ئەکرێ لە ئاماژەو دەستەواژەکانی غەیری ئەو، واتە: تەنیا بۆ ئەو یەکلایی بۆتەوەو غەیری ئەوی لێ پەردە پۆشکراوە لە بوونەوەران، بۆیە هەر کەسێك نوورەکانی یەکلایی بوونەوە سەرخۆشی بکات ئەوە گوفتار لەبارەی حەقیقەتەکانی یەکتایی ئەکات، لەبەر ئەوەی کەسی سەرخۆش گوفتار لەبارەی هەموو شتێکی شاراوە ئەکات. بڕوانە: (الطبقات الكبرى للشعراني)(ب١_ل١٩٥).

[184] جگە لە تیۆری ژێ بێ سنوورەکان نەبێ (الأوتار الفائق)، کە داهێنەرانی ئەو تیۆرییە پێیان وایە، ئەم گەردوونە لە بری مادده گشتی لەو دەزووە باریکەکانە پێك هاتوون کە لە ژمارە بەدەرن و بەچاو نابینرێن و

**نیە، ئیتر ئەو ماددەیە لە ئاسمان بێت یاخود لە جەستەی مرۆڤ، هەروەك زانراوە ماددە چوار پلەو دۆخی هەیە ١. ڕەقی ٢. شلی ٣. گازی ٤. پلازما، جا ئەوەی لە گەردوونەدا هەیە لەم چوار دۆخە تێپەڕناکات، بۆیە زۆر وریابە خوای گەورە زۆر لەوە گەورەترە لەگەڵ دروستکراوێکی خۆی تێکەڵ ببێت، بەڵام بۆت هەیە بڵێی خوای گەورە خۆی دەرئەخات بۆ ئاسمانی دونیاو هەموو ئاسمانەکانیش بەڵکوو بگرە بۆ مرۆڤیش هەر کاتێك ویستی لەسەر بێت، بۆیە ئەگەر لەم شتانەی کە باسمان لێوە کرد تێگەیشتی ئەوە لە سیفەتی دوورو نزیکی خوای گەورەو هاتنی لە ڕۆژی دوایی بۆ ساحەی مەحشەرو خۆ دەرخستنی بۆئەهلی بەهەشت تێئەگەی.**

**خۆشەویستان ئیمامی قوشەیریش ئەفەرمووێت: "خوای گەورە نەفەصلە وە نە وەصلێشە"، واتە: خوای گەورە نە لەدەرەوەی گەردوونەو نە لە ناوەوەشیەتی تاوەکوو تێکەڵی بێت، وە هەروەها ئیمامی قوشەیری لە ئیمامی جەعفەری صادیقەوە بۆمان نەقڵ ئەکات کەوا فەرموویەتی : "هەرکەسێك وا گومان ببات کەوا خوای گەورە لە ناو شتە یاخود لە شتە یاخود لەسەر شتە، ئەوە هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیارداوە، چونکە ئەگەر لەسەر شت بێت ئەوە هەڵگیراو ئەبێت، وە ئەگەر لە ناو شتیش بێت ئەوکاتە سنووردار ئەبێت، وە ئەگەر لە شتیش بێت ئەو کاتە دروستکراو ئەبێت"[185].**

---

گشتی وەك شەبەکەیەکی ئاڵۆز لە نێو یەکن، ئەوان ڕەفزی ماددە ئەکەنەوە. بڕوانە: (الأوتار الفائقة _ نظرية كل شيء) هی پۆل دیڤس وە جولیان بڕوان. وەرگێڕانی: دکتۆر أدهم السمّات.

[185] (الرسالة القشيرية)(ل١٨). واتە: ئەگەر خوای گەورە لەسەر شتان بێت ئەو کاتە پێویستی بەوە ئەبێت کەسانێك هەڵیبگرن ئەوەش کەم و کوڕیە بۆ خوای گەورە، چونکە یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە (القيوم) واتە: ڕاگیرکەر، وە ئەگەر لەناو شتانیش بێت ئەو کاتە خوای گەورە سنووردار ئەبێت، جا خوای گەورەش سنووری بۆ نیە، وە ئەگەر لە شتانیش بایە ئەو کاتە دروستکراو ئەبوو نەك دروستکەر، ئەمانەش گشتی پێچەوانەی شەرع و عەقڵ و واقیعن.

قوربانی ئەم موناجاتەی حەزرەت بم کە جوانی فەرمووە: (اللهم أنت الظاهر فليس قبلك شيء، وأنت الباطن فليس دونك شيء، وأنت الأول فليس قبلك شيء، وأنت الآخر فليس بعدك شيء)[١٨٦]، واتە: (خوایەگیان هەر خۆت دیارو ئاشکرای لەسەرووی تۆوە هیچ شتێکی تر نیە، وە هەر خۆشت باتن و زانای بەناوەوەی هەموو درووستکراوان و گەردوون وەك بلێی هیچ شتێك لە ناوەوەی گەردوون بوونی نیە تەنیا تۆ نەبی، وە زاتێکی یەکەم و بێ سەرەتای و هیچ شتێك بەر لە تۆدا نەبووە، وە هەر خۆشت زاتێکی بێ کۆتایی و نەمری کە لە دوای تۆوە هیچ شتێکی تر بوونی نیەو گشتی فانیە).

جەنابی شێخمان حەزرەتی شێخ عەباس لە شەیخی خۆیەوە شێخ محمد نەمر خەتیبەوە[١٨٧] بۆمان ئەگێڕێتەوە کە یەکێك بووە لە عەلامەکانی سەردەمی خۆی

---

[١٨٦] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (أدب المفرد)(ژ٩١٩). ئیمامی موسلم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٧١٣). وە حاکم لە (المستدرك)(ب١_ل٧٣٠_ژ٢٠٠٢). وە ئەبو داود لە (سنن ابی داود)(ژ٥٠٥١). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٨٣١)، وە ئیبن حیبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٩٦٦). ریوایەتیان کردووە. ئەلبانی ریوایەتەکانی ئەبو داود و ترمذی بوخاری بە صەحیح داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٧_ل١٥٧٩_ژ٣٥٩٦). وە حاکمیش ئەفەرموویێت: "سەنەدەکەی صەحیحە"، وە ئیمامی زەهەبیش موافقە لەسەری. بڕوانە: (جامع الاحاديث للسيوطي)(ب٢_ل١٦٥_ژ١٠٧٨).

[١٨٧] محمد نەمر خەطیب لە شاری حەیفای فەلەستین لە دایکبووە لە ساڵی (١٩١٨ز)، ئەو زاتە یەکێکە لە زانا هەرە بەرزەکانی دونیا لە زەمانی خۆیدا، وە سەرکردەیەك بووە لە (إخوان المسلمين)، وە لە ساڵی (١٩٤١ز) کاری لەسەر دامەزراندی کۆمەڵەی ئیعتصام کردووە، وە دوای شەهید کردنی عز الدين قەسسام لە فەلەستین ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بووژاندنەوەی موسڵمانان دژی جولەکە جا چ لە ڕێی وتارەکانیەوە یاخود لە ڕێی نوسینەکانی، خۆی دەرچووی کۆلێژی هەزهەرەو پسپۆڕە لە بواری (ئوصول الدين)، وە لە کۆلێژی زانستە شەرعیەکان و ئادابی بەغدا وەك پیشەی وانە گوتنەوە کاری کردووە، چەند دانراوێکیشی هەیە لەوانە: (أحداث النكبة، من إثر النكبة، الإيمان طريقنا الى النصر، حقيقة اليهود والمطامع الصهيونية)، بەڕێزیان مامۆستای شێخمان بووە لەو کاتەی کە لە بەغدا وانەی گوتووەتەوە، وە لە شاری مەدینەش لە ڕۆژی عەرەفە لە ساڵی (٢٠١٠ز) لەتەمەنی ٩٢ ساڵیدا وەفاتی کردووە رحمه الله. بڕوانە: (ویکیبیدیا موسوعة الحرة) لە ئینتەرنێت.

**ئەفەرمووێ: چوومە خزمەت جەنابی شێخ مصطفی کمال الدین[188] هەرشەمی لە هەولێر بۆ ئەوەی ئیجازەی زانستی لێ وەربگرم، ئەوەبوو لەبەردەم حەزرەتی شێخ مصطفی دانیشت و داوای ئیجازەی لێ کرد ئەوەش بزانن پێشتر هاوەڵایەتیشیان نەبووە، ئەوەبوو شێخ مصطفی پێی فەرموو: "پێویستە تاقیت بکەمەوە بزانم ئاستی زانستیت چۆنە ئەویش فەرمووی باشە، جەنابی شێخ مصطفی پێی فەرموو: "ئەی شێخ محمد بە نووری خوا سەیری تۆم کرد کەوا تۆ زانای لە هەموو زانستەکان پێویست ناکات تاقیت بکەمەوە بەڵام کە سەیرم کردی تەنیا یەك پرسیار نازانی بۆیە ئەو پرسیارەت لێ ئەکەم، ئەگەر زانیت ئیجازەت ئەدەمێ ئەویش ئەوەیە: خوای گەورە بەردەوام قسەی لەگەڵ حەزرەتی موسا کردووەو بەردەوام ئەو تەجەللیەی هەبووە لەگەڵی، باشە بۆ لە کێوی طوور ئاگری بەگوفتار هێنا بۆ کەلامی خۆی؟ کە خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا جَآءَهَا نُودِىَ أَنۢ بُورِكَ مَن**

---

[188] مصطفی کمال الدینی کوڕی شێخ ئەبو بەکر غیاث الدینی هەرشەمیە، (د١٨٨٨ز_و١٩٨٦ز)، لای زۆرێك لە زاناکان خوێندوویەتی، وە لای باوکی بەڕێزیان ئیجازەی زانستە شەرعیەکان و ئیجازەی ئیرشاددی پەروەردەکردنی موریدانی وەرگرتووە، باوکیشیان لەگەڵ شێخ محمد عوسمان کە ناسراوە بە شێخی چۆلی بەیەکەوە لە خزمەت شێخ عوسمان سراج الدینی یەکەم ئیجازەی ئیرشادیان وەرگرتووە، وە جەنابی شێخ عوسمانیش لە مەولانا خالیدی شارەزووری وەری گرتووە، جا حەزرەتی شێخمان شێخ عەباس لە جەنابی شێخ مصطفی ئیجازەی ئیرشادی وەرگرتووە. جەنابی شێخ مصطفی یەکێکە لە زاتە هەرە مەزنەکان، وە یەکێك بووە لە زانا مەزنەکانی جیهان لەسەردەمی خۆی، هەر دوانزە زانستە شەرعیەکەی لە مزگەوتی خۆی لەشاری هەولێر بە فەقێیان ئەگوتەوە، میراتگرێکی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوابووﷺ، یەکێکە لە ڕابەرە مەزنەکانی تەریقەتی نەقشەبەندی لە کوردستان و جیهانی ئیسلامی، وە زاتێکە بە سەدان کەڕاماتی لێبینراوە بەشایەتی سەدان کەس، وە لەدوای خۆشی دانراوی بۆمان بەجێ نەهێشت، بەڵام موریدێکی زۆری پەروەردە کردو چەندین کەسی لەوان گەیاندە پلەی ئیرشادی خەڵك، مەزاری پیرۆزیشی لە شاری هەولێرەو شوێنی زیارەتگای خەڵکە. بڕوانە: (نجمنا الزاهر تاریخ حیاة الشیخ مصطفی کمال الدین النقشبندي)هی عەقید نەکتەل کشمووله. وە (حیاة الشیخ محمد عثمان الملقب بالشیخ الچولي) هی مامۆستا زوبێر هەولێری.

فِي ٱلنَّارِ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَسُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٨ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّهُۥٓ أَنَا ٱللَّهُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ۝٩﴾[189] ئەوەبوو شێخ عەباس ئەفەرمووێت: "نەپرسیارەکەی زانی وە نە ئەو ڕوونکردنەوەش کە جەنابی شێخ مصطفی بۆی نوسی بوو لێی تێگەیشت، وەلأمەکەش زۆر ئاسانە کە جەنابی شێخ مصطفی فەرموویەتی: (لاَ هُوَ وَلاَ غَيْرُهُ) واتە: (ئەو قسەکردنەی ئاگرە بەزمانی خوای گەورە نەخودی ئاگرەکەیە وە نەغەیری ئاگرەکەشە)، ئەوەت لەبیر نەچێ ئاوێنەکە بخەرەوە یادت کە بۆم باسکردی والله أعلم.

موسڵمانی خۆشەویست ئەوەی بۆتم نوسیوە ئەبێت زۆر بیری لێ بکەیتەوە ئینجا بڕیارم لەسەر بدەی، چونکە لەوانەیە نەتوانی بەتەواوی لێی تێبگەی، ئەمە

[189] سورة النمل آية ٨_٩. واتە: (جا لەو کاتەی کە موسا پێغەمبەر ﷺ هاتە سەرکێوی طوور بۆ ئەوەی شتێك لەو ئاگرە ببات کە لە دوورەوە چاوی پێ کەوت، ئەوە بوو لە نێو ئاگرەکەو دەور بەری ئاگرەکەدا بانگی لێ کراو هەرچی بەرەکەت هەبوو تووشی حەزرەتی موساو ئەو فریشتانە بوون کە لەدەووروو بەری ئاگرەکەش بوون، جا دەنگەکە فەرمووی پاکی و پێگەردی بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ئەی موسا ئەوە منم پەروەردگاری هەموو جیهانیان کەزاتێکی شکۆمەندی داناو مەزنم) ئیمامی تەبەڕی ئەفەرمووێت: علی بۆی باس کردین و فەرمووی: عبد الله بۆی باس کردین و فەرمووی: موعایە بۆی باس کردم لە عەلی و ئیبن عەباسەوە کەوا فەرموویانە: مەبەست بە ﴿نُودِيَ أَنۢ بُورِكَ مَن فِي ٱلنَّارِ﴾ ئەوە خوای پەروەردگارە سبحانە وتعالی. بڕوانە: (تفسیر الطبري سورة النمل آية ٨_٩). وە هەروەها ئیبن و عەساکیر بە سەنەدی خۆی لە وەهبی کوڕی مونەببیهەوە ئەگێڕێتەوەو ئەفەرمووێت: (حەزرەتی موسا ﷺ لە دارەکەوە بانگی لێ کراو پێی گوترا: ئەی موسا، جا حەزرەتی موساش بەخێرایی وەلأمی دەنگەکەی دایەوە ئەمەش لەبەر هۆگری بوونی بەو دەنگەو فەرمووی: لە خزمەتتدام، من گوێم لە دەنگتە، وە هەستت پێ ئەکەم، وە ناشزانم تۆ لە کوێی، خوای گەورەش فەرمووی: من لەسەرتەوەم، وە لەگەڵتم، وە لەبەردەمتم، وە لە پشتەوەی تۆشم، وە لە نەفسی خۆت لە تۆ نزیکترم، جا حەزرەتی موسا زانی کەوا ناکرێ ئەم دەنگە کەسێکی تر بێ جگە لە پەروەردگاری نەبێت، بۆیە دڵنیابوو کەوا خوای گەورەیە گوفتاری لەگەڵ ئەکات.....). بڕوانە: (تاریخ مدینە دمشق)(ب٦١_ل٥٠) طبعة دار الفکر. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا خوای گەورە بێ شوێن و مەکانە، وە ئەوانەی شوێنی مەکانی بۆ دائەنێن ئەوە لە حەقیقەتی خوایەتی خوای گەورە نەگەیشتوون.

ڕێگایەکی کرداری کرانەوەی دڵە وا ئاسان نیە لێی تێبگەیت، وە هەروەها بەشێکم داناوە باسی چۆنیەتی کرانەوەی دڵ ئەکەین بە ویستی خوا، بۆ ئەوەی لە جیهانی ئەمرو میسال شتێکی لێیەوە فێرببین.

## خوای گەورە پاکە لە لاشەو شوێن و جوڵانەوە، وە پێویستیشی پێیانەوە نیە.

### أ. لاشە

خۆشەویستان (دکتۆر هانی ریزق)ئەفەرموویێت: "پێکهاتووەکانی گەردوون لە ڕووی فیزیاییەوە ئەکرێت بە دوو بەشەوە:

١. تەنی زەبەلاح و گەورە (أجسام كبرويه. Macro) وەکوو ئەستێرەکان و هەسارەکان و مەجەڕڕەکان.

٢. تەنە بچووکەکان (أجسام الصغرويه. Micro) وەکوو تۆزقالّی تۆز و خۆڵ و تەم. وە زیندەوەرییە تاك خانەییەکانیش وەکوو خانەکان و بەکتریا کە هەموویان ئەوەندە بچووکن لە توانای بینینی مرۆڤدا نین، وە ئەگەر ماددەش وردوخاش بکەین لە بواری تەنەکاندا ئەگەینە گەردیلەی ماددەکان کە هەر یەکەیان لە ئەلیکترۆنێکی بچووك پێك دێت کە بە دەوری تەنۆلکەی چەقیدا ئەسوڕێتەوە کە بەناوك ناسراوەو لە پڕۆتۆن و نیوترۆن پێك دێ، ئەوانیش لە کوارکەکان پێك دێن"[١٩٠].

---

[١٩٠] بڕوانە: (گەردیلە ناسی)(ل٥٠).

## ب. هێز

وه سەبارەت بە هێزەکانیش لەم گەردوونە (پڕۆفیسۆر ئومێد شیمشێك) لە بارەیەوە ئەفەرموویێت: "ئەو هێزانەی کە کار ئەکەنە سەر ماددەو وە کار لە یەکتر ئەکەن ئەوە چوار هێزن: هێزی کێشکردن، وە هێزی لاواز، وە هێزی کەهرۆموگناتیسی، وە هێزی ناوکی، ئەم هێزانە گەردیلە لە ناوەوە ئەپارێزن، وە هەروەها پەیوەندی لەگەڵ هاوسێ کانیدا لە سایەی ئەو هێزانەوە گەردیلەو گەردەکان و تەنە ئاسمانیەکان بە یەکترەوە ئەبەستێتەوەو هاوسەنگی بوونی لەگەردوون بەو پەڕی وردکاریەوە دێتە دی، وە لاوازترین هێزیش هێزی کێش کردنە، وە بەهێزترینیشیان هێزی ناوکیە"[191].

## ج. کات

وە سەبارەت بە کاتیش ئەوە خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَإِذَا قَضَىٰٓ أَمۡرٗا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ﴾[192]، واتە: خوای گەورە دروستەکەری ئاسمانەکان و زەویە، وە گەر بڕیاری شتێکیشی دا ئیتر کە وتی ببە ئەوە دەست بەجێ ئەبێ و ئەو شتە دێتە بوون، جا پەو پێیەوە گەردوون لە نەبوونی ڕەهاوە[193] بەکات و شوێنەوە وە بە هەر چوار هێزیشەوە دێتە بوون). وە زانای

---

[191] هەمان سەرچاوە (ل٥٣).

[192] سورة البقرة آية ١١٧.

[193] مطلق، واتە: ڕەها، کە نیشانەیە لەسەر یەکێك بەبێ دیاری کراوی، هەروەکوو سەید شەریفی جورجانی بەو جۆرە پێناسەی ڕەهای کردووە. بڕوانە (التعريفات)(باب الميم_فصل الطاء_ل٢١٤). مەبەست بە ڕەها: واتە شتێك کەوا نەتوانی سنووری بۆ دیاری بکەیت، یاخود ژمارەی بۆ دابنێیت، بۆ نموونە گەردوون لە پێش نەبووندا بە ڕەهایی نەبووە واتە: نەك هەبووبێ یاخود بەشێکی هەبووبێ، جا ئەو نەبوونە دانەیەکە کە پێی ئەگوترێت نەبوون، ئەو نەبوونە نیشانەیە لەسەر ڕەهایەتی خۆی تۆ ناتوانی پێناسەیەکی تری بکەیت یاخود

بەناوبانگی فیزیایی ئەنیشتاین ئەفەرموویێت: "کات: جولّەو قەبارەکەی کاری تێ ئەکات، وە کات بە ڕەهایی نیە بەڵکوو پەیوەستە بە جوولّە (....)، وە هەروەها جێگاش بە ڕەهایی نیە بەڵکوو پەیوەستە بەو شتانەی کە شوێن داگیر ئەکەن"[١٩٤].

## د. خێرایی

ئەنیشتاین ئەفەرموویێت: "خێرایی دوو سەرەوەی هەیە کە کات هێواش ئەکاتەوەو درێژیەکانیش زیاتر ئەچنەوە ناویەك، جا ڕووداوەکانی کات بە هێواشی ڕوو ئەدەن، بۆیە ئەو مەترەی بە خێرایی (٩٠٪) خێرایی تیشك ئەڕوات کات نیوەی ئەچێتەوە ناویەك، بۆیە تا خێرایی زیاتر بێت چوونە ناویەکی زۆر تر ئەبێت، وە گەر گەیشتە خێرایی تیشك (٣٠٠,٠٠٠ کم/چرکە) ئەوەندە ئەچێتەوە ناو یەك بزر ئەبێت"[١٩٥].

خۆشەویستان لە ئەنجامی درووست بوونی مادده لە یەك کاتدا شوێن و جولّەو لاکان و خێرایی پەیدابوو، ئیتر تۆ باسی چیم بۆ ئەکەی چۆن لاشەو ئەندام و دابەزین و شوێن و خێرایی ئەو شتانەم بۆ ئەدەیتە پاڵ خوایەك کە خۆی درووستکەری ئەم شتانەیە، ئەوەتا پێغەمبەری خواﷺ ئەفەرموویێت: (كَانَ اللهُ وَلَمْ يَكُنْ شَيْءٌ غَيْرُهُ)[١٩٦]، واتە: خوای گەورە پێش ئەوەی ئەم گەردوونە درووست بکات هەر هەبووەو هیچ شتێك لەگەڵ زاتی ئەودا بوونی نەبوو.

---

شتێك بدەیتە پاڵیەوە، کە دات پێی ئەو کاتە لە ڕەهایەتی دەرئەچێ و دێتە بوون، هەر بۆیەشە خوای گەورە دووری ڕەهاو کاتی ڕەهای بۆ بەکار ئەهێنرێت، بیری لێ بکەرەوە. دانەر

[١٩٤] بڕوانە: (گەردیلە ناسی)(ل٥٠).

[١٩٥] هەمان سەرچاوە (ل٥٥_٦٢).

[١٩٦] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٣١٩١). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٩٥٢) ریوایەتیان کردووە.

وە هەروەها سەبارەت بەو (كُنْ فَيَكُونَ)ـە ئەم ڕیوایەتە بخوێنەوە كە پێغەمبەری خوا ﷺ بە عبد الله كوڕی مەسعود ئەفەرمووێ: (لە بەهەشتدا تۆ سەیری باڵندەیەك ئەكەی و حەز بە خواردنی ئەكەی ئیتر دەست بەجێ بە سوورە كراوی لەبەردەمت ئامادە ئەبێت)[١٩٧] بەززارو بەیهەقی ڕیوایەتیان كردووە. خۆشەویستان ئەمە مەزنترین وردكاریە لە كات. تۆ سەیری فەرمایشتەكە بكە بە چاو باڵندەی بینیوە، جا لەگەڵ بینینەكە دڵ حەزی بە خواردن كردیە ئیتر باڵندەكە بەسوورەكراوی لەبەردەمی بووە، ئەمە چ گەورەییەكە بۆ ئەو خوایە مەزنە (سبحان الله). جا ئەگەر بیر لە وتەكانی ئەنیشتاینیش بكەیتەوە ئەزانی ڕەهایەتی خوای گەورە بۆ كات و خێرایی هێزو درووستكردن لە سەرووی ژیری مرۆڤەوەیە، جا ئازیزەكانم دوو كاتیش هەیە ئەبێ بیزانین سەبارەت بە دروستكردنی شتەكان بە (كن فيكون)، خوای گەورە ئەفەرمووێ: (إِنَّمَآ أَمۡرُهُۥٓ إِذَآ أَرَادَ شَيۡـًٔا أَن يَقُولَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ)[١٩٨]، واتە: بێگومان ئەمرو فەرمانی خوا ئەگەر بیەوێ شتێك بێنێتە بوون و دروستی بكات ئەوە بەو شتە نەبووە ئەڵێ كە بوونی لە زانستە ئەزەلیەكەی خۆیدا هەیە بەڵام لە واقیعا بوونی نیە (ببە ئەویش ئەبێ). كاتی یەكەم: یان ئەم شتە دەست بەجێ دێتە بوون. كاتی دووەم: یانیش لە مەودوا دێتە بوون هیچ پەلێپێكیش (تعارض) نیە چونكە (فيكون) ی (كن) بە صیغەی ڕانەبووردوو

---

[١٩٧] زەعیفە. بەززار لە (مسند البزار)(ب٥_ل٤٠١_ژ٢٠٣٢). وە حەسەنی كوڕی عەرەفە لە (الجزء حسن بن عرفة)(ل٥٣_ژ٢٢). وە عوقەیلی لە (الضعفاء الكبير)(ب١_ل٢٦٨). وە ئیبن و عەدی لە (الكامل في الضعفاء)(ب٢_ل٦٨٩). ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێت: "بەززار ڕیوایەتی كردووە، جا لە سەنەدەكەی حومەیدی كوڕی عەطای ئەعرەجی تێدایە زەعیفە". بڕوانە: (المجمع الزوائد)(ب١٠_ل٤١٤) باب فيما أعده الله سبحانه وتعالى لاهل الجنة.

[١٩٨] سورة يس آية ٨٥.

هاتووه واته لەو ساتەوه هەتا ئەو كاتەی كه لەمەودوا دێته بوون. بۆ نموونه چۆنیەتی درووست بوونی مندالّ لەو كاتەی ئەو ژن و پیاوه جووت ئەبن خوای گەوره گەر ویستی لەسەر دروستكردنی مندالّەكەیان بێت، ئەوه بەفەرمانی (كن فیكون) ئەو مندالّه دروست ئەبێ، ئەمه واتای ئەوه نیه مندالّەكه تەواو دەست بەجێ دروست بوو وه ئامادەیه بێته دەرەوه، نەخێر بەلّكوو (فیكون)ەكه كه لەمەودوا درووست ئەبێت لەماوەی چەند مانگێكا. ئەمەش سوونەتی خوای گەورەیه له دروستكردنی شتاندا. ئیتر بۆ خۆت بیر له هەموو نموونەكانی ئەو گەردوونه بكەوه وەكوو دروستكردنی ئەو مندالّه وایه، هەیه خێراتره هەشه دوائەكەوێ. بیر له هێنانی عەرشەكەی بەلقیس بكەوه كه چۆن له ماوەی چاو تروكانێك كۆشكەكەی لەبەردەم حەزرەتی سولەیمانا ئامادەبوو.

جا خۆشەویستان: خوای گەوره وەك ئەفەرمووێت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾[199] واته: (هیچ شتێك هاوتاو هاووێنەی خوای گەوره نیه لەم گەردوونەدا، وه زاتێكیشه بیسەرو بینەره). وه له شوێنێكی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ﴾[200] واته: هیچ كەسێك و هیچ شتێك لەم گەردوونەدا گەردوونەدا هاوتاو هاوشانی خوای گەوره نیه). جا تۆ ئەتەوێت خوا بشوبهێنی به دروستكراوەكانی له شێوەو ئەندام دانان و دابەزین كات و خێرایی و شوێن پەنا بەخوا خوای گەوره له هەموو ئەو شتانه پاكه، هەر بەیاسای فیزیایی بوونی خوا ئەسەلمێنرێت كه هاورێكه لەگەلّ زانستی كەلام لای قوتابخانەی ئەشعەری و ماتۆرێدیەكان و غەیری ئەمانەش له زاناكان. من ئەپرسم، ئەگەر ئێوه ئەلّێن خوا

[199] سورة الشورى آية ١١.

[200] سورة الإخلاص آية ٤.

لەسەر عەرشەو شوێنی هەیە، ئەوە کەم و کوڕییە بۆ خوای گەورە، چونکە وەك لە فەرموودەکە ئاماژەمان پێکرد خوای گەورە پێش دروست کردنی عەرش و هەموو شتێك زاتی هەر هەبووە ئیتر چۆن خوایەك ئەگەر پێش دروستکردنی گەردوون شوێنی نەبێت دوای دروستکردن شوێن بۆ خۆی دروست ئەکات؟ وە من ئەپرسم بە بەڵگەی قورئان و فەرموودە چەسپاوە کەوا هەشت فریشتە عەرشی خوای گەورەیان هەڵگرتووە، باشە ئەگەر ئێوە ئەڵێن فریشتەکان خوای گەورەیان هەڵگرتووە لەبەر ئەوەی لەسەر عەرشە ئەو کاتە ئەو خوایە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو سیفەتی ناتەواوی لە زاتی خۆیدا پەیدابووە، بۆیە ئەگەر خوایەکیش گۆڕانکاری بەسەردا بێت بە کەڵك پەرستن نایەت، وە ئەگەر ئەشڵێن خوای گەورە لە قورئان و پێغەمبەرەکەشی لە فەرموودە هەواڵی ئەو فریشتانەی داوە کەوا هەڵگری عەرشی خوای گەورەن، ئەو کاتە ئێمەش ئەڵێین بەڵێ ئیمانمان پێ هەیە، بەڵام خۆ خوای گەورە لەسەر عەرش نیەو پێویستیشی پێیانەوە نیە، بۆیە ئەڵێم پەنا بەخوا لەو وەسفە باتڵە کە دراوەتە پاڵ خوای مەزن، بەڵکوو هەموو گەردوون بەفریشتەکانیشەوە گشتی خوای گەورە بەزانست و توانای خۆی ڕاگیری کردوون، بەڵکوو ئەگەر بێت و بۆ یەك چرکە ساتیش بێ ئاگا بێت لەم گەردوونە ئەوە گشتی ئەفەوتێت و لە ناو ئەچێت، ئەی نەتبیستووە یەکێك لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە (القَيُّومَ)ـە واتە: ڕاگیرکەر. وە ئەی ئەم فەرموودەت نەبیستووە کەوا پێغەمبەری خواﷺ چۆن وەصفی یەکێك لە هەڵگرەکانی عەرشی خوا ئەکات کە ئەفەرموویێت: (أُذِنَ لِي أَنْ أُحَدِّثَ عَنْ مَلَكٍ قَدْ مَرَقَتْ رِجْلاهُ الأَرْضَ السَّابِعَةِ ، وَالْعَرْشُ عَلَى مَنْكِبِهِ ، وَهُوَ يَقُولُ : سُبْحَانَكَ أَيْنَ كُنْتَ ؟ وَأَيْنَ تَكُونُ ؟)[٢٠١]، واتە: ڕێگەم پێدرا کەوا وەصفی یەکێك لە فریشتەکانی هەڵگری

---

[٢٠١] صەحیحە. تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ژ٦٦٢٢). وە ئەبو یەعلا لە (مسند أبو يعلى)(ژ٦٦١٩).

عەڕشی خوا بکەم کە پێیەکانی لەو دیوی زەوی حەوتەمەوە دەرچووە، وە عەڕشیش بەسەر شانیەوەیەتی، جا فریشتەکە ئەم زیکرەش ئەکات: پاکی و بێگەردی بۆ تۆ خوایە لەوەی کە بە تۆ بگوترێت: کەوا لە کوێ بووی و لە کوێ ئەبیت، واتە: من تۆ بەپاك ڕا ئەگرم لەوەی کە شوێن و جێگا بۆ تۆ دابنێم.

جا ئەگەر کەسێك ڕەخنە بگرێت و بڵێ: مەبەست بەوە ئەوە نیە بەڵکوو مەبەستەکەی ئەوەیە کەوا ئەو فریشتە سەرسامە لەوەی کە نازانێ خوای گەورە لە کوێیە، وە شوێنی ئەو پێ نازانێت بۆیە لە خوای گەورە داوا ئەکات کە لە کوێیت.

ئێمەش ئەڵێین: ئەم وتەیە لە چەند ڕوویەکەوە پووچ و باتڵە.

ڕووی یەکەم: ئەو تەفسیر کردنەی ئێوە وا دەرئەخات کەوا ئەو فریشتەیە نەزان و جاهیلە بە پەروەردگاری جیهانیان.

ڕووی دووەم: چۆن پێغەمبەری خواﷺ لە فریشتەیەکی نەزانەوە ڕیوایەت ئەکات، بەڵکوو چۆن پێغەمبەری خواﷺ بۆ بیروباوەڕی خەڵکی ڕاست ناکاتەوە لە کاتێکا کەوا بەڕێزیان ئەو وتەیە بۆ خەڵکی ئەگێڕنەوە.

---

ڕیوایەتیان کردووە. جا ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی صەحیحە. بڕوانە: (المطالب العالية)(ب١٤_ل١٩١_ژ٣٤٣٦). وە هەیثەمیش ئەفەرمووێت: "پیاوەکانی ئەم فەرموودەیە پیاوانێکی صەحیحن". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١_ل٨٠) باب في عظمة الله سبحانه وتعالى.وە فەرموودەناس حوسێن ئەسەد بە صەحیحی داناوە سەیری (مسند أبى يعلى بتحقيق حسين أسد)(ب١١_ل٤٩٦_ژ٦٦١٩).

ڕووی سێیەم: چۆن خوای گەورە مۆڵەتی پێغەمبەرەکەی ئەداتﷺ بە ڕیوایەتکردنی لە فریشتەیەکی نەزانەوە سەبارەت بە بیروباوەڕی بەرز بوونەوە (العُلُوُّ)[٢٠٢].

ڕووی چوارەم: چۆن ئەم فریشتەیە نەزان ئەبێت لەوەی کەوا خوای گەورە لە ئاسمانە[٢٠٣]، وە هەروەکوو ئەوەی زانراوە لای قوتابخانەی ئیبن و تەیمیەو وەهابیەکان کەوا خوای گەورە لەسەر عەرشەکەی خۆی دانیشتووە، وە لەسەر شانی ئەو فریشتەیەشە.

جا ئەوانە لە نێوان دوو هەڵبژاردەدان:

یەکەم: لەوەی کەوا ئەوانە زاناترن لەو فریشتە نزیکە کە بە یەکێك لە هەڵگرەکانی عەرشی خوا هەژمارکراوە، جا ئەوان کەسانێکی خاوەن بیروباوەڕی ڕاست و دروستن، وە ئەو فریشتەش جەهمی بیدعەکارەو بیروباوەڕکەشی فاسیدە.

دووەم: ئەبێ واز لەو بیروباوەڕە پووچ و بەتاڵە بێنن کەوا خوای گەورە لەسەر عەرشە.

وە ئەگەر بەو ڕوونکردنەوانەش دڵت قەناعەتی نەکرد ئەوە سەیری ڕوونکردنەوەکەی خۆت بکە کەوا هەرچی لەو گەردوونە هەیە بە فریشتەکانیشەوە بگرە هیچ کەسێك نازانێ خوای گەورە چۆنەو چۆن نیەو بە بیروباوەڕی ئێوە[٢٠٤] لە کوێیەو لە کوێ نیە. واتە هەموو سەرسامن، ئیتر بۆ ئەڵێن

[٢٠٢] واتە: خوای گەورە بەرزبووەتەوە لەسەر عەرش.

[٢٠٣] واتە: بەدڵنیایەوە ئەزانێت چونکە ئەوان پێیان وایە خوای گەورە دائەبەزێتە ئاسمان هەموو شەوێك.

[٢٠٤] چونکە بە بیروباوەڕی ئێمەی ئەشعەری و ماتۆریدی وشەی شوێن و جێگا بۆ خوای گەورە دروست نیە.

لەسەر عەرشە ئەوە فریشتەیەکە نازانێت ئێوە چین؟ بڕەك خواتان بەگەورە بگرن و بچووکی مەکەوە (تَعَالَى اللهُ عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا).

خۆشەویستەکەم بزانە کەوا مامۆستا نورسی ﷺ لە بارەی ئەو ئایەتە پێکچووانەوە (متشابهات) چی ئەفەرمووێت:"بزانە کەوا بانگەوازی قورئان بۆ تێکڕای خەڵکیە بەگشتی، جا زۆرینەش لەو خەڵکانە خەڵکی عەوامن، وە ڕێژەی کەمتر شوێنکەوتەی زۆرینەیە لە دیدگای بانگەوازەوە، وە ئاڕاستەکردنی ئەو گوفتارەش بەرەو ڕووی عەوام ئەوە کەسە تایبەتیەکان سوود ئەبینن و وە بەشی خۆیان لیّ وەرئەگرن، جا ئەگەر بێت و بە پێچەوانەبایە ئەو کاتە عەوامەکان لێی بیّ بەش ئەبوون، وە لەگەڵ هەندێش زۆرینەی عەوامەکان بیری خۆیان سەرقاڵ ناکەن بە خەیالاّت و شتە دەق پێوەگرو باوەکان، چونکە ناتوانن پەی بە ڕاستیە پەتیەکان و ئەو شتانە ببەن کە لە بازنەی ژێریدان، مەگەر بە چاویلکەی ئەو شتانە نەبێت کە لە بازنەی ئەندێشەیاندایە، وە بە وێنەکردنی ئەو شتەش کەوا لە ئەندێشەیاندایە بەو شتە دەق پێوەگرو باوانە، ئەمەش بە مەرجێك نابێت لەسەر ئەم وێنەیەی کەوا خەیاڵی بۆ کردیە بوەستێت تاوەکوو مەیلی پێکچوواندنی سیفەت و لاکان و لاشە دروست نەبێت لەو ئەندێشەدا، بەڵکوو سەیرکردنەکەیان لە دیدگای (چاوی سەرو چاوی دڵ)[٢٠٥] پەی بە حەقیقەت و ڕاستیە هەست پێکراوەکان ئەبات و بەسەریاندا ئەڕوات.

بۆ نموونە جەماوەر بەگشتی خەیاڵی کاروباری پەروەردگاریێتی وەکوو کاروباری پاشایەك ئەبینن کە لەسەر تەخت و عەرشەکەی خۆیدا دانیشتبێت بۆ

---

[٢٠٥] ئەوەی نێو کەوانە زیادکراوی خۆمە بۆ ڕوونکردنەوە نوسیومە. دانەر

بەڕیوەبردنی دەسلاتەکەی، هەر بۆیەش خوای گەورە (کینایەی)[٢٠٦] هەلبژاردووە لەو ئایەتە ﴿ٱلرَّحۡمَـٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ﴾[٢٠٧]، جا مادەم هەست و نەستەکانی جەماوەر لەو نێوەندەدایە ئەوە ڕێبازی ڕەوانبێژی و ڕێگاکانی ڕێنمایی وا پێویست ئەکەن کە ڕەچاوی تێگەیشتنی جەماوەر بکرێت، وە ڕێز لە هەست و نەستیان بگیرێت، وە شان بەشانی ژیری ئەوان هەنگاو بنرێت، وە هزرو بیرەکانیان بە هەند وەربگیرێت. بەوێنەی کەسێك کە لەگەڵ منالەکانیدا بدوێت، ئەبینی کە چۆن خۆی وەك منال لیێ ئەکات، تاوەکوو ئەو مندالە لیێ تیێ بگات و دلّی بۆ بکاتەوە، جا شێوازی قورئان لەم چەشنە مەنزلگایەدایە کەوا ڕەچاوی جەماوەریان تێدا کراوە، ئەمەش پیێ ئەگوترێت: "دابەزاندنەکانی گوفتاری خوای گەورە بۆئاستی تێگەیشتنی ژیریی مرۆڤـ".

ئەم دابەزاندنەش بە مەستی ئەوەیە کە بە زەینی ئەواندا ئاشناو هاوڕاز بێت، جا لەبەر ئەمەیە کە شێوەی شتە پێکچووەکان (متشابهات) بە وێنەی چاویلکەیەك لەسەر چاویان دانراوە.

---

[٢٠٦] كِنَايَةٌ: قسەیەکە مەبەستەکەی شاردراوەتەوە لە کاتی کارپێکردن، ئەگەرچی ماناکەشی دیار بێت لە زماندا (...)، وە ماناکای شاراوەتەوەو ناناسرێت مەگەر بە نزیکێکی زیادە نەبێت بۆ نموونە: (أَنْتَ، إِنَّهُ) ئەم تائو هائە پیتی کینایەن: (كَنَوْتُ الشَّيْءَ وَ كَنَيْتُهُ) واتە: شتەکەم شاردەوە، وە ئەوم شاردەوە. بڕوانە: (التعريفات)(باب الكاف_فصل النون_ل١٨٦) هی سەید شەریفی جورجانی.

[٢٠٧] سورة طة آية ٥.

ئایا نابینی کە ڕەوانبێژەکان بە زۆری "خواستن" (إستعارە)یان بەکارهێناوە، تاوەکوو لە شێوەیەکی سادەو ئاساندا تەصەوری واتا قوولەکان بکرێت، یان وێنەی واتا پەرش و بلاوەکان بکرێت؟[208].

## ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئایەتی ﴿وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي﴾[209].

به داخەوە هەندێك لەوانەی کە قورئان تەفسیر ئەکەن بۆ زمانی کوردی، جا خەلکانێك وا تێگەیشتوون کەوا خوای گەورە لە ڕۆحی خۆی فووی بە بەر ئادەمدا کردووە. حاشا پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە. تەفسیری ئایەتەکە بەو جۆرەیە (ئەی فریشتەکان هەر کاتێك ئادەمم دروست کرد، وە لەو ڕۆحە تایبەتیەی کە دروستم کردووە بە بەر جەستەی ئەوم دا کرد ئێوەش کڕنووشی بۆ بەرن)، جا ئەگەر بلێین (مِنْ)ـەکە واتە: (لە) بۆ (تَبْعِيضَ) واتە: (هەندەکایەتی) ئەوە هەلەیەکی گەورەیە، چونکە ئەگەر بلێین ئەو (مِنْ)ـە بۆ (تَبْعِيضَ) ئەوکاتە تەفسیرەکەی بەم شێوەیە ئەبێت واتە: (ئەی فریشتەکان هەر کاتێك ئادەمم دروست کردو لەو ڕۆحەی کە بەشێکە لە خۆم فووم بە بەر جەستەیدا کرد ئێوەش کڕنووشی بۆ بەرن)، جا ئەزانین چی ئەقەوما ئەو کاتە ڕۆحی مرۆڤەکان بەشێکە لە ڕۆحی خوا واتە: خوای گەورە لە ناو جەستەی هەموو مرۆڤێکدایە هەر بۆیەش هەر کەسێك بڕوای وا بێت ئەوە گەورەترین زەندیق و کافرە، ئەی ئەو(مِنْ)ـە چیە؟ ئەلێین بۆ (تَبِينَ) واتە: بۆ ڕوونکردنەوەیە، وە ئیزافەی وشەی (رُوحِي) ئەوە گەورەیی و تایبەتمەندێتی ئەو ڕۆحەیە لای خوای گەورە هەروەك ئەگوترێت (ناقة

---

[208] بڕوانە: پەیامەکانی نوور (ئاماژەکانی ئیعجاز)(ب٧_ل٥٣٢)، یاخود (رسائل النور)(إشارات الإعجاز)(ب٥_ل١٧٠). هی مامۆستا نورسی.

[209] سورة ص آية ٧٢.

الله)، وشترەکەی صالّح پێغەمبەر عليه السلام خوای گەورە بەوە ناوبردووە لە قورئاندا کەوا ئەوە وشتری خوایە، جا ئەم ئیزافەیە بۆ بەگەورەزانینی ئەم وشترەیە لای خوای مەزن، بۆ نموونە ئەوانەش (أَرْضُ الله) وە (بَيْتُ الله) هتد. وە هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ﴾[210]، واتە: (خوای گەورە بۆ ئێوەی ڕام کردووە هەرچی وا لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە بە تێکڕایی لە چاکەو بەخشش و میهرەبانی خۆیەتی کە بە ئێوەی بەخشیوە)، جا ئەگەر بێت و دەستەواژەی ﴿جَمِيعًا مِّنْهُ﴾ بەو جۆرە تەفسیر بکەین واتە: (بەتێکڕایی لەو سەرچاوەیان گرتووەو هەرچی وا لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە گشتیان بەشێکن لە خوای گەورە)، جا ئەم تەفسیر کردنە زۆر ترسناك و مەترسیدارەو تەفسیرێکی باتڵە، چونکە بەپێی ئەو تەفسیرەی کە ئەوان بۆ (من)ـەکەی (نَفَخْتُ فِيهِ مِنْ رُوحِي) ئەکەن ئەبێ بەهەمان شێوە ئەو (من)ـەی ئێرەش بەهەمان ئەو تەفسیرەی سەرەوە ئەبێ تەفسیری بکەن بۆیە پوچەڵی هەردوو شێوازی تەفسیرکردنەکەی هەندێك لە بانگخوازان و ڕاڤەوانانی قورئان بۆ زمانی کوردیمان خستە بەردیدی خوێنەرە بەڕێزەکان.

تۆ گوێ لەم بەسەرهاتە بگرە ئیمامی شەعرانی ئەفەرمووێت: "یەکێ لە هەژارە عەجەمەکان هاتە لام و لەو کاتەشدا من نەخۆش بووم، جا پێم گوت: تۆ کێی؟ فەرمووی: من ئیبلیسم، منیش گوتم: چۆن؟ فەرمووی: من خوامە، من پێغەمبەرەم، من بەرازم، من هەموو شتێکم کە لەم گەردوونەدا هەیە، ئیمامی شەعرانیش ئەفەرمووێ: هیچ توانایەکم بەخۆمەوە نەبینی کەوا بێ دەنگی بکەم

[210] سورة الجاثية آية ١٣.

بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە تاوەکوو بزانم کە کێ شایەتی بۆ ئەدات[211]، جا ئیمام پێی فەرموو: تۆ عەقڵت تەواوە؟ فەرمووی: بەڵێ، منیش گوتم: ئەی چۆن ئەو شتانەت گوتت؟ فەرمووی: لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی کە لەو گەردوونە هەیە گشتی سەرچاوەکەی لە خواوە دەرچووە لە کاتێکدا لە غەیری خوای گەورە شتێکی تر بوونی نەبوو بۆیە هەموو شتەکانیش هەر بۆ لای ئەو ئەگەڕێتەوە، منیش گوتم: ئەوە بیروباوەڕێکی خراپە، ئەوەتا ئیبلیس خوای گەورەی بەپاك گرت لە چاو غەیری خۆی، لەبەر ئەوەی خۆی دانی بەوە داناوە کەوا دروستکراوە بە بەڵگەی ئەو ئایەتە ﴿خَلَقۡتَنِي مِن نَّارٖ﴾[212]، جا ئیمام فەرمووی: نەم بینی کەوا ئەو زەندیقە وەڵامێکی هەبێ و بەرپەرچم بداتەوە، ئەوەبوو بەو بیروباوەڕە پیس و خراپە منی بەجێهێشت و ڕۆیشت"[213]. جا خۆشەویستان چونکە گاورەکانیش هەر لەسەر بابەتە گومڕا بوون و وتیان: خوای گەورە بوونی دەرناکەوێت تەنها بەوە نەبێت لەسەر شێوەی ئادەمیەك خۆی نیشانی بەندەکانی بدات، دواتر بەشێکی خوا هاتە نێو جەستەی مەریەمەو خوایەك لە دایکبوو کە ناوی عیسایە (علیه السلام)، جا خۆشەویستان ئەمانە گشتی گومڕاییەو باتڵە وریابە، جا ئەم گومڕاییەی کە گاورەکان توشیان بوو هەمووی لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەیان بوو لە پەیڕەوی ڕاستەقینەی ئینجیلی پیرۆز کە حەزرەتی عیسا ﵇ پەیڕەوی لێ کردبوو، جا لە بری ئەوە چوون زبڵدانی مێژوویان هەڵدایەوەو چەند شتێکی بۆگەنی فەیلەسوفە یۆنانیەکانیان لە نێویدا دەرهێناو کردیانە دیاری بۆ مرۆڤایەتی ئەوەتا

---

[211] مەبەستی ئیمام والله أعلم ئەوەیە ئایە ئەگەر هێزو توانای هەبایە جا یان لێی ئەدا یاخود ڕادەستی قازی ئەکرد بۆ بڕیاردان لەسەری.

[212] سورة الأعراف آية ١٢.

[213] (القواعد الكشفية الموضحة لمعاني الصفات الإلهية)(ل٦٣) هی ئیمامی شەعرانی .

سەرەنجامەکەمان بینی کە سەریان بەرەو کوێ ڕۆیشت. خۆشەویستان ئیمامی شەعرانی دوای ئەو هەموو تێکۆشانەی کە لەگەڵ نەفسی خۆیدا کردی گەیشتە پلەی پیاوچاکێتی، وە لە ئاستی پلەی زانستیشدا گەیشتە پلەی ئیجتیهاد، ئەفەرمووێت: "ڕۆژێکیان گوێم لە دەنگێك بوو پێی گوتم: "ئەگەر ئەمجارە کڕنوشت برد لە ناو نوێژدا ئەوە بڵێ: سُبْحَانَ مَنْ كَانَ جَمِيعَ مَا عَرَفَهُ الْخَلْقُ مِنَ عَظَمَتِهِ كَذَرَّةٍ فِي هَوَاءٍ، لَيْسَ لَهُ سَقْفٌ وَلا أَرْضٌ".[٢١٤] واتە: پاکی و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی کە تێکڕای بوونەوەران گەورەیی و مەزنێتی ئەویان نەناسیوە مەگەر بەئەندازەی زەڕڕەیەکی هەوا نەبێ، کە نەسەقفی هەیە و نەزەوی. الله أكبر لەم تەسبیحاتە جوانە، وە هەروەها حاڵی فەلسەفەش لە چاو قوڕئان و فەرموودە وەکوو ئەم نموونە وایە کە مامۆستا نووڕسی لە بارەیانەوە ئەفەرمووێت: (لە گوندێکدا بیرێکی ئاوی سازگار هەیە بۆ سوود گەیاندنی خەڵکی ئەم گوندە، ئیتر خەڵکەکەش لە بری ئەوە سوود لەو ئاوە سازگارو ڕوونە وەربگرن هەستان چوونە ناو چیاکان بۆ ئەوەی بە دوای ئاودا بگەڕێن، دوای گەڕان و سووڕان ئاویان دۆزییەوە، ئێ خۆ زانراوە لە ناو چیاکاندا چەندین دڕندەی تیایە لەوانەیە لە ناویشیان ببات، جا ئەم دڕندانە لە لایەك، وە لە لایەکی تریشەوە ئەم ئاوە بە چ جۆرێك ئەهێننەوە بۆ خەڵکی گوندەکە جا سەرەڕای ئەو هەموو ماندووبوونەو مەترسی لەناوچوونیان هیچی تریان پێ نامێنێتەوە. جا خۆشەویستان گوندەکە ئەم دونیایەیە، وە بیرەکەش قوڕئان و فەرموودەو حیکمەتی ئیلهام کراوی خوای گەورەیە، وە چیاکانیش بیرو ئەندێشەو خەیاڵە پووچەکانی فەیلەسووکانە[٢١٥].

---

[٢١٤] (القواعد الكشفية الموضحة لمعاني الصفات الإلهية)(ص٤٦).

[٢١٥] ئەوەت لە بیر نەچێ زانستی کەلام کە زاناکانی قوتابخانەی ئەشعەری و قوتابخانەی ماتۆریدی ئەیخوێنن زەمکراو نیە، هەر کەسێکیش زەمی بکات ئەوە لە نەزانینی خۆیەتی، مەبەستی مامۆستا نوڕسی ئەو

کوفریاتەیە کە فەیلەسوفەکان لە بابەتە خواییەکان هەڵخلیسکاون تیایدا، بۆ ئەم کارەش ئیمامی غەزالی و غەیری ئەویش بەرپەرچی گشت ئەو کوفریاتانەیان داوەتەوەو بیروباوەڕێکی صەحیحی باوەڕپێکراوی لە قورئان و فەرموودەو حیکمەت و عەقڵ و واقیع خستوویانە نێو کتێبە ئیسلامیەکان، جا ئەگەر کەسێك گوتی ئەم زانستە لەسەردەمی پێغەمبەری خوایا ﷺ نەخوێندراوە بۆچی ئێوە زانستێکتان زیاد کرد لە کاتێکدا دینی خوای گەورە کاملە، ئێمەش وەڵامیان ئەدەینەوەو ئەڵێین، زانستی کەلام حیکمەتە، بۆیە حیکمەتیش تایبەت نیە بە هیچ سەردەمێکەوە، بەبەڵگەی ئەو ئایەتە ﴿يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ ﴿٢٦٩﴾﴾ سورة البقرة آية ٢٦٩. واتە: خوای گەورە ویستی لەسەر هەر کەسێك هەبێت ئەوە حیکمەت و دانایی پێ ئەبەخشێت، جا هەر کەسێکیش بەهرەمەندبوو بەهۆی ئەو حیکمەتەوە ئەوە بەڕاستی خێرو چاکەیەکی گەلێك زۆری پێ بەخشراوە، بەڵام ئاگاداربن تەنیا ئەو کەسانە ئەبنە خاوەنی ئەو حیکمەتە کە خاوەن عەقڵن و ئاسۆکانی بیرکردنەوەیان زۆر فراوان و تیژە. وە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەش کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (الكَلِمَةُ الْحِكْمَةُ ضَالَّةُ الْمُؤْمِنِ فَحَيْثُ وَجَدَهَا فَهُوَ أَحَقُّ بِهَا)، واتە: وتەو گوفتاری حیکمەت ونبووی ئیماندارە، جا لە هەر شوێن و کاتێکا ئەو حیکمەتەی دۆزیەوە ئەوە حەقی خۆیەتی، مافی کەسێکی تر نیە تا شانازی پێوە بکات و بەهی خۆی بزانێ، چونکە ئەو دۆزیویەتەوەو خۆی شایەنیەتی. ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجە)(ژ٤١٦٩). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٦٨٧). وە بەیهەقی لە (المدخل فی سنن الكبرى)(ژ٤١٢). وە ئیبن و عەدی لە (الكامل في الضعفاء)(ب١_ل٣٧٦). وە عوقەیلی لە (الضعفاء)(ب١_ل٦١_ژ٥٦) گشتیان لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە، جا ترمذی ئەفەرمووێت: "ئەمە فەرموودەیەکی غەریبە نایناسم تەنیا لەم ڕووەوە نەبێ، وە ابراهیمی کوڕی فەزڵی مەخزومی فەرموودەی بە زەعیف دانراوە لەبەر خراپی حیفزەکەی". وە ڕەویانی لە (مسند الروياني)(ژ٣٣) لە ئیبن و بورەیدەوە ئەویش لە باوکیەوە. وە ئیبن و عەساکیر لە (تاريخ مدينە دمشق)(ب٥٥_ل١٩٢_ژ٦٩٥٥) بە دوو ڕێگەوە لە ئیمامی عەلی. وە ئیبن و عبد البر لە (جامع بيان العلم وفضله)(ب١_ل٤٢٢_ژ٦٢٢) لە عەلیەوە. وە ئیبن و حیبان لە (كتاب المجروحين من المحدثين)(ب١_ل١٠١_ژ١٥) لە تەرجەمەی ابراهیمی کوڕی فەزڵی مەخزومی. وە قوضاعی لە (مسند الشهاب)(ژ١٣٩) لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ڕیوایەتیان کردووە. وە ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف إبن أبي شيبه)(ب١٢_ل٤٥٥_ژ٣٦٦٩٢) لە سەعیدی کوڕی ئەبو بوردەوە ڕیوایەتیان کردووە وە ئیمامی سیوطیش ئەفەرمووێت: "ترمذی لە ئەبو هورەیرەوە، وە ئیبن و عەساکیر لە عەلیەوە ڕیوایەتیان کردووەو فەرموودەیەکی حەسنە"، وە مەنناویش و غوماریش بەحەسەنیان داناوە، بڕوانە: (فيض القدير)(ب٥_ل٦٥_ژ٦٤٦٢)، وە (المداوي لعلل الجامع الصغير)(ب٥_ل٧٧_ژ٦٤٦٢) وە ئەلبانیش ئەفەرمووێت: "زۆر زەعیفە"، بڕوانە: (ضعيف الجامع الصغير)(ژ٤٣٠٢)، وە (ضعيف الترمذي)(ژ٥٠٦). وە ئەم ڕیوایەتەش هاتووە: (العلم ضالة المؤمن يغدو في طلبه، فكلما أصاب منه شيئا حواه، ويطلب إليه غيره)، واتە: زانست ونبووی ئیماندارە، هەر بۆیەش کە بەیانی کردەوە پەلە ئەکات بۆ داواکردنی، جا هەر کاتێك شتێکی لەو زانستەی وەدەستکەوت ئەوە لە لای خۆی کۆی ئەکاتەوە، داوای زانستێکی تر ئەکات. ئەبو

وە هەروەها زانای پایەبەرز مامۆستا عەلی باپیر[٢١٦] تێبینیەکی هەیە لەسەر وشەی ڕۆح پێم خۆشە بۆتانی نەقڵ بکەم ئەویش ئەوەیە کە ئەفەرموویێت: "گیانداران (حەیوانات) ژیانیان بە بەردا کراوە نەك (گیان)، جا ئەوەی گیانی بە

---

نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٣_ل٣٥٤_ژ٢٤٧). وە بەیهەقی لە (المدخل فی سنن الكبرى)(ژ٤١٣). وە حافیزی ئەبو خەیثەمە لە (كتاب العلم بتحقيق الألباني)(ب١_ل٦١_ژ١٥٧) هەر لە عبد الله کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. جا لێکۆڵەری کیتابەکەی ئیبن و عبد البر کە ئەبو ئەشبال زوهەیریە سەبارەت بە سەنەدی ئیبن و عبد البر ئەفەرمووێت: سەنەدەکەی (لَيِّنَ) نەرمیەکی تێدا هەیە، وە سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی ئەبو نوعەیم و بەیهەقیش ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی حەسەنە". وە ئەلبانیش ڕیوایەتەکەی ئەبو خەیثەمەی بە صەحیح داناوە. منیش ئەڵێم: فەرموودەکە حەسەنە. جا خۆشەویستان زانستی کەلامیش حیکمەتێکە خوای گەورە ئیلهامی دڵی حەکیم و زاناکانی کردووە، دروستەو هیچ پێچەوانەیەکی شەرعی تێدایە نیە، ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾﴾ سورة آل عمران آية ١٩٠. واتە: بێگومان لە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی نێوان شەوو ڕۆژدا کۆمەڵە نیشانەیەکی مەزن هەیە بۆ ئەو کەسانەی کەوا خاوەن عەقڵن و بیر لە مەزنێتی پەروەردگاریان ئەکەنەوە کەوا لەبەرزترین لوتکەی بەدیهێنان و بەجوانترین شێوە ئەم گەردوونەی بەدیهێناوە، جا بێگومان لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیە بەروبوومی زانستی کەلام و فەلسەو حیکمەت بەرهەم دێت، ئەمەش خوای گەورە ئیزنی داوە کەوا مرۆڤ بیر لە گەردوون و خودو کۆمەڵگا بکاتەوە، هەر کەسێکیش ئەمە مەنع بکات تەنیا لە نەزانینی خۆیەتی، بۆیە ئەو نابەڵگەیەی کە زانا حەنبەلیەکان ئەیانەوێ بیکەنە بەڵگە کەوا ئەو زانستە لەسەردەمی پێغەمبەری خوایا ﷺ نەخوێندراوە تەنیا گومانەو خەڵکی نەزان پێ هەڵئەخەڵەتێنرێت، بۆیە ئاگاداربە!

[٢١٦] عەلی باپیر وەتمان لە قەزای پشدەر سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایکبووە لە ساڵی (١٩٦١ز)، بەڕێزیان یەکێکە لە زاناو بیریارو سیاسەتمەدارەکانی ئەو سەردەمە، وە دەستێکی باڵایان هەبوە لە جیهادی ئیسلامی لە نێوان ساڵەکانی (١٩٨٠ز_٢٠٠٣ز)، وە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵی ئیسلامی، وە خۆیشی ئەمیری کۆمەڵەکەیە، وە سەرەڕای تێبینیەکانیشمان لەسەر بەڕێزیان بەڵام تاوەکوو ئێستاکە خزمەتێکی زۆری بە گەلی کورد کردووە، وە لەگەڵ داگیر کردنی عێراقدا مامۆستای بەڕێز دوو ساڵان لای ئەمریکیەکان بەدیل گیرا، ئینجا دواتر ئازاد کرا، وە زۆر دانراویشی هەیە کە بەناوبانگترینیان (عەقیدەی ئیسلامیە کە شەش بەرگە، وە ڕێگای خواو بەرەو صالح بوون، وە زۆری تریش). بۆ زیاتر شارەزا بوون لە ژیانی مامۆستا بڕوانە: (ویكیبیدیا موسة الحرة) لە ئینتەرنێت.

بەردا کرابێ ئەوە مرۆڤە، هەر بۆیەشە بەرێزیان پێیان باشە وشەی (حەیوانات) کاتێ ئەکرێتەوە کوردی وا ڕاسترە بگوترێت (ژیانداران) نەك (گیانداران)"[٢١٧].

## چۆنیەتی کرانەوەی دڵ

خۆشەویستان ئەم بەشە بڕەك هەستیارەو ئەبێت بە زانایی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە ئەگەر وانەکەین ئەوە ساحیرو وەلی خوا لەیەکتری جیاناکەینەوەو هەموو شتەکان تێکەڵ بەیەکتری ئەبێت هەروەکوو وا بە چاوی خۆمان ئەبینین حاڵی ئوممەت چۆن شڵەژاوەو هەمووماں بە نێو یەکتری کەوتین، بۆیە تکا ئەکەم وەکوو ئەمانەتێکی زانستی هیچ شتێك بە درۆ مەخەنەوە هەتاوەکوو لێکۆڵینەوەی لە بارەیەوە ئەکەن، چونکە لە ڕۆژی دواییدا لێپێچینەوەی لەسەر ئەکرێت بۆیە وریابن!.

ئێمە لەبەشەکانی پێشوو باسی نەفس و دڵ و ڕۆح و عەقڵمان کرد بە وتە جا ئەم جارەیان بۆ تێگەیشتن لەم چەمکانە پێویستی بە کردار هەیە، جا بۆ کردارەکانیش چەندین ئایەت و فەرموودەو وتەی زاناکانی لەسەر ئەهێنین وەك بەڵگەیەك لەسەر ڕاستی بابەتەکە بە پشتیوانی خوای گەورە ﷻ.

عبد الله کوڕی ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبل لە کتێبی (زوائد الزهد) ڕیوایەتێکی هێناوە لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە رضي الله عنه ، جا ئوبەی ئەفەرمووێت: ئەبو هورەیرە بوێر بوو لە پرسیار کردن لە پێغەمبەری خوا ﷺ، لە شتانێك کە خەڵکی تر نەیان ئەپرسی غەیری ئەو، ئەوەبوو بە پێغەمبەری خوای ﷺ فەرموو:

[٢١٧] ئەم وتەیەی مامۆستا عەلی باپیر لە کتێبی (عەقیدەی ئیسلامی) هێناویەتی بەڵام کامە بەرگە لە بیرم نەماوە، بەس دڵنیاتان ئەکەمەوە سەدا سەد خۆم لەوێ خوێندوومەتەوە.

ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ یەکەم شتێك لە ئەمری پێغەمبەرایەتی کە بینی بێت چیە؟ ئەویش خۆی هەستاندەوە لە دانیشتن و فەرمووی: بە ڕاستی پرسیارت کرد ئەی ئەبو هورەیرە کاتێ تەمەنم دە ساڵ و چەند مانگێك ئەبوو ئەو کاتە لە بیابان بووم لەسەر سەرمەوە گوێم لە وتە بوو، ئەوەبوو منیش تەماشام کرد پیاوێك بە پیاوێکی تری ئەگوت: ئایا ئەوە هەوە؟ فەرمووی: بەڵێ، جا ڕوویان تێکردم بە ڕوخسارانێك کە لەمەو پێش ڕووخساری وام نەبینی بوو بە ڕووی هچ کەسێکەوە، ئیتر بەرۆیشتنەوە بەرەو ڕووم هاتن و هەر یەکێکیان باسکێکی دەستی منیان گرت و بێ ئەوەش هەست بە دەست لێدانی ئەوان بکەم. ئەوەبوو یەکێك لەوان بە هاوەڵەکەی گوت: ڕای کشەو پاڵی کەوێنە، ئەویش پاڵی کەواندم بەبێ درێژبوون و چەمینەوە[218]، جا یەکێکیان بە ئەوی تری گوت: سینگی لەت بکە، ئەوەبوو یەکێکیان سینگی لەت کردم بێ ئەوەی خوێن ببینم یاخود هەست بەژان بکەم، جا فەرمووی: ڕق و کینەو حەسوودی دەربێنە، ئەوەبوو شتێکی لە شێوەی (عەلەقە) پارچە گۆشتێکی بچووکی لە سینگم دەرهێناو پاشان فڕێیدا، دوای ئەوە پێی گوت: سۆزو ڕەحمەت و میهرەبانی بخە نێوی، ئەوەبوو لەشێوەی ئەوەی کە فڕێیاندا شتێکیان هێنا کە لە شێوەی زیو ئەچوو لە ناو سینگی منیان دانا، پاشان پەنجەی گەورەی ڕاستەی پێم لەرزی، ئینجا گوتی: بەیانی بکەرەوەو[219] سەلامەت بە، جا گەڕامەوە بەیانیم ئەکردەوە نەرم و نیان بووم لەسەر منداڵان، وە بەسۆزیش بووم بۆ گەوران)[220]. جا لە ڕیوایەتێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: ئەنەسی کوڕی

---

[218] واتە بەبێ ئەوەی لەسەر ئەرز درێژی بکات.

[219] سەر لە بەیانی یەکەی کە ڕۆژ هەڵدێت و خەڵك بە ئاگا دێت بەمەش بەیانی ئەکاتەوە.

[220] حەسەنە. ئیمامی عبد الله کوڕی ئیمامی ئەحمەد لە (زوائدە علی المسند)(ب٥_ل١٣٩_ژ٢١٢٩٦) ڕیوایەتی کردووە. وە هەیثەمیش لە (مجمع الزوائد))ب٨_ل٢٢٣)دا ئەفەرمووێت: "پیاوەکانی سەنەدی ئەم فەرموودەیە جێگای متمانەن (ثقات) وە ئیبن و حیببان متمانەی پێ کردوون". وە ضیائی مەقدیسی لە

**مالیك ﵁ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا خۆشەویستمان حەزرەتی جوبریل ﵇ هاتۆتە لای و لەکاتێکدا کە لەگەڵ منداڵان یاری کردوە، ئەوەبوو خۆشەویستمانی گرت و دای بەزەویداو[٢٢١] سینگی لەت کردو دڵی دەرهێنا، جا لە ناو دڵیدا پارچە گۆشتێکی بچووکی دەرهێناو پێی فەرموو: ئەمەش بەشی شەیتانە لە تۆدا، دواتر لە ناو تەشتێکی زێڕ بە ئاوی زەمزەم شۆردی، ئینجا پێکی وەناوەو وەکوو خۆی لێ کردەوەو لە شوێنی خۆی دایناوە، ئەوەبوو منداڵان ڕایان کرد بۆ لای دایکی[٢٢٢]و پێیان گوت: بەڕاستی محمد ﷺ کوژرا. جا کە پێشوازیان لێ کرد ڕەنگی ڕووخساری گۆڕا بوو (لە ترسان)، ئەنەس ئەفەرموویێت: شوێنی دوورینەکەی سینگی پێغەمبەرم بینیوە ﷺ "[٢٢٣].**

**وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا کە لە شەوی ئیسڕاو میعڕاج جارێکی تر سینگی پیرۆزیان لەتکراوە، ئەنەسی کوڕی مالیك ﵁ ئەفەرموویێت: "ئەبو زەڕی غیفاری ﵁ باسی ئەوەی ئەکرد کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (کاتێ کە لەمەککە بووم سەقفی ماڵەکەم لەتکراو جوبریل دابەزی، جا سینگی**

---

(الأحاديث المختار)(ب٤_ل٣٩_ژ١٢٦٤). وە ئیمامی بوصەیریش لە (إتحاف الخيرة المهرة)(ب٧_١٥) ڕیوایەتیان کردووەو لای ئەو فەرموودەیەکی حەسەنە. وە ئەلبانیش لە (السلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل٦١) هێناویەتی و قسەی لەسەر فەرموودەکەش کردووە کە ئەفەرموویێت: نەزانراوی تێدایە بەلاَم شاهێدو (ئەطڕافیشی) لەسەر فەرموودەکە ئەهێنێتەوە. بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب١٠_ل٢٠٦_ژ٩٤٣٨). وە هەروەها ئیبن و کەثیریش لە (تەفسیری سورەتی الحشر)دا هێناویەتی.

[٢٢١] واتە لەسەر زەوی درێژی کرد.

[٢٢٢] دایکی شیری کە حەلیمەی سەعدیە بوو ﵄.

[٢٢٣] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١٦٢) ڕیوایەتی کردووە. وە ئەلبانیش لە (السلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل٦١) هێناویەتی.

لەتکردم و پاشان بە ئاوی زەمزەم شۆردی، ئینجا تەشتێکی زێڕی هێنا کە پڕبوو لە ئیمان و حیکمەت هەمووی بەتاڵی ناو سینگم کرد، پاشان سینگمی وەکوو خۆی لێکردەوە، ئینجا دەستمی گرت و بەرزی کردمەوە بۆ ئاسمانی دونیا)[٢٢٤].

هەروەها خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموویت: ﴿أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ ۝١﴾[٢٢٥]، واتە: (ئەی ئێمە سینگی تۆمان شەرح نەکرد ئەی محمد ﷺ بەوەی کەوا فراوانمان کردوو پڕ مان کرد لە نووری ئیمان و ئیسلام و حیکمەت و میهرەبانی ..هتد). وە لە شوێنێکی تردا ئەفەرموویت: ﴿فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهۡدِيَهُۥ يَشۡرَحۡ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ﴾[٢٢٦]، واتە: (خوای گەورە ویستی لەسەر هەر کەسێك بێت ئەوە ئینشیڕاحی سینگی ئەکات بۆ ئیمان و ئیسلامەتی)، واتە سینگی فراوان ئەکات و پڕی ئەکات لە ئیمان. جا لە عبد الله کوڕی مەسعودە ڕیوایەتکراوە کەوا پێغەمبەری خوا ئەو ئایەتەی خوێندەوەو فەرمووی: (إِنَّ النُّورَ إِذا قُذِفَ فِي القَلْبِ إِنْشَرَحَ لَهُ الصَّدْرُ وَانْفَسَحَ، قِيلَ يَارَسُولَ الله: هَلْ لِذلِكَ عَلَمٌ يُعْرَفُ؟ قَالَ: نَعَمْ، التَّجَافِي عَنْ دَارِ الغُرُورِ، وَالإِنَابَةُ اِلَى دَارِ الخُلُودِ، وَالإِسْتِعْدادُ لِلْمَوْتِ قَبْلَ نُزُولِهِ)[٢٢٧]. واتە: بێگومان هەر کاتێ کە نووری خوای گەورە خرایە دڵێکەوە ئیتر

---

[٢٢٤] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ١٦٣٦). وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٦٣) ڕیوایەتیان کردووە. ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە لە (صحيح الجامع الصغير)(ب٢_ل٧٧٣_ژ٤١٩٩).

[٢٢٥] سورة الإنشراح آية ١.

[٢٢٦] سورة الأنعام آية ١٢٥.

[٢٢٧] حەسەنە. ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف)(ب١٣_ل٢٢١). وە ئیبن و ئەبی دونیا لە (القصر الأمل)(ل١٣١) وە لە (ذكر الموت) لە حەسەنەوە. وە ئیبن و جەریر لە (تفسير الطبري)(ب٩_ل٥٤٣). وە بەیهەقی لە (الأسماء والصفات)(ل١٩٩) لە عبد الله کوڕی میسوەرەی کوڕی جەعفەری صادیقەوە. وە لە (الزهد الكبير)(ژ٩٧٤) لە عبد الله کوڕی مەسعودەوە. حاکم لە (مستدرك حاكم)(ژ٧٩٤٤) لە عبد الله

سینگی شەڕح ئەبێت و فراوان ئەبێت، پێیان فەرموو: ئایا نیشانەیەك هەیە بۆ ئەوەی بزانین چۆنیەتی ئەو ئینشیڕاحە چۆنە؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ، پشت کردنە دونیا کەخەڵکی پێیەوە مەغرور ئەبێت، وە گەڕانەوەو ڕووکردنە دوارۆژ کە شوێنی مانەوەی هەتایی مرۆڤەکانە، وە خۆ ئامادەکردنیش بۆ مردن بەر لەوەی یەخەی پێ بگرێت و هیچی پێ نەکرێت. جا بە گوێرەی ڕیوایەتەکان (سێ جاران) سینگی پیرۆزی لەتکراوە، دوو جاریان لە کاتی منداڵی وە جارێکیش لە شەوی ئیسڕاو میعڕاج. وە ئەش کرێ دوو جاران بێ بەپێی جیاوازی ڕیوایەتەکان واللە اعلم، جا خۆشەویستان ئێوە بیر لە وتەکانی ئیمام غەزالی بکەنەوە کە چۆن پێناسەی

---

کوڕی مەسعودەوە ڕیوایەتیان کردووە.لەفزەکە هی حاکمە. جا بەیهەقی لە ڕیوایەتەکەی عبد اللە کوڕی میسوەرە ئەفەرمووێت: (لە سەنەدەکەی پچڕانێك هەیە)، بەلاَم ڕیوایەتەکەی تری نە عەدی تێدایە وە نە سەعیدیش". وە حاکم لەسەر فەرموودەکە بێ دەنگەو زەهەبیش ئەفەرمووێت عەدی کوڕی فەزڵی تێدایە ساقیتە، واتە: فەرموودەی ئەو پیاوە مونکەرەو نانوسرێتەوە"، بڕوانە: (تلخيص الذهبي على المستدرك)(ب٤_ل٣١١). لە سەنەدەکەی عەدی کوڕی فەزڵی تێدایە ئیبن و عەساکیر لە بارەیەوە ئەفەرمووێت: "ئەبو قاسم مەنصوری کوڕی خەیرونی نەسیب و غەیری ئەویش لە ئەبو بەکری طەییبەوە ئاگاداری کردینەوە، فەرمووی: ئەبو عبد اللە ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی عبد اللە کاتیب ئاگاداری کردینەوە، فەرمووی: محمدی کوڕی حومەیدی کوڕی سەعیدی کوڕی سەهلی مەخزومی ئاگاداری کردینەوە، فەرمووی: عەلی کوڕی حوسێنی کوڕی حیبان ئاگاداری کردینەوەو فەرمووی: نوسراوێکم لە نێو پەرتووکی باوکمدا دۆزیەوە بە دەست نووسی خۆی کەوا نوسرابوو: ئەبو زەکریا کە یەحیای کوڕی مەعینە ئەفەرمووێت: عەدی کوڕی فەزڵ جێگای متمانەیە، وە موعتەمەرو ئەصمەعی ڕیوایەتیان لێوە کردووە) بڕوانە: (تاريخ دمشق للحافظ إبن العساكر)(ب٤٠_ل١٥٤_ژ٤٦٦٨)، وە غەیری ئەویش بە زەعیفیان داناوە. وە سەبارەت بە سەعیدی کوڕی عبد الملكی کوڕی واقیدی حەڕڕانی کە یەکێکە لە پیاوەکانی تری سەنەدەکە ئیبن و حەجەر لەبارەیەوە ئەفەرمووێت: (ئەبو حاتەم فەرموویەتی: "قسە ئەکرێ لەبارەیەوە، وە فەرموودەی درۆ ڕیوایەت ئەکات". وە دارەقوطنیش ئەفەرمووێت: "ئەو پیاوە زەعیفەو ناکرێتە بەڵگە"، بەلاَم ئیبن و حیبان متمانەی پێداوە)، بڕوانە: (لسان الميزان للحافظ إبن حجر العسقلاني)(ب٤_ل٦٥_ژ٣٤٥٠). وە (كتاب الثقات لإبن حبان)(ب٨_ل٢٦٧). ئەلبانیش لەبەر ئەم دوو پیاوە ئەم فەرموودەی بەزەعیف داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٢_ل٣٨٣_ژ٩٦٥). بۆیە منیش لەسەر ئەساسی متمانەکانی ئیبن و مەعین و ئیبن و حیبان ڕیوایەتەکەی حاکم بەحەسەن دائەنێم واللە أعلم.

**لەطیفەی[٢٢٨] ڕۆح و دڵی کرد، ئەمانە گشتی پەیوەندی بەو ئینشیڕاحەی سینگەوە هەیە. جا ئەوەی ئێمەو ئیمامی غەزالی و وێنەی ئەویش کە لەم شتە تێگەیشتبێ ئەزانێ ئەم لەتبوونەو ئینشیڕاحە موعجیزەیەکی گەورەی پێغەمبەرمانە ﷺ، چونکە حەزرەتی موسا خۆی داوای ئینشیڕاحی سینگی کرد بە بەڵگەی ئەو ئایەتە**

---

[٢٢٨] ئیمامی ئەحمەدی فاڕوقی سەرهەندی کە بەناوبانگە بە ئیمامی ڕەببانی، وە لەگەڵ شێخ عەلی ئەفەندی هەولێری هەر دووکیان ئەفەرموون: (لە سینگی مرۆڤدا پێنج لەطیفە هەیە (قەلب، سیڕ، ئەخفا، خەفی، ڕۆح) چۆنم بەڕیز نوسیوە شوێنەکانیشیان بەهەمان شێوەیە لە سینگی مرۆڤدا، ئەخفا لەناوەڕاستی سینگە خەفی و ڕۆح لەلای ڕاستەیە، دووانەکەی تریش لەلای چەپەنە، وە هەندێکی تریش ئەفەرموون حەوتن بێ لەو پێنجە ئەوانەش لەطیفەی (ناری و طالیبە) نارییەکە لە قۆڵی ڕاستەیە، وە طالبیش لە نێوچەوانە. جا ئەوانەی کە لەطیفەکانیان ئەبێتەوە هەست بە کرانەوەکەی ئەکەن، جا ئەمانە هەریەکەو ١٠٠٠٠ هەزار پەردەن، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (دون الله سبعون ألف حجاب من نور وظلمة....) ئەبو یەعلاو بەیهەقی و غەیری ئەم دووانەش ڕیوایەتیان کردووە، جا ئیمامی بوصەیری ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی زەعیفە لەبەر زەعیفی موسای کوڕی عوبەیدە". بڕوانە (إتحاف الخيرة المهرة)(ب٨_ل٢١_ذ٧٥٤١). وە (الأسماء والصفات للبيهقي)(ب٢_ل٢٩٢_ژ٨٥٤). واتە: (خوای گەورە حەفتا هەزار پەردەی هەیە لە نوور و تاریکی) جا هەر ئیمام بەیهەقی دوای ڕیوایەتکردنی فەرموودەکە ئەفەرمووێت: "ئەو پەردانەی کە باسی لێوە کراوە بۆ درووستکراوەکانی ئەگەڕێتەوە نەك بۆ خودی خوای گەورە). وە هەروەها ئیمامی قوشەیری بەسەنەدی خۆی تا ئیبن و عەباس ڕیوایەتێکی هێناوە کەوا ئیبن عەباس ئەفەرمووێت: (خوای گەورە وەحی کرد بۆ موساو پێی فەرموو: من دە هەزار ئامرازی بیستنم لە تۆ دانا هەتاوەکوو گوێت لە فەرمایشتی من بوو، وە دە هەزار زمانیشم پێدای هەتاوەکوو وەڵامت دامەوە) ئیمامی قوشەیری ڕیوایەتی کردووە، جا شەیخولئیسلام شێخ زەکەریای ئەنساڕی لە شەرحی ئەم هەواڵەی ئیبن و عەباس ڕەخنەی نەگرتووەو بەدرۆشی نەخستووەتەوە بەڵکوو ئەفەرمووێت: "بەندە هیچ توانایەکی نیە بۆئەوەی وەڵامی پەروەردگاری بداتەوە مەگەر خوای گەورە یارمەتی بدات و هێزێکی زیاتری پێ ببەخشێ تاوەکوو وەڵامی بداتەوە" بڕوانە (نتائج الأفكار شرح الرسالة القشيرية_باب السماع_ب٤_ل٢٤٦). جا بۆ لاچوونی ئەم هەموو پەردەیەو نوورانی کردنی ئەوە پێویستە پاك بکرێتەوە لە گشت سیفەتە خراپەکان و خۆ خەریکردن بە زیکرو فیکرو چاکە کاری و وە هەبوونی موڕشیدی کامڵ تا یارمەتیت بدات لە کردنەوەکەی، چونکە ئەوەی پێغەمبەریش ﷺ هەر وەك لە فەرموودەکان کە هاتووە لە ڕێی فریشتەکانەوە کراوەتەوەو یارمەتیان داوە). بڕوانە (مكتوبات الإمام رباني_ ب١) وە (ژیاننامەی شێخی حوسامەدین) هی شێخ عەلی ئەفەندی هەولێری.

﴿قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي﴾[٢٢٩]، واته: (پێغەمبەر موسا فەرمووی: "پەروەردگارم سینگم شەرح کە"). کەچی خوای گەورە بەخۆی بە پێغەمبەرمان ئەفەرموویێت ئێمە سینگی تۆمان شەرح کرد بەبێ ئەوەی پێغەمبەرمان داوای بکات ئەمەش پلەی گەورەیی خۆشەویستمان بۆ بە دیار ئەکەوێت (ڕۆحم فیدای بێت). جا لەتکردنی سینگی پیرۆزی لە مندالّی بۆ نەمانی خودی شەیتان بوو لە ناو سینگی، وە پڕکردنی ئەو لەطیفەیە بوو لە سۆزو میهرەبانی. جا ئەگەر لەتکردنەکەی مندالّی هەر یەك جار بوو بێت ئەمەش بەهۆی جیاوازی ڕیوایەتەکان ئەوکاتە ئەبێتە دوو بەش یەکمان باسکرد و ئەوەکەی تریش بۆ ئەوەبوو تاوەکوو هەموو لەطیفەکانی سینگی پیرۆزیان بکرێتەوەو توانای بینینی جیهانی غەیب و فریشتەو خوای گەورەیان هەبێت، چونکە بەبێ ئەم کرانەوەیەی لەطیفەکانی سینگ هیچ کەسێك ناتوانێ ئەم جیهانە ببینێت. وە هەروەها لە شوێنێکی تردا خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿أَفَمَن شَرَحَ ٱللَّهُ صَدۡرَهُۥ لِلۡإِسۡلَٰمِ فَهُوَ عَلَىٰ نُورٖ مِّن رَّبِّهِۦۚ فَوَيۡلٞ لِّلۡقَٰسِيَةِ قُلُوبُهُم مِّن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ﴾[٢٣٠]، واته: ئایا ئەو کەسەی کەوا خوای گەورە سینگی شەرح کردووە واته: (پڕ نوورو ئیمانی کردووە) بۆ سەر ڕاستە شەقامی ئیسلامەتی کە لەسەر نووری پەروەردگارەوە بەو ڕێگەدا ئەڕوا وەکوو ئەو کەسانەن کەوا دلّەکانیان ڕەق بووە لە زیکرو یادی خوای گەورە کە گەورەترین زیکریش قورئانی پیرۆزە، جا وەیل و سزای دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کەوا دلّ ڕەقن لە ئاست قورئان و زیکرو یادی خوای گەورە، بۆیە هەر کەسێك خوای گەورە ئەو چاکەیەی لەگەلّ بکات ئەوە خێرێکی زۆری دەستکەوتووە.

---

[٢٢٩] سورة طه آية ٢٥.

[٢٣٠] سورة الزمر آية ٢٢.

## نهێنی بانگەوازی پێغەمبەری خوا ﷺ.

خوای گەورە لەسەر زاری حەزرەتی ئیبراهیم لە قورئاندا بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا فەرموویەتی: ﴿رَبَّنَا وَٱبۡعَثۡ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُزَكِّيهِمۡۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾[٢٣١]، واتە: خوایە گیان پێغەمبەرێك هەر لە نێو خۆیاندا بۆیان ڕەوانە بکە بۆ ئەوەی ئایەتەکانی تۆیان بەسەریاندا بخوێنێت و فێری قورئان و سوننەتیان بکات و تەزکیەیان بکات.

لەم ئایەتە پیرۆزەوە گەیشتینە سێ خاڵ کە حەزرەت پشتی پێوە بەستووە بۆ بانگەوازەکەی

١. قورئان.
٢. سوونەت واتە (فەرمایشتە پیرۆزەکانی).
٣. تەزکیە (ئەم خاڵەی سێیەم بە درێژی باسی لێوە ئەکەین انشاء الله).

خۆشەویستان خوای گەورە لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿لَقَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ بَعَثَ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡ أَنفُسِهِمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ﴾[٢٣٢]، واتە: بەڕاستی خوای گەورە منەت و ڕەحمەتی خۆی نایە سەر ئیمانداران بەوەی کەوا پێغەمبەرێکی هەر لە نێو خۆیاندا بۆ ڕەوانە کردن بۆئەوەی ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەسەردا بخوێنێتەوەو تەزکیەیان بکات

[٢٣١] سورة البقرة آية ١٢٩.

[٢٣٢] سورة آل عمران آية ١٦٤.

و فێری قورئان و سونهتیان بكات. ههمان شتی باس كرد بهڵام لێرهدا تهزكیهی پێش خست.

## چۆن بانگهواز بكهین.

١. زانست كه پێك هاتووه له نووری پێغهمبهرایهتی ئهویش قورئان و فهرموودهی پیرۆزه

٢. تهزكیه كردنی دڵ و نهفسهكان بهڵام چۆن؟زاناكانی ئههلی دڵ زۆر بهجوانی لهم وشهی (تهزكیه) تێئهگهن ههروهكوو له ئایهت و فهرمودهكانی پێشووتردا باسمان لێوه كرد، وه یهكێك له نهێنیه ههره گهورهكان كه خالّی سێیهمی بانگهوازهكهی بوو ئهویش لهتكردنهكهی سینگی پیرۆزی بوو تاوهكوو سینگی پیرۆزی ببێته وێستگهیهك بۆ وهرگرتنی ئهو نوورانهی كه له عهرشی خواوه ئههات و ئهویش دابهشی ئهكرده سهر تێكڕای مرۆڤایهتی و بوونهوهرانی تر له دیارو نادیار. چونكه ئێمه باسی ئهوهمان كرد ڕۆح له جیهانی ئهمره دواتر شێوهی دهرهكی بهبهردا كراو دروستكراو خرایه نێو جهستهی مرۆڤ، جا پهیوهندیهك ههیه له نێوان ڕۆحهكان، چونكه له یهك سهرچاوه بهدیهاتوون، وه ههروهها پهیوهندی ڕۆحی پێغهمبهرمان ﷺ به دڵی هاوهڵهكانهوه پهیوهندیهكی زۆرخێرا بوو، چونكه ههر كهسێك خۆشهویستمانی ببینایه بهس ئینكاری نهكردایه ئهوه یهكسهر تهزكیهی ڕۆحی ئهو كهسه به دهست ئههات، جا له ڕێی ڕۆحی خۆشهویستهوه ئهویش له ڕێی جیهانی ئهمرهوه ڕۆح و دڵی ئهو كهسهی نوورانی ئهكرد، جا بهمه ئهگوترێت: "تهزكیه" بهگوێرهی گوفتاری قورئانی، بهڵام لای ئههلی تهصهوف پێی

ئەگوترێت (تَصَرُّفُ القُلوبْ، وە تَوَجُّهْ)[٢٣٣] واتە: مامەڵە کردن لەگەڵ دڵەکان، وە ڕوو کردنە دڵەکان. با هەندێك نموونە لەسەر ئەوە بهێنینەوە

ئوبەی کوڕی کەعب ﷺ بۆمان ئەگێڕێتەوەو ئەفەرموویت: (لەمزگەوت بووم پیاوێك هاتوو نوێژی کردو قوڕئانی خوێند، منیش ئینکاری (شێوازی قورئان خوێندنەکەم) کرد، پاشان پیاوێکی تر هات و نوێژی کردو قوڕئانی خوێند جیا لە قوڕئان خوێندنەکەی هاوەڵەکەی، جا کە نوێژەکەمان تەواو کرد هەموومان چووینە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، منیش وتم:"ئەمە بەجۆرێك قوڕئانی خوێند منیش ئینکاریم کرد، وە ئەوە کەی تریش هاتوو قوڕئانی خوێند جیا لە قوڕئان خوێندنی هاوەڵەکەی، ئەوەبوو پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی پێیان کرد کەوا قوڕئان بخوێنن (لەبەر دەمی) ئەمانیش خوێندیان و پێغەمبەریش ﷺ قوڕئان خوێندنەکەی ئەوانی بە چاك زانی (واتە ڕەخنەی لێ نەگرتن)، جا ئوبەی ئەفەرموویت"شتێکی وەکوو درۆ کەوتە ناو نەفسم لەگەڵ ئەوەش خۆ لەسەردەمی نەزانین نەبووم"، جا

---

[٢٣٣] لەوانەیە کەسێك (إعتراض) بگرێت و بڵێت: ئەی چی ئەڵێی بەو نزایەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەیفەرمووو: (اللهم مصرف القلوب صرف قلوبنا على طاعتك) ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٦٥٤) ڕیوایەتی کردووە. واتە: (خوایە گیان ئەی ئەوەی کە ئالۆ گۆڕی دڵەکانت بە دەستە دڵمان لەسەر گوێڕایەڵی و پەرستشی خۆت جێگیر بکە). ئێمەش وەڵامی ئەدەینەوە بۆ ئەوەی لەو تەوەجوهو تەصەڕوفە خەڵك بەهەڵە لێی تێ نەگات، ئەوە بزانە لەم گەردوونە هیچ کەسێك هیچ شتێکی بەدەست نیە، بەڵام هەر یەکەو کارو پیشەی خۆی هەیە، بۆ نموونە فریشتەی ڕۆزی تایبەت کراوە بە ڕۆزی دانی خەڵك، فریشتەی باران بارین تایبەت کراوە بە باران بارین، هتد. جا هەموو ئەمانە بە ئیزن و ویستی خوای گەورە ئەبێت مانای وانیە ئەو فریشتانە لە بری خودا ئەم شتانە ئەکەن نا حاشا، ئیتر ئەوەی پێغەمبەری خواش ﷺ بەو شێوەیە ئەو ئەگەر ڕووی لە کەسێك بکردایەو شایستەی هیدایەت بایەو یان نا بەدڵ و بە ڕۆحی ڕووی لە پەروەردگار ئەکرد جا بەهۆی گەورەیی ئەو هێزە ڕۆحیەی بە بەڵگەی قوڕئان و فەرموودە هەروەك باسکرا لەسەرەوە کە لە خودی پێغەمبەردا بوو ﷺ بە ویستی خوا خوای گەورە لە ڕێی دڵ و ڕۆحی پێغەمبەرەوە تەصەڕوفی لە دڵەکانی تر ئەکرد، جا ئەوانەی کە ئەبنە مورشیدی کامڵ ئەم سیفەتە بە میرات لە حەزرەتەوە وەرئەگرن والله اعلم.

**کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ منی بەو حاڵەوە بینی بە دەستە پیرۆزەکانی لە سینگمی داو لە ترسان ئارەقەم کرد وەك بڵێی سەیری پەروەردگار ئەکەم، ئینجا هەتا کۆتایی فەرموودەکە کە حەزرەت بۆی ڕوون ئەکاتەوە کەوا قورئان بە حەوت شێواز خوێندنەوە دابەزیوە بە هەرکامێکیان بخوێندرێت دروستە....)[234].**

**خۆشەویستان تۆ وەرە سەیری ئەم پەروەردە پێغەمبەرانیە بکە عليه السلام یەکەم: قورئانی پێ خوێندووەتەوە، دووەم: فەرمایشتی پێ فەرمووە کە فەرموودەیە، سێیەم: یەك لێدانی بە نووری پێغەمبەرایەتی و ئەو نوورەی کەوا لە عەرشی خواوە بەو حەزرەتە ئەکەوت چۆن لە ڕۆحی ئوبەی داو ئەو شەیتانەی کە ئەیویست فێڵ لە ئوبەی بکات چۆن ڕایکرد بەهۆی نووری پێغەمبەر ﷺ، دواتر ئوبەی چۆن هەستی بەشەرمەزاری کرد، وە لە نەفسی خۆیدا وا هەستی پێ کرد کەوا سەیری پەروەردگار ئەکات، ئەمە واتای وانیە کەوا پێغەمبەر خوایە پەنا بەخوا نەخێر ئێمە گوتمان ڕوحەکان لە جیهانی ئەمردا سەرچاوەی گرتووە جا خاوەنی ئەو ئەمرەش خوای جیهانیانە، بۆیە پەیوەندی ڕۆحەکانیش هەر لەڕێی ئەمەیەوە ئەبێت[235]، وە**

---

[234] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٨٢٠). وە ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٢١٢١٧). وە ئیبن و جەریری تەبەڕی لە (تفسير الطبري)(ب١_ل٢٣). وە ئیبن و حیبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٧٢٠) ڕیوایەتیان کردووە.

[235] مامۆستا سەعیدی نوڕسی کوردی ئەفەرمووێت: "هەروەکوو چۆن تۆ ناگەیتە خۆر لەبەر دووریەکەی لەو، بەڵاّم تیشکەکەی وێنەو دەرخستنی خۆیت پێشکەش ئەکات بەهۆی ئاوێنەیەکەوە، (جا هەر بۆ خوایە نموونە جوان و بەرزەکان) سەرەڕای ئەوەی ئێمە بە دوورییەکی ڕەهاو بێ کۆتایی لە خوای گەورە دوورین بەڵاّم نوورو میهرەبانیەکەی لە ئێمەی نزیك ئەخاتەوە". بڕوانە (رسائل النور_اللمعات_اللمعة الرابعة عشرة_ل١٤٢). منیش ئەڵێم: ئەو ئاوێنەی ئێمەش دڵە، ئەم بابەتانە زۆر لەسەرووی ژیریی مرۆڤەوەیە بۆیە هەر کەسێك ڕەتی کردەوە زۆر بەخێرایی ئەوە گومانت لە کاڵفامێتی و ناژیری ئەو نەبێت.

ئەم لێدانەی خۆشەویستیش پێی ئەگوترێت: "تەزکیەو مامەڵە کردن لەگەڵ دڵ و ڕۆح) بە ڕووکردنە خوای گەورە.

بۆیە کەسی بانگەوازکار پێویستە ئەم بەشی سێ هەمەی هەبێت، لەوانەیە کەسێك (اعتراض) بگرێت و بڵێ: ئەمە تایبەتە بە پێغەمبەری خوا ﷺ، ئێمەش ئەڵێین: ئەگەر تایبەتی کەین تەنها بۆ ئەو ئەوکاتە میهرەبانی خوای گەورەمان داخستووە بەسەر ئوومەتی ئیسلام، وە مێژووی ئیسلامیش شاهێدە لە هەموو سەردەمەکان ئەو زانا نوێکەرەوانەی کە هاتوون بە تایبەتی ئەوانەی کە ئەهلی تەصەوفن گشتی ئەم (تەصەڕڕوفە ڕۆحییەیان) پێدراوە بە ویستی خوای گەورە[٢٣٦]، دواتر خۆ ئێوە میهرەبانی خوای گەورە دابەش ناکەن بەسەر ئەم ئومەتە ئەوەتە خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ۝٧٤﴾[٢٣٧]، واتە: خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی ویستی لەسەر هەرکەسێك هەبێت ئەوە تایبەتی ئەکات جا لە هەر بوارێك بێت، چونکە زاتێکە خاوەن فەزڵ و بەخشەرێکی زۆر مەزنە.

جا ئەوەی ئێستاکە لە جیهانی ئیسلامیدا ئەبینرێت هیچی ئەم بەشەی پێنەدراوە مەگەر تاکە تاکە نەبێت لە ناو ئومەت ئەمانەش بە میرات لە پێغەمبەریان وەرگرتووە ﷺ، وە کەسی وا لە ناو هەموو سەردەمەکاندا بوونی هەبووەو پێویستیش ئەکات کە هەبێت بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەرەو خوای گەورە ببەن، ئینجا وەکوو گوتمان ئەوەی ئەبینرێت تەنها قورئان و فەرموودەکەیە کە فێری خەڵك

---

[٢٣٦] جا یەکێك لەو نوێکەرەوانەی ئەم سەردەمە کە ئەمەی پێدرابێ حەزرەتی شێخمانە جەنابی شێخ عەباس فازڵ حەسەنی سامەڕائیە قدس سره .

[٢٣٧] سورة آل عمران آية ٧٤.

ئەكەن، وە سەرەڕای ئەوەش كە ئەم دووانە بەخەڵك ئەڵێن ناكۆكیەكی ئەوتۆشیان لە نێو ئوممەت پەیدا كردووە كە بەشێك لەو نەهامەتی و بەڵایانەی كە لە ئێستاكەدا گیرۆدەی موسڵمانان بووە بەهۆی ئەو ناكۆكیەیە خوا پەنامان بدات. جا خۆشەویستان ئەمەش مەنهەجێكی ڕۆحی نیە تا موسڵمانان بەو ڕۆحیەتەوە بەرەو خوا بچن هەروەكوو نەوەی هاوەڵە بەڕێزەكانی كە لەسەر پەروەردە بوون، وە هەروەها وەكوو نەوەی صەلاح الدینی ئەیوبی لەسەر پەروەردە كرد كە بووە هۆی ئەوەی فەتحی قودسی داگیر كراو بكەن، وە هەروەكوو نەوەی محمد فاتیحی لەسەر پەروەردە كرد كە بووە هۆی فەتح كردنی قوستەنتینیە كە ئەكاتە ولاَتی ئێستاكەی توركیا، بۆیە پێویستە ئەم نەوە ڕۆحیە بێتە كایەوەو پەروەردە بكرێن بەر لە هاتنی محمدی مەهدی، جا ئێمە چی بكەین تا بتوانین ئەم بەشە واتە نووری تەزكیە بە دەست بهێنین؟

## بەدەستهێنانی نووری تەزكیە.

لە جابری كوڕی عبد الله وە ﵁ گێڕدراوەتەوە كەوا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (الْعِلْمُ عِلْمَانِ عِلْمٌ فِي الْقَلْبِ فَذاكَ عِلْمٌ نَافِعٌ، وَعِلْمٌ عَلَى اللِّسَانِ فَذاكَ حُجَّةُ اللهِ عَلَى ابْنِ آدَمَ)[٢٣٨]، واتە: دوو جۆر زانست هەیە زانستێك

[٢٣٨] حەسەن و صەحیحە. ئیمامی مونذری لە (الترغیب والترهیب)دا ئەفەرمووێت: "ئیمامی حافیز ئەبوبەكر خەطیب لە (تأریخ بغداد)(ب_٥_ل٥٦٨) بەسەنەدێكی حەسەن ڕیوایەتی كردووە، وە ئیبن وعبد البر لە كیتابی (العلم)(ب_١_ل٦٦١) لە حەسەنەوە بە مورسەلی بەسەنەدێكی صەحیحەوە ڕیوایەتی كردووە، وە دەیلەمیش لە (مسند الفردوس) وە ئەصبەهانیش لە كتێبی خۆی ڕیوایەتیان كردووە، وە بەیهەقیش لە (شعب الإیمان)(ب_٢_ل٢٥٢) لە فوزەیلی كوڕی عیازەوە بە گوتەی ئەو بێ ئەوەی بەرزی بكاتەوە. وە ئیبن و موباڕەك لە (الزهد)(ل٤٠٧)، وە ئیمامی ئەحمەد لە (كتاب الورع)(ل٢٠٠) . ڕیوایەتیان كردووە. وە هەروەها حافیزی سەخاویش ئەفەرمویێت: "حەكیمی ترمذی لە (النوادر) وە ئیبن و عبد البر لە مورسەلاتی حەسەنەوە بەسەنەدێكی صەحیح ڕیوایەتی كردووە". وە هەروەها ئیمامی عەسكەریش لە (الحكم والأمثال) لە

**کەوا لە دڵدایە جا ئەم جۆرە زانستە زانستێکی بەسوودە، وە جۆرێکی تریش لە زانست هەیە کەوا لەسەر زمانە ئەمەشیان بەڵگەی خوای گەورەیە بۆ ئادەمیزەکان. خۆشەویستان ئەمە گەورەترین شایەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ لەسەر هەبوونی**

---

فەرموودەکانی فوزەیلی کوڕی عیاز لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنی بەصرییەوە ڕیوایەتی کردووە. بڕوانە (تخريج الأحاديث الأربعين السلمي للحافظ السخاوي)(ل٥٥_٥٦). وە ئەبو نوعەیم لە ئەنەسەوە وە ئیبن وئەبی شەیبە لە حەسەنەوە بە مورسەلی وە دارەمیش لە حەسەنەوە بە مەوقوفی ڕیوایەتیان کردووە بڕوانە: (مصنف ابن أبی شیبە)(ب٧_ل٨٢_ژ٣٤٣٦١). وە (سنن الدارمی)(ب١_ل١١٤_ژ٣٦٤). وە ئیبن و لجەوزی هەروەك بەناوبانگە لە لایەن زاناکانەوە کە بە سەدان فەرموودەی بە زەعیف و هەڵبەستراو داناوە لە (العلل المتناهیة)(ب١_ل٧٣) بە دوو ڕێگا هێناویەتی ئەفەرمووێ: "صەحیح نیە". جا حافیزی عێراقی ئەفەرمووێت: "سەنەدی ئەم فەرموودەیە (جیدە) چاکە، وە ئیبن و لجەوزی ڕیوایەتەکەی یەحیای کوڕی یەمانی ئیعلال کردووە کەوا ئەحمەد فەرموویەتی ئەو پیاوە فەرموودەکانی جێگای بەڵگە نین، کەچی ئیمامی موسلیم بە بەڵگەی داناوە، وە یەحیای کوڕی مەعینیش ئەفەرمووێت: ئەو پیاوە جێگای متمانەیە، وە ئیبن و مەدینیش فەرموویەتی: "پیاوێکی ڕاستگۆیە". وە حافیزی عێراقی ڕیوایەتەکەی حەکیمی ترمذی و ئیبن و عبد البر کە لە حەسەنەوە بەمورسەلی ڕیوایەتیان کردووە بە صەحیحی داناوە، وە حافیزی زەبیدی و ئیبن و سبوکیش موافیقن لەسەر وتەکانی حافیزی عێراقی، بڕوانە: (تخریج الأحادیث الإحیاء)(ب١_ل١٦٩_ژ١٥٠). وە حافیزی سیوطی و مەنناوی غوماری و سەمهەوەدی بە حەسەنیان داناوە. بڕوانە: (فیض القدیر)(ب٤_ل٣٩_ژ٥٧١٧). جا ئەوەی جێی داخەو مایەی دڵگرانیە ئەلبانی بە زەعیفی داناوە بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەو هەموو حافیزو فەرموودەناسانە بکات کە ئاستی پلەی زانستیەکەی لە چاو ئەوان هەرگیز بەراورد ناکرێت. بڕوانە: (ضعیف الجامع الصغیر)(ژ٣٨٧٨). ئەزانن ئیبن و لجەوزی کە بەناوبانگە ئینکاری زانستی باتینی کردووەو ئەڵێ: (کلام فارغ) واتە: قسەیەکی پووچە، وە ئینکاری هەندێ شتی تەصەوفی کردووە، ئەگینا صۆفیەکان ڕێزێکی تایبەتیان لای ئەو هەیە بەتایبەتی لە کتێبی (صفە الصفوە) وە (بحر الدموع)دا ڕێزێکی زۆری لێ ناون، خۆی زۆر لەتەصەوف نزیکە. جا ئەلبانیش بەناوبانگە بەرامبەر بەتەصەوف چەندە دڵڕەقە و بەگومڕایان دائەنێ، تاوەکوو ئەهلی تەصەوف نەکەنە بەڵگە بۆ خۆیان بۆیە بە زەعیفیان داناوە، خوای گەورە لێیان ببوورێ لەسەر ئەم زەعیف کردنەیان جا ئەگەر لە نەفسیانەوە بووبێت ئەوە وەهمێکە تووشیان بووە، وە ئەگەر لەبەر ئەوەش بێت کەوا بەناوی پارێزگاری کردن لە شەریعەت بێت ئەوە نەیان پێکاوە، چونکە حافیزی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی شاریحی بوخاری و غەیری ئەویش لە فەرموودە ناسەکان بەتایبەتی ئیمامی (جلال الدینی سیوطی) لە چەندین شوێن ئەو شتانەیان ڕەتکردووەتەوە کەوا ئیبن و لجەوزی بەهەڵەو وەهم فەرموودەکانی زەعیف کردووەو بە هەڵبەستراویان داناوە. هەر بۆیەش تۆش هەڵمەخلیسکێ و چاوت لە ئاستی حەقیقەت کوێر مەکە ئەگەر ئەوان نەیان پێ کابێت تۆ بۆ خۆت ئەخەیتە نێو هەڵەکانی ئەوانەوە. بڕوانە: (جامع الأحادیث للسیوطي)(ب١٤_ل٣٦٤_ژ١٤٤٩٩).

زانستێك كە شوێنەكەی لە دڵدایەو وە چ سوودێكی مەزنی هەیە، جا ئەوەی باسمان كرد لـە بابەتەكانی پێشووتر لـە باسی لـەتكردن و ئینشیڕاحی سینگ گشتی ئەم زانستە لـە خۆ ئەگرێتەوە، بۆیە ئەوەی ئینكاری بكات تەنها لـە نەزانینی خۆیەتی با گەورەترین موجتەهیدی ئەم سەردەمەش بێت، ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَذَرُواْ ظَـٰهِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَبَاطِنَهُۥٓ﴾[٢٣٩]، واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بە ئوممەتەكەت ڕابگەیێنە با واز لـە گوناهەكانی ژوورەوەو ناوەیان بێنن. ئیٚ خۆ زانراوە بۆ وازهێنان لـە گوناهو تاوان ئەوە پێویستی بە زانست هەیە گوناهەكانی دەرەوە ئەوانەی كە بەچاو دەم و گوێ و دەست و دامێن قاچ ئەكرێ، جا ئەمانە وازهێنانیان ئاسانە بەڵاَم ئەوەی كەوا سەخت و دژوار بێت لـەسەر مرۆڤەكان گوناهەكانی ژوورەوەیە هەر لـە (ڕیاو نیفاق و كیبرو حەسوودی و كەیف بەخۆ هاتن و كوفرو شیرك و تەماعی و هیوا درێژی بە دونیا و دوور بوونی حوزووری دڵ و ڕۆح لـە بەردەم خوای گەورە، وە هەروەها خۆش ویستنی ستەمكاران و هیوای سەركەوتن خواستن بۆیان...هتد) جا ئیمامی زەهەبی لـە كتێبی (الكبائر) حەفتا لـەو گوناهانەی باس كردووە. وە ئیبن و حەجەری هەیتەمیش لـە كتێبی (الزواجر) نزیكەی چوارسەد گوناهی باس كردووە. بۆیە بە تەنیا كافی نیە ئەگەر كەسێك بڵێت من پێویستم بەو زانستە نیە كە لـە دڵدایە بۆیە هەر كەسێك ئەمە بڵێ ئەوە پێچەوانەی گشت زانایانی ئیسلام قسەی كردووە. ئیتر بۆ وازهێنان لـەو گوناهانەی ژوورەوەو دەرەوە پێویستی بە پسپۆری خۆی هەیە، جا ئەوانەی كە لـە ژوورەوەیە زیاتر پێویستیان بە نوورە بۆ چارەسەر كردن هەروەكوو ئەوەی لـە خۆشەویستدا بینراو باسمان لـێوە كرد.

---

[٢٣٩] سورة الانعام آية ١٢٠.

هەرووەها خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ﴾[240]، واتە: خوای گەورە بەخشش و چاکەی خۆی ڕێشتووە بەسەرتاندا لە ژوورەوەو ناوەوە. بۆیە گەورەترین بەخششی خوایی کە بە مرۆڤی دابێت زانستی ناسینی خۆیەتی، ئیتر زانراویشە ناسین تێکۆشانی ئەوێت هەروا ئاسان نیە، جا بۆ تێکۆشانەکەش ئەچینە خزمەت زاناکانی زانستی دڵ و ڕۆح.

## بەربەستەکانی زانستی دڵ.

١. وازهێنانی ئەندامەکان لەسەر پێچی کردنی خوای گەورە (ئەمە هی دەرەوە).

٢. وازهێنانی نەفس لەوشتە ئاساییانەی کە خۆشەویستن بەلای نەفسەوە (وەکوو بەردەوام گۆشت خواردن نەك تەرك کردنی بەیەکجارەکی، بەڵکو کەمی ئەکاتەوە چونکە ئەگەر بەردەوام بێت لەسەری زیان بە نەفسی ئەگەیێنێ).

٣. وازهێنانی شتی پووچ و کەم کە مرۆڤەکان ئەیکەن (ئیتر با گوناهیش نەبێت وەکوو زۆر نوستن و زۆر قسە کردن وێنەی ئەمانەش).

٤. وازهێنانی ئەو شتە لێڵ و پووچانەی کە لە نهێنێ دەروونی مرۆڤدا خۆیان حەشارداوە.

٥. وازهێنانی ڕۆحە لەو شتە هەست پێککراو کردارییەکان (وەکوو ئەوەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئەو شتانەی کە هەستی پێ ئەکات لە کاروباری دونیا جا مەبەستی سەرقاڵ نەبوونی ڕۆحە بەو شتە دونیاییانەوە).

[240] سورة لقمان آية ٢٠.

٦. وازهێنانی عەقڵە لە خەیاڵاتی وەهمی[٢٤١].

## بەدەست هێنانی زانستی دڵ.

خۆشەویستان با بێینە سەر ئاسانترین ڕێگا بۆ بە دەست هێنانی زانستی دڵ. جەنابی شێخمان حەزرەتی شێخ عەباس (خوای گەورە ڕۆح و یادو خۆڵی بۆن خۆش بکات)کە لەسەر ئەم مەنهەجە موریدەکانی خۆی پەروەردە ئەکات. خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَلِلَّهِ جُنُودُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا﴾[٢٤٢]، واتە: هەرچی وا لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەمووی سەبارزی خوای گەورەیە، بەڕاستی خوای گەورە زاتێکە زاڵ و دانایە. وە هەروەها لە ئایەتێکی تری هەمان سورەتدا ئەفەرمووێت: ﴿وَلِلَّهِ جُنُودُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴾[٢٤٣]، هەمان ڕوونکردنەوەیە بەڵام لە کۆتاییەکەیدا ئەفەرمووێت: خوای گەورە زاتێکی زاناو دانایە. جا (سبحان الله) سووڕەتەکە بە ناوی (الفَتْحَ) واتە: کرانەوەو سەرکەوتن. جا لەم دوو فەرمایشتەوە گەیشتینە ئەو حیکمەتە بۆ پەروەردەکردنی نەفس و دڵ و ڕۆح بە (زانست و حیکمەت) بە (زاڵ بوون و حیکمەت).

خۆشەویستان ئێمە لە باسەکانی پێشووتردا باسی نەفس و دڵ و ڕۆح و عەقڵمان کرد ئێ خۆزانراویشە ئەمانە گشتی سەربازی خوای گەورەن، جا پەیوەندیەك لە نێوان هەموویاندا هەیە چۆن؟

---

[٢٤١] بڕوانە: (الإحسان) هی زانای پایەبەرزی مەغریبی شێخ عبد السلام یاسین، ئەویش لەو کتێبە نەقڵی کردووە (کتاب بین الحقیقة والشریعة).

[٢٤٢] سورة الفتح آیة ٧.

[٢٤٣] سورة الفتح آیة ٤.

١. عەقڵ لەگەڵ نەفس و دڵ پەیوەندی هەیە.

٢. نەفس لەگەڵ عەقڵ و دڵ پەیوەندی هەیە.

٣. دڵ لەگەڵ عەقڵ و نەفس پەیوەندی هەیە.

٤. وە ڕۆح بە تەنیا پەیوەندی بە دڵەوە هەیە.

٥. ڕۆحیش پەیوەندی بە جیهانی ئەمرەوە هەیە.

٦. جیهانی ئەمریش پەیوەندی بەخواوەوە هەیە.

ئەم سیانە بە جیا پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە

## چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ عەقڵ و نەفس و دڵ و ڕۆح و ئەمر:

١. عەقڵ: پێویستی بە زانستە بۆ نوورانی کردنی تا لە وەهم و خەیالات پاك ئەبێتەوەو هەتاوەکوو نەبێتە کەسێکی گێل و گەلحۆ. گەورەترین زانستیش زانستی قورئان و فەرموودەیە، ئینجا زانستە دونیاییەکان. مامۆستا نورسی ئەفەرمووێت: "زانستە گەردوونیەکان ڕووناکین بۆ عەقڵ، وە زانستە دینیەکانیش ڕووناکین بۆ دڵ". ئەمە یەکەم خاڵمان بە دەست هێنا، وە سەبارەت بە زانستی ژوورەوەش هەروەکوو لە ئایەتەکەش هاتووە (زانست و حیکمەت) بەم دووانە کێشەی عەقڵ چارەسەر ئەبێت. جا ئەو شەڕو هەرا فیکرییەی کە لە ناو موسڵماناندا هەیە یەکێك لە هۆکارەکان نەبوونی دانایی و حیکمەتە، وە چۆنیەتی مامەڵە کردنیش بەو زانستە خەریکە بڵێم کەسی داناو حەکیم لە نێو ئێمەدا نەماوە واللە أعلم.

٢. نەفس: دەردە گەورەکە ئەلێرەیە ئەمە پێویستی بە زاڵ بوون و تێکۆشان هەیە لە دژی هەروەکوو لە ئایەتەکەشدا هاتووە (زاڵ و حیکمەت) جا ئەبێت ئەو نەفسە

ڕام بکەین هەتاوەکوو ئەبێتە پیاو ئەمەش بە دوو جۆر ئەکرێت یەکێکیان بە هێواشی و لـەسەر خۆیی ئەوی تریشیان بەیەك جاری واز هێنانە لـە دونیا. جا ئێمە کارمان بەهی یەکەمەو زۆر لـەسەر خاڵی دووەم نارِۆین چونکە ئەمە دەرگایەکە بۆ هەموو کەسێك نابێت بەڵام دروستیشە ئەو کەسەی کە ئارەزووی لـیّ ئەکات هەروەکوو لە کتێبەکانی (الرسالة القشيرية) وە (عوارف المعارف) وە (إحياء علوم الدين) وە (قوت القلوب) وە (مكتوبات الإمام الرباني) وێنەی ئەمانەش کە باسی پیاوچاکەکانیان کردووە سەدا نەوەدوو نۆیان خاڵی دووەمیان کار پێ کردووە هەر بۆیەش سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئێمە لـەسەر دەمێکدا ئەژین ئەبێ ڕەچاوی خەڵك بکەین بۆیە لـەسەر خاڵی یەکەم خەڵك هانئەدەین و پەروەردەیان ئەکەین.

## پەروەردە کردنی نەفس.

١. هەر خراپەیەك کە نەفس داوای ئەکات تۆ مەیکە.

٢. وازهێنانی ئەو ئەندێشەو خەیاڵاتانەی کە نەفس دروستی ئەکات وە شەیتانیش بەشی هەیە لـەم دروستکردنە، چونکە خۆشەویست ئەفەرمووێت: (ئەگەر کەسێك لە نەفسیدا ویستی کردەوەیەکی خراپ بکات واتە: (فیکرو خەیاڵی شتێکی خراپی کرد و نیەتی کردنی لـیّ هێنا)، جا ئەگەر کردی ئەوە گوناهێکی بۆ ئەنوسرێت، وە ئەگەر نەشی کرد ئەوە چاکەیەکی بۆ ئەنوسرێت)[٢٤٤] لـەبەر ئەوەی تۆ بەو شتە ڕازی نیت کە بەسەر نەفس و دڵتدا دێت. لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (خوای

[٢٤٤] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٦٤٩١). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١٣١). وە ئیمام ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٢٨٢٨) ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی لە (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل١٤٥_١٧١٨٧) ئەفەرمووێت: تەبەڕانی و ئەبو یەعلا ڕیوایەتیان کردووە، جا پیاوەکانی هەردووکیان پیاوانێکی صەحیحن. وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير)(ب١_ل٣٦٩_ژ١٧٩٦).

گەورە لە ئوممەتەکەمی بووریيە لەو شتانەی کە بەسەر نەفسیاندا دێت لە کاتێکدا کە بە کردەوە نەیکەن یاخود بە گوفتار نەیلێن)[٢٤٥]. وە پرسیار لە پێغەمبەریش کراوە ﷺ دەربارەی وەسوەسە ئەویش فەرموویەتی: (ئەوە نیشانەی هەبوونی ئیمانە کە قەبوولێ ئەو شتە خراپانە ناکات کە بەسەر دڵتاندا دێت)[٢٤٦].

٣. جا ئەگەر هەر وازی نەهێنا ئەوە پێبکەنە، چونکە زیاتر لێت توورِە ئەبێ و وازت لێ ئەهێنێ.

٤. ئەمەیان زۆر رِاقیەو زۆریش وردە بەلاّم ئەگەر بیکەیت فەتحێکی گەورەت بۆ ئەبێ، ئەمەش لە دوو پلەدا خۆی ئەبینێتەوە.

١. زانست: وە گوتمان زانست دووجۆرە

أ_ زانستی زاهیر (دەرەوە) ئەمەمان باس کرد لە خاڵی یەکەمی عەقڵ پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە.

ب_ زانستی ژوورەوە کە زانستی دڵە، ئەمەش دوو پلەی هەیە.

١. رِۆژانە نیو کاژێر ئا ئەنیشی لە شوێنێکی بێ دەنگ و ئارام، وە ئەگەر ژاوەژاوو دەنگە دەنگیش هەبێت ئەتوانی دوو لاستیکی گوێ بکرِیت ئەوانەی کە بۆ مەلەوانی کردن بەکاری ئەهێنن، دواتر رِوو لە قیبلە بکەو ئەگەر بێت و پێش ئەوەی دابنیشی دەست نوێژێکی جوان هەڵبگری و دوو رِەکعەت نوێژی دەست

---

[٢٤٥] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٥٢٦٩). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ١٢٧). رِیوایەتیان کردووە.

[٢٤٦] صەحیحە. موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ١٣٣). رِیوایەتی کردووە. هەیثەمی لە (مجمع الزوائد)(ب١_ل٣٤_٨٦) ئەفەرمووێت: تەبەرانی رِیوایەتی کردووە، جا پیاوەکانیشی پیاوانێکی صەحیحن.

نوێژی بکەی باشترو کاملترە، وە هەم بۆ بە گەورەزانینی زیکری خوای گەورەیە. پاشان دانیشە چاوت داخە، جا بەر لەوەی زیکرەکە بکەی بۆ ئەوەی فیکرو خەیاڵت لە تێکەڵاوی و ژاوەژاوی دونیا دوور بێتەوەو ئاگاداری زیکرەکەشت بیت ئەوە وا باشە چەند خولەکێك بیر لە پێغەمبەران و پیاوچاکان بکەیتەوە بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو یادکردنەوەی ئەوان لە فیکرو خەیاڵت تا خوای گەورە میهرەبانی خۆیت بەسەرا بباریێنی. ئینجا ئەمانە بخوێنە لەبەر خۆتەوە بەبێ دەنگی سوورەتی (الفاتحة) وە (آية الكرسي) ئەم دووانە هەر یەکی یەکجار بخوێنە، دوای ئەوە سێ جاران (قل هو الله أحد) بخوێنە، ئینجا دە سەڵەواتان لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ لێبدە، پاشان زمانت لە سەقفی دەمت بدە یاخود ڕایبگرەو مەیجوڵێنەو بەگەرووت ئەم زیکرە بکە (الله الله الله) یاخود (لا اله الا الله)، جا لەکاتی زیکرەکە بیر لەگەورەیی خواو ئەم زیکرەو حاڵی خۆت بکەرەوە چۆن ئەچیتەوە حوزووری خوای گەورە. ئینجا ئەگەر لەسەر ئەم زیکرە بەردەوام بوویت دڵت ئەبێتەوە، جا دڵ بوونەوەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ پاکی دڵ و نەفسی خۆت، من کەسی وا ئەناسم بەیەك دانیشتنی ئەم زیکرە دڵی بۆتەوە، ئەمە بەپێی کەسەکان ئەگۆڕێت، وەنیشانەی دڵ بوونەوەکەشت ئەم زیکرە لەگەرووت نەقڵ ئەبێت بۆ دڵت، جا دڵت بۆخۆی ئەم زیکرە ئەکات بۆیە ئەگەر ئەمەت بۆ حاصڵ بوو ئەوە گەورەترین چاکەیە گەر بێت و ببێتە بەشت. وە خۆشەویستەکەم ئەوەی گرینگ بێت تۆ بەرەو خوا بچیت و ببیتە بەندەیەکی موخلێسی خوا. ئینجا دوای تەواو بوونی پاش نیوکاژێرەکە ئەو دانیشتنەت لەگەڵ زیکرەکان پێشکەش بە ڕۆحی هەموو

پێغەمبەران و هاوەڵان و پیاو چاکان و ئیماندارانی ئوممەتی ئیسلام و مردووی خۆتان بکە[٢٤٧].

## ڕابیتە لە نێوان خۆت و شەیخ و پیاوچاکان

خۆشەویستان ئەم بەشە زۆر گرینگەو پێویستە جیٚ بەجێی بکەی، وە بۆ ئەوەی بە هەڵە لەوە تیٚ نەگەی ئەوە چەندین بەڵگەت بۆ ئەخەینە بەردەست تاوەکوو لات ڕۆشن بێت، وە بۆ ئەوەی نەفست ئەو پرسیارەت لەلا گەلاڵە نەکات و بلّیٚ چ پێویست بەوە ئەکات من ڕاستەوخۆ زیکر ئەکەم و پەیوەندی بەخوای گەورەوە ئەکەم، ئێمەش ئەلّێین لەسەر خۆبە، چونکە کارەکە بەو جۆرە نیە کە تۆ وای لیٚ تێگەیشتووی، بۆ نموونە کە تۆ زیکری خوا ئەکەی بیرت لەلای دونیاو شتە ئالّۆزەکانی ناو مێشکی خۆتە، جا ئەو بیرەت کە لەلای دونیاو شتە ئالّۆزەکانە پێی ئەگوترێت پەیوەندی نێوان تۆو شتە ماددیەکانی دونیا ئایا بۆ ئەمەت پیٚ دروستە بەلاّم ئەگەر بیر لەپیاو چاکان و ئەولیاکانی خوای گەورە بکەیتەوە بەر لە زیکرەکەت ئەوە دروست نیە، وە ئەگەر دەشلّێیت ئەوە واسیتەیە لە نێوان خۆت و خوای گەورە، ئەوە من پێتی ئەلّێم جوبریل بەردەوام لەو پەیوەندییەدا بووە لەگەلّ حەزرەت هەتاوەکوو لەشەوی میعراجیش لەگەلّی بووە، وە کاتێکیش هاوەلّە بەڕێزەکان زیکرو موناجاتیان کردووە بەردەوام لە بیری پێغەمبەری خوادا بوونە ﷺ، جا بەهۆی ئەو بیرکردنەوەو بینینە خوای گەورەیان وەبیر هاتۆتەوەو

---

[٢٤٧] وەك ئەمانەتێك ئەمە بۆ مێژوو ئەنوسمەوە: جارێکیان لە خەودا بەناوبانگترین بانگخوازی کوردستانم بینی، جا لەخەوەکەدا هیوای ئەمەم ئەخواست ئەم زیکری الله یە بدەمە ئەو کەسە، کەچی کەسێك لە دوامەوە پێمی گوت: "ئەم زیکرە تەنیا ئەدرێتە ئەو کەسانەی کەوا خۆشەویستی خوان"، بۆیە ئەگەر ناشتەویٚ لە خۆشەویستانی خوا بیت ئەوە تکایە ئینکاری مەکە، چونکە با نەچیتە ڕیزی ئەو کەسانەی کەوا دوژمنی خوان جل جلاله وعم فضله نواله.

زیاتر بەرەو خوای گەورە نزیك بوونەتەوە، چونکە بەهۆی ئەو بیرکردنەوەو ئەندێشەیە بیری تۆ لەشتە ماددی و دونیاییەکان خاڵی ئەبێتەوە تەنیا زاتی خوا لەبیرو مێشکی تۆدا ئامادە ئەبێت ئەمەش پلەو مەقامی چاودێری و ئیحسانە ئەمەش بەڵگەکان:

لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوەو فەرمووی: ﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾، قَالَ: يُذْكَرُ اللهُ بِذِكْرِهِمْ[٢٤٨]. فەرمووی: "زیکرو یادی خوای گەورە ئەکرێت بەهۆی بیرکردنەوە لێ یان و ناو هێنان و یادی ئەوانەوە.

وە هەر لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەت کراوە کەوا پیاوێك فەرمووی: (يَا رَسُولَ اللهِ، مَنْ أَوْلِيَاءُ اللهُ؟ قَالَ: الذِينَ إِذَا رُؤُوا ذُكِرَ اللهُ)[٢٤٩]. واتە: ئەی پێغەمبەری

---

[٢٤٨] حەسەنە. تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ١٢٣٢٥)، وە ئیبن و ئەبی شەیبە لە (زوائد المصنف)(ژ١٦١٨٣). وە ئیبن و ئەبی حاتم لە (تفسير)(ب٦_ل١٩٦٤). وە ئیبن و جەریر لە (تفسير الطبري)(ب١١_ل١٣١). وە ثەعلەبی لە (تفسير الثعلبِي)(ب٥_ل١٣٧). وە غەیری ئەمانەش بەبێ پچڕان لە ئیبن و عەباس وە بەمورسەلیش لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی ئەفەرمووێت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی جێگای متمانەن"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٥٩_ژ١٦٧٧٨).

[٢٤٩] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (أدب المفرد)(ژ٣٢٣). ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٢٧٥٩٩) . وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٤١١٩) هەر سێ کیان لە ئەسمای کچی یەزیدەوە بەو لەفزە ڕیوایەتیان کردووە: (ئایا ئاگادارتان بکەمەوە کە چاکترین کەستان کێ یە؟ گوتیان بەڵێ، ئەویش فەرمووی: ئەو کەسەیە کە کاتێك بینرا زیکرو یادی خوای گەورە ئەکرێت). شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: حەسەنە بەهۆی شاهێدەکانیەوە. وە ئەلبانیش ڕیوایەتی ئەم سیانەی بەحەسەن داناوە، بڕوانە: (صحيح أدب المفرد)(ژ٢٤٦). وە بەززار لە (كشف الأستار)(ژ٣٦٢٦). وە ئەبو نوعەیم لە (أخبار الأصبهان)(ب١_ل٢٣١). وە لە (الحلية)(ب١_ل٦) وە ئیبن و موبارەك لە (الزهد)(ژ٨٩٩) بە سەنەدێکی حەسەن بە مورسەلی لە حەسەنەوە، وە غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی ئەفەرمووێت: "بەززار لە شەیخی خۆی عەلی کوڕی حەربەوە ڕیوایەتی کردووە، جا من نایناسم، بەڵام باقی پیاوەکانی تری پیاوانێکی صەحیحن"، بڕوانە: (مجمع

خوا ئەولیاکانی خوا کێن؟ ئەویش فەرمووی: "ئەو کەسانەن کاتێ کە ئەبینرێن زیکرو یادی خوای گەورە ئەکرێت، واتە: خوای گەورەیان وە بیر دێتەوە لەگەڵ بینینیان.

ئیمامی عەلی قاری‌رحمه الله ئەفەرموویت: "ئەمە ئاماژەیە بەو فەرموودە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویت: (الْمُؤْمِنُ مِرْآتُ الْقُلُوبِ)[٢٥٠]، واتە: مرۆڤی ئیماندار ئاوێنەی دڵەکانە، ئەمە یەکێك لە مانەکانیەتی، جا ئیمامی طیبی ئەفەرموویت: "دوو مانا لە خۆ ئەگرێت: یەکێکیان بەهۆی تایبەتمەندێتی ئەوان بەخوای گەورەوە هەرکاتێ بینران دڵیان خەیاڵ و ئەندێشە ئەکات کەوا خوایان

---

الزوائد)(ب١٠_ل٥٩_ژ١٦٧٧٩). وە ئەلبانیش بە حەسەنی داناوەو ئەفەرموویت: "عەلی کوڕی حەربی ڕازی یاخود طائی ڕازی بێت، ئەمیش لەو چینەیە (واتە: لە چینی پیاوە صەحیحەکانە)، وە پیاوێکی ڕاستگۆو بەڕێزە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل٢٠١/٣١١_ژ١٦٤٦/١٧٣٣). وە لێرەش بە صەحیحی داناوە (صحيح الجامع)(ژ٢٥٨٦).

[٢٥٠] حەسەنە. وە ئیمامی بوخاری لە (أدب المفرد)(ژ٢٣٨) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە، وە لەفزەکەشی بەو شێوەیە: (مرۆڤی ئیماندار ئاوێنەی براکەی خۆیەتی، جا ئەگەر کەم و کوڕی و هەڵەیەکی لێ ببینێ ئەوە بۆی چاك ئەکاتەوە) ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (صحيح أدب المفرد)(ژ١٧٧). وە ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٤٩٠٨) لە ئەبو هورەیرەوە. وە بەززار لە (كشف الأستار)(ژ٣٢٩٧) تەبەرانی لە (معجم الأوسط)(ژ٢١١٤) لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی ئەفەرموویت: "بەززار ڕیوایەتی کردووەو تەبەرانیش لە (الأوسط)، جا عوسمانی کوڕی محمدی تێدایە، ئیبن و قەطان ئەفەرموویت: "بە زۆری فەرموودەکانی وەهمە، وە باقی پیاوەکانی تریشی جێگای متمانەن. (المجمع الزوائد)(ب٧_ل٢٦٤). حافیزی عێراقی و ئیمام ئەلبانی بە حەسەنیان داناوە، بڕوانە: (تخريج أحاديث الإحياء)(ب٣_ل١١٣٠_ژ١٦٥٢) طبعة دار العاصمة. وە (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٢_ل٥٩٦_ژ٩٢٦) طبعة مكتبة المعارف. وە مەنناویش موافیقە لەسەری. ئەو لەفزەی کە ئیمامی عەلی قاری هێناویەتی نەم دۆزیەوە ئەو سەرچاوانەی کە نوسیومە گشتیان بەم شێوەیە جگە لە بوخاری: (ئیماندار ئاوێنەی ئیمانداره) نەك ئاوێنەی دڵ.

بینیوه ئەمەش بەهۆی سیمای خواپەرستیانەوە، دووەم: هەرکاتێك بینران زیکرو یادی خوای گەورە ئەكرێت"[٢٥١].

هەروەها پێغەمبەر ﷺ ئەفەرمووێت: (إِنَّ مِنَ النَّاسِ مَفَاتِيحَ لِذِكْرِ اللهِ، إِذا رُؤُوا ذُكِرَ اللهُ)[٢٥٢]، واته: لە نێو خەڵكیدا كەسانێك هەن وەكوو كلیل وان بۆ زیكرو یادی خوای گەورە، بۆیە هەر كاتێك بینران ئەوە زیكرو یادی خوای گەورە ئەكرێ.

---

[٢٥١] مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح)(ب٩_٩٦_ژ٤٨٧١) طبعة دار الفكر.

[٢٥٢] حەسەن و صەحیحە. تەبەڕانی لە (معجم الكبیر)(ژ١٠٤٧٦) لە عبد الله وە. وە بەیهەقی لە (شعب)(ژ٦٩٩). ڕیوایەتیان كردووە. هەیثەمی ئەفەرمووێت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی كردووە، وە عەمری كوڕی قاسمی تێدایە ناینناسم، وە باقی پیاوەكانی تری پیاوانێكی صەحیحن"، بڕوانە: (المجمع الزوائد)(ب١٠_ل٧٨_ژ١٦٧٧٣). وە ئەلبانیش ئەفەرمووێت: "زۆر زەعیفە، بەلاّم بەو لەفزە صەحیحە (إِنَّ مِنَ النَّاسِ نَاساً مَفَاتِيحَ لِلْخَيْرِ مَغَالِيقَ لِلشَّرِّ، وَإِنَّ مِنَ النَّاسِ نَاساً مَفَاتِيحَ لِلشَّرِّ مَغَالِيقَ لِلْخَيْرِ، فَطُوبَى لِمَنْ جَعَلَ اللهُ مَفَاتِيحَ الخَيْرِ عَلَى يَدَيْهِ، وَوَيْلٌ لِمَنْ جَعَلَ اللهُ مَفَاتِيحَ الشَّرِّ عَلَى يَدَيْهِ) ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجە)(ژ٢٣٧) لە ئەنەسەوە. وە ئیبن و موبارەك لە (الزهد لإبن المبارك)(ژ٦٤٩) لە ئەبو دەردائو ئەنەسەوە ڕیوایەتیان كردووە، جا یەحیای كوڕی صاعید سەبارەت بە ڕیوایەتەكەی ئەبو دەردائەوە ئەفەرمووێت: ئیبن و موبارەك لەم ڕیوایەتە تاكە، وە سەنەدەكەشی غەریب وصەحیحە. واتە: (بێگومان لە نێو خەڵكیدا كەسانێك هەن كراوەی خێرو چاكەن وەكوو كلیلێك وان بۆ كردنەوەی دەرگای خێرو چاكە، وە بۆ داخستنی شەڕو خراپە، وە كەسانێكیش هەن ئەوە وەكوو كلیلێك وان بۆ كردنەوەی دەرگای شەڕو خراپە، وە بۆ داخستنی خێرو چاكە، جا خۆشبەختی بۆ ئەو كەسەی كەوا ئەبێتە ئەو كلیلە بۆ كردنەوەی دەرگا خێرەكان لە سەر دەستی ئەو، وە وەیل و سزاش بۆ ئەو كەسە كەوا ئەبێتە ئەو كلیلە بۆ كردنەوەی دەرگای شەڕو خراپە لەسەر دەستی ئەو. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٢_ل٥٩٦_ژ٩٢٦). ئیمامی سیوطی بە حەسەنی داناوە، وە ئیمامی مەنناویش لە ئیبن و حەجەرەوە نەقڵی كردووە كەوا ئەفەرمووێت: ئیبن و حیبان ئەو هەواڵەی بە صەحیح داناوە لە فەرموودەی ئەنەسە". بڕوانە: (فیض القدیر)(ب٢_ل٥٢٨_ژ٢٤٦٦). وە ئەم فەرموودەیە شاهێدێكی تری هەیە ئەویش تەبەڕانی لە (مكارم الأخلاق)(ژ٨٤) لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەتی كردووە: (أنا الله قدرت الخير والشر، فطوبى لمن جعلت مفاتيح الخير على يديه، وويل لمن جعلت مفاتيح الشر على يديه)، واتە: (هەر من الله مەو قەدەری خێرو شەڕم نوسیووە، جا خۆشبەختی..... سەیری كوردیەكەی سەرەوە بكە هەمان شتە).

وه هەروەها شێخولئیسلام ئیبن و تەیمیە ﷺ ئەفەرموویت: (ئەگەر تۆ کەسێکت خۆش ویست لەبەر خوای گەورە، ئەوە خوای گەورە بۆ خۆی بووەتە ئەو خۆش ویستراوە، بۆیە هەر کاتێك کە تۆ لە دڵتا بیری لێ ئەکەیتەوە ئەوە بیرت لە خۆشەویستی ئەو خودایە حەقە کردوەتەوە بۆیە خۆشت ویستوە، هەر لەبەر هەندێش خۆشەویستیەکەت زیاد ئەکات، هەر وەکوو چۆن کاتێك باسی پێغەمبەر و پێغەمبەرانی پێشی ئەو و هاوەڵە بەڕێزە چاکەکانیان ئەکەیت و لەدڵتدا خەیاڵیان بۆ ئەکەیت، جا ئەم کارە دڵی تۆ ڕائەکێشێ بۆ خۆش ویستنی خوای گەورە کە چۆن چاکەی لەگەڵ کردوون و بەخششی خۆی بەسەریاندا ڕێشتوە، ئینجا ئەگەر بێت و تۆ لەبەر خوای گەورە ئەوانت خۆش بوویت، ئەوە ئەو کەسەی کە خۆش ویستراوە لەبەر خوا ڕای ئەکێشێ بۆ خۆش ویستنی خوای گەورە، وە کەسی ئەویندار لەبەر خوا ئەگەر کەسێکی خۆش ویست لەبەر خوای گەورە، ئەو کاتە خوای گەورە خۆی بووەتە خۆشەویستی، بۆیە پێی خۆشە ڕایکێشێ بۆ لای خوای گەورە، وە هەر یەکێك لە ئەویندار و خۆش ویستراو لەبەر خوا ڕای ئەکێشێ بۆ لای خوای گەورە)[٢٥٣]

## شەرعیەتی زیکری (اللّه اللّه).

خۆشەویستان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (لَا تَقُومَ السَّاعَةُ حَتَّى لَا يُقَالُ فِي الأَرْضِ اللهُ اللهُ)[٢٥٤] واتە: (قیامەت هەڵناسێت هەتاوەکوو لەسەر زەوی ناگوترێت الله الله). وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (لَا تَقُومَ السَّاعَةُ حَتَّى

[٢٥٣] بروانە(مجموع الفتاوى)(ب١٠/ل٦٠٨) هی تقی الدين ئەبو عەباس ئەحمەدی کوڕی عبد الحليمی کوڕی تەیمیەی حەڕڕانیە (وەفاتی ٧٢٨ھ).

[٢٥٤] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١٤٨). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٢٠٧). وە ئیبن و حیبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٦٨٤٩) غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە. ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە لە (صحيح الجامع)(ژ٧٤٢٠).

لا يُقَالُ فِي الأَرْضِ لا إلهَ الاّ الله)[٢٥٥]، واته: هەتاوەکوو ئەم ناوە جوانەو ئەم الله و لا الە الا الله مابێت لەسەر زەوی ئەوە خوای گەورە قیامەت هەڵناستێنێت. جا کێشەکە لێرەیە هەندێك لە خەڵکی الله بەزیکر دانانێن و پێیان دروست نیە، ئێمەش وەڵامیان ئەدەینەوە یەکەم دەقی فەرموودەکەی حەزرەت بە الله هێناویەتی دوو جاران بێ ئەوەی شتی تری لەگەڵ بڵێت ئەمە بەڵگەیەکی برەرە. وە هەم دووبارە بەو بەڵگەش وەڵامیان ئەدەینەوە (کاتێك حەزرەتی بیلالی حەبەشی ئازار ئەدرا بە دەست کافرەکانەوە ئەی فەرموو: (أحَدٌ أحَدٌ)[٢٥٦] ئەمەش ناوێکە لەناوە جوانەکانی خوای گەورە، جا زاناکنی ئەهلی تەصەوف و غەیری تەصەوفیش ئەفەرموون: "گەورەترین ناوی خوای گەورە (الله)یە چونکە ئەم ناوە (عەلـەمە) بۆ زاتی خوا واتە: خوای گەورە بەوە ئەناسرێت، الله سیفەت نیە بەڵکوو ناوێکە بۆ ناسینی زاتێتی، جا کەتۆ ئەڵێیت (یا رزاق) ئەوە بە سیفەتێك لە خوا پاڕاویەتەوە کە سیفەتی ڕۆزیدانی خوایە، بەڵام کاتێ کەوتت (الله) ئەو کاتە بە کۆی گشتی سیفاتەکانی ئەو زاتە پاڕاویەتیەوە کە خوای پەروەردگارە، چونکە

---

[٢٥٥] صەحیحە. هەیثەمی لە (مجمع الزوائد)(ب_٨ل_١٢_ژ١٢٥٩٨) ئەفەرمووێت: "ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی پیاوانێکی صەحیحن". وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لە (فتح الباری)(ب٣_١٣ل٩١) سەنەدی ئەو فەرمودەیەی بە بەهێز داناوە. وە ئەلبانیش لە کتێبی (تحذیر الساجد)(ل١٦٠) ئەفەرمووێت: "صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم".

[٢٥٦] حەسەن و صەحیحە. ئیبن و ماجەو ئیبن و حیبان ڕیوایەتیان کردووە بڕوانە: (صحیح ابن حبان)(ژ٧٠٨٣). وە ئەلبانی لە (صحیح ابن ماجه)(ژ١٢٢) ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەنە. وە لە (صحیح الموارد)(ژ١٨٦٥) دووبارە ئەفەرمووێت: حەسەنە. ئیمامی وە داعیش لە (صحیح المسند)(ژ٨٩٨) بە حەسەنی داناوە. وە ئیبن و کەثیریش لە (البدایه واالنهایه)ئەفەرمووێت: بە مورسەلی ڕیوایەت کراوە. وە زەهەبیش لە (تاریخ الإسلام)(ب_١ل٢١٧) بە صەحیحی داناوە. وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لە (الإصابة)(ب_٣ل٦٣٤) ئەفەرمووێت: مورسەلێکی (جیده) واتە: چاکە. جا سوێند بەخوا ئەوانەی کە ئەڵێن زیکری( الله الله) دروست نیە با ڕەخنە لە حەزرەتی بیلال بگرن و بڵێن ئەو زیکرەی تۆ ئەیکەیت بیدعەیە، بەڵام (هیهات هیهات)(دوورە دوورە) ڕەخنەکانتان لەشەرع و عەقڵ و مەنتق.

هەموو سیفەتەکان پەیوەستن بەزاتێك ئەویش ناوی الله یە، جا ئەوانەی کە ڕەخنە لەو زیکرە ئەگرن یەك بەڵگەی شەرعیان بە دەستەوە نیە چ لە قورئان چ لە فەرموودە کەوا نادروستێتی ئەم زیکرەی خستبێتە ڕوو، تەنها یەك قیاسی فاشل و باتڵ و منداڵانەیان بە دەستەوەیە ئەویش ئەڵێن: وەکوو ئەوە وایە من بە تۆ بڵێم بۆ نموونە (عەمرعەمر یاخود زەید زەید) ئیتر هەر ناوێك بێت، جا ئەگەر زۆر دووبارەت کردەوە ئەوە کاك عەمر لێت تووڕە ئەبێت (هههههههه)[٢٥٧]. بڕوام پێ بکەن لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو کاڵفامانەی کەوا ئەو قیاسە فاشل و باتڵ و منداڵانیە ئەکەنە بەڵگە لەسەر قسەکانیان چۆن خوای گەورەیان هێناوەتە ڕێزی مرۆڤ و سیفەتی مرۆڤێکی زەعیف و پیسایی کەریان چوواندووە بە خوایەکی پاك و بێگەرد. خۆشەویستان خوای گەورە لە قورئاندا ئەفەرموویت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ﴾[٢٥٨]، ئەگەر سەیری ڕووکەشی دەقی ئایەتەکە بکەن ئەوەیە (ئەی ئەو کەسانەی کەوا ئیمانتان هێناوە

---

[٢٥٧] هەر کەسێك ئەو قیاسە بکات با لە ئیمانەکەی خۆی بترسێت نەوەکا بە کافری بمرێت، چونکە خوای گەورەی شوبهاندووە بە مرۆڤ. ئەوە تا خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ ١١﴾ سورة الشورى آية ١١. واتە: (هیچ شتێك هاوتاو هاو وێنەی خوای گەورە نیە لەم گەردوونەدا، وە زاتێکیشە بیسەرو بینەرە). وە لە شوێنێکی تردا ئەفەرموویت: ﴿وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ﴾ سورة الإخلاص آية ٤. واتە: هیچ کەسێك و هیچ شتێك لەم گەردوونەدا هاوتاو هاوشانی خوای گەورە نیە). منیش هەر ئەوەندە ئەڵێم: تۆزێك ئەدەبتان ئەبێت ئەم خوایە گەورەتان دابەزاند بەم قیاسە باتڵەتان. خوای گەورە هیدایەتتان بدات بۆ سەر ڕاستە فەهمی سەلەفی صالح. أمین

[٢٥٨] سورة الرعد آية ٢٨. ئەم زیکری الله الله یە ڕێگایەکی ئەزموونکراوەی سەدان ساڵەیە ئەوەتا شێخ عبد القادر گەیلانیﷺ لەسەرە مەرگ بوو جا پێش ئەوەی وەفات بکات سێ جاران فەرمووی (الله الله الله) ئیتر دوای ئەمە دەنگی نەماو وەفاتی کرد، جا کوڕەکەی ئەفەرموویت: "سەیری دەمم کرد زمانی لە سەقفی دەمی دابوو" بڕوانە (فتح الربانی لحضرة الشیخ عبد القادر الجیلانیﷺ)(ل٣٨٦).

بەخواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ئاگاداربن تەنها بە زیکری (الله) دڵەکانتان ئارام و پڕ نوورو مەعریفەت ئەبێت)، بەڵام زاناکانی تەفسیر بەو جۆرە ڕوونیان کردووەتەوەو ئەفەرموون: مەست پێی زیکری خوایە کە قورئان و ئەو زیکرانەی کە لە پێغەمبەری خواوە هاتووە". هەروەها لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلٗا﴾[259]، واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ یاخود ئەی ئیماندار یادی پەروەردگاری خۆت بکەوە لە دەمی بەیانیان و پێش خۆر ئاوابوون. خۆشەویستان ئەمە فەرمانی خوای گەورەیە بۆ پێغەمبەرمان ﷺ کەوا یادی ناوی پەروەردگاری بکات، جا هەروەکوو گوتمان گەورەترین ناوی خوای گەورە الله یە کە لەگەڵ گوتنی بە دڵ هەموو نهێنیەکی لە خۆدا حەشارداوە. وە لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ﴾[260]، واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ یاخود ئەی ئیماندار لە بەیانیان و پێش خۆر ئاوابووندا یادی پەروەردگارت بە نهێنی لە نەفسی خۆتدا بە ترس و لەرزەوە بکە بێ ئەوەی بە وتە دەری بێخی، وە هەرگیز لەو کەسانە مەبە کە لە خوای خۆیان غافڵ و بێ ئاگا ئەبن. وە لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە کەوا خوای گەورە ئەفەرمووێت: (أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِ بِي، وَأَنَا مَعَهُ إِذا ذَكَرَنِي، فَإِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي....الى آخر الحديث)[261]، واتە: بەندەکەم چۆن گومانم

---

[259] سورة الإنسان آية ٢٥.

[260] سورة الأعراف آية ٢٠٦.

[261] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٧٤٠٥). وە ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٦٧٥). وە غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە.

پێ ببات من بەو جۆرەم لە لای[٢٦٢]، وە ئەگەر یادی کردم ئەوە من لەگەڵیامە، جا ئەگەر لە نەفسی خۆیدا واتە: بەنهێنی بە فیکرو خەیاڵ و دڵی یادی کردم ئەوە منیش بە نهێنی سۆزو میهرەبانی خۆمی بەسەردا ئەبارێنم و پلەی بەرز ئەکەمەوە لە لای خۆم..... هەتا کۆتایی فەرموودەکە). ئیتر لەو هەموو بەڵگەیە زیاتر چیتان ئەوێ خۆشم زمانم گیراوە بۆمن دروست نیە باسی نهێنیەکانی ئەو زیکرە بکەم ئەمەش لەبەر تێنەگەیشتنی ئاستی عەقڵی خەڵك، بۆیە ئەوەی نوسیومانە بەڵگەکانی ئەهلی تەصەوفە لە قورئان و فەرموودە، دواتر هیچ ڕێگرێك لەوەدا نیە کە بڵێی زیکری (الله الله) دروست نیە، بەڵکو فەرموودەکە بە ڕاشکاوی دیارە کە ئاماژەی بە زیکری (الله الله) کردووە. جا ئەگەر کەسێك بڵێت مانای ئەو فەرموودەیە ئەوە ناگەیێنێ کە ئێوە ئەیلێن ئەوە مانای ڕاستەقینەی بەو شێوەیەیە کەوا ناوی الله هەر ئەمێنێ لەسەر ڕووی زەوی نەك زیکری (الله الله) بێت یاخود هەر ناو هێنانەکەی بێ لەسەر زاری خەڵك، ئێمەش ئەڵێن: یەکەم ئەمە بووە بەڵگە لەسەر خۆتان چونکە ئەوەی زیکری (الله الله) ئەکات هەمان ئەو وتەیە کە ئێوە ئەڵێن چونکە ئەگەر بەتەنیاش لەسەر زار بێت ئەوەش هەر بۆ خۆی زیکرە. وە بەڵگەیەکی تریش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێوە بە بەڵگەی ڕیوایەتەکەی تر کە لە کۆتاییەکەی (لا الـه الا الله) هاتووە ئەمە پشتگیری زیکری الله الله ئەکات، وە ئەی چی لە زیکری (أحَدٌ أحَدٌ) حەزرەتی بیلال ئەکەن، ئەگەر کەسێك ئەم زیکرەی کرد گومڕاو بیدعەچی بێت ئەوە یەکەم کەس کە شایەنی ئەوە بێت پێی بگوترێت بیدعەچی و گومڕا

---

[٢٦٢] مەبەست ئەوە نیە کە گومانی وێنەو لاشەو ئەندام هەبوون بدەیتە پاڵ خوا، خوا پەنامان بدات، چونکە زاناکان ئەفەرموون: خوای گەورە لاشەو ئەندامی نیە، ئەمانە هی دروستکراوانە خوای گەورە پاك و بێگەردە لە جیسم و جسمانیەت. جا لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کەوا بەندە گومانی میهرەبانی بوون و تووڕە بوون و عەفوو کردن و سزادان و ئەو شێوازانەیە، جا چۆن بە شێوەیەك لەو شێوازانە گومان بەخوا ببەی ئەوە خوای گەورە بەگوێرەی گومانەکە لەگەڵت ئەجوڵێتەوە والله اعلم.

حەزرەتی بیلالە ﷺ بەڵام حاشا پاکی بۆ بیلال و قوتابی سەرووەرمان، بەڵکوو ئەوە ئێوەن کە کەوتوونەتە نێو گومڕاییەوە بەڵام هەستیشی پێ ناکەن، بۆیە تکا ئەکەم خەڵکی لەم زیکرە بێ بەش مەکەن، سوێند بەخوا لە ڕۆژی دوایی پەشیمان ئەبنەوە لەوەی کە ئەیلێن ئەم زیکرە دروست نیە، وە ئیتر بەسیەتی واز لە دەمارگیری بهێنن ئەمە بەڵگەکان بوو خستمانە ڕوو بۆیە جوان بیری لێ بکەنەوە هەر لەبەر دواڕۆژتان.

## ڕابەرو میراتگرێکی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا ﷺ.

خۆشەویستان خاڵی دووەم بۆ بە دەستهێنانی زانستی دڵ ئەویش هەبوونی شەیخ و مورشیدێکی کاملە، چونکە بەهۆی نووری دڵیەوە یارمەتیت ئەدات هەروەکوو چۆن حەزرەت یارمەتی ئوبەی داو بە دەستە پیرۆزەکانی لە سینگی ئەو هاوەڵە بەڕێزەی دا بەهەمان شێوە مورشیدی کامڵ ئەم سیفەتەی بە میرات لە پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ ماوەتەوە. جا خۆشەویستان ئێمە هەر بەردەوامین بۆ بە دەست هێنانی زانستی دڵ و ئینشیراح کردنی سینگ ئەمەش لە ڕێی مورشیدێکی کاملەوە بە دەست دێت، چونکە خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾[263]، واتە: ئەی ئەو کەسانەی کەوا ئیمانتان هێناوە بەخواو پێغەمبەرەکەی ﷺ تەقوای خوا بکەن و لە خوا بترسن، وە لەگەڵ ڕاستگۆیەکان بن. جاڕاستگۆیەکان کێن؟ وە سیفەتیان چیە؟ وە ئایا هەموو کەسێك هی ئەوەیە پێی بگوترێت ڕاستگۆ؟ ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن

---

[263] سورة التوبة آية ١١٩.

پێویستیان به وەڵامدانەوە هەیە، ئێمە بە پشتیوانی خوای گەورە وەڵامیان ئەدەینەوە، بەڵام بەر لە وەڵامدانەوەکەی دوو شتی تر ماوە باسیان بکەین.

## ٢. جیهانی ئەمر و ڕۆح.

خۆشەویستان ئێمە لە بەشەکانی ڕابووردا باسی ئەوەمان کرد دوای دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی خوای گەورە وەحی ئەمری خۆی کردە گشت ئاسمانەکان و زەوی کە وەك ژیان وایە بۆ هەموو بوونەرەوەکانی ئەم گەردوونە، جا خۆشەویستان ڕۆحیش هەر لەو جیهانەوە هاتووەو بەرگێکی دەرەوەی وەرگرتووەو بەبەر مرۆڤدا کراوە، جا ئەم ڕۆحە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بۆی هەیە لە یەك کاتدا لە چەندین شوێنی ئەم زەویەدا ئامادە بێت بەڵگەشمان ئەوەتا بە هەزاران کەس بەڵکوو ملیۆنان و زیاتریش گشتیان ئەتوانن لە یەك شەودا بە خزمەت پێغەمبەری خوا بگەن ﷺ. وە تایبەتمەندیەکی تری هەیە بە هەموو زمانێك قسە ئەکات، ئەوەتا ئەوانەی کە خەون بە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەبینن هەر یەکەو لە نەتەوەیەکی جیاوازو زمانێکی جیاوازیان هەیە. وە تایبەتمەندیەکی تری هەیە، ئەوەندە خێرایە لە یەك کاتدا ئەتوانێ لای عەرشی خوای گەورە بێت و بگەڕێتەوە. وە سیفەتێکی تری هەیە مرۆڤ ناتوانێ دەستی لێ بدات نوورانی ڕوونە. وە توانای ئەوەی هەیە شێوەی خۆی بگۆڕێت. وە ڕۆح بۆی هەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە یەکتر ئەناسن قسەو گوفتار لەگەڵ بکەن لە ناو جیهانی میسال و بەرزەخدا. پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویێت: (الأرواحُ جُنُودٌ مُجَنَّدَةٌ، فَمَا تَعَارَفَ مِنْهَا إِئْتَلَفَ وَمَا تَنَاكَرَ مِنْهَا إِخْتَلَفَ)[٢٦٤]، واتە: (ڕۆحەکان وەکوو سەربازی

---

[٢٦٤] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٣٣٣٦). وە ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٦٣٨)ڕیوایەتیان کردووە.

کۆکراوەو ئامادەکراو وان کە لە جۆرەها ڕۆح پێکهاتوون، جا هەر یەکێك لەو ڕۆحانە ئەگەر ڕۆحەکەی تر بناسێت یاخود بزانیٚ خۆش بەختە یان بەدبەختە ئەوە دڵی بۆ ئەچێت و ئارەزوو ئەکات لەگەڵی بێت و گوفتاری لەگەڵ بکات، وە ئەگەر نەشی ناسی ئەو کاتە لە یەکتری جیا ئەبنەوە هەروەکوو چۆن مرۆڤەکان کاتیٚ یەکتری ئەناسن لە دونیا کە ئەگەنە یەك بەیەکەوە هاودەردو هاودەمی یەکتری ئەبن، وە ئەگەر یەکتریش نەناسن ئەوە هەر کەسە بەڕێی خۆی)[٢٦٥]. وە هەروەها لە فەرموودەیەکی قودسی درێژدا هاتووە کەوا خوای گەورە ئەفەرمووێت: (لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَسَأَلُونِي فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مَسَأَلَتَهُ)[٢٦٦]. واتە: (ئەی خەڵکینە ئەی پەریەکان ئەگەر هەر هەمووتان لە یەکەم کەستانەوە تا کۆتا کەستان لەسەر خاکێك کۆببنەوەو هەر یەکە بۆ خۆی داوای شتێکم لیٚ بکات ئەوە وەڵامی گشتیان ئەدەمەوەو پێیان ئەبەخشم لەوەی کە داوایان کردووە. واتە: هەر لەو کاتە جا پاکی و بێگەردی بۆ خوا بۆ گەورەیی چاودێری بوونەوەرانی خۆی. جا خۆشەویستان پێغەمبەری خوا ﷺ هەموو ئەو هاوەڵانەی کە لەلای بوون وە ئەوانەش کە لە لای ئامادە نەبوون وە بگرە تێکڕای خەڵکی ئەو کات و ئێستاکەش ئاگادار بووە بە دڵی هەموویان، وە ئەوەی ئەوان بە دڵیاندا هاتووە یەکسەر وەڵامەکەیان لە سەروەریانەوە بیستووە، جا لە دوای مردنیش هەر ئاگادار ئەکرێتەوە بەو شتانە ئەوەتا وەکوو وتمان بە هەزاران خەڵك بگرە گشت مرۆڤایەتی

---

[٢٦٥] بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم فەرموودەیە سوودم لە وتەکانی ئیمامی ئیبن و حەجەرو ئیمامی نەوەوی هەندێك زانای تر بینیوە. ئەتوانی سەیری (فتح الباری) هی ئیبن حەجەری عەسقەلانی و (شرح صحیح المسلم) هی ئیمامی نەوەوی بکەیت.

[٢٦٦] ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٥٧٧) ڕیوایەتی کردووە.

ئەتوانن لەیەك شەودا یاخود لە یەك خەودا بەخزمەت پێغەمبەری خوا بگەن ﷺ، وە قسەی لەگەڵ بکەن هەر کەسە بە زمانی خۆی داواکاری خۆی، وە هەتا لە بەهەشتیش وەکوو زاناکان ئەفەرموون تێکڕای بەهەشت هەر کەسە لە شوێنی خۆی و پلەی خۆی ئەتوانێ پێغەمبەری خوا ﷺ ببینێ بێ ئەوەش پێغەمبەر ﷺ لە پلەی خۆی دابەزێت، ئەمە سیفەتی ڕۆحە کە ئەتوانێ ئامادەبێ و گوفتار بکات لە گشت شوێنێك. ئەمە ئەگەر ڕۆحی پێغەمبەر ﷺ بەو شێوە بێت ئەی چی ئەڵێن بە خودای ڕۆح کە پەروەردگاری جیهانیانە. جا خۆشەویستان مورشیدە کاملەکان هەمان ئەو سیفەتە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بە میرات وەرئەگرن، بۆ نموونە بە سەدان شەیخی کامڵ خەڵك لێیانیانەوە بینیون کە خۆیان لە شوێنێك بوونە کەچی لە شوێنی تریش ئامادە بوونە، یەکێك لەوانە جەنابی شێخمانە کە حەزرەتی شێخ عەباس فازڵ حەسەنیە، ئەوانەی لە خەتمەو ڕابیتەو زیکرەکاندا کە پەیوەندیان بەو نازدارەوە هەیە ئەتوانن ببینن جا لە هەر شوێنێکی ئەم زەویە بن ئەمەش کە ئەڵێم بە دەیان کەسی ڕاستگۆو دیندارو خواناس بۆیان گێڕاومەتەوە وە تاوەکوو ئێستاکەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بۆم ئەگێڕنەوە.

## ژیانی مەعنەوی پێغەمبەری خوا ﷺ دوای وەفاتی لە نێو ئوممەت.

خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ فِيكُمۡ رَسُولَ ٱللَّهِ﴾[٢٦٧]، واتە: دڵنیابن کەوا پێغەبەری خوا ﷺ لە نێو ئێوەدایە، جا هەتا لە ژیاندا مابوو بە ڕۆح و لاشەی پیرۆزی لە نێوماندابوو، ئینجا دوای وەفاتیشی بە ڕۆحی لە نێوماندایە[٢٦٨]. وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (مَا مِنْ أَحَدٍ يُسَلِّمُ عَلَيَّ إِلاّ رَدَّ اللَّهُ عَلَيَّ رُوحِي حَتَّى أَرُدَّ عَلَيْهِ السَّلامُ)[٢٦٩]، واتە: هەر موسڵمانێك سەلامم لێ بکات ئەوە خوای گەورە ڕۆحەکەم ئەگەڕێنێتەوە نێو لاشەکەم لە ناو گۆڕ تاوەکوو سەلامەکەی وەلاّم بدەمەوە. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (إِنَّ مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمُ الْجُمُعَةِ فَأَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلاةِ فِيهِ، فَإِنَّ صَلاتَكُمْ مَعْرُوضَةٌ عَلَيَّ، قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ: وَكَيْفَ تُعْرَضُ صَلاتُنَا عَلَيْكَ وَقَدْ أَرِمْتَ (قَالَ: يقول بَلِيتَ)؟ قَالَ: (إِنَّ اللَّهَ قَدْ حَرَّمَ عَلَى الأَرْضِ أنْ تَأْكُلَ أَجْسَادَ الأَنْبِيَاءِ)[٢٧٠]،

---

[٢٦٧] سورة الحجرات آية ٧.

[٢٦٨] زۆر بێ ئەدەبیە بۆ کەسێك کە ئەڵێ پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردو مرد ئاگای لە هیچ شتێك نیە أستغفر الله بۆ ئەو جۆرە بیروباوەڕە پووچە.

[٢٦٩] حەسەن و صەحیحە. ئەبوداود لە (سنن ابی داود)(ژ٢٠٤١). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٠٨٢٧). وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى)(ژ١٠٠٥٠) ڕیوایەتیان کردووە. ئیمامی نەوەوی لە کتێبی (الأذكار)(ل٩٧) كتاب الصلاة على رسول الله. بە صەحیحی داناوە.وە حافیزی عەسقەلانیش لە تەخریجی فەرموودەکانی (الاذكار) بە حەسەنی داناوە. وە ئیبن و تەیمیەش ئەفەرمووێ: "ئەو فەرموودەیە صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم) بڕوانە (إقتضاء الصراط المستقيم)(ب٢_ل١٧٣). ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە.

[٢٧٠] صەحیحە. ئەبوداود لە (سنن ابی داود)(ژ١٠٤٧). وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ١٠٨٥). وە نەسائی لە (سنن الكبرى)(ژ١٦٧٨). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٦١٦٢). وە ئیبن و حیبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٩١٠) ڕیوایەتیان کردووە. شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: "صەحیحە بە غەیری خۆی". بڕوانە: (سنن أبي داود بتحقيق شعيب الأرنؤوط)(ب٢_ل٢٧٩_ژ١٠٤٧).

واته: بێگومان گەورەترینی ڕۆژەکانی ئێوە ڕۆژی هەینیە هەر بۆیە لەو ڕۆژەدا زۆر صەڵەواتم لەسەر لێ بدەن چونکە صەڵەواتەکانتان پێم نیشان ئەدرێت، هاوەڵەکانیش فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن صەڵەواتەکانی ئێمەت پێ نیشان ئەدرێت لە کاتێکا بەڕێزتان ئێسك و پروسکەکانتان پووکاوەتەوەو لە ناو چووە؟ ئەویش فەرمووی: خوای گەورە لەسەر زەوی قەدەغەکردووە کەوا لاشەی پێغەمبەرەکان علیهم السلام بخوات و لە ناویان ببات.

خۆشەویستان ئەوەتا ئیمامی قورتوبی و غەیری ئەویش رحمهم الله لە تەفسیری ئەم ئایەتە ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾[٢٧١]، ئەم چیرۆکەیان گێڕاوەتەوە کە ئەبو صادق[٢٧٢] لە ئیمامی عەلیەوە رضي الله عنه ڕیوایەتی کردووەو ئیمام فەرموویەتی: (سێ ڕۆژ دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوامان ﷺ ناشت، کەسێکی دەشتەکی هاتە لامان و خۆی هەڵدایە سەرگۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ، وە خۆڵی سەرگۆڕی پیرۆزی بەسەر خۆی دا ئەکرد، وە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئێوە فەرمووتان و ئێمەش گوێبیستی بووین، ئێوە لە خواوە گوێبیست بوون و ئێمەش لە ئێوەوە، ئەوەتا خوای گەورە ئەم ئایەتەی بەسەر ئێوەدا دابەزاندووە کە ئەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ

---

[٢٧١] سورة النساء آية ٦٤. واتە: (ئەگەر ئیمانداران و غەیری ئەمانیش ستەمیان لە نەفسی خۆیان کرد بە گوناهو تاوان یاخود بە کوفر جا هاتنە لای تۆ ئەی محمد ﷺ وە داوای لێبوردنیان لە خوای گەورە کرد بۆ گوناهەکانیان، وە تۆش داوای لێبوردنت بۆیان کرد، ئەوە خوای گەورە تەوبەکەیان لێ قەبوڵ ئەکات، چونکە خوای گەورە زۆر تەوبە وەرگرو میهرەبان و بەسۆزە).

[٢٧٢] ئەبو صادقی ئەزدی کوفیە، وە گوتراوە: ناوی موسلیمی کوڕی زەیدە، وە گوتراویشە: عبد الله کوڕی ناجیذەیە، کەسێکی ڕاستگۆیە، وە فەرموودەکانیشی لە ئیمام عەلیەوە بە مورسەلی ڕیوایەت کراوە. بڕوانە: (حاشية جامع الأحكام للقرطبي بتحقيق الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي )(ب٦_ل٤٣٩).

إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾، **جا من ستەمم لە نەفسی خۆم کردووە، ئەوە هاتووم بۆ لای ئێوە تا داوای لێ خۆشبوونم بۆ بکەی. ئەوەبوو لە گۆڕەکەی پیرۆزیەوە دەنگێك بیسترا و فەرمووی: خوای گەورە لەو کەسە خۆش بوو)**[٢٧٣].

**وە هەروەها ئیمامی ئیبن و کەثیر لە تەفسیرەکەی خۆیدا ئەم چیرۆکەمان لە عیتبیەوە بۆ نەقڵ ئەکات کەوا ئەفەرمووێت: (لە لای گۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبووم، پیاوێکی دەشتەکی هات و فەرمووی: سەلامی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، گوێم لە خوای گەورە بووە کەوا ئەفەرمووێت:** ﴿وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا﴾، **ئەوە هاتووم بۆ داوای لێ خۆشوون لە گوناهەکانم، وە ئێوە بکەمە تکاکار لای پەروەردگارم، دواتر ئەم بەیتە شیعریەی خوێندەوە:**

**يَا خَيْرَ مَنْ دُفِنَتْ بِالْقَاعِ أَعْظمُهْ ....... فَطَابَ مِنْ طِيبِهِنَّ القَاعُ وَالأَكَمُ**

**نَفْسِي الفِدَاءُ لِقَبْرٍ أَنْتَ سَاكِنُهْ ....... فِيهِ العَفَافُ وَفِيهِ وَالجُودُ وَالكَرَمُ**

**ئەی چاکترین کەس لەو جێ یە مەزنە کە خەوێنراوی**
**خاك و خۆڵی ئەو جێ یە بۆن خۆش بوون لەگەڵ هێنراوی**
**ڕۆحم فیدای ئەو گۆڕە بێ کە تۆ تێیدا ساکینی**

---

[٢٧٣] ئەم ڕیواتە ئیبن و عبد البر لە (بهجة المجالس)(ب٣_ل٢٧٥). هێناویەتی جگە لە وتەی (دەنگێگ لە گۆڕەکەیەوە). وە ئیمامی نەوەویش لە (المجموع شرح المهذب)(ب٨_ل٢١٧) هێناویەتی. بڕوانە: (حاشية جامع الأحكام للقرطبِي بتحقيق الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي )(ب٦_ل٤٣٩).

پـاك و بەخشـندەو خـاوەن میـهرەبـان وا نەخشێـنراوی[٢٧٤]

پاشان دەشتەکیەکە ڕۆیشت، منیش خەو زۆری پێ هێنام و خەوتم، ئەوەبوو پێغەمبەری خوام ﷺ لە خەوا بینی و فەرمووی: ئەی عیتبی خۆت بگەیێنە بەو دەشتەکیەو موژدەی پێ بدە کەوا خوای گەورە لێی خۆش بوو)[٢٧٥].

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویت: (حَياتِي خَيْرٌ لَكُمْ تُحَدِّثُونَ وَيُحَدِّثُ لَكُمْ ، فَإِذا أَنَا مِتُّ كَانَتْ وَفَاتِي خَيْرًا لَكُمْ تُعْرَضُ عَلَيَّ أَعْمَالُكُمْ، فَإِنْ رَأَيْتُ خَيْرًا حَمِدْتُ اللهَ، وَإِنْ رَأَيْتُ غَيْرَ ذَلِكَ اِسْتَغْفَرْتُ اللهَ لَكُمْ)[٢٧٦]، واته: لەو کاتەی کە زیندووم و لە ژیانم ئەوە بۆ ئێوە خێری تێدایە، چونکە ئێوە قسەم لەگەڵ ئەکەن و منیش قسەتان لەگەڵ ئەکەم، جا ئەگەر مردم ئەوکاتە مردنەکەم خێری تێدا ئەبێ بۆ ئێوە، چونکە ئەگەر بێت و کردەوەیەکی چاکی ئێوە ببینم ئەوە سوپاسی خوا ئەکەم، وە ئەگەر خراپەیەکیشتان ببینم ئەوە داوای لێخۆش بوونتان بۆ ئەکەم.

---

[٢٧٤] بریندارى شاعر.

[٢٧٥] (تفسير ابن كثير)(ب٢_ل٣٤٨) سورة النساء آية ٦٤.

[٢٧٦] صەحیحە. حافیزى زين الدينى ئەبى فەزڵى عێراقى و کوڕەکەى ولى الدينى ئەبو زورعەى عێراقى سەنەدى ئەم فەرموودەیان بە (جيد) بە چاك داناوە. جا حافیزى عێراقى ئەفەرمووێت: "بەززار لە فەرموودەى ئیبن و مەسعودەوە ڕیوایەتى کردووە، وە پیاوەکانیشى پیاوانێکى صەحیحن تەنیا عبد المجيدى کوڕى عبد العزيزى کوڕى ڕووادى نەبێت هەر چەندە موسلیم ڕیوایەتى لێوە کردووە، وە ئیبن و مەعین و نەسائیش متمانەیان پێداوە بەلاَم زۆریەیان ئەو پیاوەیان بە زەعیف داناوە. وە حارسى کوڕى موسلیم لە (مسند)ى خۆى ئەو فەرموودەى ڕیوایەت کردووە لە ئەنەسەوە بە سەنەدێکى زەعیف. بڕوانە: (تخريج الأحاديث الإحياء علوم الدين بتحقيق الحافظ الزين الدين العراقي)(ب١_ل٢١٨٩_ذ٣٤٥٨)باب _ كتاب الرجاء والخوف. طبعة دار العاصمة. وە بڕوانە: (طرح التثريب في شرح التقريب بشرح الحافظان زين الدين العراقي وابنه الحافظ ولي الدين العيراقي)(ب٣_ل٢٩٧) باب الكفن وحمل الجنازه والصلاه عليها. جا ئەم کتێبەى حافیزى عێراقى یەکێکە لە دواین کتێبەکانى. وە هەروەها حافیزى ئیبن و حەجەرى هەیثەمى ئەفەرمووێت: "بەززار ڕیوایەتى کردووەو پیاوەکانیشى پیاوانێکى صەحیحن. بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب٩_ل٢٤) باب_ ما يحصل لأمته ﷺ من إستغفاره بعد وفاته. وە (كشف الأستار عن زوائد البزار)(ب١_ل٣٩٧_ذ٨٤٥).

وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (إِنَّ أَعْمَالَكُمْ تُعْرَضُ عَلَى أَقَارِبِكُمْ وَعَشَائِرِكُمْ مِنَ الأَمْوات، فَإِنْ كَانَ خَيْراً إِسْتَبْشَرُوا، وَإِنْ كَانَ غَيْرُ ذَلِكَ قَالُوا: اللَّهُمَّ لا تُمِتْهُمْ حَتَّى تَهْدِيَهُمْ كَمَا هَدَيْتَنَا)[٢٧٧]، بێگومان کردەوەکانتان پیشانی خزم و کەس و کارو هۆزەکانی ئێوە ئەدرێت لە نێو مردووەکانا، جا ئەگەر کردەوەکانتان چاك و باش بێت ئەوە پێیان خۆش ئەبێت و شادومان ئەبن، وە ئەگەر خراپیش بێت ئەوە ئەفەرموون: پەروەردگارمان مەیان مرێنە هەتاوەکوو هیدایەتیان ئەدەی هەروەکوو چۆن ئێمەت هیدایەتدا[٢٧٨].

وە هەروەها ئیبن و قودامەی مەقدیسی ﷺ لە (مختصر منهاج القاصدين)دا ئەفەرمووێت: "چەسپاوە کەوا عاریف و خواناسەکان زیندوون لە گۆڕەکانیان وەکوو شەهیدەکان، (هەموو کەسێکی خۆیەکلایی کەرەوە بۆ خوای گەورە کە لە جیهادو تێکۆشاندایە لە دژی نەفسەکەی ئەوە لە شەهیدەکانە)"[٢٧٩]

---

[٢٧٧] صەحیحە. ئەلبانی ئەفەرمووێت: ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٣_ل٦٤_١٦٥). وە ئیبن و موبارەك لە (الزهد) ڕیوایەتیان کردووە. وە لەسەرەتا ئەم فەرمودەیەی بە زەعیف داناوە لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٢_ل٢٥٤_ژ٨٦٣) بەڵام پەشیمان بووەتەوەو بە صەحیحی داناوە. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٦_ل٦٠٥_ژ٢٧٥٨).

[٢٧٨] کاك ئاسۆیی کۆیی کە دۆستێکی نزیکی خۆمە بۆی باس کردم و فەرمووی: مامۆستا ابراهیم کۆیی بۆی باسم کردم و فەرمووی: هاوەڵێکم لە پرێکا وەفاتی کرد، جا بەر لەوەی وەفات بکات پێمی فەرموو: کەوا کچەکانم بۆ بەشوو بدە، ئیتر قەدەری خوا ئەو پیاوە وەفاتی کرد، جا خێزانی ئەو پیاوە دەرنەئەچوو بۆ دەرەوە ماوەیەك، ئیتر ڕۆژێکیان بۆ کارێکی پێویست دەرچووە دەرەوە، ئیتر بۆ شەو خەوی بەپیاوەکەوە بینی بوو، ئەوەبوو خێزانەکەی پێی فەرموو بوو: تۆ ئاگاداری ئێمەیت؟ ئەویش فەرموو بووی: بەڵێ، خوای گەورە ئێوەم پێ نیشان ئەدات بەردەوام لە پێش چاوی منن. جا خۆشەویستان ئەمە تاکێك بێ لە ناو ئوممەت ئەمە حاڵی بێت، ئەی چی بە پێغەمبەرو ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان ئەڵێی.

[٢٧٩] (البطولة والفداء عند الصوفية)(ل١٣٩) ی ئەسعەد خەطیب.

وە هەروەها ئیمامی شەعرانی لە گەورە ئەولیاکانی ئوممەتی ئیسلام ئەبو خەیری ئەقتەعی تیناتیەوە[280] ئەو چیرۆکەمان بۆ ئەگێڕێتەوە کەوا ئەفەرموویت"هاتمە لای گۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەشا زۆرم برسیم بوو جا وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من میوانی تۆم، لەوێ لاکەوتم و لە دوای مینبەری پیرۆزیانەوە خەوم لێ کەوت، ئەوەبوو پێغەمبەری خوام بینی ﷺ وە نێو چەوانی پیرۆزی ئەوم ماچ کرد، ئەویش کولێرەیەکی دا پێم و نیوەم لێ خوارد، جا کاتێ خەبەرم بوویەوە نیوەکەی تری کولێرەکەش بە دەستمەوە بوو"[281].

جا خۆشەویستان ئەمە ژیانی مەعنەوی پێغەمبەری خوایە ﷺ، وە ژیانی مەعنەوی گشت میراتگرە ڕاستەقینەکانێتی، چونکە قاعیدەیەك هەیە هەروەك زۆربەی زاناکان فەرموویانە: (كُلُّ مَا جَازَ أَنْ يَكُونَ مُعْجِزَةً لِنَبِيّ جَازَ أَنْ يَكُونَ

[280] حەممادی کوڕی عبد الله، کە یەکێکە لە زاناکانی ئەهلی سوننەو جەماعە، وە یەکێکە لە گەورە پیاوەکانی ئەهلی تەصەوف، وە هاوەڵایەتی شێخ ئەبو عبد الله کوڕی جەللائو غەیری ئەویشی لە شەیخەکانی تر کردووە، وە هەروەها شەیخی صۆفیان ئەبو عبد الرحمن سوللەمی لە بارەیەوە بەو شێوەیە ئەفەرمووێت: "ئەو زاتە نیشانەو کەراماتی هەبوو، وە لەبارەی تەوەککولیشەوە لە پێشنگ بوو لەو ڕێگایە، گیانداران و ئاژەڵە دڕندەکان هۆگرو هاودەمی ببوون، وە فیراسەتیشی زۆر تیژ بوو، جا بەیەك دەستی پەلکی دارخوای ئەچنی ئیتر نازانرێ چۆن کردوویەتی(کاری چنینەوەی کردووە بەیەك دەست وا دیارە دەستەکەی تری بڕاوە)، بەردەوام بەرەی جەنگی شام لە پارێزراوی دابوو هەتا ئەو لە ژیاندا مابوو (چونکە لەوێ لەبەرەی جەنگدا بووە بۆ جیهاد کردن دژی دوژمن)، لە بنەڕەتدا مەغریبیە پاشان لە تینات نیشتەجێ بوو (کە گوندێکە لە نزیك حەلەب)، وە ماوەیەکیش لە چیای لوبنان نیشتە جێ بووە، یەکێکە لە هەرە زاهیدو بەندە چاکە ناسراوەکان. لە ساڵی (٣٤٧ھ) وەفاتی کردووە، وە ئەش گوترێ: لە (٣٤٩ھ). بڕوانە: (طبقات الصوفية لأبي عبد الرحمن السلمي)(ل٢٨٠_٢٨٢). وە (الطبقات الكبرى للشعراني)(ب١_ل١٩٧).

[281] (الطبقات الكبرى للشعراني)(ب١_ل١٩٧).

كَرامَةٌ لِوَلِيٍ)[٢٨٢]، واته: (ئەکرێ هەموو ئەو شتانەی کە دروستە ببنە موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەرێك عليهم السلام دروستەو ئەکرێ ببێتە کەرامەتێك بۆ وەلیەك. بۆیە خۆشەویستان خۆ ئێوە میهرەبانی خوا دابەش ناکەن بەسەر خەڵکی، بەڵکوو ئەوە خوایە کە ڕێز لە دۆستەکانی خۆی ئەگرێت و پلەیان بەرز ئەکاتەوە، جا چ لە دونیا وە چ لە دوای مردنیش هیچ جیاوازییەکی نیە، بۆیە ئەوەی ئەڵێ: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم یاخود ئەولیاکانی خوای گەورە تازە مردن کۆتاییان پێ هات ئەوە ئەبێ فێرە ئەدەب بکرێ، چونکە ئێمە هەندێ لەو بەڵگانەمان خستەڕوو، ئێوەش وەریگرن چونکە بەو پەڕی ئەمانەتەوە بۆم نەقڵ کردوون. وە سەبارەت بە زانینی جیهانی ئەمرو ڕۆحیش ئەمە ئامرازێکی کردەییە واتا بە کردار ئەچیتە نێو جیهانی میسال لە کاتی زیکرەکاندا، ئەوانەی کە دڵیان کراوەتەوەو قەدەری خوا بە کردەیی ئەبینن لەو جیهانەدا[٢٨٣]، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆح و ئەم جیهانە بە نوسین نابێت بەڵکوو بە کردەییە ئیتر تۆش ئەو مورشیدە بدۆزەرەوە تاوەکوو بەو مەقامە بگەیت.

---

[٢٨٢] ئەم زانایانە فەرموویانە: ئیمامی سعد الدینی تەفتازانی لە (شرح المقاصد)(ب٢_ل٢٠٣). ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لە (الفتح الباري شرح صحيح البخاري)(ب٧_ل٣٨٣_ژ٤٠٨٧). وە ئیمامی حەرەمەین لە (الإرشاد)(ل٢٦٧)، طبعة مؤسسة الكتب الثقافية. وە ئیبن و حەجەری هەیتەمی لە (الفتاوى الحديثية)(ل١٠٨). وە ئیمامی نەوەوی لە (شرح صحيح المسلم)(ب١١_ل١٠٨). وە ئیمامی عەلی قاری ئەفەرمووێت: "ئەوەی بە ڕووکەشی دیاربێ لە وتەی ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفە بۆ ئەو مەقامە ئەوەیە کەوا موافقە لەگەڵ ئەوەی کە زۆرینەی زانا بەرزەکان لەسەری ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی کە دروستە ببنە موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەرێك ئەوە دروستەو ئەکرێ ببێتە کەرامەتێك بۆ وەلیەك و هیچ جیاوازییەکی لە نێوانیاندا نیە تەنیا ڕکابەرێتی نەبێت (واتە: تەحەددای پێغەمبەرێتی نەکات). بڕوانە: (شرح فقه الاكبر)(ل١٣١) طبعة دار الكتب العلمية.

[٢٨٣] کە پێی ئەگوترێ کەشف و کەرامەت.

## مەرجەکانی بوون بە مورشیدی کامڵ.

حوججەتولئیسلام ئیمامی غەزالی‌ قدس سره لە بارەی مورشیدو شێخی کامڵەوە ئەفەرموویێت: "مەرجی ئەو شێخەی کە دەست ئەدات بۆ ئەوەی ببێتە جێگری پێغەمبەر ﷺ ئەبێ زانا بێت بەڵام هەموو زانایەك دەست نادات بۆ خیلافەت (بوون بە جێنیشین)"، جا ئەفەرموویێت: "من هەندێك لەو نیشانانەت بۆ باس ئەکەم تاوەکوو هەموو کەسێك بانگەواز نەکات بڵێ: من مورشیدم".

١. مورشید ئەو کەسەیە کە پشتی لە خۆشەویستی دونیاو ناوبانگ کردووە.

٢. بە دوای کەسێکی بەرچاو ڕوون کەوتووبێ بە زنجیرە، ئەم دواکەوتنەش بگاتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی ئیمام مورشید ئەم زانستەی لە شەیخی خۆی ئەمیش یەك لە دوای یەك تا ئەگاتە پێغەمبەری خوا ﷺ وەرگرتبێت.

٣. ئەبێت لە ڕووی ڕیازەی نەفسیەوە (واتە موجاهەدەی نەفس) چاك و باش بێت لەکەم خواردن و کەم قسەکردن و کەم خەوتن و زۆر نوێژکردن و بەخشین و ڕۆژووگرتن.

٤. ئەبێت شەیخێکی بەرچاو ڕوون خاوەن بەصیرەت چاودێری بکات، بۆ ئەوەی ئەو ڕەوشتە چاکانەی کە لەودا هەیە بۆ ئەو ببێتە وانەو کاری پێ بکات، جا هەر لە ئارام گرتن و نوێژو شوکرو پشتبەستن و یەقین و قەناعەت و ئیطمئنانی نەفس و نەرمی و خۆبەکەم زانین و زانست و ڕاستگۆیی و شەرم و وەفاو ویقارو زوو بڕیارنەدان و چاودێری شتان و هاو شێوەکانی ئەمانە، جا ئەگەر ئەم سیفەتانەی هەبوو ئەوە نورێکە لە نوورەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەکرێ خەڵك بەدوای بکەوێ

بەلاّم بوونی ئەم جۆرە کەسە دەگمەن و کەمە، بەلّکوو مەزنترو شکۆدارترە لە گۆگردی سۆر (کبریت الأحمر)[٢٨٤] .

دیسانەوە ئیمامی غەزالیﷺ ئەفەرموویّت: "ئەبیّ زۆری گرینگی دانی زانستی (باطن) ژوورەوە بیّت، وە چاودیّری دلّ بیّت، وە ناسینی ڕیّگای دواڕۆژوو بڕینی ڕیّگاکەی بیّت، وە ڕاستگۆ بیّت کاتیّك شتیّکی بۆ کەشف ئەبیّت لەو تیّکۆشانەو چاودیّرییە کە ئەیکات، لەبەر ئەوەی بە موجاهەدە ئەگاتە موشاهەدە (بینینی شتەکان ئەوانەی لە ئیّمەوە دیار نین)، وە وردەکارییەکانی زانستی دلّ بە هۆی موشاهەدەوە کانیاوەکانی حیکمەتی دلّ هەلّئەقولّیّن، بەلاّم کتیّبەکان و فیّرکردن بەس نیە، مەبەستی ئیمام تۆ بەتەنیا لە ڕیّی کتیّبەوە ناتوانی بگەیتە پلەی موشاهەدەو پلەی ئیحسان، ئەبیّت موجاهەدەی نەفس بکەیت لەگەلّ خویّندنەکەت بۆ بەدەستهیّنانی هەردوو زانستەکە زانستی دلّ و زانستی شەریعەت"[٢٨٥] .

حەزرەتی شیّخ عبد القادر گەیلانیﷺ [٢٨٦] ئەفەرموویّت: "ئەی خەلّکینە بزانن کەوا خوای گەورە خۆی دلّی ڕاستگۆیەکانی پەروەردە ئەکات هەر لە کاتی

[٢٨٤] (أیها الولد)(ل٦٣): هی ئیمامی ئەبو حامید محمدی کوڕی محمدی غەزالییە. (مەبەست بە گۆگردی سۆریش: دیارە لە سەردەمی ئیمام ئەم ماددەیە بە دەگمەن دۆزراوەتەوەو کەم بووە، ئیتر لەوەوە بۆتە پەندو ئەشوبهیّندریّت) .

[٢٨٥] (الإحیاء علوم الدین)(ب١/ل٧٣١) .

[٢٨٦] عبد القادری کوڕی ئەبو صالّحی کوڕی موسای کوڕی جەنگی دۆستی کوڕی عبد الله کوڕی یەحیای زاهیدی کوڕی محمدی کوڕی داودی کوڕی موسای کوڕی عبد الله مەحضی کوڕی حەسەنی موسەننای کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو طالبە، (د٤٧٠هـ_و٥٦١هـ)، شیّخ عبد القادر ئەوەندە بەناوبانگە هیچی لە بارەیەوە نانوسم، بەلاّم وتەیەکی جوانی شیّخ ئیبن و تەیمیەتان لەبارەی شیّخی گەیلانیەوە بۆ نەقلّ ئەکەم کە لەبارەیەوە فەرموویەتی: (ئەوەی ئیّمە لە وتەی پیّشەواکانمان هەلّیبژیّرین (......) وە لە زانا پاشینەکانی ئەوانیش وتەی (شیّخ عبد القادری کوڕی ئەبی صالّحی گەیلانیەﷺ) بڕوانە: (مجموع الفتاوی)(ب٥_ل٨٥_کتاب الاسماء والصفات). توخواکەی شیّخیّکی مەزن کۆتا زیکری لە ژیان (الله الله)

منداڵیان تا کاتی گەورە بوونیان". ئەمەش سیفەتێکی تری شێخی کامڵە واتە: ئەو کەسەی کە ئەگونجێ خەڵك بە دوای کەوێ.

وە هەروەها گەورەمان سەید ئەحمەدی ریفاعی ﷺ ئەفەرموویت: "خۆشەویستان کاری شەرعناسەکان و زاناکان بە گەورە بگرن هەروەکوو چۆن پیاو چاکان و عاریفەکان بە گەورە ئەگرن، لەبەر ئەوەی ڕێگاکە یەکە ئەوانە میراتگرانی زاهیرو دەروەی شەریعەتن، وە هەڵگری ئەحکامەکانن کە بە هۆیەوە خەڵکی لێ فێر ئەکەن، وە هەر بەهۆی ئەوەوە ئەگاتە گەیشتووەکان بۆلای خوای گەورە، چونکە ئەگەر بێت و هەر تێکۆشانێك و کردەوەیەك کە لەسەر غەیری ڕێگای شەرع بێت ئەوە هیچ سوودێك ناگەیێنێ بە خاوەنەکەی ئەگەر چی با پێنچ سەد ساڵیش پەرستشی خوای گەورە بکات، ئەگەر لەسەر ڕێگایەکی غەیری شەرعی پیرۆز بێت ئەوە لێی قەبووڵ ناکرێت و ئەگەڕێندرێتەوە سەری وە گوناهەکەشی هەر لەسەریەتی، وە خوای گەورەش لە ڕۆژی دووایی هیچ وەزنێکی بۆ دانانێ، جا دوو ڕەکعەتی کەسێکی شەرعناس لە دینەکەی خۆی گەورەترە لە دوو هەزار ڕەکعەتی هەژارێکی نەزان و جاهیل بە دینەکەی خۆی. بۆیە ئاگادار بن!! نەکەن مافی زاناکان پشتگوێ بخەن، وە لەسەریشتانە کەوا گومانی چاك بەوان ببەن، بەڵام کەسی تەقواداری وا تیایاندا هەیە کە کارەکەرە بەوەی کە خوای گەورە فێریانی کردووە ئەمانە ئەولیان و لەسەر حەقیقەتن، جا ئێوە شتێك بکەن کەوا ڕێزو حورمەتیان لای ئێوە پارێزراو بێت"[٢٨٧].

بێت جا خەڵکانێك هەن ئەڵێن بیدعەیە، منیش ئەپرسم چۆن کەسێکی وەك شێخ ئیبن و تەیمیە بیدعەچیەك بە پێشەوای خۆی ئەزانێ کە زیکری (الله الله) ویردی سەر زاری بێت؟ بەڵام دوورە دوورە قسەکەتان.

[٢٨٧] (حالة أهل الحقيقة).

**ـ هەروەها شێخ سەعید حەوا قدس سره لەبارەی مەرجەکانی بوون بە موڕشیدو میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەفەرموێت:**

**١. کەسێکی وەلی و موڕشیدێکی دانایە.**

**٢. بانگەواز کارە (داعیە) بۆ دینی خوای گەورە.**

**٣. مامۆستایە بە ئایەتەکانی خوای گەورە جل جلالە.**

**٤. مامۆستایە بە قورئان و سوننەت.**

**٥. توانادار بێت لە پاککردنەوەی دەروونەکان (تزکیة النفس).**

**٦. وە توانادار بێت لە گواستنەوەی دڵی مرۆڤەکان بەرەو ئاسۆکان بۆ هەست کردن بە زۆرێك لە شتە شاراوەکان (غەیبیەکان).**

**٧. وە توانادار بێت لە گواستنەوەی دڵی مرۆڤەکان بۆ مەقامەکانی ئیسلام.**

**جا ئەم هەموو سیفەتە پێویستی بە زانستێکی دامەزراو حاڵێکی دامەزراو هەیە تا هەمووی لەو کەسەدا کۆ ببێتەوە، بۆ ئەوەی لە یەك کاتدا ببێتە کەسێکی مامۆستاو پەروەردەکار لە ماوەی پێشەنگی کردن و فێرکردنیدا[٢٨٨] .**

[٢٨٨] (تربیتنا الروحیە)(ل١٨٦): هی شێخ ئەبو محمد شێخ سەعید حەوایە، شەهیدی مەزن دکتۆر عبد الله عەززام لە بارەی شێخ سەعید حەواوە فەرموویەتی: (ئەبو محمد چ شتێك بڵێین دەربارەی تۆ؟ لە هەر مەیدان و شوێنێکدا پیاوانێکمان ون کردبێت تۆمان دۆزییەوە، لە دەرگای بانگەوازمان دا کۆمانت کردەوە لە یەکێك لە قەڵاکانی، ڕێگای زانستمان گرتەبەر تۆمان دۆزییەوەو زانایەکی لە زاناکانی ئەو ڕێگایە، بەرەو شەقامی جیهاد ڕۆیشتین تۆمان بینی شێرێکی لە شێرەکانی، سەیری مەیدانی سیاسەتمان کرد بە تۆ گەیشتین پێنوسێکی لە پێنوسەکانی، ڕێگای بیرکردنەوەی چاك و فەرمان بە چاکەو قەدەغەکردن لە خراپەمان گرتەبەر تۆمان دۆزییەوە وەك مامۆستایەکی دیارو بەرچاو لە مامۆستاکانی ئەو ڕێگایە، ئا بەم شێوەیە لە تۆ

**ئەم پێناسەیەی شێخ سەعید حەوا لای من لە هەندێك ڕووەوە بەهێزترە لە پێناسەکەی حوجەتولئیسلام ئەبو حامد غەزالی قدس سره.**

**_ وە هەروەها مامۆستای زەمان و نوێکەرەوەی دین حەزرەتی شێخ عەباس حەسەنی قدس سره ئەفەرمووێت: "کەسی مورشید ئەبێت ئەم سێ سیفەتەی لە خۆیدا بەرجەستە کردبێت".**

**١. إسلامي الإتباع: ئەبێت بە دوای وردوو درشتی ئەم دینە پاکە کەوتووبێت.**

**٢. محمدي الأخلاق: ئەبێت ئەخلاق و ڕەوشتی وەکوو ئەخلاق و ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ وابێت.**

**٣. رباني الأحوال مع الله: کەسێکی خوایی و ڕەببانی بێت، وە بەحاڵی دڵی ڕۆحی نەفسی لەگەڵ خوای گەورە بێت.**

---

ئەڕوانین و هیچ کەسێکیش تەزکیە ناکەین لەبری خوای گەورە)، بڕوانە: (موقع فضيلة الشيخ سعيد حوى بەشی (قالوا عن الشيخ) .

## دەست گرتن بە كەسێكی خوایی.

"خۆشەویستان": پێویستە قوتابی یاخود مورید دەست بگرێت بە شەیخ و مورشیدێكی كاملّ هەروەكوو سوننەتی خوا وا هاتووە هەر لە ئادەمەوە تا دونیا وێران ئەبێت قوتابی و مامۆستا هەر هەبووەو نابڕێتەوە، جا ئەو كەسەی بلّێ پێویست ناكات وەك ئەوە وایە كە بە پێغەمبەری گوتوبێ: پێغەمبەر ﷺ پێویستی بە جوبریل نەبووە، هەروەكوو ئەو فەوزایەی كە ئیمڕۆكە لە جیهانی ئیسلامی ئەیبینین كە چۆن ئوممەتی لێك ترازاندووەو گشتمانی پارچە پارچە كردووە، ئەوەتا زانای بەناو بانگ ئیبن و خەلدوون[289] ﵀ ئەفەرموویێت: "ئەوەی ڕاست بێت پێویستە بۆ كەسی (سالیك مورید) شێخەكی هەبێت، چونكە بە تەنیا ناگاتە ئەو شتانەی كە ئەیەوێ، نەك لەبەر جیاوازی بەدەست هاتووەكان (مەبەستی ئەوەیە خودی شێخ تێڕوانینێكی فراوانی هەیە بەسەر كتێبەكان و دەقەكان)، بەلّكوو لەبەر هەست كردنە بە شتەكانی ئەو ڕێگایە، ئەمەش نەك لە ڕووی ناسینی ئەو زانستە بە دەست هاتووانە (مەبەستی ئەوەیە بۆگەیشتن بە ئەحوالّی دلّ تەنیا بە خوێندنەوەی كتێبەكان بە دەست نایەت)، بەلّكوو ئەمە ئەو هەستە ئیلهامی و ویژدانیەیە كە بە زۆری لە دەرەوەی ویستەكاندا پەیدابووە لەو كردەوانە كە لەسەر شێوازێكی تایبەتی كە هەست بە جیاكردنەوەیان ناكرێت بە ناسینەكانی زانستی بە دەست

[289] عبد الرحمن كوڕی محمد تونسی مالیكیە، (د٧٣٢هـ_و٨٠٨هـ) هەر لە تونس لە دایكبووە، كەسێكی زاناو ئەدیب و مێژووناس و فەیلەسوف بووە، وە بەناوبانگترین كتێبیشی (مقدمة ابن خلدون، وە تاريخ ابن خلدون)ـە. بڕوانە (معجم المؤلفين)(ب٥_ل١٨٨).

هاتوو، بەڵکوو پێویستی بە شێخێك هەیە کە بۆی جیابکاتەوەو بە بەرچاوودەم، واتە: ڕووبەڕوو"[290].

وە هەروەها حەزرەتی گەیلانی ﷺ ئەفەرموویت: "ئەی غافڵی بیٚ ئاگا ئەگەر نەفست بە پشتکردنە دونیاو خەڵکەکەی یاخود بە دەستپێکی ڕق لیٚ بوونەوە لە کردەوە خراپەکان هاودەم و هۆگربووە بەو شتانە ئەوە سوپاسی خوا بکە. وە ئەگینا بگەڕیٚ بە دوای کەسێك تا لە تەنگ و چەڵەمەکان و نارِەحەتیەکان دەرت بهێنیٚ، تۆ دڵت مردووە، جا کەسێکیش هاوەڵایەتیت ئەکات کە دڵی مردبێت. جا لەسەرتە کەوا هاوەڵایەتی زیندووەکان و نوجەبایەکان و ئەبدالەکان بکەیت. تۆ گۆڕی و ئەچیتە لای گۆڕێکی وەك خۆت. مردووی و ئەچیتە لای مردوویەکی وەك خۆت. تۆ نەخۆشی کەچی کەسێکی نەخۆشی وەك خۆت تۆ بەرەو ڕیٚ ئەبات. هاوەڵایەتی ئیمانداره چاك و یەقینداره‌کان بکە. وە ئارام بگرە لەسەر قسەکانیان و وەریان بگرەو کاریان پیٚ بکە، جا ئەگەر وات کرد تۆ سەرکەوتوو ئەبیت"[291].

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرموویت: "سوننەت و عادەتی خوای گەورە وا هاتووە کەوا لەسەر زەوی شەیخ و مورید هەبێت، هاوەڵگرو هاوەڵگیراو (واتە هاوەڵایەتی) شوێنکەوتەو شوێنکەوتوو هەر لە ئادەمەوە عليه السلام هەتا قیامەت هەڵئەستیٚ، (ئینجا باسی ئەوە ئەکات کە چۆن ئادەم لە بەهەشت دەرکراو دابەزییە سەر زەوی، وە چۆن پێویستی بە شێخێك هەبوو، ئەویش جوبریل عليه السلام بووبە مامۆستاو شەیخی (....) ئینجا ئەفەرموویت: "هەر بەو شێوەیە شیث

[290] (شفاء السائل)(ل٦٥).

[291] (الفتح الرباني)(ل٢٤٨).

پێغەمبەر عليه السلام لەسەر دەستی باوكی كە ئادەمە فێربوو، ئینجا ڕۆڵەكانی لەو، وە هەروەها نوحیش عليه السلام بەو شێوەیە ڕۆڵەكانی خۆی فێركرد، وە إبراهیمیش عليه السلام ڕۆڵەكانی خۆی فێركرد هەروەكوو خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿وَوَصَّىٰ بِهَآ إِبۡرَٰهِـۧمُ بَنِيهِ وَيَعۡقُوبُ﴾[292]، واتە: (إبراهیم و یەعقوب ئەم ئاینەیان بە كوڕەكانیان و ڕۆڵەكانیان وەسیەت كردو ڕایان سپارد)، بەڵێ فەرمانی پێ كردن و فێریانی كرد، بەو شێوەیەش موساو هارون عليهما السلام ڕۆڵەكانی خۆیانیان و بەنی ئیسرائیلیان فێركرد، وە عیسا عليه السلام حەوارییەكانی فێركرد، ئینجا جوبریل عليه السلام پێغەمبەرمانی فێركرد صلى الله عليه وسلم، (....) پاشان هاوەڵەكان رضي الله عنهم لەوەوە فێری زانست بوون، ئینجا شوێنكەوتووەكان لە هاوەڵەكان فێربوون، ئینجا شوێنكەوتووی شوێنكەوتووانیش لەوانەوە فێربوون، سەدە لە دوای سەدە سەردەم لە دوای سەردەم"[293].

هەروەها لە شوێنێكی تردا ئەفەرموویێت: "هاوەڵایەتی شەیخێكی زانا بە ئەحكامەكانی خوای گەورە بكە، زانستەكەی ڕێگاتان نیشان ئەدات بۆ لای، كەسێك سەركەوتوویەك نەبینێ سەركەوتوو نابێت، كەسێك هاوەڵایەتی زانایەكی بەكردار نەكات ئەوە لە خاك دەرهاتووە نەباوكی هەیە و نە دایك، وە هاوەڵایەتی كەسێك بكەن كە هاوەڵایەتی لەگەڵ حەق هەیە كە خوای پەروەردگارە جل جلاله"[294].

---

[292] سورة البقرة آية ١٣٢.

[293] (الفتح الربانى)(ل٢٦٩).

[294] (هەمان سەرچاوە)(ل٢٦٩) .

هەروەها شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیە رحمه الله ئەفەرموویت: "ئەو شێخانەی کە ئەکرێنە پێشەواو (إقتیدایان) پێ ئەکرێت و ئەبنە ڕێ نیشاندەر بۆ لای خوای گەورە، وە بانگەواز ئەکەن بۆ لای وەکوو ئیمامی پێش نوێژ وان (....)، وەك ڕێ نیشاندەرێك وایە کەوا ڕێگای حاجیان نیشان ئەدات بۆ ماڵی خوا جل جلاله، جا هەموویان حەجی ماڵی خوا ئەکەن، هیچ کەسێك لەوان بەشی خوایەتی نیە، بەڵکوو ئەگەر کەسێك شتێك لەوە بۆ ئەوان دابنێ ئەوە لە ڕەچەڵەکی یەهودو نەساراکانە کە خوای گەورە لە بارەیانەوە ئەفەرموویت: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾[٢٩٥]، واتە: (جولەکەو دیانەکان قەشەو مەلەکانی خۆیانیان کرد بە چەند خودایەك لە بری خوای گەورە)[٢٩٦]، جا عەدی کوڕی حاتەمی طائی رضي الله عنه فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم خۆئەمان ئەوانیان نە ئەپەرست، ئەوەبوو حەزرەتیش فەرمووی: "بەڵێ"، ئەوان حەلاڵەکانیان حەرام ئەکردو حەرامەکانیشیان حەلاڵ ئەکرد، ئیتر ئەمانیش بە دوایان ئەکەوتن و ئەمە مانای پەرستنەکەیە"[٢٩٧].

بۆیە بەڕێزەکانم پێویستە بۆ گشت موسڵمانێك شەیخ و ڕابەرو مامۆستایەکی هەبێت بەگوێرەی ئەو سیفاتانەی کە باسمان لێوەکرد، جا هەر کەسێکیش بڵێ

[٢٩٥] سورة التوبة آية ٣١.

[٢٩٦] (مجموع الفتاوى)(ب١١/ل٤٩٩) .

[٢٩٧] حەسەنە. ئیمامی بوخاری لە (التأریخ). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٠٩٠). وە تەبەرانی لە (المعجم الكبير)(ژ٢١٩). وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى)(ب١٠_ل١١٦). ڕیوایەتیان کردووە. جا ترمذی ئەفەرموویت: "فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە". وە ئەلبانیش بە حەسەنی داناوەو چەند شاهێدەکیشی لەسەر هێناوە. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٧_ل٨٦١_ژ٣٢٩٣). وە (صحيح الترمذي)(ژ٣٠٩٥).

پێویست بەوە ناکات دەست بەشەیخێکەوە بگرم ئەوە لێرەوە ئاگاداری ئەکەینەوە ئەو کەسە هەم خۆی گومڕا بووە، وە هەم خەڵکیش گومڕا ئەکات، هەروەکوو عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاص لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا ئەفەرمووێت: (سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ : "إنَّ اللهَ لا يَقْبِضُ العِلْمَ انْتِزَاعاً يَنْتَزِعُهُ مِنَ العِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ العِلْمَ بِقَبْضِ العُلَمَاءِ، حَتَّى إذَا لَمْ يَبْقَ عَالِماً اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوساً جُهَّالاً، فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا)[٢٩٨]، (گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ کەوا ئەیفەرموو: "خوای گەورە بەیەك جارەکی زانستی دین لەناو خەڵکیدا هەڵناگرێتەوەو نایهێڵێ، بەڵکوو بەهۆی مردنی زاناکانەوە ئەم زانستە هەڵ ئەگرێتەوەو نایهێڵێ، وە کاتێکیش زاناکان نەمان ئەوە کەسانێکی نەزان و نەشارەزا بەدین ئەبنە ڕابەرو پێشەوای خەڵك، ئیتر ئەو ڕابەرە نەزانانەش پرسیاریان لێ ئەکرێ ئەوانیش بەبێ ئەوەی زانستیان هەبێت فەتوا ئەدەن و هەم خۆیان گومڕا ئەبن، وە هەم کەسی پرسیارکەریش گومڕا ئەکەن"، خوا پەنامان بدات، چونکە بە نەزانینی خۆی ڕاستەوخۆ ئەچێت لە قورئان و سوننەت ئەکۆڵێتەوە کەچی تێگەیشتنێکی قوڵی لەزمانی عەرەبیشدا نیە، وە سەرسامە بە بۆچوونە هەڵەو فەتواکانی خۆی، بۆیە لەخوا بترسن ئەو ئەمانەتە ئەمانەتی دینە لێپرسینەوەی قوڵی لەسەرە لە ڕۆژی دوایی.

وە هەروەها گوێ لەم ئامۆژگارییەی پێغەمبەری خوا بگرە ﷺ، بۆ ئەوەی هەم خۆت، وە هەم خەڵکیش بەڕێگایەکی ڕووناکدا بڕۆن و کەستان گومڕا نەبن،

---

[٢٩٨] ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ١٠٠). وە ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٦٧٣) ڕیوایەتیان کردووە.

ئەفەرمووێ: (لا تَزالُونَ بِخَيْرٍ مَا دَامَ فِيكُمْ مَنْ رَآنِي وَصَاحَبَنِي، وَاللهِ لا تَزَالُونَ بِخَيْرٍ مَا دَامَ فِيكُمْ مَنْ رَأَى مَنْ رَآنِي وَصَاحَبَ مَنْ صَاحَبَنِي، وَاللهِ لا تَزَالُونَ بِخَيْرٍ مَا دَامَ فِيكُمْ مَنْ رَأَى مَنْ رَأَى مَنْ رَآنِي وَصَاحَبَ مَنْ صَاحَبَ مَنْ صَاحَبَنِي)[٢٩٩]، واتە: ئێوە بەردەوام لە نێو خێردانەو بێ بەلاَن مادام لە نێوتاندا کەسانێك هەن منیان بینیوەو هاوەڵایەتی منیان کردووە، وە سوێند بەخوا ئێوە بەردەوام لە نێو خێردانەو بێ بەلاَن مادام لە نێوتاندا کەسانێك هەن کە کەسانێکیان بینیوە کە منیان بینیوە، وە هاوەڵایەتی کەسانێکیان کردووە کە هاوەڵایەتی منیان کردووە. وە سوێند بەخوا ئێوە بەردەوام لە نێو خێردانەو بێ بەلاَن مادام لە نێوتاندا کەسانێك هەن کە کەسانێکیان بینیوە ئەوانیش کەسانێکیان بینیوەکە منیان بینیوە، وە هاوەڵایەتی کەسانێکیان کردووە ئەوانیش هاوەلایەتی کەسانێکیان کە هاوەڵایەتی منیان کردووە. بۆیە خۆشەویستەکەم ئەم زنجیرەیە بەردەوامە تا ڕۆژی قیامەت، ئیتر خۆشبەختی بۆ ئەو کەسە کە کەسانێك ئەبینێ و هاوەڵایەتی کەسانێك ئەکات کە زنجیرە زانستەکەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەڕێتەوە.

جا خۆشەویستان ئەمە شایەتی پێغەمبەرو ئەو زانا بەڕێزانە بوو سەبارەت بە هەبوونی شەیخێك بۆ پێشەوایەتی کردن، وە ئاگاداریشبن! کەسانێك هەن وەك گورگ وان لە ناو پیستی مەڕ ئەیانەوێ جیاوازی بخەنە نێوان شەریعەت لە دەرەوەو ناوەوە واتە ئەڵێن: ئەو بابەتە لە ناوەوە بەو جۆرەیەو لە دەرەوەش

---

[٢٩٩] صەحیحە. ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف إبن أبي شيبة)(ژ٣٣٠١٧). وە تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ٢٠٧). وە ئیبن و ئەبی عاصم لە (سنه لإبن أبى عاصم)(ژ١٤٨١) لە واثیلەی کوڕی ئەسقەعەوە ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی ئەفەرمووێت: "تەبەڕانی لە چەند ڕێگایەکەوە ڕیوایەتی کردووە، جا پیاوەکانی سەنەدێکیان پیاوانێکی صەحیحن". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٢٠)، وە حافیزی عەسقەلانی ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی چاکە، وە پیاوەکانیشی پیاوانێکی صەحیحن"، بڕوانە: (فتح البارى)(ب٧_ل٥). وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٧_ل٨٤٣_ژ٣٢٨٣)

بەجۆرێکی ترە، جا چیرۆکی خضرو موسا پێغەمبەر عَلَيْهِ السَّلَامُ ئەکەنە بەڵگە، بۆیە ئەمانە هیچ نین بەڵکوو تەنیا ساحیرێکن ئەگەر ئەمانەتان لە هەواشدا بینی شەقەی باڵیان ئەدا لە فڕین ئەوە سەیری کردەوەکانیان بکەن بزانن تا چەندێك لەگەڵ شەرعی پیرۆزمان گونجاوە، جا ئەگەر گونجاو بوو ئەوە کەرامەتە ئەگینا ساحیرو درۆزن و دەجالە با بەناوبانگترین کەسیش بێ.

# گەیشتن بە کرۆکی زانست

پێغەمبەری ئازیز ﷺ ئەفەرموویت: (إِنَّ مِنَ الْعِلْمِ كَهَيْئَةِ الْمَكْنُونِ، لا يَعْرِفُهُ إِلا الْعُلَمَاءُ بِاللَّهِ، فَإِذَا نَطَقُوا بِهِ لَمْ يُنْكِرْهُ إِلا أَهْلُ الْغِرَّةِ بِاللَّهِ)[300]، واتە: لە زانستدا شێوازێكی نادیار هەیە هیچ كەسێك بەو نادیارییە نازانێت تەنها زاناكان نەبێت ئەو زانایانەی كە بۆ خوان، جا ئەگەر گوفتار بكەن لە بارەی ئەو زانستەوە واتە دەری بخەن ئەوە هیچ كەسێك بەرپەرچی ئەو زانستە ناداتەوە تەنها ئەو كەسانە نەبێ كە بێ ئاگان لە خوای گەورەو هێندە ئەزمونیان نیە لە زانستی خوادا.

وە هەروەها ئیمامی ئیبن و سیرین ئەفەرموویت: "إِنَّ هَذا العِلْمَ دِينٌ فَانْظُرُوا عَمَّنْ تَأْخُذُونَ دِينَكُمْ"[301]، واتە: ئەی خەڵكینە بزانن كەوا ئەم زانستەی كە ئێوە

[300] زەعیفە. ئیمامی ئەبو مەنصوری دەیلەمی لە (مسند الفردوس)(ژ٧٩٩). وە ئەبو عبد الرحمن سوللەمی لە (الأربعين في التصوف)(ژ٣٢) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان كردووە. جا ئیمامی مونذری ئەفەرموویت: "سەنەدەكەی زەعیفە". بڕوانە: (الترغيب والترهيب)(ب_١_ل٥٨_ژ١٣٧). وە حافیزی سەخاویش ئەفەرموویت: "سەنەدەكەی زەعیفە". بڕوانە: (تخريج الأحاديث السلمي للحافظ السخاوي)(ل١٢٦). وە حافیزی عێراقی ئەفەرموویت: "سەنەدەكەی زەعیفە". بڕوانە: (تخريج الأحاديث الإحياء)(ب_١_ل١٠٢_ژ٨٣). وە حافیزی سویوطی ئەفەرموویت: "ئیمامی طەبەسی لە (الترغيب) وە ئیبن و نەجار لە (التأريخ) ڕیوایەتیان كردووە، جا ئەم دوو ڕیوایەتەی وەكوو شاهێد لە سەر ئەو فەرموودەیە هێناوە. بڕوانە: (اللآلئ المصنوعة)(ب_١_٢٠٢). ئەلبانی ئەفەرموویت: "زۆر زەعیفە". بڕوانە: "(سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب_٢_ل٢٦٢_ژ٨٧٠). چوار حافیزی گەورە تەنها ئەفەرموون زەعیفە كەچی ئەلبانی بێ گوێ پێدانە هەوڵی ئەو كەڵە زانایانە ئەڵێ زۆر زەعیفە، دواتر ئیمامی سیوطی بۆیە دوو شاهێدی لەسەر فەرموودەكە هێنا تاوەكوو بە كۆی گشتی ڕیوایەتەكان پلەی زەعیفیەكەی بەرزكاتەوە بۆ پلەی حەسەنێتی.

[301] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (مقدمة الصحيح المسلم) دا ڕیوایەتی كردووە. بەڵام ئەوانەی كە ئەڵێن: ئەمە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە زاناكان بە زەعیفیان داناوە. بڕوانە: (جامع الأحاديث السيوطي)(ب٩_ل٣٧٦_ژ٨٦٢٦). وە ئیبن و عەدی و حاكم لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان كردووە. وە خەطیبی بەغدادیش لە (الجامع)(ژ١٣٦) ڕیوایەتی كردووە. وە ئیبن و لجەوزی لە (العلل المتناهية)(ژ١٨٨) هێناویەتی. وە ئەلبانیش لە (ضعيف الجامع)(ژ٢٠٢٣)، وە (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ژ٢٤٨١) ئەفەرموویت: "زۆر زەعیفە". وە ئەبو نوعەیم ئەفەرموویت: "ئەوەی صەحیح بێت وەستاوەتە سەر محمدی كوڕی سیرین، هەر

هەولّی بۆ ئەدەن دینەکەتانە، بۆیە  با هەر یەکێك لە ئێوە سەیربکات کەوا دینی خۆی لە کێ وەرئەگرێ.

وە هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (الْعُلَمَاءُ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ)[302]، واتە: زاناکان میراتگری پێغەمبەرانن عليهم السلام .

وە هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (العُلَمَاءُ أُمَنَاءُ الرُّسُلِ عَلَى عِبَادِ اللهِ مَا لَمْ يُخَالِطُوا السُّلْطَانَ، وَيَدْخُلُوا فِي الدُّنْيا، فَإِذَا خَالَطُوا وَدَخَلُوا فِي الدُّنْيا فَقَدْ خَانُوا الرُّسُلَ، فَاعْتَزِلُوهُمْ وَاحْذَرُوهُمْ)[303]، واتە: زاناکان ئەمینداری پێغەمبەرانن عليهم السلام لەسەر بەندەکانی خوای گەورە هەتا ئەو کاتەی کە تێکەڵاوی دەسەڵاتدارەکان ناکەن و ناچنە نێو دونیاوە، جا ئەگەر تێکەڵاویان کردو چوونە نێو دونیاوە ئەو کاتە خیانەتیان لە پێغەمبەرانی خوا کردووە عليهم السلام ، بۆیە ئەگەر ئەمەتان بینی خۆتان لێیانەوە بە دوور بگرن و ئاگاداریان بن.

---

بۆیەشە ئیمامی موسلیم بە مەوقوفی لە ئیبن و سیرینەوە ڕیوایەتی کردووە ئەمەش بۆ دەرچوونە لە ڕاجیاییەکە.

[302] حەسەن و صەحیحە. ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٦٨٢) وە غەیری ئەویش ڕیوابەتیان کردووە. هەیپەمی لە (المجمع الزوائد)(ب١_ل١٢٦_ژ٥٢١) ئەفەرموویێت: "بەززار ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی جێگای متمانەن". وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانیش لە پێشەکی (تخريج مشكاة المصابيح)(ب١_ل١٥١)، ئەفەرموویێت: "فەرموودەیەکی حەسەنە". وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە بڕوانە: "صحيح الترمذي)(ژ٢٦٨٢).

[303] حەسەنە. دەیلەمی لە (مسند الفردوس)(ژ٤٢١٠) ڕیوایەتی کردووە. جا ئیمامی سیوطی ئەفەرموویێت: "فەرموودەکە شاهێدی زۆرە بە مانا لە فەرموودەی صەحیح و حەسەن کە ئەگاتە چل فەرموودە، وە ئەم فەرموودەشی بە حەسەن داناوە. بڕوانە: (اللآلئ المصنوعة)(ب١_ل٢٠٠/٢٠١). وە ئەلبانیش لە کۆتاییەکەی هەمان قسەی سیوطی نەقڵ ئەکات. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٦_ل١٨٨_ژ٢٦٧٠).

بەڵێ خۆشەویستان ئێمە ئەبێ بزانین کە دینی خۆمان لە کێ وەرئەگرین، چونکە هەموو کەسێك هی ئەوە نیە کە شوێنی بکەوین نەوەکا بەرەو گومڕایی برۆین خوای گەورە پەنامان بدات. باشە ئێمە بۆ هێندە پێداگرین لەسەر هەبوونی شەیخێك و میراتگرێکی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە بەرووبوومی خۆی هەیە، ئێمە گوتمان: تەزکیەکردنی نەفس و عەقڵ و دڵ و ڕۆح چەند پلەیەکی هەیە:

١. بەهۆی زانستەوە عەقڵ ڕووناك ئەبێت.

٢. بەهۆی تێکۆشانەوە تا نەکەویتە نێو گوناهەوە، وە تا نەفسیش بێ هێز بێت.

٣. بەهۆی زیکرکردنەوە دڵ ڕووناك ئەبێت.

٤. بەهۆی مورشیدەوە دڵ ئەکرێتەوە، پاشان بە نوور لە نەفس ئەدات، جا بەهۆی ئەو نوورەی کە لە دڵی پێغەمبەری خواوە ﷺ بە میرات وەریگرتووە هەوڵ ئەدات هەرسێ پلەکانی نەفس لە کەسی موریددا ئاڵوگۆڕ پێ بکات.

أ. (نفس الأمارة)، واتە: نەفسی فەرمانکەر بە تاوان، جا ئەم پلەیە نامێنێ و سەر ئەکەوێ.

ب. (نفس اللوامة)، واتە: نەفسی لۆمەکار، ئەم پلەش نامێنێ سەر ئەکەوێ.

ج. (نفس المطمئن)، واتە: نەفسی ئارام و پڕ نوورو ئیمان، ئەمە کۆتا پلەی نەفسە.

جا لە کۆتاییدا نەفس و عەقڵ و دڵ و ڕۆح ئەبنە یەك هەموویان یەك ئەگرن و نوورانی ئەبن، جا لە ڕێی ڕۆحەوە ئیلهام ئەکرێ و نووری فیڕاسەت لە سینگ بە

دیار ئەکەوێت، ئیتر ئەبێتە کەسێکی خزمەتکار بۆ خزمەتکردنی ئوممەتی ئیسلام، وە ئەبێتە بەندەیەك لە نێوان ترس و تکادا ئەبێت، بەڵام ئەوەش بزانە بەبێ مورشید ئەمانە بە دەست نایەت مەگەر کەسێك خوای گەورە میهرەبانی لەگەڵ کردبێت و زۆری پێ بەخشی بێت، جا هەموو ئەو شتانەو بەرنامەیەی کە بۆ بە دەستهێنانی زانستی دڵ و نەمانی نەفس و گەیشتن بە پلەی فیڕاسەت باسمان لێوە کرد بەبێ مورِشیدی کامڵ ناتوانی ئەنجامیان بدەیت چونکە سوننەتی خوا وا هاتووە کە ئەبێ ئەو نەفسەت بکوژی و چۆك دابدەی لەبەردەم ئەولیاکیانی خوا ئینجا بەرەو خوا ئەچیت و ئەم شتانەت پێ ئەبەخشرێت، هەر بۆیەش هەوڵی دۆزینەوەی مورِشیدێکی کامڵ بدە تاوەکوو ببێتە ڕێنیشاندەرت، چونکە تۆ کاتێ کە زیکرە قەلبیەکە ئەکەی مورِشید لە ڕێی دڵەوە هەوڵ ئەدات دڵت بکاتەوە هەروەکوو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ دڵی هاوەڵەکانی ئەکردەوە بەهۆی ئەو نوورەی کە لەسینگیدا بوو، جا مورِشیدیش بە هەمان شێوە کار لەسەر دڵەکان ئەکات بەویستی خوای مەزن، جا خۆشەویستان سەبارەت بە دڵ کردنەوە کەسی وا هەبووە بە یەك شەو دڵی بووەتەوە هەروەکوو باسمان لێوە کرد لە بەشەکانی پێشووتردا، بۆیە ئەم چەند شتەی باسمان کرد زۆر بە گرینگی بزانە چونکە ڕێگایەکی ئەزموونکراوە، ئەوەی باسیشمان لێوە کرد بەو پەڕی ئەمانەتەوە نەقڵمان کردووە، چونکە لە ڕۆژی دوایی ڕائەگیرێین لە بەردەم خواو پێغەمبەر ﷺ.

وە ئەوەی ماوە کە بیزانی ئەوەیە کەوا ئینشیڕاحی سینگی پیرۆزی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕاستەوخۆ بوو، ئەمەش موعجیزەیەکی گەورە بوو بۆسەرووەرمان، بەڵام بۆ ئوممەتەکەی ئەبێتە کەڕامەت، بەڵام جۆرەکەی جیاوازە لەگەڵ هی ئەو، هی

ئوممەتەکەی لە ڕێی هێزی ڕۆحیەوە سینگەکان شەرح ئەکرێن تا هەموو هەناوی ئەبێت بە نوور ئەمەش گەورەییە بۆ خۆشەویست و ئەولیاکانی ئوممەتەکەی، وە هیچ کەسێك بەرپەرچدانەوەی ئەم قسانە ناکات تەنها ئەو کەسە نەبێت کە خوای گەورە بێ بەشی کردووە لەم ئینشیراحە.

## گەیشتن بە پلەی ئیحسان و فیراسەت.

گەیشتن بە پلەی ئیحسان هەروا ئاسان نیە، خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ﴾[٣٠٤]، واتە: بێگومان خوای گەورە لەگەڵ لە خواترسەکان و موحسینەکانە.

ئیحسان چیە؟

سێ واتا لە خۆ ئەگرێت:

١. پلەیەکە لای خوای گەورە هەروەکوو لە فەرموودەدا هاتووە کەوا جوبریل پرسیاری لە پێغەمبەرمان کرد ﷺ دەربارەی ئیحسان ئەویش فەرمووی: (اَلإِحْسَانُ أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَراهُ ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَراهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ)[٣٠٥]، واتە: ئیحسان ئەوەیە کەوا خوای گەورە وا بپەرستی بە جۆرێك وەکوو ئەوەی کە تۆ ئەو ببینی، وە بێگومان گەر تۆش ئەو نەبینی ئەو تۆ ئەبینێ، جا ئەم پلەیەش دوو جیلوەی جوانی هەیە:

---

[٣٠٤] سورة النحل آية ١٢٨.

[٣٠٥] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٥٠). وە موسلیم لە(صحيح المسلم)(ژ٩٣) ڕیوایەتیان کردوە.

**أ. له خواپەرستیدا گەیشتبێته پلەیەك پاش ئینشیڕاحی سینگ جا ناوو سیفاته بەرزەکانی خوای گەورە لەسەر دروستکراوەکانی دونیای (مولْك و مەلەکوت) (جیهانی ئاشکراو پەنهان) ئەبینێ، ئەمەش گەورەترین پلەیە، وە هەرئەمەیە کە ئەهلی تەصەوف ناویان لێناوە غەوسیەت و قوتبیەت و ئەبدالیەت[٣٠٦]، چونکە**

[٣٠٦] غەوس و قوطب و ئەبدال و نوجەباو نوقەباو زۆر ناوی تریش کە گشتیان زاراوەی ئەهلی تەصەوفن، کە هەر یەکێك لە مانە پلەیەکە بە نهێنی لە ناو ئەولیاکانی خوای گەورە. بەلاّم جاری واش ئەبێ ئاشکرا ئەبێ بەهۆی کەشف و کەڕامەتەوە. جا حافیزی موڕتەزا زەبیدی لە ئیبن و حەجەری هەیتەمیەوە بۆمان نەقلّ ئەکات کەوا لە (فتاوى الحديثية)دا فەرموویەتی: باسی ئەبدالەکان لە چەندین فەرموودەوە هاتووە، جا هەندێك لەو فەرموودانە صەحیحەو هەندێکی تریشیان صەحیح نیە. وە سەبارەت بە قوطبیش ئەوە لە هەندێك ئەسەردا هاتووە. بەلاّم غەوسیەت هەروەکوو ئەوەی کە لەناو صۆفیەکان بەناوبانگە هەوالّەکەی جێگیرنەبووە". (إتحاف السادة المتقين)(ب٨_ل٣٨٧).

حافیزی زەبیدی لە کتێبی (تاریخی خەطیبی بەغدادیەوە) لە ئەبوبەکر کەتتانیەوە نەقلّی کردووە کەوا فەرموویەتی: "نەقیبەکان (النُّقَباءْ) سێ سەد کەسن، وە نەجیبەکان (النُّجَباءْ) حەفتا کەسن، ئەبدالەکان (الأبدال) چل کەسن، ئەخیارەکان (الأخيار) حەفت کەسن، عەمیدەکان (العَمَدْ) چوار کەسن، وە غەوسیش یەك کەسە، جا فەرمووی: شوێنی نەقیبەکان لە مەغریبە، وە نەجیبەکان لە میسرە، وە ئەبدالەکان لە شامە، وە ئەخیارەکان گەڕۆکن لەسەر زەوی، وە عەمیدەکان لە زاویەکانی زەوین، شوێنی غەوسیش لە مەککەی پیرۆزە. بڕوانە: (إتحاف السادة المتقين)(ب٨_ل٣٨٨).

حافیزی موڕتەزا زەبیدی لە دوای ئەوەی کە وتەکانی حافیز ئیبن و حەجەری هەیتەمی نەقلّ ئەکات و ئەفەرمووێت: "ئا لەمەوە گومانە بەتالّەکەی ئیبن و تەیمیە وەدەرکەوت کە فەرمویەتی ناوی ئەبدال لە فەرموودەی صەحیح و زەعیفدا نەهاتووە، تەنها لە فەرموودەی پچڕاو نەبێت. جا خۆزگە بینینەکەی ڕەتکردبایەوە، بەڵکوو ڕەتی بوون و وجوودیشی کردووە، وە ئەوکەسەش ئەمە بلّێ ئەوە درۆی کردووە (واتە بلّێ ئەبدالەکان هەیە). جا ئەم فەرموودانە هەر چەندە گشتیان بە زەعیف دانراون بەلاّم ئینکاری ئەوە نەکراوە کەوا فەرموودە زەعیفەکان بەهۆی زۆری ڕێگاکانی ڕاویەکانیەوە یەکتری بەهێز ئەکەن، جا حافیزی زەبیدی ئەفەرمووێت: "ئەگەر حەزئەکەی بلّێ ئەم فەرموودەیە تەواتوری مەعنەویە". بڕوانە: (إتحاف السادة المتقين)(ب٨_ل٣٨٧).

وە حافیزی سیوطیش ئەفەرمووی: "فەرموودەی ئەبدال صەحیحە. هەتا کتێبێکیشم لەسەر داناوەو ڕێگاکانی ئەو فەرموودەیەشم گشتی لەوێ هێناوە، ئینجا دوای ئەوەی کە ڕێگاکانی فەرموودەکە ئەهێنێتەوەو ئەفەرمووێ: "نموونەی ئەو فەرموودەیە تێی پەڕاندووەو گەیشتووەتە تەواتوری مەعنەوی، جا مەحاڵە بوونی ڕاستی ئەبدالەکان بپچڕێندرێت ئەمەش لەبەر هەبوونی پێویستیەت". بڕوانە: (النکت البدیعات)(ل٢٤٠).

جا فەرموودەی ئەبدال بە مەڕفوعی و مەوقوفی گێڕدراوەتەوە. وە چاکترین فەرموودەش کە لە بارەیەوە کە گوترابێت ڕیوایەتەکەی ئیمامی ئەحمەدە لە عەلی کوڕی ئەبو طالیبەوە کە فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ کە ئەیفەرموو: (الأبدال یکونون بالشام، وهم أربعون رجلا، کلما مات رجل أبدل الله مکانه رجل، یسقی بهم الغیث، وینتصر بهم علی الأعداء، ویصرف عن أهل الشام بهم العذاب) واتە: ئەبدالەکان لە شامن، وە ژمارەیان چل کەسە، جا هەر کاتێك پیاوێك لەوان مرد ئەوە پیاوێکی تر لە شوێنی ئەو دائەنرێت، ئیتر بەهۆی ئەوانەوە باران ئەبارێت و بەسەر دوژمندا سەر ئەکەون، وە سزاو ناخۆشیش لەسەر ئەهلی شام هەڵئەگیرێ. فەرموودەیەکی صەحیحە. بڕوانە: (مسند أحمد)(مسند عشرة المبشرة بالجنة، عن علي بن أبي طالب. وە بەیهەقیش لە (دلائل النبوة)(ل٤٤٩) بە مەوقوفی لە عەلیەوە ڕیوایەتی کردووە. کەوا فەرموویەتی (لا تسبو أهل الشام جما غفیرا، فإن فیهم الأبدال)، واتە: ئێوە جنێو و قسەی ناشیرین بە گشت ئەهلی شام مەدەن چونکە ئەبدالەکانیان تێدایە. وە ئەم ڕیوایەتەش ئیمامی حاکم هێناویەتی لە (مستدرك)(ب٥_ل٥٠_ژ٨٧٢٢) باب کتاب الفتن والملاحم. یاخود (مستدرك حاکم مع تلخیص الذهبی)(ب٤_ل٥٥٣). ئەمەش دەقەکەیە (لا تسبو أهل الشام فإن فیهم الأبدال، وسبوا ظلمهم)، واتە: ئێوە جنێوو قسەی ناشیرین بە خەڵکی شام مەدەن چونکە ئەبدالەکانیان تێدایە، ئێوە قسەی ناشیرین بە ستەمکارەکانیان بڵێن). جا حاکیم ئەم ڕیوایەتەی بە صەحیح داناوەو زەهەبیش موافیقە لەسەری. وە تەبەڕانیش لە (معجم الأوسط)(ژ٤٠٣٦) بە مەوقوفی لە ئەنەسەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (لن تخلو الأرض من أربعین رجلا مثل ابراهیم خلیل الرحمن. بهم یسقون، وبهم ینتصرون. ما مات منهم أحد الأ أبدل الله مکانه آخر. وفیه أن سعیدا قال: سمعت قتادة یقول: لسنا نشك أن الحسن منهم). حافیزی زەبیدی ئەفەرمووێت: سەنەدەکەی حەسەنە. بڕوانە: (إتحاف السادة المتقین)(ب٨_ل٣٨٥). واتە: (زەوی هیچ کاتێك خاڵی نابێت لەو چل پیاوە کە وێنەیان وەکوو حەزرەتی ئیبڕاهیمی دۆستی خوایە. جا بەهۆی ئەوانەوە بارانیان بۆ ئەبارێ و سەرئەکەون بەسەر دوژمن. بۆیە هەر کاتێکیش یەکێك لەوان وەفات بکات ئەوە خوای گەورە کەسێکی تر ئەخاتە شوێنیەوە. جا سەعید کە یەکێکە لە ڕاویەکانی ئەم فەرموودەیە ئەفەرمووێت: گوێم لە قەتادە بوو کە ئەیفەرموو: ئێمە گومانمان لەوەدا نیە کە حەسەن یەکێکە

لەو ئەبدالانە. بڕوانە: (مجمع البحرين)(ب٧_ل٣٧/٣٨). وە حافیزی ئیبن و حەجەری هەیثەمیش ئەفەرمووێ: "فەرموودەکەی تەبەڕانی حەسەنە" بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٦٣). وە هەروەها ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٥٦٧١) ڕیوایەتێکی هێناوە کە ئەفەرمووێت: "عەففان بۆی باس کردین موسای کوڕی خەڵەف بۆی باسکردین جا ئەبو خەڵەف یەکێك لە ئەبدالەکان هەژمار ئەکرا. بۆیە ئەمەش دانپیادانێکی ڕوونی ئیمامی ئەحمەدە بۆ حەقیقەتی ئەبدالەکان. وە شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: شێخ عەففان ئەوە موسای کوڕی خەڵەفە کە عەممی بەصریە، بوخاری لە صەحیحەکەی خۆیدا بۆ شاهێدی ڕیوایەتی لێهێناوە، جا فەرموودەکانی حەسەنە. بڕوانە: (مسند أحمد بتحقيق شعيب الأرنؤوط)(ب٢٤_ل٤٤١_ژ١٥٦٧١).

وە هەر لە (مسند أحمد) ڕیوایەتێك لە ئیمامی عەلیەوە هاتووە کەوا ئیمامی عەلی لە عێراق بوو جا باسی ئەهلی شامیان لە لا کردو پێیان گوت: ئەی ئەمیری ئیمانداران نەفرینیان لێ بکە، ئەویش فەرمووی: نەخێر چونکە لە پێغەمبەری خوام بیستووە کەوا ئەبدالەکان لە شامن، وە ژمارەیان چل کەسە، جا هەر کاتێك پیاوێك لەوان مرد ئەوە پیاوێکی تر لە شوێنی ئەو دائەنرێت، ئیتر بەهۆی ئەوانەوە باران ئەبارێت و بەسەر دوژمندا سەر ئەکەون و وە سزاو ناخۆشیش لەسەر ئەهلی شام هەڵئەگیرێ. جا ئیمامی زەبیدی ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی صەحیحە، پیاوەکانیشی پیاوانێکی صەحیحن تەنها شوڕەیح نەبێت کە متمانە پێکراوە(ثقة)، وە تەبەڕانی و حاکمیش لە چەندین ڕێگای ترەوە ڕیوایەتیان کردووە. بڕوانە: (إتحاف السادة المتقين)(ب٨_ل٣٨٦). وە حافیزی سەخاویش هەمان قسەی حافیزی زەبیدی ئەکات کە ئەفەرمووێ: پیاوەکانی ئەم فەرموودەیە لە ڕاویە صەحیحەکانە تەنها شوڕەیح نەبێت کە متمانە پێکراوە (ثقة). جا هەر حافیزی سەخاوی حافیزی زەبیدی و غەیری ئەوانیش ئەم چەند وتەیەشیان نەقڵ کردووە کە ئەفەرموون: لەناو پێشەوەکانیشدا گوتراوە: کەوا ئیمامی شافیعی و ئیمامی بوخاریش یەکێك بوونە لە ئەبدالەکان، وە ئیمامی ئەحمەدیش فەرمویەتی: ئەگەر ئەهلی فەرموودە لە ئەبدالەکان نەبن کێ لەوان ئەبێت؟ وە بیلالی خەواص ئەفەرمووێ: من لەو شوێنەی بەنی ئیسڕائیل بووم (واتە: سەحرای سینا کە ئەکەوێتە نێوان میسرو فەڵەستین)، ئەوەبوو پیاوێکم لێ پەیدابوو لەگەڵم ئەڕۆیشت و سەرسام بووم، جا ئیلهام کرام کەوا ئەوە خضرە، منیش گوتم: بەحەققی حەق تۆ کێی؟ فەرمووی: من خضری براتم، منیش گوتم: ئەمەوێ چەند پرسیارێکت لێ بکەم، ئەویش فەرمووی: پرسیار بکە، گوتم: چی ئەڵێی دەربارەی شافیعی؟ فەرمووی: ئەو یەکێکە لە ئەبدالەکان، منیش گوتم: ئەی چی ئەڵێی دەربارەی ئەحمد؟ فەرمووی: پیاوێکی صددیقە (واتە: لە صیددیقەکانە کە یەکێکە لە پلە هەرە گەورەکان)، منیش گوتم ئەی چی ئەڵێی دەربارەی بیشری کوڕی حارث؟ فەرمووی: لە دوای خۆی پیاوێك وەك ئەو دروست نەبووە، منیش گوتم: بەچی هۆکارێك توانیم بتبینم؟ فەرمووی: بە بەرەکەتی دایکت. بڕوانە: (مقاصد الحسنة)(ب١_ل٩_ژ٨). وە هەم دیسانەوە

**ئەمانە چەند ناوێکن تایبەتن بە زانستی ئەهلی تەصەوف وەکوو باقی زانستەکانی تر کە زاراوەی تایبەتیان هەیە بە خۆیان، ئەی تۆ ئەم فەرموودەت نەبیستووە کەوا خۆشەویستمان فەرموویەتی: (وَجُعِلَتْ قُرَّةُ عَيْنِي فِي الصَّلَاةِ)[٣٠٧]، واتە: نوێژ**

---

ئیمامی سەخاوی لە مەناقیبی ئیمامی نەوەویدا ئەم دەقەی هێناوە کە ئەفەرمووێت: قازی صەفەد لە طبقاتەکەی خۆیدا ئەفەرمووێت: ئەهلی کەشف ئەفەرموون: ئیمامی نەوەوی نەمرد هەتاوەکوو بووە قوطب". جا ئەم ڕیوایەتەشەی هێناوە کە ئەفەرمووێت: هاوەڵی ئێمە شێخ ئەبو عەباس ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی سالمی کوڕی حەسەنی شافیعی زیاتر لە جارێك ئەمەی بۆ باس کردووم و فەرمووی: شێخی صالح و ڕاستگۆ موعەممەر ئەبو قاسمی کوڕی عومەیری موڕڕی، کە یەکێکە لە پیاوچاکەکان بۆی باس کردم: کەوا وەك ئەوەی کەسێك لە خەودا خەو ببینێ بەیداغ و عەلەمێکی زۆری بینیوە، وە فەرمووی: گوێم لە دەنگێگ بوو منیش سەرسام بووم بەو دەنگەو گوتم: ئەوە چیە؟ پێم گوترا: ئیمشەو یەحیای نەوەوی بووە قوطب، جا لە خەو هەڵسام و ئیمامی نەوەویشم نە ئەناسی و وە گوێشم لە ناوی نەبووبوو، وا ڕێککەت کەوا بچمە شاری لەبەر پێداویستیەکانم، ئەوەبوو لای کەسێك باسم کرد کەوا یەحیای نەوەوی کێیە ئەویش فەمووی: ئەوە شێخی (دار الحديث الأشرفية)یە ئێستاکە وادەی دانیشتنی هاتووە لەو شوێنە، منیش ڕۆیشتم و چوومە لای، بینیم دانیشتووەو کۆمەڵێك خەڵکیش بە دەوریەوەن، ئیتر چاوی کەوتە سەرمن و سەیری کردم و خەڵکەکەی بەجێ هێشت و هاتە لای من، وە هەتا نزیك دەرگاکەش لەگەڵم ڕۆیشت و وازی نەهێنا کەوا قسەی بۆ بکەم، جا فەرمووی: ئەوەی لە لاتە بیشارەوە بۆ هیچ کەسێکی باس مەکە، پاشان گەڕایەوە شوێنی خۆی و لەوە زیاتری نەگوت، وە لەمەو پێشیش نەم بینی بوو وە لە غەیری ئەو جارەش لەگەڵی کۆنەبووبومەوە". بڕوانە: (المنهل العذب الروي في ترجمة قطب الأولياء النووي)(ل٤٠/٤١). ئەمە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی ئیمامی نەوەوی، وە بەڵگەشە لەسەر فیڕاسەتی نووری دڵی ئەو ئیمامە بەڕێزە کەوا خوای گەورە ئاگاداری کردەوە لە حاڵی ئەو پیاوەو نیەتی هاتنەکەی، بۆیە تکا ئەکەم ئینکاری شتان مەکەن، لەبری ئەوە دینەکەی خۆتان تەحقیق بکەن، خۆتان بەکوێری و تەقلیدی کوێرانەو دەمارگیری خەریك مەکەن بەر لەوەی بگەڕێنەوە دوارۆژ.

[٣٠٧] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٢٣١٥). وە نەسائی لە (سنن النسائي)(ژ٣٩٣٩). وە ئیبن و سەعد لە (الطبقات)(ب١_ل٣٩٨). وە ئەبو یەعلا لە (مسند أبى يعلى)(ژ٣٥٣٠). وە حاکم لە (مستدرك)(ژ٣٦٧٦) ڕیوایەتیان کردووە، جا حاکم ئەفەرمووێت: "صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم". بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب١٢_ل٩٢_ژ١١٥٠٨). وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە. بڕوانە: (صحيح الجامع)(ب١_ل٥٩٩_ژ٣١٢٢).

کراوەتە بیلبیلەی چاوم. جا ئەگەر ئەم (في)ـە لە ڕووی نەحویەوە وەرگرین و بلێین: (لە ناو) هەروەکوو هەندێك لە زاناکان وا ئەفەرموون ئەو کاتە ڕوونکردنەوەی فەرموودەکە ئەگۆڕێت واتە: (نوێژ کراوەتە بیلبیلەی چاوم ئەمەش بە هۆی ئەو شتانەی کە لە ناو نوێژدا ئەبینم لە جیهانی پەنهان و ئاشکرا). وە فەرموودەشمان هەیە (کەوا پێغەمبەری ئازیزمان ﷺ لە ناو نوێژدا بەهەشت و دۆزەخی بینیوە، وە ئەفەرموویت:"ئەگەر دەستم درێژ بکردایە بۆ میوەکانی وەرم ئەگرت")[٣٠٨]، وە لە فەرموودەی تردا هاتووە: (لە ناو نوێژدا وەنەوزی لێ هاتووەو پەروەردگاری لەبەردەمدا بووەو گوفتاری لەگەڵ کردووە)[٣٠٩]، جا ئەمانە گشتی پلەی ئیحسانن.

---

[٣٠٨] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٦٧٦٣). وە ئیبن و حیبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٢٨٢٧)، وە غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە. ئەلبانی ئەفەرموویت: "فەرموودەیەکی صەحیحە". بڕوانە: (صحيح النسائي)(ژ١٤٨١). وە ئەحمەد شاکر ئەفەرموویت: "سەنەدەکەی حەسەنە".

تێبینی: موجازی قیرائەی عەشرە شێخ عبد السميع خضر حەیالی حەسەنی لە هاوەڵێکی خۆیەوە ئەم بەسەرهاتە ڕاستەقینەی لە هەولێر بۆ گێڕاینەوە: کەوا پیاوێکی وەلی خوا هەبوو لە شاری موسڵ، جا ئەو هاوەڵەی شێخ عبد السميع ئەو کاتە تەمەنی لە نێوان ١٢ تا ١٣ ساڵان ئەبێت و ئەچێتە ماڵی ئەو پیاوچاکە، ئەم زاتە پیرۆزە میحرابێکی ئەبێ لە ژوورەکەی خۆی بۆ ئەوەی خواپەرستی تێدا بکات، جا فەرمووی: بە پیاوچاکەکەم گوت: یا شێخ ئەمەوێ لەو شوێنەی تۆ نوێژ بکەم"، شێخیش فەرمووی: "ڕۆڵەکەم تۆ ناتوانی لەم شوێنە نوێژ بکەیت"، ئەوەبوو زۆر پێداگری لە جەنابی شێخ کرد تا نوێژەکەی تیادا بکات، شێخیش بۆ ئەوەی بزانێ کە لەبەرچی ناتوانێ لەو شوێنە نوێژ بکات ئەوەبوو فەرمووی: "وەرە بیکە"، جا هاوەڵەکەی شێخ عبد السميع چوو نوێژی تیادا بکات، هەر لەگەڵ گوتنی الله أكبر شێوەی کەعبەی هاتە بەرچاو لەجیهانی نادیار سبحان الله، ئەوەبوو فەرمووی: "لە ترسان ئەو شوێنەم بەجێ هێشت و ڕام کرد". مادام شتێك بۆ حەزرەت ڕوویدابێت، ئەکرێ وەك کەرامەتێك بۆ ئومەتەکەشی ڕووبدات، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەو کەسە میراتگری حەقیقی پێغەمبەری خوایە ﷺ لە زاهیرو لە باتین. دانەر

[٣٠٩] صەحیحە. ئیمامی ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٢٣٥). وە تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ژ٢١٦). وە حاکم لە (مستدرك)(ژ١٩١٣). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٢٢١٦٢) ڕیوایەتیان کردووە، جا ئیمامی ترمذی ئەفەرموویت: "حەسەن و صەحیحە". وە فەرموودەکە ئەطرافیشی هەیە بڕوانە: (جامع الأحاديث

ب. ئەمەیان پلەی نزمترە: ئەمە مەقامی هەستکردنە بە چاودێری خوای گەورە بەسەریەوە جیا لەوەی یەکەم کە باسمان لێوە کرد، ئەمەیان دیوی جیهانی پەنها نابینێ، وە ناو سیفاتە بەرزەکانی خوای گەورە لەسەر دروستکراوەکانی جیهانی دیار بە چاوی سەر ئەبینێ، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ﴾[310]، واتە: خوای گەورە بە زانست و توانای خۆی لەگەڵتانە ئیتر لە هەر جێگایەکیش بن. بۆیە ئەمە مەقامێکی بەرزەو با هەوڵبدەین لە خۆمانیدا بەرجەستەی بکەین.

٢. ئیحسان: واتە چاکەکاری لەگەڵ خەڵك و دایك و باوك و نزیکەکان و یەتیمان و هەژاران و گشت موسڵمانان و تێکڕای خەڵکی مرۆڤایەتی، جا زانایانی ئیسلام بە تایبەتی ئەوانەی کە چاویان تەنها لەسەر ئەوەیە کە بەچاو ئەبینن هەموو واتای ئیحسانیان لەمەو خاڵی سێ یەم کورت هەڵهێناوەو کۆیان کردووەتەوە، ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت.

٣. ئیحسانی کردەوەی بەندە لە کارو کردەوەکانی خۆی بە ڕێك و پێکی بیانکات، جا یەکسانە کردەوەکە هی خۆی بێت یان هی کەسانێکی تر بێت.

جا ئەم خاڵانە ڕوونکردنەوەی زۆری ئەوێت ئێمە ناتوانین لەم کتێبە بچووکەدا درێژەی پێ بدەین، بۆیە ئەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ کتێبەکانی تەزکیە (إحياء علوم الدين)، وە (مدارج السالكين)، وە (رسالة القشيرية) وە غەیری

---

للسیوطي)(ب٦_ل٣٠٥). جا یەکێك لە تەناقوزاتەکانی ئەلبانی ئەم فەرموودەیە کە لە (ضعيف الجامع)(ژ١٢٣٣) بە زەعیفی داناوە، کەچی لە (صحيح الترمذي)(ژ٣٢٣٥) بە صەحیحی داناوە، جا ئەکرێ سەهووی کردبێت بۆیە بە زەعیفی داناوە.

[310] سورة الحديد آية ٤.

ئەمانەش، جا ئەمانە كراونەتە كوردی ئەتوانن بیانخوێننەوە، جا خۆشەویستان بۆ گەیشتن بە پلەی ئیحسانی ڕاستەقینەو پلە هەرە بەرزەكەی و وە گەیشتن بە پلەی فیڕاسەت ئەوە حەوت جۆرە دڵ هەیە ئەبێت لە خۆتیدا بەرجەستەیان بكەیت.

## جۆرەكانی دڵ

خواناسی سەردەم (ڕۆحم فیدای بێت) حەزرەتی شێخ عەباس فازڵ حەسەنی باسی جۆرەكانی دڵمان بۆ ئەكات، بۆیە ئێمەش پێمان باش بوو ئەو بەشە تەرخان بكەین بۆ جۆرەكانی دڵ ئەمەش لەبەر پێویستیەتی.

جا خۆشەویستان حەوت جۆرە دڵ هەیە:

١. دڵی مونیب (القلب المنیب): واتە: دڵێكی گەڕاوە، هەروەكوو خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿مَّنْ خَشِيَ ٱلرَّحْمَٰنَ بِٱلْغَيْبِ وَجَآءَ بِقَلْبٍ مُّنِيبٍ﴾[٣١١]، واتە: ئەو كەسەی كەوا بە نهێنی لە خوای میهرەبان ئەترسێ ئەوە لە ڕۆژی دوایی بە دڵێكی مونیب گەڕاوەتەوە لای ئێمە كە دڵێكە پڕ لە تەقواو خواناسی و شەرمە، جا ئەمەش موژدەیەكی گەورەیە بۆ ئەو كەسەی كەوا خاوەنی ئەم جۆرە دڵەیە. وە هەروەها شێخ ئەبوبەكری وەڕڕاق[٣١٢] ئەفەرمووێت: "نیشانەی دڵی مونیب ئەوەیە: ئەبێت زانا بێت بە میهرەبانی خوای گەورە، وە دۆستی ئەو بێت، وە خۆ بەكەم زان بێت بۆ زاتی ئەو، وە تەركی هەوای نەفسی كردبێت".

---

[٣١١] سورة ق ٣٣.

[٣١٢] محمدی كوڕی ئەحمەدی وەڕڕاقە مێژووی لە دایك بوونی دیار نیە (و٣٢٩هـ). كەسێكی شەرعناس و پیاوچاكێكی ئەم ئوممەتەیە، كتێبەكانی: (شرح مختصر ابن عبد الحكم الصغير، بيان السنة). بڕوانە: (معجم المؤلفين)(ب٩_ل٣).

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویێت: (إِنَّ اللهَ لايَنْظُرُ اِلَى أَجْسَادِكُمْ وَلا إِلَى صُوَرِكُمْ، وَلَكِنْ يَنْظُرُ اِلَى قُلُوبِكُمْ، وَأَشَارَ بِأَصَابِعِهِ اِلَى صَدْرِهِ)[٣١٣]. واتە: بێگومان خوای گەورە سەیری لاشەو و وێنەکانتان ناکات، بەڵکوو سەیری دڵەکانتان ئەکات، وە بە پەنجە پیرۆزەکانی ئاماژەی بە سینگی کرد. ئیمامی غەزالی ئەفەرموویێت: "بە ڕاستی دەرئەکەوێت لەو فەرمایشتە پیرۆزە کەوا دڵ شوێن و جێگای سەرنجی خوای گەورەیە، جا سەیر لەوەدایە کەسێك گرینگی بە ڕووی ئەدات کە جێگای سەرنجی خەڵکە، وە لە چڵك و پیسی ئەیشوات و پاکی ئەکاتەوە، وە جوانیشی ئەکات لەوەی کەوا بۆی بگونجێت[٣١٤]، نەوەکا کەسێك سەیری بکات و عەیب و ناتەواویەکی لێ ببینێت، جا گرینگی بە دڵ نادات کە شوێنی بینینی بەدیهێنەرە تاوەکوو پاکی بکاتەوەو جوانی بکات، نەوەکا خوای گەورە سەیری پیسیەك یاخود شتێکی غەیری پیسی بکات لە نێویدا"[٣١٥].

٢. دڵی سەلیم (القلب السليم): واتە: دڵێکی ساغ و بێ غەش، هەروەکوو خوای گەورە لە بارەیەوە ئەفەرموویێت: ﴿يَوۡمَ لَا يَنفَعُ مَالٞ وَلَا بَنُونَ ۝٨٨ إِلَّا مَنۡ

---

[٣١٣] صەحیحە. ئیمامی موسلم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٥٦٤). وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٤١٤٣). وە ئەحمد لە (مسند أحمد)(ب٢_ل٥٣٩). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية)(ب٤_ل٩٨). وە بەیهەقی لە (الأسماء والصفات)(ل٤٨٠) ڕیوایەتیان کردووە. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٦_ل٣٢٨_ژ٢٦٥٦).

[٣١٤] منیش ئەڵێم: وەك ئارایشتگاکان و سەرتاشخانەکان کە چۆن گرینگی بە سەرو دەم و چاوی خەڵك ئەدەن و مێساجیان بۆ ئەکەن، کەچی دڵیشیان بۆگەن بووەو نوقمی دەریای پیسیەکان بووە، جا بە داخەوە بۆ موسڵمانانی ئیمڕۆکە سوێند بەخوا ئەم سەیرکردنانە گریانی ئەوێ.

[٣١٥] (الرسالة والخاتمية)(ل٦١/٧٣) وە سەبارەت بە وتەکەی ئیمام غەزالیش جەنابی شێخ لەم کتێبەی وەرگرتووە: (فيض القدير)(ب٢_ل٣٦٠). هی ئیمامی مەنناوی.

أَتَى ٱللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٩﴾[٣١٦]، واته: کاتێ ڕۆژی دوایی هات ئیتر نەماڵ و سامان وە نە ماڵ و منداڵ سوودی ئەبێت بۆ ئەو کەسە مەگەر کەسێك بە دڵێکی ساغ و بێ غەشەوە هاتبێتەوە لای پەروەردگار. وە پێغەمبەری خوا ﷺ لە یەکێك لە نزاکانیدا ئەیفەرموو: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ قَلْبًا سَلِيمًا)[٣١٧]، واتە: خوایە گیان داوای دڵێکی ساغ و سەلیمت لێ ئەکەم. جا دڵی سەلیم ئەو دڵەیە کەوا سەلامەتە لە ئافاتەکان و خراپەکان، وە دڵێکە هیچ شتێکی تری غەیری خۆشەویستی و ترسی خوای گەورەی تێدا نیە، ئەمەش لە ترسانە نەوەکا دوور بکەوێتەوە لەو چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (لا يَسْتَقِيمُ إِيمَانُ عَبْدٍ حَتَّى يَسْتَقِيمَ قَلْبُهُ، وَلا يَسْتَقِيمُ قَلْبُهُ حَتَّى يَسْتَقِيمَ لِسَانُهُ)[٣١٨]، واتە: ئیمانی بەندە جێگیر نابێت هەتاوەکوو دڵی جێگیر نەبێت، وە دڵیشی جێگیر نابێت هەتاوەکوو زمانی جێگیر نەبێت. جا مەبەست بە جێگیربوونی ئیمانیش جێگیربوونی کردەوەکانیەتی چونکە کردەوەی ئەندامەکانیش جێگیر نابن تەنها بە جێگیربوونی دڵ نەبێت، وە مانای جێگیربوونی

---

[٣١٦] سورة الشعراء آية ٨٨_٨٩.

[٣١٧] صەحیحە. نەسائی لە (سنن النسائي)(ژ١٣٠٤). ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف إبن أبي شيبة)(ژ٢٩٣٥٨). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٧١٥٥). وە ئیبن و حیبان لە (صحيح إبن حبان)(ژ١٩٧٤). وە تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ژ٧١٣٥). وە حاکم لە (مستدرك)(ژ١٨٧٢) ڕیوایەتیان کردووە. جا حاکم ئەفەرمووێت: "صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم". بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب٢٣_ل٢٥١_ژ٢٥٩٥٨). وە ئەلبانیش ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی (جيدة) چاکە، وە پیاوەکانیشی جێگای متمانەن، وە لە هەندێکیشیان ڕاجیایی هەیە بەڵام زیان ناگەیێنن". بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٧_ل٦٩٥_ژ٣٢٢٨).

[٣١٨] حەسەنە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٣٠٧١). وە ئیمامی قوزاعی لە (مسند الشهاب القضاعي)(ژ٨٨٧) ڕیوایەتی کردووە ڕیوایەتی کردووە. ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێت: عەلی کوڕی موسعیدەی تێدایە کە یەحیای کوڕی مەعین و غەیری ئەویش متمانەیان پێداوە، وە نەسائی و غەیری ئەویش بە زەعیفیان داناوە". بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب١٧_ل١٦٥_ژ١٧٨٣٨). وە ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٦_ل٨٢٢_ژ٢٨٤١).

دڵیش ئەوەیە کەوا پڕ بێت لە خۆشەویستی خوای گەورە، وە خۆش ویستنی گوێڕایەڵی کردنی، وە ڕق لێ بوونەوەی سەرپێچی کردنی، بەڵێ سەلامەتە لە ئافاتەکانی کوفرو شیرك و گوناهەکانی دەرەوەو ناوەوە هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَذَرُواْ ظَـٰهِرَ ٱلۡإِثۡمِ وَبَاطِنَهُۥٓ﴾[319]، واتە: ئەی **محمد** ﷺ بە ئوممەتەکەت بڵێ: با واز لە گوناهەکانەکانی دەرەوەو ناوەوە بهێنن. بۆیە لەسەرمان پێویستە نەفسەکانمان پاك بکەینەوە لە شتە پیسەکانی ناوەوەو دەرەوەی وەکوو درۆو زیناو خواردنی ڕیباو ڕق و کینە و ئیرەیی بردن و غەش و خیانەت و کەم ڕەحمی بە موسڵمانان و گومانی خراپ پێیان و تەماعکاری و ڕەزیلی و ڕیاو دووڕوویی و کەیف بەخۆ هاتن کە یەکێکە لە پیسترینی پیسیەکان کە بەهۆیەوە شەیتان نەفرینی لێکرا هەروەك خوای گەورە لە بارەیەوە ئەفەرمووێت: ﴿قَالَ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ﴾[320]، واتە: شەیتان بەخوای گەورەی فەرموو: "من لە ئادەم چاکترم". وە هەروەها قارونیش کە بەشانازی و کەیف بەخۆهاتنەوە هاتە نێو گەلەکەی، جا ئەو شتانەی کە خوای پەرەوەردگار پێی بەخشی بوو ئەو بە هونەری خۆی ئەزانی هەروەکوو خوای گەورە لەسەر زاری ئەو ئەفەرمووێت: ﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓ﴾[321]، واتە: قاڕوون بە خەڵکەکەی فەرموو: "ئەی خەڵکینە ئەوەی پێمدراوە هەمووی بەهۆی شان و باڵ و زانستی خۆم پەیدام کردووە". جا ئەوەبوو خوای گەورەش بە خاکدا ئەوی بردە خوارەوەو ڕۆچوو بە ژێر خاکدا، وە

---

[319] سورة الأنعام آية ١٢٠.

[320] سورة الأعراف آية ١٢.

[321] سورة القصص آية ٧٨.

هەروەها فیرعەونیش هەمان شتی فەرموو: ﴿قَالَ يَـٰقَوۡمِ أَلَيۡسَ لِى مُلۡكُ مِصۡرَ﴾[٣٢٢]، واتە: ئەی گەلەکەم ئایا تەخت و تاج و ماڵ و موڵکی میسر هی من نیە وەك ئەوەی وا لەبەر چاوتانە؟ ئەگەر هی من نەبێ هی کێیە. ئەوەبوو خوای گەورەش زەلیل و سەرشۆڕی کرد، وە هەروەها نەفرینیشی لێ کرد لە دونیاو دوارۆژ.

وە سەبارەت بە حەزرەتی ئیبراهیمەوە عَلَيْهِ السَّلَامُ خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿وَإِنَّ مِن شِيعَتِهِۦ لَإِبۡرَٰهِيمَ ﴿٨٣﴾ إِذۡ جَآءَ رَبَّهُۥ بِقَلۡبٍ سَلِيمٍ ﴿٨٤﴾﴾[٣٢٣]، ڕاڤەوانانی قورئان ئەفەرموون: ئیبراهیم لە دەستەو کۆمەڵەو دینی نوح پێغەمبەر بووە عَلَيْهِمَا السَّلَامُ، کە بە دڵێکی سەلیم گەڕاوەتەوە لای پەروەردگاری، واتە: دڵێك کە ئاوەدان کرابێت بە یەکتاپەرستی و چاکەو خۆپارێز بێت لە شیرك و گوناهەکان، وە کۆتایی پێ هاتبێ بە هەموو ئافەتەکانی دڵ و عەیبەکانی[٣٢٤].

وە هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەفەرموویت: (قَدْ أَفْلَحَ مَنْ أَخْلَصَ اللَّهُ قَلْبَهُ لِلإِيمَانِ، وَجَعَلَ قَلْبَهُ سَلِيمًا، وَلِسَانَهُ صَادِقًا، وَنَفْسَهُ مُطْمَئِنَّةً، وَخَلِيقَتَهُ مُسْتَقِيمَةً، وَجَعَلَ أُذُنَهُ مُسْتَمِعَةً، وَعَيْنَهُ نَاظِرَةً، فَأَمَّا الأُذُنُ فَقِمْعٌ، وَأَمَّا الْعَيْنُ فَمُقِرَّةٌ لِمَا يُوعِي الْقَلْبُ، وَقَدْ أَفْلَحَ مَنْ جَعَلَ اللَّهُ قَلْبَهُ وَاعِيًا)[٣٢٥]، واتە: بەڕاستی ئەو کەسە

---

[٣٢٢] سورة الزخرف آية ٥١.

[٣٢٣] سورة الصافات آية ٨٣_٨٤.

[٣٢٤] (الرسالة والخاتمية)(ل٧٥/٧٦/٧٧/٨١).

[٣٢٥] حەسەن و صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد بتحقيق أحمد شاكر وأحمد زين)(ب١٥_ل٤٨٦_ژ٢١٢٠٧) مسند أبی ذر الغفاری. وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب١_ل١٣٢_ژ١٠٨). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٥_ل٢١٦). وە دەیلەمی لە (مسند الفردوس)(ژ٤٥٩٧). وە تەبەرانی لە (مسند الشاميين)(ژ١١٤١) ڕیوایەتیان کردووە. جا ئەحمەد زین ئەفەرموویت: "سەنەدەکەی صەحیحە، وە پیاوەکانی سەنەدەکەش متمانەپێکراوو بەناوبانگن". وە

**سەرکەوتووە کەوا دڵەکەی موخلیس کردبێت بۆ ئیمان، وە دڵەکەشی ساغ و سەلیم کردبێت، وە زمانیشی ڕاستگۆ کردبێت، وە نەفسیشی موطمەئین و پڕ لە ئیمان کردبێت، وە تەبیعەت و سروشتەکەشی چاك کردبێت، وە گوێکانیشی گوێگر کردبێت، وە چاوەکانیشی بینەر کردبێت، جا گوێ وەکوو ڕەحەتی[٣٢٦] وایە، وە چاویش وەکوو حەوز وایە بۆ دەفری دڵ جا بەڕاستی ئەو کەسە سەرکەوتووە کەوا دڵەکەی ئەکاتە دەفر.**

---

هەیثەمیش ئەفەرموویێت: "سەنەدەکەی حەسەنە". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٢٣٢_ژ١٧٧١٩). وە ئیمامی مونذری ئەفەرموویێت: "سەنەدی ئەحمەد ئەکرێ حەسەن بێت". بڕوانە: (الترغيب والترهيب). بەڵام ئەم فەرموودە صەحیحە بەداخەوە شوعەیب ئەرنائوت و ئەلبانی بە زەعیفیان داناوە، جا ئەلبانی ئەفەرموویێت: پیاوەکانی سەنەدی فەرموودەکە جێگای متمانەن، بەڵام هۆکاری زەعیفدانانەکەی بۆ ئەوە گەڕاندووتەوە کەوا (پچڕانێك لە نێوان خالیدی کوڕی میعدان و ئەبو زەڕ هەیە) واتە: لە سەنەدەکە پچڕانێك هەیە". بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب١٠_ل٧٩٣_ژ٤٩٨٥). منیش ئەڵێم: "ئیمامی زەهەبی ئەفەرموویێت: "خالیدی کوڕی میعدان لە زۆر هاوەڵانەوە ڕیوایەتی کردووە کە زۆربەیان مورسەلە (....) وە ئیمامی ئەهلی شامە، وە یەکێکە لە پێشەوا شەرعناسە ژمێردراوەکان، وە ئیبن و سەعد و عەجلی و یەعقوبی کوڕی شەیبەو ئیبن و خەڕاش و نەسائی متمانەیان پێداوە، جا فەرموودەکانی ئەدایە پاڵ (موعازی کوڕی جەبەل و ئەبو دەردائو عائیشەو عوبادەی کوڕی صامت و ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕڕاح و غەیری ئەمانەش، (واتە: بە مورسەلی ڕیوایەتی لێوە ئەکردن) جا خالیدی کوڕی میعدان ئەفەرموویێت: "گەیشتمە حەفتا هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم)". بڕوانە (سير الأعلام النبلاء)(ب٤_ل٥٣٧)(الطبقة الثانية_ خالد بن معدان)طبعة مؤسسة الرسالة. وە ئەلبانی ئەفەرموویێت: "حافیزی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لە (التقريب التهذيب) ئەفەرموویێت: خالیدی کوڕی میعدان (ثقة ثَبْتٌ) واتە: باوەڕ پێیکراوە، وە ثەبتیش لە زمانی عەرەبیدا هەموو ڕەوشت و ئاکارو بیرو باوەڕو فیکرو مێشك و لوتکەی هەرە بەرزی ئەو کەسەیە ئەگەر ئەمەی پێ گوترا)، وە بوخاری و موسلیم (إحتج به) واتە: فەرموودەکانی لای ئەم ئیمامانە قەبوڵ و وەرگیراون". بڕوانە: (معجم أسامي الرواة الذين ترجم لهم العلامة محمد ناصر الدين الالباني جرحا وتعديلا)(ب١_ل٦١٨)، وە (إرواء الغليل)(ب٤_ل١٢٠) جا توخواکەی کەسێك بەخزمەت حەفتا هاوەڵ گەیشتبێت، وە لای بوخاری و موسلیمیش فەرموودەی قەبوڵ و وەرگیراو بێت ئێمە چۆن ئەو گومانە بەو زانا تابیعیە بەرزە ببەین کە گوایە بە مورسەلی ڕیوایەتی کردووەو پچڕان هەیە لە نێوانیان.

[٣٢٦] ئەو ئالەتەی کەوا لەسەر تانکی زۆڕاو بەرمیل و دەببە دائەنرێت تاوەکوو نەوت یاخود بەنزینی پێدا شۆڕببێتەوە، جا بەزمانی هەولێری پێی ئەڵێن: ڕەحەتی.

وە هەروەها لە عبد الله كوڕی ئیمامی عومەرەوە رضي الله عنهما گێڕدراوەتەوە كەوا فەرموویەتی: (قِيلَ لِرَسُولِ اللهِ ﷺ: أَيُّ النَّاسِ أَفْضَلُ؟ قَالَ :كُلُّ مَخْمُومِ الْقَلْبِ، صَدُوقُ اللِّسَانِ، قَالُوا: صَدُوقُ اللِّسَانِ نَعْرِفُهُ، فَمَا مَخْمُومِ الْقَلْبِ؟ قَالَ :هُوَ التَّقِيُّ النَّقِيُّ، لا إِثْمَ فِيهِ وَلا بِغْيَ، وَلا غِلَّ، وَلا حَسَدَ)[٣٢٧].

واتە: بە پێغەمبەری خوا ﷺ گوترا :"چ كەسێك گەورەیە؟ فەرمووی: هەموو دڵێكی مەخموم و زمانێكی ڕاستگۆ، جا گوتیان: زمانێكی ڕاستگۆ ئەناسین ئەی دڵی مەخموم چیە؟ ئەویش فەرمووی: دڵێكی بە تەقواو پاكە، هیچ گوناهێك و فێڵ و ئیرەیی تێدانیە.

وە هەروەها ئیمامی عەلیش (كَرَّمَ اللهُ وَجَهَهُ) ئەفەرمووێت: "خوای گەورە لەسەر زەوی چەند دەفرێكی هەیە ئەویش دڵەكانە، جا خۆشەویسترینیان بەلایەوە نەرمترین و پاكترین و ڕاگیر ترینیانە، پاشان ڕوونی كردەوەو فەرمووی: ڕاگیرترینیان لە نەفس و نەرمترینیان لەسەر برایان"[٣٢٨].

---

[٣٢٧] صەحیحە. ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٤٢١٦). وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ژ٤٤٦٢). وە تەبەڕانی لە (مسند الشاميين)(ژ١١٩٥). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب١_ل١٨٣). وە حەكیمی ترمذی لە (النوادر)(ب٢_ل١٦٨) ڕیوایەتیان كردووە. جا محمد فؤاد عبد الباقی لە (الزوائد) ئەفەرمووێت: سەنەدی فەرموودەكە صەحیحە، وە پیاوەكانیشی باوەڕپێكراون. بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب٥_ل٢٤٣_ژ٤٠٦٥). وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە بڕوانە: (صحيح ابن ماجه)(ژ٣٣٩٧)، وە (صحيح الجامع الصغير)(ژ٣٢٨٦)، (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٢_ل٦٣٢_ژ٩٤٨).

[٣٢٨] حەسەنە. تەبەڕانی لە (مسند الشاميين)(ژ٨٢٥). وە حەكیمی ترمذی لە (النوادر)(ب٣_ل٤). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٦_ل١٠٢). لە فەرموودەی ئەبو ئومامەی باهیلیەوە ڕیوایەتی كردووەو ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەكی غەریبەو لە فەرموودەكانی ثورە. وە عەجلونی لە (الكشف الخفاء)(ب٢_ل٢٥٦) هێناویەتی. وە ئەلبانی ڕیوایەتەكەی تەبەڕانی بە بەهێز داناوە. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل٢٦٣_ذ١٦٩١). وە ئیمامی غەزالیش لە (إحياء علوم الدين)(ب٣_ل١٠)

وه هەرووەها حەزرەتی شێخ مصطفى نەقشەبەندیقدس سره ئەفەرموویت: "بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی سەلامەتی دڵ سیٚ شت پێویستە:

١. سکت بەتاڵ بێت لە خواردن: واتە نە زۆر بخۆی و نەزۆریش بخۆیەوە، زیادەڕۆیی تێدا نەکەی لە زۆر خواردن، وە ئەوەندە کەمیش نەخۆی کەوا نەتوانی بڕۆی بەڕێوە هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ وَلَا تُسْرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ﴾[٣٢٩]، واتە: بخۆن و بخۆنەوە بەلاٚم زیادەڕۆیی تیا مەکەن چونکە خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە زیادەڕۆیی ئەکەن لە خواردن و خواردنەوەو غەیری ئەم دووانەش.

٢. زۆر زیکر کردن. هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا﴾[٣٣٠]، واتە: ئەی ئەوانەی کەوا ئیمانتان هێناوە بەخواو پێغەمبەرەکەی ﷺ زۆر یادو زیکری خوای گەورە بکەن.

٣. هاوەڵایەتی کردنی کەسە ڕاستگۆکان. هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّـٰدِقِينَ﴾[٣٣١]، واتە: ئەی ئەوانەی کەوا ئیمانتان هێناوە لە خوا بترسن و خۆتان لە سزای ئەو بپارێزن و بیٚ فەرمانی

---

هێناویەتی، جاحافیزی عێراقی سەنەدەکەی بە (جید) چاك داناوەو مەنناویش ئەفەرموویت: "سەنەدەکەی حەسەنە. وە نزیکترین ڕیوایەت کە لە ریوایەتەکەی ئیمامی غەزالی بچێت ئەوە ڕیوایەتەکەی حەکیمی ترمذیە. وە بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب_٩_ل١٩٦/١٢١_ز٨٢٣١/٨٢٨٧). والله أعلم

[٣٢٩] سورة الأعراف آية ٣١.

[٣٣٠] سورة الأحزاب آية ٤١.

[٣٣١] سورة التوبة آية ١١٩.

ئەو مەکەن، وە لـەگەڵ کەسە ڕاستگۆکانیش هەڵسن و بژین تاوەکوو بەهۆی نووری ڕاستگۆیی ئەوانەوە دڵتان ڕووناك بێت.

٣. دڵی زاکیر (القلب الذاكر): خوای گەورە لەبارەیەوە ئەفەرموویێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا ﴿٤١﴾ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾﴾[٣٣٢]، واتە: ئەی ئەوانەی کەوا ئیمانتان هێناوە بەخواو پێغەمبەرەکەی ﷺ زۆر زیکرو یادو تەسبیحاتی خوای گەورە بکەن لە کاتی بەیانیان و پێش خۆرهەڵاتن. وە هەروەها ئەفەرموویێت: ﴿وَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾[٣٣٣]، واتە: زیکرو یادی خوای گەورە زۆر بکەن تاوەکوو سەرفرازو سەرکەوتوو بن لە هەردوو دونیا. وە هەروەها ئەفەرموویێت: ﴿وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا﴾[٣٣٤]، واتە: گوێڕایەڵی ئەو کەسە مەکە کەوا دڵمان لە زیکرو یادی خۆمان غافڵ و بێ ئاگا کردووە، وە بە دوای هەواو ئارەزووی نەفسی خۆی کەوتووە، جا بەڕاستی ئەو جۆرە کەسانە کاروبارەکەیان لە سنووری خۆیان دەرچووە.

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویێت: (مَنْ قَعَدَ مَقْعَدًا لَمْ يَذْكُرِ اللَّهَ فِيهِ كَانَتْ عَلَيْهِ مِنَ اللَّهِ تِرَةٌ، وَمَنْ قَامَ مَقَامًا لَمْ يَذْكُرِ الله فِيهِ، كَانَتْ عَلَيْهِ مِنَ

---

[٣٣٢] سورة الأحزاب آية ٤١_٤٢.

[٣٣٣] سورة الأنفال آية ٤٥.

[٣٣٤] سورة الكهف آية ٢٨.

اللهِ تِرَةً، وَمَنِ اضْطَجَعَ مَضْجَعًا لا يَذْكُرُ اللَّهَ فِيهِ كَانَتْ عَلَيْهِ مِنَ اللَّهِ تِرَةٌ)[٣٣٥]، واته: هەر کەسێك لە هەر شوێنێك دابنیشێت و زیکرو یادی خوای گەورە لەو شوێنە نەکات ئەوە لە ڕۆژی دوایی بۆی ئەبێتە حەسرەت و پەشیمانی، وە هەر کەسێك لە هەر شوێنێك بووەستێت و زیکرو یادی خوای گەورەی تیا نەکات ئەوە لە ڕۆژی دوایی بۆی ئەبێتە حەسرەت و پەشیمانی، وە هەر کەسێك لە هەر شوێنێك پاڵبکەوێت و زیکرو یادی خوای گەورەی تیا نەکات ئەوە لە ڕۆژی دوایی بۆی ئەبێتە حەسرەت و پەشیمانی.

وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (مَا قَعَدَ قَوْمٌ مَقْعَداً لا يَذْكُرُونَ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ فِيهِ، وَيُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ، إِلاَّ كَانَ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً يَوْمَ القِيَامَةِ، وَإِنْ دَخَلُوا الجَنَّةَ لِلثَّوابِ)[٣٣٦]، واته: هەر گەلێك لە هەر شوێنێك دابنیشن و زیکرو یادی خوای گەورە نەکەن، وە صەڵەواتیش لەسەر پێغەمبەری خوا لێ نەدەن ﷺ ئەوە

[٣٣٥] حەسەنە. ئەبوداود لە (سنن أبي داود)(ژ٤٨٥٦). وە نەسائی لە (سنن النسائي)(ژ١٠٢٣٧). وە تەبەڕانی لە (مسند الشاميين)(ژ١٣٠١/١٣٢٤). وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ژ٥٤٣). وە ئیبن و سوننی لە (عمل اليوم والليلة)(ژ٧٤٣) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. ئیمامی نەوەوی لە کتێبی (الأذكار النواوي) ئەفەرموێت: "سەنەدەکەی (جیدە) چاکە. بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب١٩_٤٨٥_ژ٢١٢٩٣). ئەلبانیش ئەفەرموێت: "سەنەدەکەی حەسەنە". بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب١_ل١٥٩_ژ٧٨).

[٣٣٦] صەحیحە. ئیبن وحیبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٩٥١). لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە، شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرموێت: "سەنەدەکەی صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم، وە پیاوەکانیشی متمانە پێکراون و پیاوەکانی شەیخەینە (کە بوخاری و موسلیمە) تەنیا أحمدی کوڕی ابراهیمی دەورەقی نەبێت کە یەکێکە لە پیاوەکانی موسلیم. بڕوانە: (صحيح ابن حبان بتحقيق الشيخ شعيب الأرنؤوط)(ب٢_ل٣٥٢_ژ٥٩١). وە هەیثەمیش ئەفەرموێت: ئیمامی ترمذی بە کورتی ڕیوایەتی کردووە، وە ئەحمدیش ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی صەحیحن. بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_٧٩_ژ١٦٧٨٢). وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب١_ل١٥٨_ژ٧٦).

ئەم دانیشتنەیان لە ڕۆژی دوایی بۆ ئەبێتە حەسرەت و پەشیمانی ئەگەرچی بچنە نێو بەهەشتیشەوە.

وە هەروەها لە ئەبو هورەیرەوە ﷛ گێردراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویێت: (مَا مِنْ قَوْمٍ يَقُومُونَ مِنْ مَجْلِسٍ لا يَذْكُرُونَ اللهَ فِيهِ، إلاَّ قَامُوا عَنْ مِثْلِ جِيفَةِ حِمَارٍ، وَكَانَ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً)[٣٣٧]، واتە: هەر گەلێك لە هەر شوێنێك دانیشتبن و زیکرو یادی خوای گەورەیان لەو شوێنە نەکردبێت ئەوە کاتێك کە هەڵئەستن بۆ ڕۆیشتن لەو شوێنە وەکوو لاشەیەکی کەری تۆپیوی بۆگەن ئەو شوێنە بەجێ ئەهێڵن، وە لە ڕۆژی دوایشدا ئەو دانیشتنەیان بۆئەبێتە حەسرەت و پەشیمانی.

وە هەروەها ئەفەرموویێت: (كَلِمَاتٌ لا يَتَكَلَّمُ بِهِنَّ أَحَدٌ فِي مَجْلِسِهِ، عِنْدَ قِيَامِهِ ثَلاثَ مَرَّاتٍ إلاَّ كُفِّرَ بِهِنَّ عَنْهُ، وَلا يَقُولُهُنَّ فِي مَجْلِسِ خَيْرٍ وَمَجْلِسِ ذِكْرٍ إلاَّ خُتِمَ لَهُ بِهِنَّ عَلَيْهِ كَمَا يُخْتَمُ بِالخَاتَمِ عَلَى الصَّحِيفَةِ "سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ لا إِلهَ إلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ)[٣٣٨]، واتە: چەند وشەیەك هەن ئەگەر بێت و کەسێك سێ

---

[٣٣٧] صەحیحە. ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٤٨٥٥). وە ئەحمد لە (مسند أحمد)(ب٢_ل٣٨٩_ژ٥١٥). وە حاکم لە (مستدرك حاكم)(ژ١٨٠٨). وە ئیبن و سوننی لە (عمل اليوم والليلة)(ژ٤٣٩). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٧_ ل٢٠٧) ڕیوایەتیان کردووە. حاکم ئەفەرموویێت:"صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم، وە زەهەبییش موافیقە لەسەری". وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب١_١٥٩_ژ٧٨).

[٣٣٨] صەحیحە. ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٤٨٥٧)وە ئیبن و حیبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٥٩٣). لە عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاص و ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. شوعەیب ئەرنائوت و حافیزی مەنناوی ئەفەرموون: سەنەدەکەی صەحیە. بڕوانە: (سنن أبي داود بتحقيق الشيخ شعيب الأرنؤوط)(ب٧_ل٢٢٢_ذ٤٨٥٧). وە (صحيح ابن حبان بتحقيق الشيخ شعيب الأرنؤوط)(ب٢_٣٥٣_ژ٥٩٣) وە (فيض القدير شرح الجامع الصغير)(ب٥_ل٣٩_ژ٦٣٧٥). ئەوەی جێی داخە ئەلبانی لە (ضعيف الترغيب والترهيب)(ب١_ل٤٥٩_ژ٩٢١) لە ڕیوایەتەکەی عبد الله کوڕی عەمری

**جاران بیانخوێنێ بەر لەوەی هەڵسێتەوە لە دانیشتنەکەیدا ئەوە بۆی ئەبێتە کەفارەتی ئەو دانیشتنەی واتە: ئەبێتە هۆکاری ڕەشبوونەوەی تاوانەکانی کە لەو دانیشتنەدا تووشی بووە، وە لە هەر دانیشتنێکی خێرو چاکەو زیکرکردندا بەر لەوەی هەڵسێتەوە بیانخوێنێ ئەوە مۆرێك بە زیکرو خێرو چاکەکەیەوە ئەنێن هەروەکوو چۆن مۆر بە لاپەڕەو پەراودا ئەنێن، وشەکانیش ئەمانەن: (سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ لا إِلهَ إِلاَّ أَنْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ).**

**وە هەروەها ئەبو سەعیدی خودری ﷺ بۆمان ئەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ سُئِلَ أَيُّ العِبَادِ أَفْضَلُ دَرَجَةً عِنْدَ للهِ يَوْمَ القِيَامَةِ؟ قَالَ: "الذَّاكِرُونَ اللهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتُ"، قُلْتُ: يَارَسُولَ اللهِ ﷺ، وَمِنَ الغَازِي فِي سَبِيلِ اللهِ؟ قَالَ: "لَوْ ضَرَبَ بِسَيْفِهِ فِي الْكُفَّارِ وَالْمُشْرِكِينَ حَتَّى يَنْكَسِرَ وَيَخْتَضِبَ دَماً لَكَانَ الذَّاكِرُونَ اللهَ كَثِراً أَفْضَلُ مِنْهُ دَرَجَةً)[339]، واتە: پرسیار لە پێغەمبەری خوا کرا ﷺ کەوا کامە**

---

کوڕی عاص ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی مونکەرو مەوقووفە. چونکە سەعیدی کوڕی هیلالی تێدایە، جا فەرموودەکانی تێکەڵ ئەکرد هەروەکوو یەحیاو ئەحمد فەرموویانە، وە زیادەی لەفزی سێ جارەکەشی تێدایە ئەوە مونکەرە. جا هەر خۆی لە (صحیح أبي داود)(ب٣_ل١٩٣_ژ٤٨٥٧) ئەفەرمووێت: "صەحیحە جگە لە وتەی (ثلاث مرات) واتە: سێ جارەکە. جا هەر خۆی لە هەمان کتێب ئاماژەی بە صەحیحی ئەو فەرموودەی داوە لە کتێبی (الروضة النضير بتحقيق الشيخ الالباني)(ژ٣٠٥) ئەم کتێبەی لە چاپ نەدراوە. وە هەروەها لە (ضعيف الجامع الصغير)(ژ٤٢٦٥) ڕیوایەتەکەی ئەبو هورەیرەی بە بێ هێز داناوە. جا ئێوە خۆتان ببنە دادوەر هەمان ڕیوایەتی عبد الله لە (ترغيب) بە مونکەر داناوە، کەچی لە (صحيح أبى داود) بەصەحیحی داناوە جگە لەوتەی (ثلاث مرات) نەبێ. ئەمەش تەناقوزی فەرموودەناسی برا سەلەفیەکانمان. وە ئیبن و موفلیح ئەفەرمووێت: "سەنەدی ئەم فەرموودەیە (جيده) چاکە". بڕوانە: (الآداب الشرعية)(ب٣_ل٥٧٣). جا ئیمامی ترمذی ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیح و غەریبە. بڕوانە: (سنن أبى داود بتحقيق محمد عوامه)(ب٥_ل٢٩٦_ژ٤٨٢٤).

[339] حەسەنە بە غەیری خۆی. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١١٦٦٠) وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٣٧٦). وە بەغەوی لە (شرح السنة)(ژ١٢٤٦). وە ئەبو یەعلا لە (مسند أبى يعلى)(ژ١٤٠١). وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب١_ل٤١٩_ژ٥٨٩) هەموویان لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتیان

**بەندەی خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی پلەی بەرزترە؟ ئەویش فەرمووی: "ئەو پیاو و ئافرەتانەی کەوا زۆر یادو زیکری خوای گەورە ئەکەن"، منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو پلە بەرزەیە ئەگاتە سەرووی پلەی ئەو کەسەی کەوا جیهاد ئەکات لە پێناوی خوای گەورە؟ فەرمووی: ئەگەر بە شمشێرەکەی لەگەڵ کافرەکان بجەنگێت و شمشێرەکەی بشکێت و خوێناویش بێت ئەوە ئەو کەسانەی**

---

کردووە. جا ئیمامی ترمذی ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی غەریبە. وە ئیمامی مونذیریش هەمان شت ئەفەرمووێت. بڕوانە: (الترغيب والترهيب)(ژ٢٢٩٥). وە ئەلبانیش بە زەعیفی داناوە. بڕوانە (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب١٤_١١٢٧_ژ٧٠٢٧). بەلاّم شاهێدی هەیە لە فەرموودەی صەحیح کە لە موعازەوە ڕیوایەتکراوە کەوا پێغەمبەری خوا فەرمووی: (ئادەمیزاد هیچ کردەوەیەکی لەمە ڕزگارکەر تری نەکردووە بە ئەندازەی زیکرو یادی خوای گەورە بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات لە سزای خوای گەورە، جا وتیان: هەتا جیهادیش لە پێناو خوای گەورە؟ ئەویش فەرمووی: هەتا جیهادیش لە پێناو خوای گەورە مەگەر بە شمشێرەکەی لێی بداو هەتاوەکوو ئەپچڕێت، واتە: لە دەستی ئەشکێت، ئەمەی سێ جاران دووبارە کردەوە) ئیبن و ئەبی شەیبە لە (مصنف ابن أبی شیبه بتحقیق محمد عوامه)(ب١٩_ل٣٢٥_ژ٣٦١٩٤). وە بەیهەقی لە (الدعوات الكبير)(ژ١٩) لە ئیبن و عومەرەوە ڕیوایەتیان کردووە، وە هەیثەمیش ئەفەرمووێت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی پیاوانێکی صەحیحن"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٧٣) سەبارەت بە عبد الله کوڕی لوهەیعە ئیبن و شاهین لە بارەیەوە ئەفەرمووێت: ئەحمەدی کوڕی صالح فەرمووی: "ئیبن و لوهەیعە متمانە پێکراوە"، وە پایەکەشی بەرزکردەوەو فەرمووی: " ئەو فەرموودانەی کە لەوەوە ڕیوایەتکراوە تێکەڵی کەتووەتە نێویەوە"، بڕوانە: (تاريخ أسماء الثقات لإبن شاهين)(ب١_ل١٢٥_ژ٦٢٥) طبعة الدار السلفية. وە سەبارەت بە دەڕڕاجی کوڕی سەمعان ئەبو سەمحی قورەیشی کە مەولای عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاصە، حافیزی میززی لەبارەیەوە ئەفەرمووێت: "عبد الله کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە باوکیەوە نەقڵی کردووە کەوا فەرموویەتی: فەرموودەی مونکەرە"، وە عوسمانی کوڕی سەعیدی دارەمی لە یەحیای کوڕی مەعینەوە نەقڵی کردووە کەوا فەرموویەتی: "دەڕڕاج متمانەپێکراوە"، وە هەروەها عەباسی دوری فەرمووی: پرسیارم لە یەحیای کوڕی مەعین کرد لەبارەی فەرموودەی دەڕڕاجەوە، ئەویش لە ئەبو هەیثەمەوە، ئەویش لە ئەبو سەعیدەوە، جا فەرمووی: ئەگەر سەنەدەکە بەو جۆرە بێت هیچ خراپیەکی تێدا نیە، وە دەڕڕاج و ئەبو هەیثەم متمانەپێکراون"، بڕوانە: (تهذيب الكمال للحافظ المزي)(ب٨_ل٤٧٧_ذ١٧٩٧) طبعة مؤسسة الرسالة. وە هەروەها ئیبن و شاهینیش لە کتێبی متمانەپێکراوەکان هێناویەتی و هەمان وتەکەی یەحیای کوڕی مەعینی نەقڵ کردووە دەربارەی دەڕڕاج و ئەبو هەیثەم، بڕوانە: ((تاريخ أسماء الثقات لإبن شاهين)(ب١_ل٨٣_ژ٣٤٩). منیش ئەڵێم: فەرموودەکە حەسەنە بەغەیری خۆی لەسەر وتەکانی ئیبن و شاهین و یەحیای کوڕی مەعین و ئەوانی تر والله أعلم.

کەوا زۆر زیکرو یادی خوای گەورە ئەکەن پلەیان بەرزترە لای خوای گەورە لەو تێکۆشەرە.

وە هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرِ أَعْمَالِكُمْ وَأَزْكَاهَا عِنْدَ مَلِيكِكُمْ ، وَأَرْفَعِهَا فِي دَرَجَاتِكُمْ وَخَيْرٍ لَكُمْ مِنْ إِنْفَاقِ الذَّهَبِ وَالْوَرِقِ وَخَيْرٍ لَكُمْ مِنْ أَنْ تَلْقَوْا عَدُوَّكُمْ فَتَضْرِبُوا أَعْنَاقَهُمْ وَيَضْرِبُوا أَعْنَاقَكُمْ، قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ، قَالَ: ذِكْرُ اللَّهِ)[٣٤٠].
واتە: لە ئەبو دەرِدائەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت:" ئایا پێتان ڕابگەیێنم کەوا چاکترین کردەوەی ئێوە کە لە لای پاشاکەتان کە خوای پەروەردگارە پاکترین و چاکترینیانە، وە بەرزترینیشیانە بۆ پلە بەرزی ئێوە، وە چاکترە لە بەخشینی زێڕو زیوو پارەو ماڵ و سامان، وە پاداشتەکەی چاکترە بۆ ئێوە لە چاو ئەوەی کە ئێوە بە دوژمن بگەن و لە گەردەنیان بدەن و ئەوانیش لە گەردەنی ئێوە بدەن؟ ئەوەش زیکرو یادی خوای گەورەیە ﷻ.

[٣٤٠] صەحیحە. ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٣٧٧). وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(٣٧٩٠). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ). وە حاکم لە (مستدرك حاكم)(ژ١٨٢٥). وە مالیك لە (موطأ)(ژ٧١٦) كتاب القرآن _ باب ماجاء في ذكر الله تعالى. ڕیوایەتیان کردووە. حاکم ئەفەرمووێت: "ئەم فەرموودەیە سەنەدەکەی صەحیحە، بوخاری و موسلیم تەخریجیان نەکردووە، وە زەهەبیش موافیقە لەسەری. وە هەیثەمیش بە دوو ڕیوایەت هێناویەتی، جا لە ڕیوایەتەکەی ئەبو دەرداء ئەفەرمووێت: "ئەحمەد ڕیوایەتی کردووەو سەنەدەکەی حەسەنە". وە ڕیوایەتەکەی تریش لە موعازەوە هێناویەتی و ئەفەرمووێت: "ئەحمەد ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی پیاوانێکی صەحیحن جگە لە زیادی کوڕی ئەبو زیادی مەولای کوڕی عیاش نەبێت کە بە موعاز نەگەیشتووە. بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_٧٣) كتاب الأذكار. وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحيح الترمذي)(ژ٣٣٧٧).

وە هەروەها لە عبد الله کوڕی ئیمامی عومەرەوە رضي الله عنهما ڕیوایەتکراوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویت: (لَا تُكْثِرُوا الْكَلَامَ بِغَيْرِ ذِكْرِ اللَّهِ، فَإِنَّ كَثْرَةَ الْكَلَامِ بِغَيْرِ ذِكْرِ اللَّهِ قَسْوَةٌ لِلْقَلْبِ، وَإِنَّ أَبْعَدَ النَّاسِ مِنَ اللَّهِ الْقَلْبُ الْقَاسِي)[٣٤١]، واتە: زۆر قسەو گوفتار مەکەن کە زیکرو یادی خوای گەورەی تێدا نەبێت، چونکە زۆر قسە کردن بە بێ زیکرو یادی خوای گەورە ئەبێتە هۆکاری دڵ ڕەقی، وە دوورترین کەسیش لە خوای گەورە ئەو کەسەیە کەوا دڵ ڕەقە.

جا ئیبن و حەجەری عەسقەلانی رحمه الله[٣٤٢] ئەفەرموویت: "ڕێگا کۆکردنەوە لە نێوان فەرموودەکان کە ئایا کەسی زیکرکەر گەورەترە یاخود تێکۆشەر والله أعلم مەبەست بە زیکری خوا لە فەرموودەکەی ئەبو دەرداء رضي الله عنه ئەوە زیکرێکی

---

[٣٤١] حەسەنە. ئیمامی ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٤١١) ڕیوایەتی کردووەو ئەفەرموویت: "فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە". وە ئیمامی مالیك لە (موطأ مالك بتحقيق محمد فؤاد عبد الباقي)(ب٢_ل٩٨٦_ژ٨) باب مايكره من الكلام بغير ذكر الله. وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب٧_ل٢٨_ژ٤٦٠٠) جا لێکۆلەری کتێبی (شعب الإيمان) موختار ئەحمەد نەدەوی ئەفەرموێت: "پیاوەکانی سەنەدەکە متمانە پێکراون(ثقات). وە تەبەڕانی لە (كتاب الدعاء)(ژ١٨٧٤) ڕیوایەتیان کردووە. جا لێکۆلەری کتێبی (الدعاء) دکتۆر محمد سەعیدی کوڕی محمد حەسەنی بوخاری ئەفەرموێت: "سەنەدەکەی حەسەنە". وە حافیزی مونذریش موافیقە لەسەر حەسەنیەتیەکەی. بڕوانە: (الترغيب والترهيب)(ب٣_ل٥٢٠) بەلاّم ئەلبانی هەروەك عادەتی خۆی بە زەعیفی داناوە. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ژ٩٢٠). یاخود (ضعيف الترمذي)(ژ٤٢٣).

[٣٤٢] ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی عەلی عەسقەلانی میسڕی شافیعە. (د٧٧٣هـ_و٨٥٢هـ) لە میسڕ لەدایکبووە، ئەمیری ئیماندارانە لە فەرموودە، وە لە حافیزە هەرە گەورەکانی ئەم ئوممەتەیە، وە یەکێکە لە قوتابیەکانی حافیزی گەورەی ئیسلام زە ین و الدینی عێراقی و ئیمامی سیراج الدینی بولەیقینی و ئیمامی ئیبن و مولەققەن و ئیمامی ئیبن و جەماعە، تا گەیشتە پلەی ئیجتهادو بووە قازی لە چەندین شوێنی مسیر، وە هەر لە میسریشدا وەفاتی کردووەو لە نێوان گۆڕی ئیمام شافیعی و شێخ موسلیمی سوللەمی نێژراوە، لە دوای خۆشی چەندین و کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی بەجێ هێشتووە لەوانە: (فتح الباري شرح صحيح البخاري، شرح نخبة الفكر، وتهذيب التهذيب، الدرر الكامنة... وە زۆری تر) بڕوانە: (ذيل تذكرة الحفاظ للذهبي ويليه لحظ الألحاظ بذيل طبقات الحفاظ للحافظ تقي الدين محمد بن فهد المكي)(ل٣٢٦/٣٣٨).

کامڵ و تەواوە، ئەوەیە کەوا زیکری زمان و دڵ بەیەکەوە کۆبکرێتەوە، وە بە بیرکردنەوەش لە واتاکەی و ئامادەکردنی فیکرو بیر لە گەورەیی خوا، جا ئەوەی ئەم جۆرە زیکرەی بۆ وەدەست بێت ئەوە گەورەترە لەو کەسەی کەوا بجەنگێت لەگەڵ کافرەکان بۆ نموونە کە ئامادەکردنی فیکری نیە (لە زیکری خوای گەورەو بیری لە شوێنێکی ترە)، لەبەر ئەوەی گەورەیی جیهاد سەبارەت بە زیکری زمانە بە تەنها (واتە: ئامادەیی دڵ و فیکری لەگەڵ نەبێ)، جا هەر کەسێك بۆی بگونجێ (زیکری زمان و ئامادەکردنی دڵ و فیکر) کۆبکاتەوە لە حاڵەتی نوێژکردن و بەڕۆژووبوون و خێرکردنی یاخود بۆ نموونە جەنگکردنی لەگەڵ کافرەکان ئەوە گەیشتووەتە مەبەستێکی بەرزو گەورە، جا خوای گەورە خۆی چاکتر ئەیزانێ چوونکە زانستەکە هەر لای ئەوە، وە قازی ئەبوبەکری ئەلعەرەبی رحمه الله[٣٤٣] وەڵام ئەداوەتەوەو ئەفەرمووێ: "هەر کردەوەیەکی چاك ئەگەر بێت و بکرێت ئەوە زیکرکردن بەمەرج گیراوە بۆ دروست بوونەکەی، جا ئەگەر ئەو کەسە زیکری خوای گەورە لە دڵ نەکات لەکاتی بەخشین و ڕۆژووگرتنەکەی بۆ نموونە ئەوە کاروکردەوەکەی کەم و کوڕی هەیە و کامڵ نیە، هەر بۆیەش زیکرکردن بووەتە چاکترینی کردەوەکان لەم ڕووەوە، وە ئەم فەرموودەش ئاماژە بەوە ئەکات (نِيَّةُ

---

[٣٤٣] محمدی کوڕی عبد الله کوڕی محمدی مەعافیری ئیشبیلی مالیکیە، کە بە ئەبو بەکری ئەلعەرەبی بەناوبانگە(د٤٦٨هـ_و٥٤٣هـ) ئەمە جیایە لەگەڵ (شەیخولئەکبەر ئەبوبەکر ئیبن و عەرەبی صۆفی گەورەو بەناوبانگ). ئەم زانایە یەکێکە لە حافیزەکانی فەرموودە، هەر لە ئیشبیلیا کە ئەکاتە ئیسپانیای ئێستاکە لە دایك بووە، بەڵام دواتر گەشتی کردووە بۆ داواکردنی زانست، وە یەکێکیە لە قوتابیەکانی ئیمامی غەزالی، جا لە پلەی زانستیدا گەیشتە پلەی ئیجتیهاد لەزانستەکانی دین، وە هەر لە ئیشبیلیا کراوەتە قازی. وە لەشاری فاس لە وڵاتی مەغریبیش کۆچی دوایی کردووە، وە زۆر کتێبیشی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە لەوانە: (العواصم من القواصم، عارضة الأحوذي في شرح سنن الترمذي، القبس في شرح الموطأ، أحكام القرآن... وە هتد). بڕوانە: (الأعلام للزركلي)(ب٦_ل٢٣٠) باب محمد بن عبد الله.

الْمَرْءِ أَبْلَغُ مِنْ عَمَلِهِ)[٣٤٤]، واته: نیازو نیەتی ئەو کەسە گرینگترو چاکترو گەیەندراوترە لە کاروکردەوەکەی[٣٤٥].

---

[٣٤٤] حەسەنە بە غەیری خۆی و شاهێدیشی زۆرە. تەبەرانی لە (معجم الكبير)(ب_٦_ل_٢٢٦_ژ٥٩٤٢). وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ب٥_ل٢٤٣_ژ٦٨٦٠) لەئەنەسەوە بە مەرفووعی. وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية)(ب٣_ل٢٥٥). وە خەطیبی بەغدادی لە (تاريخ بغداد)(ب٩_ل٢٣٧). وە دەیلەمی لە (مسند الفردوس)(٥_ل٣٥_ژ٧٠٩٦). وە قوضاعی لە (مسند الشهاب)(بب١_ل١٩٩_ژ١٤٨) ڕیوایەتیان کردووە. وە فەرموودەکە بەو ڕیوایەتەش هاتووە (نِيَّةُ الْمُؤْمِنِ خَيْرٌ مِنْ عَمَلِهِ، وَنِيَّةُ الفَاجِرِ شَرٌّ مِنْ عَمَلِهِ)، واتە: (نیەتی کەسی ئیماندار چاکترە لە کاروکردەوەکەی، وە نیەتی کەسی گوناهبار وخراپەکار خراپترە لە کاروکردەوەکەی. جا حافیزی سەخاوی ئەفەرموویێت: "ئیمامی عەسکەری لە (الأمثال) ڕیوایەتی کردووە، وە بەیهەقیش لە (الشعب) لە ئەنەسەوە بە مەرفووعی ڕیوایەتی کردووە، ئیبن و دوحیە ئەفەرموویێت: "صەحیح نیە"، وە بەیهەقیش ئەفەرموویێت: "سەنەدەکەی زەعیفە". بڕوانە: (المقاصد الحسنة)(ل_٧٠١_ژ١٢٦٠) جا ئیمامی محمدی کوڕی عبد الباقی زەرقانی ئەفەرموویێت: "ئەم فەرموودە حەسەنە بە غەیری خۆی". بڕوانە: (مختصر مقاصد الحسنة)(ل٢٣٦_ ژ١١٥٤). وە حافیزی سەخاوی لە دوای ئەوەی ڕێگاکانی تری ئەو فەرموودە ئەهێنێ ئینجا ئەفەرموویێت: "ئەم ڕێگایانە قسەیان لەسەرە، بەڵام هەندێکیان دڵنیایی و پشتگیری ئەداتە هەندێکی تریان، وە دوور نیە بە سەیر کردنە گشت ڕێگاکانیەوە کەوا بگاتە پلەی حەسەنیەت". بڕوانە: (الأجوبة المرضية للحافظ السخاوي)(ب_١_ل٣٤٥_ژ٩٣). وە حافیزی مەنناوی ئەفەرموویێت: فەرموودەکە چەندین ڕێگای تری هەیە کەوا ئیجبار ئەکات زەعیف بێت، وە ئەو کەسەش کە بەحەسەنی دائەنێ ئەوە تێی پەڕاندووە"، جا لە وەڵامیدا حافیزی غوماری ئەفەرموویێت: "ئەمە وتەیەکی دژ بەیەکە چونکە فەرموودەی(ضعيف المنجبر) جۆرێکە لە فەرموودەی (حسن لغيره)، جا ئەگەر ئیجبار نەکرێت ئەوە زەعیفەو هەر بە زەعیفیش ئەمێنێتەوە، وە ئەم فەرموودەیە لە نێوان پێشینەکانی سەلەفی صالح بڵاوبۆتەوە کەوا بەڵگەیە لەسەر صەحیح بوون و جێگیربوونەکەی، جا ئەگەر بێت و دروستکراو بایە لە دوای ئەوان بەناوبانگ نە ئەبوو لە زەمانی ئەوان". بڕوانە: (المداوى لعلل الجامع الصغير وشرح المناوى)(ب_٦_ل٣٣٤_ژ٩٢٩٥) هی حافیزی ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی صدیقی غوماری حەسەنی (و١٣٨٠ھ). وە ئەلبانی بە زەعیفی داناوە بڕوانە: (ضعيف الجامع الصغير)(ژ٥٩٧٦). وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (نية المؤمن خير من عمله، وعمل المنافق خير من نيته، وكل يعمل على نيته، فإذا عمل المؤمن عملا نار في قلبه نور) واتە: (نیەتی ئیماندار چاکترە لە کاروکردەوەکەی، وە کاروکردەوەی دووڕوو چاکترە لە نیەتەکەی، ئیتر هەر کەسێك بەگوێرەی نیەتەکەی کار ئەکات، بۆیە کاتێ ئیماندار کە کردەوەیەك ئەکات ئەوە نوورێك لە دڵی پەیدا ئەبێت و ئەو دڵە ڕووناك ئەکاتەوە) ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرموویێت: تەبەرانی لە (معجم الكبير) لە سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدەوە ڕیوایەتی کردووە، وە لە سەنەدەکیدا حاتەمی کوڕی عوببادی کوڕی دیناری تێدایە نایناسم بەڵام پیاوەکانی تر جێگای متمانەن (ثقات). بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب_١_ل١٠٩_ژ٤١٩).

وه هەروەها ئیمامی صەنعانیش رحمه الله[346] ئەفەرموویت: "هیچ بەرهەڵستیەك (تعارض) نیە لە فەرموودەکانی گەورەیی جیهاد، ئەو گەورەترە لە زیکر، لەبەر ئەوەی مەبەست بە گەورەیی زیکر لە جیهادی زیکری زمان و دڵ و فیکرە لە واتای ئامادەکردنی حوزوری گەورەیی خوا، جا ئەوە گەورەترە لە جیهاد، وە جیهادیش گەورەترە لە زیکری زمان بە تەنیا"[347].

وە هەروەها ئیمامی نەوەوی قدس سره ئەفەرموویت: "زیکر کردن ئەکریێ بە دڵ بێت یاخود بە زمان، جا گەورەترینیان ئەوەیە بە زمان و بەدڵ بێت، جا ئەگەر کورت کراوە لەسەر دانەیەکیان ئەوە زیکرکردن بە دڵ گەورەترە، وە ناکرێ واز لە زیکرکردنی زمان بهێندرێت لەگەڵ زیکرکردنی دڵ ئەمەش لەبەر ترسی هەبوونی ڕیا، بەڵکوو زیکر بە هەموویان ئەکات و با مەبەستیشی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت"[348].

**٤. دڵێکی ئامادەو دوور لە بێ ئاگایی (القلب الحاضر):** خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿أَلَمۡ يَعۡلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ﴾[349]، واتە: ئایا ئەو کەسە وا دیارە نازانێ کەوا خوای گەورە چاودێرە بەسەریەوەو ئەیبینێ. وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرموویت: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكۡرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُۥ قَلۡبٌ أَوۡ أَلۡقَى ٱلسَّمۡعَ وَهُوَ

---

[345] (فتح الباري شرح صحيح البخاري)(ب١٠_ل٢١٠).

[346] محمدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی صەلاحی کەحلانی ئینجا صەنعانیە کە بەناوبانگە بە ئەمیر(د١٠٩٩هـ_و١١٨٢هـ)، یەکێکە لە شەرعناس و فەرموودەناس و ئوصولی و موجتەهیدو موتەکللیمە بەرزەکانی ئیسلام، وە یەکێکە لە زاناکانی یەمەن. وە لە دوای خۆشی چەندین کتێبی بە جێ هێشتووە کە بەناوبانگترینیان (سبل السلام فی شرح بلوغ المرام). بڕوانە: (معجم المؤلفين)(ب٩_ل٥٦).

[347] (سبل السلام)(ب٤_ل٢١٤).

[348] الأذكاري النواوي(ل٦).

[349] سورة العلق آية ١٤.

شَهِيدٌ﴾[350]، واته: لەوەی کەوا بۆتان باسکرا بە لەناوچوونی گەلەکان و سزاو ئەو نەهامەتیەی کە بەسەریان هات ئەوە یادخەرەوەیەکە بۆ کەسێك کەوا خاوەن عەقڵ و ژیریی بێت یاخود خاوەن دڵێکی بە ئاگابێت بۆ بیستن و وەرگرتنی ئەو ئامۆژگارییەو بیری لێ بکاتەوە. بەڵێ: دڵێکی خاوەن حوزووره لەگەڵ خوای گەورەو لێی بێ ئاگا نەبێت وەك بڵێی ئەیبینێ، وە گوێی لێ ڕاگرتووە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویێت: (اَلْإِحْسَانُ أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَراهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَراهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ)[351]، واته: ئیحسان ئەوەیە کەوا خوای گەورە وا بپەرستی بە جۆرێك وەکوو ئەوەی کە تۆ ئەو ببینی، وە بێگومان ئەگەر تۆش ئەو نەبینی ئەو تۆ ئەبینێ. ئا لەو کاتەدا ئەو دڵە شایستە ئەبێت بۆ بینینی پەروەردگارو خۆ دەرخستنەکانی لە ڕێی ناو سیفەتە بەرزەکانی، ئەمە حاڵەتی چاودێرییە کە پلەیەکی گەورەیە، جا مرۆڤ لەم مەقامەدا هەست بە شەرمەزارییەکی زۆر ئەکات لە حوززووری.

**٥. دڵی ڕاستگۆ (القلب الصادق):** خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَـٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّـٰدِقُونَ﴾[352]، واته: ئەو غەنیمەتەی کە لە شەڕی بەدردا وەدەستان کەوتووە ئەوە بۆ هەژارە کۆچەرەوەکانە ئەوانەی کەوا دەرکران لە ماڵ و حاڵ و شوێنەکانیان تاوەکوو ڕەزامەندی و بەخششەکانی خوای

---

[350] سورة ق آية ٣٧.

[351] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٥٠). وە موسلیم لە(صحيح المسلم)(ژ٩٣) ڕیوایەتیان کردوە. وە ئەلبانیش ئەفەرموویێت: "صەحیحە". بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير)(ژ٢٧٦٢).

[352] سورة الحشر آية ٨.

گەورە بەدەست بهێنن، وە خواو پێغەمبەر ﷺ سەربخەن، جا بەڕاستی ئەوانە کەسانێکی خوایی بوون چونکە ڕاستگۆ بوون لە نیەت و کرداریان لە ژوورەوەو دەرەوەدا. وە هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا﴾[٣٥٣]، واتە: لە ناو ئیمانداران پیاوانێك هەن ڕاستگۆ بوون لەو بەڵێن و پەیمانانەی کە بەخوای گەورەیان دا، جا هەندێك لەوان مردن و هەندێکی تریش چاوەڕێن بۆئەوەی بەڵێن و پەیمانی خۆیان ببەنەسەرو جێ بەجێی بکەن، چونکە ئەمانە کەسانێکن بەردەوام جێگیرن، وە هەرگیزاو هەرگیز پەیمان شکێنی ناکەن و نایگۆڕن.

دڵی ڕاستگۆ ئەو دڵەیە کەوا ئیخلاصیەت و نیەت پاکی لە زانست و تەقواو خزمەتکردنی ئوممەتی ئیسلامی لە ژوورەوەو دەرەوەدا لە دڵیدا کۆ کردووەتەوە بە زمان و کردار. چونکە خوای گەورە لەبارەی ئەم جۆرە دڵەوە ئەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾[٣٥٤]، واتە: ئەی ئەو کەسانەی کەوا ئیمانتان هێناوە تەقوای خوا بکەن و لەخوای گەورە بترسێن نەوەکا سزاتان بدات بەهۆی کارو ڕەفتارە نابەجێ یەکانتان و بە دۆستگرتن و هاوەڵە خراپەکانتان، بۆیە بگەڕێنەوە لای خواو تەوبە بکەن و هەوڵبدەن لەگەڵ کەسە ڕاستگۆیەکان بن ئەوانەی کە خۆیان فرۆشتووە بۆ خواو دینەی تاوەکوو سەرفرازی هەر دوو دونیا بن. بەڵێ وەکوو ڕاستگۆکان بن لەکردارو ڕەفتار، وە هاوەڵایەتیان بکەن تاوەکوو حاڵەتی ڕاستگۆیی ئەوان بۆ ئێوەش نەقڵ ببێت هەروەکوو عەرەبەکان گوتویانە: "الصاحب ساحب"، واتە: هاوەڵ و برادەر

---

[٣٥٣] سورة الأحزاب آية ٢٣.

[٣٥٤] سورة التوبة آية ١١٩.

ڕاکێشەرە. وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا﴾[355]، واتە: ئەوانەی کەوا گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ئەکەن ﷺ ئەوە لە ڕۆژی دوایی لەگەڵ پێغەمبەران و ڕاستگۆیەکان و شەهیدەکان و پیاوچاکەکانە، چونکە ئەمانە کەسانێکن خوای گەورە لە بەخشش و چاکەی خۆی بەهرەمەندی کردوون لە ژوورەوەو ناوەوەدا هەروەکوو فەرموویەتی: ﴿وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةً وَبَاطِنَةً﴾[356]، واتە: خوای گەورە بەخشش و چاکەو میهرەبانی خۆی لە ژوورەوەو دەرەوەدا بە ئێوە بەخشیوە کە لە ژماردن نایەت. جا ئەم بەخششە تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان لە چاو کەسانی تر، بۆیە با هەوڵدەین لەو کەسە تایبەتیانە بین کە خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی تایبەتی کردوون. ئەگەر وەکوو ئەوانیشمان پێ نەکرا با هەوڵدەین لەگەڵیان بژین و بیانکەینە ئاوێنەی خۆمان بۆ بینینی پیسی کردەوەکانی خۆمان. وە ئەگەر پێداگریشین لەوەی کەوا وەکوو ئەوان بین ئەوە ئەبێت بتوێینەوە بۆ ئوممەتی ئیسلام و ببین بەخاك بۆ خراپەکارو چاکەکاری تاکەکانی ئەم ئوممەتە، چونکە تا نەبینە خاك ناگەینە ئەو پلەیە کەوا بەوان بەخشراوە والله أعلم.

[355] سورة النساء آية ٦٩.

[356] سورة لقمان آية ٢٠.

ئیمامی قوشەیری قدس سره بەو جۆرە پێناسەی ڕاستگۆیی ئەکات: "ڕاستگۆیی ئەوەیە نابێ هیچ تێکەڵێەك لە حاڵەکانت هەبێ، وە نابێ لە بیروباوەڕت گومان هەبێ، وە نابێ لە کردەوەکانیشت کەم و کوڕی هەبێ"[357].

**٦. دڵی بەغیرەت (القلب الغيور):** هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمۡ عَنِ ٱللَّغۡوِ مُعۡرِضُونَ﴾[358]، واتە: یەکێك لە سیفەت و ڕەوشتەکانی ئیماندارانی ڕاستەقینە ئەوەیە کەوا خۆیان لە شتە پوچ و بێ کەڵکەکان و کات بەفیڕۆدان و دانیشتنە دونیاییە بێ کەڵکەکان هەروەکوو لەم سەردەمەی ئێمەدا کە سەر شەقامەکانی پڕ کردووە، وە ماڵەکانیشی ئاوەدان کردووە بە تەلەفزیۆن و خواردن و شتە دونیاییەکان بەتایبەتی دراما ئابڕووبەرەکان و بێ کەڵکەکان و یارییە تۆپێنیەکان، چونکە ئەمانە گشتی لەغون بەڵکو جاری واش هەیە ئەگاتە پلەی حەڕامێتی. جا سیفەتی ئەو بڕوادارانە ئەوەیە خۆیان لەم شتانە ئەپارێزن و ڕووو لە خوای گەورە ئەکەن، لەبەر ئەوەی غیرەتی خوایی پاڵ بە دڵەکانیانەوە ئەنێت تاوەکوو ئەم کارانە جێ بەجێ نەکەن.

شێخی شیبلی قدس سره ئەفەرمووێت: "هەموو شتێك لەغوو پووچ و بەتاڵە جگە لە خوای گەورە نەبێ، وە دوو جۆر غیرەت هەیە: غیرەتی مرۆڤایەتی، وە غیرەتی خوایی"[359].

---

[357] الرسالة والخاتمية والوارثية (ل١٨٠).

[358] سورة المؤمنون آية ٣.

[359] ئەبو نوعەیم ڕیوایەتی کردووە لە (حلية الأولياء)(ب١٠_ل٣٧١).

١. غیرەتی مرۆڤایەتی: پەروەردگارێکی وەهمی لە ناو نەفسی مرۆڤدا خۆی حەشاردداوە، جا غیرەتە دونیاییەکە بۆ ئەو پەروەردگارە وەهمییەیە کە لە ناو نەفسدایە خواپەنامان بدات.

٢. غیرەتی خوایی: ئەمە بە دەست نایێت تاوەکوو پشت لە دونیا هەڵنەکەین و واز لەو پەروەردگارە وەهمیە نەهێنین کە گیرمان خواردووە بە دەستیەوە بۆپەرستنی خوای ڕاستەقینە کە (الله)یە، وە هەروەها هاتنە گۆ بۆ خوای پەروەردگار بەرامبەر هەر کەسێك و هەر ستەمکارێك ئەگەر بیەوێ سنووری خوای گەورە ببەزێنێ، بەڵام ئاخ کوا ئەو کەسە (إنا لله وإنا إليه راجعون)، نوێژی مردوو با لەسەر خۆمان بخوێنین، چونکە دڵمان مردووەو هەستیشی پێ ناکەین.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویێت: (غَيْرَتَانِ إِحْدَاهُمَا يُحِبُّهَا اللَّهُ، وَالأُخْرَى يُبْغِضُهَا اللَّهُ، وَمَخْيَلَتَانِ إِحْدَاهُمَا يُحِبُّهَا اللَّهُ، وَالأُخْرَى يُبْغِضُهَا اللَّهُ تَعَالَى، الْغَيْرَةُ فِي الرِّيبَةِ يُحِبُّهَا اللَّهُ، وَالْغَيْرَةُ فِي غَيْرِهَا يُبْغِضُهَا اللَّهُ تَعَالَى، وَالْمَخْيَلَةُ إِذَا تَصَدَّقَ الرَّجُلُ يُحِبُّهَا اللَّهُ، وَالْمَخْيَلَةُ فِي الْكِبْرِ يُبْغِضُهَا اللَّهُ)[٣٦٠]، واتە: دوو جۆر غیرەت هەیە: یەکێکیان خوای گەورە پێی خۆشە، بەڵام ئەوەکەی تر ڕقی لێ ئەبێتەوە، وە دوو جۆر گومان بردن هەیە، یەکێکیان خوای گەورە پێی خۆشە، بەڵام ئەوەکەی تر

---

[٣٦٠] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٧٣٣١) مسند الشامين. وە حاکمیش لە (مستدرك حاكم)(ب١_ل٤١٨). وە ئیبن و خوزەیمە لە (صحيح ابن خزيمه)(ژ٢٤٧٨). وە ئیبن و حبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٢٩٥) لە عوقبەی کوڕی عامیری جوهەینیەوە ڕیوایەتیان کردووە. جا حاکم ئەفەرموویێت: "صەحیحە، وە زەهەبیش موافیقە لەسەری". وە هەیثەمی لە (مجمع الزوائد)(ب١_ل١٥١_ژ١٧٢٢٣) ئەفەرموویێت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی پیاوانێکی صەحیحن تەنها عبد الله کوڕی زەید نەبێت ئەویش جێگای متمانەیە". وە ئەلبانیش ئەفەرموویێت:"حەسەنە". بڕوانە: (صحيح النسائی)(ژ٢٥٥٧). وە (صحيح أبى داود). وە حەمزە ئەحمد زین ئەفەرموویێت: "سەنەدەکەی صەحیحە". بڕوانە: (منسد أحمد بتحقيق أحمد شاكر وحمزه أحمد زين)(ب١٣_ل٣٦٢_ژ١٧٣٣١).

ڕقی لیٚ ئەبێتەوە، جا هەبوونی غیرەت لە کاتی تومەو گومان ئەوەیان خوای گەورە خۆشی ئەوێت، واتە: (خراپەو ناشەرعیەك ئەبینیٚ)، وە غیرەتێکیش لە غەیری تومەو گومان ئەوە خوای گەورە پێی ناخۆشە، واتە: (بیٚ ئەوەی کارێکی ناشەرعی بیستبیٚ یاخود بینیبیٚ و گومانی خراپ ببات)، جا گومانێك ئەگەر بێت و کەسێك شتێك ببەخشیٚ یاخود هەر خۆی خەیاڵی بەخشین بکات جا ئەو خەیاڵ و گومانە چاکە وا لەو کەسە بکات کە وەك ئەو کەسە بکات کە ئەبەخشیٚ ئا ئەمەیان خوای گەورە زۆری پیٚ خۆشە، بەڵاٚم ئەگەر ئەو خەیاڵ و گومانە لە خۆبەگەورە زانینەوە بێت هەم خۆی بەشت بزانیٚ و گومانی خراپیش بەخەڵکەوە ببات ئەوە خوای گەورە پێی ناخۆشە.

وە هەروەها ئیمامی عەلی (كَرَّمَ اللهُ وَجْهَهُ) ئەفەرموویت: "دوو جۆر غیرەت هەیە: غیرەتێکیان چاکەو باشە کە پیاو حاڵ و باری کەس و کارەکەی چاك ئەکاتەوە، وە غیرەتێکیشیان ئەیخاتە نێو ئاگری دۆزەخەوە لەبەرئەوەی ئەو غیرەتە وای لیٚ ئەکات کە بکوژێت کەچی خۆی ئەکوژرێت"[٣٦١].

وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (لَيْسَ أَحَدٌ أَحَبَّ إِلَيْهِ الْمَدْحُ مِنَ اللهِ، مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ مَدَحَ نَفْسَهُ، وَلَيْسَ أَحَدٌ أَغْيَرَ مِنَ اللهِ مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ حَرَّمَ الْفَوَاحِشَ)[٣٦٢]، واتە: هیچ کەسێك بە ئەندازەی خوای گەورە مەدح و ستایشی پیٚ خۆش نیە هەر لەبەر ئەمەشە ستایشی خۆی کردووە، وە هیچ کەسێکیش نیە بە

---

[٣٦١] صەحیحە. ئیمامی ضیاء الدینی مەقدیسی حەنبەلی لە (الأحاديث المختارة)(ب٢_ل٢٢٧) ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە".

[٣٦٢] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٧٤١٦). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١٤٩٩/٢٧٦٠). لە عبد الله کوڕی مەسعودەوە ڕیوایەتیان کردووە. ئەلبانی ئەفەرمووێت: "صەحیحە". بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٥_ل٢١٣_ژ٢١٨٠).

ئەندازەی خوای گەورە بە غیرەت[٣٦٣] بێت هەر لەبەر ئەمەشە گوناهو تاوانەکانی قەدەغە کردووە، وە هیچ کەسێکیش نیە بە ئەندازەی ئەو پۆزش و عوزری پێ خۆش بێت هەر لەبەر ئەمەشە پێغەمبەران و کتێبەکانی خۆی ڕەوانە کردووە.

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (إِنَّ اللَّهَ يَغَارُ، وَإِنَّ الْمُؤْمِنَ يَغَارُ، وَغَيْرَةُ اللَّهِ أَنْ يَأْتِيَ الْمُؤْمِنُ مَا حَرَّمَ عَلَيْهِ)[٣٦٤]، واتە: بێگومان خوای گەورە غیرەت ئەیگرێ، وە ئیمانداریش غیرەت ئەیگرێ، جا غیرەتی خوای گەورە ئەوەیە کەوا کاتێ ئیماندار ئەیەوێ شتێکی قەدەغەکراو بکات کە خوای گەورە لەسەری حەرامی کردووە، بۆیە پێی ناخۆشە.

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (الْمُؤْمِنُ يَغَارُ لِلْمُؤْمِنِ، وَاللهُ أَشَدُّ غَيْراً)[٣٦٥]، واتە: کەسی ئیماندار بۆ خوشك و برای ئیمانداری غیرەت ئەیگرێ، بەڵام غیرەتی ئەو لە چاو هی خوای گەورە هیچ نیە، چونکە خوای گەورە غیرەتی زۆر زیاترە لەو بۆ ئەو ئیماندارە.

جەنابی شێخ عەباس ﷴ ئەفەرموویت: "غیرەتی نەفسەکان بۆ خەڵکی بە گشتی غیرەتەکەیان لەسەر ئابرو کەرامەتیانە، وە غیرەتی دڵەکان بۆ کەسە

[٣٦٣] بزانە: کەوا ئەو غیرەتە وەکوو ئەو هەست و شعورەی مرۆڤ نیە کە لە دەروونی مرۆڤدایە، چونکە خوای گەورە پاکە لە لاشە، وە هیچ شتێك هاوتاو هاو وێنەی خوای گەورە نیە، سەبارەت بە ئێرەش ئەوە بۆ نزیك کردنەوەی تێگەیشتنی مرۆڤە کەوا خوای گەورە غیرەت ئەیگرێ.

[٣٦٤] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٥٢٢٣). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٧٦١). وە ئیبن و حبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٢٩٣) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب_٧_ل١٤٦٩_ژ٣٥١٥). وە (صحيح الترمذي)(ژ١١٦٨).

[٣٦٥] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٧٦١). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٧٢٠٩). لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. ئەحمەد شاکر ئەفەرموویت: "سەنەدەکەی صەحیحە". وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير)(ژ٦٦٦٤).

تایبەتیەکان غیرەتەکەیان لەسەر دڵەکانیتیان کەوا مەیل بکات بۆ غەیری خۆشەویستیان، وە غیرەتێکی تریش هەیە کە بۆ کەسە تایبەتە تایبەتیەکانە: ئەمەش غیرەتی ڕۆحەکان و نهێنی یەکانە کەوا مەیل بکات بۆغەیری خۆشەویستی خۆی. زۆر ناسکەو وردە، وە تێگەیشتن لێی وا ئاسان نیە، مەگەر کەسێك بەکردار ئەنجامی دابێت. جا هەر لەبەر ئەمە لەسەر بەندە پێویستە غیرەت بیگرێ، بەڕاستی خوای پەروەردگار غیرەت ئەیگرێ لەسەر ئەولیاکانی، وە تۆڵەیان بۆ ئەستێنێ ئەگەر بێت و کەسێك بیانڕەنجێنێت"[٣٦٦].

ئەوەتا خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا ئەفەرموویێت: (مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ)[٣٦٧]، واتە: هەر کەسێك دوژمنایەتی وەلی و دۆستێکی من بکات ئەوە ئاگاداری ئەکەمەوە کەوا خۆم لەگەڵی ئەجەنگێم.

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (قَالَ: سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ ﵁ لَوْ رَأَيْتُ رَجُلاً مَعَ اِمْرَأَتِي لَضَرَبْتُهُ بِالسَّيْفِ غَيْرَ مُصْفَحٍ عَنْهُ، فَبَلَغَ ذَلِكَ النَّبِيَّ، فَقَالَ: أَتَعْجَبُونَ مِنْ غِيرَةِ سَعْدٍ! فَوَاللهِ لَأَنَا أَغْيَرُ مِنْهُ وَاللهُ أَغْيَرُ مِنِّي)[٣٦٨]، واتە: سەعدی کوڕی عوبادە فەرمووی: "ئەگەر کەسێك لەسەر خێزانەکەم ببینم ئەوە بە شمشێرەکەم

[٣٦٦] الرسالة والخاتمية (ل٢١١).

[٣٦٧] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٦٥٠١). وە ئیبن و حبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٣٤٧). لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە بڕوانە: (صحيح الجامع)(ژ١٧٨٢).

[٣٦٨] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٦٨٤٦/٧٤١٦). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ١٤٩٩). وە ئیبن و حبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٧٠٣٧). لە موغەیرەی کوڕی شوعبەوە ڕیوایەتیان کردووە. ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٥_ل٢١٣_ژ٢١٨٠).

ئەیکوژم، بیٚ ئەوەی لێی ببوورم"، جا ئەم فەرمایشتەی سەعد بە پێغەمبەر ﷺ گەیشت، ئەویش فەرمووی: ئایا غیرەتی سەعدتان پیٚ عەجیبە، سوێند بەخوا من لەو بە غیرەتترم، وە خوای گەورەش لە من بە غیرەتترە.

"جا خۆشەویستان": با بەغیرەت بین لەسەر خواو دینەکەی نەك بۆ دونیاو نەفسی بەدکرداری خراپمان.

وە هەروەها ئەفەرموویێت: (الْغَيْرَةُ مِنَ الإِيمَانِ، وَالْمِذَاءُ مِنَ النِّفَاقِ، قَالَ قُلْتُ: مَا الْمِذَاءُ؟ قَالَ: الَّذِي لا يَغَارُ)[369]، واتە: غیرەت لە ئیمانەوە، وە میذائیش لە نیفاقەوەیە، جا ئەبو سەعیدی خودریش فەرمووی: میذاء چیە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: ئەو کەسەیە کە غیرەت نایگریٚ. لە ڕیوایەتی بەیهەقیدا ئەفەرموویێت: (الْمِذَاءُ الدَّيُّوثُ)[370]، میذاء واتە: تەرەس، قوڕم ساغ، کەسیٚ لەگەڵ ژنی خۆی ببینیٚ و جووت بیٚ لەگەڵی.

---

[369] حەسەنە. بەززار لە (كشف الأستار عن زوائد البزار)(ژ١٤٩٠) لە ئەبووسەعیدەوە. وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى)(ژ٢١٠٢٣) وە (شعب الإيمان)(ژ١٠٣٠٨) لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە. وە قوضاعی لە (مسند الشهاب)(ژ١٥٤) لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتیان کردووە. تێبینی: لەفزەکە هی بەززارە، وە لە ڕیوایەتەکەی قوضاعی لەبری وشەی (مِذاء) لەویٚ (مِراء) هاتووە. هەیثەمی لە (مجمع الزوائد)(ب٤_ل٣٢٧_ژ٧٧٢١) ئەفەرموویێت: "بەززار ڕیوایەتی کردووە، جا ئەبو مەڕحوومی تێدایە جێگای متمانەیە لای نەسائی و غەیری ئەو، وە ئیبن و مەعینیش بە زەعیفی داناوە، بەڵام پیاوەکانی تر پیاوانێکی صەحیحن. بەڵام ئەلبانی بە زەعیفی داناوە بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل٢٨٩_ژ١٨٠٨). وە ئیمامی سیوطی بە حەسەنی داناوەو مەنناویش موافیقە لەسەری، بڕوانە: (فيض القدير)(ب٤_ل٤١٨_ژ٥٨٢٤).

[370] مِذاءْ، مَذْي: کۆی مَذْيَةَ، وەك ئەگوتریٚ (مَذَى الرَّجُلُ) واتە: ئاوی مەزی لیٚ دەرچوو بەهۆی گاڵتەو گەپ و ماچ و جووت بوون، جا میزاء بە مەزی مرۆڤ شوبهێندراوە، کە ئاوێکە لە لەشی مرۆڤدایە، کاتێك دێتە خوارەوە کە خەیاڵ بچێت بۆ ئافرەتێك یاخود بە پێچەوانەوە ئافرەتێك بۆ ئەو یاخود لەگەڵ کەسێك جووت بیٚ، جا ڕەنگی ئەو مەزیەش لە ڕەنگی ئاوی ئاسایی ئەچێت بەلاّم ئەو لینج و بۆندارە، ئەم ئاوە غوسل واجب

**٧. دڵی بەسۆزو میهرەبان (القلب الشفیق):** ئەو دڵەیە کەوا ورەیەکی بەرزی هەبێت بۆ لابردنی شتێکی خراپ یاخود ناشیرن و ڕق لێ کراو جا لەسەر کەسێك بێت یاخود گشت ئوممەتی ئیسلام، ئەمەش گەورەترین پلەی ئیمانە ئەگەر بێت و کەسێك دەستی بکەوێت. خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةً لِّلۡعَٰلَمِينَ﴾[٣٧١]، واتە: تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بە ڕەحمەت نەبێت بۆ هەموو جیهانیان و خەڵکی. کەچی لەبارەی حەزرەتی عیساوە عَلَيۡهِ السَّلَامُ ئەفەرموویت: ﴿وَرَحۡمَةً مِّنَّاۚ﴾[٣٧٢]، واتە: بۆ ئەوەی بیگێڕین بە ڕەحمەتێك لە ئێمەوە بۆ خەڵکی. وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿فَبِمَا رَحۡمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمۡۖ وَلَوۡ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلۡقَلۡبِ لَٱنفَضُّواْ مِنۡ حَوۡلِكَۖ﴾[٣٧٣]، واتە: هەر بەهۆی ڕەحمەتی خواوە تۆ نەرم بووی بۆیان، جا ئەگەر بێت و کەسێکی دڵ ڕەق و قسە ڕەق بایت ئەوە هیچ کەسێکیان لە دەورەت نەئەما. سبحان الله، زاناکانی ئیسلام چەندە پێویستیان بەمە هەیە، کەچی کەسانێك بە ناوی بانگەوازو بەرگری کردن لە ئیسلام سروشتی زبری خۆیان تێکەڵ بە دینەکەیان کردووە، جا ئەڵێن: دینی ڕاستەقینەیە ئەمەیە کە ئێمە بانگەشەی بۆ ئەکەین، پێغەمبەری خوا ﷺ

---

ناکات بەڵام پیسە، ئەبێت شوێنەکەی باش بشوات، جا ئەو کەسەی پیاو و ئافرەت بەیەکەوە کۆ ئەکاتەوە یاخود کەسێك لەگەڵ کەس و کارەکەی ئەبینێ کەچی لێیان ئەگەڕێ بۆ ئەوەی مەزی هەر دوولا تێکەڵ بەیەك بێت ئەمە پێی ئەگوترێت: میذاء واتە: تەرەس، قورمساغ و هتد، ئەمە ناچێتە بەهەشتەوە. والله أعلم

[٣٧١] سورة الأنبياء آية ١٠٧.

[٣٧٢] سورة مريم آية ٢١.

[٣٧٣] سورة آل عمران آية ١٥٩.

ئەفەرموویت: (لا تُنْزَعُ الرَّحْمَةُ إلاَّ مِنْ شَقِيٍّ)[٣٧٤]، واته: سۆزو میهرەبانی لە دلّی هیچ کەسێکا دەرناهێنرێت مەگەر کەسێك نەبێ کە بەدبەخت و چارەنووس خراپ بێت.

وە هەروەها ئەفەرموویت: (الرَّاحِمُونَ يَرْحَمُهُمُ الرَّحْمَنُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى، اِرْحَمُوا مَنْ فِي الأَرْضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ)[٣٧٥]، واته: کەسە بە ڕەحم و بەسۆزەکان ئەو کەسانەن کەوا خوای گەورە میهرەبانیان لەگەلّ ئەکات، بۆیە ڕەحم بە خەلّکی سەرزەوی بکەن تاوەکوو خوای گەورەش لە ئاسمانەوە میهرەبانیتان بەسەرا ببارێنێ.

هەروەها سیفەتی (رَؤُفُ الرَّحِيم) دوو سیفەتی خوای گەورەن کە بە پێغەمبەرمانی بەخشیوە ﷺ هەروەکوو ئەفەرموویت: ﴿لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾[٣٧٦]، واته: بەڕاستی ئێوە پێغەمبەرێکتان هەر لە خۆتانەوە بۆ هاتووەو لە ڕەگەزی ئێوەیەو بە زمانی ئێوە گوفتار ئەکات، جا ئەو پێغەمبەرە لەسەری زۆر

---

[٣٧٤] صەحیحە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند احمد)(ژ٧٩٨٨). وە ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(٤٩٤٢). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ١٩٢٣). وە ئیبن و حبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٤٦٦). وە حاكم لە (مستدرك حاكم)(ژ٧٦٣٢) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. ترمذی ئەفەرموویت: "فەرموودەیەکی حەسەنە". وە حاکمیش ئەفەرموویت: "سەنەدەکەی صەحیحە". بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب١٦_ل٣٥٦_ژ١٦٩٨٥). وە ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير)(ژ٧٤٦٧).

[٣٧٥] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (تاريخ الكبير)(ب٧_ل١٩٤_ژ٨٦٢). وە ئیمامی ئەحمەد لە (مسند احمد)(ژ٦٤٩٤). وە ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(٤٩٤١). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ١٩٣٤). وە حاكم لە (مستدرك حاكم)(ژ٧٢٧٤) لە عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە ڕیوایەتیان کردووە. جا ترمذی ئەفەرموویت: "حەسەن و صەحیحە". بڕوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب١٣_ل١٦٠_ژ١٢٨١٦). وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير)(ژ٣٥٢٢).

[٣٧٦] سورة التوبة آية ١٢٨.

گرانەو دڵی زۆر نارەحەت ئەبێت کاتیٚ ئێوە تووشی زەحمەتی و ناخۆشی ئەبن، وە زۆریش پێداگرە لەسەر هیداتدان و خێرو خۆشی ئێوە، جا بەڕاستی پێغەمبەرێکە زۆر بەسۆزو میهرەبانە بۆ ئیمانداران. سوێند بەخوا هەر کەسێك ئەم سیٚ سیفەتەی تێدا بێت ئەبێتە میراتگرو جێگری پێغەمبەرمان ﷺ، وە ئەبێتە یەکێك لە ئەولیاکانی خوای گەورە.

خۆشەویستان ئەگەر موسڵمانێك شتێکی بە سەرهات تۆ دڵت پێی گران و ناخۆش بێت نەك پێت خۆش بێت شتی بەسەر بێت، وە هەناو سوتاو بێت بۆ ئوممەتی ئیسلام لەوەی کە عەلمانیەکان و بیٚ باوەڕەکان چیان بە سەر ئەم ئوممەتە هێناوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ وَتَرَاحُمِهِمْ وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى)[٣٧٧]، واتە: وێنەی ئیمانداران لە خوش ویستن و سۆزو میهرەبانیان بۆ یەکتری وەکوو یەك لاشە وان، جا ئەگەر بێت و ئەندامێکی ئەو لاشەیە ئازاری پیٚ بگات ئەوە نزیکە گشت لاشەکەی گرفتاری ئەو ئازارە ببێت، وە بەهۆیەوەش تووشی نەخۆشی ئەبێت و پلەی گەرمی لاشەکەشی بەرز ئەبێتەوەو گرفتاری کەم خەویشی ئەکات.

جا ئیمڕۆکە ئوممەتی ئیسلام بریندارە لە هەموو لایەکەوە هێرشی ئەکرێتە سەر چ لە ڕووی چەکداری یەوە وە چ لە ڕووی فیکری یەوە، بۆیە ئەگەر ئیمڕۆکە

---

[٣٧٧] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ٦٠١١). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٥٨٦) لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە غەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردووە. وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٣_ل٧١_ژ١٠٨٣).

ئێمە هەست بەم ئازارە نەکەین سوێند بەخوا با لـە ئیمانەکەی خۆمان بترسێین، وە هەروەها سەیری ئەو نەهامەتی و برسیەتەی ولاّتانی ئیسلامی بکەین جا ئەگەر بەشدار و هاو خەمیان نەبین ئەوە لـە ئیمان زەعیفی خۆمانە، بۆیە با هەوڵبدەین کەم بخەوین و کەم بخۆین بۆ ئەوەی ئێمەش بەشدار بین لـەم ئازارەیان، ئیتر با ئەو قسە بیٚ مانایە نەکەین: خوا یارمەتیان ئەدات و هیچ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە نیە، جا ئەگەر وامان گوت ئەو کاتە ئێمە لـەو لاشە نین کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی لێوە کردووە.

ئەوەی لـەم بەشە باسمان لێوە کرد جۆرەکانی دڵ بوون، جا بە پوختی دووبارەیان ئەکەینەوە:

١. دڵی مونیب.
٢. دڵی ساغ و سەلیم.
٣. دڵی زیکرکەر.
٤. دڵی خاوەن حوزوور.
٥. دڵی ڕاستگۆ.
٦. دڵی بەغیرەت.
٧. دڵی بەسۆزو میهرەبان.

ئەم حەوت دڵە هەر هەموویان بە یەکجاری لـە کاتی لـەتکردنی سینگی پیرۆزی پێغەمبەرمان ﷺ لـە ناو دڵ و سینگی دانرا، ئەمەش گەورەترین موعجیزەیە بۆئەو، بەلاّم بۆئوممەتەکەی لـە ڕێی تەزکیەی ڕۆحی و کارکردن بە ئەندامەکانی لـەش ئەمانە بە دەست دێت، بۆیە پێویستە گشت موسڵمانێك

هەوڵبدات لە ڕێی تەزکیەی ڕۆحیەوە کەسێکی کامڵ بدۆزێتەوە بۆ ڕابەرایەتی کردنی، بۆ ئەوەی ببێتە پێشەوای، چونکە موسڵمان بەبێ پێشەوایەکی ڕۆحی وەکوو لاشەیەکی بێ گیان وایە، دەسا ئێوەش حەق و مافی خۆتانە بپرسن ئەبێ لەم سەردەمەدا پێشەوایەکی ڕۆحی لەم جۆرە هەبێت کە تۆ باسی لێوە ئەکەی؟ ئەبێ هەبێت لەم سەردەمە؟ ئایا کوردستانی خۆمان کەسێکی وای تیایە بەو ناونیشانە کە پێشتر باسمان لێوە کرد کەوا سیفەتەکانی چۆنە؟ ئەمانەو کۆمەڵە پرسیارێکی تریش.

# پێشەواو نوێ کەرەوەی دین

# شێخ عەباس فازڵ حەسەنی

ناوی (سەید عەبباس سەید فاضل سەید علی حەسەنی شافیعی نەقشەبەندیە) لە ساڵی (١٣٧١ھ / ١٩٥١ز) لە گەڕەکی قەلعەی سەر بەشاری سامەڕای عێـراق لەدایك بووە، نەژادی بەرێزیان ئەچێتەوە سەر حەزرەتی حەسەنی کوڕی حەزرەتی عەلی (علیهما السلام والرضوان).

سەرەتای خوێندنی لە قوتابخانەی (قەلعەی سەرەتایی) لە شاری سـامەڕا لـە ساڵی (١٩٥٩ز) دەست پێ کردووە، دواتر خوێنـدنی ناوەنـدی لـە قوتابخانـەی (موعتەصەم) و ئینجا قوتابخانەی زانستە ئاینیەکانی هەر لەو شارە تەواو ئەکات، وە بەخزمەت زانای بەرز (سەید أحمد ڕاوی) گەیشتووە، وە لـە لای ئـەم زانایانـەش خوێندوویەتی (شێخ ئەیوب خەتیب و شێخ موخلص ڕاوی وشێخ مەهـدی سـەید مەحمود کاظم وشێخ حوسێن محمد عەرەب وشێخ ماجد سید أحمد عبد ربه)، ئینجا بۆ خویندن چۆتە کۆلێژی زانسـتە ئیسـلامیەکان لـە شـاری بەغـداو بڕوانامـەی بەکالۆریۆسی لە بەشی (ئوصول الـدین "عەقیـدەو فەلسـەفە) وەرگرتـووە، لـەو کاتەدا ئەم زانایانە وانەیان گوتوەتەوە لەو کولێژەدا (دکتۆر بەرەکـە ئەزهـەری و دکتۆر شافیعی ئەزهەری و شێخ محمد نەمر خەتیب لوبنـانی فەلەسـتینی) رضي الله عنهم، دواتر بەهۆی بینینی خەویکەوە بـە خۆشەویسـت و سـەرووەرمان حـەزرەتی محمـد ﷺ لە خەودا ئەی بینێ و پێی ئەفەرموویت: ئەی عەباس شێوازەکەت بگۆڕە بڕۆ لای شێخ مصطفی لە هەولێرێ، دواتر لە خەوەکە چایان هێنـابوو شـێخ عـەباس چـاکەی خـۆی خواردبـۆوە، وە پێغەمبـەریش ﷺ نیـوەی چـاکەی خـۆی

خواردبۆوەو نیوەکەی تریشی دابووە شێخ عەباسی، جا شێخ عەباس ئەفەرموویت: تامی چاکەی پێغەمبەری خوا ﷺ جیاواز بوو لە تامی ئەو چایەی کە من خواردمەوە، ئیتر دوای ئەم خەوە تێگەیشتم کە ئەبێ تەریقەتەکەم بگۆڕم لە ریفاعیەوە بۆ نەقشەبەندی چونکە فەرمانی پێغەمبەرە ﷺ، دوای ئەوە هاتینە خزمەت حەزرەتی شێخ مصطفی نەقشەبەندی کە ئەو کاتە ئەم زاتە موبارەکە یەکێك بووە لە زانا هەرە بەرزەکانی جیهان، وە یەکێك بوو لە مورشیدە ڕاستەکانی ڕێبازیی نەقشەبەندی، جا کاتێك دێت بۆ شاری هەولێرو ئەچێتە خزمەتی، شێخ عەبباس پێی ئەفەرمووێ: (السَّلام عليك ياوارِثَ رَسُولِ الله) واتە: سەلامی خوات لێ بێت ئەی میراتگری پێغەمبەری خوا ﷺ، جەنابی شێخ مصطفاش لە وەڵامی دا ئەفەرمووێت: (وعليكم السلام يامَبعُوثَ رسول الله) واتە: سەلامی خوا لەسەر تۆش بێت ئەی نێردراوی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەمە یەکەم جاربووە یەکتر ببینن، ئەمەش یەکێك بووە لەکەراماتەکانی حەزرەتی شێخ مصطفی، پاشان چایان هێنابووە مەجلیسەکەی شێخ مصطفی ئەوەبوو جەنابی شێخ عەباس چاکەی خۆی خواردبۆوە، ئەوەبوو شێخ مصطفی فەرمووی: ئەو چایە ببەن بۆ شێخ عەباسی کە لە پیاڵەکەدا نیوەی چاکەی تیا مابوو، جا شێخ عەباس چاکەی خواردەوەو فەرمووی: هەمان ئەو تامە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە خەودا پێی دام". ئینجا لە خزمەتی زۆر ئەمێنێتەوەو لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٨ز_١٩٨٠ز ئەبێتە موریدی ئەو و ئیجازەی زانستە شەرعیەکانی عەقڵی و نەقلی و درایەتەن و ڕوایەتەن[٣٧٨] و پلەی ئیرشادی ڕۆحی و تەوەججوهی

[٣٧٨] زانستی فەرمووده لە ڕووی ریوایەتەن: ئەو زانستەیە کەوا تایبەتە بە فەرمایشت و کردەوەو ڕاویەکان و تەواو ڕێکی و شی کردنەوەی وتەکان. وە زانستی فەرمووده لە ڕووی دیرایەتەن: ئەمەش هەرتایبەتە بە

ڕۆحی[379] بۆ پەروەردەکردنی موریدانی پێ ئـەدات، ئینجـا دوای وەفـاتی شـێخ مصطفی هاوەڵایەتی زانای بەناوبانگی عێڕاقی حەزرەتی شێخ عبداللە کوڕی شـێخ مصطفی ی کردووە، تا لـەکۆتاییدا لـە ساڵی (١٩٩١ز) ئیجازەی خیلافەتی تامەی تەوەججوهی ڕۆحی بۆ پەروەردەکردنی موریدانی پـێ ئـەدات، ئینجـا بـۆ کامـڵ کردنی زانست و مەعریفەت هاوەڵایـەتی شـێخ موشـەڕڕەف ئۆزجـان بـەرواری کردووە، کە یەکێك بووە لـە موڕشیدە ڕاستەکانی کوردستانی تورکیا، وە یەکێك بووە لـەوانەی کە جەنابی شێخ مصطفی ئیجازەی ئیرشادی پێ داوە، جا لـەکۆتاییدا ئیجازەی جێنیشینی گشتی (نیابة عامة) و تەوەججوهی ڕۆحی بۆ پـەروەردەکردنی موریدانی پێ ئەدات لەساڵی (٢٠٠٦ز).

ئیجازە پێدراوە و ئیجازەش ئەدات لـە زانستەکانی قورئان و فەرموودە، بەڕێزیان ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە بەوێنەی ئەستێرەکانی ئاسمان، وە نموونەیەکی جوانی لـە زانستی مەعریفەت و خواناسی لـە خۆیدا بەرجەستە کردووە، کۆمەڵێك دانراو و پەیامی نوسیوە لـەژێرناوی (رسائل الحق والنور) ئێمەش لـەکوردیدا بەناو نیشانی (پەیامەکانی حەق و نوور) بەرهەمەکانی بڵاوئەکەینەوە، وە تاوەکوو ئەم ساتەش بەردەوامە لـە نوسینی پەیامەکان لـە بابەتەکانی بانگەواز و چاکسازی دڵ و

---

زانستی فەرموودە کە زانستێکە حەقیقەتی ڕیوایەتەکەو مەرجەکان و جۆرەکان و حوکمەکان و حاڵی ڕاویەکان و مەرجەکان و جۆری ڕیوایەتەکان و ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەیە. بڕوانە: (تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي)(ب١_ل١٥).

[379] تەوەججوهی ڕۆحی ئەوەیە: (ڕۆحیەن ڕوو لە شتان کردن) مورید کە گشت پلەکانی نەفسی بڕی و گەیشتە پلەی کەماڵ، وە تواناو قابیلیەتی هەبوو بۆ پێشەوایەتی کردنی خەڵکی، وە خاوەن نوورێکی مەزن بوو لە سینگی، تا بەهۆی ئەو نوورەوە لە نەفسی موریدەکان و خەڵکی تر بدات و ئارەزووە گلاوەکانیان بێ هێز بکات یاخود لەناوی ببات، جا ئەگەر گەیشتە ئەم پلەیە ئەو کاتە شەیخی خۆی ئیجازەی پێ ئەدات.

خزمەت کردنی ئوممەتی ئیسلام، ئەتوانین هەموو ئەو بابەتانەی کە نوسیویەتی لە دوو خاڵدا کورتیان بکەینەوە یەکەم پاککردنەوەو پتەو کردنی بیروباوەڕ لەو هەورە ڕەشانەی کە بەری خۆری نوری مەعریفەتی گرتووە، وە پاککردنەوەی دڵ و گیانەکان بە نووری زانستی شەریعەت و نووری ویلایەت، ئامانجی سەرەکی بەڕێزیان خزمەت کردنی ئوممەتی ئیسلامە بەنوسین و بەکردار تا بۆ گشت موسڵمانێك ئەمەی بۆ دەستتەبەر بێت (بە دڵ لەگەڵ خوا بێت، وە بەلاشەش لەگەڵ ئوممەتی ئیسلام بێت)، وە هەر لەساڵی (١٩٧٨ز) تاوەکوو ئێستا لە زۆر ناوچەکانی عێراق کاری پێش نوێژی و وتاربێژی کردووە، ئێستاکەش لە مزگەوتی (الرباط) لە شاری سامەڕا پێش نوێژو وتارخوێنە، یەکێك لە وتە بەنرخەکانی ئەوەیە (بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خاوەنی زانست و کردارو حاڵن) دوو شت هەیە بیزانن "ئیش و پلەی هەر یەکێك لە ئێوە ئەمەیە: پلەکەی بەندایەتیە بەرامبەر بەخوای گەورە، وە ئیشەکەشی خزمەت کردنی ئوممەتی ئیسلامی ڕەحم پێککراوە".

## چیرۆکی گێڕانەوەی خۆم لە دۆزینەوەی ئەم زاتە.

ئێمە سالآنێك بوو گرفتاری بێ ماموستایی بوون، وە لە ناو کەش و هەوایەکی بێ ڕۆحیدا هاتوو چۆمان ئەکردو کەس لە دەردو مەینەتیەکانی ئێمە ئاگادار نەبوو جگە لە پەروەردگار نەبێ، وە سەرەڕای هەندێش بەهۆی کەش و هەوای دینداریمانەوە لەلایەن دەروونمانەوە زۆر ئازارمان پێ ئەگەیشت کە خەویشمان نەبوو، چونکە لە ئەنجامی بێ مورشیدیەوە گرفتاری ئەو کارانە بووین کە پێمان وابوو خۆمان ئەتوانین شتە دەروونیەکان و ڕۆحیەکانی خۆمان چارەسەر ئەکەین، ئیتر هەر لە خوای گەورە ئەپاڕاینەوە تا پێشەوایەکی ڕۆحیمان پێ نیشان بدات و ببێتە ڕێنیشاندەرمان بۆ ڕێگای دوارۆژمان ئەوەبوو کەسێکی هاوەڵم کە موریدی ئەو زاتە بوو باسێکی دووروو درێژی جەنابی شێخ عەباسی بۆ کردم، منیش وەك بلێی دەرمانی ئازارەکانم دۆزی بێتەوە ئەوەندە پەرۆش بووم بۆ دیداری، ئەوەبوو لە ڕێی ئەم هاوەڵەوە زیکری نیو کاتژێرییەکەی پێدام، وە سوپاس بۆ خوا دوای چەند ڕۆژێکیش دوای نوێژی بەیانیەکەی لە خەوما حەزرەتی شێخ عبد القادر گەیلانیم بینی، خەوەکە بەم شێوەیە بوو: خۆم لە قوتابخانەی ئیبن و خەلەکانی سەرەتایی هەولێر بینیەوە، جا ئەم قوتابخانەیە دوو نهۆمیە، منیش لە خوارەوە بووم، کەسێك بە نێوی ماموستا شێرزاد دەفی ئەژەنی و قاچێکی تەواو نەبوو، وە قەصیدەی ئەخوێند، جا من پێم وابوو کەوا مەزاری پیرۆزی شێخ مصطفی لە نهۆمی سەرەوەیە، بۆیە بە پەیژەکان سەرکەوتم بینیم زاتێکی ئەسمەرو پرچ درێژ لەسەر کورسی دانیشتووەو زۆر بە هەیبەت بوو، وە بە دەوریشیەوە خەڵکانێك وەستا بوون، ئەوەبوو بینیم کەسێك لەبەر دەمی ئەو زاتە دانیشتووە جلکەی گرتووەو داوای لێبوردنی لێ ئەکات، ئیتر دوای ئەو من

چوومە پێشەوە دانیشتم لەبەر دەمی، ئەو زاتە پێی ڕاستەی لەسەر پێی چەپەی دانا وە خۆشی ڕووی لە ڕۆژ ئاوابوو، ئیتر من ژێر پێ کان و سەر پێ کانی ئەو زاتەم ماچ کرد، ئیتر دوای ئەوە ئەو زاتە دڵی بەژان کەوت و دەستی بۆ دڵی برد لەبەر ژانەکەی، وە فەرمانی بەوانەی چواردەوری کرد کەوا ڕووی کورسیەکەی بۆ وەرگێڕن، ئەوەبوو بەرەو قیبلە وەریان گێڕا، دوای ئەوە ئافرەتێك لەوێ بوو منداڵێکی ساوای بە دەستیەوە بوو ئیتر ئەویش دوعای خێری بۆ کردو منداڵەکە چاك بوویەوە، دوای ئەوە گشتمان ڕوومان لە قیبلە کردو دوعای بۆ هەموومان کرد، خەوەکە کۆتایی پێ هات، تەفسیری خەوەکەش بەو شێوەیە: دوای ئەم خەوە هێندەی پێ نەچوو سەردانی شاری سامەڕام کرد بۆ ئەوەی ببمە موریدی ئەو زاتە، ئەوەبوو چوینە خزمەت شێخ عەباس، لەوێ بە ئێمەیان گوت جەنابی شێخ لە نهۆمی سەرەوە لەگەڵتان دائەنیشێ، ئیتر ئێمەش چووینە نهۆمی سەرەوە، هەر لە خۆمەوە بێ ئەوەی ئەم خەوەم لە بیر بێ دوو ماچم لە دوو پایەی بەر دەرگاکەی ژووری جەنابی شێخ عەباس کرد ئەمەش بۆ تەبەڕڕوك، ئیتر دوای ئەوە چووینە ژوورەوە، وتیان جەنابی شێخ عەباس لە مزگەوتەوە دێتە نهۆمی سەرەوە نەك لە ماڵەکەی خۆی ڕا، چونکە دوو ڕێ هەبوو بۆ ئەو ژوورەی سەرەوە یەکێکیان لەماڵی خۆی ڕا ئەوی تریش لە ناو مزگەوتەوە، عادەتی شێخیش وابوو بەناو مزگەوتەوە نە ئەهاتە نهۆمی سەرەوە تەنیا لە ماڵەکەیەوە نەبێت بەڵام ئەمجارە شێوازەکەی گۆڕی تاوەکوو خەوەکەم بێتە جێ کە بەسەر ئەو شوێنەدا بڕوات کە من دوو ماچم لێ کردووە، ئەوەبوو جەنابی شێخ عەباس هات، لەگەڵ هاتنی ڕۆحم ئەوەتە دەرنەئەچوو لە دڵم چونکە سینگم سڕ ببوو هەر خەوم ئەهات لە دانیشتنەکەی، ئیتر لەگەڵ ئێمە خەڵکانێکی تریش هاتبوون جا یەکێك لەوانە کە هاتبوو سەیدێك بوو بۆ ئەوە هاتبوو تا شەفاعەت بۆ موریدێکی جەنابی شێخ عەباس

بکات لای شێخ چونکە جەنابی شێخ عەباسی ئازار دابوو، ئەوە بوو بەڕێزیشیان فەرمووی: ئێمە لاریمان نیەو قەبوڵمانەو عەفومان کردووە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ قەبوولّی کردبێت، دوای ئەوە بینیم جەنابی شێخ پێی چەپەی لەسەر لای ڕاستەی دانا، ئێمەش زۆرمان پێ عەجیب بوو چۆن مورشیدی کامڵ لە نێو دانشتنێکی وا پێی لەسەر پێی دائەنێ، بەڵام ئێمە بێ خەبەر بووین لەوەی کە ئەبایە ئەم خەوەی من بێتە جێ، ئیتر دوای ئەوە گەنجێك داوای دوعای منداڵ بوونی لە جەنابی شێخ عەباس کرد، ئەوەبوو جەنابی شێخیش پێی فەرموو: لەسەر زەوی ڕاکشە، ئەویش ڕاکشاو پێی پیرۆزیانی لەسەر پشتی داناو نزای منداڵبوونی بۆ کرد، دوای ئەوانە بەمنی فەرموو: دانیشە، منیش لەسەر ئەژنۆکانم دانیشتم سەریشم هێنابوویە خوارەوە لەبەر سام و شکۆی ئەو زاتە، ئەوەبوو خۆیشی لەسەر ئەژنۆکانی دانیشت و پێمی فەرموو: "وەرە پێشەوە"، منیش بە تەواوی لێی حاڵی نەبووم، ئەوەبوو خۆی هاتە پێشەوە، ئینجا دوای ئەوە تەلقینی زیکری نەقشەبدنی پێدام و دوای ئەوەی کە وتەکانی تەواو کرد ئەوەی لەوێ دانیشتبوو دەستیان بە گریان کرد، پاشان دوعای بۆ گشتمان کرد. کاتی خۆی من تەریقەتم قادری بوو بۆیە حەزرەتی گەیلانی دڵی ئازاری چەشت کە تەریقەتەکەم گۆڕی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕازی بوو بۆیە فەرمانی کرد کە ببمە نەقشەبەندی، وە نیشانەیەکی تری ئەم خەونە ئەوەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کەسێك لە مەقامی پلەی غەوسیەت دانیشتبێ ئەوە جەنابی شێخ عەباسە، جا خۆشەویستان ئەمەم بۆیە گێڕایەوە وەك ئەمانەتێك لە ڕووی زانستی دڵەوە، ئەگینا لە ڕووی زانستی دیارەوە هەموو ئەو مەرجانەی کەوا باسمان لێوە کرد کە ئەبێ لە مورشیدی کامڵدا هەبێت ئێمە لەو زاتە مەزنەمان بینی بگرە بە زیادەشەوە، تاوەکوو ئێستاکە کەسم نەبینیوە لەم شێوەیەو وێنەی ئەو زاتە مەزنە بێت، زانایە بە زانستی

ژوورەوەو دەرەوە، کەرِاماتەکانی ئەوەندە زۆرن لە هەژمار نایەن، وە ئەوەی بینیشمان لە خۆی و منداڵ و خانەوادەکەی لە کەسی تر نەمان بینیوە، شەوو رِۆژ خەڵك لەماڵیان نان ئەخوات لەسەر نەفەقەی خۆیان، کە پیشەی خۆی و کورِەکانیشی تەنیا ئەو موچەیە کە لە دەوڵەت وەری ئەگرن، وە سوپاس بۆ خوا بانگەوازە پاکەکەی لە ولآتی کامیرۆن تەشەنەی سەندووەو موریدانیشی گەیشتوونەتە ملیۆنی، وە سەرۆکی زانایانی ولآتی کامیرۆن کە شێخ ئیبراهیمە یەکێکە لە موریدەکانی جەنابی شێخمان، یەکێك لەو کەرِاماتانەی کە بە ئەمانەتەوە بۆتان ئەگێرمەوە، رِۆژێکیان بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ هاوەڵێکی خۆشەویستم ئەکرد کە زۆر یەکتری ئەبینین، ئەوەبوو من نزیکەی چارەگێك وتەکانی جەنابی شێخ عەباسم لە یەکێك لە کتێبەکانی خۆی بۆ ئەو هاوەڵەم ئەخوێندەوە، جا کەتەواو بووم ئەو هاوەڵەم فەرمووی: "مامۆستا جەنابی شێخ عەباس لەبەر دەمم بوو ئەو وتانە لە دەمی ئەو دەرئەچوو"، ئەمەی بەچاوی دڵ بینی بوو، جا فەرمووی:" هەموو جارێ موبایلەکەم شەحنەکەی کە ئەبووە سێ دەنك ئەوە تووتەیەکی ئەکرد ئەکوژایەوە کەچی تۆ ئەوە چارەگێکە قسەم بۆ ئەکەی هێشتا نەکوژاوەتەوە". وە یەکێکی تر لەو کەرِاماتانە هاوەڵێکم ئەو زیکرە قەلبیەی دا بە خوشکێکی، ئەوەبوو خوشکەکەی هەر کاتێك ئەم زیکرەی بکردایە جەنابی شێخ عەباس لەبەردەمی دەرئەچوو، ئەمە بە ئەمانەتەوە ئەگێرِمەوە کە براکەی ئەو کچە خۆی بۆی باس کردووم، وە هەر کاتێك ئێمە لە دانیشتنەکانی خۆمان کە خەتمەی نەقشەبەندی ئەکەین و دەست بە وانەو ئامۆژگارییەکانی خۆمان ئەکەین جەنابی شێخ لامان دەرئەکەوێت، ئەوەندە زۆرە وەك گوتم لە هەژمار نایێت، ئێمە ئەوە چەند ساڵە موریدی ئەوین وە چەنێك دووریشین لەو بەلآم هەستمان بەوە نەکردووە کەوا لێمان دوورە، ئەو بەردەوام بەویستی خوای گەورە لە رِێی دڵ و

ڕۆحەوە لەگەڵمانەو بەو شێوەیە ئێمە پەروەردە ئەکات، جەنابی شێخ زیاتر هەر لە ژوورە بچووکەی خۆیتی و دەرناچێت مەگەر کارێکی گرینگ هەبێت بۆ نەخۆشی و سەردانی و تەعزیەو شتی تر، وە زیاتر هەر لەخەڵوەدایەو خەریکی نوسین و پەرستشە.

مەنهەجی ئەو زاتە مەزنە ئەوەندە وردە بڕوا بکەن دەف لێدانیش لە مەنهەجەکەی نیە، وە ئەفەرمووێ لەگەڵ زیکر کردن دەف لێ بدرێت ئەوە بەرەکەت نابێ. وە هەڵپەڕین لە مەنهەجەکەی ئەو نیە، وە هاوار کردنە غەیری خواش نیە، ئەمە ڕێگای شێخ و جونەیدو شێخ عبد القادری ﵁ گرتووە.

جەنابی شێخ شافیعی مەزهەبەو لە ئوصولێشدا ئەشعەریەو لە تەڕیقەتیشدا نەقشەبەندیە.

بەڕێزیان سەر نوسەری پەیامەکانی حەق و نورەو ئەمانەش دانراوەکانی بە ڕێزیانە:

پەیامی یەکەم: الشخصية الإسلامية العالمية.

پەیامی دووەم: صرخة للدين والأمة.

پەیامی سێ یەم: العمل الروحي الإسلامي (التصوف)

پەیامی چوارەم: الهدي والنور في الرسالة والخاتمية والوارثية.

پەیامی پێنجەم: الموازنة بعقيدة الغيب. ئەمە کراوەتە کوردی

پەیامی شەشەم: آية الصلاة على النبى محمد، وفوائدها في الدنيا والآخرة.

پەیامی حەوتەم: من أحوال رمضان وليلته المباركة. ئەمە کراوەتە کوردی

پەیامی هەشتەم: ميزان الإعتدال لحفظ الدين والأحوال (٦ بەشە).

پەیامی نۆیەم: حنين الفؤاد لأهل العقيدة والدلالة والصلاح.

پەیامی دەیەم: الأوراد الأسبوعية.

پەیامی یانزەهەم: مراتب الكمال بدين الله الإسلام. ئەمە کراوەتە کوردی

جا ئێمەش لە کوردیدا هەوڵمان داوە کە دانراوەکانی وەرگێڕینە سەر زمانی شیرینی کوردی، بەڵام لە کوردیەکەدا زنجیرەی ژمارەکان ئەگۆڕێن بۆیە ئاگاداربە. وە سوپاس بۆ خوا ئەم چەند پەیامانەمان کردووەتە کوردی (پەیامی یەکەم: خواپەرستی ئەهلی ویساڵ. پەیامی دووەم: مورشیدی کامڵ و ناسینی نیشانەکانی، دانراوی خۆمە. پەیامی سێ یەم: فیتنەکانی ڕۆژگار. پەیامی چوارەم: کۆچ. پەیامی پێنجەم: هاوسەنگی ڕاگرتن لە باوەڕبوون بە غەیب، وەرگێڕدراوی مامۆستا محمد عبد الله بەرزنجیە. پەیامی شەشەم: نەخشەیەك بۆ ژیانت، نوسینی مامۆستا ڕائید فاڕووقە کە موریدی جەنابی شێخمانە وە بەندەش وەریگێڕاوە، پەیامی حەوتەم: فەتحی نوورانی لە مانگی ڕەمەزان و شەوە پیرۆزەکانی، وەرگێڕدرای خۆمە. پەیامی هەشتەم و نۆیەم و دەیەم هیچمان داناوەو ماوەیەتی جارێ. پەیامی یانزەهەم: ئیسلام و پایەکانی کامڵ بوون، وەرگێڕدراوی خۆمە. پەیامی دوانزەهەم: ژیانەوەی دڵی ئیمانداران، دانراوی خۆمە. وە سوپاس بۆ خوای گەورە تاوەکوو ئێستاکەش توانیومانە ٣٨ پەیامی بچووك لە تۆڕە کۆمەڵایەتیان بە زمانی کوردی بلاۆ بکەینەوە، بەڵام لە عەرەبیەکە لە دوو سەد پەیام زیاتر بلاۆ کراوەتەوە.

بەڕێزیان پێش نوێژو وتارخوێنی مزگەوتەکەی خۆیەتی لەشاری سامەڕا لەگەڕەکی قەلعە، وە سەرەتای هەموو پێنجی مانگێکیش بەڕێزیان وتارێکی بۆ موریدانی هەیە لە دوای نوێژی عەسرەوە، سبحان اللە ئەوەی لە وتارەکەی دائەنیشێ ئەگەر لێشی تێ نەگات بەشی ڕۆحی خۆی هەر لێ وەرئەگرێت و وا ئەزانێ وتەکانی ئاڕاستەی ئەون.

## زنجیره زانستی حەزرەتی شێخ عەباس (لە زاهیرو باتن).

شێخ عەباس فاضل حەسەنیقدس سره. لە هەر دوو شەیخی مەزنی وەرگرتوو: شێخ موشەڕڕەف ئۆزجان بەرواریقدس سره. وە شێخ مصطفی کوڕی ئەبو بەکر غیاث الدینی هەرشەمیقدس سره. شێخ ئەبو بەکر غیاث الدینی هەرشەمیقدس سره. شێخ عثمان سراج الدینی یەکەمقدس سره. مەولانا خالد (ذو جەناحەینی) عوثمانی شەهرەزووریقدس سره. شێخ عبد الله دیهلەویقدس سره. شێخ حبیب الله جانی جانانقدس سره. شێخ نور محمد بەدەوانیقدس سره. شێخ محمد سیف الدینقدس سره. شێخ محمد مەعصومقدس سره. ئیمامی ڕەببانی شێخ أحمد فاڕوقی سەرهەندیقدس سره. شێخ محمد باقی باللهقدس سره. شێخ محمد خواجەگان ئەمکەنەکی سەمەرقەندیقدس سره. شێخ دەرویش محمدقدس سره. شێخ محمد زاهیدقدس سره. شێخ عبید الله ئەحراڕقدس سره. شێخ یەعقوبی چەرخیقدس سره. شێخ محمد علاء الدینی عەطارقدس سره. شێخ محمد بهاء الدین شاهی نەقشەبەندقدس سره. شێخ ئەمیر گولاڵقدس سره، شێخ محمد بابە سەمماسیقدس سره. شێخ عەلی ڕامیتەنیقدس سره. شێخ محمود ئینجیر فەغنەویقدس سره. شێخ عارف ڕیوگریقدس سره. شێخ عبد الخالق غوجدەوانیقدس سره. شێخ یوسف هەمەدانیقدس سره. شێخ ئەبو عەلی فاڕمەدی[٣٨٠]

### جا لێرەوە ئەبێتە دوو ڕێگە:

یەکەم: شێخ ئەبو حەسەن خەرقانیقدس سره. شێخ ئەبا یەزیدی بەسطامیقدس سره. ئیمام جەعفەری صادققدس سره[٣٨١]. حەزرەتی قاسمی کوڕی محمدی کوڕی ئەبو بەکری

---

[٣٨٠] واتە: شێخ ئەبو عەلی فاڕمەدی موریدی ئەو دوو زاتە مەزنە بووەو ئیجازەی لەوان وەرگرتووە، (شێخ ئەبو حەسەن خەرقانیقدس سره، شێخ ئەبو قاسمی گورگانیقدس سره).

[٣٨١] زاناکانی ئەهلی تەصەوف بە تێکڕا ئەفەرموون: "کەوا بایەزی بەسطامی پەروەردەکەی ئووەیسیە، واتە: وەکوو حەزرەتی وەیسی قەرەنی کە چۆن بە خزمەت پێغەمبەر ﷺ نەگەیشت بەڵام لە ڕۆحانیەت پەروەردەی

صديق قدس سره. حەزرەتی سەلمانی فارسی رضي الله عنه. خەلیفەی ڕاشیدین حەزرەتی ئەبو بەکری صدیق رضي الله عنه. گەورەی هەموو خەڵك، شانازیی هەموو بوونەوەران، سەرچاوەی هەموو خێرو چاکەیەك، حەزرەتی محمد رسول الله صلى الله عليه وسلم.

دووەم: شێخ ئەبو قاسمی گورگانی قدس سره. شێخ ئەبو عثمانی مەغریبی قدس سره. شێخ ئەبو عەلی کاتب قدس سره. شێخ ئەبو عەلی ڕوژباری قدس سره. گەورەی تاقمی صۆفیەکان: شێخ جونەیدی کوڕی محمدی خەززاز قدس سره. شێخ سەری سەقەطی قدس سره. شێخ مەعروفی کەرخی قدس سره [382].

**جا لێرەوە ئەبێتە دوو ڕێگە:**

یەکەم: ئیمام عەلی ڕەزا عليه السلام. ئیمام موسای کاظم عليه السلام. ئیمام جەعفەری صادق عليه السلام. ئیمام محمد باقر عليه السلام. ئیمام زین العابدین عەلی کوڕی حوسێن عليه السلام. گەورەی هەموو شەهیدەکان ئیمام حوسێن عليه السلام. خەلیفەی ڕاشیدین حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبو طالب عليه السلام. گەورەی هەموو خەڵك، شانازیی هەموو بوونەوەران، سەرچاوەی هەموو خێرو چاکەیەك، حەزرەتی محمد رسول الله صلى الله عليه وسلم.

دووەم: شێخ داودی طائی قدس سره. شێخ حبیبی عەجمی قدس سره. شێخ حەسەنی بەصری قدس سره. خەلیفەی ڕاشیدین حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبو طالب عليه السلام. گەورەی هەموو خەڵك، شانازیی هەموو بوونەوەران، سەرچاوەی هەموو خێرو چاکەیەك، حەزرەتی محمد رسول الله صلى الله عليه وسلم. ئەویش لە جوبریلەوە عليه السلام. ئەویش لە

---

دەستی پێغەمبەر بووە صلى الله عليه وسلم، هەر بۆیەش ئیمام بایەزیدی بەسطامی لە ڕێی ڕۆحەوە پەروەردەی دەستی ئیمام جەعفەری صادیقەو لەیەك سەردەم نەژیاون. ئیمام جەعفەر لە ١٤٨هیجری وەفاتی کردووە، وە بایەزیدیش لە ٢٦١هیجری وەفاتی کردووە.

[382] واتە: شێخ مەعروفی کەرخی موریدی ئەو دوو زاتە مەزنە بووەو لە هەردووکیان ئیجازەی وەرگرتووە، (ئیمام عەلی ڕەزا عليه السلام، شێخ داودی طائی قدس سره).

بەدیهێنەری گەردوون، شانازی دڵی خواناسان، بیلبیلەی چاوی عاریفان، ﷲ جَلَّ جَلالُهُ [٣٨٣].

## زنجیرەی نەژادی شێخ عەباس.

عەباسی کوڕی فازڵی کوڕی عەلی کوڕی یاسینی کوڕی حەمەدی کوڕی عەبدی کوڕی خضری کوڕی جاسمی کوڕی خضری کوڕی عەباسی کوڕی جومعەی کوڕی عبد الله کوڕی عەلی کوڕی عمر الدینی کوڕی رضاء الدینی کوڕی علاء الدینی کوڕی مورتەزای کوڕی محمدی کوڕی حومەیذەی کوڕی ئەبو نەومی کوڕی حەسەن سعد الدینی کوڕی عەلی ئەکبەری کوڕی قەتادەی نابیغەی کوڕی ئیدریسی کوڕی موطاعینی کوڕی عبد الکریمی کوڕی عیسای کوڕی حوسێنی کوڕی سلێمانی کوڕی عەلی کوڕی عبد الله ئەکبەری کوڕی محمد ئەکبەری کوڕی موسای ئەبرەشی دووەم کوڕی عبد الله شێخ صاڵحی کوڕی موسای جوونی کوڕی عبد الله ئەلمەحضی کوڕی حەسەن موسەننای کوڕی ئیمام حەسەنی کوڕی ئیمام عەلی ئەبو تاڵیبە عليهما السلام .

لەم نەژادە سێ پلە هەیە:

ئەم نەژادە پیرۆزە هەتا (حومەیذ) بە تەواتوری خانەوادە باوك بۆ باوك چەسپێندراوەو پێی ئەگوترێت: (تەواتوری ئەهلی)، ئینجا لە (حومەیذە)وە تا ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب پێی ئەگوترێت: (تەواتوری نەسەبی) نەژادی،

---

[٣٨٣] بۆ شارەزا بوون لە ژیاننامەی ئەو شەیخە مەزنانە ئەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ ئەو کتێبانە: "الحدائق الوردية في أجلاء النقشبندية" هی حەمیدی شەهید کوڕی ئەحمەدی کوڕی محمد موحیللی ، وە "طريقة النقشبندية وأعلامها" هی دکتۆر محمدی کوڕی ئەحمەدی دەرنیقە.

**ئەمەش بەناوبانگە لای ڕەچەڵەك ناسەكان، وە سێ یەمیش كۆی یەك دەنگیە لە نێوان تەواتوری ئەهلی و تەواتوری نەسەبی[٣٨٤].**

[٣٨٤] ئەم ڕوونكردنەوەیە هی كوڕی جەنابی شێخمان شێخ عبد الله كوڕی شێخ عەباسە.

## دەست گرتن بە ئال و بەیتی پێغەمبەر ﷺ.

خۆشەویستان پێغەمبەری خوا ﷺ: (إِنِّي تَارِكٌ فِيكُمْ مَا إِنْ تَمَسَّكْتُمْ بِهِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدِي، أَحَدُهُمَا أَعْظَمُ مِنَ الآخَرِ: كِتَابُ اللهِ حَبْلٌ مَمْدُودٌ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الأَرْضِ، وَعِتْرَتِي أَهْلُ بَيْتِي، وَلَنْ يَتفرَّقَا حَتَّى يَرِدَا عَلَيَّ الْحَوْضَ، فَانْظُرُوا كَيْفَ تَخْلُفُونِي فِيهِمَا)[٣٨٥]، واته: من لە نێو ئێوەدا شتێکم بۆ بەجێ هێشتوون ئەگەر بێت و لە دوای منەوە دەستی پێوە بگرن ئەوە هەرگیزاو هەرگیز گومرِا نابن، یەکێکیان کە مەزنترە لەوەکەی تر ئەویش قورئانی پیرۆزە کە پەتێکی درێژکراوەیە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی، وە ئەوەکەی تریش نەوەکانی ئال و بەیتی منە، جا ئەم دوانە کە قورئان و ئال وبەیتی منە هەرگیز لە یەکتری جیا نابنەوە تا ئەگەنە سەر حەوزی کەوسەری من لە رِۆژی دوایی، جا بۆیە ئێوەش سەیرکەن و ئەبنە چۆن جێنیشنێك لە دوام سەبارەت بەم دوانە، ئیمامی موبارەکفۆری ئەفەرموویّت:"واته" ئەبنە چۆن جێنیشنێك لە دوام ئەمەش بە دەستگرتن و کارکردن بەم دوانە"[٣٨٦].

وە هەروەها ئەفەرموویّت: (أَنَا تَارِكٌ فِيكُمْ ثَقَلَيْنِ أَوَّلُهُمَا كِتَابَ اللهِ، فِيهِ الْهُدَى وَالنُّورُ، فَخُذُوا بِكِتَابِ اللهِ وَاسْتَمْسَكُوا بِهِ، فَحَثَّ عَلَى كِتَابِ اللهِ وَرَغَّبَ فِيهِ، ثُمَّ قَالَ: "وَأَهْلُ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمُ اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، أُذَكِّرُكُمْ

---

[٣٨٥] صەحیحە. ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٧٨٨). وە حاکم لە (مستدرك)(ژ٤٧١١). وە تەبەرِانی لە (معجم الكبير)(ژ٢٦٨٠/٢٦٧٩) لە حەبیبی کورِی ثابیت و زەیدی کورِی ئەرِقەم و ئەبو سەعیدو جابری کورِی عبد الله وە رِیوایەتیان کردووە. ترمذی ئەفەرموویّت: "فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە". وە حاکم ئەفەرموویّت: "صەحیحە لەسەر شەرِتی شەیخەین". برِوانە: (جامع الأحاديث للسيوطي)(ب١٠_ل١٣٠_ژ٩٢٥٣). وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرموویّت: "رِاویەکانی ئەم فەرموودەیە جێگای متمانەن". برِوانە: (إتحاف الخيرة المهرة)(ب٦_ل٣٢٩_ژ٥٩٥٠). وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، برِوانە: (صحيح الجامع الصغير)(ژ٢٤٥٤). وە (صحيح الترمذي)(ژ٢٩٨٠).

[٣٨٦] (تحفة الأحوذي شرح سنن الترمذي)(ب١٠_ل٢٨٩_ذ٣٨٧٦).

اللهَ فِي أَهْلِ بَيْتِي، فَقَالَ لَهُ حُصَيْنٌ: وَمَنْ أَهْلُ بَيْتِهِ يَا زَيْدُ؟ أَلَيْسَ نِسَاؤُهُ مِنْ أَهْلِ بَيْتِهِ؟ قَالَ: "نِسَاؤُهُ مِنْ أَهْلِ بَيْتِهِ وَلَكِنْ أَهْلُ بَيْتِهِ مَنْ حُرِمَ الصَّدَقَةَ بَعْدَهُ"، قَالَ: وَمَنْ هُمْ؟ قَالَ: "هُمْ آلُ عَلِي وَآلُ عَقِيلٍ وَآلُ جَعْفَرٍ وَآلُ عَبَّاسٍ"، قَالَ" كُلُّ هَؤُلَآءِ حُرِمَ الصَّدَقَةَ؟ قَالَ: نعم)[٣٨٧]. واته: من دوو شتی گران و سەنگینتان بۆ بەجێ ئەهێڵم یەکەمیان قورئانی پیرۆزە، کە هیدایەت و نووری تێدایە بۆ هەر کەسێك بیەوێ ڕێگە ببرێ، بۆیە ئێوە قورئان بکەنە یاساو دەستووری خۆتان و دەستی پێوە بگرن تاوەکوو گومڕا نەبن، جا پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی هاندا بۆ ئەوەی ویست و ڕەغبەتیان لە قورئانی پیرۆز هەبێت تاوەکوو دەستی پێوە بگرن، ئینجا دوای ئەوە فەرمووی: خوای گەورەتان وە بیرئەهێنمەوە سەبارەت بە ئال و بەیتم، سێ جاران ئەمەی فەرموو، حوصەینیش فەرمووی: ئەی زەید ئال و بەیتی پێغەمبەر ﷺ کێینە؟ ئایا خێزانەکانی لە ئال و بەیتی ئەو نین؟ فەرمووی: خێزانەکانی ئال و بەیتی ئەون بەلاّم ئال و بەیتی ئەو ئەوانەن کە لەدوای خۆیەوە خێرو صەدەقە لەسەریان حەڕام و قەدەغەکراوە، ئەویش فەرمووی: ئەوانە کێن؟ فەرمووی: ئەوانە بنەماڵەی عەلی و عەقیل و جەعفەرو عەباسن، حوصەینیش فەرمووی: هەموو ئەمانە صەدەقەیان لەسەر قەدەغەکراوە؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ.

منیش ئەڵێم: "بەڵێ ئال و بەیتی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوانەن کە دەستیان بە قورئان و فەرموودەوە گرتووەو میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوان ﷺ،

---

[٣٨٧] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٤٠٨) لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە. وە بەززار لە (مسند البزار)(ژ٤٣٣٦). وە نەسائی لە (سنن النسائي)(ژ٨١١٩). وە ئیبن و خوزەیمە لە (صحيح ابن خزيمه)(ژ٢٣٥٧). وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى)(ژ٢٨٥٧). وە دارەمی لە (سنن الدارمی)(ژ٣٣٥٩) ڕیوایەتیان کردووە. ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير)(ژ١٣٥١).

وه لەگەڵ قورئان و فەرمووودەشدا ئەحواڵی دڵیان هەیە کە تەزکیەی نەفس و دڵەکان ئەکەن ئەمەش بە میرات لە باپیرە گەورەیانەوە بۆ بەجیٚ ماوە کە پیٚغەمبەری خوایە ﷺ "[٣٨٨].

## فیرِاسەت

فیرِاسەت دوو واتا لە خۆ ئەگریٚت:

یەکەم: کەسیٚك کە شارەزایە بە حاڵ و باری خەڵکی و هەڵسەنگاندیان، ئەمەش لە ریٚی ئەزموونەوە ئەم فیرِاسەتە بەدەست دیٚت.

دووەم: مرۆڤی موسڵمان لە ریٚی تەقواو خواناسیەوە، وە لە ریٚگای زانستی دڵەوە ئەگاتە پلەی فیرِاسەت، ئیتر لەو کاتەدا چاوی دڵی ئەبیٚتەوەو بە نووری خوای گەورە شتەکان ئەبینیٚ. جا ئەوەی لای ئیٚمە کە شایەنی باس کردن بیٚت ئەمەی دووەمە، چونکە کەسانیٚك ئەم دەرگایەیان بەسەر خەڵکیدا داخستووەو ئینکاری ئەم شتە پیرۆزە ئەکەن، وە هەر بەوەندەش نەوەستاون بەڵکوو ئەوەی بلیٚ فلاٚن کەس فیرِاسەتی هەیە ئەوان ئەم کەسە بە موشریك لە قەڵەم ئەدەن، چونکە

---

[٣٨٨] واتە: جوبریل چۆن سینگی حەزرەتی لەت کردو پاکی کردەوەو بووبە موعجیزەك بۆ سەروەرمان، ئیتر پیٚغەمبەریش ﷺ لە ریٚی زانستی دڵ و رۆحیەوە بە ویستی خوای گەورە رووی لە خوا ئەکردو سینگی گشت هاوەڵەکانی لەت ئەکرد بەو نوورەی کە لە دڵیدا بوو، ئیتر نەوە دوای نەوە ئەم زانستی دڵە بە مورشیدە کاملەکان بەخشراوە، جا بۆ ئەوان بووەتە کەرامەتیٚك، وە هەتا ئیماندارانیش لەسەر زەوی بمیٚنن ئەو مورشیدە کاملاٚنە هەر ئەمیٚنن، ئەمەش لەبەر ئەوەی بوونی ئەو کەسانە لە نیٚو خەڵك رەحمەتیٚکی خواییە، بۆیە بە مردنی هیچ مورشیدیٚکی کامڵ رەحمەتی خوای گەورە ناپچریٚت چونکە کەسیٚکی تر لە شویٚنی ئەو دا ئەنریٚت، ئیٚمە زانیومانە کۆتا پیٚغەمبەر هەیە کە سەروەرمانە، بەلاٚم نەمان زانیوە کەوا کۆتا مورشید هەبیٚت، بۆیە هەر کەسیٚك بانگەشەی ئەوەی کرد کە مورشیدی کامڵ بوونی نیە ئەوە لە نەزانی و کاڵفامی و دەمارگیری خۆی ئەم وتەیە ئەبیٚژیٚ.

بەگومانی ئەوان ئەم کەسە بانگەوازی بۆ ئەوە ئەکات کەوا غەیب ئەزانیٚ، جا حاشا لەم قسەیان، ئەمە تێگەیشتنێکی زۆر هەڵەیە چونکە دەرگا داخستنە بە ڕووی ئومەتی ئیسلام لەو ڕەحمەتەی کە بەو ئوممەتە ئەبەخشێت لە ڕێی ئەولیاکانی خۆی، جا فەرموودەکە صەحیحەو بە ڕاشکاوی باسی فیڕاسەتی کردووە، جا کەسێك ئینکاری ئەم شتە جوانە ئەکات کە شتەکان بەجوانی نابینێت، ئەمەش ئێوەو ئەو بەڵگانەی کە بوونی فیڕاسەت ئەسەلمێنن لە شەرعی پیرۆزماندا.

خۆشەویستان پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویت: (إِتَّقُوا فِرَاسَةَ الْمُؤْمِنِ فَإِنَّهُ يَنْظُرُ بِنُورِ اللهِ)[٣٨٩]، واتە: خۆتان لە فیڕاسەتی مرۆڤی ئیماندار بپارێزن چونکە بە نووری

[٣٨٩] حەسەن و صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (تاريخ الكبير)(ب٧_ل٣٥٤). وە ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٣١٢٧) لە ئەبو سەعیدی خودریەوە. وە تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ژ٣٢٥٤). وە ئەبو نوعەیم لە (حلية الأولياء)(ب٦_ل١٢٧) وە ئیبن و جەریر لە (تفسير الطبري)(ب١٤_ل٩٦) لە ئەبو سەعید و ئیبن و عومەرەوە ڕیوایەتیان کردووە. جا ترمذی ئەفەرموویت: "فەرموودەیەکی غەریبە". بڕوانە: (جامع الأحاديث السيوطي)(ب١_ل٣٣٤_ژ٥٣٠). ئەلبانی بە زەعیفی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٤_ل٣٠٠_ژ١٨٢١). من وا ئەبینم لەبەر یەك شت ئەم فەرموودەی بە زەعیف داناوە ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر هەستیارن بەرامبەر بە مەسەلەی فیڕاسەت کەوا کەسێك موژدەیەك یاخود ئەحواڵێکی خەڵکی بە نووری خوای گەورە بزانیٚ و دەری بخات جا ئەو و وێنەی ئەویش ئەو کەسانە بە موشریك ئەزانن ئەمەش لەبەر پەی نەبردن بەو حەقیقەتانە ئیتر پێیان وایە ئەمانە بانگەشەی زانستی غەیب ئەکەن، هەر بۆیەش هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە داوە تاوەکوو هەموو ڕێگاکانی ئەم فەرموودەیە بە زەعیف دابنیٚ، وە هیچ گرینگیەکیشی بە وتەی حافیزکانی پێش خۆی نەداوە سەبارەت بەو فەرموودەیە. من ئەوەندە ئەڵێم: ئیبن و لجەوزی و ئیبن و تەیمیەو ئیبن و لقەیمیش ئینکاری فیڕاسەت و کەڕامەتیان نەکردووە، ئیتر نازانم ئەمانە دینی خۆیان لە کیٚ وەرگرتووە، خوای گەورە لێیان ببووریٚ. ئەم فەرموودەیە. هەیثەمی ئەفەرموویت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو سەنەدەکەشی حەسەنە". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٢٦٨_ژ١٧٩٣٧). ئیمامی سیوطی ئەفەرموویت: "حەسەن و صەحیحە"، بڕوانە: (اللآلئ المصنوعة في الأحاديث الموضوعة)(ب٢_ل٣٢٩). وە حافیزی سەخاویش ئەفەرموویت: "فەرموودەکان هەندێکیان بەهۆی هەندیکیانەوە بەهێز ئەبن"، واتە: فەرموودەکە بەهێزە، بڕوانە: (تخريج الأحاديث على الأربعين السلمي)(ل١٣٤/١٣٥). وە لە (مقاصد الحسنة)(ژ٢١) بە حەسەنی داناوە. ئیمامی مەنناوی و حافیزی غوماریش پشتگیری بەچاك دانانەکەی سیوطی و هەیثەمی ئەکەن، بگرە غوماری بەرپەرچی هەموو ئەوانەی

**خوای گەورە سەیری شتەکان ئەکات. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە (إِحْذَرُوا فِرَاسَةَ الْمُؤْمِنِ فَإِنَّهُ يَنْظُرُ بِنُورِ اللهِ، وَيَنْطُقُ بِتَوْفِيقِ اللهِ)[٣٩٠]، واتە: ئاگاداری فیڕاسەتی ئیماندار بن! چونکە بەنووری خوای گەورە شتەکان ئەبینێت، وە بەیارمەتی و پشتیوانی خوای گەورەش دێتە گۆفتار.**

**وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَٰتٍ لِّلْمُتَوَسِّمِينَ﴾[٣٩١]، واتە: ئەمانەی کە پیشانمان دان کۆمەڵە نیشانەو ئایەتێك بوون تەنیا ئەو کەسانە پەی پێ ئەبەن کە خاوەن فیڕاسەتن. خەتیبی بەغدادی بە مەرفوعی لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا ﴿لِّلْمُتَوَسِّمِينَ﴾ واتە: (لِلْمُتَفَرِّسِينَ) ئەوانەی کەوا فیڕاسەتیان هەیەو بە نووری دڵ شتەکان ئەبین[٣٩٢]. وە موجاهیدیش هەمان تەفسیری بۆ کردووە.**

---

داوەتەوە کەوا ویستوویانە زەعیفی بکەن، بەڵکوو ئەوەی ئەوان کردوویانە تەنیا وەهمێکەو تێی کەوتوونە، بڕوانە: (فيض القدير)(ب١_ل١٤٢_ژ١٥١). وە (المداوى لعلل الجامع الصغير)(ب١_ل١٩١_ژ١٥١). ئیمامی زەڕقانی ئەفەرموویت: حەسەنە بەغەیری خۆی". بڕوانە: (مختصر مقاصد الحسنة)(ل٥٢_ژ٢١).

[٣٩٠] ئیبن و جەریر لە (التفسير)(ب١٤_ل٤٦) لە ثەوبانەوە بە مەرفوعی ڕیوایەتیان کردووە. سەیری هەمان تەخریجی فەرموودەکەی پێشوو تر بکە.

[٣٩١] سورة الحجر آية ٧٥.

[٣٩٢] ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٣١٢٧) لە ئەبو سەعیدی خودریەوە. وە خەتیبی بەغدادی لە (تاريخ بغداد)(ب٣_ل١٩١). وە ئیبن جەریر لە (تفسير الطبري)(ب١٤_ل٩٤) لە موجاهیدەوە ڕیوایەتیان کردووە. وە (تفسير مجاهد)(ل٤١٧). وە سیوطیش لە (در المنثور)(ب٤_ل١٠٣) هێناویەتی و داویەتە پاڵ تەبەڕی و ئیبن و مونذیر. وە ئیبن و ئەبی حاتەمی ڕازی لە (تفسير القران العظيم)(ب٧_ل٢٧٠_ژ١٢٤٢٧) لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی کردووە. وە سەیری هەمان تەخریجی فەرموودەکەی پێشوو تر بکە.

وە هەروەها ئەفەرموویت: (إِنّ للهِ عِبَاداً يَعْرِفُونَ النَّاسَ بِالتَّوَسُّمِ)[٣٩٣]، واتە: خوای گەورە لە نێو خەڵکیدا هەندێ بەندەی هەن کەوا خەڵکی ئەناسن بەهۆی نیشانەوە، جا ئەو نیشانەش پێی ئەگوترێت فیڕاسەت.

وە هەروەها ئەبو هورەیرە رضي الله عنه لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆ ئەمان ئەگێڕێتەوە کەوا ئەفەرموویت: (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: رَأَيْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي لَمَّا انْتَهَيْنَا إِلَى السَّمَاءِ السَّابِعَةِ فَنَظَرْتُ فَوْقِي فَإِذَا أَنَا بِرَعْدٍ وَبَرْقٍ وَصَوَاعِقَ، قَالَ: وَأَتَيْتُ عَلَى قَوْمٍ بُطُونُهُمْ كَالْبُيُوتِ فِيهَا الْحَيَّاتُ تُرَى مِنْ خَارِجِ بُطُونِهِمْ، فَقُلْتُ: مَنْ هَؤُلَاءِ يَا جِبْرِيلُ، قَالَ، هَؤُلَاءِ أَكَلَةُ الرِّبَا ، فَلَمَّا نَزَلْتُ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا نَظَرْتُ أَسْفَلَ مِنِّي فَإِذَا بِرَهْجٍ وَدُخَانٍ وَأَصْوَاتٍ، فَقُلْتُ مَا هَذَا يَا جِبْرِيلُ؟ قَالَ: هَذِهِ الشَّيَاطِينُ يَحُومُونَ عَلَى أَعْيُنِ بَنِي آدَمَ، لَا يَتَفَكَّرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَلَوْلَا ذَاكَ لَرَأَوْا الْعَجَائِبَ)[٣٩٤]، واتە: ئەو شەوەی کەوا شەوڕەویم پێکرا (کە بەشەوی ئیسراو

---

[٣٩٣] حەسەنە. تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ب٣_ل٢٠٣)، وە ئیبن و جەریر لە (التفسير)(ب١٤_ل٤٦) لە ئەنەسەوە بە مەرفوعی ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی ئەفەرموویت: "بەززار ڕیوایەتی کردووەو تەبەڕانیش لە (معجم الأوسط) وە سەنەدەکەشی حەسەنە"، بڕوانە (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٢٦٨). وە ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ژ١٦٩٣). وە حافیزی عیڕاقی بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (تخريج الأحاديث الإحياء)(ژ٢٠١٤). وە سەخاویش بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (مقاصد الحسنة)(ل٥٩_ژ٢٣).

[٣٩٤] حەسەنە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٨٦٤٠). وە ئیبن و ماجە بە کورتی لە (سنن ابن ماجە)(ژ٢٢٧٣) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. لەفزەکەش هی ئەحمەدە. هەیثەمی ئەفەرموویت: "ئەحمەد ڕیوایەتی کردووەو ئەبو صیلتی تێدایە نایناسم"، بڕوانە (مجمع الزوائد)(ب٨_ل١٦٧_ژ١٣٣٦٠). وە ئەحمەد شاکر لەسەری بێ دەنگە، تەنها ئەفەرموویت: "ئەبو صیلت ئەوە عەلی کوڕی زەیدی کوڕی جودعانە کە لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە"، بڕوانە: (مسند أحمد بتحقيق أحمد محمد شاكر)(ب٨_ل٣٧٤_ژ٨٦٢٥). جا هەیثەمی لە بارەی عەلی کوڕی جودعانەوە ئەفەرموویت: "جێگای متمانەیە، بەڵام حیفزی خراپە". بڕوانە (مجمع الزوائد)(ب٧_ل٨٠_ژ١١٠٦٤). وە مەنناویش ئەفەرموویت: "دارەقوطنی و غەیری ئەو بە نەرمیان داناوە (لَيْن)"، بڕوانە: (فيض القدير)(ب١_ل١٥٧_ژ١٨٠).

میعرِاج بەناوبانگە) لەو کاتەی کە کۆتایمان بە ئاسمانی حەوتەم هێنا (واتە: تێمان پەڕاند) جا سەیری سەرەوەی خۆمم کردو بینیم گرمەی هەورە تریشقەو بروسك ئەهات، جا چوومە لای و خەڵکانێکم بینی ورگ و سکیان وەکوو خانووی ماڵەکان وابوو پڕببوو لە مار، جا سکیان ئەبینرا لە دەرەوە، منیش گوتم: ئەمانە کێن؟ جوبریل فەرمووی: ئەمانە ئەو کەسانەن کەوا سوو ڕیبا ئەخۆن، جا کاتێکیش گەڕامەوە بۆ ئاسمانی دونیا سەیری ژێرەوەی خۆمم کرد، بینیم تەپووتۆزو دوکەڵ هەیە، وە دەنگانێکیشم بیست، منیش گوتم: ئەمانە کێن؟ جوبریل فەرمووی: ئەمانە شەیتانەکانن چاوی ئادەمیزادەکان دا ئەپۆشن و ڕێگری ئەکەن لەوەی کەوا بیر لە ئاسمانەکان و زەوی بکەنەوە، جا ئەگەر بێت و ئەم شەیتانانە نەبوونایە ئەوە شتی سەرسام و عەجیبیان ئەبینی.

وە هەروەها دایکمان عائیشە ﵂ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا فەرموویەتی: (قَدْ كَانَ يَكُونُ فِي الْأُمَمِ قَبْلَكُمْ مُحَدَّثُونَ[395]، فَإِنْ يَكُنْ فِي أُمَّتِي مِنْهُمْ أَحَدٌ، فَإِنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ مِنْهُمْ. قَالَ ابْنُ وَهْبٍ: تَفْسِيرُ مُحَدَّثُونَ مُلْهَمُونَ)[396]، واتە: کەسی وا هەبووە لە نێو گەلەکانی پێشووتردا لە لایەن خوای گەورەوە ئیلهامیان بۆ ئەکرا، جا ئەگەر بێت و کەسێکیش وەکوو ئەوان لە نێو ئومەتەی مندا هەبێت ئەوە عومەری کوڕی خەتتابە. جا هەر ئیمامی

---

ئەلبانیش ئەفەرمووێت: "عەلی کوڕی زەیدی کوڕی جودعان زەعیفیەکی تێدا هەیە بەڵام فەرموودەی حەسەنە بۆ شاهێدی". بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل١٠٠_ژ١٥٧١_ب٦_ل٨٨٥_ژ٢٨٧٦).

[395] مُحَدَّثُونَ: ئەو کەسەیە کەوا بە نهێنی یاخود لە دڵیەوە قسەی لەگەڵ ئەکرێت و ئیلهامی بۆ ئەکرێت.

[396] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٣٤٦٩/٣٦٨٩). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٣٩٨).

موسلیم تەفسیری (مُحَدَّثُونَ)ی لـە ئیبن و وەهبەوە هێناوە کە یەکێکە لـە ڕاویەکانی ئەو فەرموودەیە کەوا بەواتای (ئیلهام کراو) تەفسیری بۆ کردووە.

ئیبن ولقەیم ﷬ ئەفەرمووێت: فیڕاسەتی ڕاستگۆ بە واتای ئەوە دێت کەوا بەصیرەت و بینایی لـە زەوی دڵ دروست ئەبێت و چەکەرە ئەکات، کە نوورێکە خوای گەورە ئەیخاتە نێو دڵەوە، کە حەق و باتڵ، وە درۆو ڕاستی لـە یەکتری جیا ئەکاتەوە"[397].

وە هەروەها ئیمامی قوشەیری ﷶ ئەفەرمووێت: "فیڕاسەت خاطیرەو ئەندێشەیەکە کە هێرش ئەکات سەر دڵ جا نەفی دژەکەی خۆی ئەکات"، وە هەر لـە ئیمامی واسطیەوە نەقڵی کردووە کەوا ئەفەرمووێت: "بێگومان فیڕاسەت نوورێکە ئەدرەوشێتەوە لـە دڵ وە کەسێکی خاوەن کەماڵی مەعریفەتیش نهێنی گەلێکی شاراوەی غەیبی هەڵگرتووە لـە غەیبێکەوە بۆ غەیبێکی تر هەتاوەکوو شایەتی کۆمەڵە شتانێك ئەبێت بەو شێوەیەی کەوا خوای گەورە پیشانی ئەدات، ئیتر لـەوەوە قسە لـە نهێنی و ویژدانی خەڵکەوە ئەکات (واتە ئەوەی کە لـە دڵ و دەروونیاندا هەیە لای ئەوان ڕۆشنە چونکە خوای گەورە پیشانی داون)[398].

جا خۆشەویستان هەر کاتێك ئیماندار بە دڵ و نەفسەوە ڕوو لـە دونیا بکات ئەوە بەهۆی شەیتانەکانەوە ئەم بینینەی لێ قەدەغە ئەکرێت، وە هەر کاتێکیش بە ئینشیڕاحی سینگەوە ڕوو لـە پەروەردگاری بکات ئەوە شتە عەجایبەکانی جیهانی غەیبی بۆ دەرئەخرێ و بە چاوی سەرو دڵ شتەکان ئەبینێ، ئیتر ئەم دڵەی ئەبێتە نوورێك بەردەوام ئیلهامی بۆ ئەکرێت لـەلایەن خوای گەورەو فریشتەکانەوە، ئەم

[397] مدارج السالكين (ب١_ل١٤٨).

[398] (الرسالة القشيرية)(ل١٠٥).

ئیلهام کردنەش لە ڕێی جیهانی ئەمرەوەیە، وەك گوتیشمان ڕۆح لە جیهانی ئەمرە، ئیتر ئەویش ئیلهامەکان لەوێوە وەرئەگرێت، بەڵێ خۆشەویستان ئەو جۆرە کەسە بە نووری خوای گەورە شتەکان ئەبینێ نەك بەهوونەری خۆی، جا هەر کاتێك بەربەستەکانی نەفس و دڵ نەمان ئەو کاتە ئەگاتە پلەی فیراسەت، خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ﴾[399]، واتە: خوای گەورە زاتێکە ئاگادارەو زانایایە بە زانست و هەواڵی پێش و پاشی بوونەوەرانی، جا هیچ کەسێك ناتوانێ دەوری ئەو زانستەی خوایی بدات تاوەکوو شتێکی لەو غەیبیانە بزانێ مەگەر کەسێك نەبێ کە خۆی ویستی لەسەریەتی و بۆی دەربخات ئەمەش بۆ پێغەمبەران و پیاوچاکان و ئیماندارانی.

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿عَـٰلِمُ ٱلْغَيْبِ فَلَا يُظْهِرُ عَلَىٰ غَيْبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرْتَضَىٰ مِن رَّسُولٍ فَإِنَّهُۥ يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا ﴿٢٧﴾﴾[400]، واتە: خوای گەورە زانای پەنهانەکانە، بۆیە هیچ شتێکی لەو شتە غەیبیانە بۆ هیچ کەسێك ئاشکرا ناکات مەگەر خۆی ویستی لەسەر هەبێت ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێ بۆ نێردراوێکی خۆی یاخود بەندەیەکی چاکی، زەححاك ئەفەرمووێت: "هەر کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ فریشتەیەکی وەحی کراوی بۆ بنێردرابایە ئەوە فریشتەی تریشی لەگەڵ ئەهاتن تاوەکوو لە پێش و پاشیەوە پارێزگاری لە پێغەمبەری خوا بکەن ﷺ نەوەکا شەیتان خۆی بخاتە سەر

---

[399] سورة البقرة آية ٢٥٥.

[400] سورة الجن آية ٢٦_٢٧.

شێوەی فریشتە". وە هەروەها قەتادە ئەفەرمووێت: "خوای گەورە غەیب ئاشکرا ئەکات بۆ کەسێك کە خۆی ویستی لەسەر هەبێت و هەڵیئەبژێرێت بۆ ئەم کارە"[٤٠١].

لە وانەیە کەسێکی کاڵفام بڵێ: ئەم ئایەتە تایبەتە بە پێغەمبەران عليهم السلام ، ئێمەش ئەڵێین پیاوچاکان و زاناکان میراتگری پێغەمبەرانن هەروەکوو پیغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی، وە ئێمە بەڵگەکانی پێشووترمان خستە بەردیدی ئێوەی خۆشەویست کەوا ئەمە ڕەحمەتێکە خوای گەورە دەری ئەخات بۆ ئەم ئوممەتە ڕەحم پێکراوە، ئیتر ئەگەر ئینکاری فیڕاسەتت کرد ئەوە لە نەزانی و دەمارگیری خۆتە، وە ئاگاداریش بە نەکەی دوژمنایەتی دۆستێکی خوایی خاوەن فیڕاسەت بکەی، ئەگینا لە چارەنووسی خۆت بترسێ.

---

[٤٠١] (تفسير الطبري)

## دروستکردنی وەلی خوایی لە نێو مرۆڤایەتی.

خوای گەورە لە فەرموودەیەکی قودسیدا ئەفەرموویێت: (مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ، وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ، وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنْ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ)[٤٠٢]، واتە: هەر کەسێك دژایەتی دۆست و وەلیەکی من بکات ئەوە ئاگاداری ئەکەمەوە کەوا خۆم لەگەڵ ئەو کەسە جەنگ ئەکەم، جا بەندە لە من نزیك نابێتەوە تەنیا بەوە نەبێت کە زۆر خۆشەویستە لام ئەویش فەرزو واجیباتەکانی دینەو لەسەرم فەرز کردووە.

یەکەم: فەرزەکان: کە ئەویش ئیمان هێنانە، جوبریل پرسیاری لە پێغەمبەرمان کرد ﷺ دەربارەی ئیمان ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: (الإِيمَانُ أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ وَمَلائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَبِالْيَوْمِ الآخِرِ وَبِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ)[٤٠٣]، واتە ئیمان ئەوەیە کەوا تۆ بڕوات هەبێت بەخواو فریشتەکان و کتێبە ئاسمانیەکان و پێغەمبەران و زیندوو بوونەوەی ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەری خوایی هەم خێرەکەی وە هەم خراپەکەی.

---

[٤٠٢] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٦٥٠٢) لە ئەبو هورەیرەوە. وە ئیبن و حیبان لە (صحیح ابن حبان). وە بەیهەقی لە (الزهد الکبیر)(ل٢٩١). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلیة الأولیاء)(ب١_ل٤) ڕیوایەتیان کردووە. وە ئیبن و تەیمیەو ئەلبانی و غەیری ئەوانیش بە صەحیحیان داناوە بڕوانە: (مجموع الفتاوی)(ب١٠_ل٢١٢). وە (صحیح الجامع)(ژ١٧٨٢).

[٤٠٣] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٤٧٧٧). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٩) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە.

دووەم: ئیسلام، دووبارە جوبریل پرسیاری لێ ئەکات سەبارەت بە ئیسلام: ئەویش ئەفەرموویت: (الإِسْلامُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ، وَتُقِيمَ الصَّلاةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلاً)[٤٠٤]، واتە: ئیسلام ئەوەیە کەوا شایەتومان بهێنی و بلێی هیچ خودایەك نیە جگە لە الله، وە محمدیش ﷺ نێردراوی خوای گەورەیە، وە نوێژەکانت بکەیت و زەکاتی ماڵی خوای گەورەش بدەی و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانیش بەڕۆژوو بیت و حەجی ماڵی خوای گەورەش بکەیت ئەگەر لەتواناتدا هەبوو.

ئەمانە فەڕزەکان بوو، جا هەر کەسێك ئەمانەی جێ بەجێ کرد ئەوە لە خوای گەورە نزیك بۆتەوە، بەڵام پلەی بەو ڕاددەیە نیە کە ئەوی بگەیێنێتە پلەی دۆستایەتی خوای گەورە لەبەر ئەوەی بەس فەڕزەکانی جێ بەجێ کردووە، ئەمەش کافیە بۆ کەسێك ئەگەر ئەیەوێ بچێتە بەهەشتەوە، بەڵام ئەو کەسەی کە ئەیەوێ زیاتر لەخوای گەورە نزیك بێتەوە ئەوە ئەبێ ئەو بەشەش لە خۆیدا بەرجەستەکات هەروەك لەبەشی دووەمی فەرموودەکە ئەفەرموویت: جا بەندە بەردەوام لە من نزیك ئەبێتەوە ئەوەش بەهۆی سوننەتەکانەوە تا ئەگاتە پلەیەك لای من هەتاوەکوو خۆشم ئەوێت.

سێ یەم: سوننەتەکان، گرینگترین شتن بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ لەخۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ نزیك ببێتەوە، جا با هەوڵبدەین هەموو ژیانمان وەکوو ژیانی پێغەمبەرو پیاوچاکان بێت، لە هەڵسان و دانیشتن و کارو کەسابەت و ژیانی خێزانداری و نێوان خۆمان و خوای گەورەو بەندەکان، وە جێ بەجێ کردنی

---

[٤٠٤] سەیری هەمان تەخریجی پێشووتر بکە.

سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ هەر لە زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران و خەوتنان و چوونە دەر لەماڵ و هاتنەوەو چوونە بازاڕو گشت ئەو زیکرانەی کە لە کتێبەکانی ئەزکارەکاندا هاتووە، ئیتر با هەوڵبدەین جێ بەجێیان بکەین چونکە بەهۆی ئەو شتانەوە نیشانەی زیادە خۆشەویستی ئیمەیە بۆ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ، وە سەبارەت بەگەورەیی دەست گرتن بە سوننەتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویت: (مَنْ تَمَسَّكَ بِسُنَّتِي عِنْدَ فَسَادِ أُمَّتِي فَلَهُ أَجْرُ مِائَةَ شَهِيدٍ)[405]، واتە: هەر کەسێك دەست بە سوونەت و ڕێبازی منەوە بگرێت لە کاتێکا کەوا خراپەو فەسادی ڕووی لە ئومەتەکەم کردووە ئەوە پاداشتی سەد شەهیدی بۆ هەیە. وە هەروەها عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاص رضي الله عنهما لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا ئەفەرموویت: (لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونُ هَوَاهُ تَبَعاً لِمَا جِئْتُ بِهِ)[406]، واتە: ئیمانی هیچ کەسێك لە ئێوە کامڵ نابێت هەتاوەکوو هەواو

[405] حەسەنە. بەیهەقی لە (زهد الكبير)(ژ٢٠٧) لە ئیبن و عەباسەوە. وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية)(ب٨_ل٢٠٠). وە تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ژ٥٧٤٦) لە ئەبو هورەیرەوە. وە دەیلەمی لە (مسند الفردوس)(ژ٦٦٠٨). وە ئیبن و عەدی لە (الكامل)(ب٢_ل٧٣٩) لە ریوایەتی حەسەنی کوڕی قوتەیبەوە ریوایەتیان کردووە. جا ئیبن و عەدی ئەفەرمووێت: "ئەم فەرموودەیە لە فەرموودەکانی حەسەنی کوڕی قوتەیبەیە ئەویش لە باوکیەوە حەسەنە، وە تکام وایە خراپ نەبێ، هەیثەمی ئەفەرمووێت: "تەبەڕانی لە (الأوسط) لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتی کردووە، جا محمدی کوڕی صالحی عەدەوی تێدایە کەسێکم نەبینیوە پێناسەیەکی کردبێت، بەڵام باقی پیاوەکانی تر جێگای متمانەن. ریوایەتەکەی تەبەڕانی بەم شێوەیە: "پاداشتی شەهیدێکی هەیە نەك سەد شەهید". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١_ل٢٣٣_ژ٨٠٠). وە ئیمامی مونذیری ئەفەرمووێت: "بەیهەقی لە ڕیوایەتی حەسەنی کوڕی قوتەیبەوە ریوایەتی کردووە، وە هەروەها تەبەڕانی لە ئەبو هورەیرەوە بەسەنەدێك ریوایەتی کردووە کە خراپ نیە". بڕوانە: (الترغيب والترهيب)(ب١_ل٨١_ژ٦٢) طبعة المعارف. ئەلبانیش ئەفەرمووێت: "زۆر زەعیفە" بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ژ٣٢٦).

[406] حەسەن و صەحیحە. حەسەنی کوڕی سوفیانی نەسەوی لە (الأربعين)(ژ٩)هی حافیزی ئەبو عەبباس حەسەنی کوڕی سوفیانی نەسەوی (و٣٠٣هـ) لە عبد الله کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە. وە حافیزی ئەبو قاسم

نەفسی شوێنی ئەو پایەمە ئەکەوێت کە من پێی ڕەوانە کراوم لە گەورەو بچوکیەوە.

ئیتر دوای ئەم دوو قۆناغە لە جێ بەجێ کردنی فەڕزە ئاشکراکان و نهێنیەکان، وە کردنی سوننەتەکان و بەگەورە زانینیان ئەم کاتە خوای گەورە ئەفەرمووێت: کاتێك ئەو بەندەیەم خۆش ویست ئیتر ئەبمە ئەو گوێچکەیەی کە پێی ئەبیستێ، وە ئەبمە ئەو چاوەی کە پێی ئەبینێ، وە ئەبمە ئەو دەستانەی کە کاری پێ ئەکات، وە ئەبمە ئەو پێیانەی کە پێی ئەڕوا، جا ئەگەر بێت و لێم بپاڕێتەوە ئەوە وەڵامی داواکەی ئەدەمەوە، وە ئەگەر پەناشم پێ بگرێ لە شتێك ئەوە پەنای

---

ئیسماعیلی کوڕی محمد فەزڵی تەیمی ئەصبەهانی (و٥٣٥ھ) لە (الحجة في بيان المحجة)(ب١_٢٥١) ڕیوایەتی کردووە. ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە بە سەنەدێکی صەحیح لە کتێبی (الحجَّة) ڕیوایەتمان کردووە". بڕوانە: (الأربعين النواوي)(فەرموودەی ٤١). وە حافیزی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: "حەسەنی کوڕی سوفیان و غەیری ئەو ڕیوایەتیان کردووە، وە پیاوەکانیشی جێگای متمانەن (ثقات)". بڕوانە: (فتح الباري)(ب١٧_ل٩٣) كتاب الإعتصام بالكتاب والسنة، باب مايذكر ذم الرأي وتكلف القياس. طبعة دار الطيبة. ئەلبانیش ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی زەعیفە، بەڵام پیاوەکانی جێگای متمانەن جگە لە نوعەیمی کوڕی حەمماد نەبێت کە زەعیفە ئەمەش لەبەر زۆری هەڵەکانی، وە هەندێکیش قسەیان پێ گوتووە"، بڕوانە (كتاب السنة ومعه ظلال الجنة في تخريج السنة للألباني)(ل١٢_ژ١٥). منیش ئەڵێم: حافیزی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: "عەجلی فەرموویەتی: نوعەیمی کوڕی حەممادی مەڕوەزی جێگای متمانەیە، وە ئیبن و ئەبی حاتەمیش ئەفەرمووێت: جێگای متمانەیە، وە ئیبن و حیبانیش لە متمانە پێکراوەکان هێناویەتی وئەفەرمووی: لەوانەیە هەڵە بکات و تووشی وەهم بێت، وە ئیبن و مەعینیش متمانەی پێداوە، وە نەسائی و غەیری ئەویش بە زەعیفیان داناوە، وە ئیبراهیم کوڕی عبد الله جونەید ئەفەرمووێت: گوێم لە یەحیای کوڕی مەعین بوو ئەیفەرموو: نوعەیمی کوڕی حەممادی متمانەپێکراوە". وە عەلی کوری حوسەینی کوڕی حبان ئەفەرمووێت: لە کتێبی باوکم بە دەسنووسی خۆی ئەمەم دۆزیەوە کەوا ئەبو زەکەریا ئەفەرمووێت: نوعەیمی کوڕی حەممادی متمانەپێکراوەو ڕاستگۆیە، وە پیاویکی ڕاست بێژە، وە من لە هەموو خەڵکان زیاتر شارەزای ئەوم، چونکە لە بەصرە هاوەڵی من بوو". بڕوانە: (تهذيب الكمال في أسماء الرجال)(ب٢٩_ل٤٦٩) مؤسسة الرسالة. هی حافیزی جمال الدين ئەبو حەججاجی یوسفی میززی.

ئەدەم. ئەمەش گەورەیی مەقامی ئیحسانمانی بۆ دەرخست کە لەبەشەکانی پێشووتردا باسمان لێوە کرد.

تێبینی: واتای فەرموودەکە بەو جۆرە نیە کەسێك وا تێ بگات خودی زاتی خوای گەورە ئەبێتە دەست و گوێ و چاوو قاچی ئەو کەسە نا حاشا پەنا بەخوا لەو بیرو باوەڕە، واتای وایە: ئەو نوورو بەرەکەتەی کە لە عەرشی خوا لە رێی جیهانی ئەمرەوە بەر ڕۆحی ئەو کەسە ئەکەوێت، ئیتر بە نووری خوای گەورە چاوی سەرو چاوی دڵی شتە نهێنیەکان ئەبینێت، وە بەگوێکانی دەرەوەو ناوەوەی شتە نهێنیەکان ئەبیستێت[٤٠٧]، وە بەعەقڵ و دڵی بەردەوام لە بیری خوای گەورەیە، جا چاوی هیچ شتێك نابینێت غەیری خۆشەویستی خۆی نەبێت کە خوای پەروەردگارە، وە حەز بە بیستنی هیچ شتێك ناکات غەیری وتەو موناجاتی ئەو نەبێت، وە دەست لەسەر هەر نەخۆشێك دابنێ ئەو نەخۆشە بە ویستی خوای گەورە شیفای بۆ دێت، وە پێ کانیشی هیچ هەنگاوێك نانێت بۆ جێگای خراپ غەیری مزگەوت و ئەو شوێنانەی کە خۆشەویستن لای ئەو، جا ئەگەر کەسێك

[٤٠٧] کاك هەژار کە بەکۆتری مزگەوت بەناوبانگە، هاوەڵێکی بەڕێزمانەو کەسێکی دیندارو ڕاستگۆو خۆشەویستە، لە هەولێر بۆی گێڕامەوەو فەرمووی: مامۆستا ئێمە لەو سەفەرەی کە بۆ عومرە چووینە شاری مەککە شتێکی سەیر ڕۆیدا، یەکەمیان: من لەبەردەم کەعبەی پیرۆز دانیشتبوم و بیرم لە مەزنێتی خواو ئەو ماڵە پیرۆزە ئەکردەوە، ئیتر لە پڕێکا دەنگێك لە غەیبەوە پێی گوتم: حەز ئەکەی لێرە وەفات بکەی یان بگەڕێیتەوە ناو ماڵ و منداڵەکەی خۆت؟ کاك هەژاریش فەرمووی: تۆزێك بیرم کردەوە کەوا من چەند کچێکم هەیە هەندێکیانم بەشوو داوەو هەندێکی تریشیان ماون، بۆیە پێم خۆش نیە وا بمێننەوە تاوەکوو ئەوانیش بەشوو ئەدەم، ئیتر بڕیاری گەڕانەوەم داو بگەڕێمەوە ناو ماڵ و منداڵەکەی خۆم، ئەم پەیامەی پێ گوتن: کەوا حەز ئەکات بگەڕێتەوە ناوماڵ و منداڵەکەی. وە دووەمیشیان فەرمووی: من لە ناو ڕەوزەی پیرۆزی مزگەوتی پێغەمبەری خوا بووم، ئیتر لەوێ هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوام بینی، خوای گەورە بۆمی دەرخستن". منیش ئەڵێم: کەسی چاك هەر ماوە، وە ڕەحمەتی خواش تایبەت نەکراوە تەنیا بەسەردەمی هاوەڵان و سەلەفی صالح، بەڵکوو هەتا ڕۆژی دوایی ڕەحمەت هەر دا ئەبەزێت بەسەر خەڵکی گشتی و تایبەتی. دانەر

گەیشتە ئەو پلەیە ئەوە وەلی و دۆستی خوای گەورەیە، وە هەرشتێك لە خوای گەورە داوا بكات ئەوە دەست بەجێ وەلاّمی ئەداتەوە، وە هەر كەسێكیش دوژمنایەتی بكات ئەوە خۆی لەسەر ئەم بەندە چاكەكارە دێتە وەلاّم و حەقی بۆ دەسەنێتەوە، ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَفِى ٱلْأَخِرَةِ لَا تَبْدِيلَ لِكَلِمَٰتِ ٱللَّهِ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٦٤﴾﴾[٤٠٨]، واتە: خەڵكینە ئاگاداربن! ئەولیاكانی خوای گەورە ئەو كەسانەن كەوا هیچ ترسێكیان لەسەر نیە لەوەی كە خەڵكی لێیەوە ئەترسن لە بەدواكەوتنی دونیاو ناخۆشیەكانی، جا ئەمانە تەنها لەبیری ترسی خوای گەورەدان، وە لە دوارۆژیشدا هیچ ترسێكیان لەسەر نیە كاتێك كە خەڵكی لەوێ ئەترسن، وە لە دونیاش غەمبار نابن لەوەی كەبەسەریان دێت و لە دەستیان ئەچێت و وەرئەگیرێتەوە بە پێچەوانەی خەڵك، وە لە دوارۆژیشدا خەفەتباریان ناكات و لە ناخۆشی قیامەت و دۆزەخ ئەیان پارێزێ، بەڵێ ئەوانەی ئەم تایبەتمەندیەیان هەیە كەسانێكن بڕوایان بەخوای گەورە هێناوەو كەسانێكی لە خواترس و بە تەقوان، وە بۆ ئەو كەسانەش موژدە هەیە لە دونیا بەوەی كە ئاگاداریان ئەكاتەوە بە نووری خۆی لە هەندێك شتی نهێنی تایبەت بەخۆی و خەڵكی، وە لە دوارۆژیش بۆ بەهەشتی پان و بەرین و بینینی زاتی پاكی، جا ئاگاداربن! هیچ گۆڕانێك لە وتەی خوای گەورەدا نیە چونكە هەر لە ئەزەلدا بڕیاری بۆ ئەكەسانە داوە كەوا هەر كەسێك سیفەتی ئیمان و تەقوا لە خۆیدا كۆبكاتەوە ئەوە ئەبێتە دۆست و وەلی

---

[٤٠٨] سورة يونس آية ٦٢_٦٣_٦٤.

**خوای گەورە، وە ئەم هەموو شتە پیرۆزانەشی پێ ئەدرێت، جا بەراستی ئەوەی خوای گەورە بە دۆستەکانی خۆی ئەبەخشێت سەرکەوتنێکی مەزنە.**

**لە ئیبن و عەباسەوە ﵄ ڕیوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی خوێندەوەو فەرمووی: ﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾، قَالَ: يُذْكَرُ اللهُ بِذِكْرِهِمْ[٤٠٩]. فەرمووی: "بەهۆی بیرکردنەوە لە پیاوچاکان یاخود ناو هێنان و یادی ئەوانەوە زیکرو یادی خوای گەورە ئەکرێت.**

**وە هەر لە ئیبن و عەباسەوە ﵄ ڕیوایەت کراوە کەوا پیاوێك فەرمووی: يَا رَسُولَ اللهِ ﷺ، مَنْ أَوْلِيَاءُ اللهِ؟ قَالَ: الذِينَ إِذَا رُؤُوا ذُكِرَ اللهُ[٤١٠]. واتە: ئەی**

---

[٤٠٩] حەسەنە. تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ١٢٣٢٥)، وە ئیبن و ئەبی شەیبە لە (زوائد المصنف)(ژ١٦١٨٣). وە ئیبن و ئەبی حاتم لە (تفسير)(ب٦_ل١٩٦٤). وە ئیبن و جەریر لە (تفسير الطبري)(ب١١_ل١٣١). وە ثەعلەبی لە (تفسير الثعلبِي)(ب٥_ل١٣٧). وە غەیری ئەمانەش بەبێ پچڕان لە ئیبن و عەباس وە بەمورسەلیش لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی ئەفەرموویت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو پیاوەکانیشی جێگای متمانەن"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٥٩_ژ١٦٧٧٨).

[٤١٠] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (أدب المفرد)(ژ٣٢٣). ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٢٧٥٩٩) . وە ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٤١١٩) هەر سێ کیان لە ئەسمای کچی یەزیدەوە بەو لەفزە ڕیوایەتیان کردووە: (ئایا ئاگادارتان بکەمەوە کە چاکترین کەستان کێ یە؟ گوتیان بەڵێ، ئەویش فەرمووی: ئەو کەسەیە کە کاتێك ئەبینرێ زیکرو یادی خوای گەورە ئەکرێت). شوعەیب ئەڕنائوت ئەفەرموویت: حەسەنە بەهۆی شاهێدەکانیەوە. وە ئەلبانیش ڕیوایەتی ئەم سیانەی بەحەسەن داناوە، بڕوانە: (صحيح أدب المفرد)(ژ٢٤٦). وە بەززار لە (كشف الأستار)(ژ٣٦٢٦). وە ئەبو نوعەیم لە (أخبار الأصبهان)(ب١_ل٢٣١). وە لە (الحلية)(ب١_ل٦) وە ئیبن و موبارەك لە (الزهد)(ژ٨٩٩) بە سەنەدێکی حەسەن بە مورسەلی لە حەسەنەوە، وە غەیری ئەمانەش ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی ئەفەرموویت: "بەززار لە شەیخی خۆی عەلی کوڕی حەربەوە ڕیوایەتی کردووە، جا من نایناسم، بەڵام باقی پیاوەکانی تری پیاوانێکی صەحیحن"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٥٩_ژ١٦٧٧٩). وە ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە، وە لەبارەی عەلی کوڕی جودعانیشەوە ئەفەرموویت: "عەلی کوڕی حەربی ڕازی یاخود طائی ڕازی بێت، ئەمیش لەو چینەیە (واتە: لە چینی پیاوە

**پێغەمبەری خوا ﷺ ئەولیاکانی خوا کێن؟ ئەویش فەرمووی: "ئەو کەسانەن کە کاتێ ئەبینرێن زیکرو یادی خوای گەورە ئەکرێت، واتە: خوای گەورەیان وەبیر دێتەوە لەگەڵ بینینیان.**

**ئیمامی عەلی قاری رحمه الله ئەفەرموویت: "ئەمە ئاماژەیە بەو فەرموودەیە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویت: (الْمُؤْمِنُ مِرْآتُ الْقُلُوبِ)[٤١١]، واتە: مرۆڤی ئیماندار ئاوێنەی دڵەکانە، ئەمە یەکێك لە مانەکانیەتی، جا ئیمامی طیبی رحمه الله ئەفەرمووێت: "دوو مانا لە خۆ ئەگرێت: یەکێکیان بەهۆی تایبەتمەندێتی ئەوان بەخوای گەورەوە هەرکاتێ کە بینران دڵیان خەیاڵ و ئەندێشە ئەکات کەوا خوایان**

---

صەحیحەکانە)، وە پیاوێکی ڕاستگۆو بەڕێزە، بروانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل٢٠١/٣١١_ژ١٦٤٦/١٧٣٣). وە لیرەش بە صەحیحی داناوە (صحيح الجامع)(ژ٢٥٨٦).

[٤١١] حەسەنە. وە ئیمامی بوخاری لە (أدب المفرد)(ژ٢٣٨) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتی کردووە، وە لەفزەکەشی بەو شێوەیە: (مرۆڤی ئیماندار ئاوێنەی براکەی خۆیەتی، جا ئەگەر کەم و کوڕی و هەڵەیەکی لێ ببینێ ئەوە بۆی چاك ئەکاتەوە) ئەلبانی بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (صحيح أدب المفرد)(ژ١٧٧). وە ئەبو داود لە (سنن أبي داود)(ژ٤٩٠٨) لە ئەبو هورەیرەوە. وە بەززار لە (كشف الأستار)(ژ٣٢٩٧) تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ژ٢١١٤) لە ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی ئەفەرمووێت: "بەززار ڕیوایەتی کردووەو تەبەڕانیش لە (الأوسط)، جا عوسمانی کوڕی محمدی تێدایە، ئیبن و قەطان ئەفەرمووێت: "بە زۆری فەرموودەکانی وەهمە، وە باقی پیاوەکانی تریشی جێگای متمانەن". بڕوانە: (المجمع الزوائد)(ب٧_ل٢٦٤). حافیزی عێراقی و ئیمام ئەلبانی بە حەسەنیان داناوە، بڕوانە: (تخريج أحاديث الإحياء)(ب٣_ل١١٣٠_ژ١٦٥٢) طبعة دار العاصمة. وە (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٢_ل٥٩٦_ژ٩٢٦) طبعة مكتبة المعارف. وە مەنناویش موافیقە لەسەری. ئەو لەفزەی کە ئیمامی عەلی قاری هێناویەتی نەم دۆزیەوە، وە ئەو سەرچاوانەش کە نوسیومە گشتیان بەم شێوەیە جگە لە بوخاری: (ئیماندار ئاوێنەی ئیماندارە) نەك ئاوێنەی دڵ.

بینیوە ئەمەش بەهۆی سیمای خواپەرستیانەوە، دووەم: هەرکاتێك بینران زیکرو یادی خوای گەورە ئەکرێت"[٤١٢].

جا ئەوەی جێی ئەسەف بێت ئەوەیە کەوا ئیمانداریك بەو هەموو سیفەتە چاکەوە بژیت و خوای گەورە بەخششی خۆی ڕێشتبێت بەسەریەوە کەوا بەنووری خوا شتەکان ئەبینێت ئینجا پێی بگوترێت: "ساحیرو درۆزن"، پەنا بەخوا لەم جۆرە قسانە. ئەمە پلەی ئەولیایەتیە، وە بەهۆی هێزە ڕۆحیەکەی کە لەدڵیدایە بەویستی خوای گەورە کار لە دڵ و دەروونی خەڵکی ئەکات و خوایان وەبیر ئەهێنێتەوە لە سیفاتی خراپی نەفس، وە ڕزگاریان ئەکات و ڕووناکیان ئەکاتەوە بە نووری دڵی پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆیە ئاگاداربن! ئەم سیفەتە بە هەموو کەسێك نادرێت، بەڵام ئەکرێت وەلی خوا بێت والله اعلم.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویت: (إِنَّ مِنَ النَّاسِ مَفَاتِيحَ لِذِكْرِ اللهِ، إِذا رُؤُوا ذُكِرَ اللهُ)[٤١٣]، واتە: لە نێو خەڵکیدا کەسانێك هەن وەکوو کلیل وان بۆ

---

[٤١٢] (مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح)(ب٩_٩٦_ژ٤٨٧١) طبعة دار الفكر.

[٤١٣] حەسەن و صەحیحە. تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ١٠٤٧٦) لە عبد الله وە. وە بەیهەقی لە (شعب)(ژ٦٩٩). ڕیوایەتیان کردووە. هەیثەمی ئەفەرموویت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووە، وە عەمری کوڕی قاسمی تیّدایە نایناسم، وە باقی پیاوەکانی تری پیاوانێکی صەحیحن"، بڕوانە: (المجمع الزوائد)(ب١٠_ل٧٨_ژ١٦٧٧٣). وە ئەلبانیش ئەفەرموویت: "زۆر زەعیفە، بەڵام بەو لەفزە صەحیحە (إِنَّ مِنَ النَّاسِ نَاساً مَفَاتِيحَ لِلْخَيْرِ مَغَالِيقَ لِلشَّرِّ، وَإِنَّ مِنَ النَّاسِ نَاساً مَفَاتِيحَ لِلشَّرِّ مَغَالِيقَ لِلْخَيْرِ، فَطُوبَى لِمَنْ جَعَلَ اللهُ مَفَاتِيحَ الخَيْرِ عَلَى يَدَيْهِ، وَوَيْلٌ لِمَنْ جَعَلَ اللهُ مَفَاتِيحَ الشَّرِّ عَلَى يَدَيْهِ) ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٢٣٧) لە ئەنەسەوە. وە ئیبن و موبارەك لە (الزهد لإبن المبارك)(ژ٦٤٩) لە ئەبو دەردائو ئەنەسەوە ڕیوایەتیان کردووە، جا یەحیای کوڕی صاعید سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی ئەبو دەردائەوە ئەفەرموویت: ئیبن و موبارەك لەم ڕیوایەتە تاکە، وە سەنەدەکەشی غەریب وصەحیحە. واتە: (بێگومان لە نێو خەڵکیدا کەسانێك هەن کراوەی خێرو چاکەن وەکوو کلیلێك وان بۆ کردنەوەی دەرگای خێرو چاکە، وە بۆ داخستنی شەڕو خراپە، وە کەسانێکیش هەن وەکوو کلیلێك وان بۆ کردنەوەی دەرگای شەڕو خراپە، وە بۆ داخستنی خێرو چاکە، جا

زیکرو یادی خوای گەورە، بۆیە هەر کاتێك بینران ئەوە زیکرو یادی خوای گەورە ئەکرێ.

## دڵۆپێك لە دەریای فیڕاسەت.

جا خۆشەویستان پێم خۆشە دڵۆپێك لە دەریای فیڕاسەت پێش کەش بە ئێوەی بەرێز بکەم بەتایبەتی ئەوانەی کە لە کتێبی عەقیدەکانیان ئەوە ئەخوێنن کە ئەڵێن: فیڕاسەت و ئەو شتانە هەمووی شیرکەو بانگەوازە بۆ ئەوەی کەوا غەیب ئەزانێ.

شەیخولـئیسلام ئیبن و قەیم ﷺ ئەفەرموویت: "بە ڕاستی ئامادەی شتانێکی سەرسام بووم لە فیڕاسەتی شەیخولـئیسلام ئیبن و تەیمیە کە ئامادەی شتی تر نەبووم لەوە گەورە تر، وە ئەو فیڕاسەتەی کە (لەوەوە) هاتووە داخوازی کتێبێکی گەورە ئەکات (....)، شێخ ئیبن و تەیمیە لە ساڵی (٧٠٢هـ) لەو کاتەی کە سوپای تەتارەکان جولەیان و کرد بۆ هێرش کردنە سەر شام ئەو هەواڵی بەسەر کردەکان و خەڵکەکان ئەدا کەوا ئەمجارەیان هەزیمەت و شکان بۆ سوپای تەتارەکانە، وە سەرکەوتنیش بۆ موسڵمانەکانە، وە زیاتر لە حەفتا سوێندیشی خوارد پێی ئەگوترا: "بڵێ: إن شاء الله، ئەویش ئەیفەرموو: "إن شاء الله تحقيقا لا تعليقا" واتە: (لەگەڵ

---

خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی کەوا ئەبێتە ئەو کلیلە بۆ کردنەوەی دەرگا خێرەکان لە سەر دەستی ئەو، وە وەیل و سزاش بۆ ئەو کەسە کەوا ئەبێتە ئەو کلیلە بۆ کردنەوەی دەرگای شەڕو خراپە لەسەر دەستی ئەو. بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٢_ل٥٩٦_ژ٩٢٦). ئیمامی سیوطی بە حەسەنی داناوە، وە ئیمامی مەنناویش لە ئیبن و حەجەرەوە نەقڵی کردووە کەوا ئەفەرموویت: ئیبن و حیبان ئەو هەواڵەی بە صەحیح داناوە لە فەرموودەی ئەنەسە". بڕوانە: (فیض القدير)(ب٢_ل٥٢٨_ژ٢٤٦٦). وە ئەم فەرموودەیە شاهێدێکی تریشی هەیە ئەویش تەبەڕانی لە (مكارم الأخلاق)(ژ٨٤) لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە: (أنا الله قدرت الخير والشر، فطوبى لمن جعلت مفاتيح الخير على يديه، وويل لمن جعلت مفاتيح الشر على يديه)، واتە: (هەر من الله مەو قەدەری خێرو شەڕم نوسیووە، جا خۆشبەختیتی..... سەیری کوردیەکەی سەرەوە بکە هەمان شتە).

**ئەوەش کە إن شاء الله بەلاَم بە بێگومانی شتەکە ڕوو ئەدات نەك لەوەی کەوا گومانم لێی هەبێت)[٤١٤]، جا ئین و قەیم ئەفەرموویت: گوێم لەو بوو ئەیفەرموو: "کاتێك کە خەڵك زۆریان پێ هێنام و منیش گوتم زۆری لەسەر مەڕۆن خوای گەورە لە لەوحولمەحفوزدا[٤١٥] نوسیویەتی کەوا ئەم جارە ئەوان بە زێندراون و**

---

[٤١٤] ئەوەی ناو کەوانە ڕوونکردنەوەی خۆمە لەسەر دەقی وتەکەی شێخ ئین و تەیمیە رحمه الله.

[٤١٥] لەوح: کتێبی قەدەری خوایە، وە نەفسێکی گشتیە، وە چوار جۆرە لەوحیش هەیە: لەوحی قەزای پێشتر لەسەر ڕەشکردنەوەو جێگیرکردنی (شتەکانی گەردوون)، کە لەوحی عەقڵ و ژیریی یەکەمە. وە لەوحی نەفسی قسەکەری گشتی کە گشتیاتەکانی لەوحی یەکەم جیا ئەکاتەوە، وە پەیوەندی بە هۆکارەکانەوە هەیەو ناونراوە بە لەوحی مەحفوز. وە لەوحی نەفسی بەشێکی ئاسمانی کە نەخشی هەموو ئەو شتانە ئەکات کە لەم گەردوونەدا هەیە لە ڕووی وێنەو شێوازو ئەندازەو بڕەکەی، ئەوە ناونراوە بە ئاسمانی دونیا، ئەمە لە بری خەیاڵی خەڵکیە، هەروەکوو چۆن یەکەم لە بری ڕۆحەکەی بوو هی دووەمیش لە بری دڵیەتی. وە لەوحی هەیوولی کە تەن و ماددەیە ئەوە قابیلی وەرگرتنی وێنەیە لە جیهانی دیار. ئەمە ڕوونکردنەوەی سەید شەریفی جورجانیە، بڕوانە: (التعریفات)(باب اللام_ فصل الواو_ل١٩٢) طبعة دار الطلائع. بۆ ئەوەی وتەکانی ئەوت لا ڕوون بێت بۆت شی ئەکەمەوە(لەوحی یەکەم بەواتای زانستی ئەزەلی خوای گەورەیە کە عەقڵ و ژیری یەکەمە، جا ئەوەیان گۆڕانکاری بەسەر نایەت و جێگیرە، ئەوەی زیاد و کەم بکرێت ئەوە لەوحولمەحفوزە واتە: لەوحی پارێزراوە لەوەی کەوا کەسێك بتوانێ دەست کاری بکات، جا ئەم لەوحولمەحفوزە نەفسێکی قسەکەرەو کرداری گشت بوونەوەرانی بەکردار وەك میمۆرییەك تیادا تۆمارکراوە هەروەك چۆن ڤیدیۆو وێنە ئەچێتە نێو میمۆرییەوە، بەمە لەوحولمەحفووز لە لەوحی یەکەم جیا بۆوە کە زانستی ئەزەلی خوای گەورەیە. لەوحی سێ یەمیش هەر چی ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە لە نێو لەوحێکی کرداری دایە کە ناونراوە ئاسمان، جا ئەم ئاسمانە وێنەی خەیاڵی خەڵکیە، وە لەوحی یەکەمیش وێنەی ڕۆحە، وە لەوحی دووەمیش وێنەی دڵە، لەوحی چوارەمیش وێنەی لاشەیە (لەوحی یەکەم: ڕۆح _ لەوحی دووەم: دڵ _ لەوحی سێ یەم: خەیاڵ _ لەوحی چوارەم: لاشە)، بەڵگەشمان ئەوەتە خوای گەورە ئەفەرموویت: ﴿يَمْحُواْ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثْبِتُ ۖ وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلْكِتَـٰبِ﴾ سورة الرعد آية ٣٩. عیکرەمە لە ئین و عەباسەوە ڕیوایەتی کردووە کە ئەفەرموویت: دوو جۆر کیتاب هەیە: یەکێکیان ئەگەر ویستی لەسەر هەبێت ئەوە ڕەشی ئەکاتەوە یاخود جێگیری ئەکات، وە ئەوەکەی تریش لای خۆیەتی". حاکم لە (مستدرك)(ب٢_ل٣٤٩) ڕیوایەتی کردووە. وە سیوطیش لە (تفسیر الدر المنثور)(ب٤_ل٦٥) داویەتە پاڵ محمدی کوڕی نەصرو ئین و مونذیرو ئین و ئەبی حاتەمی ڕازی. واتە: خوای گەورە ویستی لەسەر هەر شتێك هەبێت ئەوە لە لەوحولمەحفووز ڕەشی ئەکاتەوە یاخود جێگیری ئەکات و دەستکاری ناکات، لە زمانی عەرەبیدا ئەگوترێت (أم الرأس، واتە: دەماغ. وە أم القری، واتە: مەککەی پیرۆز. جا زاناکان ئەفەرموون ئەوە پەراوێکە لای خۆیەتی گۆڕانکاری

بەسەردا نایەت، وە لێشیان نەکۆڵیوەتەوە کە چیە چونکە هێندە زیاتر زانیاریمان پێ نەدراوە، جا ئەگەر بڵێین ئەو زانستەی کەوا لە لەوحولمەحفووزدا نوسراوەتەوە ئەوە کرۆك و ناوەڕۆکەکەی لای خوای گەورەیەو مەحاڵە گۆڕانکاری تیا بکرێت، بۆ نمونە خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ثُمَّ قَضَىٰٓ أَجَلًاۖ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ﴾ سورة الأنعام آية ٢. واتە: خوای گەورە زاتێکە ئێوەی لەو قوڕە درووستکردووە، چونکە نەوەی ئادەمن، وە ئادەمیش لە قوڕ دروستکراوە، جا گوفتارەکەی کردووەتە گشتی بۆ تێکڕای ئادەمیزادان، ئینجا دوای ئەوەی کە درووستی کردن وادەو ئەجەلی بۆ ئێوەش داناو بڕیاری لەسەردا لە لەوحولمەحفووز، وە سەبارەت بە ئەجەلی دووەمیش قەتادە ئەفەرمووێت: "ئەجەلی یەکەم ئەوە ئەجەلی ژیانتە هەتا ئەو کاتەی کە ئەمری، وە هی دووەمیش ئەجەلی مردنتە هەتا ئەو کاتەی زیندوو ئەبیتەوە، وە ئیبن و عەباسیش ئەفەرمووێت: "ئەوەی یەکەم دونیایە، ئەوەی دووەمیش دواڕۆژە". جا ئەگەر سەیری بکەین لە ئایەتی یەکەم فەرمووی: ﴿وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ﴾، هەر ڕاڤەوانانی قورئان خۆیان فەرموویانە واتە ئەمە پەڕاوێکە لای خۆیەتی واتە: زانستی ئەزەلی خوای گەورە. لە ئایەتەکەی تردا هەمان شت ئەفەرمووێت: ﴿وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُۥ﴾، واتە: ئەجەلێکی ناوبراو وادە بۆ دانراوی تر هەیە کە لەزانستی ئەزەلی خۆیدایەو گۆڕانکاری بەسەر نایەت، بۆ نمونە: کابرای بکوژ کەسێك ئەکوژێ جا ئەو کوشتنەی لە زانستی لەوحولمەحفووزدا نوسراوەتەوە، جا ئەگەر کابرای بکوژ نەیکوشتایە ئەوە کابرا لە وادەو ئەجەلی خۆیدا هەر ئەمرد کە لەزانستی ئەزەلی خوای گەورەدا وادەی بۆ دانرابوو. وە هەروەها لە ئایەتێکی تردا هاتووە: ﴿لِكُلِّ أَجَلٖ كِتَابٞ ۝٣٨ يَمۡحُواْ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثۡبِتُۖ وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ ۝٣٩﴾ سورة الرعد آية ٣٨_٣٩.

واتە: خوای گەورە وای داناوە کەوا هەموو ئەجەل و وادەیەك پەڕاوێکی تایبەتی بەخۆی هەبێت، جا ئەوەی ویستی لەسەر بوو ڕەشی ئەکاتەوە یاخود جێگیری ئەکات و نایگۆڕێت، ئەمە لە لەوحولمەحفووز، وە کرۆکی ئەو زانستەش کە نهێنی ئەجەل و قەدەری گشت بوونەوەرانە ئەوە لە لای زانستی ئەزەلی خۆیەتی. جا ئیبن و عەباس ئەفەرمووێت: خوای گەورە ویستی لەسەر هەر شتێك هەبێت ئەوە ڕەشی ئەکاتەوە یاخود جێگیری ئەکات تەنیا ژیان و مردن و خۆش بەختی و بەدبەختی نەبێت. عبد الله کوڕی ئیمامی ئەحمەد لە (السنة)(ژ١١٢٩). وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ژ٣٦٦٦). لە ڕێی ئیبن و ئەبی لەیلاوە ڕیوایەتیان کردووە. وە ئیبن و مەسعودو غەیری ئەویش ئەم نزایەیان زۆر کردووە کە ئەفەرموون: ئەی پەروەردگار ئەگەر تۆ نوسیوتە من لە خۆشبەختان بم ئەوە جێگیرم بکەو مەمگۆڕە، وە ئەگەر گوناهو بەدبەختیشت لەسەرم نوسیوە ئەوە ڕەشم بکەوەو لەو کەسانە بم کەوا خۆشبەختن، لەبەر ئەوەی تۆ ویستت لەسەر هەر شتێك بێت بە ئارەزووی خۆت ڕەشی ئەکەیتەوە یاخود جێگیری ئەکەیت و نایگۆڕی. ئیبن و جەریر لە (تفسير الطبري)(ب١٣_ل٥٦٣). وە ئیبن و بەططە لە (الإبانة لإبن البطة)(ب٢_ل١٣١_ژ١٥٦٥) هەر دووکیان لە ئیمامی عومەرەوە. وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٤_١٠٣) لە شەقیقی بەلخیەوە. وە تەبەڕانی (ژ٨٨٤٧) لە ئیبن و مەسعودەوە. ڕیوایەتیان کردووە. وە هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمووێت: (هەر یەکێك لە ئێوە لە نێو سکی دایکی خۆیدا بە ماوەی چل ڕۆژان درووست کردنەکەی کۆ ئەکرێتەوە، واتە:

سەركەوتوو نابن، وە سەركەوتنیش بۆ سوپای موسڵمانانە، وە ئەفەرمووێت: هەتا خواردن و شیرینی سەركەوتنیشم بە هەندێك لە سەركردەكان و سەربازەكان دا پێش ئەوەی دەر بچن بۆ بەردەم دوژمن"[٤١٦]. الله أكبر لە تۆ شێخ ئیبن و تەیمیە، سوێند بەخوا ئەوەی گومانی لە پلەی ویلایەتی تۆ هەبێت نە لەویلایەت و نە لە ئەولیایەتی تێگەیشتووە، جا ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەوەیە موسڵمانانی خۆمان چۆن پێشوازی لەم فیراستە ئەكەن كە حەفتار جاریش سوێندی لەسەر خواردووە، ئیتر

---

(هەر ئاوی پیاوەكە لەگەڵ هێلكۆكەی ئافرەتەكە یەكتری ئەگرن و خانەكانیان زیاد ئەكات تا ئەبێتە چل ڕۆژان)، ئینجا دوای چل ڕۆژی تر ئەبێتە پارچەیەك زیرووی بچووك كە وەك خوێن وایە، وە دوای چل ڕۆژی تریش ئەبێتە گۆشتە پارە، ئینجا دوای ئەوە خوای گەورە فریشتەیەكی ڕەوانە ئەكات، وە فەرمانی بە چوار وشان پێ ئەكات تاوەكوو بیان نوسێت: پێی ئەگوترێت: كاروكردەوەو ڕۆزی و ئەجەل و بەدبەختی و خۆشبەختیەكەی بنووسە، پاشان ڕۆحی ئەكرێتە بەر. جا پیاو هەیە لە ئێوە كاروكردەوە ئەكات هەتاوەكوو ئەگاتە پلەیەك كەوا گەزێك ئەمێنێ لە نێوان خۆی و بەهەشت بۆ ئەوەی بچێتە نێویەوە بەڵام كیتابەكەی پێش ئەكەوێ بۆیە كردەوەی دۆزەخیان ئەكات، وە كەسی واش هەیە لە نێوان خۆی و دۆزەخ تەنیا گەزێك ئەمێنێ كەچی كیتابەكەی پێش ئەكەوێ كاركردەوەی بەهەشتیان ئەكات و ئەچێتە بەهەشتەوە، جا پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ واز لەكردەوەكان نەهێنین بۆ خۆمان دانیشن و مادەم كتێبەكانمان نوسراوە؟ ئەویش فەرمووی: ئەوەی لە خۆشبەختان بێت ئەوە كردەوەی خۆشبەختیان ئەكات، وە ئەوەش بەدبەخت بێت كردەوەی بەدبەختیان ئەكات. وە فەرمووی: ئێوە كار بكەن چونكە هەمووی ئاسانكراوە، ئەوەی لە خۆشبەختیان بێت ئەوە كردەوەی خۆشبەختیانی بۆ ئاسان ئەكرێت، وە ئەوەش لە بەدبەختیان بێت كردەوەی بەدبەختیانی بۆ ئاسان ئەكرێت). ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٣٢٠٨). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٦٤٣) لە عبد الله وە ڕیوایەتیان كردووە. جا تۆ وەرە بیر لە فەرمایشتەكان بكەوە لەگەڵ ئایەتەكان، لێرە خوای گەورە فەرمان بە فریشتەكە ئەكات بنووسێ واتە: زانستی ئەزەلی خۆی (عِنْدَهُ) داخوازی لەوحولمەحفوز ئەكات بۆ نوسینی قەدەری ئەو كەسە، واتە: لە ئەزەلدا ئەو قەدەرە هەبووە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: كتێبەكەی پێش ئەكەوێ واتە: ئەوەی كە لە ئەزەلدا نوسراوە، بەڵام كتێبەكەی تر كە لە لەوحولمەحفووزە ئەوە بە ئارەزووی خۆیەتی. جا ئەگەر بشڵێین مەبەستی پێغەمبەر هەر خودی ئەو زانستەیە كەوا لە لەوحولمەحفووزدا نوسراوەو گۆڕانكاری بەسەر نایەت ئەم كاتە تێگەیشتنەكە دژ بەیەك ئەبن، چونكە ئێمە بە ئایەتەكانی سەرەوە ئەوەمان سەلماند كەوا كامە ئەگۆڕێ و كامە ناگۆڕێ بۆیە ئەبێ بە تێڕوانینێكی قوڵترەوە ئەم بابەتە وەربگرین، چونكە زۆر لەوە قوڵترو سەخترە لەوەی كە ئێمە بیرمان بۆ ئەچێ والله أعلم.

[٤١٦] مدارج السالكين (ب٢_ل٤٨٩).

ئەمە چۆن جێگای ئەبێتەوە لە عەقڵیان ئەمە ئەگەڕێتەوە سەر خۆیان، بۆیە ئەگەر کەسێك کافر بکەن دوو کەس کە شایستەی بەکافر دانان بێت ئەوە هەر دوو شەیخەین ئیبن و تەیمیەو ئیبن و قەیمە چونکە ئەو بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا لە لەوحولمەحفوزدا نوسراوە ئاخر چۆن بینیویەتی، وە ئەوەکەی تریش نەقڵی کردووەو بڕوای پێ هەیە، جا قاعیدەیەکیش لای ئەو کەسانە هەیە (ئەوەی گومانی لە کوفری کەسێك هەبێت ئەویش کافرە)، جا بە پێی ئەوانە ئیبن و تەمیە کافرە، باشە ئیبن و قەیمیش چۆن بەکوفرەکەی ئەو ڕازی بوو؟ بەڵکوو بگرە بەڕاستیشی زانیوە، نەخێر ئەم تەکفیرە دوورە لەم دوو زاتە بەڕێزە بەڵکوو ئێمە ئەڵێین: ئەوە نیشانەی پلەی خواناسی ئەو دوو زاتەیە لەگەڵ خوای خۆیان و تەنیا ئاوێنەیەکن بۆ دەرخستنی شتە غەیبیەکان.

## کەرامەت و فیراسەتی وەلی.

شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیە ﷺ ئەفەرموویت: "کەرامات چەند جۆرێکی هەیە کە لەسەر دەستی ئەولیاکانی خوای گەورە وەدەرئەکەویت: هەندێکیان لەوانە هاوچەشنی زانست و کەشفە کەوا بەندە گوێی لە شتانێك ئەبیٚ کە غەیری ئەو گوێبیستی نابێت، وە جاری واش هەیە کە لە کاتی بێداری و خەودا شتانێك ببینیٚ کە غەیری ئەو نایبینیٚ، وە هەندێك جاریش هەیە بە وەحی و ئیلهام شتانێك بزانیٚ کە غەیری ئەو نایانزانیٚ یاخود دابەزینی زانستێکی پێویست یاخود فیراسەتێکی ڕاستگۆیانە ئەمە ناوئەبرێت بەکەشف و موکاشەفە"[417] (واتە: شتی بۆ کەشف ئەبێت لە بینین و بیستن و هەستەکانەوە). ئەم قسەیە ئەگەر کەسێك ببستیٚ ئەڵیٚ: ئەم قسەیە هەر لە هی صۆفیەکان ئەکا، بەلاٚم پێت عەجیب نەبێت چونکە خۆیشی بە ئەزموون ئەم شتانەی بۆ سەلمێندراوە بۆیە ناتوانیٚ ئینکاری بکات، وە ڕاستیشی فەرمووە.

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرموویت: "کۆمەڵێك لە ئەهلی کەلام و ڕەئی ئینکاری ئەویان کرد (واتە: ئیمامی غەزالی) لە زۆرێك ئەو شتانەی کە ئەو لە حەقەوە گوتوویەتی، جا وا گومانیان ئەبرد کەوا ڕێگای ڕیازەت[418] پاککردنەوەی دڵ هیچ کاریگەری نیە بۆ وەدەست هێنانی زانست، جا ئەمان لەو نەفی کردنە هەڵەیان کرد، بەڵکوو ئەوەی حەق و ڕاست بێت تەقوا

---

[417] مجموع الفتاوی (ب١١_ل٣١٣).

[418] ڕیازەت لای ئەهلی تەصەوف بەناوبانگە، بەواتای ئەوە دێت مورید کە تێکۆشان لە دژی ئارەزووە گلاٚوەکانی خۆی ئەکات بۆ ئەوەی دەرباز ببێت، جا بۆ ئەمە ئەچێتە خەڵوەو نان کەم ئەخوات تاوەکوو ئارەزووی نەفسی شەهوانی کەم ببێتەوە حاڵەتی دڵی ڕووناکتر بێت و تا چاوی دڵی ئەبێتەوە.

پاککردنەوەی دڵ لە گەورەترینی هۆکارەکانە بۆ گەیشتن بە زانست"[٤١٩]. سەیری کەن چۆن بەرگری لە ئیمامی غەزالی ئەکات لەسەر شتێك کە پێی حەق و ڕاستە ئەویش تێکۆشان و موجاهەدەی نەفسە بۆ گەیشتن بە چاوی دڵ و فیڕاسەت کە بەزانستی قەلبی بەناوبانگە، جا ئەوەی زانراویشە شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیە ڕەخنەی توندی لە هەندێکی شتی ئیمام غەزالی گرتووە، بەلاّم لەوەیان پشتگیری ئەکات.

ئیمامی مەنناوی ﵀ لە گەورە ئەولیای ئەم ئوممەتە ئیبن و عەطاء الله سەکەندەریەوە ﵀ نەقلّی کردووە کەوا ئەفەرمووێت: "سەیرکردنی هەندێك لە شتە غەیبیاتەکان لەلایەن هەندێك لە ئەولیاکانەوە جائیزو دروستە، وە ڕوو ئەدات لەبەر ئەوەی خوای گەورە شایەتی بۆ داوە کەوا بە نووری خوا سەیری شتەکان ئەکەن نەك بەهۆی خۆیەوە". وە لە ئیمامی عەزالیشەوە ﵀ نەقلّی کردووە کەوا ئەفەرمووێت: "ئەوەی گێڕدراوەتەوە لە فیڕاسەتی شەیخەکان و هەواڵەکانیان سەبارەت بە بیرو باوەڕەکانی خەڵکی و ویژدانەکانیان ئەوە لە هەژماردن دەرئەچێ (واتە هێندە زۆرە)، بەڵکوو لەوەش کە گێڕدراوەتەوە لە سەیر کردنی سزای نێو گۆڕو پرسیارەکان و بیستنی دەنگ و هاتفی غەیبی و هوونەرەکانی کەرامەتەکان ئەمانە گشتیان لە دەرەوەی هەژماردنن، جا گێڕانەوەی ئەمانە سوود بەو کەسە ناگەیێنێ کە ئینکاری ئەم شتانە ئەکات هەتاوەکوو خۆی ئەیبینێ، وە هەر کەسێکیش ئینکاری ئەصڵ و بنچینەکە بکات ئەوە ئینکاری ڕوونکردنەوەکانیش

---

[٤١٩] الرد على المنطقين لإبن تيمية (ل٥١١).

**ئەكات. (واتە: ئەوەی ئینكاری كەرامەت بكات ئینكاری باس كردن و ڕوونكردنەوەكانیش ئەكات)[٤٢٠]**

**وە یەكێك لەو نموونانە ئیمامی مالیك و غەیری ئەویش لە دایكمان عائشەوە ﵂ ڕیوایەتیان كردووە كەوا ئەفەرمووێ: (حەزرەتی ئەبوبەكر بیست بارە (خورمای) لەو ماڵەی كە لە دارستانی (خەیبەر) هەی بوو پێی بەخشیم، جا**

[٤٢٠] الفیض القدیر (ب١_ل١٤٣). منیش ئەڵێم: مامۆستا نەوزاد كە كەسایەتیەكی دیارو بەرچاوی شاری هەولێرە، وە قوتابی گەورە ئەولیای ئەم ئومەتە مامۆستا عبد الكریمی مزگەوتی صەحابەیە، جا لە شاری هەولێر بۆی باس كردم و فەرمووی: مەلا ڕەزوان ڕۆژێكیان چوومە گۆڕستان بینیم كەسێك سزا ئەدرا لە نێو گۆڕ، منیش زۆر لە خوای گەورە پاڕامەوە، وە لە كەس و كاری ئەوكەسەم پشكنی كەوا ئەو كەسە چ كارەبووە، ئەوەبوو گوتیان: ئەنجوومەنی خۆراك دابەش كردن بووە، خوای گەورە لێی ببووری. وە هەم شتێكی تریشی پێ گوتم، فەرمووی: "من لە مزگەوتی مەدینە بووم، منیش چووم سەلام لە پێغەمبەری خوا بكەم ﷺ، ئیتر پۆلیسەكانی ئەو شوێنە لێ نەگەڕان بۆ ماوەیەك لەوێ بووەستم و منیان دەركرد، ئیتر منیش لە ژوورەوە وەكوو ئاگر كڵپەم ئەدا، لەوێ لاكەوتم و چوومە شوێنێكی تر، جا بەو خەم و خەفەتەوە سەلامم لە پێغەمبەری خوا ئەكرد ﷺ بینیم گۆڕی پیرۆزیان ئەهەژایەوە، وە كاتێكیش گەڕامەوە هوتێل، زۆر لە خوای گەورە پاڕامەوە بۆ ئەو حاڵەی كە من تیایدا بووم، ئیتر خوای گەورەش دڵی دامەوەو بەیتەكەی ئاسمانی پێ نیشاندام ئەوانەی كە فریشتەكان تەوافی تیادا ئەكەن، منیش لەگەڵ ئەوان دەستم بەتەواف كردن كرد، وە ئەم بەیتە تایبەتمەندیەكی هەیە جیاوازە لەگەڵ ئەو بەیتەی دونیا فەرمووی: بەیتەكەی ئاسمان وەكوو ئۆتۆماتیك خۆی ئەتسوڕێنتەوە، بەڵام ئەوەی دونیا وەك مەشهوورە مرۆڤەكان خۆیان ئەسوڕێنەوە. وە هەم دووبارە بۆی باس كردم و فەرمووی: "سێ ڕۆژ بەر لەوەی دایكم وەفات بكات كات نیوەی شەو ئەبوو، پیاوێكی شێوە گەورە كە زۆر بەهەیبەت و لاشە گەورە بوو لە ئاسمانەوە بە دوو بازدان هاتە ژوورەكەی ئێمە، یەكەم بازدانی هاتە سەربانی هاوسێ كەمان، بازدانی دووەمیش هاتە ژوورەكەمان، جا مامۆستا نەوزاد فەرمووی: لاشەم سڕببوو نەم ئەتوانی جووڵە بكەم، وە پیاوەكەش زۆر ترسناك بوو هیچ قسەشی نەئەكرد، منیش لە نەفسی خۆم دەم گوت خوایە ئەبێ ئەوە بەو شەوە بۆ هاتبێ و چی ئەوێ لێمان، هەستم لێی بدەم كەچی تواناشم نیە، جا مامۆستا فەرمووی: ئەم وەزعەم بەدایكم نەگوت نەوەكا بترسێ، بەڵام من بێ خەبەر بووم دوای یەك دوو ڕۆژان دایكم پێی گوتم: كوڕم ئەو پیاوەم بینیوە لێرە بۆیە بە هیچ كەسێك مەڵێ لەوانەی كە لەماڵەوەن با نەترسێن، ئیتر هێندەی پێ نەچوو بۆ سێیەم ڕۆژ دایكی مامۆستا وەفاتی كرد". تێبینی: مامۆستا نەوزاد ڕێگە پێدراوە بۆ ڕوقیەی شەرعی لە لایەن مامۆستا عبد الكریمی مزگەوتی صەحابەوە، كەڕاماتەكانی گەلێك زۆرن. دانەر

کاتێك لەسەرەمەرگ بوو فەرمووی: "ڕۆڵەکەم سوێند بەخوا هیچ کەسێك بەقەد من پێی خۆش نیە کەوا لەدوای منەوە دەوڵەمەند بیت و بیٚ ئیحتیاج بیت، وە هیچ کەسێکیش بە قەد من ئازار ناخوات ئەگەر بێت و لە دوای منەوە هەژار بکەویت، من لە پێشتردا بیست بارم پێدای، جا ئەگەر قەبوولێت کردووەو کردووتە موڵکی خۆت ئەوە هی خۆتە، بەڵام ئیمڕۆکە ئەو بیست بارە میراتە بۆ میراتگرەکان کە دوو براکەت و دوو خوشکەکەتە، بۆیە بە پێی قورئانی پیرۆز دابەشی بکە. ئەوجا ووتم ئەی بابە سوێند بە خوا ئەگەر ئاواو ئاوا بووایە ئەوە وازم لیٚ ئەهێنا ئیٚ خۆ ئەوە هەر ئەسمایە ئەی ئەوەکەی تریان کێیە؟ ئەبوبەکریش فەرمووی: کچەکەی خاریجە دووگیانە، من لە سکیدا کچێك ئەبینم)[421] وە هەروەها لە ڕیوایەتی ئیبن و سەعدو عبد الرزاق ئەو زیادەیەش هاتووە: حەزرەتی ئەبو بەکر فەرمووی: "کچەکەی خاریجە دووگیانە، ئیتر خراوەتە نێو دڵمەوە کەوا کچ ئەبێت، دەی وەسیەتم وایە بە چاکی ئاگاداری بن، ئەوەبوو ئوم کەلسوم لە دایك بوو.

[421] صەحیحە. ئیمام مالیك لە (موطأ مالك)(ب٢_ل٥٧٦_ژ٤٠). وە بەیهەقی لە (سنن الكبرى)(ب٦/ل١٦٩). وە ئیمامی طەحاوی لە (شرح معاني الأثار)(ب٤/ل٨٨). وە عبد الرزاق لە (مصنف عبد الرزاق)(ب٩_ل١٠١_ژ١٦٥٠٧). ئیبن و سەعد لە (الطبقات الكبرى لإبن سعد)(ب٣/ل١٩٥). وە حافیزی موحیببی تەبەڕی لە (رياض النضرة في مناقب العشرة)(ب٢_ل١٢٢_ژ٥٧٦) هەموویان لە عائیشەوە ڕیوایەتیان کردووە. حافیزی ئیبن و مولەققەن ئەفەرمووێت: "ئەم ئەسەرە صەحیحە"، بڕوانە: (بدر المنير)(ب٧_ل١٤٣) طبعة دار الهجرة. (کچی خاریجە: حەبیبەی کچی خاریجەی کچی زەیدە خێزانی گەورەمان ئەبو بەکری صدیقە، لە دوای وەفاتی ئوم کەلسومی بوو، وە شووی بە طەڵحەی کوڕی عبيد الله کردووەتەوە لە پاش وەفاتی، جا لەویشدا دووو منداڵی هەیە، زەکەریاو عائیشە، بڕوانە: (الإستيعاب في معرفة الأصحاب)(ب٤_ل٣٦٩) هی حافیزی ئیبن و عبد البر(و٤٦٣ه).

ئیمامی ئەبو بەکر زانی کە لەو نەخۆشیەی ئەمرێت ئەمەش یەکێکە لە کەڕاماتەکانی، چونکەماڵەکەی لە عائیشە گەڕاندەوەو فەرمووی: "ئەوە ماڵی میراتە". وە کەڕامەتی دووەمیش خوای گەورە بەنووری خۆی وەك ئامێرێکی سۆنەر ناو سکی خێزانەکەی خۆی پێ نیشاندا، ئەمەش بەرپەرچی ئەو کاڵفامانە ئەداتەوە کە ئەفەرموون: هیچ کەسێك ئەو پێنچ شتە غەیبیە نازانێت تەنیا خوای گەورە نەبێت، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێت ﴿إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ﴾[٤٢٢]، واتە: بێگومان خوای گەورە زانستی هاتنی بەرپابوونی قیامەت و دابەزینی بارانی هەر لای خۆیەتی، وە گشت زانیاری و وردەکاریەکانی نێو منداڵدانی ئافرەتان و ڕەحمی گیاندارن ئەزانێ، وە تۆ نازانی کەوا کەسێك بەیانیەکەی چی ئەکات یاخود لە کوێ ئەمرێ، وە بێگومان خوای گەورە زاناو ئاگادارە بە هەموو شتێکی ئەم گەردوونە. ئیمامی ئیبن و کەثیر ئەفەرمووێت: "ئەمانە کلیلەکانی غەیبین خوای گەورە تایبەتی کردووە بە زانستی خۆی، هیچ کەسێك نایزانێ مەگەر دوای ئەوەی کە خوای گەورە خۆی ئاگاداری بکاتەوە، جا زانستی بەرپابوونی قیامەت نە پێغەمبەرێکی ڕەوانەکراو ئەیزانێ، وە نە فریشتەیەکی نزیکخراو لە خوای گەورە ئەیزانێ، ﴿لَا يُجَلِّيهَا لِوَقۡتِهَآ إِلَّا هُوَۚ﴾[٤٢٣]، واتە: (خوای گەورە کات و وادەی بەرپابوونی قیامەتی بۆ هیچ کەسێك دەرناخات)، وە بەهەمان شێوە باران بارینیش هیچ کەسێك نایزانێ غەیری خوای پەروەردگار نەبێت، بەڵام ئەگەر فەرمان بکات ئەوە ئەو فریشتانەی

---

[٤٢٢] سورة لقمان آية ٣٤.

[٤٢٣] سورة الأعراف آية ١٨٧.

**که سەرپەرشتی باران بارین ئەکەن ئاگاداریان ئەکاتەوە، وە ئەوانەش ئاگادار ئەکاتەوە لە بوونەوەرانی تری خۆی ئەگەر ویستی لەسەر هەبێت، وە بە هەمان شێوە هیچ کەسێك نازانێ لەوەی کە خوای گەورە ئەیەوێ دروستی بکات لە نێو ڕەحمەکاندا، بەڵام ئەگەر فەرمان بکات بەوەی کەوا نێرە یاخود مێ، وە خۆش بەختە یاخود بەدبەخت ئەوە ئەو فریشتانە ئاگادار ئەکاتەوە کەوا سەرپەرشتی دروست کردنی ئەو مرۆڤە یاخود ئەو گیانەوەرە لە نێو ڕەحمەکاندا ئەکەن، وە بوونەوەرانی تریش ئاگادار ئەکاتەوە ئەگەر ویستی لەسەر هەبێت، وە بە هەمان شێوە هیچ کەسێك نازانێ بەیانی چی ئەکات بۆ دونیاکەی یاخود بۆ دوارۆژی، وە هیچ کەسێکیش نازانێ لە کامە شار ئەمرێ یاخود لە هەر شوێنێکی تری خوای گەورە، هیچ کەسێك زانیاری لەو بارەیەوە نیە"[٤٢٤]. لە بیرتان نەچێت ئەمە وتەکەی ئیبن و کەثیرە (ئەمانە کلیلەکانی غەیبین خوای گەورە تایبەتی کردووە بە زانستی خۆی، هیچ کەسێك نایزانێ مەگەر دوای ئەوەی کە خوای گەورە خۆی ئاگاداری بکاتەوە)، منیش ئەڵێم: ئەگەر بێت و ئەو زانستەی بۆ کەسێك دەربخات ئەوە کوفر نیە، بەڵکوو ڕێزێکە لەو کەسە ئەنێت[٤٢٥].**

---

[٤٢٤] تفسير إبن كثير (ب٦_ل٣٥٣) طبعة دار الطيبة.

[٤٢٥] مامۆستا نورسی ئەفەرموویێت: "هەستی پێش وەختە چ بەشێوەیەکی گشتی یاخود بەشێوەیەکی هەندەکی لە هەموو کەسێکدا بوونی هەیە، تەنانەت لە ئاژەڵەکانیشدا هەیە، بەشێکی گرینگی خەونە ڕاستەکانە (الرؤيا الصادقة) کە جۆرێکن لەم هەستە پێش وەختانە. هەروەك هێزی ئەو هەستە لە لای هەندێك کەس ئەگاتە پلەی کەرامەت. وە هەستکردنی منیش بە هاتنی باران لە پێش بیست و چوار کاتژێردا، بەهۆی ئەو هەستەی کە لە دەمارەکانمدا هەیە بەرامبەر شێ و تەڕی، ئەگونجێ لە لایەکەوە بە هەستی پێش وەخت دابنرێت و لە لایەکی تریشەوە بەم هەستە دانەنرێت". بڕوانە: (پەیامەکانی نوور)(ب٥پاشبەندەکان/پاشبەندی ئەمیرداغ١_ل٣٦١) لە عەرەبییەکەش (رسائل النور)(الملاحق_ملحق أميرداغ١_ص٢٤١). وە سەبارەت بە سۆنەر ئەمە شتێکی زۆر پیرۆزە کەوا خوای گەورە ئیلهامی دڵی مرۆڤی کردووە بۆ داهێنانی شتێکی وا بۆ زانینی ئەحواڵی ناو ڕەحمی دایکەکان و غەیری ئەمانەش. وە

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموویت: (ڕۆژێکیان پیاوێك لە دەشتێکا بۆ خۆی ئەڕۆیشت، جا گوێی لە دەنگێك بوو لە هەورەوە ئەیگوت: کێڵگەی فلأنە کەس ئاو بدە، جا هەورەکەش چووە ئەو جێگایە کە زەویەکی بەردەلأنی ڕەش بوو ئاوەکەی بەتاڵی زەویەکە کردو وەکوو جۆگەڵەی لێهات، جا پیاوەکەش شوێن بارانەکە کەوت تاوەکوو بزانێ زەویەکە هی کێیە، ئەوەبوو پیاوێك لە کیڵگەکە وەستا بوو زەویەکەی خۆی بە خاکەنازێك یاخود بە بێڵێك ڕێك ئەکردو ئاوەکەی پەرت ئەکرد، ئەویش پێی فەرموو: ئەی بەندەی خوا ناوت چیە؟ فەرمووی: من فلأنە کەسم، بۆچی پرسیار لە ناوی من ئەکەی؟ فەرمووی: من گوێم لەم ناوەی تۆ بوو کە لە هەورەوە دەنگێك هات و ئەیگوت: "برۆ کیلگەی فلأنە کەس ئاو بدە"، ئەویش ناوەکەی تۆ بوو، پیاوەکە پێی فەرموو: تۆ چی لەم کێڵگەیەت ئەکەی؟ فەرمووی: ئەوەی کە گوتت من کێڵگەکەم ئەکەمە سێ بەش: بەشێکیان لێی ئەکەمە خێرو صەدەقە، بەشێکی تریش خۆم و ماڵ و منداڵەکەم لێی ئەخۆم، ئەوەکەی تریش ئەفرۆشم و ئەیگەڕێنمەوە بۆ کێڵگەکە)[٤٢٦].

---

سەبارەت بە ئامێری زانینی باران بارینیش شتێکی پیرۆزەو مەشرۆعە هیچ پەیوەندیەکی بەدینەوە نیە، ئیتر ئالەتێکە زانیاری زانستی خۆی دەرئەخات جا ئەکرێ جاری وا هەبێت ڕاست بێت، وە جاری واش هەیە هەڵە بێت، بۆیە پلەی نووری ویلایەت کە خوای گەورە ئەولیاکانی خۆی لێ ئاگادار ئەکاتەوە زۆر لەو ئالەتانەوە مەزنترە چونکە هەڵەی تێدانیە، هەر بۆیەش ئەوەی حەزرەتی ئەبو بەکر فەرمووی هەر بەو شێوەیە دەرچوو، وە خۆشی وەفاتی کرد. وە لای ئەولیاکانیش بەناوبانگە جاری وا خوای گەورە هەندێك حاڵی ئەو بەندەیەی خۆی کە لە داهاتوو دێتە پێشی لە ڕێی خەو یاخود لە ڕێی وە نەورزەوە بە حاڵی قەلبی یاخود لە ڕێی بێدارییەوە لە شاشەیەکی مەعنەویدا ئاگادار ئەکاتەوە، وە شتێکی مومکینەو هیچ شیرك نیە. جەنابی شێخ عەباس کتێبێکی تایبەتی لەسەر ئەم بابەتە نوسیوە، بۆ ئەوەی فەهمێکی قووڵ لەو بابەتە تێ بگەی ئەوە ئەم کتێبەمان بخوێنەرەوە (هاوسەنگی ڕاگرتن لە باوەڕ بوون بە غەیب).

[٤٢٦] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٩٨٤). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٨_ل٦٢_ژ٧٩٢٨). وە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)(ژ٣١٣٤). وە ئیبن و حبان لە (صحيح ابن حبان)(ژ٣٣٥٥). وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٤_ل٢٧٦). وە تەبەڕانی لە (کتاب

**وه هەروەها لە نافیعەوە گێڕدراوەتەوەو ئەفەرموویێت: ئیمامی عومەر بەسەرکردایەتی ساریەی کوڕی حیصن سوپایەکی نارد بۆ ناوچەی نەهاوەندی ولاٌتی فارس، جا لەو کاتەی کە ئیمامی عومەر وتاری ڕۆژی هەینی ئەدا، لە ناو وتارەکەیدا سیٚ جاران هاواری کرد (ئەی ساریە چیا)، جا دووری نێوانیشیان مانگە ڕێیەك بووە، ئینجا دوای مانگێك نێردراوێکی سوپاکە ئەگەڕێتەوە مەدینەو ئیمامی عومەریش پرسیاری لیٚ ئەکات، ئەویش ئەفەرموویێت: سەرکەوتین بەسەر دوژمن، لەوکاتەی کە ئێمە لەویٚ بووین گوێمان لە دەنگێك بوو سیٚ جاران هاورای ئەکرد ئەی ساریە چیا، ئێمەش خۆمان گەیاندە چیاکەو خوای گەورە ئەوانی ژێر خست و ئێمەش سەرکەوتین، جا بە ئیمامی عومەر گوترا: تۆ ئەم هاوارەت کرد[٤٢٧].**

**وه هەروەها ئیبن و قەیم لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رضي الله عنه ئەم ڕیوایەتەی هێناوە کە ئەفەرموویێت: "چوومە لای ئیمامی عوسمان رضي الله عنه ، جا لە ڕێگەدا چاوم**

الدعاء)(ب٥_ل١٢٦٢_ژ٩٨٨). وه ئیبن ومەندە لە (التوحيد لإبن منده)(ب١_ل١٦٤) لە ئەبو هوڕەیڕەوە ڕیوایەتیان کردووە. ئەبو نوعەیم ئەفەرموویێت: "فەرموودەیەکی صەحیحەو چەسپاوە لە صەحیحی موسلیم". شوعەیب ئەڕنائوت ئەفەرموویێت: "سەنەدەکەی صەحیحە لەسەر شەڕتی شەیخەین"، بڕوانە (صحيح ابن حبان بتحقيق الشيخ شعيب الأرناؤوط)(ب٨_ل١٤٣_ژ٣٣٥٥).

[٤٢٧] حەسەنە. ئەبو بەکری خەللاد لە (الفوائد)(ب١_ل٢١٥_ژ٢). وه ئەبو عبد الرحمن سوللەمی لە (تخريج الأحاديث الأربعين الصوفية للحافظ السخاوي)(ل٤٥). وه بەیهەقی لە (الدلائل النبوة)(ب٢_ل١٨١_مخطوطة الحلب). وه ئیبن و عەساکیر لە (الدلائل)(ژ٥٢٥_ژ٥٢٨). وه ضیاء مەقدیسی لە (المنتقى من مسموعاته بمرو)(٢٨_٢٩). ڕیوایەتیان کردووە. وه ئیبن و ئەثیر لە (أسد الغابه)(ب٥_ل٦٥) هێناویەتی. وه ئیبن و کەثیر لە (البداية والنهاية)(ب٧_ل١٣١) هێناویەتی و ئەفەرموویێت: سەنەدەکەی حەسەنە و چاکە. وه حافیزی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (الإصابه فى تميز الصحابه)(ب٤_ل٩٨). وه حافیزی سەخاویش ئەفەرموویێت: سەنەدەکەی حەسەنە. وه ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٣_ل١٠١_ژ١١١٠).

به ئافرەتێك کەوت، منیش بیرم لە چاکیەکانی ئەو ئافرەتە ئەکردەوە، ئەوەبوو ئیمامی عوسمانیش فەرمووی: "کەسی وا هەیە لە ئێوە دێتە لام کەچی شوێنەواری زینا بە نێو چاوەکانیەوە دیارە"، ئەنەسیش فەرمووی: ئایا ئەوە وەحیە لە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ؟ ئیمامیش فەرمووی: نەخێر، بەڵام بینایيەك و بەڵگەو فیڕاسەتێکی ڕاستگۆیانەیە، جا لەدوای ئەم وتەیە ئیبن و قەیم ئەفەرمووێت: "ڕاسترین فیڕاسەت فیڕاسەتی هاوەڵەکانە"[428].

وە هەروەها شەیخولئیسلام ئیبن و قەیم ئەفەرمووێت: "ئەی کەسی شکۆمەند ئاگاداربەو خۆت بپارێزە لە فیڕاسەتی کەسی موتتەقی لەبەر ئەوەی عەوڕەت و شەرمگای کردەوەکانی تۆ لە پشت پەردەوە ئەبینێ، بۆیە خۆت لە فیڕاسەتی ئیماندار بپارێزە"[429]. ئەم فەرمایشتەی ئیبن و قەیم زۆر گەورەیە (لە پشت پەردەوە شتەکان ئەبینێ)، دواتر فەرموودەکەش ئەهێنێ و ئەیکاتە بەڵگە لەسەر قسەکانی (إتقوا فراسة المؤمن فإنه ينظر بنور الله). بەڵێ ڕاستی گوتووە لە ڕێی نووری خوای گەورەوە شتە نهێنیەکان ئەبینێت، وە ئەوەی تا ئێستاکە لەسەر فیڕاسەت نوسیومە قسەی دوو زانای مەزهەبی حەنبەلیە، کە بەوە بەناوبانگن لەسەر بابەتەکانی تەصەوف و صۆفی زۆر هەستیارن، بۆیە زیاتر ئاماژەم بە قسەکانیان کرد، ئەگینا ئەگەر بێت و وتەی زاناکانی مەزهەبەکانی تر بهێنم ئەوە پێویستی بەکتێبێکی قەبارە

---

[428] مدارج السالكين (ب٢_ل٤٨٦) طبعة دار الكتاب العربي. وە لە (طرق الحكمية لإبن القيم)(ل٤٣) مطبعة المدني. وە حافیزی مەنناویش لێرە هێناویەتی (الفيض القدير (ب١_ل١٤٣). وە ئیمامی ڕازی لە (تفسير الرازي)(ب٢١_ل٨٩) لە باسی سوڕەتی کەهف ئایەتی (أم حسبت أن أصحاب الكهف...) هێناویەتی.

[429] الفوائد لإبن القيم (ب١_ل٧٤).

گەورە ئەکات. ئەوەی ماوە ئەوەیە وتەکانتان خوێندەوە ئیتر کەسێك ئینکاری قسەکانیان بکات یان نەزان و کاڵفامە یاخود دەمارگیرو خۆبەگەورە زانە.

شەهید عبد الله عەززامﷺ[٤٣٠] کاتێك لە ئەفغانستان بوو لە نێوان ساڵەکانی (١٩٨٠ز_١٩٩٠ز) شاهێدی کۆمەڵێك کەرامەتی موجاهیدەکانی ئەفغانی بوو، وە بۆشیان ئەگێڕایەوەو هەتا وای لێ هات زۆرێك لەو کەراماتانەی کە خۆی ئەیبینی و بۆیان باس ئەکرد کۆیکردەوە لەکتێبێکدا تاوەکوو ئوممەتی ئیسلام سوودی لێ وەربگرێت، جا هەر خۆی ئەفەرمووێت: "ئەو پیاوانەی کە لە زۆربەی بە سەرهاتەکان ڕیوایەتیان کردووە (واتە: بەسەر هاتەکانی نێو ئەم کتێبەم) ئەوە من وا گومان ئەبەم خوای گەورەش زاناترە ئەگەر بێت و ئیمامی بوخاری زیندووبایە ئەوە ئەم پیاوانە ئەبوونە سەنەدی فەرموودەکانی لە ڕیوایەتەکانی"[٤٣١].

شێخ عبد الله عززام ئەفەرمووێت: خەیاڵ محمد کە ئەکاتە زاوای جلال الدینی حەققانی بۆی گێڕامەوەو فەرمووی: "ئێمە شەست موجاهید ئەبووین، چل کەسمان

---

[٤٣٠] عبد الله یوسف عەززام کە بە ڕائیدی جیهادی ئەفغانی بەناوبانگە، (د١٩٤١ز_و١٩٨٩ز) لە فەلەستین لە دایك بووە، یەکێکە لە زاناو بانگخوازو موجاهیدەکان، وە یەکێکە لە پەیڕەوانی (إخوان المسلمین)، لە ساڵی (١٩٦٧ز) شەهادەی لیسانسی وەرگرتووە لە کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکانی دیمەشق بە پلەی زۆر باشە. وە لە ساڵی (١٩٧٠ز) شاهادەی ماستەری لە (أصول الفقه) لە کۆلێژی ئەزهەری میسڕ وەرگرتووە بە پلەی زۆر باشە، دوای ئەوە لە ساڵی (١٩٧١ز) گەڕایەوە ئوردن تاوەکوو لە کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان لە عەممانی پایتەخت وانە بڵێتەوە. ئینجا چۆوە میسڕ لە ساڵی (١٩٧٤ز) وە توانی دکتۆرا لە (أصول الفقه) بە دەست بێنێت، وە بە بڕیاری دادوەری سەربازی ئوردن دوورخرایەوە لە کاری وانەبێژی، ئەوەبوو چووە شاری جیددە لە سعودیە بۆ ئەوەی لە کۆلێژی مەلیك عبد العزیز وانە بڵێتەوە، وە لە نێوان ساڵەکانی (١٩٨٠ز_١٩٨٩ز) دەستی بە جیهاد کرد لەگەڵ موجاهیدانی ئەفغانی لە دژی ڕووس لە وڵاتی ئەفغانستان، ئەوەبوو لە کۆتاییدا لە شاری پیشاوەر لە نێو سەیارەکەی خۆیدا تیرۆر کرا. وە لە دوای خۆشی چەند کتێبێکی بەجێ هێشتووە، لەوانە: (تفسیر سورة التوبة، و آیات الرحمن في جهاد أفغان، عشاق الحور..... هتد). بڕوانە: (ویکیبیدیا موسوعة الحرة) لە ئینتەرنێت.

[٤٣١] آیات الرحمن في جهاد الأفغان (ل١٠٠).

**لە لایەك و بیست کەسی کەش لە لایەکی تر، جا هێزەکانی ڕووسی بەرەو ڕووی ئێمە ئەهاتن کە ژمارەیان نزیکەی ١٣٠٠ کەس ئەبوو، وە هەشتا دەببابەو ئالیات و ناقیلاتی سەربازیان لەگەڵ بوو، جا خەیاڵ محمد ئەفەرمووێت: منیش لە خوای گەورە پاڕامەوەو ئەم ئایەتەم خوێند ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَىٰ﴾[٤٣٢]، ئیتر چەنگە خۆڵێکم هەڵگرتوو ئەمەم لەسەر خوێند(شَاهَتِ الوُجُوه) واتە: (یاخوا ئەم ڕووانە ناشیرن بێت و بەریان کەوێت)، ئینجا بەرەو ڕووی دەببابەکانم هاوێشت، وە زۆر بە تاسەوە گریام، ئەمە دوای نوێژی نیوەڕۆبوو، جا یەکەم دەببابە هات و لەسەر پردەکە کەوتە خوارەوە دوای ئەوەی کە موجاهیدەکان بە ڕەششاشەکانیان گوللەکانیان تێ ئەگرتن، ئینجا موجاهیدێکی تر قونبلەیەکی بچووکی هاوێشتە تەنیش دەببابەیەکی تر ئەوەبوو قونبلەکە تەقیەوە، جا ڕووسە کافرەکان وایان گومان برد کەوا لە ژێر دەببابەکە لوغم ومین هەیە، ئەوەبوو دەببابەکە تۆزێ لە ناوەڕاستی ڕێگاکەوە دوورکەوتەوەو ئەیویست لا بدات و ئاڕاستەکەی بگۆڕێ کەچی خاکی ژێری ڕەق نەبوو، ئەوەبوو بەهۆیەوە دەببابەکە لار بوویەوەو کەوت و ڕێگای دەببابەکانی تریشی گرت، ئیتر سەربازە**

---

[٤٣٢] سورة الأنفال آية ١٧. واتە: ئەی محمد ﷺ تۆ ئەو مشتە خۆڵەت کە هاوێشت بەرەو ڕووی کافرەکان لە جەنگی بەدردا لە حەقیقەتدا تۆ نەت هاوێشت بەڵکوو ئەوە ئێمە بووین هاوێشتمان بەرەو ڕوویان و تۆمان سەرخست، محمدی کوڕی کەعبی قوڕەزی ئەفەرمووێت: لە ڕۆژی بەدر کە موسڵمانەکان و کافرەکان لە یەك نزیکبوونەوە پێغەمبەری خوا ﷺ چەنگە خۆڵێکی لە مشت گرت و بەرەو ڕووی دوژمنەکانی هاوێشت، وە فەرمووی: (شَاهَتِ الوُجُوه)، واتە: یاخوا ئەم ڕووانە ناشیرین بێت، ئیتر دوای ئەوە هاوەڵەکان کافرەکانیان ئەکوشت و ئەوانیان بەدیل ئەگرت، جا هۆکاری شکانەکەیان هاوێشتنی ئەو چەنگە خۆڵە بوو) هەر بۆیەش خوای گەورە پێی فەرموو: "تۆ نەت هاوێشت بەڵکوو ئەوە ئێمە بووین هاوێشتمان". ئیبن و جەریر لە (تفسیر الطبري)(ب١٣_ل٤٤٤_ژ١٥٨٢٣) مطبعة مكتبة ابن تيمية. ڕیوایەتی کردووە. وە هەیثەمی ئەفەرمووێت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو سەنەدەکەشی حەسەنە"، بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب٦_ل٨٤). ئیتر ئەو موجاهیدە ئەفغانیە نیەت پاکەش وەکوو پێغەمبەری خوای کردووە هەر بۆیە خوای گەورەش سەری خستوونە بەسەر ڕووسی کافرو ملهوڕ.

ڕووسەکانیش لە سەیارە سەربازیەکانیان دابەزین و خۆیان تەسلیم کرد. وە غەنیمەتێکی گەلێك زۆریان وەدەستکەوت[٤٣٣].

وە هەروەها ئیبن و قەیم ئەفەرمووێت: "زیکر کردن و بیرکردنەوە دوو پلەن کەوا جۆرەها مەعریفەت و ڕاستیەکانی ئیمان و ئیحسان بەرهەم ئەهێنێ، جا کەسی عاریف و خواناس بەردەوام ئەبێت لە بیرکردنەوە لەسەر زیکرەکانی، وە لە زیکر کردن لەسەر بیرکردنەوەکانی هەتاوەکوو قوفڵی دڵی ئەبێتەوە بە ویستی فەتتاح و عەلیم"، وە حەسەنی بەصرِی ئەیفەرموو: "کەسانی زانستخواز بەردەوام خۆیان ڕائەهێنن بە زیکرکردن لەسەر بیرکردنەوە، وە بە بیر کردنەوە لەسەر زیکر کردن، وە قسە لەگەڵ دڵەکان ئەکەن هەتاوەکوو ئەو کاتەی دەست بە گوفتار ئەکات"[٤٣٤]. واتە: هەتاوەکوو دڵ دێتە گوفتارو بینین و دەرگای بەسەردا ئەکرێتەوە، جا مەبەستی هەردووکیان هەریەکە کە ئەویش گەیشتنە بە زانستی دڵ، بۆیە هیچ تەئویل و پینەو پەڕۆی ناوێ بۆ وتەکانیان ئەمە شیعرو بەخشان نیە

[٤٣٣] آيات الرحمن في جهاد الأفغان (ل١٢٩). ئەمەم بۆیە هێنا تا بزانین ڕەحمەتی خوای گەورە هەر باقیە بۆ سەر بەندە چاکەکارو نیەت پاکەکانی، ئەو گەلە کۆمەڵە خەڵکێکی سڤیل و بێ گوناح بون، ئیتر بۆ ئەوەی بەرگری لە دین و شەرەف و شتە پیرۆزەکانی خۆیان بکەن، بەرامبەر دەسەڵاتدارارە شوعیە کافرەکان وەستان، کەچی ڕووسی ملهوڕیش ماددی و مەعنەوی و سەربازی بەرگری لەو دەسەڵاتە ئەکرد لە دژی گەلی ئەفغانی، ئیتر نزیکەی ١٥ ساڵ زیاتر شەڕبوو لە نێوان گەلی ئەفغان و ڕووس، هەرچی کاولکاری بوو بەسەر ئەم گەلە موسڵمانەیان هێنا، تەنیا یەك تاوانیان هەبوو ئەویش ئەیان گوت: (ربنا الله) خوای گەورە پەروەردگارمانە، بە بەرچاوی هەموو دەوڵەتە زلهێزەکانەوە ئەم ولاتەیان وێران کردو خەڵکەکەیان شەهید ئەکرد، وە بە ملیۆن خەڵکیشیان ئاوارەو پەڕاگەندەی ولاتان کرد، ئاخر چۆن خوای گەورە ئەو نیەت پاکانە سەرناخات و کەرامەتیان بۆ وەدەرناخات، تاوەکوو بۆیان دەرکەوێ ئەی گەلی ئەفغان ئێوە لەسەر حەقن و بەردەوام بن لە کاروانی خۆتان. خوای گەورە ئەو کافرو ملهوڕانە لە ناو ببات بۆ خاتری گەورەیی خۆی. دانەر
[٤٣٤] مدارج السالكين (ب١_ل٤٤١).

بەڵكوو حەقیقەتە خۆیان بە كردار پێی گەیشتوون و سەلماندوویانە بۆیە دانی پێدا ئەنێن.

وە هەروەها شێخ سەعید حەوا ﵀ ئەفەرموویت: "خوای گەورە بەو جۆرە وەصفی مەریەمەی دایكی حەزرەتی عیسامان بۆ ئەكات ئەفەرموویت: ﴿مَّا ٱلۡمَسِيحُ ٱبۡنُ مَرۡيَمَ إِلَّا رَسُولٞ قَدۡ خَلَتۡ مِن قَبۡلِهِ ٱلرُّسُلُ وَأُمُّهُۥ صِدِّيقَةٞ﴾[435]، واتە: حەزرەتی عیسا كە ئەكاتە كوڕی مەریەمە هیچ نیە تەنیا پێغەمبەرێكە وەكوو پێغەمبەرەكانی پێشووتر واتە: نە خودایەو نە كوڕی خوایەو نە نیوەشی خوایە، وە دایكیشی لە ڕاستگۆیەكان بوو. وە هەروەها لە شوێنێكی تردا ئەفەرموویت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا﴾[436]، واتە: ئەوەی گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی بكات ئەوە لە ڕۆژی دوایی لەگەڵ ئەو كەسانەیە كە خوای گەورە نیعمەت و چاكەی خۆی بەسەرا ڕشتوون ئەویش پێغەمبەرەكان و ڕاستگۆیەكان و شەهیدەكان و چاكەكارەكانە. جا ئەمانە چەند پلەیەكن لای خوای گەورە، بۆیە بە پێی دەقەكانی ئەم دوو ئایەتە حەزرەتی مەریەمە لە ڕاستگۆیەكانەو پلەی ڕاستگۆیەتی هەیە نەك پێغەمبەرایەتی، چونكە خوای گەورە هیچ پێغەمبەرێكی ئافرەتی ڕەوانە نەكردووە بۆ مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو هەروەك ئەفەرموویت ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِم مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰٓ﴾[437]، واتە: (ئەی محمد ﷺ لە پێش تۆدا هیچ پێغەمبەرێكمان بۆ ئەو شارو وڵات و دێهاتانە ڕەوانە

[435] سورة المائدة آية ٧٥.
[436] سورة النساء آية ٦٩. ئایەتەكە خۆم زیادم كردووە ئەو نەیهێناوە.
[437] سورة یوسف آية ١٠٩.

نەکردووە غەیری پیاو نەبێت، بۆ ئەوەی وەحی خۆمان بەسەریدا دابەزێنین). جا مەبەستی من لێرەدا ئەوەبوو کەوا حەزرەتی مەریەمە لە پلەی ڕاستگۆیەتیە بۆیە خوای گەورە چۆن کەرامەتی لەسەر دەستی پیشان ئەدات و دەری ئەخات، وە چۆن فریشتەکان قسەیان لەگەڵ کردووە، ئەوەتا ئەفەرموویت ﴿وَإِذۡ قَالَتِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَٰمَرۡيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصۡطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾[٤٣٨]، واتە: ئەی محمد ﷺ ئەوە وەبیر ئیمانداران بهێننەوە کە چۆن فریشتەکانی ئێمە قسەیان لەگەڵ مەریەمە کردو پێیان فەرموو: ئەی مەریەم خوای گەورە تۆی هەڵبژاردووەو پاکی کردوویتەوە لە هەموو پیسیەکی دەرەوەو ناوەوە، وە تۆشی هەلبژارد بە سەر ئافرەتانی سەردەمی خۆت. وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموویت: ﴿فَٱتَّخَذَتۡ مِن دُونِهِمۡ حِجَابٗا فَأَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرٗا سَوِيّٗا ﴿١٧﴾ قَالَتۡ إِنِّيٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحۡمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيّٗا ﴿١٨﴾ قَالَ إِنَّمَآ أَنَا۠ رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَٰمٗا زَكِيّٗا ﴿١٩﴾﴾[٤٣٩]، واتە: مەریەمە لەو شوێنە بوو کە خوای گەورە بە ڕۆژهەڵاتی ناوبردووە، جا لەوێدا دوور لە کەس و کاری خۆی و خەڵکی خوای گەورە شاردیەوەو بە پەنهانی ڕۆحی خۆمان کە جوبریلە لەسەر شێوەی مرۆڤێکی نوورانی و ڕێك بۆ ڕەوانە کرد، ئەوە بوو مەریەمەش فەرمووی: "پەنا ئەگرم بەخوای میهرەبان لە تۆ ئەگەر کەسێکی خاوەن تەقوای لەوەی کەوا مەبەستێکی خراپت هەبێت لەگەڵ من"، ئەویش فەرمووی: "من تەنیا ڕەوانەکراوێکی لای

[٤٣٨] سورة آل عمران آية ٤٢.

[٤٣٩] سورة مريم آية ١٧_١٨_١٩.

**پەروەردگاری تۆم تاوەکوو ڕۆڵەیەکی پاکت بە ویستی خۆی پێ ببەخشم"[٤٤٠]. وە هەروەها سەبارەت بە دایکی موساش خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ فَإِذَا خِفۡتِ عَلَيۡهِ فَأَلۡقِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحۡزَنِيٓۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيۡكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ﴾[٤٤١]، واتە: لەو کاتەی کەوا حەزرەتی موسا لە دایك بوو نەوەکا بیکوژن چونکە فیرعەون بڕیاری کوشتنی هەر کوڕێکی دابوو ئەگەر تازە لە دایك بوو بیکوژن، جا خوای گەورەش وەحی و ئیلهامی خۆی خستە دڵی دایکی موسا کەوا با شیری پێ بدا، جا ئەگەر ترسی لێ هەبوو ئەوە بیخاتە نێو صندوقێکەوەو پاشان بیخاتە نێو دەریاوە، وە با ترسیش نەیگرێ و غەمباریش نەبێ لەوەی کەوا گومانی ئەوە ببات کەوا ڕۆڵەکەی شتێکی بەسەر دێت، نەخێر ئێمە خۆمان ئەیگێڕینەوە بۆ لای، وە ئەیکەینە پێغەمبەرێکی خۆمان وەکوو پێغەمبەرانی ڕابووردو. قەتادە ئەفەرمووێت: "ئەمە وەحی بوو لە لایەن**

---

[٤٤٠] ئیمامی تەبەڕی ئەفەرمووێت: لە قیڕائەتی ئەبو عەمری کوڕی عەلاء بەو جۆرە خوێندراوەتەوە (لِيَهَبَ لَكِ غُلاماً زَكِيًّا)، واتە: (من تەنیا ڕەوانەکراوێکی لای پەروەردگاری تۆم تاوەکوو ڕۆڵەیەکی پاکت بە ویستی خۆی پێ ببەخشێ)، ئەمە حیکایەتە واتە: لە بری خوای گەورە گوفتارەکەی کردووە، بەڵام ئەوەی صەواب بێت ئەوەیە (لِأَهَبَ)کە لە موصحەفی موسڵمانانداهاتووە، وە زاناکانیش لە کۆن و نوێوە لەسەری هاوڕان جگە لە قیڕائەی عەمری کوڕی عەلاء نەبێت، ئیتر دروست نیە پێچەوانەی ئەوانە بێت کەوا لەسەری یەکدەنگن. بڕوانە: (تفسیر الطبري) (ب١٥_ل٤٨٨). خۆشەویستان نەکەی گومانی خراپ ببەی بە مەڕیەمە، کاری خوای گەورە وا هاتووە هەموو شتەکانی بە هۆکارە، جا جوبریل فووی بە مەڕیەمەدا کردوو دووگیان بوو بەویستی خوای گەورە، ئەمەش ئاساییە هەروەك چۆن خوای گەورە ڕۆحی بەبەر ئادەمدا کرد کە قوڕ بوو، ئەمجارەیان گەورەمان عیسای خوڵقاند بێ ئەوەی لاشەکەی لە وجوود ئامادە بێت، جا ئێمەو گشت مرۆڤەکانی تریش ئا بەو شێوەیەین، بەڵام ئەوەی ئەو موعجیزەیە هەر بۆیەش دیانەکان گومڕا بوون لەوەوە هەندێکیان گوتیان عیسا خوایە، وە هەندێکی تریش گوتیان کوڕی خوایە، وە هەندێکی تریشیان گوتیان نیوەی خوایە، لە فەلسەفەی ئەواندا ئەوە هەیە کەوا خوای گەورە بۆ ئەوەی خۆی دەربخات ئەوە لەسەر شێوەی عیسا خۆی دەرخست. أستغفر الله بۆ ئەو گومڕاییە پەنا بەخوا.

[٤٤١] سورة القصص آية ٧. ئایەتەکە خۆم زیادم کردووە ئەو نەیهێناوە.

خوای گەورەوە خستیە نێو دڵی دایکی موسا، جا ئەمە وەحی پێغەمبەرایەتی نیە"[442]. ئیتر لەو بەڵگانەوە بۆمان دەرکەوێ کەوا ئەکرێ و مومکینە لە ڕووی شەرعەوە خوای گەورە فریشتەکانی خۆی بۆ غەیری پێغەمبەرانی خۆی وەدەربێخێ، بە جۆرێکی وا کە ببینرێن یاخود گوێیان لێ ڕابگیرێت (واتە: شتیان لێوە ببیسترێت)، جا ئەم حاڵەتە پێی ئەگوترێت: (کەشف و کەرامەت)[443]. وە هەروەها دووبارە شێخ سەعید حەوا ئەفەرمووێت: "ئەگەر سەیری دەقەکانی سوننەت بکەین ئەکرێ کەشف ڕوو بدات وە نموونەشمان دەست ئەکەوێت لە ژیانی هاوەڵان و مێژووی تەصەوفی ئیسلامی تەحقیقکراو کە پڕە لە فەرموودە لەو بەسەرهاتانەی کەوا ڕوویانداوە، وە ئەگەر کەسێك ژیاننامەی غەزالی و ئەوەی کە نوسیویەتی بخوێنێتەوە ئەزانێ کەوا کەسێکی باوەڕ پێککراوە، وە بۆ چوونی زۆرینەش لەسەر ئەمەیە ئەوەی بۆ ئیمامی غەزالی ڕوویداوە یاخود لەوانەی وەکوو خۆی نەقڵی کردووە ئەمەش بەڵگەیەکی بەسە بۆ کەسێکی خاوەن ئینصاف، کەوا غەزالی پیاوێکی ڕاستگۆیە لای زۆرینەی زانایانی ئوممەت"[444].

وە هەروەها خۆشەویستان ئەبو ئومامە رضي الله عنه بۆمان ئەگێڕێتەوەو ئەفەرمووێت: لە ڕۆژێکی گەرمدا پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای گۆڕستانی بەقیعی غەرقەددا تێپەڕی، وە خەڵکیش بە دوایەوە ئەڕۆیشتن، جا کاتێك گوێی لە دەنگی نەعلەکان بوو کەوتە دڵیەوەو دانیشت، ئەوەبوو خەڵکەکەش کەوتنە پێشیەوە، لەو کاتەی کە بەلای گۆڕستانی بەقیع تێپەڕی بە لای دوو گۆڕدا ڕابوورد، کە

---

[442] ئەم ئەسەرەم خۆم زیادم کردووە ئەو نەیهێناوە. بڕوانە: (تفسير الطبري) (ب١٨_ل١٥٦).

[443] تربيتنا الروحية للشيخ سعيد الحوى (ل١٦٣).

[444] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ئەم ئەڵێ زۆرینە بەڵکوو گشت زانایانی ئوممەتی ئیسلام لەسەری هاوڕان جگە لە تاك تاکەی زانا عەقڵ سنوردارەکان نەبێت.

**دوو پیاوی تیادا نێژرابوو، ئەوەبوو پێغەمبەری خواش ﷺ ڕاوەستاو فەرمووی: ئیمڕۆکە کێتان لێرە شاردووەتەوە؟ فەرموویان: فلاَن و فلاَن، گوتیان: بۆ چی بووە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ ئەویش فەرمووی: یەکێکیان بەهۆی ئەوەی کە خۆی پاك و خاوێن نەئەکردەوە لە کاتی میز کردن، وە ئەوەکەی تریش ئەڕۆیشت بۆ نەمیمی کردن (واتە: تێکدانی نێوان خەڵك بە قسە هێنان و بردن)، ئەوەبوو لقە دارێکی تەڕی کردە دوو کەرت و لەسەر گۆڕەکانیانی چەقاند، جا گوتیان: لەبەرچی وات کرد ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: بۆ ئەوەی لەسەریان سووك بێت، ئەوانیش فەرموویان هەتا کەی سزا ئەدرێت؟ فەرمووی: ئەوە غەیبە کەس نایزانێ جگە لەخوای گەورە نەبێت، وە ئەگەر بەهۆی گۆڕانی دڵتان و زیاد کردنتان لە قسە کردن نەبوایە ئەوە ئەتان بیست لەوەی کە من ئەیبیستم)[٤٤٥].**

**(واتە: سزا ئەدران بەهۆی ئەو دووشتە پیسەوە بۆیە وای کرد تاوەکوو سزایان**

---

[٤٤٥] حەسەنە. بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٦٠٥٢_٧٤٧١)، وە ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٩٢) لە ئیبن و عەباسەوە ڕیوایەتیان کردووە بە کورتی ئەو زیادەیەی تێدا نیە کە ئەفەرمووێت: (ئەگەر بە هۆی گۆڕانی دڵتان و زیاد قسەکردنتان نەبوایە.....). ئیمامی مونذری لە (الترغیب والترهیب)(ژ٢٦٢) ئەفەرمووێت: "ئیمامی ئەحمەدو ئیبن و ماجە ڕیوایەتیان کردووە، وە لەفزەکەش هی ئەحمەدە". وە ئەحمەد زین ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی حەسەنە، وە فەرموودەکەش صەحیح و بەناوبانگە لە صەحیحەین کەوا سزا ئەدران"، بڕوانە: (مسند أحمد بتحقیق الشیخ أحمد شاکر وأحمد زین)(ب١٦_ل٢٦٢_ژ٢٢١٩٣). وە تەبەڕانیش لە (معجم الکبیر)(ب٨_ل٢٥٧_ژ٧٨٦٩) لە ئەبو ئومامەی باهیلیەوە ڕیوایەتی کردووە. وە ئەلبانیش ئەفەرمووێت: "زەعیفە بەلاَم ناوەڕۆکی بەسەرهاتەکە جێگیرە لە صەحیحەین"، بڕوانە: (ضعیف الترغیب والترهیب)(ژ١٢٢). وە هەیثەمی ئەفەرمووێت: "ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە، جا لە سەنەدەکەی عەلی کوڕی یەزیدی کوڕی عەلی ئەلهانی تێدایە ئەویش لە قاسمەوە کە هەردووکیان زەعیفن"، بڕوانە: (المجمع الزوائد)(ب١_ل٢٠٨_ژ١٠٢٨). منیش ئەڵێم: ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت: "قاسمی کوڕی عبد الرحمانی دیمەشقی کە هاوەڵی ئەبو ئومامەیە پیاوێکی ڕاستگۆیە، وە فەرموودەشی بەزۆری غەریبە، وە لە چینی سێیەمە"، بڕوانە: (التقریب التهذیب)(ب١_ل٧٩٢_ژ٥٥٠٥).

لەسەر سووك بكرێتەوە، وە بۆچی داری تەڕی دانا سەر گۆڕەكانیان زاناكان ئەفەرموون: چونكە دارەكە هێشتان نەمردووەو زیندووە، جا مادەم زیندوو بێت ئەوە زیكری خوای گەورە ئەكات، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ﴾[٤٤٦]، واتە: هەرچی وا لە ئاسمانەكان و زەویەكاندا هەیە گشتی زیكرو تەسبیحاتی خوای گەورە ئەكەن، ئەمجارە شتەكەی ورد تر كردەوەو ئەفەرمووێت: هەر شتێك كە لەم گەردوونەدا بوونی هەیە ئەوە تەسبیحات و سوپاسگوزاری خوای گەورە ئەكەن، بەلاّم ئێوە پەی بەو زیكر كردنەی ئەوان نابەن، جا ئەگەر بە تێگەیشتنێكی گشتی وەری بگرین ئەوە هەرچی زەڕڕە هەیە لەم گەردوونە زیكرو تەسبیحاتی خوای گەورە ئەكات والله أعلم.

وە هەروەها ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر كەشف و ڕوودانی دەركەوتنی شتی غەیبی، ئەوەتە هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەرمان ﷺ حەزرەتی حەنزەڵە رضي الله عنه بۆمان ئەگێڕێتەوەو ئەفەرمووێت: (لَقِيَنِي أَبُو بَكْرٍ رضي الله عنه فَقَالَ: كَيْفَ أَنْتَ يَا حَنْظَلَةُ؟ قَالَ: نَافَقَ حَنْظَلَةُ، قَالَ: سُبْحَانَ اللهِ مَا تَقُولُ؟ قَالَ: قُلْتُ: نَكُونُ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ يُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالجَنَّةِ، حَتَّى كَأَنَّا رَأْيُ عَيْنٍ، فَإِذَا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ

[٤٤٦] سورة الإسراء آية ٤٤. سەید مەحمود لە باوكی خۆیەوە كە ناوی سەید سەعید جەلال بەرزنجیە لە هەولێر بۆی گێڕامەوە: كەوا ڕۆژێكیان باوكی لە لای بازاڕی قەیسەری هەولێر ئەبێت و تەنكەری ئاوێی پێ ئەبێت، جا خەریكی سۆندەكانی تەنكەرەكە ئەبێت سبحان الله بۆ لای دەرگای سەیارەكەی ئەڕوات ناوی الله ئەبیستێت، وە بۆ لای سۆندەكە ئەڕوات ناوی الله ئەبیستێت، زۆری پێ عەجیب ئەبێت، خوایە ئەم دەنگە لە كوێوە دێت، لە كۆتاییدا ئەبینێ كابرایەك لە دووری ئەو بێ ئەوەی دەنگی هەڵبڕێ زیكرو تەسبیحاتی خوای گەورە ئەكات، ئەوەبوو پیاوەكە لە دوورەوە سەیری سەید سەعیدی كردبوو بە ئاماژە پێی گوتبوو كە بێ دەنگ بێت و بڕوات. الله أكبر. دانەر

عَافَسْنَا[٤٤٧] الأَزْوَاجَ وَالأَوْلادَ وَالضَّيْعَاتِ[٤٤٨]، فَنَسِينَا كَثِيرًا، قَالَ أَبُو بَكْرٍ: فَوَاللهِ إِنَّا لَنَلْقَى مِثْلَ هَذَا، فَانْطَلَقْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ، حَتَّى دَخَلْنَا عَلَى رَسُولِ اللهِ µ قُلْتُ: نَافَقَ حَنْظَلَةُ يَارَسُولَ اللهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: "وَمَا ذَاكَ" قُلْتُ: يَارَسُولَ اللهِ نَكُونُ عِنْدَكَ، تُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالجَنَّةِ، حَتَّى كَأَنَّا رَأْيُ عَيْنٍ[٤٤٩]، فَإِذَا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدِكَ، عَافَسْنَا الأَزْوَاجَ وَالأَوْلادَ وَالضَّيْعَاتِ، نَسِينَا كَثِيرًا، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: "وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنْ لَوْ تَدُومُونَ عَلَى مَا تَكُونُونَ عِنْدِي، وَفِي الذِّكْرِ، لَصَافَحَتْكُمُ المَلائِكَةُ[٤٥٠] عَلَى فُرُشِكُمْ وَفِي طُرُقِكُمْ وَلَكِنْ يَا حَنْظَلَةُ سَاعَةً وَسَاعَةً" ثَلاثَ مَرَّاتٍ)[٤٥١]، واته:

---

[٤٤٧] المعافسة: چاككردنەوەو تێكەڵ بوون، واتە: كاتێك ئەوان لای پێغەمبەری خوا µ دەرئەچن ئەوە سەرقاڵ ئەبن بە ماڵ و منداڵ و ئیش و كار، وە واز لەو حاڵەتە پیرۆزە ئەهێنن كە كاتێك لە خزمەتی پێغەمبەری خوان ﷺ. بۆیە حەنزەڵە وا گومانی برد، كەوا جیاوازی لە نێوان ئەو دوو حاڵەتە بەشێكە لە دووڕوویی. ئەم پەراوێزە هی جەنابی شێخ عەباسە لە كتێبی ئیسلام و پایەكانی كامڵ بوون وەرم گرتووە، كە یەكێكە لە وەرگێڕدراوەكانی خۆم.

[٤٤٨] الضَّيْعَاتُ: كۆی ضَيْعَةَ، ئەویش زەوی و زارە، وە ئەكرێ بخوازرێت بۆ ژیان و گوزەرانی پیاو لە ماڵ یاخود پیشە یاخود كارگە. ئەمەش هەر هی جەنابی شێخە لەوێ وەرم گرتووە.

[٤٤٩] ئیمامی مەنناوی لە (التیسیر بشرح الجامع الصغیر)(ب٢/ل٣٠٥ ، ل٣٠٦) دا ئەفەرموێت: "واتاكەی: "ئەگەر ئێوە لە ژیان و گوزەران و حاڵی خۆتان وەكوو ئەو حاڵەتەی لای من بێت، ئەوە فریشتەكان لەگەڵتان ئەمێننەوە، لەبەر ئەوەی حاڵەتی ئێوە كاتێك لای من ئەبن حاڵەتی شەیدایی و خۆشەویستیە، چونكە ئەوەی دەستیان ئەكەوێت لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ پێچەوانەی ئەو پەیمان پێدراوەیە كە لە كاتی بینینی ماڵ و منداڵدایە، چونكە لەگەڵ ئەودا پاشای حەق ئەبینن".

[٤٥٠] واتە: تەوقە كردن و بینینە، ئەگینا فریشتەكان تەوقە لەگەڵ ئەهلی زیكردا ئەكەن، لەبەر ئەوەی حاڵەتەكەیان كە لای ئەوون حاڵەتی ترسانە لە خوای گەورە، ڕێگاكانیش تایبەت كران لەبەرئەوەی شوێنی بێ ئاگابووەكانە، جا ئەگەر بێت و لە ڕێگاكان تەوقەیان لەگەڵ بكەن ئەوە لە شوێنی تر شایان ترە، كەمالی كوڕی ئەبو شەریف ئەفەرموێت: "ئاماژە كردن بەو (فەرموودەیە) بۆ چۆنیەتی (حاڵەتەكان)كراوە بەهۆی توش بوونی بێ ئاگاییەكان، بۆیە ئاگاداری كردوونەتەوە كەوا بێ ئاگایی ئەیاندزێتەوە لەو كاتەی كە لای ئەو نین وە ئەیانپارێزێت بەهۆی ئامادەبوونی. ئەمەش هەر هی جەنابی شێخە لەوێ وەرم گرتووە.

[٤٥١] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٧٥٠). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٥١٤). ڕیوایەتیان كردووە، وە ترمذی ئەفەرموێت: "فەرموودەیەكی حەسەن و غەریبە". وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل٥٩٢_ژ١٩٤٨).

حەنزەڵە ﵁ ئەفەرموویت: ئەبو بەکر پێم گەیشت و فەرمووی: ئەی حەنزەڵە تۆ چۆنی؟ منیش وتم: حەنزەڵە موونافیق بووە، فەرمووی: سبحان الله ئەوە چی ئەڵێی؟ وتم: کاتێك لای پێغەمبەری خوا ئەبین ﷺ، ئاگری دۆزەخ و خۆشیەکانی بەهەشتمان بۆ باس ئەکات، وەك بڵێی ئێمە بەچاو ئەو شتانە ئەبینین، جا کاتێکیش کە لە خزمەتی ئەڕۆین، تووشی سەرقاڵی ماڵ و منداڵ و ئیش و کار ئەبین، بۆیە زۆری لە بیر ئەکەین لەو شتانەی کە بۆمان باس ئەکرێت، ئەبو بەکر فەرمووی: سوێند بە خوا ئێمەش لەوەمان تووش ئەبێت، جا من و ئەبو بەکر ڕۆیشتین، هەتاوەکوو چووینە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ حەنزەڵە موونافیق بووەتەوە، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: "بۆ چی بووە؟" وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ لای تۆ ئەبین باسی ئاگری دۆزەخ و خۆشیەکانی بەهەشتمان بۆ ئەکەی، وەك بڵێی ئێمە بەچاو ئەو شتانە ئەبینین، جا کاتێکیش کە لە خزمەتی تۆ ئەڕۆین، ئەوە توشی سەرقاڵی ماڵ و منداڵ و ئیش و کار ئەبین، بۆیە زۆری لە بیر ئەکەین لەو شتانەی کە بۆمان باس ئەکرێت، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: "سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە، ئەگەر بێت و ئێوە بەردەوام بن لەسەر ئەو حاڵەی کە هەتانە کاتێك لە لای من ئەبن، وە لەو زیکرکردنەشتان، ئەوە فریشتەکان تەوقەتان لەگەڵ ئەکەن لە کاتێك دا ئێوە لەسەر جێگا و ڕێگاکانی خۆتانن، بەڵام ئەی حەنزەڵە کاتێك بۆ ئەوە کاتێکیش بۆ ئەوە، سێ جاران ئەمەی دووبارە کردەوە).

وە هەروەها لە هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ ئوسەیدی کوڕی حوضەیرەوە ﵁ گێڕدراوەتەوە کەوا ئەفەرموویت: (لە کاتی شەودا خەریکی خوێندنی سووڕەتی (البقرة) بووە، وە ئەسپەکەشی بەسترابۆوە لای خۆی، جا لە

ناكاو ئەسپەكەی حاڵی تێكچوو، ئەویش وازی لە خوێندنەوەكە هێنا، ئەسپەكەش بێ دەنگ بوو حاڵی وەكوو جارانی لێ هاتەوە، دووبارە دەستی بەخوێندن كردەوە، ئەسپەكەش حاڵی تێكچۆوە، كە وازی لە قورئان خوێندن هێنا ئەسپەكەش بێ دەنگ بۆوە، ئەمجارەش دەستی بەخوێندن كردەوە ئەسپەكەش حاڵی تێكچۆوە، جا لەوە ترسا نەوەك شتێك لە یەحیای كوڕی بكات چونكە لە نزیك ئەسپەكە خەوتبوو، بۆیە كوڕەكەی لەوێ لا بردو سەیری ئاسمانی كرد شتانێكی بینی، جا بۆ بەیانی چووە خزمەت پێغەمبەری خواﷺ، وە بەسەرهاتەكەی بۆ باس كرد، ئەوەبوو پێغەمبەری خواشﷺ فەرمووی: بتخوێندایە ئەی كوڕی حوضەیر بتخوێندایە، ئەویش فەرمووی: دڵم بە یەحیای كوڕمەوە بوو لەوە ترسام كەوا بە سەری كەوێت چونكە لە نزیكی ئەو بوو، جا كاتێك سەرم بەرز كردەوە بۆ ئاسمان شتانێكم بینی كە لە شێوەی چراو ڕووناكی ئەچوون وەكوو هەور وابوون، ئەوەبوو هەتا ڕۆیشتن و لەبەر چاوم ون بوون، پێغەمبەری خواشﷺ فەرمووی: ئەمانە فریشتەكان بوون لەبەر دەنگی قوڕئان خوێندنەكەی تۆ نزیك ببوونەوە، جا ئەگەر بێت و بتخوێندایە ئەوە بەیانی دا ئەهات و خەڵكیش سەیریان ئەكردو نە ئەشاردرانەوە لەوان)[٤٥٢]

فەرمایشتەكان ڕوونن، ئەمانە هۆنراوەو پەخشان نین، بۆ گەیشتن بەو حاڵە پێغەمبەری خواﷺ دوو مەرجی داناوە بۆ بینینی ئەو شتانە، وە لە فەرمایشتەكەی ئەبو ئومامە لەسەر گۆڕستان، وە فەرموودەكەی حەنزەلەش لەوێش دوو مەرجی داناوە.

---

[٤٥٢] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاري)(ژ٥٠١٨). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٧٩٦) ڕیوایەتیان كردووە. وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (صحیح الترغیب والترهیب)(ژ١٤٣٠).

١. هاوەڵایەتی میراتگرێکی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە خاوەن تەوەججوهی ڕۆحی بێت، هەروەکوو چۆن هاوەڵەکان لەگەڵ پێغەمبەری خوا بوون ﷺ.

٢. بەردەوامی زیکرکردن و خۆ دوور خستنەوە لە قسەی دونیایی و بێ مانا، تاوەکوو دڵ لەسەر حاڵەتی زیکرو حوزوور بمێنێتەوەو گۆڕانی بەسەردا نەیێت، جا ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر ئەم حاڵە ئەو کاتە هەموو گیانی ئەبێتە نوور بۆیە خوای گەورەش ڕێزی لێ ئەنێ شتی پێ نیشان ئەدات و شت ئەبیستێ، بەڵام مەبەست بە زیکردن و خواپەرستی بۆ ئەوە نیە تاوەکوو شت ببینێ یاخود ببیستێ چونکە ئەگەر هەر کەسێك ئەو نیەتەی هەبێت ئەوە شیرکەو زیکرەکەی بۆ خوا نیە، چونکە کەرامەت کاتێ دەرئەخرێ کە خەڵکی ئیمانیان زەعیف بێ، جا ئەگەر شتێکیش لەو جۆرە دەرکەوت ئەوە خۆتی پێوە خەریك ناکەیت، جا باشترین شت بۆ ئەوەی مرۆڤ لەسەر ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بڕوات وا باشە بچێتە خەڵوەوە، یاخود هەر لەماڵەوە بێت کەم دەربچێت مەگەر بۆ کاری ژیانی خۆی یاخود سەردانێکی شەرعی تاوەکوو دڵی لە خوا غافڵ نەبێت.

گومانێکی کاڵفامانە کە ئەڵێن کاکە ئەوەی تۆ ئەیڵێ ئەوانە هاوەڵی پێغەمبەری خوان ﷺ، کەس ناتوانێ بگاتە ئەو پلەیە، ئەمە ئەو پەڕی نەزانین و سنوور بەزاندنە بۆ کاروباری خوا، چونکە خوای گەورە ئەفەرمووێت ﴿وَٱللَّهُ يَخۡتَصُّ بِرَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ﴾[٤٥٣]، واتە: خوای گەورە میهرەبانی تایبەتی خۆی ئەبەخشێ بەو کەسەی کەوا ویستی لێیەتی، بۆیە تایبەتی

[٤٥٣] سورة البقرة آية ١٠٥.

ئەكات بەو ڕەحمەتە، چونكە خواى گەورە خاوەن فەزڵ و بەخششییێكی مەزنە. بۆیە گەیشتن بە پلەی فیڕاسەت و كەڕامەت ئەوە بەخششی خوای گەورەیە، خۆ ئێوە دابەشی ناكەن بەسەر ئوممەت، ئەوە كاری ئێوە نیە، بەڵكوو كاری خوای گەورەیە، بۆیە برەك ئەدەب بگرن خۆتان تێكەڵی كاری خوایەتی مەكەن. وە میهرەبانی خوای گەورە خۆ تایبەت نەكراوە بەس بە هاوەڵانەوە، تەنیا كەسێك تایبەتی كردووە ئەوە تۆی بەخۆت و بە نەفسەكەت و قیل و قالەكەت لە ناو گێژاو ماویەتیەوە پێت وایە ئەمانە كوفرو شیركە. وە ك گوتمان هەر كەسێك ئەو مەرجانە جیٚ بەجیٚ بكات ئەوە ئەگاتە ئەو حاڵەتە ئیتر حەز ئەكەی بەر لە قیامەت بێت، تایبەت نەكراوە بە كات و زەمەنەوە.

وەك لە پێشتریشدا ئەو فەرمایشتەمان هێنا كە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی ئیمامی عومەر فەرموویەتی (بەڕاستی لە پێش ئێوەدا كە سانێك هەبوون قسە لەگەڵ كراو ئیلهام بۆ كراو بوون، بەبیٚ ئەوەی پێغەمبەر بن، جا ئەگەر كەسێك هەبێت لە نێو ئەو ئوممەتەی مندا ئەوە عومەرە رضي الله عنه)، وە هەروەها لە فەرمایشتێكی تردا هاتووە: (خوای گەورە حەقی خستووەتە سەر زارو دڵی عومەر)[٤٥٤]. واتە لە پێش ئەم ئوممەتە كەسانێكی خاوەن فیڕاسەت هەبوونە، ئیٚ خۆ زانراوە ئەم ئوممەتە لە هەموو ئوممەتەكانی پێشوو تر گەورەترە، مەعقولە كەسی وا لە نێو ئەم ئوممەتە نەگاتە ئەم پلەیە، بۆیە حەزرەت فەرمووی ئەگەر كەسێك هەبیٚ

[٤٥٤] صەحیحە. ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٣٦٨٢). ڕیوایەتی كردووە. جا ئەفەرموویێت: "فەرموودەكە حەسەن و صەحیح و غەریبە". وە ئەلبانیش ئەفەرموویێت: "صەحیحە". بڕوانە: (صحيح الجامع الصغير)(ژ١٧٣١). وە هەیثەمی ئەفەرموویێت: "ئیمامی ئەحمەدو بەززارو تەبەڕانی ڕیوایەتیان كردووە، پیاوەكانی بەززار صەحیحن تەنها جەهمی كوڕی جەهم نەبێت كە متمانە پێكراوە". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب٩_ل٦٦_ژ١٤٤١٩).

لەم ئوممەتە ئەوە عومەرە، واتە کۆتایی بەشتەکە نەهێنا واتە: عومەریش لەگەڵ ئەو کەسانەیە ئەگەر پەیدابوون لە نێو ئەم ئوممەتەی مندا. جا شێخ سەعید حەوا ئەفەرموویێت: "لەم فەرمایشتانەوە ئەگەینە ئەو ئەنجامە کەوا ئەکرێ هەست بە هەندێك شتی غەیبی بکەین، وە ئەکرێ لە ڕێی ئیلهامەوە بکەوێتە دڵی موسڵمان، ئەم کاتە ئەم ئیلهامە ئەبێتە مامۆستاو بیرخەرەوەو ئاراستەکەر بۆ ئەو کەسە:"[٤٥٥].

وە هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیك بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا: دوو هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ئوسەیدی کوڕی حوضەیرو عەبادی کوڕی بیشر رضي الله عنهم) لە شەوێکی تاریکدا لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوون، وە شتێکیان لەگەڵ بوو وەك چرا وا بوو لە نێو دەستەکانیان، جا کاتێك لە یەکتری جیا بوونەوە چراکە بووبە دوو دانە بۆ هەر یەکێکیان هەتاوەکوو هاتنەوە ناو کەس و کاری خۆیان)[٤٥٦]. بەڵێ چرایەکی وەکوو نوور بۆ ڕووناکردنەوەی پێشیان خوای گەورە بۆی ڕاوەنەکردبوون.

وە هەروەها هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ عیمرانی کوڕی حوصەین ئەفەرموویێت: (سەلامم لێ ئەکرا هەتاوەکوو ئەوکاتەی سوتاندم، بۆیە وازیان لێم هێنا، پاشان وازم لە سوتاندنەکە هێنا ئەوەبوو گەڕانەوە). ئەمە ڕیوایەتی موسلیمە زۆر بەکورتی هێناویەتی، جا ئیمامی نەوەوی لە ڕوونکردنەوەی فەرموودەکە

---

[٤٥٥] تربيتنا الروحية (ل١٦٧).

[٤٥٦] صەحیحە. بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ٣٦٣٩_ژ٤٦٥). وە بەززار لە (مسند البزار)(ژ٧١٧٩). ڕیوایەتیان کردووە. بۆ ناوی ئەو دوو هاوەڵە بەڕێزەش بڕوانە: (شرح القسطلاني على الصحيح البخاري)(ب١_ل٤٥١_ژ٤٦٣).

ئەفەرموویت: "عیمرانی کوڕی حوصەین نەخۆشی بەواصیری[457] هەبوو ئەویش لەسەر ئەو ناخۆشیانە ئارامی ئەگرت، بۆیە فریشتەکانیش سەلامیان لیّ ئەکرد، جا کە جیّگای بەواصیرەکەی سوتاند ئەوەبوو فریشتەکان لەو پچڕان، بۆیە عیمڕانیش وازی لە سوتاندنەکە هیّناو ئەوانیش گەڕانەوەو دووبارە سەلامیان لیّ کردەوە"[458].

وە لە ڕیوایەتیّکی تردا قەتادە رضي الله عنه ئەفەرموویت: "فریشتەکان تەوقەیان لەگەڵ عیمڕانی کوڕی حوصەین ئەکرد هەتاوەکوو ئەو کاتەی سوتاندی "[459].
(واتە: بەواصیرەکەی سوتاندو ئەوانیش ڕۆیشتن).

---

[457] بەواصیر: لە کوردیدا پیّی ئەگوتریّ (مایەسیری) جۆرە نەخۆشیەکەیە لە پاشەوەی مرۆڤ پەیدا ئەبیّت، بەمەش ئازاریّکی زۆر بەو کەسە ئەگەییّنیّت.

[458] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ١٢٢٦) لە موطەرِّیفەوە. وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٩٨٣٣). وە ئیبن و حبان لە (صحیح ابن حبان)(ژ٣٩٣٨). وە تەبەڕانی لە (معجم الکبیر)(ژ٢٤٨). وە طەیالیسی لە (مسند أبی داود الطیالسي)(ژ٨٢٧) ڕیوایەتیان کردووە. شوعەیب ئەرنائوط ئەفەرموویت: سەنەدەکەی صەحیحە لەسەر شەرتی شەیخەین". وە بۆ وتەکەی ئیمام نەوەویش بڕوانە: شرح النووی علی الصحیح المسلم (ب٨_ل٢٠٦). وە ئیبن و لجەوزی ئەم بەسەرهاتەی بە دریّژی هیّناوە لە مەناقیبی عیمڕانی کوڕی حوصەین لە کتیّبی (صفة الصفوة)(ب١).

[459] ئیبن و سەعد لە (الطبقات الکبری)(ب٤_ل٢١٦). لە قەتادەوە بەسەنەدی خۆی ڕیوایەتی کردووە. بەلاّم ئەوەی جیّگای سەرسوڕمانە ئەلبانی ئەم ڕیوایەتەی بە مونکەر داناوە، ئەمەش لەبەر دوو شتە: یەکەم عەقڵی ئەم بابەتانەی پیّ قەبووڵ نەکراوە. وە دووەمیش: لەبەر حەسادەتی نەفس، چونکە نەفس پیسە لەناو خۆیدا ئەڵیّ بۆ شتی وا بۆ ئەوانە ڕوو ئەدات و بۆ ئیّوە ڕوونادات. وە ئەوەی جیّگای دەست خۆشیشە ئەوەیە کەوا ڕیوایەتەکەی موسلیم و ئەحمەد و ئەوانی تری بە صەحیح داناوە: بڕوانە: (سلسلة الأحادیث الضعیفة)(ب١١_ل٥٨٥_ژ٥٣٥٤). منیش ئەڵیّم: توخواکەی ئەگەر کەسیّك سەلامی لیّ بکریّت تەوقەی لەگەڵ ناکریّت، ئەی لەبیرتان چوو پیّغەمبەری خوا لەفەرموودەکەی حەنزەڵە چی بە حەنزەڵەو ئیمامی ئەبو بەکر فەرموو: ئەگەر ئیّوە لەسەر ئەو حاڵەو زیکرەکەتان بەردەوام بن لەوەی کە لەلای من بۆتان حاصڵ ئەبیّت ئەوە فریشتەکان لەسەر ڕیّگاکان و جیّگاکانی خۆتان تەوقەتان لەگەڵ ئەکەن. موسلیم و ترمذی و غەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردووە.

خۆشەویستان فەرموودەکان گشتیان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، تەنیا کەسێك ئینکاری ئەمانە ئەکات کە چاوی سەری تەنیا دونیا ئەبینێ، ئیتر بێ بەش کراوە لە دیوی ژوورەوەو چاویان داخستووە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتەکانی ئیمان و ئیسلام و ئیحسان، وە ڕیوایەتەکان ئەوەندە زۆرن ناتوانین بیان هێنین بەڵام تەنیا چەند شتێکی تریش باس لێوە ئەکەین کۆتایی بەم بەشە ئەهێنین.

ئەمانە هەندێکیانە: چیرۆکی منداڵە بەنی ئیسرائیلیەکە لەگەڵ ڕاهیبەکە، وە فەرموودەی جورەیجی بەنی ئیسرائیلی کە بەناوبانگە. وە فەرموودەی سێ کەسەکە کە چوونە ئەشکەوت دواتر بەردەرگای ئەشکەوتەکە بەهۆی بەردێکی گەورەوە گیراو پاش تر لاکەوت، وە چیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوت کە لە سورەتی کەهفدا هاتووە، کە گەورەترین کەرامەت بوو بۆ ئەو حەوت کەسە، وە بینینی فریشتەکان لە غەزای بەدر لە لایەن هەندێك لە هەواڵانەوە، جا لە هەمووش سەرسام تر ئەو فریشتەیەی کە ئیمامی عەباسی دەستگیر کرد، وە زیکر کردنی قاپ و دەفری نان خواردنی هەندێك لە هاوەڵە بەڕێزەکان کە بۆ خۆیان گوێیان لەو زیکرە بووە، وە زۆری تریش.

خۆشەویستەکەم بزانە ئیبن و قەیم ﵀ چۆن وەصفی وەلی خوا ئەکات: "ئەمانە بە دڵەکانیان جیهانەکانیان بڕیوەو لە ژێر عەرشیش سوجدەیان بردووە، وە لاشەکانیشیان لەسەر جێگاکانیانە، هەروەکو ئەبو دەرداء فەرموویەتی: (کاتێ بەندەی ئیماندار ئەخەوێ ڕۆحی بەرز ئەکرێتەوە هەتاوەکوو سوجدە لە ژێر عەرشی خوای گەورە ئەبات)[٤٦٠].

[٤٦٠] عبد الله کوڕی موبارەك لە (الزهد لإبن المبارك)(ژ١٢٤٥) بە مەوقووفی ڕیوایەتی کردووە. وە فەرموودەی تریشمان هەیە لە ئیمامی عومەرەوە کە پشتگیری ئەم ڕیوایەتە ئەکات، ئەویش تەبەڕانی لە (معجم

وە هەروەها شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیە ﵀ ئەفەرموویت: "هەوالٚ پیدانی عومەری کوڕی خەتاب ﵁ بۆ ئەو کاروبارە ڕاستانە لەمەوە بۆ کەسە گوێڕایەلّەکان ئەمە دەرئەکەویت کەوا کاروبارێکە خوای گەورە بۆیانی دەرئەخات، وە بەڕاستی (مخاطبات ومكاشفات)، واتە: قسە لەگەلٚ کراو شت بۆ کەشف کراو بۆ ئەولیاکانی خوای گەورە چەسپاوە، وە گەورەترینی ئەمانە لەم ئوممەتە دوای ئەبو بەکر عومەری کوڕی خەتابە ﵄"[٤٦١]. خۆشەویستان قسەی کەلّە زاناکانتان بیست، ئیتر خۆشتان ئەزانن کەوا ئیبن و تەیمیەو ئیبن و قەیم چەندە هەستیار بوونە بەرامبەر بابەتی تەصەوف، جا لێرەوە ئاسۆکانی ژیریت فراوان بکە بەر لەوەی بگەڕێیتەوە دواڕۆژ چونکە پەشیمان ئەبیتەوە.

وە هەروەها مامۆستا بەدیعو ززەمان شێخ سەعیدی نورسی ﷳ ئەفەرموویت: "میعراجی پێغەمبەر ﷺ وێنەو بەرگێکە پەیوەندی بەو پەتە نوورانیەوە هەیە، کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگاکەی کردەوە بە ویلایەتی خۆی

---

الأوسط)(ژ٥٢٢٠)، وە حاکم لە (مستدرك)(ژ١١٩٩) ڕیوایەتیان کردووە. (کەوا گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ کە ئەیفەرموو: هەر بەندەیەکی پیاو و ئافرەت بجەوێ یاخود خەوەکەی زۆری پێ بهێنێ تاوەکوو بجەوێ ئەوە الا بە ڕۆحی بەرز ئەبێتەوە بۆ لای عەڕش......). وە سەبارەت بە وتەکەی ئیبن ولقەیمیش بڕوانە: (طريق الهجرتين)(ل٢٦٢). منیش ئەلّێم: بەلّێ ئەمە شتێکی زۆر ڕاستە، بەتایبەتی لە کاتی زیکرکردن ئەگەر ئەم حالّەتە ڕووبدات ئەوە جاری وا ئەبێت وەنەوزی لێ دێت، ئیتر زاتێك لە لاشەی دەر ئەچێت گەڕان ئەکات زۆر بەخێرایی بە نێو جیهانی میسال کەچی لاشەشی دانیشتووە یاخود پالّی داوەتەوە، بەلاّم لەبەر ئەوەی باس کردنی ئەم شتانە هەستین شتێك نیە بەقەلّەم نەخش بکرێت یاخود وەکوو ڤیدیۆ بۆتانی تۆمار بکەین، ئەمانە تەنیا کەسێك لەم قسانەی ئێمە تێ ئەگات کە ئەزموونی لەگەلٚ هەبوو بێت و هەستی پێ کردبێت. ئەم زیکرە قەلبیەم دا بە مامۆستا بیلال کە زیکری (الله الله) تەنیا دوو ڕۆژان ئەم زیکرەی کرد، جا لە ڕۆژی دووەم لەناو زیکرە وەنەوزی لێ هاتبوو، ئیتر خۆی لەبەردەم ئاوێنەیەکا بینی بۆوە، دواتر کەسێك پێی هاتبوو پێی گوتوبوو: تۆ یەکێکی لە ئەولیاکانی خوای گەورە. دانەر

[٤٦١] الفرقان لشيخ الإسلام ابن التيمية (ل٥٢).

و بەسەرکەوت و بە پەیامەوە گەڕایەوە، جا دەرگاکەشی بە کراوەیی بەجێ هێشت تاوەکوو ئەولیاکانی ئوممەتی ئەوانەی کە شوێنکەوتەی ئەون لەو شەقامە نوورانیە بە ڕۆح و بە دڵ بەسەر کەون لە ژێر ڕێژنە بارانی میعراجی پێغەمبەر ﷺ بۆ پلە بەرزەکان، ئیتر هەر یەکەو بە گوێرەی تواناو ئامادەبوونی خۆی"[٤٦٢]. ئای مامۆستاکەم وتەکانت چەندە شیرینن، بەڵێ هەمان ئەو قسەیە کەوا لە فەرمایشتەکەی ڕابووردوو و وتەکەی قەتادەو ئیبن و قەیمدا هاتبوو کە فەرموویان: بە ڕۆحی ئەگەڕێ لە ئاسمان.

خۆشەویستەکانم ئەوانەی هەر لەسەرەتاوە تاوەکوو ئێرە کە باسمان لێوە کرد، هەمووی شەرعیەو هیچ پێچەوانەیەکی لەگەڵ شەریعەتدا نیە، جا کەسێك گوناهبار ئەبێت ئەگەر کەسێك بەو ڕێگا پاکە گەیشتە پلەی ئەولیایەتی و پلەی فیراسەت و کەرامەت تۆ بە ساحیرو درۆزنی دابنێی، چونکە ئەمە گەورەترین ستەمێکە تۆ لە خواو لەو کەسە ئەکەی، وە ئاگاداربە بەو ئینکاریەت ئەوە خوای گەورەش لە خۆت تووڕە ئەکەی، بۆیە خۆت لە تووڕەبوونی ئەو بپارێزە، ئەگەر قەناعەتیشت بە هیچ شتێکی ئەم کتێبەو وێنەی ئەم کتێبەش نیە، ئەوە بۆ خۆت چوار تەکبیرەی الله أکبر لەسەر دڵ و ژیریبت لێ بدە، چونکە کۆتایی پێ هاتووە، مەگەر خۆت بگەڕێیتەوە ئەو دیو لەوێ بۆت بسەلمێنن، یاخود هەر لە دونیا خوای گەورە لوتفت لەگەڵ بکات بە ئەزموون پێت نیشان بدات، وە ئاگاداربە! کەسەکان بە تەرازووی شەرع کێشانە بکە، چونکە ئەگەر پێچەوانەی شەرع بوو ئەوە شەیتانێکە بۆ خۆی لەبەرگی ئەولیایەتی خۆی شاردووەتەوە، وە لەم جۆرە کەسانەش هەن ئەمانە ساحیرو کەززاب دەججالن بۆیە ئاگاداریان بە !!!، ئەمانە بوونەتە ناشیرین

[٤٦٢] الكلمات (الكلمة ٣١_ل٦٨٠). وة (المكتوبات)(الإشارة الخامس_ل٣٨٤).

**کردنی تەصەوف، خوای گەورە هیدایەتیان بدات، یاخود زەوی پاك بکاتەوە لە دەستیان. آمین**

## خەڵوەی ساحیرو شەیتانەکان.

خۆشەویستان ئەم باسە زۆر هەستیارە ئەبێ زۆر بە دانایی لەگەڵی مامەڵە بکەین.

بوون بە ساحیرو دەججال مەرجی خۆی هەیە:

١. چوونە شوێنێکی چۆڵ دوور لە خەڵك.

٢. مانەوە لەو شوێنە جا ١٥ ڕۆژ بێت یاخود ٤٠ ڕۆژ.

٣. نەخواردنی نان و چەوری، تەنیا شتێکی کەم نەبێت نایخوا.

٤. کەم نوستن.

٥. ئەو زیکرانەی کە ساحیرەکان ئەیکەن لەگەڵ زیکرەکاندا ناوی جنەکانیش ئەهێنن و تێکەڵیان ئەکەن.

٦. داگیرساندنی بخوورو عوود، چونکە جنەکان زۆریان پێ خۆشە، وە ئەگەر نەشی کات کێشەی بۆ دروست نابێت.

٧. دانەبڕان لە زیکرەکە.

٨. هیچ کەسێك لە ئەولیاکان نابێت چاودێری بکات چونکە کارەکەی ئەکەوێتە دەست شەیتانەکان، ئەوان بۆ خۆیان ئەبن بە شێخ بۆ ئەو کەسە.

٩. کوژاندنەوەی چراو ڕووناکی یاخود پێ کردنی بە تەواوەتی.

١٠. لە ناوەندی شوێنەکە دا ئەنیشێ، وە ئەگەر نەشی کات کێشە نابێت.

١١. نابێت لە جنەکان بترسێت.

١٢. هاوار ئەكاتە جنەكان يەك يەك لە كەوكەبەكان تاوەكوو بگەنە لای و داوای یارمەتیان لێ ئەكات، جا كاتێكیش دێن مەرجی خۆیان هەیە ئەبێ ئەو كەسە ڕەچاویان بكات و جێ بەجێیان بكات، ئەگینا كاری بۆ ناكەن.

أ. ئیهانە بە قورئان كردن (خوا پەنامان بدات).

ب. ئیهانە بەخوا (خوا پەنامان بدات).

ت. ئیهانە بە پێغەمبەری خوا ﷺ (خوا پەنامان بدات).

پ. لەگەڵ خەڵكیدا زینای پێ ئەكات بە تایبەتی كەسە نزیكەكانی.

ج. هێنانەوەی ئاوی خۆی بە دەست (الإستمناء).

ح. نەكردنی فەرزو واجبەكانی شەرعی، ئەگەر بشیان كات ئەوە بۆ خەڵەتاندنی خەڵكە تاوەكوو كارەكەی كەشف نەبێت.

خ. قوربانی كردن بۆ شەیتانەكان، چونكە بێ قوربانی كردن مەحاڵە كاری بۆ بكەن، من خۆم قسەم لەگەڵ ساحیران كردووە گوتوویانە مریشكیان بۆ سەر ئەبڕین، وە زۆر حەزیان لە قاچەكانیەتی.

د. زینا كردن لەگەڵ جنۆكەكان.

ژ. یارمەتیدانی ستەمكارەكان، جا سەركردە بێت یاخود هەر كەسێك.

وە زۆری تریش لە مەرجەكان، جا لە كۆتاییەكەیدا پێی ئەڵێ: من بەو مەرجانەو پەرستنی تۆ ڕازیمە (پەنا بەخوا)، ئەمیش بۆی ڕام ئەبێت، ئیتر چی بووێ بۆی جێ بەجێ ئەكات، بۆ نموونە كەسێك ئەچێتە لای شەیتانی ئەو كەسە، وە پەیوەندی لەگەڵ شەیتانەكانی ساحیرەكە ئەكەن، ئەمانیش هەموو زانیارییەكان بە

ساحیرەکە ئەڵێن، بۆیە خۆشەویستان لە ڕووی شەڕعەوە ساحیرەکان کافرن، جا ئەگەر تەوبە نەکەن بەکافری ئەمرن (خوا پەنامان بدات).

ئەمان ئەمان ئاگادار بن! ئەمانە لەگەڵ ئەولیاکانی خوای گەورە تێکەڵ مەکەن، چونکە ئەرزو ئاسمان جیاوازی هەیە، ئەمانە بە پیسی نەفسیان کار ئەکەن، کەچی ئەولیاکانی خوای گەورە بە نووری خوای گەورە نەفس و دڵ و عەقڵیان ڕووناك ئەکەنەوەو نوورانی ئەکەن، جا هەر کەسێك چووە خەڵوە ئێوە ناتوانن کافری بکەن، ئێمە مەرجەکانمان باس کرد، بۆیە ئەگەر موسڵمانێك بۆ خۆی دەوری زیکری هەبێت بە پێی ڕێنماییەکانی شەڕع ئەوە هیچی تێدانیەو دروستە، بەڵام ئەبێ زۆر وریا بێ نەوەکا شەیتان فێڵی لێ بکات، ئەوەی لەسەرەتاو پێش ئەم باسەش کە باسمان لێوە کرد سەلامەتترین ڕێگابوو بۆئەوەی مرۆڤی موسڵمان بەخوای گەورە بگات، وە نەفسیشی نوورانی بکات و ببێتە خزمەتکارێك بۆ ئومەتی ستەم لێکراو و ڕەحم پێکراو، جا بۆیە سەیری ئەو کەسانە بکەن ئەگەر بە ئاسمانیشەوە بینیتان ئەفڕن ئێوە بە تەرازووی شەڕع کێشانی بکەن، جا ئەگەر پێچەوانە بوو ئەوە ساحیرو کەززابە، وە ئەگەر دەست لەملێی شەڕع بوو ئەوە ئەولیای خوای گەورەیە، جا ئەم خەڵوە سیحراوی یەش بە تایبەتی لە دینی هیندۆسی و کۆمفۆشیۆسی و بوزیەکان بەناوبانگە، ئەوان بەزانستی پاڕاسایکۆلۆجی ناوی ئەبەن، بەوە خەڵکیان گومڕا کردووە بەناوی گەیشتن بە هێزی ناوەوە، بە تایبەتی (دامەزراوەی ئوم شرینکۆ) کە گەورەترین دامەزراوەی دینی تیرۆرستیە لە وڵاتی یابان، ئەمانە لە ڕێی دامەزراوەکەیان خەڵکێکی زۆریان گومڕا کرد، خۆم پرسیومە لە یەکێك لەوانەی کە خەریکی پاراسایکۆلۆجی بوونە ئایا لە بری ناوی الله لە کاتی دانیشتنە ڕۆحیەکان چ ناوێك ئەهێنن، پێمی گوتووە:

ناوی ئوم ئوم ئوم"، ئوم ئەو خوا شەیتانیەیە کە ئەم دامەزراوەیە لە جیهاندا بڵاوەی پێ کردووە بەنێوی پاڕاسایکۆلۆجی.

وە هەروەها یەکێکی تر لەو گرووپە گومڕابووانە کە زۆر بەناوبانگە ئەویش ماسۆنیەتی جیهانی، کە لە ئەمەریکاو ئەوڕوپاوە ڕێبەرایەتیان ئەکرێت، ئەمانە هەمووی دروشم و ڕێو ڕەسمی تایبەت بەخۆیان هەیە، بە تایبەتی هەموو ساڵێك کاتێکی دیاری کراویان هەیە لە وڵاتی میسر لە لای هەڕەمەکان لەوێ لە کاتی شەودا دروشمەکان ئەخوێنن تاکاتی بەیانی، وە چاوەڕێی دەرچوونی دەججالی خوای خۆیان ئەکەن، چونکە پێیان وایە هەڕەمەکانی میسڕ چەند دەرگایەکی هەیە ئەمانە نابێتەوە هەتاوەکوو کوشتارێکی زۆرو خراپەکارییەکی زۆر لەسەر زەوی ڕوونەدا، جا ئەم ڕێنماییانەشیان گشتی لە کتێبی (کابالای ماسۆنی)[٤٦٣] وەرگرتووە، وە پێیان وایە وزەیەکی زۆر لە هەڕەمەکان خۆی حەشارداوە، وە ئەم وزەیە

---

[٤٦٣] قوباڵە یاخود قوبلانیه، بە زمانی عیبریش (کابالایە קַבָּלָה)، زانای یەهودی ئیسحاقە کوێر کە مامۆستای موشەی کوڕی نوحمانە وەك لەسەرچاوەکاندا هاتووە کەوا یەکەم کەس بووە دەقی ئەو کتێبەی نوسیوەتەوە، کە کتێبێکە لە چەند بیرۆباوەڕو ڕوونکردنەوەی ڕووحانیەتە فەلسەفیەکان پێك هاتووە، کە مانای ژیان و گەردوون و شتە نهێنیەکانی سیحر ڕوون ئەکاتەوە، سەرەتا لای یەهودیەکان لە سەدەی دوانزەی پێش زاینی وەدەرکەوت، ئیتر چەند سەردەمێ بەشاراوەیی مایەوە هەتاوەکوو فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکان وەدەرکەوتن، ئەوەبوو بنەماکانی ئەم کتێبەیان جێ بەجێ کرد لە ژێر ناوی (سەدەی نوێ)، وە تێکەڵ بە کلتووری ڕۆژئاواییەکانیان کرد، کە فەلسەفەیەکە پەیوەندی نێوان ئەو خوایە نەگۆڕەی کە باسی لێوە کراوە لەگەڵ گەردوونی سنووردارو لەناو چوو باسی لێوە ئەکات، ئەو خوایەش ڕەمزی یەك چاویان بۆ داناوە، کە خوایەکی میسڕیە کۆنەکان بوو بەنێوی (حۆڕەس)، کە کاتی خۆی وەك نوشتەی سیحری بەکاریان ئەهێنا بۆ پارێزگاری کردنی ئەو کەسە لە جن و شەیتانەکان، بێگومان نوشتەو ڕوقیەی شەرعی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە ئەمانە کردوویانە، ئەمانەی ئێمە گشتی بە قوڕئان و فەرموودەیە کەچی ئەوەی شەیتانەکان و ساحیرەکان و ماسۆنیەکان گشتی بە ڕەمزو تەڵیسمە ڕۆحیەکانە کە جن و شەیتانەکان کاریان بۆ ئەکەن، ئەمەش ڕەمزی خواکەی ماسۆنیەکانە کە بە یەك چاوەکە بەناوبانگە، وە لای ئێمەی موسڵمانان بە دەججال بەناوبانگە.







پەیوەندی بە جیهانی سەرەوە هەیە[٤٦٤]، جا هەر لە ڕێی ئەم کتێبەوە دەججال سیحرەکانی خۆی ئەکات و وزە پەیدا ئەکات بۆ گومڕا کردنی خەڵك، ئەوەی ئێستاکەش لە جیهان ئەگوزەرێ هەمووی دەستی ماسۆنیەتی تێدایە، بۆیە خۆشەویستان وا بڕوات دەست بەسەر گشت جیهاندا ئەگرن، ئەمانە هەموو دەسەڵاتێکیان لەسەر زەوی پەیدا کردووە، هەتا لە کورتە فیلمێکی کارتۆنیدا کە نزیکەی ١٠ خولەك ئەبێت هەموو نهێنی یەکانی خۆیان پیشان داوە، وە لە هەوڵی دۆزینەوەی (محمد مەهدیدان)، بۆ ئەوەی بیکوژن، چونکە هەتا نەکوژرێت بڕیاریان داوە دەست هەڵنەگرن، وە هەموو ئامادەکارییەکەشیان بۆ دەرچوونی دەججال کردووە، بەڵام جارێ خۆی حەشارداوە، تا برسیەتی یەکی زۆر باڵی بەسەر خەڵکیدا ئەهێنێ ئینجا دەرئەچێ، ئەمەش یەهودیەکان هەموو ئامادەکارییەکیان بۆ ئەمە کردووە، بەڵام موسڵمانان مەترسن ئیسلام سەر ئەکەوێت، نە بە دەججال وە نە بە هیچ سەرکردەیەکی ستەمکاری جیهانی خۆری ئیسلام ناکوژێتەوە، وە سەبارەت بەو حاڵەی کە ئێستاکە ئوممەتی ئیسلامی تێیدایە بە پشتیوانی خوای گەورە لەسەری هەڵدەستێ و ڕزگاری ئەبێت، وە ئیسلامیش بە هەموو جیهان ئەگات ئیتر با کافرەکان و نۆکەری کافرەکانیش هەر پێیان ناخۆش بێت[٤٦٥].

---

[٤٦٤] مامۆستا ڕەجەب کوبەیسی کە قوتابیەکی گەورەی جەنابی شێخمان شێخ عەباس فازڵ حەسەنیە لە مزگەوت بۆی باس کردم، لەم ساڵەدا (٢٠١٨ز) ساحیرە یەهودیەکان یەك ملیۆن جنیان بۆ عێراق ناردبوو، جا جەنابی شێخمان خوای گەورە پایەداری بکات، فەرموو بووی: سوپاس بۆ خوا بە یەك دانیشتن هەموویانمان سوتاندن. بۆیە مەترسن هەتا نووری خوای گەورە بدرەوشێتەوە لە دڵی ئەولیاکانی دەججال چیە.

[٤٦٥] بۆزانینی ئەو باسانە بڕوانە: (کتێبەکانی دکتۆر هشام کمال عبد الحمید) هەمووی لە ئینتەرنێت دەست ئەکەوێت، وە لە یوتوبیش سەیری ئەمانە بکە: (سلسلة القصر الشیطان). (دراسة وتحلیل الفیلم القصیر أنا الماعز الألیف).

## پاڕانەوەو کۆتایی

يا إلهي يا ربي أشكوا إليك ضعف قوتي، وقِلَّتَ حيلتى، وهواني على الناس، أنت رب المستضعيف، وأنت ربي، إلى من تكلني، إلى بعيد يتجهمني، أم إلى عدو ملكته أمري، إن لم يكن بك غضب علي فلا أبالي، ولكن عافيتك هي أوسع مني، أعوذ بنور وجهك الذي أشرقت به الظلمات، وصلح عليه أمر الدنيا والآخرة من أن ينزل بك علي غضبك، أو يحل علي سخطك، لك العتبى حتى ترضى ولا حول ولا قوة الا بك، نسألك يا الله الله الله الله، يا فرد يا حكم يا عدل يا قدوس يا مانع يا قاطع يا جليل يا علي يا عظيم يا عليم يا حليم (سيجعل الله بعد عسر يسرا)(وأما السائل فلا تنهر)، اللهم اغفر لنا ما مضى، وتولنا بعين ودك في ما بقى، إرحمنا بالأمة، وارحم أمة الإسلام بنا يا الله، اللهم افتح قلوب من يقرأ هذا الكتاب المبارك فتحا عظيما مبينا، وكن له كما كنت للأنبياء والأولياء والعارفين، واهده الى صراط مستقيم، واربط قلبه بقلبه الشريف، اللهم افتح على أهل الإسلام فتحا عظيما مبينا، وانصر الإسلام والمسلمين، واعل راية الحق والدين، وأذل الشرك والمشركين، ودمر أعدائك أعداء الدين من أي جنس وقبيلة يا رب العالمين، اللهم آمين، ورحم الله من قال آمين.

هەزاران جار سوپاس بۆ خوای گەورە کە یارمەتی دام بۆ نوسینەوە ئەم کتێبە پیرۆزە، گشتی لە چاکەو بەخششی خۆیەتی، ئەگینا من وکتێب نوسین کورد گوتەنی (کوجاو مەرحەبا)، ئومێدم وایە ببێتە هۆی کرانەوەی دڵی موسڵمانان و جیاکردنەوەی حەق و ناحەق، وە ببێتە سەرکەوتنی ئەم دینە پاك و پیرۆزە، وە هۆکارێك بێت بۆ ژیانەوەو زیندوو کردنەوەی دڵی موسڵمانان بە چاك و خراپیەوە، جا ئەگەر لەم کتێبەدا شتێکم پێکابێت ئەوە لە خواوەوە بووە، وە ئەگەر

نەشم پێکابێ ئەوە لە نەفسی بەدکرداری خۆمەوە بووە، وە هیچ کەسێکیش بێ کەم و کوڕی نیە، وە لە لۆمەی هیچ کەسێکیش ناترسم ئەگەر لۆمە بکرێم لەسەر ئەم کتێبە، بۆیە خوایەگیان لێت ئەپاڕێمەوە بیکەیتە توێشوویەك لەسەر چاکەکانی دایك و باوکم چونکە ئەوان منیان گەیاند بەم ڕۆژە، وە بیکەیتە توێشویەکیش لەسەر چاکەکانی شەیخ و مامۆستاو چاو ساغم ڕۆحم فیدای بێت حەرزەتی شێخ عەباس فازل حەسەنی، کە بۆ ساتێکیش لە پەروەردەکردنی ئەم بەندەیەت سڵی نەکردووەتەوەو منی پێ گەیاند بۆئەوەی بمکاتە خزمەتکارێك بۆ ئەم ئوممەتە، وە بیکەیتە توێشوویەکیش بۆ ئەو کەسانەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان وشەیەکیان فێرکردبم، وە ئەو کەسانەش کە یارمەتیان داوم بۆ کامڵ کردنی ئەم کتێبەم و بە چاپ گەیاندنی، ئامین ئامین، والحمد لله رب العالمين، وسلام عليكم في الدارين، وصلى الله وسلم على سيدنا وقائدنا ومرشدنا وتاج رؤوسنا وجدنا ووسيلتنا العظمى الى الله حضرة الرسول صلى الله عليه وآله وأصحابه ومن اتبعهم الى يوم الدين آمين.

خزمەتکاری دین و ئوممەت

مەلا ڕەزوان ناسراو برینداری شاعر

١٠/٢٣شەوال ١٤٣٧هیجری

٧/٢٨ تەمووز ٢٠١٦ زاینی

کوردستان _ هەولێر

# ناوەڕۆك


| بابەتەكان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی | ١ |
| تەصەوف لە چیەوە هاتووە | ٦ |
| تەصەوف لای ئیمامی شاطبی رحمه الله دوو بەشە | ٨ |
| تەصەوف لای ئیمامی ئەحمەد رحمه الله | ١١ |
| تەصەوف لای شێخ سەعید حەوا رحمه الله | ١٣ |
| تەصەوف لای شێخ ئیبن و تەیمیە رحمه الله | ١٥ |
| تەصەوف لای شێخ ئیبن و لقەیم رحمه الله | ١٨ |
| تەصەوف لای كۆمەڵێكی تری زانایان | ٢٠ |
| وتەیەكی جوانی ئیمامی غەزالی رحمه الله لەبارەی وشەی فیقهەوە | ٢٤ |
| ڕێگای تەصەوف | ٢٧ |
| خۆ دانە پاڵ یەكێك لە ڕێگاكان | ٢٨ |
| وتەیەكی جوانی ئیمامی غەزالی رحمه الله لەبارەی ڕێگای صۆفیەكان | ٣٢ |
| وتەیەكی جوانی ئیمامی سبوكی دەربارەی ئیمامی حەرەمەین رحمه الله | ٣٣ |
| زانستی حەقیقەت | ٣٥ |
| وتەیەكی جوانی سەید ئەحمەدی ریفاعی رحمه الله دەربارەی زانستی حەقیقەت | ٣٦ |

| | |
|---|---|
| وتەیەکی جوانی ئیمامی سوهرەوەردی و ئیمامی ئیبن و حەجەری هەیتەمی قدس سرهما لەبارەی صۆفیەکان | ٣٧ |
| وتەیەکی جوانی عزی کوڕی عبد السلام رحمه الله لەبارەی زانستەوە | ٣٨ |
| وەرگرتنی تەڕیقەت و لەبەر کردنی خیڕقەی تەصەوف لای کۆمەڵێك لە زاناکان | ٣٩ |
| ئیبن و صەلاحی شارەزووری رحمه الله صۆفی بووە | ٤٠ |
| سەلماندنی گوێ بیست بوونی حەسەنی بەصری بۆ ئیمامی عەلی رضي الله عنهما (زانستی فەرموودە) | ٤٢ |
| عزی کوڕی عبد السلام رحمه الله صۆفی بووە لە تەڕیقەتی شازلی | ٤٣ |
| شەیخولئیسلام ئیبن و دەقیقی عید رحمه الله صۆفی بووە. | ٤٥ |
| وتەیەکی جوانی ئیمام عبد القاهری بەغدادی لەبارەی صۆفیەکان | ٤٧ |
| ئیبن و قودامەی مەقدیسی و حافیزی عبد الغنی مەقدیسی و ئیبن و مولەققەن رحمه الله خیرقەی تەصەوفیان لەبەرکردووە لە تەڕیقەتی قادریی. | ٤٨ |
| شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیە رحمه الله دەروێشی تەڕیقەی قادریەو خیڕقەی تەصەوفی لەبەرکردووە. | ٥١ |
| ئیمامی زەهەبی رحمه الله دەروێش بووە لە تەڕیقەی قادری. | ٥٣ |
| ئیمامی نەوەوی رحمه الله صۆفی بووە. | ٥٤ |
| ئیمامی تقی الدینی سبوکی رحمه الله صۆفی بووە لە تەڕیقەی شازلی. | ٥٥ |
| حافیزی سیلەفی رحمه الله صۆفی بووە. | ٥٦ |
| شێخ زەکەریای ئەنساڕی رحمه الله صۆفی بووە. | ٥٦ |

| | |
|---|---|
| ئەبو حەییانی ئەندەلووسی رحمه الله صۆفی بووە. | ٥٧ |
| حافیزی یونینی رحمه الله صۆفی و ئەهلی تەڕیقەت بووە. | ٥٨ |
| مامۆستا بدیع الزمان شێخ سەعیدی نورسی کوردی رحمه الله ئەهلی تەڕیقەت بووە. | ٥٩ |
| شەهید عومەر موختار رحمه الله صۆفی بووە لە تەڕیقەی سەنووسی. | ٦١ |
| ئیمامی شەو کانی رحمه الله صۆفی بووە لە تەڕیقەتی نەقشەبەندی. | ٦٢ |
| ڕابەری (إخوان المسلمین) ئیمامی حەسەن بەننا رحمه الله صۆفی بووە لە تەڕیقەتی شازلی. | ٦٤ |
| تەزکیەی نهێنیەکانی جیهانی مرۆڤ، نەفس و دڵ و ڕۆح و عەقڵ | ٦٧ |
| دڵ: دوو واتا لە خۆ ئەگرێت | ٦٧ |
| ڕۆح دوو واتای هەیە | ٦٩ |
| نەفس: دوو واتا لە خۆ ئەگرێت | ٧٠ |
| عەقڵ: دوو واتا لە خۆ ئەگرێت | ٧٣ |
| تێگەیشتنێك لە ڕۆح | ٧٤ |
| پێناسەی گەردیلەو فۆتۆن | ٧٦ |
| گەیشتن بە حیکمەتی ئەو شەڕە هیزرییەی نێوان ئەشعەرییەکان و ماتۆریدیەکان لەگەڵ ئیبن و تەیمیەکان | ٧٩ |
| پەی بردن بە نهێنی دەستەواژەی دابەزین بۆ ئاسمانی دونیا | ٨٤ |

| | |
|---|---|
| پێناسەیەکی مەنصوری حەللاج رحمه الله | ٨٥ |
| قسە کردنی خوای گەورە لە کێوی طورِ لەگەڵ حەزرەتی موسا علیه السلام | ٨٨ |
| خوای گەورە پاکە لە لاشەو شوێن و جوڵانەوە، وە پێویستیشی پێیانەوە نیە | ٩١ |
| پێناسەی لاشەو هێز | ٩١ |
| پێناسەی کات | ٩٢ |
| پێناسەی خێرایی | ٩٣ |
| وتەیەکی جوانی مامۆستا نورِسی رحمه الله لەبارەی ﴿ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ﴾ | ٩٩ |
| ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئایەتی ﴿وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي﴾ | ١٠١ |
| وتەیەکی جوانی مامۆستا عەلی باپیر لەبارەی وشەی ڕۆحەوە | ١٠٦ |
| چۆنیەتی کرانەوەی دڵ | ١٠٧ |
| نهێنی بانگەوازی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وآله وسلم | ١١٤ |
| چۆن بانگەواز بکەین | ١١٥ |
| بەدەستهێنانی نووری تەزکیە | ١١٩ |
| بەربەستەکانی زانستی دڵ | ١٢٢ |
| بەدەست هێنانی زانستی دڵ | ١٢٣ |

| | |
|---|---|
| چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ عەقڵ و نەفس و دڵ و ڕۆح و ئەمر | ١٢٤ |
| پەروەردە کردنی نەفس | ١٢٥ |
| ڕابیتە لە نێوان خۆت و شەیخ و پیاوچاکان | ١٢٨ |
| شەڕعیەتی زیکری (الله الله) | ١٣٢ |
| ڕابەرو میراتگرێکی ڕاستەقینەی پێغەمبەری خوا ﷺ | ١٣٧ |
| جیهانی ئەمر و ڕۆح | ١٣٨ |
| ژیانی مەعنەوی پێغەمبەری خوا ﷺ دوای وەفاتی لە نێو ئوممەت | ١٤١ |
| مەرجەکانی بوون بە موڕشیدی کامڵ | ١٤٨ |
| دەست گرتن بە کەسێکی خوایی | ١٥٣ |
| گەیشتن بە کرۆکی زانست | ١٦٠ |
| گەیشتن بە پلەی ئیحسان و فیراسەت | ١٦٤ |
| سەلماندنی قوتبیەت و ئەبدالیەت | ١٦٥ |
| جۆرەکانی دڵ | ١٧١ |
| ١. دڵی مونیب (القلب المنيب) | ١٧١ |
| ٢. دڵی سەلیم (القلب السليم) | ١٧٢ |
| ٣. دڵی زاکیر (القلب الذاكر) | ١٧٩ |
| ٤. دڵێکی ئامادەو دوور لە بێ ئاگایی (القلب الحاضر) | ١٨٨ |

| | |
|---|---|
| ٥. دڵی ڕاستگۆ (القلب الصادق) | ١٨٩ |
| ٦. دڵی بەغیرەت (القلب الغیور) | ١٩٢ |
| ٧. دڵی بەسۆزو میهرەبان (القلب الشفیق) | ١٩٨ |
| پێشەواو نوێ کەرەوەی دین شێخ عەباس فازڵ حەسەنی قدس سره | ٢٠٣ |
| چیرۆکی گێڕانەوەی خۆم لە دۆزینەوەی ئەم زاتە | ٢٠٧ |
| زنجیرە زانستی حەزرەتی شێخ عەباس قدس سره (لە زاهیرو باتن) | ٢١٤ |
| زنجیرەی نەژادی شێخ عەباس قدس سره | ٢١٦ |
| دەست گرتن بە ئال و بەیتی پێغەمبەر صلى الله عليه وآله وسلم | ٢١٨ |
| فیڕاسەت | ٢٢٠ |
| دروستکردنی وەلی خوایی لە نێو مرۆڤایەتی | ٢٢٨ |
| کەڕامەتی کۆتری مزگەوت کاك هەژار | ٢٣٢ |
| دلۆپێك لە دەریای فیڕاسەت | ٢٣٧ |
| تێگەیشتنێکی قووڵ لە واتای لەوحولمەحفووز | ٢٣٨ |
| کەڕامەت و فیڕاسەتی وەلی | ٢٤٢ |
| کەڕامەتی ئیمامی ئەبو بەکر رضي الله عنه | ٢٤٤ |
| تێگەیشتنێك لە پێنج شتە غەیبیەکان | ٢٤٦ |
| کەڕامەتی ئەو پیاوەی کە گوێی لە هەور بوو | ٢٤٨ |

| | |
|---|---|
| ئیمامی عومەر رضي الله عنه لەسەر مینبەر فەرمووی (ئەی ساریە چیا) | ٢٤٩ |
| ئیمامی عوسمان رضي الله عنه بە نووری دڵی سەیری شتانی ئەکرد | ٢٤٩ |
| شەهید عبد اللە عەززام و کەرامەتی موجاهیدێك رحمهم الله | ٢٥١ |
| وتەیەکی جوانی ئیبن و قەیم رحمه الله لەبارەی دڵ بوونەوە | ٢٥٣ |
| کەرامەتی حەزرەتی مەریەم عليها السلام | ٢٥٤ |
| سەلام کردن و تەوقە کردنی فریشتەکان لەگەڵ خەڵکی | ٢٥٩ |
| کەرامەتی ئوسەیدی کوڕی حوضەیر رضي الله عنه | ٢٦١ |
| عیمرانی کوڕی حوصەین رضي الله عنه فریشتە سەلامیان لێ ئەکرد | ٢٦٥ |
| وتەیەکی جوانی ئیبن و تەیمیە رحمه الله لەبارەی کەشف و کەرامەت | ٢٦٨ |
| خەڵوەی ساحیرو شەیتانەکان. | ٢٧١ |
| ماسۆنیەت و کتێبی کابالاّ | ٢٧٤ |
| پاڕانەوەو کۆتایی | ٢٧٦ |
| ناوەڕۆك | ٢٧٨ |